پرۆفیسۆر مستەفا زەلمی

ڕێگرەکانی

بەرپرسیارێتیی تاوانکاری

لە شەریعەتی ئیسلامی و یاسا سزاییە عەرەبیەکاندا

وەرگێڕانی: عمر علي غفور

ڕێگرەکانی بەرپرسیارێتیی تاوانکاری

لە شەریعەتی ئیسلامی و یاسا سزاییە عەرەبیەکاندا

ڕێگرەکانی
بەرپرسیارێتیی تاوانکاری

لە شەریعەتی ئیسلامی و یاسا سزاییە عەرەبیەکاندا

نووسینی

دکتۆر مصطفی زەڵمی

وەرگێڕانی

عومەر عەلی غەفوور

چاپکراوه

کۆبەرهەمی دکتۆر مستەفا زەڵمی لە شەریعەت و یاسادا

پرۆژەی وەرگێرانی
کۆبەرهەمی دکتۆر مستەفا زەڵمی لە شەریعەت و یاسادا

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ڕێدار ڕەئوف ئەحمەد

موانع المسؤولية الجنائية

في الشريعة الإسلامية والتشريعات الجزائية العربية

ڕێگرەکانی بەرپرسیاریێتی تاوانکاری

لە شەریعەتی ئیسلامی و یاسا سزاییە عەرەبیەکاندا

نووسینی : دکتۆر مصطفی زەڵمی
وەرگێرانی : عومەر عەلی غەفوور
پێداچوونەوە : توفیق کەریم
نەخشەسازی : جمعە صدیق کاکە
نۆرەی چاپ : چاپی یەکەم ٢٠١٧

نرخی هەر بیست و شەش بەرگ
٢٥٠.٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٧٤٤) ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە

(رُفِعَ القلمُ عن ثلاثةٍ : عَن المَجنونِ المَغلوبِ
على عَقْلِهِ حتى يَبرَأَ ، و عن النائِمِ حتى
يَستيقِظَ ، و عنِ الصبي حتى يَحْتَلِمَ)

الحديث الشريف

ناوەرۆك

پێشەکی

سوپاس بۆ خوای بەبەزەیی بەبەندەکانی کە ئەفەرموێ ﴿لَا نُكَلِّفُ نَفْساً إِلَّا وُسْعَهَا﴾[1]. درود و سڵاو لەسەر خاوەن پەیامێك کە هەرکات لەنێوان دوو شتدا سەرپشك کرابێ ئاسانەکەیانی هەڵبژاردوە بەو مەرجەی گوناح نەبووبێ[2]، هەروەها لەسەر ئال و یاوەرانی کە رێگەی راستی و ئایندەیان بۆ تەخت کردین.

پاشان، سەرباری تووشبوونم بە نەخۆشیی دڵ، چی لە توانامدا بوو کردم لەپێناو پێشکەشکرنی ئەم کۆششە لەخۆبوردوانەیە بۆ مامۆستا هاورێکانم و برا و رۆڵە قوتابیەکانم لە کۆلێژەکانی یاسا و شەریعەت.

لەو شتانەی پاڵنەر بوون بۆ بەراوردکردن لەنێوان شەریعەتی ئیسلامی و یاسا سزایی (جەزائی)ـە عەرەبیەکان لە بابەتی رێگرەکانی بەرپرسیارێتیی تاوانکارانە (جینائی) ئەمانە بوون:

١- یاسا و شەریعەتی ئیسلامی جووتەی یەکن و تەنها نەزانیی مرۆڤ لێکی جیا کردونەتەوە، کاتێ ئاڵای ئەم ئوممەتە بەسەر چواریەکی سەرزەویدا دەشەکایەوە ئەو دوانە یەك بوون.

٢- بۆ گێرانەوەی ئەو پەیوەندییەی رابردوو دەخوازێ گرنگی بە بەراوردکردنیان بدرێ لە سەرجەم مادە مەنهەجیە بڕیاردراوەکان لە کۆلێژەکانی

---

[1] سورة الانعام:١٥٢.

[2] عن عروة بن الزبير قال حدثتنا عائشة زوج النبي ﷺ (ما خير رسول الله ﷺ بين امرين الا اخذ ايسرهما ما لم يكن اثماً). اخرجه البخاري:٤/٢٣٠ في الادب المفرد برقم ٢٧٤ ومسلم:٧/٨٠.

یاسا و شەریعەت و توێژینەوەکان و نامەکانی خوێندنی باڵا، بەڵام نابێ تەنیا لە لقەکانی یاسای تایبەتدا کورت بکرێتەوە، لەبەرئەوەی قورئانی پیرۆز دەستوورە بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، لەبەرئەوە پەیوەندی بە لقەکانی یاسای گشتیەوە بەهێزترە، بەرپرسیارێتیی ئەم بەراوردکردنەیش دەکەوێتە ئەستۆی مامۆستایان.

٣- بەو شێوەیەی لە قورئاندا هاتووە ئاین و شەریعەت جیاوازن، چونکە ئاین عەقیدە و عیبادەتە، شەریعەت سیستەم و ژیانە، ئاین ژیانی دواڕۆژ ڕێک دەخا، بەڵام شەریعەت ژیانی دنیا.

ئاین لەنێو سەرجەم ئوممەتەکاندا و پەیامەکانی ئاسماندا هاوبەشە وەک خوا ئەفەرموێ: ﴿لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجاً﴾[1].

٤- قورئان دەستوورێکی نەمرە، ئەرکی دەستوور نەخشەڕێژی و پلاندانانە بۆ ڕێبازی ژیان لەرێی کۆمەڵێ ڕێسای گشتیەوە، هەروەها ئاراستەکردنی عەقڵی پسپۆڕانە بۆ گێڕانەوەی جوزئیاتەکان بۆ ئەو ڕێسا گشتییانە بەگوێرەی خواستەکانی ژیان.

٥- یاسا تەنها پیادەکردنی دەقەکانی شەریعەت نیە، بەڵکو کۆمەڵێ ڕێسایە لەو دەقانە و لە واقیعی ژیان و پێداویستییە شارستانیەکانی هەڵدەگوزرێن، بەو مەرجەی لەگەڵ دەقە راشکاوەکانی دەستووری خوادا لێک نەدا، کە چوارچێوەیەکی لە ڕەوشت بۆ ساز کردوین و فەرمانی بە عەقڵی بەشەری کردوە بەگوێرەی ئەوەی خواستەکانی ژیان لێی دەخوازن بجوڵێتەوە، تا هەموو تاکێك پشکی خۆی لە دنیا وەربگرێ وەك خوا دەفەرموێ ﴿وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا﴾[2]، بەو مەرجەی ئەو جوڵەیە بەو چوارچێوەیە بەسترابێتەوە.

٦- پێشینانی چاك (سەلەفی ساڵح) لە فیقوانانی هاوەڵان و شوێنکەوتوان و پێشەوایانی فیقه، سامانێکی بەنرخیان بۆ بەجێ هێشتووین، کە ئەگەر وەبەر بهێنرێ تەواوی وڵاتانی دنیا خەنی دەکا، (ئەو سامانە) وەك كانزای زێڕە كە

---

[1] سورة المائدة: ٤٨.

[2] سورة القصص:٧٧.

دەرهێنـانی پاڵفتەکـەی پێویستی بـە دەسـتی شـارەزا و عـەقڵی پێگەیشـتوو و زهنیەتی خاڵی لە هەر دەمارگیریەکی مەزەبی یان تائیفی هەیە.

٧- فیقهـی ئیسـلام ئەگەرچـی گەنجینەیـەکی لـەبن نـەهاتوو و سەرچـاوەیەکی دەوڵەمەندە کە شارستانێتیی مرۆڤایەتی چەندە پـەرە بسـێنێ لێـی بێنیـاز نـابێ، بەڵام پێویستی بە سەرلەنوێ نووسـینەوە هەیـە تـا رای زاڵـی فیقوانـان جـەموجۆر بکرێ، بەبێ خۆبەستنەوە بە مەزەبێکی دیاریکراوەوە.

٨- بەرپرسیارێتیی ئەم ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی سەرانی دەوڵەتانی ئیسلامی بەشـێوەیەکی گشـتی و سـەران و پاشـایانی دەوڵـەتانی عـەرەبی بەشـێوەیەکی تایبەت، لەبەرئەوەی عەرەب ئوممەتێکە خوا لەنێو ئادەمیزادەکان هەڵیبژاردوە بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی لەسەر هەسارەی زەوی، هەر دڵسۆزێك ئومێدی پتـەوی هەیە کە رۆژێك بێ ئەو خەونە بێتەدی.

بەشێك وەك دەسپێك

ڕێگر (المانع)

وەسفێکی دیاری ڕێکخراوە ڕێگە لەوە دەگرێ حوکم لە هۆی حوکمەکە بکەوێتەوە.

جۆرەکانی ڕێگر

ڕێگر لەبەر چەندین (ئیعتیبار) و لە چەندین ڕووی جیاوازەوە بۆ چەند جۆرێك دابەش دەبێ، لەوانە:

لەڕووی ئەوەی پێوەی پەیوەستە: یان ڕێگرە لە حوکم یان ڕێگرە لە هۆ.

ڕێگر لە حوکم: ئەوەیە کاریگەری لەسەر ئەسڵی هۆی حوکمەکە نیە، بەڵکو لەگەڵی تێك دەگیرێ و پێشی دەخرێ، ئەویش لە ڕوانگەی ڕێسای: {اذا تعارض المانع والمقتضي يقدم المانع}[1] (واتە: ئەگەر ڕێگر و بخواز تێك گیران ڕێگر پێش دەخرێ)، لەبەرئەوەی ڕێگر حیکمەتێکی تێدایە ئەگەر پێش بخواز (هۆکە) نەخرێ ئەو حیکمەتە لەکیس دەچێ، بۆ نموونە ئەگەر باوکێك بەئەنقەست و بەدەستدرێژی کوڕەکەی خۆی کوشت، کوشتن هۆیەکە تۆڵەی شەرعی (قیساس) دەخوازێ،

[1] م٤٦ لە گۆڤاری: (الاحكام العدلية) و ڕێسای ٤٥.

باوکایەتیش ڕێگرە لە کوشتنەوە، حیکمەتی ڕێگرتنەکەیش ئەوەیە: ئەوەی باوك هـۆی بوونی کوڕەکەیە دەخوازێ کوڕەکە نەبێتە هۆیەك بۆ لەناوبردنی ئەو.

ڕێگر لە هۆ: ئەوەیە ئەسڵی حەقیقەتەکەی پوچەڵ دەکاتەوە بەشێوەیەك لـە هـۆی ڕاستەقینەوە دەیگۆڕێ بۆ هۆی وێنەیی (صوری)، بەوە کاریگەرییەکی کرداری نـامێنێ تا حوکمی لێ بکەوێتەوە، وەك کوشتن لە حاڵەتی بەرگریکردن لە خۆ یـان لـە نـاموس (عـیرز) یـان لـە مـاڵ، کـە مـافی ڕەوای بـەرگری لـەخۆکردن کردەوەکـە لـە سـیفەتە تاوانکارانەکەی دادەڕنێ و لە شەرع و یاسادا دەیگۆڕێ بۆ ڕێپێدراو (موبـاح)، بـەوەیش تاوانەکە ڕوکنە شەرعیەکەی نامێنێ. خـوای گـەورە ئەفـەرموێ: ﴿فَمَنِ اعْتَدَى عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُواْ عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَى عَلَيْكُمْ﴾[1]. یاسـایش دەڵـێ: {لا جريمـة اذا وقـع الفعـل استعمالاً لحق الدفاع الشرعي}[2] (واتە: تاوان نیە ئەگـەر کردەوەکـە وەك بـەکارهێنانی مافی بەرگریکردنی شەرعی بوو).

لە ڕووی عوزرییوونیەوە: یان عوزرێکە سزا سووك دەکا (سزا سووکێنە) یان سـزاکە ناهێڵێ (سزا ڕەوێن)[3].

عوزری سووکێن (العذر المخفف): ئەوەیە سزاکە بەتەواوی ناخات، بەڵکو دەیگۆڕێ بۆ سزایەکی سووکتر، کە بەزۆری لە ڕەگـەزی ئـەو سـزایەیە بـۆ تاوانەکـە بڕیـار دراوە، لەم حاڵەتەدا عوزرەکە بە ڕێگر لە بەرپرسیارێتیی جینائی دانـانرێ و ناونـانی بـە ڕێگـر لەسەر ڕێتێچوون (تجوز) بنیـات نـراوە، لـەو ڕووەوە ڕێگـرە لـە ئەسـڵی سـزای تـەواو. ئەگەر شیان ناتەواو (ناقص الاهلية) تاوانێکی ئەنجامدا کە سزایەکی دیاریکراوی هەیـە، سزاکە سووك دەکرێ بەڕادەیەك لەگەڵ مەترسیداریی تاوانەکـە و بـارودۆخی تاوانکـاردا بگونجێ. خۆ ئەگەر سزاکە قابیل بە بەشبەشکردن نەبوو وەك سـزای لەسـێدارەدان بـۆ سزایەکیتر لە ڕەگەزێکیتر سووك دەکرێ. لە شەریعەتی ئیسلامیدا باوکایەتی ڕێگرە لـە

---

[1] سورة البقرة: ١٩٤.

[2] م٤٢ لە یاسای سزاکانی عێراقی و م٢٩ی ئوردنی و م٧٠ی لیبی.

[3] م١/١٢٨ی یاسای سزاکانی عێراقی دەڵێ: (عوزرەکان یان ئەوەتالە سزابەخشن یان سزا سـووکێنن، عـوزریش تـەنها لـەو بارانەدا دەبێ کە یاسا دیاریان دەکا).

قیساس، بەڵام ڕێگر نیە لە سزادانی باوکە بکوژەکە بەسزایەکی تەمێکارانە (تەعزیری) وەك حەپسکردن.

عوزری ببەخش (العذر المعفي): عوزری ببەخش لە سزا، لەسەر بنچینەی نەبوونی پایەیەك لە پایەکانی تاوانەکە دادەمەزرێ، وەك ئەوەی تاوانکار دەرك و فام یان ئیرادەی ئازادی لەدەست دابێ، لەم حاڵەتەدا روکنە مەعنەویەکەی تاوانەکە (واتە قەسدی جینائی) نامێنێ، بەوەیش تاوانکار لەڕووی جینائیەوە لێپرسینەوەی لەتەك ناکرێ.

لەڕووی مەودایەوە: ڕێگر دابەش دەبێ بۆ ڕێگر لەسەرەتاوە و بەبەردەوامی + ڕێگر بەبەردەوامی.

ڕێگر لەسەرەتاوە و بەبەردەوامی: وەك ئەوەی لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا شێت بووبێ، ئەوە هەر لە سەرەتاوە و بەبەردەوامی ڕێگرە لە بەرپرسیارێتیی جینائی، ئەگەر پاش ئەنجامدانی تاوانەکە هۆشی هاتەوە سەر خۆی لەڕووی جینائیەوە لێی ناپرسرێتەوە، لەبەرئەوەی کاتی ئەنجامدانی تاوانەکە سەنگی مەحەکە و عوزرەکە بەبەردەوامی ڕێگر دەبێ. بەهەمان شێوە منداڵی نەفام ئەگەر لەکاتی نەبوونی فامدا تاوانێکی کرد و پاشان پێگەیشت، لەڕووی جینائیەوە لەسەر ئەوەی لەکاتی نەبوونی فامدا ئەنجامی داوە لێی ناپرسرێتەوە.

ڕێگر بەبەردەوامی نەك لەسەرەتاوە: وەك شێتبوونی لەناکاو پاش ئەنجامدانی تاوانەکە، هەرکەس تاوانێك ئەنجام بدات لە بارێکدا لە شیانی تەواو بۆ بەرپرسیارێتیی جینائی بەهرەدار بێ و پاشان شێتبوونی بەسەردا بێ، ئەوە نابێتە ڕێگر لە لێپرسینەوە لەو رووەوە تاوانی ئەنجام داوە، بەبەڵگەی ئەوەی ئەگەر بەر لە مردنی بەهۆش هاتەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێ، بەڵام ئەگەر شێتیەکەی بەردەوام بوو ئەوا دەبێتە ڕێگر لە بەردەوامبوون لە ڕێوشوێنە جینائیەکان و جێبەجێکردنی حوکمەکەی، بەڵام ئەم شێتبوونە پاشئاسەوار (ئەسەری رەجعی) نیە و هەرکات ڕێگرەکە نەما لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێ.

لەڕووی سروشتی ڕێگرەکەوە: یان خودییە یان سەرهەڵداو.

ڕێگری خودی (المانع الذاتي): وەك چكۆلەیی (الصغر)، كە وەسفێكە لەتەك هاتنەدنیای منداڵەكەدا لەدایك دەبێ و بەردەوام دەبێ تا دەگاتە تەمەنی پێگەیشتن. لە جیاكەرەوەكانی ئەوەیە بەدڵنیاییەوە بەشێنەیی نامێنێ ئەگەر بچوكەكە ژیا تا دەگاتە تەمەنی پێگەیشتن و هیچ بەربەست (ڕێگر)ێكی نەهاتەڕێ، هەروەها ڕێگری هۆیە و ئەگەر پێش فامكردن تاوانێكی ئەنجام دا، تاوانەكە بەتەواو دانانرێ لەبەر ئەوەی روكنە مەعنەویەكەی تێدا نیە (مەبەست نیەتی تاوانكردن یاخود قەسدی جینائییە). ئەگەریش پێگەیشت لەسەر ئەو شتانەی لەكاتی لەدەستدانی ئەهلیەت (واتە شیان)دا ئەنجامی داون لێی ناپرسرێتەوە و ڕێسای: {اذا زال المانع عاد الممنوع} (ئەگەر ڕێگرەكە نەما قەدەغەكە دەگەڕێتەوە)[1]ی بەسەردا پیادە ناكرێ، چونكە لەكاتی پەیدابوونی هۆكە بەتەواوی پیادە دەكرێ.

ڕێگری سەرهەڵداو (المانع العرضي): ئەوەیە لەكاتی لەدایكبووندا بەكەسەكە نەبووە وەك ئەو شێتیەی لە قۆناغێك لە قۆناغەكانی ژیانیدا تووشی دەبێ. ئەگەر لەكاتێكدا شێت بوو تاوانێكی ئەنجام دا دەبێتە ڕێگر بەشێوەیەكی بەردەوام با پاش ئەنجامدانیشی نەمێنێ لەبەرئەوەی ڕێگر بووە لە هۆكە و بەتەواوی پەیدا نەبووە. بەڵام ئەگەر بەر لە شێتبوونەكە ئەنجامی بدا و شیان تەواو بوو، پاشان شێت بوو، ئەوا تا ئەوكاتەی شێت بێ بەردەوامیی لێپرسینەوە و جێبەجێكردنی حوكمەكەی دەپچڕێ.

بەڵام ئەگەر لەشێتیەكەی چاك بوویەوە و نەما جارێكیتر لێی دەپرسرێتەوە، لەبەرئەوەی تاوانەكە بەتەواوی بووە و ڕێسای (ئەگەر ڕێگرەكە نەما قەدەغەكە دەگەڕێتەوە)ی بەسەردا پیادە دەكرێ.

لەڕووی مەودای كاریگەریەوە: بۆ ڕێگری قەتیسكار و ڕێگری تێپەڕ دابەش دەبێ.

ڕێگری قەتیسكار (المانع القاصر): ئەوەیە كاریگەریكەی تەنیا بۆ ئەو كەسەیە ئەم وەسفەی پێ پەیدا بووە و كەسیتر سوودی لێ نابینێ، وەك شێتی و چكۆلەیی

---

[1] م٢٤ لە گۆڤاری: (الاحكام العدلية) و ڕێسای (٢٥).

و ئەوەی لە حوکمیاندایە، جا ئەگەر پیاوێکی باڵقی ژیر و هەڵبژێر لەگەڵ منداڵێکی نەفام یان شێتێك تاوانێکی -بۆ نموونە دزی ئەنجام دا، ئەوا پیاوەکە سوود لە عوزری شەریکەدزیەکەی وەرناگرێ لەبەرئەوەی وەسفێکی کەسی (شەخسی)یە و جگە لەو کەسەی پێی هەستاوە کەسیتر سوودی لێ نابینێ، جا چ ئەو کەسیترە بکەر بێ یان شەریك بێ یان یارمەتیدەر بێ لە ئەنجامدانی تاوانەکەدا.

ڕێگری تێپەڕ (المانع المتعدی): ئەوەیە هەموو ئەوانە سوودی لێ دەبینن کە لەگەڵ بکەرە ئەسڵیەکەدا بەشدارییان لە پرۆسەکەدا کردوە، وەك مافی بەرگریکردنی شەرعی. هەرکەس ژیان یان ناموس یاخود ماڵی ڕووبەڕووی دەستدرێژیی دەستەویەخە و دڵنیا ببنەوە و دەستدرێژکار بکوژێ، بەو مەرجەی سنووری بەرگریکردنی شەرعی تێنەپەڕاندبێ و لەوەدا کەسیتر بەشداری کردبێ، ئەو کەسیترەیش لە عوزرەکە سوودمەند دەبێ و نە لەڕووی جینائی و نە لەڕووی مەدەنیەوە لێی ناپرسرێتەوە، لەبەرئەوەی مافی بەرگریکردنی شەرعی لە هۆکانی ڕێپێدانن بۆ هەموو کەس.

وەك ڕێسایەکی گشتی دەکرێ بگوترێ:

ڕێگر ئەگەر وەسفێك بوو بەسترابوو بە کەسی بکەرەوە، بۆ کەسیتر، لە بکەر یان شەریك یاخود هەر بەشدارێکیتر سوودی نابێ، بەڵام ئەگەر پەیوەندی بە کردارەکەوە هەبوو سوود بە کەسیتر دەگەیەنێ.

هەڵە

هەڵە (الخطأ) تێکدانی ئەرکێکی شەرعی یان یاساییە لە بارێکدا تێکدەرەکە بەوە بزانێ. هەڵە بوونی ئیدراك (فام) دەخوازێ، لەبەرئەوەی لە دوو ڕەگەز پێکدێ: ماددی (بابەتی) کە تێکدانی ئەرکەکەیە + مەعنەوی (شەخسی) کە بریتییە لە ئیدراك (فام). دەستدرێژی (التعدي) پێویستی بە بوونی ڕەگەزە مەعنەویەکە نیە، بۆ بەدیهاتنی تەنیا ئەوەندە بەسە کارێکی ناڕەوای زیانبەخش بێ، بەچاوپۆشین لە شیانی بکەرەکەی.

لەم روانگەوە پەیوەندیی لۆژیکیی نێوان هەڵە و دەستدرێژی بریتییە لە پەیوەندیی گشتی و تایبەتی رەها (العموم و الخصوص المطلق) بەگوێرەی بەدیهاتن، هەرکات هەڵە بەدیهات دەستدرێژی بەدیدێ، بەڵام پێچەوانەکەی بەتەواوی وانیە، چونکە هەموو کردەوەیەکی زیانبەخش کە لە دەستی کەسێکی نەشیاو بکەوێتەوە بەهەڵە دادەنرێ، لەبەرئەوەی هەڵە لەسەر ئیدراك دەوەستێ، لە فیقهی ئیسلامیدا لە هەرکوێ وشەی دەستدرێژی هات مەبەست پێی کاری نارەوای زیانبەخشە، جا ئاخۆ بکەرەکەی مەبەستی بووبێ زیان بە کەسیتر بگەیەنێ یان نا، هەروەها ئاخۆ شیان تەواو یان ناتەواو یان نەشیاو بووبێ.

بەرپرسیارێتی

بەرپرسیارێتیی کەسێك ئەوەیە، ئۆباڵی رەفتارە نارەواکانی دەکەوێتە ئەستۆ، رەفتارەکانیش نارەوا دەبن ئەگەر پێچەوانەی واجبێکی شەرعی یان یاسایی بێ، هەروەها پێچەوانەیان دەبێ ئەگەر بەبێ پاساو زیانیان بە کەسیتر گەیاند، زیانگەیاندنیش بەکەسیتر بەبێ پاساو هەڵە یان دەستدرێژییە.

بەرپرسیارێتیی ئەدەبی و یاسایی

بەرپرسیارێتیی ئەدەبی (رەوشتی): هەستکردنی کەسێکە بە تاوان لەبەردەم خوادا ئەگەر باوەڕی بەخوا هەبێ، یان لەبەردەم ویژدانیدا ئەگەر باوەڕی بەخوا نەبێ، ئەویش لەئەنجامی کردن یان نەکردنی کردەوەیەك کە نەدەبوو وابکا و بنچینەکەی دەرچوونە لە رێساکانی ئەخلاق.

بەرپرسیارێتیی یاسایی: ئەوەیە کەسێك ئۆباڵی دەرچوونی لە رێساکانی یاسا بگرێتە ئەستۆ.

بەرپرسیارێتیی جینائی و بەرپرسیارێتیی مەدەنی کە لە جۆرەکانی بەرپرسیارێتیی یاسایین.

بەرپرسیارێتیی جینائی ئەوەیە مرۆڤ ئۆباڵی ئەو کارەی دەیکا یان نایکا و زیان بە بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگە دەگەیەنێ، دەگرێتە ئەستۆ.

بەرپرسیارێتیی مەدەنی ئەوەیە مرۆڤ ئۆباڵی ئەو کارەی کردویەتی یان نەیکردوە و زیان بە تاکێك یان چەند تاکێکی دیاریکراو دەگەیەنێ، دەکەوێتە ئەستۆ.

بەرپرسیارێتیی گرێبەندانە (عەقدی) و کەمتەرخەمی لە جۆرەکانی بەرپرسیارێتیی مەدەنین.

بەرپرسیارێتیی عەقدی ئەنجامی تێکدانی پابەندیەکی گرێبەندانەیە.

بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمی (المسؤولیة التقصیریة) لە تێکدانی پابەندیەکی شەرعی یان یاسایی بەرانبەر ئەویتر پەیدا دەبێ.

بەرپرسیارێتیی مەدەنی بەرانبەر بە زەمانکردنە لە فیقهی ئیسلامیدا، هۆکانی زەمانکردنیش سیانن گرێبەندێك و دەستێك و فەوتاندنێك[1].

بەرپرسیارێتیی مەدەنی لە فیقهی خۆرئاوایی[2] و ئەو یاسایانەی لەژێر کاریگەریدان[3] لەسەر سێ رەگەز دەوەستێ کە بریتین لە: هەڵە + زیان + پەیوەندیی هۆیی لەنێوان هۆکە و زیانەکەدا.

بەرپرسیارێتیی مەدەنی لە فیقهی ئیسلامی و ئەو یاسایانەی لەژێر کاریگەریدان[4] بەهەمان شێوە رەگەزەکانی سیانن، کە بریتین لە: کاری ناڕەوا + زیان + پەیوەندیی هۆیی.

بەرپرسیارێتیی و قەرزاری

زۆر لە شرۆڤەکارانی یاسا پێیان وابوو ئەم دوانە لە رەگەزەکانی پابەندین، ئەمەیش هەڵەیەکی شایعە و زادەی قووڵنەبوونەوەیە لە پەیوەندیی نێوان ئەوانە لەگەڵ پابەندی.

---

[1] قواعد ابن رجب (عبد الرحمن بن رجب الحنبلي ت٧٩٥ هـ)، القاعدة٨٩.

[2] لە یاسای فەرەنسیدا سەبارەت بە بەرپرسیارێتیی عەقدی، هەروەها سەبارەت بە بەرپرسیارێتیی عەقدی م١٣٨٢-١٣٨٦.

[3] یاسای میسری م١٦٣، و سوري١٦٤، و لوبناني م١٢٢.

[4] مەدەنیی عێراقی سەبارەت بە بەرپرسیارێتیی عەقدی م ١٦٨-١٧٦ و کەمتەرخەمی م١٨٦-٢٢٤.

پابەندی گرتنەئەستۆی ئەنجامدانی ئەرکێکە کە سەرقاڵبوونی ئەستۆی بە مافی کەسیتر لیٚ دەکەوێتەوە، تا دەڕەوێتەوە. بەرپرسیارێتیی مەدەنیش ئەوەیە کەسی قەرزار مافێکی لە گەردندایە کە پێویستە بە ویستی خۆی بیداتەوە، ئەگینا بەزۆر پێی دەدرێتەوە، قەرزاریش سەرقاڵبوونی ئەستۆیە بە مافی کەسیترەوە.

لەم روانگەوە بەرپرسیارێتی و قەرزاری لە بەربەست هەروەها لە تایبەتمەندیەکانی پابەندین، ئەوەیش روونە رەگەزەکانی هەر شتێك ئەوەیە ئەو شتە لەسەریان وەستاوە و لە بووندا پێشی کەوتوون، هەرچی بەربەستەکانی شتە پاش بوون دێن، هەربۆیە ئەوەی زۆربەی شرۆڤەکارانی یاسا بۆی چوون لەوەی بەرپرسیارێتیی مەدەنییان لە رەگەزەکانی پابەندی داناوە، زادەی تێکەڵکردنیانە لەنێوان رەگەز و بەربەستەکاندا.

هەڵەی جینائی و هەڵەی مەدەنی

هەڵە تێکدانی ئەرکێکی شەرعی یان یاساییە لە بارێکدا ئەو کەسە بەوە بزانیٚ. ئەو ئەرکانەیش کە تێکدانیان بە هەڵە دادەنریٚ، لە هەڵەی جینائیدا بە یاسا سزاییەکان دیاری دەکرێن، بەڵام لە هەڵەی مەدەنیدا بە یاسا سزاییەکان و یاسا مەدەنیەکان یان رێسا گشتیەکان یاخود رێکەوتنەکان دیاری دەکرێن.

لەم روانگەوە پەیوەندیی لۆژیکی لەنێوان هەڵەی جینائی و هەڵەی مەدەنیدا بەگوێرەی بەدیهاتن، پەیوەندیی گشتی و تایبەتی رەهایە، هەرکات هەڵەی جینائی بەدیهات هەڵەی مەدەنی بەدیدیٚ، لەبەرئەوەی تێکدانی ئەرکێك کە یاسای جینائی دیاری دەکا، لە هەمان کاتدا تێکدانی ئەرکێکی یاساییشە لە بارێکدا کەسی تێکدەر هەست بە تێکدانەکە بکا، بەڵام ئەگەر ئەرکەکە بە یاسای جینائی دیاری نەکرابیٚ هەڵەکە تەنیا مەدەنی دەبیٚ.

یاسا سزاییە مرۆڤکرد (وەزعی)یەکان لەوەدا لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامی کۆکن کە هەڵەی جینائی تێکدانی کۆمەڵە ئەرکێکە کە بە دەقە جینائیەکان دیاری کراون، هەروەها لە پەسەندکردنی بنەمای شەرعیەت (لا جريمة ولا عقوبة الا بنص)، (واتە: نە تاوان و نە سزا، بەبیٚ دەق نیە)دا کۆکن. راستیەکەی شەریعەتی ئیسلامی خاوەنی

ئەم بنەمایەیە کە قورئان سەدان ساڵ بەر لە یاسا لە چەندین ئایەتدا جێگیری کردوە، لەوانە: ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولاً﴾[1]، ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ مُهْلِكَ الْقُرَى حَتَّى يَبْعَثَ فِي أُمِّهَا رَسُولاً يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِنَا﴾[2]، ﴿وَلَوْ أَنَّا أَهْلَكْنَاهُم بِعَذَابٍ مِّن قَبْلِهِ لَقَالُوا رَبَّنَا لَوْلَا أَرْسَلْتَ إِلَيْنَا رَسُولاً فَنَتَّبِعَ آيَاتِكَ مِن قَبْلِ أَن نَّذِلَّ وَنَخْزَى﴾[3]، ﴿وَإِن مِّنْ أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٌ﴾[4] و چەندین ئایەتیتر، کە بەڕاشکاوی دەڵێن نە تاوان و نە سزا بەبێ دەق نیە، جا چ دەقی قورئان بێ یان هی فەرموودە، یان دەقێکی وەزعی بێ لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانی زەمەنییەوە، لەبەرئەوەی شەریعەتی ئیسلامی وەلی ئەمر (سەرۆکی دەوڵەت)ی سەرپشك کردوە کە بەهاوکاریی ئەهلی راوێژ هەر کردەوەیەك زیان بە بەرژەوەندیی گشتی بگەیەنێ بە تاوان دابنێت و سزایەکی بۆ دابنێ کە لەگەڵ قەبارە و مەترسیداریدا بگونجێ، بەو مەرجەی چ بەتاواندانەنەکە و چ سزاکە لە دەقی یاساییدا جێگیر بکات و ئەوانەی ژێردەستی لێیان ئاگەدار بکاتەوە.

بەڵام فیقه و یاسای غەربی و ئەو یاسایانەی لەژێر کاریگەرییاندان سەبارەت بە بەرپرسیارێتیی مەدەنی لەرووی رەگەزەکانیەوە لەگەڵ فیقهی ئیسلامی ناکۆکن وەك پێشتر باسمان کرد، بۆ نموونە هەڵە رەگەزێکە لە تاوانەکاندا بەڵام لە بەرپرسیارێتیی مەدەنیی کەمتەرخەمیدا بوونی مەرج نیە ئەگەر زیانگەیاندنەکە بەڕاستەوخۆ لەلایەن زیاندەر (محدث الضرر)ەکەوە بوو، بەڵکو هێندە بەسە ئەو کردەوەیەی سەرچاوەی زیانەکەیە کارێکی ناڕەوا (نامەشروع) بێ، جا چ بکەرەکەی بەوە بزانێ یان نا، کاری نامەشروعیش لە فیقهی ئیسلامیدا پێی دەوترێ دەستدرێژی[5].

---

[1] سورة الاسراء:١٥.

[2] سورة القصص:٥٩.

[3] سورة طه:١٣٤.

[4] سورة فاطر:٢٤.

[5] ئەم مانایە لە وشەی (التعدی) مەبەستە لە مادەی ١٨٦ لە یاسای مەدەنیی عێراقی کە دەڵێ (ئەگەر کەسێك ماڵی کەسێکیتری بەڕاستەوخۆ یان بە بوونەهۆ، تەلەف کرد یان نرخی کەم کردەوە، دەبێتە زامنی (واتە بیبژێری)، ئەگەر بەئەنقەست یان بەدەستدرێژی ئەو زیانەی گەیاندبێ). بەومیش هیچ تێکگیرانێك نیە لەنێوان ئەم مادەیە و مادەی ١٩١ کە دەڵێ (ئەگەر منداڵێکی بەفام (ممیز) یان نەفام (غیر ممیز) یان هەرکەس لە حوکمیاندایە ماڵی کەسێکیتری تەلەف

←

دەستدرێژی (التعدي)

دەستدرێژی ئەنجامدانی کارێکی ناڕەوای زیانبەخشە کە زیان بە کەسیتر دەگەیەنێ، جا چ بکەرەکەی مەبەستی بووبێ ئەو زیانەی پێ بگەیەنێ یان بەئەنقەست نەبووبێ، هەروەها چ بە نائەنقەست کەسێکی بزان و شیان تەواو یان شیان ناتەواو یان نەشیاو بێ، چونکە کەسی نەفام (عدیم التمیین) وەك شێت و منداڵی نەفام و ئەوەی لە حوکمی ئەوانەدایە، ئەگەر ماڵێکی فەوتاند یان نرخەکەی دابەزاند بژاردنی دەکەوێتە سەر و پێویستە لە ماڵەکەی قەرەبوو بکرێتەوە ئەگەر ماڵی هەبوو، ئەگینا بەخێوکەر یان چاودێر یاخود سەرپەرشتەکەی ئەو قەرەبووە دەداتەوە زیانلێکەوتوو، دواتر کاتێ زیانگەیەنەرەکە ماڵی دەستکەوت لێی وەردەگرێتەوە.

ئەمە ئەگەر زیانگەیاندنەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بوو، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بوو، ئەوا هیچ جیاوازی لەنێوان فیقهی ئیسلامی و فیقهی غەربیدا نامێنێ لە زەرورەتی بوونی ڕەگەزی هەڵە بە چەمکە خۆرئاواییەکەی.

شایانی باسە لە مەسەلە ناجینائیەکاندا مەبەست لە هەڵە (الخطأ) لە فیقهی ئیسلامیدا هەمان مانا زمانەوانیەکەیە، ئەویش وێناکردنی شتێکە جیاواز لە حەقیقەتەکەی، ئەو مانایەیش هاوواتای (الغلط)ـە. بەڵام لە مەسەلە جینائیەکاندا بەرانبەر بە ئەنقەستە (العمد). خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا کردویەتی بە هاوبەشکە (قسیم)ی بەئەنقەست و ئەفەرموێ: ﴿وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَا أَخْطَأْتُم بِهِ وَلَٰكِن مَّا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ﴾[1]. کەواتە هەڵە لە تاوانەکاندا ئەنجامدانی کردەوەیەکی تاوانکارانەیە کە مەبەستی تاوانکردنی تێدا نەبووە، لەم ڕوانگەوە شەریعەتی ئیسلامی کوشتنی بۆ سێ بەش دابەش کردوە:

أ- کوشتنی بەئەنقەست و دەستدرێژی: کوشتنە بەزۆری بە ئامرازێکی بکوژ، لەگەڵ بوونی مەبەستی تاوانکارانە (قەسدی جینائی) لە ئەنجامدا.

کرد، لەسەریەتی لە ماڵی خۆی زەمانی بکا). هەندێ لە شرۆڤەکارانی یاسای مەدەنی عێراقی بەهۆی ئەوەی لە تەفسیرکردنی (التعدی)دا نەیانپێکاوە، ولیان زانیوە ئەم تێکگیرانە هەیە.

[1] سورة الأحزاب:٥.

ب- کوشتنی نیمچە ئەنقەست: کوشتنە بەزۆری بە ئامرازێکی نابکوژ لەگەڵ بوونی مەبەستی تاوانکارانە، وەك کوشتن بە تەختە یان بەردێك و ئەو جۆرە شتانە.

ج- کوشتنی بەهەڵە: کوشتنە بەبێ مەبەستی تاوانکارانە، وەك ئەو کەسەی تەقە لە تارماییەك بکا وابزانێ نێچیرە کەچی دەربکەوێ مرۆڤ بووە.

هەریەك لەم بەشانە حوکمی تایبەتی خۆیان هەیە کە لە کتێبە فیقهیەکاندا بەدرێژی باس کراون. سزای کوشتنی هەڵە دانی خوێنباییە و لەسەر کەسوکاری تاوانکارە بیدەن، کوشتنی نیمچە ئەنقەست لە یاسادا بەرانبەر لێدانێکە سەربکێشێ بۆ مردن.

پەیوەندیی نێوان بەرپرسیارێتیی جینائی و مەدەنی لەڕوویەکەوە بەگوێرەی بەدیهاتن پەیوەندیی گشتی و تایبەتە و لە تاوانەماڵیەکاندا کۆدەبنەوە، هەر کەس ئۆتۆمبێلێك بدزێ و بیفەوتێنێ، یان لە نرخی کەم بکاتەوە، جگە لە سزای تاوانی دزیکردن حوکمی بژاردنیشی بەسەردا دەدرێ، لەبەرئەوەی دەستدرێژی کردۆتە سەر دوو ماف، مافێکی گشتی و مافێکی تایبەت[1]. بەڵام لە تاوانە سیاسیەکان و تاوانەکانی پەیوەندار بە تێکدانی ئاسایش لە یاسادا و تاوانی هەڵگەڕانەوە لە ئاین لە شەریعەتی ئیسلامیدا، بەرپرسیارێتیی جینائی لە بەرپرسیارێتیی مەدەنی تاك دەبێتەوە.

هەروەها لە حاڵەتی زیانگەیاندن بە ماڵی کەسیتر بەبێ ئەوەی مەبەستی زیانگەیاندن (واتە قەسدی جینائی) لەئارادا بووبێ، بەرپرسیارێتیی مەدەنی لە بەرپرسیارێتیی جینائی تاك دەبێتەوە.

بەراورد لەنێوان بەرپرسیارێتیی جینائی و بەرپرسیارێتیی مەدەنی

ئەوەی بەدوای ئەحکامی هەردوو بەرپرسیارێتیەکەدا بچێ، جیاوازیەکی زۆری جەوهەری دەبینێ، گرنگترینیان ئەمانەن:

---

[1] لەم بارەدا دادگەی جینائیی تایبەت بۆی هەیە تەماشای هەردوو کێشەکە بکا (کێشە جینائی و مەدەنیەکە) و لەسەر داوای تاوان دەرهەق کراو حوکمی سزادان و قەرەبووکردنەوەیش بدا.

١- لە بەرپرسیارێتیی مەدەنیدا سکاڵا دژی دژبەر (الخصم) تەنیا لەلایەن زیانمەند یاخود ئەو کەسەوە دەبێ کە لەڕووی شەرعی یان یاسایی یان بە ڕێکەوتن نوێنەرایەتی دەکا. سکاڵایەکی تایبەتە و خاوەنەکەی بۆی هەیە بەرزی بکاتەوە، هەروەك بۆی هەیە سەرفینەزەری لێ بکات و دەست لە مافەکەی بەربدات.

لە بەرپرسیارێتیی جینائیدا شتەکە بەپێچەوانەوەیە، ئەویش لەو رووەوە دەستدرێژی تێدایە بۆ سەر مافی گشتی. تاوانکار لە بەرپرسیارێتیی جینائیدا دەستدرێژی دەکاتە سەر دوو ماف: مافی گشتی ئەویش تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری و پاراستنی ماڵ و گیان و ناموس و ئەو جۆرە شتانەیە، هەروەها دەستدرێژی کردۆتە سەر مافی تایبەتی، ئەویش مافی تاوانسەرە (المجنی علیە) ، جا ئەگەر تاوانسەر دەستبەرداری مافە تایبەتەکەی بوو، تاوانکار ئۆباڵی دەستدرێژیکردنی بۆ سەر مافی گشتی لە گەردندا دەمێنێ. خۆ ئەگەر ئەو سکاڵاکەی نەجوڵاند، جێگری داواکاری گشتی دەیجوڵێنێ، مەگەر یاسا شتێکی جیاواز لەمە بڵێ[1].

لە شەریعەتی ئیسلامیدا دەکرێ هەموو مرۆڤێکی باڵق و ژیر سکاڵا بجوڵێنێ چ بەرژەوەندی لەوەدا هەبێ یان نەیبێ، چونکە ئەوە دەچێتە خانەی فەرمان بەچاکە و ڕێگریکردن لە خراپە، کە ئەرکی سەرشانی هەموو مرۆڤێکە توانای جوڵاندنی ئەو سکاڵایەی هەبێ، خوا دەفەرموێ: ﴿وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ﴾[2]. واتە جوڵاندنی سکاڵای جینائی فەرزی کیفایەیە لەسەر کۆی دانیشتوانی ئەو ناوچەیەی تاوانەکەی تێدا قەوماوە، جا ئەگەر هەندێکیان یان یەکێکیان پێی هەستا بەرپرسیارێتی لەسەر هەمووان دەکەوێ.

ئەم جوڵاندنە تاوانی زینای ژن و مێردیش دەگرێتەوە، لە شەریعەتی ئیسلامیدا بەپێچەوانەی یاسا هەڵاوێردن (ئیستیسنا) لە تاوانەکاندا نیە، بۆ نموونە یاسا هەندێ

---

[1] وەك تاوانی زینای یەکێك لە ژن و مێرد، کە لە یاسادا تەنها لایەنی بێتاوان دەیجوڵێنێ.

[2] سورة آل عمران: ١٠٤.

کێشەی جینائی لە جوڵاندنی سکاڵا لەلایەن داواکاری گشتیەوە هەڵاوێردوە، وەك لە مادەی سێیەمی یاسای (ئوسوڵی موحاکەماتی جەزائی)دا هاتووە[1].

٢- لە یاسادا سکاڵای جینائی دادگە جینائیەکان تایبەتن بە سەیرکردنیان، بەپێچەوانەی سکاڵای مەدەنی، کە لەبەردەم دادگەی مەدەنیدا ئەنجام دەدرێ بەو مەرجەی زیانەکە لە تاوان نەکەوتبێتەوە، ئەگینا دەکرێ سکاڵای مەدەنی لەبەردەم دادگەی جینائیدا بجوڵێنرێ، کە بە داوایەکی تایبەت تەماشای سکاڵای مەدەنی دەکرێ، جا ئەگەر دادگەی جینائی تاوانباری کرد و سەلما کە زیانە ماددیەکە لە تاوانە ئەنجامدراوەکە پەیدا بووە، پێویست حوکم بە قەرەبووکردنەوە بدرێ ئەگەر هاتوو زیانلێکەوتوو داوای کرد جا چ سکاڵا مەدەنیەکە لەبەردەم دادگەی مەدەنیدا بەرز کرابێتەوە یا لەبەردەم دادگەی مەدەنیدا. حوکمی جینائی لە تاوانە داراییەکاندا حوکمی مەدەنی پێویست دەکا، بەپێچەوانەی پێچەوانەکەی.

٣- ڕەگەزی زیان بە ڕوکنێکی بنچینەیی دادەنرێ بۆ بەرپابوونی بەرپرسیارێتیی مەدەنی کە لەسەر سێ ڕەگەز (یان ڕوکن) دادەمەزرێ، ئەوانیش بریتین لە هەڵە یان کاری ناڕەوا + زیان + پەیوەندیی هۆیی نێوان ئەو دووانە. ئەگەر یەکێك لەوانە بەردەست نەبوو بەرپرسیارێتیی مەدەنیش نابێ، بەپێچەوانەی بەرپرسیارێتیی جینائی کە بەبێ ئەوەی بەکردەوە زیانێکی گشتی یان تایبەت لەئارادا بێ بەرپا دەبێ، وەك لە حاڵەتەکانی ڕێکەوتنی جینائی بەبێ جێبەجێکردنی تاوانەکە، وەك لەلابوونی چەك بەبێ مۆڵەت، کە یاسا بە تاوانی دادەنێ با ئەو چەکەیشی لە هیچ تاوانێکدا بەکار نەهێنابێ. هاوشێوەی ئەوە لە شەریعەتی ئیسلامیدا هەیە، خوا ئەفەرموێ: ﴿وَإِن تُبْدُواْ مَا فِي أَنفُسِكُمْ أَوْ تُخْفُوهُ يُحَاسِبْكُم بِهِ اللّهُ﴾[2]، حەسود بۆ نموونە لەسەر حەسودی (ئیرەییبردن)ەکەی پرسیاری لێ دەکرێ با هیچ زیانێکیش لە

[1] م٢٣ ی ساڵی ١٩٧١م (نابێ سکاڵای جەزایی بجوڵێنرێ مەگەر لەسەر سکاڵایەکی تاوانبەر یان ئەو کەسەی لەڕووی یاساییەوە لەجیی ئەوە لەم تاوانانەدا: زینای ژن یان فرەژنی بەپێچەوانەی یاسای باری کەسایەتی. ٢- بوهتان بەزینا (قەزف) یان جوێن یان ئاشکراکردنی نهێنی و هتد).

[2] سورة البقرة:٢٨٤.

ئیرەیی پێبراو نەکەوتبێ، هەروەها مرۆڤ لەسەر هەر سیفەتێکی پەنامەکی (باطني) ئیختیاری کە پێچەوانەی بەهاکانی ئاین بێ، لێی دەپرسرێتەوە.

٤- لە بەرپرسیارێتیی جینائیدا کارە تاوانەکان پێشوەخت دیاری کراون، ئەویش لە روانگەی بنەمای شەرعیەت (لا جريمة ولا عقوبة إلا بنص)، لەکاتێکدا لە بەرپرسیارێتیی مەدەنیدا ئەو کارە زیانبەخشانەی قەرەبوو واجب دەکەن دیاری و حەسر نەکراون، هەموو رەفتارێکی ناڕەوا زیان بە کەسیتر بگەیەنێ قەرەبوو پێویست دەکا، بەتایبەت لە شەریعەتی ئیسلامیدا کە بۆ حوکمدان بە قەرەبووکردنەوە بوونی رەگەزی هەڵە بە واتا خۆرئاواییەکەی بەمەرج ناگیرێ.

پوختەی قسان ئەوەیە روکنی شەرعی بۆ هەموو تاوان و سزایەك زەرورییە، بەپێچەوانەی بەرپرسیارێتیی مەدەنی، کە ملکەچی رێسا گشتیەکان دەبێ و دەکرێ قیاسی تێدا بکرێ.

٥- لە بەرپابوونی بەرپرسیارێتیی جینائیدا روکنی مەعنەوی (مەبەستی تاوانکارانە) گرنگیەکی گەورەی هەیە و تاوانکار لەسەر تاوانی بەئەنقەست لێی ناپرسرێتەوە تا مەبەستی تاوانکردنی نەبێ، بەڵام لە بەرپرسیارێتیی مەدەنیدا ئەو گرنگیەی نیە. شەریعەتی ئیسلامیش لەڕووی حوکمدان بە قەرەبووکردنەوە بەهیچ شێوەیەك گرنگی پێنادا، هەرکەس بەشێوەیەکی ناڕەوا زیان بەکەسیتر بگەیەنێ، زەمانی دەکەوێتە سەر چ بەئەنقەست کردبێتی یان نا. گرنگ بوونی زیانە بەهۆی دەستدرێژیەوە (کاری ناڕەوا)، نەبوونی ئەهلیەت کارەکە لەوە ناخات کە بە دەستدرێژی حسێب بێ، هەروەك شێتیی کەسی بکوژ کوشتن لە تاوانبوون دانامڵێ، بەڵکو رێگەی بەرپرسیارێتیی جینائی لێ دەگرێ.

لە روانگەی ئەم جیاوازیەوە، فیقوانانی یاسا گوتویانە "بناغەی بەرپرسیارێتیی جینائی ئیرادەی ئازاد و بزانە، چونکە ئەوە خولگەی مەبەستی تاوناکارانەیە، هەربۆیە کەسی نەشیاو لەبەر نەبوونی ئیدراك و ئیرادە، هەروەها زۆرلێکراو و ناچاریش لەبەر نەبوونی ئازادی و هەڵبژاردن سەرباری بوونی ئیدراك، لێیان ناپرسرێتەوە).

٦- لە بەرپرسیارێتیی مەدەنیدا سزا پێشوەخت دیاری نەکراوە، لەبەرئەوەی بەگوێرەی قەبارەی زیانەکە زیاد و کەم دەکا، ئەوەیش ملکەچی دەسەڵاتی

مەزەنـدەكردنی دادوەرە (بەكۆمـەك وەرگـرتن لـە كەسـانی شـارەزا)، لەكاتێكـدا لـە بەرپرسیارێتیی جینائیدا سزا لە یاسـای جینائیـدا و بـەگوێرەی ڕێسـای {لا جریمـة ولا عقوبة إلا بنص} دەستنیشان و بەدەق دیاری كراوە، سـزاكە پێشـوەخت بـڕ و جـۆری دیاری كراوە، لانیكەم لای خوار یان لای سـەر دیـاری دەكـرێ، لەوانەیشـە هـەردوولای سەر و خوار دیاری بكرێ و دەسەڵاتی مەزەندەكردن بۆ دادوەر بەجێ دەهێڵرێ.

٧–مەبەست لە سزا لە بەرپرسیارێتیی مەدەنیدا قەرەبووكردنەوەی ئـەو زیانەیـە قــەوماوە و گێڕانــەوەی دۆخەكــە بــۆ پــێش ڕوودانـــی زیانەكــە، بەپێچــەوانەی بەرپرسـیارێتیی جینـائی كـە مەبەسـت لـە سـزا تێیـدا سـڵەماندنەوە (الـردع) یـاخود چاوترساندنە وەك لە یاسا جینائیەكاندا باوە، بەڵام لە شەریعەتی ئیسـلامیدا مەبەسـت لە سزادان جگە لە سڵەماندنەوە و چاوترساندن، چاككردنی تاوانكاریشە.

٨– لە بەرپرسیارێتیی مەدەنیدا سكاڵا (دەعوا) پەیوەندی بە ئەستۆی داراییـەوە هەیە و شەخسی نیە، لەبەرئەوە دەكرێ ئاراسـتەی زیاندەرەكـە یـان كەسـیتری وەك بەخێوكەر یان چاودێر یان میراتگـر بكـرێ، لەبەرئەمەیـە دەعـوای مـەدەنی بـە مردنـی قـەرزار ناكـەوێ، بـەڵام لـە بەرپرسـیارێتیی جینائیـدا شەخسـییە و سـكاڵا تـەنها دژی تاوانكار خۆی دەجولێنرێ، لەبەرئەوە بەمردن یان شـێتبوونی بەتـەواوی، سـكاڵاكەیش دەكەوێ، چونكە خوای گەورە ئەفەرموێ ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾[1].

بــەڵام ئەگــەر قــەرزارێك مــرد قەرزەكــە دەبەســترێتەوە بــە میراتەكەیــەوە و میراتگرەكانی بۆیان نیە بەر لە دانـەوەی قەرزەكـە دەسـتی تێبخـەن، خـۆ ئەگـەر بـەر لـەوە دەسـتیان تێخسـت، ڕەفتارەكـە لەسـەر مۆڵـەتی خـاوەن قەرزەكـە یـان لەسـەر دانەوەی قەرزەكـە دەوەسـتێ، ئـەویش بـەپێی ڕێسـای (لا تركـة إلا بعـد سـداد الـدین) (واتە: میرات نیە تا پاش دانەوەی قەرز).

هەروەها ئەگەر تاوانكار بەر لە ئەنجامدانی ڕێكارە قەزاییەكان و پـاش ئەنجامـدانی تاوانەكـە شـێت بـوو، ئـەو ڕێكارانـە دەوەسـتن، لەوانەیشـە هەڵبوەشـێنەوە ئەگـەر تاوانكارەكە بەشێتی مرد. ئەگەر حوكمی سزایەكی بەسـەردا درا و پاشـان شـێت بـوو،

---

[1] فاطر: ١٨

رادەگیریّ تـا بـەهۆش دێتـەوە، ئەگـەریش مـرد لەسـەری لادەکـەویّ، بەپێچـەوانەی حاڵەتەکە لە بەرپرسیارێتیی مەدەنیدا، کـە شـێتی تاوانکـار یـان زیانـدەر جـا چ پـێش شێتبوونی بیّ یان لەکاتی شـێتبوونیدا، سـکاڵای مـەدەنی لەسـەری بـەردەوام دەبـیّ و لەسـەر ئـەو کەسـەی نوێنەرایـەتی دەکـا لـە بەخێوکـەر یـان چـاودێر و هـیتر ئـەنجام دەدریّ، هەروەها مـافی قـەرزدەریش بـە میراتـی قـەرزارە مردوەکـە و مـاڵی هەڵشـکاو (موفلیس)ەوە دەبەسترێتەوە پـاش دانـانی حیجـر لەسـەری، ئـەو قـەرزە بـۆ کەسـیتر ناگوێزرێتەوە ئەگەر بە ماڵی قەرزارەکەوە بەسترابیّ لە ژیانیدا یاخود پاش مردنی.

٩- لە بەرپرسیارێتیی جینائیدا حسێب بۆ هەڵەی گریمانەکراو ناکریّ، ئەگەر ساغ نەبێتەوە تاوانکار هەڵەی کـردوە لـەرووی جینائیـەوە بەرپرسـیار نـابیّ، بەپێچـەوانەی بەرپرسـیارێتیی مـەدەنی، کـە بەرپرسـیارێتیی شـوێنکەوتوو لـە زیانـەکانی شوێنکەوتەکەی بۆ نموونە، لەسەر هەڵەی گریمانەکراوی شوێنکەوتوو دامەزراوە.

پاش سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی لـە ئـەوروپا، ئەگـەر کرێکـار لـە پیشـەگە و کارگەکانـدا بـەهۆی کارەکەیـەوە تووشـی نەخۆشـیەکی درێژخایـەن بـوو، دادوەری فەرەنسـی حـوکمی لەسـەر خـاوەن پیشـەگە یـان کارگەکـە دەدا قـەرەبووی کرێکـارە تووشـبووەکە بکاتـەوە، ئـەویش لەسـەر بنچینەی هەڵـەی گریمانـەکراو، لەبەرئـەوەی لەڕاسـتیدا هەڵـەی نـەکردوە. دیـارە ئـەم گریمانەیـە لـە شـەریعەتی ئیسـلامیدا، کـە گـەرەنتیکردن (زەمـانکردن) لەسـەر بناغـەی روودانـی زیـان دادەمـەزریّنیّ، بـەگرنگ دانەنراوە، جا چ هەڵەکە هەردوو روکنە ماددی و مەعنەویەکەی تێدا بیّ یان نا، بـەوەی تەنها روکنە ماددیەکەی تێدا بیّ.

لـەم روانگـەوە ئەگـەر شـوێنکەوتە (التـابع) تـاوانێکی ئـەنجام دا، شـوێنکەوتوو (المتبوع) لەسەر بناغەی هەڵەی گریمانـەکراو سـزا نـادریّ، بـەڵام لەوانەیـە سـزا بـدریّ ئەگەر سەلما لە چاودێریکردنی ئەوانەی لەژێر دەسـتیدان کەمتەرخـەمی و خەمسـاردی کردوە.

١٠- بەرپرسیارێتیی مەدەنی بەزۆری لەسەر زیادەڕۆییکردنە سـەر مـافی تایبـەت دادەمـەزریّ، بـەڵام بەرپرسـیارێتیی جینـائی لەسـەر روودانـی دەسـتدرێژی بـۆ سـەر مافێکی گشتی دامەزراوە، لانیکـەم لەسـەر مـافی هاوبـەش وەك لـە تاوانـەکانی دزی و

تالآن و راوڕووت و کوشتندا، لەبەرئەوە ئەگەر تاوانسەر دەستی لە مافەکەی هەڵگرت، تاوانکار هێشتا مافی گشتی لەسەر دەمێنێ و ئەگەر وەرەسەی کوژراویش بکوژیان لە مافی خۆیان بەخشی، بەرپرسیارێتیی جینائی سەبارەت بە مافی گشتی هەر دەمێنێ.

١١- بەرپرسیارێتیی جینائی بە مردن یان هەر بەربەستێك کە ئەهلیەت (شیان) نەهێڵێ، وەك شێتیی پەیوەندار بە مەرگ، دەکەوێ، بەپێچەوانەی بەرپرسیارێتیی مەدەنی، کە بۆ وەرەسە دەگوێزرێتەوە لە بارێکدا قەرزەکان پەیوەندییان بە میراتەکەوە هەبێ[1].

بنچینەی بەرپرسیارێتیی جینائی

مەزەبە فیقهیەکان لە دێر زەمانەوە لە دیاریکردنی ئەو بنچینەیەدا جیاواز بوون، خستنەرووی ئەو جیاوازیانەیش هیچ سوودێکی نیە پاش ئەوەی رای یاسا و فیقهی یاسایی لەسەر ئەوە جێگیر بووە کە بناغەی بەرپرسیارێتیی جینائی ئیرادەی ئازادی بزانە (بەفام)، لەوەیش بەوە گەیشتون کە ئەگەر تاوانکار ئیرادەی لەدەست دابێ، وەك لە هەردوو حاڵەتی چکۆلەیی و شێتی و ئەوانەی حوکمی ئەو دووانەیان هەیە، لەرووی جینائیەوە لێی ناپرسرێتەوە، واتە سزایش نادرێ، هەروەها ئەگەر ئیرادە هەبوو بەڵام ئازاد نەبوو وەك لە هەردوو حاڵەتی زەرورەت و زۆرلێکردندا لەرووی جینائیەوە لێی ناپرسرێتەوە. مادەکانی (م٦٠-٦٤)[2]ی یاسای سزاکانی عێراقی بەرکار ئەو رێگرانەیان روون کردۆتەوە، لەگەڵ ئاماژەدان بە قەتیسنەکردن لەوانەدا.

ئەم ئاراستە یاساییە ئەو سەرنجەی لەسەرە کە هەر کەس لە ئیرادەی ئازاد و بزان (مودریك) بەهرەدار بێ لەرووی جینائیەوە لێی ناپرسرێتەوە بەو مەرجەی تاوانێکی ئەنجام نەدابێ، واتە کردەوەیەکی قەدەغە کە یاسا سزای بۆ دانابێ، لەبەرئەوە

---

[1] هەندێ جیاوازیتر لەنێوان هەردوو بەرپرسیارێتیەکەدا هەن، بۆ زانینیان بڕوانە دانراومان: (فلسفة المسؤولية القانونية في ضوء المقولات الأرسطية)، ص٧ و پاشتر.

[2] لیبی م٧٩-٨٧، ئوردنی م٩١-٩٤، لوبنانی م٢٣١-٢٣٨، عومانی م٩٨-١٠٤، بەحرێنی م٢١-٢٦، سوری م٢٣٠-٢٣٥، جەزائیری م٤٥-٥١، کوێتی م١٨-٢٥، قەتەری م١٨-٢٢، سودانی م٤٩-٥١.

دەبینین هەندێ لە شرۆڤەکارانی یاسا جینائیەکان ئیرادە-یان بە (ی گوناهبار) بەستۆتەوە.

لەم روانگەوەوە بنچینەی مەنتیقیی ماقووڵی بەرپرسیارێتیی جینائی ئەوەیە شەریعەتی ئیسلامی لە قورئانی پیرۆزدا ئیقراری کردوە، کە بریتییە لە گوناه (الخطيئة) یان (الخطأ)[1] (بە کەسری خاء)، خەتیئە لە سێ رەگەز پێکدێ کە بریتین لە:

چالاکیی تاوانکارانە + ئەنجامی تاوانکارانە + پەیوەندیی هۆیی نێوانیان.

چالاکیی تاوانکارانە بە ئیرادەی ئازادی بزان نەبێ نایەتەدی.

کەواتە ئەوەی پیاوانی یاسا بە بنچینەی بەرپرسیارێتیی جینائییان داناوە، لە مەرجەکانی رەگەزەکانی ئەم بنچینەیەن و ئیرادە لەخۆیدا بنچینە نیە.

پەیوەندیی نێوان بەرپرسیارێتیی جینائی و حوکمی شەرعیی تەکلیفی

حوکمی تەکلیفیی شەرعی: ئاماژە (مەدلول)ی گوتاری شەرعدانەر (الشارع)ـە کە پەیوەندارە بە رەفتارەکانی داوالێکراوەکان، وەك پێویستبوون یان سەرپشککردن.

گوتار (الخطاب): ئەوەیە مرۆڤی پێ دەدوێنرێ لەو دەقە شەرعیانەی فەرمان و نەهی دەکەن، لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، ئاماژەی ئەم گوتارەیش، نەك گوتارەکە خۆی، بریتییە لە حوکمی شەرعی.

داوالێکراو (المكلف): بریتییە لە مرۆڤی باڵق و ژیر و هەڵبژێر و زانا بەوەی داوای لێ دەکرێ و توانا بۆ جێبەجێکردنی.

خواستن (الاقتضاء): داوای کردن یان داوای نەکردن:

أ- داوای کردن وەك حەتم و ئیلزام (على وجه الحتم والالزام) بەشێوەیەك ئەنجامدەری پاداشت دەدرێتەوە و ئەنجامنەدەری لەرووی جینائیەوە لێی

---

[1] خوا ئەفەرموێ: ﴿بَلَى مَن كَسَبَ سَيِّئَةً وَأَحَاطَتْ بِهِ خَطِيئَتُهُ فَأُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ البقرة:٨١. هەروەها ئەفەرموێ: ﴿وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلَاقٍ نَحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُمْ إِنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خِطْئًا كَبِيرًا﴾ الاسراء:٣١.

دەپرسرێتەوە[1]، واجب و ئیلزامکردنە و ئەسەرەکەی واجب و پێویستبوونە، یەکەمیان سیفەتی شەرعدانەرە، دووەم سیفەتی ڕەفتارەکانە و ئەوەیش داوا کراوە بکرێ واجبە، موکەلەفیش پابەندە و لەسەریەتی پابەندیەکەی جێبەجێ بکا مەگەر عوزری هەبێ.

ب- داوای کردن وەك لەپێشبوون و باشتربوون (علی وجه الأولویة والأفضلیة)، لەلا شیرینکردنە بەشێوەیەك ئەنجامدەری پاداشتی دەدرێتەوە و ئەنجامنەدەری لەڕووی جینائیەوە لێی ناپرسرێتەوە. ئەسەرەکەی هاندانە (الندب) و ئەوەیش داوا کراوە بکرێ مەندوب و موستەحەبە.

ج- داوای نەکردن وەك حەتم و ئیلزام، حەرامکردنێکە ئەنجامدەری لەڕووی جینائیەوە لێی دەپرسرێتەوە[2] و ئەنجامنەدەری پاداشت دەدرێتەوە لەبەرئەوەی نەکردنەکە لە بەرژەوەندیی گشتیدایە، ئەسەرەکەی حەرامبوونە، ئەو کردارەیش داوای نەکردنی دەکرێ حەرامە و ئەو کەسەی داوای نەکردنی لێکراوە پابەندە بە بەردەوامبوون لەسەر نەکردنەکە تا ئەوکاتەی کردەوەکە قەدەغە بێ.

د- داوای نەکردن وەك لەپێشبوون و باشتربوون، لەلا ناشیرینکردنە و ئەسەرەکەی پیناخۆش (کەراهە)یە، نەکەرەکەی پاداشت دەدرێتەوە و ئەنجامدەری لەڕووی جینائیەوە لێی ناپرسرێتەوە.

هـ- سەرپشککردن (التخییر)، ئازادکردنی مرۆڤە لەنێوان کردن و نەکردنی شتێکدا، حوکمەکەی ئیباحەیە، کردارەکە موباح (ڕێپێدراو)ە و بکەرەکە نە بۆ کردنی نە بۆ نەکردنی پرسیاری لێ ناکرێ.

بەمە بەرپرسیارێتیی جینائی لە دوو لە پێنج حوکمە تەکلیفییە شەرعیەکاندا قەتیس دەبێ، ئەوانیش: حەرامکردن (حەرام) و واجبکردن (واجب)ن. دەقەکانی

---

[1] لەبەرئەوەی نەکردنی تاوانێکی نەرێنییە.

[2] لەبەرئەوەی کردنی تاوانێکی ئەرێنییە، لەم ڕووەوە شەرع سەرچاوەی پابەندی دەبێ، مرۆڤی موکەلەف پابەندە، هەروەها ئەو کردەوەیەی داوای ئەنجامدانی بەئەرێنی دەکرێ وەك لە واجبدا، یان بەنەرێنی وەك لە حەرامکراودا، بریتییە لە تێدا پابەند (ملتزم فیه)ە و ئەنجامدانەکە پێی پابەندە (ملتزم به).

حەرامکردن پێیان دەوترێ قەدەغەکار (الناهية) و بە دەقەکانی واجبکردنیش دەوترێ فەرماندەر (آمرة). حوکمە شەرعییە تەکلیفیەکان لای زانایانی ئوسوڵ کردەوەی شەرعدانەرن و بریتین لە (ئیجاب و ئیستیحباب و تەحریم و ئیستیکراه و تەخییر). بەلای فیقوانانیشەوە بریتین لە سیفەتی رەفتارەکانی مرۆڤ کە بریتین لە (وجوب و نەدب و حەرام و کەراهە و ئیباحە).

ئەنجامگیری

لە پێناسەی حوکمی شەرعیی تەکلیفی دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مەرجەکانی ئەهلیەتی بەرپرسیارێتیی جینائی لە شەریعەتی ئیسلامیدا حەوتن، کە بریتین لە:

١- **بکەری کردەوە تاوانکاریەکە مرۆڤ بێ:** باقیی کائیناتەکانیتری جگە لە مرۆڤ لە گیاندار و بێگیانەکان لەسەر کردەوەکانیان لێپرسینەوەیان لەگەڵ ناکرێ، نە لەڕووی مەدەنی و نە لەڕووی جینائیەوە، لەبەرئەوەی بناغەی بەرپرسیارێتی ئەقڵە کە تەنیا مرۆڤ هەیەتی، بەمە شەریعەتی ئیسلامی ئەو یاسایانەی بەتاڵ کردەوە کە ئاژەڵ و بێگیانیان بە بەرپرسیار دادەنا[1].

---

[1] لەوانە یاسای عیبرانیەکانە کە لە (سفر الخروج)دا هاتووە: ئەگەر گایەك قۆچی لە پیاو یان ئافرەتێکدا و قۆچلێدراوەکە بەهۆی قۆچەکەوە مرد، گاکە بەردباران دەکرێت و خواردنی گۆشتەکەیشی حەرام دەکرێ بەرپرسیارێتیەکەیشی لەسەر خاوەنەکەی دەبێ، ئەمە ئەگەر گاکە خۆی قۆچوەشێن نەبوو، بەلام ئەگەر خۆی قۆچوەشێن بوو و خەڵك خاوەنەکەیان لێ ئاگەدار کردەوە، بەلام ئەو گوێی بە ئاگەداریەکەیان نەدا و نەیبەستەوە و چاودێریکردنی فەرامۆش کرد تا بووە هۆی مردنی پیاو یان ئافرەتێك، سزای گاکە بەردبارانکردن و سزای خاوەنەکەیشی کوشتنە.

لە (سفر الاويين)دا هاتووە ئەگەر پیاوێك سێکسی لەگەڵ ئاژەڵێك کرد سزای مردن بەسەر هەردووکیاندا دەدرێ ئەگەر ئافرەتێك سێکسی لەگەڵ ئاژەڵێك کرد پێویستە ئافرەتەکە و ئاژەڵە بکوژرێن.

لای گریکە کۆنەکان: ئەگەر ئاژەڵێك مرۆڤێکی کوشت، خێزانی کوژراوەکە بۆی هەبوو لە دادگە شکات لە ئاژەڵەکە بکات و چەند دادوەریان بویستایە لەنێوان جوتیاران بۆ خۆیان هەڵدەبژارد، ئەگەر تاوانەکەی لەسەر ساغ بوویەوە، دەبوو دادوەرەکە بڕیاری کوشتنی ئاژەڵەکە و فڕێدانی کەلاکەکەی لە دەرەوەی دادگەکە بدایە. بەلام ئەمە ئەو کوشتنەی نەدەگرتەوە کە بەهۆی زۆرانبازی لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵ لە یاریە گشتیەکاندا رووی دەدا. هەروەها ئەگەر بێگیانێك کەوت بەسەر مرۆڤێکدا و کوشتی، جا ئیتر هۆی کوشتنە بەهۆی کردەی مرۆڤەوە بێ یان هەر فاکتەرێکی سروشتی، لەو بارەدا کەسوکاری کوژراوەکە یان نزیکترین کەس لێیەوە کەسێك لە هاوسێکانی کوژراوەکە وەك قازی هەڵدەبژێرن تا حوکم ←

٢- باڵق بێ: لە فیقهی ئیسلامیدا رای جیاواز هەیە، هەندێکیان بابەتی و هەندێکیان شەخسین، رای زاڵ بەزۆری ئەوەیە تەمەنی بگاتە پازدە ساڵی تەواو، باڵقنەبوون ڕێگرە لە بەرپرسیارێتیی جینائی. لەو ڕووەیشەوە نەبوونەکە شتێکی نەرێنییە و ئەسڵ لە ڕێگردا ئەوەیە وەسفێکی دیاری ڕێکخراو (وصف ظاهر منضبط) بێ فیقوانان چکۆلەیی (یان ناکامی)یان بە ڕێگر داناوە لەبەر ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەر (د.خ) کە ئەفەرموێ: (رُفِع القَلم عَن ثلاثَة: عَن الصبي حَتَى يَبلُغ..) (واتە قەڵەم لەسەر سێ کەس هەڵگیراوە:.... لە منداڵ تا باڵق دەبێ). مەبەست لە قەڵەم، لێگرتن (المؤاخذة) و بەرپرسیارێتیی جینائییە، لەبەرئەوەی وەك پێشتر باس کرا منداڵ لەڕووی مەدەنیەوە لێی دەپرسرێتەوە ئەگەر هاتوو زیانێکی بە ماڵی کەسیتر گەیاند.

لەسەر بێگیانەکە بدا بە فڕێدانی بۆ دەرەوەی سنوور، بەڵام تەن و کلکدارە ئاسمانیەکان کە لە ئاسمان دەکەونە خوارەوە و مرۆڤ دەکوژن لەمە هەڵاوێردرابوون، لەبەرئەوەی لەم بارەدا هیچ بەرپرسیارێتیەکی لەسەر نیە.

شەریعەتی ڕۆمانە کۆنەکانیش بەرپرسیارێتیی جینائییان بۆ غەیری مرۆڤیش پەسەند کردبوو، یاسای تومابومبیلیوسا شتی وا تێدایە ئاماژەیە بۆ لێپرسینەوە لە گا و خاوەنەکەی و حوکمدانیان بە مردن ئەگەر لەکاتی کێڵاندا سنووری جیاکەرەوەی نێوان کێڵگە کێڵراوەکە و کێڵگەکەی تەنیشتیان تێپەڕاند.

لە یاسای (الألواح الأثنى عشرية) دا هاتووە: لە دوو حاڵەتدا بڕیار لەسەر بیرۆکەی بەجێهێشتنی ئاژەڵەکە بۆ تاوانسەر (المجني عليه) درا: لە حاڵەتی بوونە بایسی فەوتاندن یان زیانگەیاندن + حاڵەتی لەوەڕاندن لە لەوەڕگەی کەسیتردا.

لای فارسە کۆنەکان لە ئاینەکەیاند (ئاینی زەردەشتی) ئەوەیان پەسەند کردوە کە ئاژەڵ ئەهلیەتی گرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتیی جینائی هەیە و لەڕووی جینائیەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێ ئەگەر تاوانێکی ئەنجام دا.

بڕوانە: موانع المسؤولية الجنائية للدكتور عبد السلام التونجي ص١٢-١٨.

ئەوەی تونجی لە لا١٩دا هێناویەتی کە هەندێ فیقوانی شافیعی و ئیمامی ڕایان وابووە ئەگەر کەسێك سێکسی لەگەڵ ئاژەڵێك کرد پێویستە ئاژەڵەکە بکوژرێ و بسوتێنرێ و گۆشتەکەی حەرام بکرێ ئەم قسەیە هیچ بناغەیەکی ڕاستی نیە و ئەگەر ڕایەك هەبێ ئەوە گوزارشت لە خاوەنەکەی دەکات و ئەو قسە پڕوپوچە لە فیقهی ئیسلامیدا جێی نابێتەوە.

لە (الانوار)ی ئەردەبیلی (٤٩٦/٢)دا هاتووە: (ئاژەڵەکە ناکوژرێ و ئەگەر کوژرا گۆشتەکەی حەرام ناکرێ). لە کتێبە جێمتمانەکانی شەریعەتی ئیمامیدا شتێکم نەدیوە ڕاستیی قسەکەی تونجی دووپات بکاتەوە. هەروەها لە شەریعەتی ئیسلامی و زۆربەی یاسا نوێکاندا بەرپرسیارێتیی جینائی ئاراستەی کەسی مەعنەوی ناکرێ. بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوە یان کۆمپانیاکان بە سزا دانانرێ مەگەر لەڕووی (تجوز)ەوە.

جا ئەگەر ئەو کەسەی لە خوار تەمەنی باڵقبوونەوەیە تاوانێکی کرد، لەڕووی جینائییەوە لێی ناپرسرێتەوە، بەڵام لەو کەسە دەپرسرێتەوە کە سەرپەرشتیی کاروبارەکانی دەکا ئەگەر هاتوو دەرکەوت لە پەروەردە و ئاراستە و چاودێریکردنیدا خەمسارد و کەمتەرخەم بووە و لەوانەیە سزایەکی تەمێکارانە (تەعزیری) بکرێ، چونکە خوا ئەفەرموێ: ﴿قُوا أنفُسَكُم وَأهلِيكم نارا﴾[1].

٣- ئەوەیە ژیر (ئاقڵ) بێ: خولگەی تەکلیف ئەقڵە و بوون و نەبوونی بەدەوری ئەودا دەخولێتەوە، ئەقڵ نیعمەت یان تایبەتمەندیەکە مرۆڤ لە باقیی بونەوەرەکانیتر تاك دەکاتەوە، هەربۆیە خودا بەرانبەر ئەو مافە پابەندی لەسەر فەرز کردوە، لەبەرئەوەی دادپەروەری دەخوازێ لە بەرانبەر هەر مافێك پابەندیەك هەبێ و بەپێچەوانەیشەوە، لەم رووەوەیە خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿انا عَرَضنَا الأمَانَةَ عَلَى السَّموَاتِ والأرضِ والجِبَالِ فأبَينَ ان يَحملنَهَا وأشفَقنَ منها وحَمَلَهَا الإنسنُ انهُ كَانَ ظلُوما جَهُولا﴾[2]، مەبەست خستنەڕووی راستەقینە نیە لەبەرئەوەی ئەو بونەوەرانە ئەقڵ و ئیدراکیان نیە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە ئەگەر وا دابنرێ ئیدراکیان هەیە و شتێکی بخرێتە بەردەمیان ئەوا بەدڵنیاییەوە هەڵگرتنی ئەو ئەمانەتە رەت دەکەنەوە، ئەویش نە لەڕووی یاخیبوونەوە بەڵکو لەڕووی ترسیان لە بەرپرسیارێتیی گرتنەئەستۆی و دەرەنجامەکانی بەجێنەگەیاندنی، بەڵام مرۆڤی بچوك بە قەبارە و گەورە بە ئەقڵ شانی دایەژێر ئەو بارە، سەرباری ئەوەیش ئەگەر پابەندیەکەی تێکبدات ئەوا ستەمی لە خۆی و باقیی ئادەمیزادەکانیتری کردوە و لە ئەنجامە نەرێنیەکانی ئەو تێکدانە بێئاگایە. (ظلوم و جهول) سیغەی موبالەغەن.

نەبوونی ئەم مەرجە (ئەقڵ) ڕێگرێکە لە ڕێگرەکانی بەرپرسیارێتیی جینائی، بەڵام نەبوون شتێکی نەرێنییە لەبەرئەوە وتراوە شێتی و ئەو جۆرە شتانە، یان لەدەستدانی شیان ڕێگرە لەو رووەوە ڕێگر وەسفێکی وجودییە، پێشتر

[1] سورة التحريم:٦.

[2] سورة الاحزاب:٧٢.

باسمان کرد پێغەمبەر(د.خ) فەرمویەتی: (رُفع القلم عن ثلاثة عن الصبي حتى يبلغ وعن النائم حتى يستيقظ، وعن المجنون حتى يفيق).

٤- هەڵبژێر (مختار) بێ و لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا ئیرادەی ئازادی هەبێ:

بەپێی رای زاڵ (راجح) لە شەریعەت و یاسادا زۆرلێکراو (المُكرَه) و ناچار (المُضطر) لەرووی جینائیەوە لێیان ناپرسرێتەوە، بەڵام لەرووی مەدەنیەوە لێیان دەپرسرێتەوە، بەڵام بەرپرسیارێتیی مەدەنی بوونی ئیرادەی ئازاد لە رووداني زیانەکەدا ناخوازێ. پێغەمبەر(د.خ) ئەفەرموێ: (رفع عن امتي الخطأ والنسيان وما استكرهوا عليه). واتە لەرووی جینائیەوە لە هەر کەسێك ناگیرێ کە بەهەڵە یان لەبیرچوون یان لەژێر فشاری زۆرلێکردندا تاوانێك ئەنجام بدات. شایانی باسە لە تاوانەکانی دەستدرێژیکردنە سەر گیان و خوار گیاندا بوونی ئیرادەی ئازاد مەرج نیە، وەك لە جێی خۆیدا باس دەکرێ.

٥- بزانێ چ تەکلیفێکی خراوەتەسەر، یان دەیتوانی بیزانێ: نەزانی کە نەبوونی زانیارییە بۆ کەسێك کە دەکرێ بزانێ بە عوزر دادەنرێ ئەگەر ئەو کەسە نەزانە لە گەیشتن بە زانینی ئەوەی خراوەسەر شانی کەمتەرخەمی نەکرد، بەرپرسیارێتیی نەشارەزایی لە حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامی لەلایەن دانیشتوانی سەرزەویەوە دەکەوێتە ئەستۆی موسڵمانان. بەڵگەیش لەسەر ئەوەی نەزانی (الجهل) لە شەریعەتی ئیسلامیدا -بەپێچەوانەی یاسا- عوزرە، ئەوەیە خوا ئەفەرموێ: ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ مُهْلِكَ الْقُرَى حَتَّى يَبْعَثَ فِي أُمِّهَا رَسُولاً يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِنَا﴾[1]. خوێندنەوەی ئایەتەکان مانای ئەوەیە راستەوخۆ لە ئایەتەکانی ئەحکام ئاگەدار بکرێن.

لەم روانگەوە هەرکەس واجب یان حەرامێك نەزانێ و نەیدەتوانی بیزانێ، ئەگەر وازی لە واجبەکە هێنا، یان حەرامەکەی ئەنجام دا، لەرووی جینائیەوە لێی ناپرسرێتەوە.

---

[1] سورة القصص:٥٩.

٦- توانای ئەنجامدانی ئەوەی هەبێ كە خراوەتە سەر شانی: نەبوونی توانای جەستەیی بۆ ئەنجامدانی ئەو كارە جەستەییەی داوای لێ دەكرێ، یان توانای دارایی ئەگەر ئەوەی داوای لێ كراوە ماڵ بوو، یان توانای ئەقڵی ئەگەر كارێكی فیكری بوو، رێگرە لە بەرپرسیارێتیی جینائی ئەگەر لەو حاڵەتانەی باس كراون ئەوەی داوای لێ كرابوو جێبەجێی نەكرد، نەبوونی مەرجی توانین (القدرة) شتێكی عەدەمییە، لەبەرئەوە رێگرەكە نەتوانینە كە وەسفێكی وجودییە ئەگەر گوتمان پێویستە رێگرەكە وەسفێكی وجودی بێ.

بەڵگەیش لەسەر ئەوە كە نەتوانین رێگرە لە بەرپرسیارێتیی جینائی ئەو ئایەتانەیە لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون و راشكاوانە ئاماژەن بەوە، لەوانە: ﴿لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْساً إِلاَّ وُسْعَهَا﴾[1]. ﴿لَا نُكَلِّفُ نَفْساً إِلَّا وُسْعَهَا﴾[2]. ﴿وَلَا نُكَلِّفُ نَفْساً إِلَّا وُسْعَهَا وَلَدَيْنَا كِتَابٌ يَنطِقُ بِالْحَقِّ﴾[3].

٧- ئەوەیە كردەوەكە لەكاتی ئەنجامیدا بەدەق حەرام و قەدەغە بێ: ئەگەر بەر لە حوكمی حەرامكردنی بێ ئەوە تاوانێكی سەرەمڕە و لەسەر ئەنجامدانی بەر لە كردنەیاسا و پێزانینی لێی ناپرسرێتەوە، بەڵام ئەگەر پاش ئەوە بوو لێی دەپرسرێتەوە ئەگەر لەسەری بەردەوام بوو. ئەگەر گرێبەندێكی نامەشروع بوو بەر لە حەرامكردنەكە بەرپرسیارێتی لەسەر گرێبەندوان (العاقد) نیە، رێسای جینائی لە شەریعەتدا -هەروەها لە یاسادا- پاشئاسەواری نیە.

قورئانی پیرۆز زۆر ئایەتی تێدایە راشكاوانە ئاماژەن بەوە، لەوانە: ﴿وَلاَ تَنكِحُواْ مَا نَكَحَ آبَاؤُكُم مِّنَ النِّسَاء إِلاَّ مَا قَدْ سَلَفَ﴾[4]، واتە هاوسەرگیری بەنیسبەت ئایندە بەتاڵ دەكاتەوە و ژن و مێرد لێك جیا ئەكرێنەوە ئەگەر هەردووكیان یان یەكێكیان موسڵمان بوون. خوا دەفەرموێ: ﴿وَأَن تَجْمَعُواْ بَيْنَ الأُخْتَيْنِ إَلاَّ

---

[1] سورة البقرة:٢٨٦.

[2] سورة الأنعام:١٥٢.

[3] سورة المؤمنون:٦٢.

[4] سورة النساء:٢٢.

مَا قَدْ سَلَفَ﴾[1]. ﴿عَفَا اللّهُ عَمَّا سَلَف وَمَنْ عَادَ فَيَنتَقِمُ اللّهُ مِنْهُ﴾[2]. ﴿قُل لِلَّذِينَ كَفَرُواْ إِن يَنتَهُواْ يُغَفَرْ لَهُم مَّا قَدْ سَلَفَ﴾[3].

ئەوەی کردەوەکە لەکاتی ئەنجامدانیدا بەدەق حەرام نەکرابێ ڕێگرە لە بەرپرسیاربوونی بکەرەکەی ئەگەر پاش ئەوە بەدەق حەرام کرا، بنچینەی ئەم مەرجەیش بنەمای شەرعیەتە {لا جريمة ولا عقوبة إلا بنص}.

نەبوونی هەریەك لەم پێنج مەرجە بە ڕێگر لە بەرپرسیارێتیی جینائی دادەنرێ، لەو ڕووەیشەوە نەبوونەکە شتێکی نەرێنییە ئەو وەسفە وجودیەی جێی دەگرێتەوە بە ڕێگر دادەنرێ، ئەمە ئەگەر کارمان بەو بۆچوونە کرد کە پێی وایە ڕێگر هەمیشە وەسفێکی دیاری ڕێکخراو و وجودی دەبێ.

پەیوەندیی نێوان حوکمی شەرعیی دانراو و ڕێگرەکانی بەرپرسیارێتیی جینائی

حوکمی شەرعیی دانراو (الحكم الشرعي الوضعي): بریتییە لە گوتاری شەرعدانەر کە پەیوەندارە بە ڕەفتارەکانی مرۆڤ و بە ڕووداوە پەیوەندارەکان بە مرۆڤەوە لەڕووی کردنیان بە هۆ یان مەرج بۆ، یاخود ڕێگر لە حوکمدان. وەك کردنی خزمایەتی بە هۆی میرات، وەك واجبکردنی نەفەقەی خزمی هەژار لەسەر خزمە دەوڵەمەندەکەی، وەك کردنی تاوان بەهۆیەك بۆ سزادان و ئەو جۆرە شتانە. وەك کردنی ئەقڵ بە مەرجێك بۆ دروستیی ڕەفتارەکانی مرۆڤ و لێپرسینەوەی لەڕووی جینائیەوە و ئەو جۆرە شتانە، وەك ئەوەی شێتی و ئەو حاڵەتانەی حوکمی ئەویان هەیە کە فام و ئیدراکیان نیە بە ڕێگر لە دروستیی ڕەفتارەکانی مرۆڤ و لێپرسینەوەی لەڕووی جینائیەوە.

بەپێی ڕای باو جۆرەکانی حوکمی وەزعی (دانراو) سیانن: **هۆ + مەرج + ڕێگر.** هەموو ئەم جۆرانە پەیوەندارن بە بەرپرسیارێتیی جینائی و ڕێگرەکانیەوە، تاوان هۆیە بۆ بەرپرسیارێتیی جینائی، ئەو حەوت شتەی لە حوکمی تەکلیفیدا باس کراون

[1] سورة النساء.٢٣.

[2] سورة المائدة:٩٥.

[3] سورة الانفال:٣٨.

مەرجەکانی بەرپرسیارێتیی جینائین، نەبوونیان و ئەو وەسفەی جێی نەبوونەکە دەگرێتەوە رێگرە لەو بەرپرسیارێتییە. بەلام پەیوەندیی حوکمە وەزعیەکە بە بەرپرسیارێتیی مەدەنیەوە زیاترە، لەبەرئەوەی پێویستی بە ئیدراك (فام) و ئیرادەی ئازاد نیە.

رێگرەکانی بەرپرسیارێتیی جینائی و هۆکانی رێپێدان

هەردوو گرووپەکە کۆکن لەسەر لێنەپرسینەوەی تاوانکار و بەوەیش شایستەنەبوونی بەو سزایەی بۆ ئەو کردەوەیە دانراوە، بەلام لە چەند شتێکی جەوهەریدا جیاوازن، گرنگترینیان ئەمانەن:

أ- **رێگرەکانی بەرپرسیارێتیی جینائی بەریەستی کەسیی خودی یان لەناکاون و** کار لە ئیرادە یان ئیدراك یان هەردووکیان دەکەن. لەوانەیشە تەنیا تووشی ئیرادە ببن وەك زۆرلێکردن و زەرورەت، لەوانەیشە دووچاری هەردووکیان ببن وەك شێتی و چکۆلەیی، ئەوەی ئیدراکی نەبێ بێ ئیرادەیشە، لەکاتێکدا لە هۆکانی رێپێدان (اسباب الاباحة)دا بکەر لە ئازادیی ئیرادە و ئیدراکی تەواو بەهرەدارە.

ب- **رێگرەکانی بەرپرسیارێتیی جینائی** کار لە کردەوە ماددیەکە ناکەن و لە سیفەتە جورمیەکەی داناماڵن، بەڵکو تاوانەکە سەرباری لێنەپرسینەوە لە بکەرەکەیشی لەرووی جینائیەوە هەر دەمێنێ، لەکاتێکدا هۆکانی رێپێدان کردەوەکە لە سیفەتە جورمیەکەی دادەماڵن و دەیگۆڕن بۆ کارێکی موباح.

ج- **لە هۆکانی رێپێداندا بکەر مومارەسەی مافی شەرعی و یاسایی خۆی دەکا،** لەکاتێکدا لە رێگرەکانی **بەرپرسیارێتیی** جینائیدا بکەر دەستدرێژی دەکاتە سەر مافی کەسانیتر، بەلام لەرووی جینائیەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ ناکرێ لەبەرئەوەی عوزورێکی هەیە کە پاساو دەداتە لێنەپرسینەوە و بەوەیش سزانەدانی.

د- **رێگرەکانی بەرپرسیارێتیی جینائی تاوانکار لە بەرپرسیارێتیی مەدەنی نابەخشن** بەتایبەت لە شەریعەتی ئیسلامیدا، شێت و منداڵ و نەفام (غیر الممیز) و ئەوەی حوکمی ئەوانەی هەیە، ئەگەر کەسێکیان کوشت خوێنبایی لەسەر کەسوکاریان واجب دەبێ، ئەگەر ماڵێکیان دزی و فەوتاندیان پێویستە قەرەبووی

ماڵـدزراو بکەنــەوە، لەکاتێکـدا هۆکــانی ڕێپێــدان لــە هــەردوو بەرپرســیارێتیەکە دەیبەخشن.

هـ– لـە هۆکـانی ڕێپێدانـدا ڕوکنـی شـەرعی نـامێنێ لەکاتێکـدا لـە ڕێگرەکـانی بەرپرسـیارێتیی جینائیـدا هـیچ کاریگەریـەکی نیـە، بـەڵکو کاریگەریەکـەی لـە ڕوکنـی مەعنەوی (قەسـدی جینـائی)دا کـورت هەڵدێ، لەبەرئـەوە تـاوانی کەسـی نەشـیاو بـە (ئەنقەسـت) وەسـف نـاکرێ لەبەرئـەوەی بـەهۆی بـوونی ئیـدراك و ئـیرادەوە ڕوکنـی مەعنەوی تێدا نیە.

و– کاریگەریی هۆکانی ڕێپێدان لەو کەسـەدا کـورت نابێتـەوە کـە شـەرع و یاسـا ڕێگەی کردەوەکەیان پێ داوە، بەڵکو پەل بۆ هەر کەسێکیتر دەکێشـێ کـە بەشـداری لە کردنیدا کردوە وەك بکەری ئەسڵی یان شەریك، لەبەرئـەوەی پەیوەنـدی بـە خـودی کردەوەکەوە هەیە نـەك بـە کەسـی بکەرەکەیـەوە، ئـەو کەسـەی لەگـەڵ دەسـتدرێژی لەسەرکراودا بەشداری لە بەرگریکردنی شەرعیدا دەکا، یـان لەگـەڵ بـاوك بەشـداری لـە تەمێدانی منداڵەکەیدا دەکا، وەك ئەو کەسە وایە دووچاری دەسـتدرێژیکردن بـۆ سـەر گیان یان ماڵ یان ناموسی بووە، هەروەها وەك ئەو باوکەیـە منداڵەکـەی تـەمێ دەکـا، هەربۆیە نە لەڕووی جینائی و نە لەڕووی مەدەنیەوە لە هیچیان بەرپرسیار نیە.

ز– لەڕووی ڕێکارەکانەوە (الاجراءات) پێویسـتە لەسـەر جێگـری داواکـاری گشـتی یـــان دادوەری لێکۆڵینـــەوە لـــەکاتی بـــوونی هۆکـــانی ڕێپێدانـــدا دەعواکـــە بپـــارێزێ، لەبەرئەوەی ڕەوانـە (ئیحالـە)کردنی بـۆ دادگـەی تایبـەت سـوودی نیـە، لەکاتێکـدا لـە هەندێ حاڵەتی ڕێگرەکانی بەرپرسیارێتیی جینائیدا لەوانەیە بابەتەکە پێویسـتی بـەوە بـێ ئیحالـە بکـرێ بـۆ قـەزا نـەك بـۆ لێپرسـینەوەی لـەڕووی جینائیـەوە، بـەڵکو بـۆ دڵنیابوونە لە بوونی عوزر، وەك ئەو کەسـەی تاوانێـك ئـەنجام بـدات پاشـان ئیـددیعای ئەوە بکا کە لەکاتی ئەنجامدانیدا شێت بووە یان بەزۆر پێی کراوە، یان ناچـار بـووە و ئەو جۆرە شتانە، بەڵام تاوانسەر یا وەرەسەکەی بەرهەڵستی ئەوە بکەن.

لە ڕوانگەی ئـەم جیاوازییـە جەوهەریانـەوە، پەیوەنـدیی لـۆژیکی لـەنێوان هۆکـانی ڕێپێدان و ڕێگرەکانی بەرپرسیارێتیی جینائیدا، جیاوازییە (التبـاین) بـەگوێرەی چـەمك و چییەتیی شەرعی و یاساییان.

بەڵام بەگوێرەی بەدیهاتن، پەیوەندیی نێوانیان گشتی و تایبەتی ڕەهایە، چونکە هۆکانی ڕێپێدان بەڕەهایی تایبەتتر و ڕێگرەکانی بەرپرسیارێتیی جینائی بەڕەهایی گشتیترن، هەرکات هۆیەك لە هۆکانی ڕێپێدان بەدیهات ڕێگری بەرپرسیارێتیی جینائی بەدیدێ، بەڵام پێچەوانەکەی بەتەواوی ڕاست نیە، لەوانەیە ڕێگری بەرپرسیارێتیی جینائی بەدیبێ بەڵام نابێتە ڕێپێدەری کردەوە جورمیەکە، وەك لە حاڵەتەکانی شێتی و چکۆلەیی و زۆرلێکردن و زەرورەت و شتیتردا، کە تەنها دەبنە ڕێگر لە بەرپرسیارێتی و کار لە ئەسڵی کردەوەکە ناکەن.

ڕێگرەکانی بەرپرسیارێتی و ڕێگرەکانی سزا

ڕێگری سزا عوزرێکی شەرعی یان یاساییە تاوانکار لە سزا دەبەخشێ یان سزاکەی سووك دەکا یاخود دەیگۆڕێ، وەك لە جێی خۆیدا بەدرێژی باس دەکرێ، لە گرنگترین ڕێگرەکانی سزا لە شەریعەت و یاسادا ئەمانەن:

أ- تەوبەکردنی تاوانکار لە شەریعەتدا و بەرانبەرەکەی لە یاسادا ئەو عوزرەیە یاسادانەر لەبەر ئامانجێك کە پەیوەندی بە بەرژەوەندیی گشتیەوە هەیە دەیبەخشێتە تاوانکار، وەك هاندانی تاوانباران لەسەر بەردەوامنەبوون لە ڕەفتارە تاوانکارانەکانیان وەك لە ڕێکەوتنە جینائیەکاندا بەر لە جێبەجێکردن، جا ئەگەر یەکێك لە ڕێکەوتووە جینائیەکان دەسەڵاتی گشتی لەو تاوانە ئاگەدار کرد بەر لەوەی دەسەڵات پێی بزانێ، لەو سزایەی بۆی بریار دراوە دەبەخشرێ.

ب- لێبوردن لە وەلی ئەمر (سەرۆکی دەوڵەت)ەوە لە یاسادا بەڕەها، بەڵام لە شەریعەتی ئیسلامیدا تەنها لە تاوانە تەعزیریەکاندا (واتە ئەوانەی حەدی شەرعییان بۆ دانەنراوە-وەرگێڕ)، جا چ لێبوردنەکە گشتی بێ یان تایبەت بێ بەر لە جێبەجێکردنی حوکمەکە یان لەکاتی جێبەجێکردنیدا.

ج- گومان (شوبهە) لە شەریعەتدا وەك دزیکردن لەنێوان بنەچە و وەچە (واتە ئوسوڵ و فروع)دا، یان لەنێوان هەردوو هاوسەر یاخود دوو شەریکدا.

د- ڕاگرتنی جێبەجێکردن کە هاوشێوەی لێبوردنە.

هـ- سوڵحکردن لەنێوان تاوانکار و تاوانسەر (الجاني و المجني عليه) ئەگەر لە ژیاندا مابوو، یان لەنێوان ئەو و وەرەسەی تاوانسەردا پاش مردنی.

و- تاوانکار پاش ئەنجامدانی تاوانەکە ئەهلیەت لەدەست بدات، جا بە مردن بێ یان شێتیەکی نوتەك و بەردەوام تا مردن.

ز- باوکایەتی و دایکایەتی لە شەریعەتدا.

ح- کۆنبوون یاخود بەسەرچوون (التقادم) لە یاسادا، دەشێ کۆنبوون لەگەڵ شوبهەدا بەیەك بگەن وەك لە دواکەوتنی شایەت لە ئیفادەدانی لەو تاوانانەی حەددیان بۆ دانراوە.

ڕێگرەکان تەنها ئەمانە نین.

بەبەراوردکردن لەنێوان ڕێگری سزا و ڕێگری بەرپرسیارێتیی جینائیدا، دەردەکەوێ پەیوەندیی لۆژیکیی نێوانیان بەگوێرەی چەمك و ماهیەت بریتییە لە جیاوازبوون، لەبەرئەوەی چییەتی (الماهیة)ی هەریەکەیان لە هی ئەویتریان جیاوازە ئەگەرچی هەردووك لە ڕێگربوون لە سزادا کۆکن. لەبەر تیشکی ئەم کۆکبوونەدا پەیوەندیی نێوانیان بەگوێرەی بەدیهاتن بریتی دەبێ لە پەیوەندیی گشتی و تایبەتی رەها، چونکە ڕێگری بەرپرسیارێتیی جینائی بەرەهایی تایبەتتر لەبەرئەوە هەرکات بەدیهات ئەوەی لەسەر بەراست دەگەڕێ کە ڕێگرە لە سزایش، بەپێچەوانەی تەواو پێچەوانەکەی، چونکە ڕێگری سزا بەرەهایی گشتیترە لەبەرئەوەی لەگەڵ ڕێگری بەرپرسیارێتیی جینائی کۆدەبێتەوە و لێی جیا دەبێتەوە کاتێ تاوانکار لە تاوانەکەی بەرپرس بێ، بەڵام بەو سزایەی بۆی بریار دراوە سزا نادرێ وەك لەو هەشت حاڵەتەی باس کران.

جیاوازبوونیان لە چییەتی و چەمکدا ئەم جیاوازیانەی خوارەوەی لێ دەکەوێتەوە:

١- ڕێگری سزا هیچ کاریگەری لە روکنەکانی تاواندا نیە، پێشتر روونمان کردەوە کە هۆی ڕێپێدان کاریگەری لەسەر روکنی شەرعی هەیە، بەشێوەیەك بەتەواوی لایدەبات و کردەوەکە دەگۆڕێ بۆ کارێکی موباح، هەروەها ڕێگری بەرپرسیارێتیی جینائی کاریگەری لە روکنی مەعنەوی (مەبەستی تاوانکارانە)دا هەیە و خەڵەل دروست دەکا یان لایدەبا لەگەڵ پارێزگاریکردنی کردەوەکە لە سیفەتە جورمیەکەی،

بەپێچەوانەی ڕێگری سزا کە هیچ کاریگەری نیە نە لەسەر روکنە شەرعیەکە، نە لەسەر روکنە مەعنەویەکە.

٢- ڕێگری بەرپرسیارێتیی جینائی وەك هۆی ڕێپێدان بەستراوە بە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەوە و تا جێبەجێکردنی بەردەوامە، ئەگینا بە ڕێگر دانانرێ، هەربۆیە ئەگەر بەر لە تاوانەکە روویدا و لەکاتی ئەنجامدانیدا نەما لەرووی جینائیەوە لە بکەرەکە دەپرسرێتەوە، یان ئەگەر تاوانەکە کرا و پاشان روویدا ئەوا هیچ کاریگەری لەسەر هەمان بەرپرسیارێتی نابێ، بەڵکو ڕێگر دەبێ لە بەردەوامیی ڕێکارەکان یان جێبەجێکردن بەگوێرەی کاتی رووداني. بەپێچەوانەی ڕێگری سزا کە پاش ئەنجامدانی تاوانەکە و بەدیهاتنی بەرپرسیارێتیی جینائی روودەدا، جگە لە باوکایەتی و دایکایەتی لە شەریعەتی ئیسلامیدا، کە ئەگەر بنەچەیەك یەکێك لە وەچەکانی کوشت، بنەچەبوون ڕێگرە لە سزای قیساس.

٣- ڕێگرەکانی بەرپرسیارێتیی جینائی کەسی (شەخسی)ن، ئەم ڕێگرانە ئەهلیەت ناهێڵن یان ناتەواو یاخود ئیرادەی عەیبدار دەکەن، بەپێچەوانەی ڕێگرەکانی سزا کە لەوانەیە شەخسی بن وەك باوکایەتی کە ڕێگرە لە قیساس، هەروەك لەوانەیە لە ئامرازەکانی سەلماندن بن وەك لە شوبهەدا، هەروەها لەوانەیە لە وەلی ئەمرەوە بن وەك لە لێبووردنی گشتی و تایبەتدا، هەروەك دەشێ لە یاسا و شەرعدا بن وەك خزمایەتی، لەوانەیشە شتیتر بن.

٤- ڕێگرەکانی بەرپرسیارێتیی جینائی سزا بەتەواوی لادەبەن بەپێچەوانەی ڕێگرەکانی سزا کە لەوانەیە سزا ببەخشن، لەوانەیە سووکی بکەن و لەوانەیشە ببنە هۆیەك بۆ گۆڕینی جۆری سزاکە.

٥- لە ڕێگرەکانی بەرپرسیارێتیی جینائیدا تەماشای کەسی تاوانکار (الجانی) دەکرێ، ڕێگربوون لەسەر بناغەی رەچاوکردنی دادپەروەری لە بەرژەوەندیی تاوانکار دامەزراوە لە حاڵەتی شێتی و چکۆلەیی و زۆرلێکردن و زەرورەتدا، لەکاتێکدا لە ڕێگرەکانی سزادا زیاتر رەچاوی بەرژەوەندیی گشتی دەکرێ.

٦- ڕێگرەکانی سزا لەوانەیە بە کۆمەڵە مەرجێکەوە بەسترابنەوە، ئەگەر یەکێك لە مەرجەکان نەبوو ڕێگری سزاکە نامێنێ وەك لە راگرتنی جێبەجێکردندا.

٧- ڕێگرەکانی سزا لە شەریعەتی ئیسلامیدا لەوانەیە گشتی و لەوانەیشە تایبەت بن، لەکاتێکدا ڕێگرەکانی بەرپرسیارێتیی جینائی بەرەهایی گشتین، جیاوازی نیە لەنێوان کەسێك و کەسێکیتر و لەنێوان تاوانێك و یەکێکیتردا، بەپێچەوانەی ڕێگرەکانی سزا کە هەندێکیان گشتی و هەندێکیان تایبەتن.

٨- لە ڕێگرەکانی سزادا دادوەری لێکۆڵینەوە[١] بۆی نیە بڕیار لە بابەتەکەدا بدات، بەڵکو پێویستە ئیحالەی بکا بۆ دادگەی تایبەتمەند، بەپێچەوانەی ڕێگرەکانی بەرپرسیارێتیی جینائی، بۆ نموونە شێت یان چکۆلەی نەفام ئەگەر تاوانێکی ئەنجام دا و سکاڵا بۆ دادوەری لێکۆڵینەوە بەرز کرایەوە، پێویستە کێشەکە دابخات و ئیحالەی نەکا بۆ دادگەی تایبەتمەند لەبەرئەوەی بێسوودە، بەو مەرجەی گومانێك لەئارادا نەبێ لە بوونی شێتی یان نەخۆشیی ئەقلی، یان بابەتەکە پێویست بە حوکمدان بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی خۆپارێزی بکا.

٩- ئەگەر کێشەکە گەیشتە دادگە لە ڕێگرەکانی سزادا، پێویستە دادگە حوکم بە بێتاوانیی تۆمەتبار نەدات، بەڵکو حوکم بە نەکرانی سزادان لەڕووی شەرع یان یاساوە بدات، بەپێچەوانەی ڕێگرەکانی بەرپرسیارێتیی جینائی، کە قازی حوکم بە بێتاوانی لە بەرپرسیارێتیی جینائی دەدات نەك لەو تۆمەتەی ئاراستەی کراوە، جگە لەوە، دەشێ حوکم بەگرتنەبەری ڕێوشوێنی خۆپارێزی بدات دژی ئەنجامدەری تاوانەکە وەك دانانی شێت لە نەخۆشخانەیەك لە نەخۆشخانە ئەقڵیەکان یا نەشیاویشە، ئەوەیش بۆ پاراستنی کۆمەڵگە لە زیانەکانی و بەرگرتن لەوەی جارێکیتر بگەڕێتەوە سەر ئەنجامدانی تاوان.

١٠- ڕێگری سزا ڕێگە ناگرێ لەوەی حوکم لەسەر تۆمەتبار بدرێ بە بژاردنی خەرجیەکان و بە سیستمە خۆپارێزیەکان، بەپێچەوانەی ڕێگرەکانی بەرپرسیارێتیی جینائی کە ڕێگە لەوە دەگرن[٢].

---

[١] في المسؤولية الجنائية الدكتور مصطفى القللي:٢٤١.

[٢] سەرچاوەی پێشوو.

پلانی لێکۆڵینەوە

ڕێگرەکان لەوانەیە ناوخۆیی و لەوانەیە دەرەکی بن، لە هەردوو حاڵەتەکەیشدا یان ئەوەتا کردەوەکە لە سیفەتە جورمیەکەی رووت دەکرێتەوە وەك لە هۆکانی رێپێداندا، یان کردەوەکە پارێزگاری لە سیفەتە جورمیەکەی دەکات و ڕێگر رۆڵی تەنها لە بەرپرسیارێتیی جینائی و سزادا کورت دەبێتەوە، یان کاریگەری لەسەر هیچ روکنێك لە روکنەکانی تاوانەکە نیە ، بەڵکو تەنها لە سزادا کورت دەبێتەوە وەك ڕێگرە ساف عیقابییەکاندا. لە هەموو حاڵەتەکاندا ڕێگرەکە ئیرادی دەبێ یان نائیرادی.

لەبەر تیشکی ئەم دابەشبوونە وێناکراو و بەرقەرارانە لە شەریعەت و یاسادا، توێژینەوەی بابەتەکە لەرووی شکڵیەوە بەسەر سێ بەشدا دابەش دەکەم:

بەشی یەکەم: ڕێگرە کەسییە نائیرادیەکان .

بەشی دووەم: ڕێگرە کەسییە ئیرادیەکان

بەشی سێیەم: ڕێگرە دەرەکییە کاریگەرەکان لەسەر ئیرادە.

توێژینەوەی دوو بەشەکەیتر (ڕێگە رێپێدەرەکان) و (ڕێگرە عیقابیەکان) بۆ دەرفەتێکیتر بەجێدێڵم ئەگەر ماین و باری تەندروستی ڕێگەیدا.

بەشی یەکەم

ڕێگرە کەسییە نائیرادیەکان

رێگرە کەسییە نائیرادییەکان بۆ دوو جۆر دابەش دەبن:

جۆری یەکەم: رێگری ناوخۆیی خودی:

لەو سیفەتە خودییانەیە ولەبەستەی مرۆڤن، بە لەدایکبوونی پەیدا ئەبن و تا دەگاتە قۆناغی فامکردن بەهیچ کلۆجێك لێی نابنەوە، ئەویش چکۆلەییە و بەچەند جیاکەرەوەیەك دەناسرێتەوە، لەوانە:

أ- **لە سیفەتە خودییەکانی مرۆڤە** و لێی نابێتەوە نە بە چارەسەر و نە بە هیتر تا پێی نەنێتە ناو تەمەنی فامکردن.

ب- **لە سیفەتە گشتییەکانە** کە تایبەت نیە بە مرۆڤێك بەبێ ئەوانیتر لە سەرەتای بوونەوە و لە هەموو شوێن و کاتێك.

ج- **نەمانی حاشاهەڵنەگرە** ئەگەر ئەو مرۆڤە لە ناوچاوی نووسراببوو بژی تا دەگاتە تەمەنی فامکردن.

جۆری دووەم: رێگری ناوخۆیی لابەلایی

لەو سیفەتە خودییانە نیە کە ولەبەستەی مرۆڤن، بەڵکو بەزۆری مرۆڤ بە ساغی لەدایك دەبێ پاشان لەبەر هۆکەلی خودی یان دەرەکی تووشیان دەبێ، بەدەگمەن لەگەڵ لەدایکبووندا پەیدا دەبێ ئەویش شێتییە (یان نەخۆشیی ئەقڵی)، بە چەند جیاکەرەوەیەك دەناسرێتەوە کە پێچەوانەی جیاکەرەوەکانی رێگری خودین و گرنگترینیان ئەمانەن:

أ- **لە شتە خودییەکانی مرۆڤ نیە** بەڵکو پاش بەساغی لەدایکبوونی تووشی دەبێ و بەزۆریش لەبەر هۆیەلی پێکهاتەیی و خەلقی، یان هۆی دەرەکیی سەرهەڵدلو.

ب- **نیشانەیەکی گشتی نیە** لە هەموو مرۆڤێکدا دەربکەوێ، بەڵکو رێژەی تووشبوولن بە نەخۆشییە ئەقڵییەکان ئەگەر بە ساغەکان بەراورد بکرێن زۆر کەمە.

ج- **پاش تووشبوونی مرۆڤ بە نەخۆشیی ئەقڵی** ئەوا نەمانی نادیار و نادڵنیایە و پەیوەندی بە جۆری نەخۆشییەکە و هەلومەرجی تووشبوو و رادەی قابیلیەتی نەخۆشییەکە بۆ نەمان و شیفادرلن بە چارەسەرەوە هەیە.

بۆ زیادە روونکردنەوە و سوود، بەشێکی سەربەخۆ بۆ توێژینەوە لە هەر جۆرێك تەرخان دەکەین.

بەشی یەكەم:
شێتی (یان نەخۆشیی ئەقڵی)

شێتی (الجنون) لەرووی زمانەوانیەوە:

ئەوەی لە زمانی عەرەبی ورد بێتەوە دەبینێ هەر وشەیەك لە رەگی (جن) داتاشرابێ، ئاماژەیە بۆ ئەوەی شاراوەیە و ملكەچی هەستێك لە پێنج هەستەكە نابێ، وەك وشەكانی جنۆكە (الجن) و كۆرپەلە (الجنین) و بەهەشت (الجنة) و شێتی (الجنون) و فیردەوس (الجنان) و ئەو جۆرە شتانە. دەوترێ: جَن الشيء يجُنه جناً: (ستره وكل شيء ستر عنك فقد جن عنك)[1]، لەوانە خوا ئەفەرموێ: ﴿فَلَمَّا جَنَّ عَلَيْهِ اللَّيْلُ رَأَى كَوْكَباً قَالَ هَـذَا رَبِّي﴾[2]، رازی[3] لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێ (مانای جن: شاردیەوە، وشەكانی الجنة الجن و الجنون و الجنین و المجن الجنین و المجن (لەگۆڕنراو) و المجنة) لەوەوە هاتوون. هەموو ئەوانە دەگەڕێنەوە بۆ چاوگەكەی، واتە داپۆشین و داوای داپۆشین.

(الجنون) وەك زاراوە:

ئەركی نە فیقوانی شەرعی نە فیقوانی یاسایی و نە ئەركی یاسادانەرە پێناسەیەكی ورد و تێروتەسەل و زانستیانەی ئەم وشەیە بكا، بەڵكو ئەوە ئەركی پزیشكانی پسپۆڕ لە نەخۆشییە ئەقڵیەكانە. پێویستە قازی كاتێ گومانی لە بوونی شێتی یان پلە یاخود جۆرەكەی هەبوو، تۆمەتبار رەوانەی لیژنەیەكی پزیشكیی پسپۆڕ بكا بەمەبەستی دیاریكردنی ئەوەی جێگومان و ناكۆكییە.

سەرەڕای ئەمەیش، هەندێ لە زانایانی شەریعەتی ئیسلامی و شەرحكارانی یاسا چەندین پێناسەی جیاوازیان بۆ كردوە، كە هەموویان بەدەوری یەك خولگەدا دەسوڕێنەوە ئەویش

---

[1] لسان العرب فصل الجيم حرف النون:١٦/٢٤٤.

[2] سورة الانعام:٧٦.

[3] فخر الدين ابن ضياء الدين عمر لتفسير الكبير:١٣/٤٩.

ئەوەیە شێتی (الجنون) (تێکچوونێکە لە مێشکدا دەبێتە مایەی لەدەستدانی جیاکردنەوەی راست لە هەڵە).

لەبەر جیاوازیی قووڵی چارەسەری هەریەك لە فیقوانانی شەریعەتی ئیسلامی و یاسا بۆ ئەم بابەتە و بەمەبەستی روونکردنەوەی زیاتر، توێژینەوەی بەسەر دوو باسدا دابەش دەکەم، یەکێکیان بۆ شەریعەت و ئەویتریان بۆ یاسا.

باسی یەكەم:
كاریگەریی شێتی لە بەرپرسیارێتیی جینائی
لە شەریعەتی ئیسلامیدا

قسەکردنی فیقوانانی شەریعەت لەبارەی کاریگەریی شێتی لە بەرپرسیارێتیی جینائیدا تەنیا لە تاوانە ئەرێنیەکاندا کورت نەبۆتەوە وەك ئەوەی یاساییەکان کردویانە، بەڵکو دیراسەی ئەو کاریگەرییەیان لە تاوانە ئەرێنی (کردنی قەدەغەکراوەکان) و نەرێنی (وازهێنان لە ئەرکەکان)یشدا کردوە، جگە لەوەیش، پێناسەکانی زانایانی موسڵمان لە ئوسوڵ و فیقوانەکان بۆ شێتی و نەخۆشییە ئەقڵیەکان لە پێناسەکانی زانایانی یاسا کە لە سەردەمی دۆزینەوە زانستی و پزیشکییە نوێکاندا دەژین، زۆر وردتر و رێکترە.

سەدر ئەلشەریعە[1] پێناسەی کردوە بەوەی (تێکچوونێکە لە ئەقڵدا بەشێوەیەك رێگە لە بەرێوەچوونی کردار و گوفتارەکان بەگوێرەی رێبازی ئەقڵ دەگرێ، بەدەگمەن نەبێ).

ئیبن ئەلمەلیك[2] پێناسەی کردوە بەوەی (دەردێکە دووچاری مێشك دەبێ، وادەکا شتی وابکا کە پێچەوانەی خواستی ئەقڵە، بەبێ ئەوەی لاوازی لە ئەندامەکانیدا هەبێ).

جۆرەكانی شێتی:

زانایانی شەریعەت لە ئوسوڵی و فیقوانان لە چەند روویەکی جیاوازەوە شێتییان بۆ چەندین جۆر دابەش کردوە، لەوانە:

---

[1] عبد الله بن مسعود – التوضیح شرح التنقیح:٣/١٦١.

[2] شرح المنار وحواشیه للعلامة –عز الدین بن عبد العزیز ابن الملك.

١- لەڕووی پێكهاتنیەوە بۆ ئەسڵی و سەرهەڵداو (لەناكاو):

ئەسڵی: ئەوەیە كەسێك بەشێتی باڵق ببێ، زیاتریش بەهۆی ناتەواویەك كە پێیەوە خەلق كراوە و واباوە (ئەم جۆرە شێتییە) ئومێدی چاكبوونەوە و نەمانی ناكرێ.

سەرهەڵداو (لەناكاو): ئەوەیە مرۆڤ پاش باڵقبوون تووشی شێتی ببێ، ئەویش لەبەر هۆیەلی ئیرادی وەك ئالودەیی و ژەهراویبوون بە ئەلكهول، یان نائیرادی وەك شتە كتوپڕ و بەریەككەوتنەكان و دروستبوونی برین لە مێشكدا، ئەم جۆرە ئومێدی ئەوەی لێدەكرێ بەچارەسەر چاك بێتەوە و نەمێنێ.

٢- لەڕووی رادەی كاریگەریەوە بۆ هەمەكی و بەشەكی:

شێتبوونی هەمەكی (الكلي): ئەوەیە دەبێتە مایەی ئەوەی تووشبوو فام و زانینی لە هەموو شتێك و لە گشت حاڵەتەكاندا لەدەست بدات.

شێتبوونی بەشەكی (الجزئـي): لە لایەكی دیاریكراودا دەبێ و بەدەر لەوە هێزە ئەقڵیەكانی دەمێنێ.

٣- لەڕووی بەردەوامیەوە بۆ نوتەك و پچڕپچڕ:

نوتەك (المطبق): بریتییە لە شێتبوونی بەردەوام جا چ ئەسڵی بێ یان سەرهەڵداو، ناونراوە نوتەك لەبەرئەوەی هەموو كاتەكانی شێتەكە دەگرێتەوە.

پچڕپچڕ: (المتقطع): ئەوەیە ناوبەناو ژیر (چاك) دەبێتەوە.

٤- لەڕووی كاتەوە شێتیی پچڕپچڕ دابەش دەبێ بۆ درێژ و نادرێژ

شێتیی درێژ: ئەوەیە ماوەی كاتی واجب یان زیاتر دەخایەنێ، وەك ئەو كەسەی لە سەرەتای مانگی رەمەزان تا كۆتایی مانگەكە شێت ببێ.

نادرێژ: ئەوەیە لە كاتی واجب كەمترە.

٥- لەڕووی هاوكاتبوون لەگەڵ ئەنجامدانی تاوانەكە بۆ: پێش تاوانەكە، یان شانبەشانی تاوانەكە، یاخود پاش تاوانەكە دابەش دەبێ.

پێش (السابق): ئەوەیە دەكەوێتە پێش ئەنجامدانی تاوانەكە.

هاوكات و لەكاتی ئەنجامدانی تاوانەكەدا، بەوەی ئەنجامدانی تاوانەكە لەكاتێكدا بێ تاوانكار تووشی شێتی بووبێ كە فام و هەڵبژاردن لەدەست دەدا، جا چ پێش یان پاش لە

تاوانەکە لە تەواوی هێزە ئەقڵییەکانی بەهرەدار بووبێ یان نا، عیبرەت بە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەیە نەك پێش و نە پێش ئەنجامدانی.

پاش (اللاحق): ئەوەیە پاش ئەوە لە تاوانکار ڕوودەدات کە پێشتر بە تەواوی هۆش و فامی خۆیەوە تاوانەکە ئەنجام دەدات، ئەم حاڵەتە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە ئەگەر پاش جێبەجێکردنی سزاکە نەبێ، ئەگینا پاش جێبەجێکردن هیچ شێتیەك کاریگەری نیە، بەڵام پێش جێبەجێکردن دەبێتە مایەی ڕاگرتنی ڕێوشوێنە قەزاییەکان دژی تاوانکار، یان ڕاگرتنی حوکمدانی، یان ڕاگرتنی جێبەجێکردنی سزاکە بەسەریدا بەگوێرەی کاتی ڕوودانی، لە هەر قۆناغێکدا ڕوویدا سەرجەم ئەوەی پێویست بوو بکرێ ڕادەگیرێ.

٦- لەڕووی چەمکەکەیەوە بۆ تایبەت و گشتی:

تایبەت: ئەوەیە نەخۆشییە ئەقڵیەکە کاریگەریەکی دەروونی بەرهەم بهێنێ کار لە ئیرادە دەکات، بەشێوەیەك نرخە شەرعی و یاساییەکانی لەکیس دەدات و لە فام و هەڵبژاردن دایدەماڵێ، ئەوە بەم مانایە هاوتای باقیی نەخۆشییە ئەقڵیەکانە.

گشتی: هەموو تێکچوونێکە دووچاری ڕێڕەوی سروشتی و ئاسایی دەزگە و هێزەکانی جەستە ببێتەوە کە بەشداری لە پێکهێنانی ئیرادە و دیاریکردنی پشکی لە فام (تەمیین) و ئازادیی هەڵبژاردندا دەکەن، گرنگ ئەوە نیە ئەو تێکچوونە هەمیشە دووچاری دەزگە یان ئەندامێکی دیاریکراوی جەستەی مرۆڤ ببێ، بەڵکو گرنگ ئەوەیە دووچاری هێزێك ببێ کە بەشداری لە پێکهێنانی ئیرادە و وەرگرتنی بەشی خۆی لە فام و هەڵبژاردن دەکا، بەم مانایەیش هەموو نەخۆشییە ئەقڵیەکان دەگرێتەوە وەك دەبەنگی (العتە) کە بریتییە لە وەستانی گەشەی زەین بەئاراستەی پێگەیشتنی سروشتی، وەك پەرکەم (ف) کە تێیدا ناوبەناو تووشبوو دەبورێتەوە و لەهۆش دەچێ و لەوانەیە ببێتە مایەی ئەنجامدانی تاوان، هەروەها وەك شزۆزی تاونکارانە کە تووشبوونە بە هەندێ شڵەژانی دەروونی و بۆ تێکچوونێکی ئەقڵی یان ناتەواویەك لە پێگەیشتنی ئەقڵی دەگەڕێتەوە، وەك هیستیریا کە تێکچوونێکە لە هاوسەنگیی کۆئەندامی دەمار و شڵەژان لە سۆز و ئارەزووەکاندا، ئەمانە و بارە دەروونییە نائاساییەکانیتر کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر هێزە ئەقڵیەکان هەیە، بەم مانایەیش سەرجەم نەخۆشیە ئەقڵیەکان دەگرێتەوە.

رادەی کاریگەریی شێتی لەوەی پەیوەندی بە شێتەوە هەیە

هەندێ پرس و بابەت هەن شێتی کاریان تێدەکا، هەندێکیتریش هەن کاریان تێناکا، وەك لە خوارەوە وردی دەکەینەوە:

یەکەم: ئەوانەی هەموولا کۆکن شێتی کاریگەری تێیاندا نیە:

أ‌- هیچ ناکۆکی نیە لەوەدا کە شێتی بەهەموو جۆرەکانیەوە هیچ کاریگەری نیە لەسەر شیانی واجیبوونی شێت بەهەردوو بەشی واجیبوونی ناتەواو، کە بەر لە هاتنەدنیای بۆ کۆرپەلە جێگیر دەبێ ئەویش دەستدانیەتی بۆ ئەوەی هەندێ مافی هەبێ کە پێویستیان بە قبوڵکردن نیە وەك میرات و وەسێت و پێشکەشکردن و نەسەب و هتد. هەروەها واجیبوونی تەواو کە پاش لەدایکبوون بۆ مرۆڤ جێگیر دەبن، ئەویش دەستدانیەتی بۆ ئەوەی هەندێ مافی هەبێ و هەندێ ئەرکیشی لەسەر بێ وەك نەفەقەن کە پێویستە خەرجی خزمی هەژاری یان ژنەکەی[1] بکێشێ.

ب‌- جگە لە زاهیری هیچ جیاوازی لەنێوان فیقوانانی موسڵماندا نیە[2] کە شێتی کاریگەری نیە لەسەر بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمیی شێت، ئەگەر ماڵی کەسێکی لەناوبرد یان نرخی کەم کردەوە، لە ماڵەکەی قەرەبوو واجب دەبێ ئەگەر دارا بوو، ئەگینا لەسەر بەخێوکەر (وەلی) یان چاودێر (وەصی)ەکەی پێویستە زیانەکە ببژێرێ و کاتێ شێتەکە پارەی دەست کەوت لێی وەربگرێتەوە، لەبەرئەوەی ئەم بەرپرسیارێتییە لەسەر سێ رەگەز دەوەستێ کە لە شێتدا هەن: کاری نارەوا + زیان + پەیوەندیی هۆیی.

---

[1] هەر کەس ماڵ یان ماف یان قەرزێکی لە ئەستۆی کەسێکیتردا بوو و کەسەکە شێت بوو کار لەو مافە عەینی و کەسییانە ناکا. هەروەها مافی هەیە لەرێی بەخێکەر یان چاودێر یان سەرپەرشتەکەی یان قازیەوە موڵك بدات (التمليك) و ببێتە خاوەن موڵك (التملك).

[2] لە: المحلي: ١٠/٣٤٤دا هاتووە: (شێت قیساسی لەسەر نیە لەسەر ئەوەی لە شێتیەکەیدا کردویەتی، سەرخۆشیش لەسەر ئەوەی لە سەرخۆشیدا و لەبارێکدا ئەقڵی لەدەست داوە کردویەتی لەسەری نیە، هەروەها ئەو کەسەیش کە بالق نەبووە، هیچکام لەوانە نە خوێنبایی نە زەمانیان لەسەر نیە، ئەوانە و ئاژەڵ وەك یەکن، ئەویش لەبەر ئەو حەدیسە سەلماوەی کە ئەفەرموێ (رفع القلم عن الصبي حتى يبلغ وعن المجنون حتى يفيق).

ج– هیچ ناکۆکی نیە ئەو شێتیەی پێش یان پاش ئەنجامدانی تاوان روو بدات کاریگەری لەسەر بەرپرسیارێتیی جینائی نابێ، بەڵام ئەوەی پاش تاوانەکە روو دەدات تا شێتیەکە بەردەوام بێ رێگر دەبێ لەم بەرپرسیارێتییە، هەرکات شێتیەکە نەما لێپرسینەوەیش دەگەڕێتەوە.

د– ناکۆکی لەوەدا نیە ئەگەر شێت کەسێکی کوشت، خوێنبایی دەکەوێتە ئەستۆی کەسوکارەکەی، لەبەرئەوەی بکوژە شێتەکە دەرکی نیە و کوشتنەکە بە هەڵە دادەنرێ.

هـ– ناکۆکی لەوەدا نیە شێت هیچ کاریگەری لە ژیانی هاوسەری و بەردەوامیی هاوسەرگیریەکەی نیە، بەڵام ژنەکەی مافی ئەوەی هەیە لای قازی داوای جیابوونەوە بکا ئەگەر بینی لەلایەن مێردە شێتەکەیەوە زیانی پێدەگا.

دووەم: ئەو رەفتارانەی هەموولا کۆکن کە شێتی کاریان تێدەکا:

أ– ناکۆکی نیە لەوەی ئەو تاوانانەی شێت لەکاتی شێتیەکەیدا ئەنجامیان دەدا لەرووی جینائیەوە لێیان بەرپرسیار نابێ، واتە لەسەریان سزا نادرێ.

ب– ناکۆکی نیە لەوەی ئەو تاوانانەی لەکاتی باشبوونەوەیدا ئەنجامیان دەدا ئەگەر شێتیەکەی پچرپچڕ بوو، لێیان بەرپرسیار دەبێ، بەڵام سزاکە تەنیا لەکاتی باشبوونەوەدا جێبەجێ دەکرێ.

ج– ناکۆکی نیە لەوەی شێتی شیانی ئەنجامدان (اهلیة الاداء) ناهێڵێ بە هەردوو بەشەکەیەوە تەواو و ناتەواو. شیانی تەواو پاش گەیشتنە تەمەنی پێگەیشتن بۆ مرۆڤ جێگیر دەبێ، ئەویش دەستدانی مرۆڤە بۆ مومارەسەکردنی تەواوی مافەکانی و گرتنەئەستۆی تەواوی بەرپرسیارێتییە سیاسی و مەدەنی جینائیەکان.

شیانی ناتەواوی ئەنجامدان پاش گەیشتنە تەمەنی فامکردن بۆ مرۆڤ جێگیر دەبێ، رەفتارە ساف زیانبەخشەکانی بەرەها بەتاڵن جا وەلی مۆڵەتی دابن یان نا، هەروەها رەفتارە ساف سوودبەخشەکانیشی بەرەها دروستن جا وەلی رازی بێ یان رازی نەبێ. ئەو رەفتارانەیش لەنێوان سوود و زیاندا دێن و دەچن لەسەر مۆڵەتی وەلیەکەی دەوەستن، واتە بەراست دادەمەزرێن، بەڵام تا پاش مۆڵەتدان ئەسەرەکانی لە ماف و پابەندیەکان بەرهەم ناهێنن.

د- ناکۆکی نیە لەوەی شێتبوونی لەناکاو پاش ئەنجامدانی تاوان و بەر لە جێبەجێکردنی سزا کاریگەری هەیە لە بەردەوامیی رێکارە قەزاییەکان ئەگەر پێش ئەوانە روویدات، هەروەها کاریگەری لەسەر حوکمەکە دەبێ ئەگەر پێش ئەوە شێت بوون لەسەر جێبەجێکردنی سزاکەیش ئەگەر تاوانکار پاش دەرچوونی حوکم و بەر لە جێبەجێکردن شێت بوو، بەڵام ئەگەر شێتیەکە نەما هەرچی بەهۆیەوە وەستابوو بەردەوام دەبێ.

هـ- ناکۆکی نیە لەوەی ئەو شێتەی شێتیەکەی نوتەکە ئەگەر چاك بوویەوە و شێتیەکەی نەما قەزاکردنەوەی ئەو عیبادەتانەی ناکەوێتە سەر کە فەوتاون وەك نوێژ و رۆژوو و ئەو شتانە، لەبەرئەوەی وەك منداڵ (الصبي) وایە ئەگەر بالْق بوو داوای قەزاکردنەوەی ئەو عیبادەتانەی لێ ناکرێ کە پێش بالْقبوون فەوتاون، هەروەها وەك ناموسڵمان ئەگەر موسڵمان بوو لەسەر نەکردنی ئەوەی واجب بووە و کردنی ئەوەی حەرام بووە لێی ناپرسرێتەوە، لەبەرئەوەی ئیسلام پێش خۆی دەشواتەوە، بەڵام ئەگەر وا رێکەوت پاش چاکبوونەوەکە کاتی پێویست مابوو واجبەکە ئەنجام بدرێ پێویستە لەسەری ئەنجامی بدات، بۆ نموونە ئەگەر لە دواوایییەکانی کاتی نوێژی نیوەڕۆدا چاك بووەوە و ئەو کاتەی مابوو بەشی کردنی نوێژەکەی دەکرد، پێویستە ئەو نوێژە بکا.

و- ناکۆکی نیە لەوەی پێویستە قازی یارمەتی لە خەڵکانی شارەزا و پسپۆری نەخۆشییە ئەقڵییەکان وەربگرێ ئەگەر جیاوازی یان گومان سەبارەت بە شێتبوونی تاوانکار سەری هەڵدا، خۆ ئەگەر گومانەکە بەردەوام بوو ئەوا لە بەرژەوەندیی تۆمەتبار لێك دەدرێتەوە.

ز- ناکۆکی نیە لەوەی تاوانکاری شێت ئەگەرچی لەرووی جینائیەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ ناکرێ و سزا نادرێ، بەڵام پێویستە رێوشوێنی خۆپارێزی لەدژی بگیرێتە بەر تا بەر بە کارە زیانبەخشەکانی لە تاوان و شتیتر لە ئایندەدا بگیرێ، چونکە ئەگەر جارێك تاوانێکی کرد، چاوەڕوان دەکرێ دووبارەی بکاتەوە.

ح- ناکۆکی نیە لەوەی ئەگەر شێت پاش نەمانی شێتیی پێشووی تاوانێکی ئەنجام دا، سوود لەو شێتییە وەرناگرێ تا لەرووی پزیشکیەوە ساغ نەبێتەوە کە کاریگەری لەسەری ماوە، ئەوکاتە قازی بۆی هەیە ئەو کاریگەرییە وەك دۆخێکی سووکێن (ظرف مخفف) بۆ سزاکە دابنێ.

ئەمە هەندێ لەو خاڵانە بوون هەموولا لەسەریان کۆکن لەڕووی کاریگەربوون یان کاریگەرنەبوون بە شێتی.

سێیەم: ئەو پرسانەی سەبارەت بە کاریگەربوون یان کاریگەرنەبوون بە شێتی ناکۆکییان لەسەرە

لەوانە:

١- ناکۆکی لەبارەی واجیببوونی زەکات لە ماڵی شێتدا، کە ئاخۆ ئەگەر ماڵی هەبوو زەکات تێیدا واجبە یان نا؟ فیقوانانی شەریعەتی ئیسلامی لەم بارەوە رای جیاوازیان هەیە لەنێوان واجیبوونی بەڕەهایی و وردکردنەوەدا:

هەندێکیان گوتویانە بەڕەهایی زەکات لە ماڵی شێت و منداڵی نەفامدا واجبە[1].

هەندێك چوونەتە ناو وردەکاری، هەندێ جیاوازییان کردوە لەنێوان شێتیی ئەسڵی و بەردەوام لەگەڵ شێتیی سەرهەڵداوی ناوبەناو و گوتویانە، زەکات لە ماڵی یەکەمیاندا واجب نیە، هەروەها لە دووەمیشیاندا واجب نیە ئەگەر ساڵێکی خایاند لەبەرئەوەی وەك ئەسڵیەکەیە، بەڵام ئەگەر ساڵێکی تەواو و زیاتری نەخایاند زەکات لە ماڵەکەیدا واجبە[2].

هەندێکیتر جیاوازییان لەنێو دوو نەختینەکە (زێڕ و زیو) و جگە لەو دووانەیاندا کردوە و گوتویانە: بەئیجماع زەکات لەو دوو نەختینەیە لە ماڵی شێتدا نیە، بەڵام جگە لەو دووانە دوو بۆچوون هەیە، را زاڵەکەیان ئەوەیە واجب نیە، بەڵام بنزاڵ (مرجوح)ەکەیان ئەوەیە واجبە[3].

---

[1] وەك شافیعی و زاهیری و مالیکی. لە: الأنوار ــی عەللامە یوسف الأردبیلي الشافعي:١/١٨٤دا هاتووە: (زەکات لە ماڵی مێرمنداڵ و شێتدا واجبە نەك لە ماڵی کۆرپەلەدا. پێویستە بەخێوکەرەکەی ماڵەکە دەربکا).

لە: المحلی ــ لابن حزم الظاهري:٥/٢٠١دا هاتووە: (زەکات لەسەر پیاوان و ژنان و منداڵان و ژیر و شێتانی موسڵمانان واجبە، لەبەر گشتیبوونی ئەوەی خوا دەفەرموێ: ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا﴾ سورة التوبة:١٠٣، ئەمە گشتییە بۆ هەموو بچوك و گەورە و ژیر و شێتێك.

لە: الشرح الصغیر للدردیر في الفقه المالكي:١/١٩٣دا هاتووە: (لەو ماڵەدا لەسەر مرۆڤی ئازاد واجبە با موکەلەفیش نەبێ وەك مێرمنداڵ و شێت).

[2] بدائع الصنائع في ترتیب الشرائع للكاساني (ابي بكر بن مسعود) الحنفي:٢/٨١٦.

[3] الروضة البهیة شرح اللمعة الدمشقیة في فقه الأمامیة للجبعي (زین الدین): ١/١٢٠.

سەرچاوەی ئەم ناکۆکییە ئەوەیە زەکات ڕۆزی (مۆنە)یەکە مانای عیبادەتی تێدایە کە ڕێژەیەکی سەدییە ساڵانە دەدرێ بەوانەی شایستەن، ئەوەی لایەنی ڕۆزی بەسەر عیبادەتدا زاڵ بکا دەڵێ زەکات لە ماڵی ناکامدا واجب دەبێ جا چ چکۆلە بێ یان شێت یان ئەوەی حوکمی ئەوانی هەیە، ئەوەیش لایەنی عیبادەت بەسەر لایەنە داراییەکەدا زاڵ دەکا، دەڵێ زەکات لە ماڵی ناکامدا واجب نیە لەبەرئەوەی بەئیجماعی فیقوانان عیبادەت لەسەری واجب نیە.

بەبۆچوونی من پێویستە جیاوازی لەنێوان بەروبومە کشتوکاڵی ئاژەڵیەکان و باقیی پارە و ماڵەکانی بازرگانیدا بکرێ، لە بەروبومە کشتوکاڵی و ئاژەڵیەکاندا زەکات واجب دەبێ لەبەرئەوەی لە بابی (خیتابی وەزع)ـە هۆی واجببوونی بوونی نیسابە، مەرجیشی لە ئاژەڵدا تێپەڕبوونی دوو ساڵە، ئەویش بەچاوپۆشین لە ئەهلیەتی خاوەن موڵك. بەڵام ئەگەر ماڵەکە لە پارە و ماڵی بازرگانی بوو زەکاتی تێدا واجب نابێ تا وەبەرنەهێنرێ، لەبەرئەوەی لەباری وەبەرنەهێنانیدا زەکات وردە وردە سەری دەخوات، ئەمەیش زیان بە ناکام دەگەیەنێ کە توانای دوورخستنەوەی ئەو زیانەی نیە، پێغەمبەری مەزن ئەفەرموێ: (لا ضرر ولا ضرار)[1].

٢- ناکۆکی لەبارەی کاریگەریی شێتی لەسەر ئەو کەسەی لەگەڵ شێتەکەدا لە ئەنجامدانی تاوانەکەدا بەشداری کردوە لەبارێکدا ئەو کەسە باڵق و ژیر (ئاقڵ) و هەڵبژێر بێ و بزانێ کردەوەکە تاوانە، ئاخۆ عوزری شێتەکە سوودی پێدەگەیەنێ؟ بەدەربڕینێکیتر، ئایا شێتی وەك بۆ شێتەکە ڕێگرە بۆ ئەویش بە ڕێگر دێتە ژماردن؟!

فیقوانان لەم بارەوە دابەش بوون، هەندێکیان لە حەنبلەیەکان لە رای زاڵی مەزهەبەکەیاندا، هەروەها ئەبوحەنیفە و هاوەڵانی و شافیعی لە یەکێك لە دوو گوتەکەیدا گوتویانە سوود بەویش دەگەیەنێ. گوتویانە ئەگەر منداڵ (صبی) و شێت و باڵقێك بەشدارییان لە کوشتنێکدا کرد و کەسێکیان بەتەنیا نەیانکوشت، قیساس لە هەموو وەرناگیرێ، نە لە ئاقڵەکە و نە لە نەشیاوەکە (عدیم الاهلیة)، بەڵکو سێیەکی خوێنباییەکە دەکەوێتە سەر کەسە ژیرەکە لە ماڵی خۆی، هەروەها پێویستە کەسوکاری هەریەك لە

---

[1] سبل السلام.

منداڵ و شێتەکە دوو سێیەکەکەیتری خوێنباییەکە بدەن، ئەمە جگە لە کەفارەت لە ماڵی هەردووکیاندا، لەبەرئەوەی کەسە ژیرەکە لەگەڵ کەسێك بەشداری کردوە کە گوناهی لەسەر نیە وەك شەریکی هەڵەکار، هەروەها لەبەرئەوەی کوشتن تاوانێکە بەشبەش ناکرێ.

هەندێکیشیان، لەوانە ئیمام مالیك و شافیعی لە گوتەکەیتریدا و ئیمام ئەحمەد لە ریوایەتێکیتردا، گوتویانە قیساس لەسەر بالَغ و ئاقڵەکە واجبە لەبەرئەوەی قیساس سزایەکە و لەبەرانبەر کردەوە بەئەنقەست و دەستدرێژیکردنەکەی لەسەری واجبە و تەماشای کردەوەی شەریکەکەی ناکرێ، لەبەرئەوەی مرۆڤ بە کردەوەی خۆی دەگیرێ نەك کردەوەی کەسیترە[1].

ئەم رای دووەمە راجیحە و پێویستە کاری پێ بکرێ، لەبەرئەوەی لەدەستدانی ئەهلیەت سیفەتێکی خودی و کەسییە، رێگریش ئەگەر کەسی (شەخسی) بوو سوودی بۆ کەسیتر نابێ لەوانەی بەشداریی تاوانەکەیان کردوە و خاوەن ئەهلیەتی تەواون، یاسا سزاییە وەزعیەکانیش کاریان بەمە کردوە.

٣- ناکۆکی لەبارەی کاریگەریی شێتبوونی پاشتر لەسەر رەفتارە تاوانکاریەکانی شێت[2]. شێتبوونی پاشتر یان ئەوەتا پاش ئەنجامدانی تاوانەکە و بەر لە حوکمدانەکە دەقەومێ یان پاش حوکمدانەکە و بەر لە جێبەجێکردنی. هیچ ناکۆکی لەنێوان فیقوانانداندا نیە کە ئەو تاوانی حەددەی بە دانپێدانانی تۆمەتبار ساغ بووەتەوە، رێوشوێنە قەزاییەکان و جێبەجێکردنی سزاکەی دوا دەخرێ تا کاتی بەهۆشهاتنەوە، چونکە ئەگەر هەیە لە دانپێدانانەکەی پەشیمان بێتەوە، ئەوەیش روونە لە تاوانی حەددەکاندا کە بە دانپێدانان

[1] بۆ وردەکاریی زیاتر بڕوانە: المغني لابن قدامة (عبد الله بن أحمد):٧/٧٧.

(خطاب الوضع) وەك لە پێناسەکەیدا هاتووە: بریتییە لەو مەرجانەی بۆ ئەرکەکان یاخود (خطاب التكليف) کە حوکمە تەکلیفیەکان دەگرنەوە بەتایبەت واجب و حەرام، دانراون، بۆ نموونە بینینی مانگ وەك مەرج بۆ سەرەتای رەمەزان، حەددی نیساب و سوڕانەوەی ساڵ بۆ زەکات و پاکی بۆ نوێژ، یان حەیز وەك رێگر لە نوێژ، کوشتن وەك رێگر لە میراتبردن لە دەستکوژو..هتد-وەرگێڕ).

[2] بۆ وردەکاریی زیاتر بڕوانە: كشف الأسرار على اصول البزدوي:٤/١٣٨٣ و پاشتر.

دەسەلمێ پاشگەزبوونەوە دەبێتە مایەی گومان (شوبهە)، حەددەکانیش بە گومان رادەگیرێن[1].

جگە لەوە دوو حاڵەت دەمێنن، حاڵەتێکیان ئەوەیە شێتبوون بەر لە گرتنەبەری رێکارە قەزاییەکان (یان لەکاتیدا) و بەر لە حوکمدان روویدات، حاڵەتەکەیتریان ئەوەیە پاش ئەو رێکارانە و حوکمدان و بەر لە جێبەجێکردنی حوکمەکە روویدات، ئەوەیش سێ ئاراستەی تێدایە: یەکێکیان ئەوەیە جگە لە تاوانە حەددییەکان شێتبوونی پاشتر هیچ کاریگەریەکی نیە، دووەم بەرەهایی کاریگەری هەیە، سێیەم وردەکاری تێدایە.

ئاراستەی یەکەم: ئەوەیە فیقوانانی شافیعی و ئیمامی[2] و حەنبەلی[3] پەسەندیان کردوە، کە شێتبوونی پاش تاوانەکە هیچ کاریگەریەکی لەسەر رەوتی رێکارە قەزاییەکان و بەردەوامیی دادگەییکردنی تاوانکار و حوکمدان و جێبەجێکردنی سزاکەی نابێ بە هەموو ئەوانەیش لە حاڵەتی شێتیدا بن مادام تاوانەکە لە حاڵەتی ساغی و بەهۆشیدا ئەنجام دراوە و تاوانکار فام و توانای هەڵبژاردنی هەبووە، ئەویش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

أ- گرنگ لە بەرپرسیارێتیی جینائی و شایستەبوونی تاوانکار بۆ سزادان کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەیە، مادام تاوانکار لەکاتی ئەنجامدانیدا شیانی تەواو بووە، مەرج نیە ئەو شیان (ئەهلیەت)ە بۆ کۆتایی دادگەییەکە و جێبەجێکردنی سزاکە بەردەوام بێ، مەگەر تاوانەکە لە حەددەکان بێ و بە دانپێدانانی تۆمەتبار ساغ بووبێتەوە.

ب- شێتبوونی پاشتر دادگەییکردن و سزادانی تاوانکار ڕاناگرێ بەپاساوی ئەوەی ناتوانێ بەرگری لە خۆی بکات، لەبەرئەوەی ئیسلام گەرەنتیی پێویستی بۆ تۆمەتبار لەکاتی دادگەییەکەدا دەستەبەر کردوە، بەشێوەیەك پێویست بە بەکارهێنانی مافی بەرگری

---

[1] لە: المغني:٧/٦٦٥ هاتووە: (ئەگەر بەدانپێدانانی خۆی حەددی لەسەر سەلما پاشان شێت بوو، لەکاتی شێتیدا لەسەری جێبەجێ ناکرێ لەبەرئەوەی پاشگەزبوونەوەی قبوڵ دەکرێ هەربۆیە رێی تێدەچێ ئەگەر ساغ بوایە پاشگەز ببێتەوە).

[2] ایضاح الفوائد في شرح القواعد للحلي (محمد بن الحسن) ٤/١٠٠.

[3] لە: المغني لبن قدامة ٧/١٦٥دا هاتووە: (ئەگەر لەباری زیریدا کوشتی و پاشان شێت بوو قیساسی لەسەر لاناچێ جا چ بەبەڵگە لەسەری بسەلمێ یان بە دانپێدانان، لەبەرئەوەی پاشگەزبوونەوەی قبوڵکراو نیە و لە حاڵەتی شێتیدا تۆڵەی تاوانەکەی لێ دەکرێتەوە).

لەخۆکردن نەبێ، لەبەرئەوەی ئەسڵ وایە قازی دادپەروەر و شایەتەکان جێمتمانەن و لەلایەن خەڵکی جێمتمانەوە پەسەند کراون، هەروەها شێوازەکانی سەلماندن بۆ هەر تاوانێك دیاریکراون و سزاکە پێشوەخت بە دەق دیاری کراوە، حوکمەکەیش لەسەر بناغەی دادپەروەرانە دامەزراوە و زیانێك بە تۆمەتبار ناگەیەنێ کە شایستەی نەبێ.

ج- بێتوانایی تۆمەتبار بۆ بەرگری لەخۆکردن رێگە لە دادگەییکردن و سزادانی ناگرێ، وەك لاڵ کە ئەگەر تاوانێکی ئەنجامدا دادگەیی دەکرێ و سزا دەدرێ با ناشتوانێ بدوێ و بەرگری لە خۆی بکا، بەڵام ئەگەر تاوانەکە حەد بوو وەك تاوانی زینا یان دزی یان چەتەیی (رێبڕین) و باقیی تاوانە حەددیەکانیتر، ئەگەر بە دانپێدانانی تۆمەتبار ساغ بوویەوە ئەوا شێتبوونی پاشتر کاریگەری لەسەر رەوتی پرۆسەی داوەریکردن لەدژی هەیە و چاوەڕوان دەکرێ تا دێتەوە هۆش، لەبەرئەوەی دەشێ لە دانپێدانانەکەی پاشگەز ببێتەوە، پاشگەزبوونەوەیش لە تاوانە حەددیەکاندا شوبهە دروست دەکا، حەددەکانیش بە شوبهە رادەگیرێن[1].

ئاراستەی دووەم: کە مالیکی رابەرایەتی دەکا[2]، ئەوەیە شێتبوونی پاش تاوان، هاوشێوەی شێتی لەکاتی ئەنجامدانی تاواندا، کاریگەری لەسەر رەوتی رێکارە قەزاییەکان و دەرکردنی حوکم و سزادانی تاوانکار هەیە، ئەگەر کاتێ تاوانەکەی ئەنجام دا هۆش و هەستی تەواوی هەبوو و پاش ئەنجامدانی تاوانەکە شێتی بەسەردا هات، لە هەر قۆناغێکدا روو بدات دەبێتە مایەی راگرتنی ئەوەی بەدوای ئەو قۆناغەدا دێ لە رێکارەکان یان حوکمدان یاخود جێبەجێکردن، بۆیە پێویستە رابگیرێن و چاوەڕوانی بەهۆشهاتنەوە بکرێ ئەگەر رووی دا.

---

[1] بڕوانە: إيضاح الفوائد شرح القواعد للحلي (محمد بن الحسن) ٤/١٠٠.

[2] لە: الخرشي على مختصر خليل وحاشية العدوي ٨/٢دا هاتووە: (پێویستە قیساس لەسەر سەرخۆش و شێت جێبەجێ بکرێ ئەگەر لەکاتی بەهۆشیدا تاوانەکەی ئەنجام دا و پاش ئەوە شێت بوو، بەڵام لەکاتی شێتییدا تۆڵەی لێناکرێتەوە بەڵکو چاوەڕوان دەکرێ تا بەهۆش دێتەوە ئەگەر ئومێد هەبوو، ئەگەریش ئومێدی چاکبوونەوەی نەبوو لە ماڵەکەی فیدیە دەدرێ ئەگەر پاش ئەوە چاك بوویەوە تۆڵەی لێ دەکرێتەوە مەگەر حاکمێك حوکمی دابێ پێی وایە تۆڵەکە دەکەوێ و نامێنێ، بەڵام ئەگەر لەکاتی شێتبوونەکەدا کوشتی، سێ بۆچوون هەیە، گوتراوە دەکوژرێ (ئەمە لەگەڵ رای زاهیریەکان رێك دەکەوێ)، گوتراویشە لە ماڵەکەی خوێنبایی دەدرێ هەروەها گوتراوە لەسەر کەسوکارەکەیەتی).

هه‌روه‌ها ئه‌گه‌ر پاش ده‌ركردنی حوكم و به‌ر له‌ جێبه‌جێكردنی شێت بوو، پێویسته‌ جێبه‌جێكردنی رابگیرێ تا به‌هۆش دێته‌وه‌، ئه‌م راگرتنه‌ له‌به‌ر ئه‌وه‌ نیه‌ ناتوانێ به‌رگری له‌ خۆی بكات، به‌ڵكو له‌به‌رئه‌وه‌یه‌ ئه‌هلیه‌تی جینائی وه‌ك چۆن بوونی له‌كاتی ئه‌نجامدانی تاواندا مه‌رجه‌، به‌هه‌مان شێوه‌ پێویسته‌ له‌ هه‌موو قۆناغه‌كاندا به‌رده‌وام بێ تا جێبه‌جێكردنی ته‌واو ده‌بێ.

له‌ هه‌ر قۆناغێكدا شێتبوون رووی دا پێویسته‌ هه‌موو شت له‌دژی رابگیرێ جگه‌ له‌ رێكاره‌كان و رێوشوێنه‌ خۆپارێزیه‌كان، له‌به‌رئه‌وه‌ی شێتبوونی پاشتر وه‌ك شێتبوونی پێشتر... رێگر نیه‌ له‌ دانانی تاوانكار له‌ شێتخانه‌ یان شوێنێكی چاره‌سه‌ر بۆ پاراستنی خه‌ڵك له‌ خراپه‌ی، چونكه‌ رێوشوێنه‌ خۆپارێزیه‌كان و چاودێریكردنی، له‌ شته‌ زه‌روره‌كانی پاراستنی به‌رژه‌وه‌ندیه‌كانی خه‌ڵكن.

ئه‌م ئاراسته‌یه‌ له‌گه‌ڵ ره‌وتی یاسا سزاییه‌ نوێكاندا رێك دێته‌وه‌، به‌ڵام سه‌باره‌ت به‌ بنچینه‌ی راگرتنه‌كه‌ لێك جیاوازن، چونكه‌ به‌لای ئه‌و ئاراسته‌یه‌ی فیقوانانی شه‌ریعه‌تی ئیسلامیه‌وه‌ بنچینه‌كه‌ ئه‌وه‌یه‌ تۆمه‌تبار له‌كاتی ئه‌نجامدانی تاوانه‌كه‌دا ئه‌هلیه‌تی پێویستی جینائی نیه‌ن بۆیه‌ پێویسته‌ به‌رده‌وام بێ تا كۆتایی هه‌موو ئه‌وه‌ی په‌یوه‌ندی به‌و تاوانه‌وه‌ هه‌یه‌ له‌ رێكاره‌كان و حوكمدان و جێبه‌جێكردن. به‌ڵام به‌لای یاسا سزاییه‌ وه‌زعییه‌ نوێكانه‌وه‌ بنچینه‌كه‌ بێتوانایی ئه‌و تاوانكاره‌یه‌ پاشتر شێت بووه‌ بۆ به‌رگری له‌خۆ كردن[1].

ئاراسته‌ی سێیه‌م: وردكردنه‌وه‌یه‌ (التفصيل)، كه‌ ئه‌مه‌ رای ئه‌بوحه‌نیفه‌یه‌[2]، به‌م شێوه‌یه‌:

ئه‌گه‌ر شێتیی پاش تاوانه‌كه‌ له‌ناكاو پاش ئه‌وه‌ و به‌ر له‌ حوكمدان رووی دا، ئه‌بوحه‌نیفه‌ له‌گه‌ڵ مالیكی كۆكه‌ كه‌ هه‌موو رێكاره‌ قه‌زاییه‌كانی دژی تاوانكاره‌ شێته‌كه‌ راده‌گیرێن تا چاك ده‌بێته‌وه‌، كاتێ به‌هۆش هاته‌وه‌ ده‌ست به‌و رێكارانه‌ ده‌كرێته‌وه‌.

---

[1] م٢٤٧ له‌ یاسای لێكۆڵینه‌وه‌ی جینایاتی میسری ده‌ڵێ (ئه‌گه‌ر تۆمه‌تبار به‌هۆی نه‌خۆشیه‌كی ئه‌قڵیه‌وه‌ نه‌یه‌توانی به‌رگری له‌ خۆی بكان دادگایی ناكرێ تا هێنده‌ هۆشی بۆ ده‌گه‌رێته‌وه‌ بتوانێ به‌رگری له‌ خۆی بكا).

[2] حاشية ابن عابدين (محمد امين) على الدر المختار شرح تنوير الأبصار:٦/٥٣٢.

ئەگەر شێتبوونە لەناكاوەكەی پاش تاوانەكە دوای حوكمدان لەسەر تاوانكار و بەر لە جێبەجێكردنی رووی دا كار بەم رێكخەرانەی خوارەوە دەكرێ:

أ- ئەگەر شێتبوونەكە بەر لە رادەستكردنی تاوانكار بوو بە لایەنی پەیوەندار بە جێبەجێكردنی سزاكە و شێتیەكە ناوبەناو بوو، چاوەڕوانی بەهۆش هاتنەوە دەكرێ و لە باری هۆشداریدا سزاكە جێبەجێ دەكرێ.

ب- ئەگەر شێتیەكە نوتەك بوو و هێشتا رادەستی لایەنی جێبەجێكردن نەكرابوو، سزاكە هەڵدەوەشێتەوە و خوێنبایی جێی دەگرێتەوە ئەگەر هاتوو تاوانەكە كوشتنێك بوو كە قیساس (واتە تۆڵەی شەرعی)ی واجب بوو.

ج- ئەگەر شێتیەكەی پاشتر دوای حوكمدان و دوای رادەستكردنی تاوانكار بە لایەنی جێبەجێكردن رووی دا، سزاكەی لەسەر جێبەجێ دەكرێ با لە دۆخی شێتیشدا بێ، لەبەرئەوەی گرنگ لە مەرجی ئەهلیەتی بەرپرسیارێتیی جینائیدا كاتی ئەنجامدانی تاوانەكە و كاتی دەرچوونی حوكمەكەیە لەسەر تاوانكار، لەو دوو كاتەیشدا خاوەن ئەهلیەت بووە.

بەلای منەوە ئەوەی لەنێو ئەو ئاراستانەدا شایانی وەرگرتنە ئاراستەی مالیكییە، لەبەرئەوەی لە دادپەروەری و مەنتیق و ئەقڵی ساغ نزیكترە، ئەمە جگە لەوەی پیادەكردنی رۆحی شەریعەتی ئیسلامییە، یاسا وەزعیەكانیش ئەم ئاراستەیەیان وەرگرتوە، ئەمە لاری نیە لەگەڵ گرتنەبەری رێوشوێنی خۆپارێزی دژی تاوانكار.

٤- ناكۆكی لەبارەی كاریگەریی شێتی لە بواری بەرپرسیارێتی لە عیبادەتەكان:

ئەوەی پێشتر باس كرا پەیوەندی بە كاریگەریی شێتیەوە هەبوو لە بەرپرسیارێتیی جینائی لە تاوانە ئەرێنیەكان (ئەنجامدانی كردەوە قەدەغەكان)، ئەم ناكۆكییە تایبەتە بە كاریگەریی شێتی لە بەرپرسیارێتیی جینائی لە تاوانە نەرێنیەكان (نەكردنی واجبەكان).

شێتی ناوبەناو (المتقطع) و درێژەنەكێشاو ئایا لەبارەی ئەو واجبانەی دەكەونە كاتی شێتبوونەكەی لێی دەپرسرێتەوە، بەوەی داوای لێ بكرێ قەزایان بكاتەوە ئەگەر پێش بەسەرچوونی تەواوی كاتەكە بەهۆش هاتەوە؟

بۆ نموونە: ئەگەر لە نیوەی دووەمی مانگی رەمەزاندا لە شێتیەكەی چاك بوویەوە ئەوا هیچ ناكۆكی نیە لەوەدا پێویستە ئەو رۆژانەی ماون بەڕۆژوو بێ. ئەی ئەگەر پاش رەمەزان

هێندە ماوە بەهۆش بوو کە بەشی قەزاکردنەوەی ڕۆژە فەوتاوەکانی دەکرد، ئایا داوای قەزاکردنەوەیانی لێ دەکرێ؟

لە هەموو شەو و ڕۆژێکدا نوێژ لە پێنج کاتدا فەرزە، ئەگەر بەر لە تەواوبوونی کاتەکانیان بەهۆش هاتەوە، بەوەی بەهۆش هاتنەوەکە کەوتە نێو ماوەیەکی زەمەنی لەچوارچێوەی (٢٤) سەعات لە کاتەکانی ئەو نوێژانە، ئایا لەسەریەتی قەزای ئەو پێنج نوێژانە بکاتەوە کە لەکاتی شێتییەکەیدا لەکیسی چوون؟ هەروەها ئایا لەڕووی جینائییەوە لە ڕوانگەی ئاینیەوە لەسەر پشتگوێخستنی قەزاکردنەوەیان لێی دەپرسرێتەوە؟.

فیقوانان لەم بارەوە بۆ سێ ڕای جیاواز دابەش بوون:

ڕای یەکەم: کە دەدرێتە پاڵ شافیعی و زوفر لە حەنەفی[1] و ئەوانەی ڕێچکەی ئەو دووانەیان گرتووە. بەپێی ئەم ڕایە شێت وەك چۆن لە تاوانە ئەرێنیەکان (ئەنجامدانی حەرام و قەدەغەکان) کە لەکاتی شێتیدا ئەنجامی داون بەرپرسیار نیە، بەهەمان شێوە لە تاوانە نەرێنیەکانیش (نەکردنی واجبەکان) بەرپرسیار نیە، وەك نوێژنەکردن و ڕۆژوونەگرتن و باقیی فەرزەکانیتر، لەوەدا هەروەك منداڵی نەفام وایە کە لە سێ‌یەکی کۆتایی ڕەمەزاندا باڵق ببێ کە تەنیا گرتنی ڕۆژووی باقیی ڕۆژەکانی لەسەرە، هەروەها ئەگەر لە مەغریبدا باڵق بوو قەزاکردنەوەی نوێژەکانی بەیانی و نیوەڕۆ و عەسری ئەو ڕۆژەی لەسەر نیە، لەبەرئەوەی بەرپرسیارێتیی مرۆڤ لەڕووی جینائیەوە لەسەر بناغەی فام و هەڵبژاردن دادەمەزرێ، ئەم دوانەیش لەکاتی شێتیدا نین و بەهۆیەوە نامێنن جا چ شێتبوونەکە ئەسڵی بێ یان سەرهەڵداو، پاش پێگەیشتن بێ یان پێشی، هەروەها چ ناوبەناو بێ یان نوتەك، چ درێژەکێشاو بێ یان درێژەنەکێشاو.

پێشتر باسمان کرد کە **درێژەکێشاو** (الممتد) ئەوەیە هەموو کاتی واجبەکە دەگرێ وەك ئەوەی شێتیەکەی بەدرێژایی مانگی ڕەمەزان و هەر (٢٤) سەعاتەکەی پێنج فەرزەکەی نوێژ لە شەو و ڕۆژێکدا بەردەوام بێ. **درێژەنەکێشاو** (غير الممتد)یش ئەوەیە هەندێ لە کاتی واجبەکە دەخایەنێ، وەك ئەوەی لە مانگی ڕەمەزاندا بەهۆش بێتەوە، یان پێش بەسەرچوونی هەندێ نوێژ لەو کاتانەی بۆیان دیاری کراوە.

---

[1] كشف الاسرار:٤/١٣٨٤.

زۆربەی بەڵگەكانی ئەم رایە بریتییە لە پێوانەكردن (القیاس)، بەوەی كەسی نەشیاو بەهۆی شێتییان پێوانە كرئوە بە نەشیاو بەهۆی چكۆلەییەوە، كۆلكەی هاوبەشیان نەبوونی مەرجی تەكلیفە كە بناغەی بەرپرسیارێتیی جینائییە، پاشان شێتی پێچەوانەی توانایە كە بریتییە لە هێزی جەستە و ئەقڵ، شێتیش ئەقڵ ناهێڵێ و تێگەیشتن لە گوتار و زانستیش بەبێ ئەقڵ تەسەور ناكرێ، توانای ئەنجامدان بەبێ زانست بەدینایەت، لەبەرئەوەی زانست تایبەتترین وەسفی توانایە و بە نەمانی نامێنێ، بە فەوتانی توانایش ئەنجامدان دەفەوتێ، ئەگەر ئەنجامدان فەوتا واجببوونیش نامێنێ، چونكە واجببوون بەبێ ئەنجامدان سوودی نیە، شتێیش جیایە لە لەهۆشچوون (الإغماء)، لەهۆشچوو لەسەریەتی قەزای ئەو رۆژووە بكاتەوە كاتێ بەهۆش دێتەوە، هەروەها قەزای نوێژەكانیش بكاتەوە ئەگەر لەهۆشچوونەكە لە شەو و رۆژێك كەمتر بوو، لەبەرئەوەی ئەقڵی هەیە كەواتە ئەهلیەتی بۆ بەرپرسیارێتیی جینائی هەیە، چونكە لەهۆشچوون ئەقڵ ناسرێتەوە بەڵكو وەك خەوتن نەمانی توانای بەكارهێنانی ئامێری توانایە، ئەقڵ وەك پێش لەهۆش خۆچوون هەیە[١].

رای دووەم: ئەسڵ ئەوەیە شێتی ناوبەناو (پچرپچر) بەهیچ شێوەیەك لەبارەی نەكردنی واجبەكان لەكاتی شێتیەكەیدا لێی ناپرسرێتەوە، ئەویش بەقیاس لەسەر كردنی حەرامكراوەكان لە حاڵەتی شێتیدا، كە جیاوازی لەنێوان تاوانێك و یەكێكیتردا نیە، ئەو وەك چۆن لەرووی جینائیەوە بەرپرس نیە لە ئەنجامدانی تاوانە ئەرێنییەكان كە لەكاتی شێتیدا كراون، بەهەمان شێوە لەسەر تاوانە بەرپرس نابێ، خاڵی كۆكەرەوەیان ئەوەیە بناغەی بەرپرسیارێتی لەم دوو جۆرە تاوانەدا بزرە و نەرێنیبوون و ئەرێنیبوون رۆڵیان لەم پرسەدا نیە، نەبوونیشیان بەلای ئەوانەی ئەم رایەیان هەیە ئەسڵە، بەڵام ئەوان گوتویانە (پاش چاكبوونەوەی لە شێتیی نادرێژخایەن لەرووی بەباش زانین (ئیستیحسان)ەوە سەبارەت بەو واجبانەی لەكیسی چوون لێی دەپرسرێتەوە). جا شێتەكە چ ئەسڵی بێ بەوەی زگماك بێ و لەگەڵ لەدایكبووندا پەیدا بووبێ و پاش باڵقبوونیش بەردەوام بووبێ، یان سەرهەڵداو بێ بەوەی پاش یان پێش باڵقبوون قەومابێ.

---

[١] سەرچاوەی پێشوو.

له روانگهی ئهم ئیستحیسانهوه ئهگهر له ده رۆژی كۆتای رهمهزاندا چاك بوویهوه و بههۆشهاتنهكه پاش كۆتای مانگهكه بهردهوام بوو، پێویسته ئهو رۆژانه بهقهزا بگرێتهوه كه تێیاندا شێت بووه، ئهویش لهم رووانهوه:

رووی یهكهم: قیاسكردنی شێتیی نادرێژخایهن لهسهر خهوتن و لههۆش خۆچوون كه خاڵی كۆكهرهوهیان ئهوهیه ههریهكهیان عوزرێكی سهرههڵداون پاش بالغبوون و بهر له درێژهكێشان نهماوه، ههروهها وهك چۆن خهوتوو پاش بهخهبهرهاتن و لههۆشچوو پاش بههۆشهاتنهوه لهسهریانه قهزا بكهنهوه، بهههمان شێوه پێویسته لهسهر شێت پاش چاكبوونهوه قهزا بكاتهوه و هیچ كێشهیهك له قهزاكردنهوهكهدا نیه ئهگهر چاكبوونهكه هێنده بهردهوام بوو بهشی ئهو قهزاكردنهوهی دهكرد.

بهڵام ئهم بۆچوونه قیاسه لهگهڵ جیاوازیدا (القیاس مع الفارق)، لهبهرئهوهی ئهقڵ لهكاتی نووستن و بوورانهوهدا تووشی خهلهل یان نهخۆشیهكی ئهقڵی نابێ، بهڵكو تهنیا لهكار دهوهستێ، بهپێچهوانهی حاڵهتی شێتی.

رووی دووهم: مانهوهی ئهستۆی شێت لهكاتی شێتیدا، بۆیه میرات دهگرێ و دهبێته خاوهن موڵك و بهمولكیش دهكا، میرات و مولكیش له بابی ویلایهتن بهسهر ماڵدا، ویلایهتیش بهبێ ئهستۆ (زیممه) نیه، مادام لهكاتی شێتیدا ههیه، ئهوا پابهندییه مهدهنی و جینائیهكانی پێوه دهبهسترێنهوه.

بهڵام ئهگهر ئهم ئیستیدلاله دروست بێ ئهوا لێپرسینهوهی شێت لهرووی جینائیهوه لهو تاوانهی لهكاتی شێتیدا ئهنجامی داوه و پاشان چاك بووهتهوه، پێویست (لازم) دهكرد، ههموو راكانیش كۆدهنگن كه لازم بهتاڵه، ههروهها ئهوهیش بهتاڵهكه لازم دهكا ههر بهتاڵه.

رووی سێیهم: شێت شیاوه بۆ پاداشت و پاش شێتبوونی بهموسڵمانی دهمێنێتهوه و بهگشتی شیاوه بۆ واجیبوون، لهبهرئهوهی پاداشت له حوكمهكانی واجیبوونه و ئهگهر بهر له تێپهربوونی كات بههۆش هاتهوه قهزاكردنهوه ئاساییه و هیچ كێشهی تێدا نیه.

ههمان قسه لهسهر ئهم رووهیش دهكرێ كه لهسهر رووی دووهم كردمان، ئهمه جگه لهوهی بهكۆدهنگیی راكان شێت لهرووی جینائیهوه لهسهر ئهو تاوانه ئهرێنیانهی له ساتی شێتیدا ئهنجامیان دهدا لێی ناپرسرێتهوه، بۆیه هیچ بوار نیه بۆ جیاوازیكردن لهنێوان ئهوانه و تاوانه نهرێنیهكان، جا وهك چۆن لهسهر ئهوهی له باری شێتیدا له بواری تاوانه

ئەرێنیەکاندا رووی داوە، لە کردنی قەدەغەکراوەکان، بەرپرسیار نابێ، بەهەمان شێوە لەسەر ئەوەی پەیوەندی بە تاوانە نەرێنیەکانیشەوە هەیە لە نەکردنی واجبەکان، بەرپرسیار نابێ.

رای سێیەم: بابەتەکەی ورد کردۆتەوە و شێتیی ئەسڵی لە شێتیی سەرهەڵداو پاش باڵقبوون بەژیری جیا کردۆتەوە. لە شێتیی ئەسڵیدا ئەگەر بەهۆش هاتەوە داوای قەزاکردنەوەی واجبەکانی لێ ناکرێ، جا چ درێژەکێشاو بێ یان درێژەنەکێشاو، بەپێچەوانەی شێتیی سەرهەڵداو، کە ئەو کەسەی ناوبەناو تووشی شێتیەکی سەرهەڵداو و درێژەنەکێشاو دەبێ، سەبارەت بەو واجبانە بەرپرسیارە کە لەکیسی چوون و بەر لە بەسەرچوونی کاتەکانیان بەهۆش هاتۆتەوە.

زۆربەی بەڵگەکانی خاوەنانی ئەم رایە ئەوەیە ئەو شێتیەی بەر لە باڵقبوون رووی داوە، لەکاتێکدا رووی داوە کە مێشك لە بنەڕەتدا بە ناتەواوی و لاوازیی ئەسڵی خولقاوە، لەبەرئەوە شتێکی ئەسڵی دەبێ و ناکرێ بخرێتە پاڵ نەبوو (العدم) وەك رۆژوو لە منداڵیدا.

هەرچی ئەو شێتیەیە پاش باڵقبوون رووی داوە پاش کامڵبوونی ئەندامەکان رووی داوە، بۆیە دەردێکی سەرهەڵداوە و دەکرێ لەکاتی نەبوونی حەرەجدا بخرێتە پاڵ نەبوو بۆ لوای نەمانی شێتییە سەرهەڵداوەکە، وەك لە حاڵەتی بەهۆشهاتنەوەدا (چاکبوونەوە لە شێتی)، رێك وەك خەوتن و لەهۆش خۆچوون.

ئەم بۆچوونە لە چەند روویەکەوە قسەی لەسەر دەکرێ:

أ- جیاوازیکردن لەنێوان شێتیی ئەسڵی و سەرهەڵداو پاش باڵقبوون خۆسەپێنی و زاڵکردن (تحکم و ترجیح)ـە بە بێ بەڵگەیەك زاڵ (تەرجیح)ی بکا مادام لە هەردوو حاڵەتەکەدا لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکە لەکاتی شێتبووندا بناغەی بەرپرسیارێتی نیە، زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی بەرپرسیارێتی بە نەبوونی خولگەکەی کە بریتییە لە فام و ئیدراك و هەڵبژاردن نامێنێ، یان بە دەربڕینێکیتر نەبوونی ئیرادەی گوناهکار کە قورئان بە (خطأ) و (خطیئة) ناوی بردوە.

ب- جیاوازیکردن لەنێوان تاوانە ئەرێنی و نەرێنییە ئەنجامدراوەکان لە حاڵەتی شێتیی سەرهەڵداودا خۆسەپێنی و زاڵکردنە بە بێ بەڵگەیەك تەرجیحی بکا، ئەگینا بۆچی لەسەر ئەرێنیەکان لێی دەپرسرێتەوە و لەسەر نەرێنیەکان نا؟

ج– قیاسکردنی شێتیی سەرهەڵدلو لەسەر خەوتن و لەهۆشچوون و ئەو جۆرە شتانە قیاسە لەگەڵ جیاوازی، وەك پێشتر گوتمان.

رای زاڵ (زۆرانەترین را) رای یەکەمە، واتە شێت بەهیچ شێوەیەك بەرپرسیار نیە لەوەی لەکاتی شێتیەکەیدا دەیکا یان نایکا، وەك چۆن لە کردنی هەر قەدەغەکراوێك بەرپرسیار نیەن بەهەمان شێوە لە نەکردنی هەر واجبێکیش بەرپرسیار نیە مادام لە هەردوو حاڵەتی کردن و نەکردندا شێت بێ، ئەوەیش بەگوێرەی قورئان و سوننە و کۆدەنگی (ئیجماع) و ماقووڵ.

أ– قورئانی پیرۆز

خوا ئەفەرموێ ﴿لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْساً إِلاَّ وُسْعَهَا﴾، دیسان ئەفەرموێ: ﴿وَلَا نُكَلِّفُ نَفْساً إِلَّا وُسْعَهَا وَلَدَيْنَا كِتَابٌ يَنطِقُ بِالْحَقِّ﴾، ئەمانە چەندین ئایەتیتر کە بەڕاشکاوی و بنبڕ ئاماژەن بەوەی مرۆڤ لەسەر ئەو تاوانانەی لێپرسینەوەی لەگەڵ ناکرێ کە لەبارێکدا ئەنجامیان دەدا ملکەچی ئیرادەیەکی ئازاد و بزان نیە و ناتوانێ مەشروعیەت و نامەشروعیەتی کردار و گوفتارەکانی بزانێ و دەرك بەو ئەنجامە ئەرێنی و نەرێنیانە بکا لێیان دەکەونەوە.

ب- سوننەتی پێغەمبەر (د.خ)

پێغەمبەر(د.خ) فەرمویەتی: (رفع القلم عن ثلاثة عن الصبي حتى يبلغ وعن النائم حتى يستيقظ وعن المجنون حتى يفيق)[1]، مەبەست لە بەرزکردنەوەی قەڵەمیش لێگرتنی جینائییە، بەڵام بەرپرسیارێتیی مەدەنی ناکەوێتە بەر ئەو عوزرانەی لەو فەرموودەیەدا باس کراون.

ج- کۆدەنگی (ئیجماع)

زانایانی موسڵمان لە ئوسوڵی و فیقوانان و فەیلەسوفان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی ئەقڵ مەرجێکی بنچینەییە بۆ تەکلیف و گرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتیی جینائی، هیچ مرۆڤێك

---

[1] ئەم حەدیسە بە دەربڕینی لێك نزیك بەم مانایە ریوایەت کراوە، فەرموودەناسان لە کتێبەکانیاندا هێناویانە، لەوانە: ئیمام ئیبن خوزەیمە لە سەحیحەکەی: ٢/١٠٢ بەژمارە (١٠٠٣)، ٣/١١٠ بەژمارە (١٧٢١). هەروەها ئیمام ئیبن حەبان لە سەحیحەکەی: ١/٣٥٦. هەروەها حاکمیش لە (المستدرك)دا. (ماناکەی ئەوەیە سێ کەس گوناهیان لێ ناگیرێ: منداڵ تا باڵق دەبێ، خەوتوو تا بێدار دەبێتەوە، شێت تا چاك دەبێتەوە–وەرگێڕ)

حوکمێکی تەکلیفی ناخرێتە سەر شان تا مەرجەکانی باڵقبوون و ئەقڵ و هەڵبژاردن و زانست و توانای تێدا نەبن.

د- ماقووڵ (المعقول):

بەلای ئەقڵی ساغەوە دادپەروەری نیە داوایەك لە کەسێك بکرێ کە بۆ ئەوە شیاو نەبێ، دادپەروەریی ئیلاهی دەخوازێ لێپرسینەوە لە شێت نەکرێ لەسەر نەکردنی واجبەکان لەکاتی شێتیەکەیدا و ئەو قەدەغەکراوانەی لە باری تووشبوونیدا بەشێتی دەیانکات، لەبەرئەوەی شێت توانای دەرك بە پەیوەندیی نێوان کارەکان و ئەنجامەکانی بکات و خێر و شەڕ لێك جیا بکاتەوە، نەبوونی توانای هەڵسەنگاندنی ئەو کارەی دەیکات، یان نایکات بەڵگەیەکی ئەقڵیی بنبڕە لەسەر نابەرپرسیاربوونی شێت لەڕووی جینائیەوە مادام لەکاتی کردنی قەدەغەکراوەکاندا تووشی شێتی بووبێ، نەکردنی واجب و لێنەپرسینەوە دەخوازێ پاش بەهۆش هاتنەوەی داوای قەزاکردنەوەی ئەو واجبانەی لێ نەکرێ کە فەوتاون.

باسی دووەم:

کاریگەریی شێتی لە بەرپرسیارێتیی جینائی لە یاسای سزاکانی وڵاتانی عەرەبیدا

مانای شێتی لەرووی یاساییەوە:

شێتی لە یاسا نوێکاندا مەدلولێکی یاسایی فراوانی وەرگرتوە، بەشێوەیەك تەنها لە مەدلولە یاسایی و پزیشکییە بەرتەسکەکەیدا کورت نابێتەوە، بەڵکو وای لێهاتووە سەرجەم ئەو دەرد و نەخۆشییە دەروونی و ئەقڵیانە لەخۆ دەگرێ کە کاریگەرییان لەسەر فام و ئیدراك هەیە، بەڵام وشەی شێتی لە یاسا سزایی (الجزائي)ـە عەرەبیەکاندا جارێك بەتەنها و جاریتر لەگەڵ نەخۆشیی ئەقڵیدا بەکار هاتووە، دیارە لە وێنەی یەکەمدا بەمانا گشتییەکە بەکارهاتووە کە سەرجەم دەرد و نەخۆشییە ئەقڵیەکان دەگرێتەوە، بەپێچەوانەی وێنەی دووەم کە دەبێتە بەرانبەری.

شێتی بەمانا یاساییە تایبەتەکەی:

پێناسەیەکی تێروتەسەل و روونم لەلایەن شرۆڤەکارانی یاسای جینائیەوە نەبینی، هۆی ئەوەیش ئەوەیە پێناسەکردن بەو تایبەتمەندیانەی باس کران ئەرکی پزیشکانی پسپۆڕی نەخۆشییە ئەقڵیەکانە، لەگەڵ ئەوەیشدا دەکرێ پێناسە بکرێ بەوەی (تێکچوونێکی ئەقڵییە بەهۆیەوە (مرۆڤ) توانای جیاکردنەوەی راست و هەڵە لەدەست دەدات)، وادیارە لوتکەی نەخۆشییە ئەقڵیەکانە، چونکە هەرچی نەخۆشیترە، لەو سووکتر دەبێ.

شێتی بەمانا گشتیەکەی:

هەموو تێکچوونێکە دووچاری رەوتی سروشتی و ئاسایی دەزگە یاخود هێزەکانی لەش دەبێ، کە بەشدارن لە پێکهێنانی ئیرادە و دیاریکردنی رۆڵ و پشکی لە فام و ئازادیی هەڵبژاردندا[١]. یاسا جەزاییە عەرەبی و ناعەرەبیەکان لە قسەکردنیان لەسەر کاریگەریی

---

[١] الدكتور محمود نجيب حسني لمجرمون الشواذ طبعة دار النهضة ص٢٩.

شێتی لە بەرپرسیارێتیی جینائیدا لەسەر تەرزێك یان تەرزی لێك نزیك نەرۆیشتوون، هەندێکیان تەنیا باسی کارتێکەر (شێتی یان نەخۆشیی ئەقڵی)یان کردوە بەبێ روونکردنەوەی کاریگەری (ئەسەر)ەکەی لەلەدەستدانی فام یان دەرك یاخود ئیفلیجبوونی ئیرادەی ئازاد، واتە رادەی کاریگەریی نەخۆشیی ئەقڵییان لەسەر تایبەتمەندیەکانی ئیرادە و بەها یاساییەکەیان روون نەکردۆتەوە، وەك یاسای سزادانی فەرەنسی کە لە (م٦٤)دا دەڵێ (نە تاوانە و نە کەتن ئەگەر هاتوو تۆمەتبار لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا لە دۆخی شێتیدا بێ)، بەپێچەوانەی ئەمە، لەوانەیە کارتێکەرەکە فەرامۆش بکات و تەنها باسی کاریگەریەکە بکا وەك لە م٤٦ی پرۆژەیاسای سزاکانی ئەڵمانیدا کە دەڵێ (ئەگەر بکەر لەکاتی کردەوەکەیدا ئازادیی ئیرادەی نەبوو لەڕووی جینائیەوە لێی ناپرسرێتەوە).

زۆریان هەردوو شتەکە (کارتێکەر و کاریگەری)یان لە دەقە یاساییەکانیاندا کۆکردۆتەوە، لەوانە یاسای سزاکانی عێراقیی بەرکار کە لە (م٦٠)دا دەڵێ (لەڕووی جەزاییەوە لێی ناپرسرێتەوە، ئەو کەسەی لەکاتی ئەنجامدانی تاواندا لەبەر شێتی یان نەخۆشیەك لە ئەقڵدا، ئیدراکی لەدەست دابێ). هەروەها میسری (م٦٢) کە دەڵێ (سزای نیە، ئەو کەسەی لەکاتی ئەنجامدانی کردەوەکەدا لەبەر شێتی یان نەخۆشیەك لە ئەقڵدا شعور یان هەڵبژاردنی لە کاریدا لەدەست دابێ).

هەندێ لە یاساکان لەباتیی لێی ناپرسرێتەوە (لا یسأل)، یان لەڕووی جینائیەوە لێی ناپرسرێتەوە (لا یسأل جزائیاً) دەستەواژەی سزای نیە (لا عقاب)یان بەکارهێناوە، وەك لە یاسای میسری (م٤٧) و عومانی (م١٠١)دا.

هەندێکیتر دەستەواژەی تاوان نیە (لا جریمة)یان بەکارهێناوە وەك لە یاسای سودانیدا (م٥٠).

دیارە دارێژە راستەکە لەم بوارەدا ئەوەیە بوترێ (لەڕووی جینائیەوە لێی ناپرسرێتەوە یان هەر شتێك هاومانای ئەمە)، هەرچی دەستەواژەکانی {لا عقاب} یان {لا عقوبة} یان {لا یعاقب}ن لێنەپرسینەوە لەڕووی جینائیەوە پێویست ناکەن، لەبەرئەوەی پەیوەندیی لۆژیکیی نێوان رێگری بەرپرسیارێتیی جینائی و رێگری سزا پەیوەندیی گشتی و تایبەتی رەهایە، واتە هەموو رێگرێك لە بەرپرسیارێتیی جینائی رێگرە لە سزا، نەك بەپێچەوانەوە.

هەروەها راست نیە لە بابەتی رێگرەکانی بەرپرسیارێتیی جینائیدا بوترێ (لا جریمة) لەبەرئەوەی ئەم دەربڕینە بۆ هۆکانی رێپێدان دەبێ و بەڕەهایی لە رێگرەکانی بەرپرسیارێتیی جینائی تایبەتترە، واتە هەرچی هۆی رێپێدان بێ رێگرە لە بەرپرسیارێتیی جینائی بەڵام پێچەوانەکەی بەتەواوی وانیە، هەروەها هیتر لەوانەی هۆی رێپێدانن رێگرن لە بەرپرسیارێتیی جینائی، بەڵام پێچەوانەکەی بەتەواوی وانیە، ئەوانە و باقیی جیاوازییە جەوهەریەکانیتری نێوان یاساکان، وەك پشت بەخوا پاشتر بەکورتی قسەیان لەبارەوە دەکەین.

جۆرەکانی شێتی بەمانا گشتیەکەی (یان نەخۆشیی ئەقڵی):

نە یاسا جینائیەکان و نە شرۆڤەکارانی یاسا قسەیان لەبارەی بەشەکانی شێتی بەمانا تایبەتەکەی نەکردوە وەك فیقوانانی شەریعەتی ئیسلامی کردویانە. لە هەندێ یاسادا ناوی شێتیی تەواوەتی و نیمچەشێت و نوتەك و ناوبەناو هاتووە و شرۆڤەکارانی یاسا بەکورتی قسەیان لەبارەوە کردون، بەڵام لە گرنگترین جۆرەکانی نەخۆشییە ئەقڵیەکانیان کۆڵیوەتەوە بەبێ ئەوەی ماناکانیان لەڕووی پزیشکیەوە بەوردی دیاری بکەن، وەك لە خوارەوە:

١- دەبەنگی (العتە): لە ڕووی زمانەوانیەوە بریتییە لە کەمکردنی ئەقڵ، کەمکردنەکەیش بەپلەی جیاواز دەبێ، لەبەرئەوە زانایانی پزیشکیی ئەقڵی لەڕووی دۆخەکانەوە بۆ دوو جۆر دابەشیان کردوە[1]:

أ- دەبەنگی بەمانای تەواونەبوونی گەشە بەهۆیەکی زگماکی بەهۆی ناتەواویەکی خەلقیەوە، واتە کەسەکە لە رۆژی لەدایکبوونیەوە توانایەکی زەینیی دیاریکراوی نوقسانە، بەڵام باقیی زانینەکانی وەك باقیی خەڵکیتر گەشە دەکەن.

ب- دەبەنگی بەمانای وەستانی گەشەی زانینەکان (المدارك)، واتە کەسەکە زانینەکانی دەست بەگەشە دەکەن بەڵام پاش تەمەنێکی دیاریکراو لە گەشە دەوەستن، بۆیە فامکردنەکەی تێکەڵ و پێکەڵ دەبێ و ئەقڵ پێشکان و هەڵسەنگاندنی بۆ شتەکان وەك

---

[1] القللي سەرچاوەی پێشوو:٣٧٥.

منداڵ دەبێ.

جۆری یەکەمیان لەو کەمئەقڵانەن کە بۆ کۆمەڵگە مەترسیدارن بەتایبەت ئەوانەیان هیچ نیشانەیەکی هەستی پەسەندیان تێدا نیە.

لەم روانگەوە لەوانەیە کەمئەقڵی رێگر بێ لە بەرپرسیارێتیی جینائی ئەگەر پلەی شێتی هەبوو، لەوانەیشە سزا سووك بکا ئەگەر **دەبەنگ** وەك کەسی بێئەقڵ یان منداڵی بەفام بوو.

فیقوانانی شەریعەتی ئیسلامی هەروەها جیاوازییان کردوە لەنێوان کەمئەقڵێك کە فامی وەك فامی منداڵی بەفامە و حوکمی رەفتارەکانی هەمان حوکمی رەفتارەکانی منداڵی فامداریان هەیە، لەگەڵ کەمئەقڵێك فامی لە خوار فامی منداڵی بەفامەوەیە و حوکمی رەفتارەکانی هەمان حوکمی رەفتارەکانی نەفام و شێت دەبێ.

لە (التوضیح)دا هاتووە، **دەبەنگی** (تێکچوونێکە لە ئەقڵدا، بەشێوەیەك قسەی تێکەڵ دەبێ، جارێك قسەی لە قسەی ژیران دەچێ و جارێ لە هی شێتان)[1].

٢- **پەرکەم**: نەخۆشیەکی دەمارییە بەوە دەناسرێتەوە کە (تۆشبوو) ناوبەناو لەناکاو دەبوورێتەوە و بەزۆریش گرژبوونی لەگەڵدایە، ئەم نۆرە لێهاتنانە لە توندی و تێکرای روودانەوەیان و ماوەی لەهۆش خۆچوونەکە جیاوازن، لەوانەیە هێواش و راگوزەر بێ و لەوانەیشە زۆر توند بێ، هەروەها لەوانەیە نۆرەکە لەپڕ و بەبێ ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەخت روو بدات، هەروەك دەشێ هەستێکی پێشوەخت و چرپەیەکی غەریب کە روو لە یەکێك هەستەکان دەکا وەك هەستی بینین و بیستن و باقیی هەستەکانیتر جۆرە ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەخت بێ، وەك ئەوەی نەخۆش تارماییەك ببینێ یان دەنگێك ببیستێ یان بۆنێك بکات و پاش ئەوە راستەوخۆ بکەوێتە سەر زەوی و لەهۆش خۆی بچێ، بەدوای روودانی نۆرەکەدا هێز و تاقەتی کەسەکە خاو دەبێتەوە و نەخۆش دەچێتە خەوێکی قووڵەوە و کاتێ بەخەبەر دێتەوە هیچی لەوەی بەسەری هاتووە لە یاد نابێ[2].

لەوانەیشە پڕ بداتە ئەنجامدانی تاوانێك یان کردنی کارێکی ئابڕووبەرانە، فیقوانانی یاسای

---

[1] التوضیح شرح التنقیح لصدر الشریعة: ٢/١٦٦.

[2] الموسوعة العربیة المیسرة: ص١١٣٢.

جینائی بە یەکێك لە ڕێگرەکانی بەرپرسیارێتیی جینائییان داناوە[1].

٣- هستیریا: تێکچوونێکی دەروونی و دەمارییە، کە قابیلیەتی بەهێز بۆ ئیحا و لاساییکردنەوەی ئینفیعالی و لاوازیی بارگەی ئینفیعالی لە سیما دیارەکانیەتی، لەبەریەك هەڵوەشانی ناواخنی شعور لەئەنجامی ململانێیەك لەنێوان خودی هەستکار و ئارەزووە نەستییە چەپێنراوەکانەوە پەیدا دەبێ و وەك یەك تووشی نێر و مێ دەبێ.

نەخۆشیی هستیری دیلالەتێکی بەرگریکارانە لەدژی نیگەرانی و هەندێ جاریش تەعریزیی ڕەمزی و جۆرێك لە جۆرەکانی خۆگونجاندنی ناتەواوی هەیە، چارەسەرەکەیشی بەپشتبەستن دەبێ بە شیکردنەوەی دەروونی بۆ زاڵبوون بەسەر گرێ دەروونیەکان و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی کەسایەتیی نەخۆش و پەرەدان بە توانای لەسەر ڕەخنە لەخۆگرتن و ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی ژیان بە گیانێکی ڕاچەنیو[2].

فیقوانانی یاسای جینائی وای دەبینن ئەوە تێکچوونێکە لە هاوسەنگیی کۆئەندامی هەناسەدا و کاریگەری لەسەر هەست و شعور هەیە، ئەگەرچی کاریگەری لەسەر ئیرادە هەیە بەڵام زانین و فام ناسڕێتەوە، لەبەرئەوە لەو عوزرانە سەرژمێر دەکرێ کە سزا سووکێنن و بەشێوەیەکی ڕەها ڕێگر نیە لە بەرپرسیارێتیی جینائی[3].

٤- شیزۆفیرینیا: جۆرێکە لە نەخۆشییە دەروونیەکان پەیوەندی بە سەرگەردانیی شلۆقەوە (الحيرة القلقة) هەیە، بەشێوەیەك تاکی تووشبوو ناتوانێ ناکۆکی و کێشەی نێوان خۆی و ئارەزووە پێکدادەرەکانی، یان نێوان پاڵنەرە بایۆلۆژیەکان و حەرامکراوەکان و ڕێسا کۆمەڵایەتیەکان چارە بکا، لە گرنگترین نیشانەکانی:

١- کشانەوەی پلەبەپلە لە کۆمەڵگە و گۆشەگیربوون لە دنیایەکی سەیردا کە بە شەرمکردن و دوورەپەرێزیی کۆمەڵایەتی دەناسرێتەوە.

ب- لەوانەیە تووشبوو هێرشی توند بکاتە سەر هەندێ خەڵك.

ج- زۆربەی ئەو تاوانانەی تووشبووان بەم نەخۆشییە ئەنجامی دەدەن کوشتن و

---

[1] د. القللي، سەرچاوەی پێشوو: ٣٧٨. د.محمود نجيب حسني، المجرمون الشواذ ص٤٠.

[2] الموسوعة العربية الميسرة:١٨٧٩.

[3] د. محمود نجيب الموجز في شرح قانون العقوبات:٤٣٦، د. القللي في المسؤولية الجنائية:٣٧٨.

دزیکردن[1].

٥- خەواندنی موگناتیسی: ئەم زاراوەیە لەسەر زمانی خەڵك بڵاوە و لە بیبلۆگرافیا و شرۆڤەکانی یاسا و هیتردا جێگیر کراون، سەرباری ئەوەیش دەربڕینێکی هەڵەیە و خەواندنی ئیحائی راستە، لەبەرئەوەی هێزی موگناتیسی هیچ رۆڵێکی لەم بابەتەدا نیە، بەڵکو ئیحا رۆڵ دەبینێ. خەواندنی ئیحائی حاڵەتێکە لە خەوتنی سروشتی دەچێ و دەکرێ لای کەسی خاوبووەوە دروست بکرێ، ئەویش لەرێی دووبارەکردنەوەی هەندێ وشە و جوڵەی ئیحائیەوە، یان رێك لە خاڵێکی بریسکەداردا کە دەبێتە هۆی لاوازبوونی دەمارەکانی چاو، یان بەفشارخستنە سەر گلێنەی هەر چاوێك لەگەڵ چەند جوڵەیەکی دەروونیی خاو و قووڵ. کەشوهەوای سایکۆلۆژیی گونجاویش یارمەتیی روودانی دەدا، هەروەك بەئاسانی لەو کەسە روودەدا کە ئەم کردەیەی لەگەڵ بەکار دێ[2].

شرۆڤەکارانی یاسای جینائی[3] ناکۆکن لەبارەی ئەوەی ئاخۆ بەرپرسیارێتی ئاراستەی خەوێنەر یان خەوتوو دەکرێ ئەگەر لەژێر کاریگەریی خەواندنی ئیحائیدا تاوانێکی ئەنجام دا؟ بنچینەی ناکۆکیەکە جیاوازییە لەوەدا ئاخۆ خەوتووەکە گوێڕایەڵیەکی کوێرانەی

---

[1] د. عبد الجليل الطاهر كتابه (التفسير الاجتماعي للجريمة)، نقلا عن الاستاذ عبد الرحمن الجوراني موانع المسؤولية الجنائية:٧٤.

جورانی بڕیارێکی تەمیزکارانەی گواستۆتەوە کە پەیوەندی بە تاوانێکەوە هەیە کەسێکی تووشبوو بەم نەخۆشیە ئەنجامی داوە، بەم شێوەیە ١٢٧/٥٤ بەغدا، دادگەی گەورەی ناوچەی بەغدا لە ١٩٥٤/٩/١٥ ژمارەی فایل: ٥٤/٣٦٢. بەرپرسیارنەبوونی تۆمەتبار (ج) بەگوێرەی م٤٢ لە ق.ع.ب لە تۆمەتی کوشتنی ناوبراو (م) لە خانەی باڵیۆزخانەی عێراق لە واشنتۆن کە بەپێی م٢١٢ لە یاسای ناوبراو دراوەتە پاڵی، لەبەرئەوەی ساغ بۆتەوە تۆمەتبار لە حاڵەتی لەدەستدانی شعور و گرفتاری بە نەخۆشیەکی ئەقڵیدا بووە کە شیزۆفیرینیایە لەگەڵ وەهمەکانی چەوساندنەوە، حوکمەکە دەستبەجێ لەگەڵ تەواوی ئەوراقی دەعواکە و لق و پۆپەکانیدا رەوانەی دادگەی تەمیز کرا بەمەبەستی وردبینیکردنە تەمیزیەکان لەسەری، داواکاری گشتی داوای کرد بڕیاری نابەرپرسیاربوون پەسەند نەکرێ و ئەوراقی دەعواکە بگێڕدرێتەوە بۆ دادگەکەی تا سەرلەنوێ دادگەیی بکرێتەوە و ئەم ناتەواوییە گرنگانەی خوارەوە تەواو بکرێن). پاشان ئەم بڕیارە هات (پاش وردبینی و تاوتوێکردن دەرکەوت بڕیاری بەرپرسیارنەبوون بەسەرنجدان لە راشکاویی راپۆرتە پزیشکیەکان چ ئەوانەی لە ئەمەریکا یان لە بەغدا دراون، پاڵپشتی یەکتر دەکەن، بەوەیش بڕیاری ناوبراو بەگوێرەی یاسایە و بڕیار درا پەسەند بکرێ.

[2] الموسوعة العربية الميسرة:٥٥١.

[3] القللي، سەرچاوەی پێشوو :٣٧٩.

خەوێنەرەکە دەکا؟ ئەگەر وابێ لەوکاتەدا لەڕووی جینائییەوە لەسەر ئەوەی دەیکا لێی ناپرسرێتەوە، بەڵکو خەوێنەرکە بەرپرسە. هەروەها ئەگەر بەشێوەیەك بوو ئازادیی هەڵبژاردنی لەدەست نەدەدا بەڵکو دەیتوانی ئەنجامەکانی ئەو فەرمانەی پێی دەکرێ هەڵبسەنگێنێ، یان دەیتوانی بەر لە جێبەجێکردنی هەڵیبسەنگێنێ، ئەوکاتە لەڕووی جینائییەوە لەسەری ئەوەی ئەنجامی دەدا بەرپرسیارە، لەم بارەدا خەواندن بە هەلومەرجێکی سووکێن (مخفف) دادەنرێ.

ئاراستەیەکی سێیەمی ناوەندیش هەیە، ئەویش دەستگرتنە بە پێوەری شەخسی بۆ هەر خەوتوویەك بە خەواندن، ئەو لەوانەیە لەتوانایدا بێ بەرەنگاری ئەو فەرمانانە بکا کە لەلایەن خەوێنەرەوە ئاراستەی دەکرێ، لەکاتێکدا لە هەندێ حاڵەت و هەلومەرجی دەوروبەریدا ناتوانێ ئەوە بکا، بەڵام هیچ ناکۆکیەك نیە لەوەدا ئەو تاوانانەی خەوێنەر دەرهەق کەسی خەوتوو ئەنجامیان دەدا، وەك دەستدرێژیی سێکسی (ئیغتیساب) و هەتککردنی ناموس و ئەو جۆرانە، خەوێنەر لەڕووی جینائییەوە لێیان بەرپرسیارە و خەواندن بە دۆخێکی توندێن (ظرف مشدد) دادەنرێ، وەك زۆرلێکردن.

٦- نورستانیا (داهێزرانی دەماری): حاڵەتێکی دەمارییە لە نیشانەکانی، هەستکردنە بە کفتبوون و خێرا وروژانی ئینفیعالی، نەبوونی توانای تەرکیزکردنی زەین و بێتاقەتی و دڵەخورپە. ئەم چەمکە دیلالەتە پراکتیکیەکەی لەدەست داوە لەبەرئەوە نەخۆش هیچ لاوازیەکی ئەندامی نیە و هیچ ناتەواویەکی لە ئەرکە دەماری (عصبی)ەکاندا نیە، لەبەرئەوە بەکارهێنانی لە پزیشکی ئەقڵیدا کەم بووەتەوە[١]. سەرباری ئەوەیش شرۆڤەکارانی یاسای جینائی بە یەکێك لە نەخۆشییە ئەقڵیەکانیان داناوە، بەڵام لە بەرپرسیارێتیی جینائی نەبەخشراوە[٢].

٧- خەوی بێداری (الیقظة النومیة): حاڵەتێکی نەخۆشییە تووشبوو کاتێ لە خەو هەڵدەستێ کاری جیاواز دەکا وەك ئەوەی هێشتا خەون ببینێ. زانایانی یاسای جینائی[٣]

---

[١] الموسوعة العربیة المیسرة:١٨٥٨.

[٢] لقلی سەرچاوەی پێشوو: ٣٨٠.

[٣] لقلی سەرچاوەی پێشوو: ٣٧٨، د.محمود نجیب حسنی -المجرمون الشواذ:٤٤.

پێیان وایە ئەگەر لەو دۆخەدا تاوانێكی ئەنجام دا لەڕووی جینائییەوە بەرپرسیار نابێ، بەڵام ئەگەر بە دۆخەی زانی، پێویستە بۆ دوورخستنەوەی زیانگەیاندنی بە كەسیتر ئیحتیاتی پێویست وەربگرێ، ئەگەر ئەمەی فەرامۆش كرد و تاوانێكی ئەنجام دا وەك تاوانی هەڵە لێی دەپرسرێتەوە.

٨- هەندێ حاڵەتی دەماریی ناخۆشیانە، لەوانە:

كەڕی و لاڵی. ئەم نەخۆشییە لەوانەیە پاش ئەوە رووبدات كە تووشبوو ساغ بووە، لەوانەیشە نەخۆشیەكە لەگەڵی لەدایك ببێ. زانایانی یاسای جینائی[1] پێیان وایە لە حاڵەتی یەكەمدا بە رێگر لە بەرپرسیارێتیی جینائی دادەنرێ، بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا هەلومەرج و دۆخی تووشبوو لەكاتی ئەنجامدانی تاوانەكەدا لەبەرچاو دەگیرێ، دەشێ بزان و بەفام بێ و لەو بارەدا نەخۆشیەكە سووكێن دەبێ، هەروەك دەشێ لەبەر گەشەنەكردنی توانای زانینی فامی لێ بسەنێتەوە، لەم بارەدا بە عوزرێك دادەنرێ كە لە تاوان دەیبەخشێ.

سووڕی مانگانەی ئافرەت (بێنوێژی). ئافرەت كاتێ دەكەوێتە سووڕی مانگانە، لە بارێكی سروشتیدا نابێ كە بتوانێ ئەعسابی كۆنترۆڵ بكا، لەبەرئەوە زانایانی یاسای جینائی ئەم حاڵەتەیان بە بارودۆخێكی سووكێن (مخفف) داناوە ئەگەر هاتوو لەو دۆخەدا تاوانێكی ئەنجام دا.

قورئانی پیرۆز پێش یاسا ئاماژەی بەم راستییە داناوە وەك خوا ئەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاء فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ﴾[2]. گوتارەكە روو لە ئوممەتی پێغەمبەرە، لەبەرئەوەی ئەو خۆی نە ژنی تەڵاق داوە و نە رۆژێ لە رۆژان نیەتی تەڵاقدانی هەبووە، پیتی لام لە (لعدتهن) بۆ تەوقیتە واتە كاتی دەستپێكردنی عیددەكەیانە كە ئەویش كاتی پاكبوونەوەیەكە تێیدا دەستی لێ نەداوە، حیكمەتیش لەوەدا ئەوەیە دۆخی بێنوێژی (حەیز) دۆخێكە هاندەرە بۆ دروستبوونی ناكۆكی لەنێوان ژن و مێرد و پاڵنان بە مێردەوە بۆ دەستبردن بۆ تەڵاق كە دزێوترین حەڵاڵە لەلای خوا و وەك ئیستیسنا بۆ چارەسەری كێشە ئاڵۆزەكانی هاوسەران دانراوە، كۆمەڵێ لە فیقوانانی موسڵمان رایان وابووە ئەگەر

---

[1] القللي:٣٨١، د.محمود نجيب سەرچاوەی پێشوو:٤٧.

[2] سورة الطلاق:١.

ئافره‌ت له‌ حه‌یز (عاده‌)دا بوو ته‌ڵاق ناكه‌وێ، له‌وانه‌ جه‌عفه‌ری و زاهیری –جگه‌ له‌ داود– و زه‌یدی و هه‌ندێ له‌ حه‌نبه‌لیه‌كان[1]، له‌وه‌شدا له‌سه‌ر هه‌قن له‌به‌رئه‌وه‌ی فه‌رمانكردن به‌ شتێك نه‌هیكردنه‌ له‌ دژه‌كه‌ی، نه‌هیكردنیش مانای خراپی نه‌هیكراوه‌.

هه‌ڵوێستی یاسا سزاییه‌ عه‌ره‌بییه‌كان له‌ كاریگه‌ریی شێتی (یان نه‌خۆشی)

ئه‌م یاسایانه‌ خه‌ریكه‌ هه‌موو كۆك بن له‌وه‌ی شێتی یان نه‌خۆشی (العاهة) رێگرێكه‌ له‌نێو رێگره‌كانی به‌رپرسیارێتیی جینائیدا، یان لانیكه‌م دۆخێكی سووكێنه‌ له‌ هه‌ندێ حاڵه‌تی شێتیدا به‌مانا ناگشتگیره‌كه‌ی بۆ سه‌رجه‌م نه‌خۆشییه‌ ئه‌قڵی و ده‌مارییه‌كان، له‌ خواره‌وه‌ چه‌ند نموونه‌یه‌كی په‌یوه‌ندار به‌م بابه‌ته‌ له‌و یاسایانه‌ ده‌خه‌ینه‌ روو:

یاسای سزاكانی عێراقی (م٦٠)

(له‌رووی سزاییه‌وه‌ لێی ناپرسرێته‌وه‌، ئه‌و كه‌سه‌ی له‌كاتی ئه‌نجامدانی تاواندا له‌به‌ر شێتی یان نه‌خۆشیه‌ك له‌ ئه‌قڵدا، ئیدراك یان ئیراده‌ی له‌ده‌ست دابێ). یاسادانه‌ری عێراقی چاكی كردوه‌ كه‌ ده‌سته‌واژه‌ی (له‌رووی سزاییه‌وه‌ لێی ناپرسرێته‌وه‌)ی به‌كارهێناوه‌ و بۆ ره‌چاوكردنی گشتگیری شێتی و نه‌خۆشیی ئه‌قڵی كۆكردۆته‌وه‌، هه‌روه‌ها كارتێكه‌ر (نه‌خۆشیی ئه‌قڵی) و ئاسه‌واره‌كه‌ی (له‌ده‌ستدانی ئیراده‌ یان ئیدراك)ی كۆ كردۆته‌وه‌.

میسری (م٦٢)

(سزای له‌سه‌ر نیه‌، ئه‌و كه‌سه‌ی له‌كاتی ئه‌نجامدانی كرده‌وه‌كه‌دا له‌به‌ر شێتی یان نه‌خۆشیه‌ك له‌ ئه‌قڵدا شعور یان هه‌ڵبژاردنی له‌ كاریدا له‌ده‌ست دابێ).

یاسادانه‌ری میسری سه‌ركه‌وتوو نه‌بوو له‌ به‌كارهێنانی ده‌سته‌واژه‌ی (سزای له‌سه‌ر نیه‌)، له‌به‌رئه‌وه‌ی بابه‌ته‌كه‌ په‌یوه‌ندی به‌ به‌رپرسیارێتیی جینائیه‌وه‌ هه‌یه‌، ره‌تكردنه‌وه‌ی سزا ره‌تكردنه‌وه‌ی به‌رپرسیارێتی فه‌رز ناكا له‌به‌رئه‌وه‌ی په‌یوه‌ندیی لۆژیكی له‌نێوان رێگری

---

[1] بڕوانه‌ ئه‌م كتێبه‌مان: الطلاق في شريعة السماء وقانون الارض:٢/١١٥.

بەرپرسیارێتی و ڕێگری سزا گشتی و تایبەتی ڕەهایە وەك پێشتر باسمان کرد، هەموو ڕێگرێك لە بەرپرسیارێتیی سزایی ڕێگرە لە سزادان، بەڵام پێچەوانەکەی بەتەواوی وانیە.

سوری (م٢٣٠)

(لە سزا دەبەخشرێ هەر کەس لە دۆخی شێتیدا بێ).

ئەم مادەیە لە چەند ڕوویەکەوە تێبینی لەسەرە، لەوانە یاسادانەری میسری کەوتۆتە هەمان تێکەڵکردنی یاسادانەری میسری لەنێوان ڕێگری سزادان و ڕێگری بەرپرسیارێتیی جینائی، لەوانە باسی کارتێکەر (شێتی) کردوە و ئاسەوارەکەی (لەدەستدانی ئیدراك یان ئیرادە)ی فەرامۆش کردوە.

لوبنانی (م٢٣١)

(لە سزا دەبەخشرێ ئەو کەسەی لە دۆخی شێتیەکدا بێ هۆش یان ئیرادەی لەدەست بدات).

هەمان سەرنج کە لەسەر یاسادانەری میسری و سوری خستمانە ڕوو لەسەر یاسادانەری لوبنانیش دەیخەینە ڕوو لە بەکارهێنانی (بەخشین لە سزادان) لەباتیی (بەخشین لە بەرپرسیارێتیی جینائی).

عومانی (م١٠١)

(سزای لەسەر نیە، ئەو کەسەی لە حاڵەتێکی شێتیدا کە هۆش یان ئیرادەی لەدەست داوە، تاوانێکی ئەنجام داوە).

یاسادانەری عومانیش بەهۆی بەکارهێنانی دەستەواژەی (سزای لەسەر نیە) کەوتۆتە هەمان تێکەڵکردن.

جەزائیری (م٤٧)

(سزای لەسەر نیە، ئەو کەسەی لەکاتی ئەنجامدانی تاواندا لە دۆخی شێتیدا بێ).

هەمان سەرنج لەسەر یاسادانەری جەزائیری هەیە کە سەبارەت بەو یاسایانەی باس کران لە جیاوازینەکردن لەنێوان ڕێگرەکانی سزا و ڕێگرەکانی بەرپرسیارێتیی جینائی خستمانە ڕوو، لەکاتێکدا سەرجەم بۆچوون و یاسا سزاییەکانی جیهان یەکدەنگن کە شێتی

لە رێگرەکانی بەرپرسیارێتییە، هەروەها ئەو سەرنجەی لەسەرە کە تەنها قسەی لەسەر کارتێکەر کردوە بەبێ باسکردنی ئاسەوار.

هۆی ئەم هەڵانە لە یاساداناندا بۆ نەشارەزایی لە زانستی مەنتیق دەگەڕێتەوە.

ئوردنی (م٩٢)

(لە سزا دەبەخشرێ، هەرکەس کردن یان نەکردنێك ئەنجام بدا و بەهۆی تێکچوونێکی لە ئەقڵیدا، لەکاتی ئەنجامدانیدا مانای کردەوەکانی نەدەزانی، یان نەیدەتوانی بزانێ ئەو کردن یان نەکردنە لێی قەدەغەیە).

لەو سەرنجانەی لەسەر ئەم دەقە یاساییە هەیە تێکەڵکردنی ناوبراوە لەنێوان رێگری سزا و رێگری بەرپرسیارێتیی جینائیدا. لە باشیەکانیشی ئەوەیە باسی تاوانی ئەرێنی (کردنی قەدەغەکان) و نەرێنی (نەکردنی واجبەکان)ی کردوە، ئەمە جگە لە بەکارهێنانی دەستەواژەیەکی گشتی (تێکچوونی ئەقل) (اختلال العقل) کە سەرجەم ئەو نەخۆشییە ئەقڵییانە دەگرێتەوە کە کاریگەرییان لە بەرپرسیارێتیدا هەیە لەڕووی لەدەستدانی ئیدراك یان ئیرادەوە. ئەمە جگە لە باسکردن لە دەستبەسەرکردنی تووشبوو لە نەخۆشخانەی نەخۆشییە ئەقڵیەکان لە مادەی پاش ئەوەدا.

مەغریبی (فەسڵی ١٣٤)

(بەرپرسیار نابێت و پێویستە حوکم بە لێبوردنی بدرێ، ئەو کەسەی لەکاتی ئەنجامدانی ئەو تاوانەی دراوەتە پاڵی لە دۆخێکدا بووبێ، بەهۆی خەلەلێك لە هێزە ئەقڵیەکانیدا نەتوانێ ئیدراك و ئیرادەی هەبێ).

لە تایبەتمەندیەکانی ئەم دەقە ئەوەیە نەکەوتووەتە نێو تێکەڵکردنی ناوبراو بەڵکو دەستەواژەی (لا یسأل)ی بەکارهێناوە و بەڕاشکاوی ئەوەی روون کردۆتەوە کە قازی دەسەڵاتی هەڵسەنگاندنی نییە لە بەخشین یان نەبەخشینی تاوانکاری گرفتار بە نەخۆشیەکی ئەقڵی، بەڵکو پێویستە حوکمی لێبوردنی بۆ دەربکات ئەگەر سەلما تۆمەتبار تووشی نەخۆشیەکی ئەقڵی بووە کە لەکاتی تاوانەکەدا فام یاخود ئیرادەی لەدەست داوە.

شێتیشی بە دەستەواژەیەکی گشتی باس کردوە (تێکچوون لە هێزە ئەقڵیەکانیدا) تا سەرجەم ئەو نەخۆشییە ئەقڵییانە بگرێتەوە کە ئیدراك یان ئیرادە لەدەست مرۆڤ دەدەن،

ئەمە جگە لە بەڕاشکاوی باسکردن لە کاریگەری (لەدەستدانی ئیدراك یان ئیرادە).

هەروەها لەم فەسڵەدا باسی ئەوەی کردوە لە **تاوان و کەتنەکاندا** حوکمی سپاردنی قەزایی دەدریٚ لە دامەزراوەیەکی چارەسەری نەخۆشییە ئەقڵییەکان. بەڵام لە **سەرپێچییەکاندا** ئەگەر مەترسی بۆ سەر سیستمی گشتی هەبوو رادەستی دەسەڵاتی ئیداری دەکریٚ.

لیبی (م٨٣، م٨٤)

عەیبی تەواوەتی لە ئەقڵدا: (م٨٣) (لەڕووی جینائیەوە لێی ناپرسرێتەوە، ئەو کەسەی لەکاتی ئەنجامدانی کردەوەکەدا لە دۆخی عەیبێکی ئەقڵیدا بووبیٚ کە زادەی نەخۆشیەکە هێزی شعور و ئیرادەی لەدەست داوە).

عەیبی بەشەکی لە ئەقڵدا: (م٨٤) (لێی دەپرسرێتەوە، ئەو کەسەی لەکاتی ئەنجامدانی کردەوەکەدا لە دۆخی خەلەلێکی ئەقڵیی نانوتەکدا بیٚ، کە زادەی نەخۆشیەکە هێزی شعور و ئیرادەی تا رادەیەکی زۆر کەم کردۆتەوە، بەبیٚ ئەوەی نەیهێڵیٚ).

لە تایبەتمەندیەکانی یاسا لیبیەکە لەم بابەتەدا ئەوەیە شێتیی تەواو (نوتەك) و شێتیی بەشەکی (نانوتەك یان ناوبەناو)ی لێك جیا کردۆتەوە، یەکەمیان بە عوزرێك داناوە کە بکەر لە بەرپرسیارێتیی جینائی دەبەخشیٚ، بەڵام دووەم وەك دۆخێکی سزا سووکێن داناوە.

هەروەها یاسای لیبی (م٨٦) لەبارەی حوکمی کەڕ و لاڵەوە دەڵیٚ (لێی ناپرسرێتەوە، ئەو کەڕولاڵەی بەهۆی نەخۆشیەکەیەوە لەکاتی ئەنجامدانی کردەوەکەدا هێزی شعور و ئیرادەی نەبووە).

ئەگەر هێزی شعور و ئیرادە بەڕادەیەکی زۆر کەمی کردبیٚ بەبیٚ ئەوەی تەواو نەمابیٚ، ئەم وەسفە بە رێگر لە بەرپرسیارێتیی جینائی دانانریٚ، بەڵام بە دۆخێکی سزا سووکێن دادەنریٚ.

سوودانی (م٥٠)

(تاوان لە کردەوەیەکدا نیە کە لە کەسێك بوەشێتەوە لەکاتی ئەنجامدانی کردەوەکەدا توانای ئەوەی نەبیٚ ماهیەتی کردەوەکانی بزانیٚ یان بەسەریاندا زاڵ بیٚ بەهۆیەك لەم هۆیانەی خوارەوە:

أ- شێتیی هەمشەیی یان کاتی، یاخود نەخۆشیی ئەقڵی.

ب- سەرخۆشی بەهۆی بەکارهێنانی هەر مادەیەك بەدەر لە ئیرادەی خۆی یان بەبێ ئەوەی پێی بزانێ.

لەم مادەیەدا تێبینی دەکرێ دەستەواژەی تاوان نیە (لا جريمة)ی بەکارهێناوە، ئەمەیش هەڵەیەکە لێخۆشبوون هەڵناگرێ، لەبەرئەوەی ئەم زاراوەیە لە هۆکانی ڕێپێدان (اسباب الاباحة)دا بەکار دێ، یاسادانەری سودانی ڕێگرەکانی بەرپرسیارێتیی جینائی و هۆکانی ڕێپێدانی تێکەڵ کردوە، ڕێگری بەرپرسیارێتی کردەوەکە ناگۆڕێ بۆ موباح تا بوترێ (لا جريمة)، بۆ نموونە شێتی تاوانی شێت ناگۆڕێ بۆ کارێکی موباح و تاوانەکە لە وەسفە جورمیەکەی داناماڵێ، لەبەرئەوەی کاریگەریەکەی لە روکنە مەعنەویەکە (قەسدی جینائی)دا کورت دەبێتەوە، بەپێچەوانەی هۆی ڕێپێدان کە کاریگەری لەسەر روکنی شەرعی هەیە و کردەوەکە بە قەدەغەکراوی نامێنێتەوە.

کوێتی (م٢٢)

(لەرووی سابیەوە لێی ناپرسرێتەوە، ئەو کەسەی لەکاتی ئەنجامدانی کردەوەکەدا نەتوانێ دەرك بە سروشتی کارەکە یان سیفەتە نامەشروعەکەی بکا، یان بەهۆی نەخۆشیەکی ئەقڵی یاخود ناتەواویەك لە گەشەی زەینی یان هەر دۆخێکیتری ئەقڵی ناسروشتیەوە نەتوانێ ئیرادەی ئاراستە بکا. ئەگەر بەپێی حوکمەکانی برگەی پێشوو بڕیار بە نابەرپرسیاربوونی تۆمەتبار درا، دادگە ئەگەر مەزەندەی وابوو مەترسی بۆ سەر ئاسایشی گشتی هەیە، فەرمان دەکا بخرێتە شوێنێ تایبەت بە نەخۆشە ئەقڵیەکان، تا ئەوکاتەی لایەنی بەرپرس لە بەڕێوەبردنی شوێنەکە فەرمان دەکا ئازاد بکرێ، ئەویش لەبەر نەمانی هۆی دانانی لەو شوێنە).

ئەم دەقە بە گشتگیری و وردیی داڕشتنەکەی جیا دەکرێتەوە.

قەتەری (م١٩)

(بەرپرسیارێتیی سزایی لەسەر کردەوەیەك نیە کە لە کەسێکەوە روویدا لەکاتی ئەنجامدانیدا توانای دەرککردن بە ماهیەتی کردەوەکانی نەبێ، یان لەبەر هۆیەك لەم هۆیانەی خوارەوە توانای ئاراستەکردنی ئیرادەی خۆی نەبێ:

أ- شێتیی هەمشەیی یان كاتی، یان ناتەواوی لە گەشەی زەینیدا.

ب- سەرخۆشی بەهۆی بەكارهێنانی هەر مادەیەك بەدەر لە ئیرادەی خۆی، یان بەبێ ئەوەی پێی بزانێ.

ئەم دەقە وەك دەقە كوێتیەكە بە گشتگیری و وردیی دارشتنەكەی جیا دەكرێتەوە.

میرنشینە یەكگرتووە عەرەبیەكان (م٩):

(لە بەرپرسیارێتیی جینائی دەبەخشرێ..

ج- شێتی نوتەك.

د- شێتی نانوتەك ئەگەر لەكاتی نوتەكبوونی شێتیەكەیدا تاوانێكی ئەنجام دا.

هـ- دەبەنگ ئەگەر گێلی و دەبەنگیەكەی توانای لێكجیاكردنەوەی شتەكان و هەڵسەنگاندنی ئەنجامەكانی لێ سەندەوە).

لە سەرنجەكانی سەر ئەم دەقە ئەوەیە تەنیا باسی كارتێكەری كردوە بەبێ باسكردنی ئاسەوار یاخود كاریگەری (لەدەستدانی ئیراك یان ئیرادە)، بەڵام بەوە جیا دەكرێتەوە كە باسی شێتیی نوتەك و نانوتەكی كردوە، ئەمە جگە لە باسكردنی حوكمی دەبەنگ.

بەحرێنی (م١٥)

(نابێ هیچ كەسێك بە تاوانێك تاوانبار بكرێ، ئەگەر ئەو كەسە لەكاتی ئەنجامدانی ئەو كردەوە تایبەتەدا بەدەست هەر نەخۆشی یان حاڵەتێكەوە گرفتار بێ كە بەشێوە و رادەیەك كار لە ئەقڵی بكا وای لێ بێ لەو كاتەدا توانای نەبێ دەرك بە كردەوەكانی بكا، یان دەرك بەوە بكا كە بۆی نیە ئەو كردەوە تایبەتە ئەنجام بدات).

ئەم دەقە دارشتنەكەی ورد و روون نیە، ئەمە جگە لەوەی درێژدادریی زیادەی تێدایە.

یەمەنی (م٣٢)[1]

عەیبی ئەقڵی

(لێی ناپرسرێتەوە ئەو كەسەی لەكاتی ئەنجامدانی كردەوەكەدا توانای ئەوەی نەبێ سروشت و ئەنجامەكانی بزانێ، بەهۆی:

---

[1] ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٤.

١- شێتیی هەمیشەیی یان کاتی یان نەخۆشیی ئەقڵی.

٢- بەکارهێنانی مادەی مەستکەر یان هۆشبەر بەزۆر یان بەبێ ئاگایی یان لە بەر زەرورەت و هتد).

ئەم دەقە بە پوختی و رۆشنی و گشتگیریەکەی جیا دەکرێتەوە.

فەلەستینی (م١٠١)

(لە سزادان دەبەخشرێ ئەوەی لە دۆخی شێتیدا بێ).

تێبینی دەکرێ ئەم دەقە رێگری سزا و رێگری بەرپرسیارێتیی جینائی تێکەڵ کردوە، ئەمە جگە لەوەی تەنیا باسی کارتێکەر (شێتی) کردوە و ئاسەوار (لەدەستدانی ئیدراک یان ئیرادە)ی فەرامۆش کردوە.

بەراوردکردنی ئەم یاسایانە:

بە خستنەرووی دەقە پەیوەندارەکان بە کاریگەریی شێتی یان هەر نەخۆشیەکیتری ئەقڵی لەسەر بەرپرسیارێتیی جینائی لە یاسا سزاییە عەرەبیەکاندا، دەگەینە ئەم دەرەنجامانە:

أ- سەرەڕای جیاوازیی لە دەربڕینیاندا، سەرجەم یاسا سزاییە عەرەبیەکان کۆکن لەسەر ئەوەی شێتی و ئەو نەخۆشییە ئەقڵیانەیتر کە حوکمی ئەویان هەیە، لە رێگرەکانی بەرپرسیارێتیی جینائین ئەگەر بەبەڵگەنەویست یان بە بڕیارێکی لیژنەی پزشکیی پسپۆڕ ئەوە بسەلمێ کە تاوانکار تووشی نەخۆشیەکی ئەقڵی بووە و توانای جیاکردنەوە و زانینی راستی لەدەست داوە، هەروەها ئەگەر شێتیەکەی ناوبەناو بوو بەبەڵگە بسەلمێ لەکاتی شێتیەکەیدا تاوانەکەی ئەنجام داوە نەك لە حاڵەتی بەهۆشیدا.

ب- هەندێکیان شێتییان تەنیا بە مانا تایبەتەکە وەرگرتوە وەك یاسای جەزائیری و لوبنانی و سوری، لەبەرئەوە بە بەرتەسکترینی یاساکان دادەنرێن لە بواری تێکچوونی ئەقڵی و رۆڵی لە بەرپرسیارێتیدا، لەکاتێکدا زۆریان جگە لە شێتی ئاماژەیان بۆ ئەو نەخۆشییە ئەقڵیانەیتر کردوە کە ئیدراك ناهێڵن یان لاوازی دەکەن.

ج- یاسای کوێتی بە فراوانی و گشتگیری لە دەربڕین دەناسرێتەوە، کە دەستەواژەکانی وەك (نەخۆشیی ئەقڵی، یان ناتەواوی لە گەشەی زەینی، یان هەر دۆخێکیتری ئەقڵیی

ناسروشتی) تێدا هاتووە. هەروەها یاسای لیبیی کە باسی لە هەندێ جۆری (عەیبی تەواوەتی –کلي– لە ئەقلّ و عەیبی بەشەکی –جزئي– لە ئەقل)دا دەکا. هەروەها یاسای بەحرێنی کە بە دەستەواژەی (هەر نەخۆشی یان ناتەواوی یان حاڵەتێك کار لە ئەقڵی بکا) گوزارشتی لێ کردوە.

د– هەندێکیان تەنیا باسی کارتێکەریان کردوە (شێتی یان نەخۆشییە ئەقڵیەکەیتر) بەبێ باسکردنی ئاسەوار (لەدەستدانی ئیرادە و ئیدراك)، وەك یاسای سوری و یاسای ئیمارات و فەلەستینی، ئەوەیش بەناتەواویەکی یاسایی دێتە هەژمار.

هـ– هەندێکیان باسیان لە هەندێ لە بەشەکانی شێتی (کلي و جزئي) کردوە وەك یاسای لیبی، هەروەها (نوتەك و ناویەناو) وەك یاسای سودانی و قەتەری و ئیماراتی، لەکاتێکدا زۆریەیان خاڵین لە هەر ئامازەیەك بۆ ئەو بەشبانەی فیقوانانی موسڵمان لێیان کۆڵیونەتەوە.

و– دارشتنی هەندێکیان وا دەباتە خەیاڵ نەخۆشییە ئەقڵیەکان لەناویاندا شێتی لە رێگرەکانی سزان نەك بەرپرسیارێتیی جینائی وەك یاسای میسری و سوری و لوبنانی و یاسای سەڵتەنەتی عومان و یاسای جەزائیری و ئوردنی. ئەم دەربڕینە لەڕووی لۆژیکیەوە عەیبدارە لەبەرئەوەی رەتکردنەوەی سزا رەتکردنەوەی بەرپرسیارێتیی جینائی ناخوازێ، لەبەرئەوەی یەکەمیان بەرەها گشتیترە، دووەمیش بەرەها تایبەترە، رەتکردنەوەی گشتیتر رەتکردنەوەی تایبەتتر ناخوازێ (ناسەپێنێ).

ز– یاسای سودانی دەستەواژەی (لا جریمە)ی بەکارهێناوە، ئەوەیش وا دەباتە خەیاڵ کە شێتی و ئەوەی حوکمی ئەوی هەبێ لە هۆکانی رێپێدانن، لەکاتێکدا نەخۆشییە ئەقڵیەکان بەهەموو جۆرەکانیانەوە هیچ کاریگەریەکیان لەسەر سیفەتی جورمیی کردەوە تاوانکاریەکە نیە، بۆ نموونە شێتیی بکوژ کردەوەکە لە تاوانەوە ناگۆڕێ بۆ موباح، لەبەرئەوەی رێگرەکانی بەرپرسیارێتیی جینائی کاریگەری لەسەر روکنی مەعنەوی (قەسدی جینائی) دەکا، نەك روکنی مەعنەوی.

بەراورد لەنێوان شەریعەتی ئیسلامی و یاسا سزاییە عەرەبییەكان لەبارەی كاریگەریی شێتی:

یاسا عەرەبییەكان لە بابەتی كاریگەریی شێتی لە بەرپرسیارێتیی جینائیدا لە هەندێ رووەوە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامی كۆكن و لە هەندێ رووێترەوە ناكۆكن.

یەكەم/ خاڵەكانی كۆكی:

لە گرنگترین ئەو خاڵانەی شەریعەتی ئیسلامی و یاسا سزاییە عەرەبییەكان تێیدا كۆكن ئەمانەن:

١- كۆكن لەسەر ئەوەی شێتیی تەواوەتی كە لەناوبەری ئیرادە و فامە رێگرە لە بەرپرسیارێتیی جینائی، ئەگەر سەلما تووشبوو دووچاری شێتی بووە و تاوانەكەی لەكاتی شێتیدا ئەنجام داوە تاوانكار پەلكێشی دادگە ناكرێ و لێپرسینەوەی لەگەڵ ناكرێ و سزا نادرێ. هەروەها لەسەر ئەوە كۆكن كە نیمچە شێتبوون (نەخۆشیی ئەقڵیی بەشەكی) كە نابێتە ئیدراك لەناو نابات بەڵكو تەنیا لاوازی دەكا، دەبێتە دۆخێك كە سزا سووك دەكا.

٢- كۆكن لەسەر پێویستیی گرتنەبەری رێوشوێن و رێكاری خۆپارێزی و چارەسەری دژی شێت (یان تووشبوو بە نەخۆشی ئەقڵی)، بەمەبەستی پارێزگاریكردن لەسەر بەرژەوەندییەكانی خەڵك كە لەوانەیە بكەونە بەر پەلاماری تووشبوو بە نەخۆشیی ئەقڵی.

٣- كۆكن لەسەر بەرپرسیارێتیی ئەو كەسەی لەرووی شەرع و یاساوە موكەلەفە بە بەرێوەبردنی كاروباری تووشبوو بە نەخۆشیی ئەقڵی، هەروەها لە چاودێری و سەرپەرشتیكردنی، تا نەسەلمێ ئەو كەسە پاش لێوەرگرتنی بەڵێننامە لەلایەن دادگەی تایبەتەوە، لە ئەنجامدانی ئەركی سەرشانی خۆیدا خەمسارد و كەمتەرخەم نەبووە.

٤- یاسا سزاییەكان و جمهوری فیقوانانی موسڵمانان كۆكن لەسەر ئەوەی عوزری شێتی سوود بەو كەسە ئاقڵە ناگەیەنێ كە لەگەڵ شێتێكدا بەشداریی ئەنجامدانی تاوانێكی كردوە، لەبەرئەوەی عوزرێكی شەخسییە و پەیوەندی بە خودی شێتەوە هەیە، جگە لە شێتەكە نە بە ئەرێنی و نە بە ئەرێنی كاریگەری بۆ بەشدارانیتری تاوانەكە نابێ.

دووەم/ خاڵەكانی ناكۆكی:

یاسا سزاییە عەرەبییەكان لە زۆر رووەوە لە شەریعەتی ئیسلامی جیاوازن، لەوانە:

١- یاسا سزاییەكان جگە لە یاسای ئوردنی، بەچاوكردن لە یاسا سزاییەكانی خۆرئاوا، تەنیا باسی

تاوانە ئەرێنییەکان دەکەن لەڕووی کارتێکرانیان بە شێتی یان نەخۆشیی ئەقڵی و باسی تاوانە نەرێنییەکانیان نەکردوە، کە نەکردنی ئەو ئەرکانەیە خوا وەك ئیلزام و حەتم فەرمانی پێکردون، بەشێوەیەك ئەنجامدەرانیان پاداشت و ئەنجام نەدەرانیان سزا دەدرێن.

٢- شەریعەتی ئیسلامی دانی خوێنبایی (دیە)ی بە وەرەسەی کوژراو لەسەر کەسوکار (العاقلة)[١]ی بکوژ پێویست کردوە، هەروەها کەفارەت لە ماڵی بکوژدا ئەگەر کوشتنەکە بەهەڵە بوو تا خوێنی کوژراو بەفیڕۆ نەڕوات، دیارە کوشتنێك لەلایەن شێت یان هەر نەفامێکەوە لەبەرئەوە بە هەڵە دادەنرێ کە بەهۆی نەبوونی ئیدراکەوە روکنە مەعنەویەکە (قەسدی جینائی)ی تێدا نیە. خوا ئەفەرموێ: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَن يَقْتُلَ مُؤْمِناً إِلاَّ خَطَئاً وَمَن قَتَلَ مُؤْمِناً خَطَئاً فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ﴾[٢].

٣- فیقولانی شەریعەت جگە لە تاقمێك کە حساب بۆ رایان ناکرێ، کۆدەنگن لەسەر ئەوەی شێتی رێگر نیە لە بەرپرسیارێتیی مەدەنی، ئەگەر زیانی بە کەسیتر گەیاند بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمی دەخرێتە سەر با فام و ئیدراکیشی نەبێ، لەبەرئەوەی ئەم بەرپرسیارێتییە لە سێ رەگەز پێکدێ کە لە شێتی زیانگەیەندا هەن، ئەوانیش بریتین لە: کاری نامەشروع + زیان + پەیوەندیی هۆیی لەنێوان کارە نامەشروعەکە و زیانەکەدا، ئەویش بەپێچەوانەی زۆربەی یاسا مەدەنییە عەرەبیەکان کە لەژێر کاریگەریی یاسا غەربییەکاندان کە دان بە بەرپرسیارێتیی نەفامدا نانێ ئەگەر زیانی بە کەسیتر گەیاند، لەو روانگەوە ئەو بەرپرسیارێتییە لەسەر بوونی رەگەزەکانی هەڵە و زیان و پەیوەندیی هۆیی نێوانیان دەوەستێ، رەگەزی یەکەم لای هەریەك لە بێفام و بێ ئیدراك بزرە، لەبەرئەوەی لە فیقهی غەربیدا هەڵە بریتییە لە تێکدانی ئەرکێکی یاسایی لە بارێکدا تێکدەر بەوە بزانێ، ئەمەیش لەبەر بەدینەهاتنی روکنی مەعنەویی هەڵە، بۆ شێت و ئەوەی حوکمی شێتی هەیە تەسەور ناکرێ.

بەڵام لە فیقهی ئیسلامیدا تەنیا بە بەدیهاتنی روکنە ماددیەکە (تێکدانی واجب) هەڵە بەهەند وەردەگیرێ.

---

[١] عاقیلەی هەر کەسێك عەشیرەتەکەیەتی لە خزمانی نێرینەی باوکی، ئەگەر نەبوو، خوێنباییەکە دەکەوێتە سەر ئەو دامەزراوەیەی بکوژ ئەندامیەتی.

[٢] سورة النساء:٩٢.

بەشی دووەم:
كاریگەریی چكۆلەیی لە بەرپرسیارێتیی جینائیدا

تەمەنبچووكی كاریگەرییەكی روونی لە بەرپرسیارێتیی جینائیدا هەیە لە هەریەك لە شەریعەتی ئیسلامی و یاسا سزاییە عەرەبییەكاندا بە جیاوازییان لە وردەكاری و رادە و بواری پیادەكردنی ئەو كاریگەرییەدا.

لەبەرئەوە وباشە هەریەك لە دوو یاساكە لە باسێكی سەربەخۆدا دیراسە بكەین.

باسی یەكەم:
تەمەنبچووكی و بەرپرسیارێتیی جینائی لە شەریعەتی ئیسلامیدا

كاریگەریی چكۆلەیی لە بەرپرسیارێتیی جینائیدا بەگوێرەی ئەو قۆناغانەی منداڵەكە پێیاندا تێدەپەڕێ لە لەدایكبوونیەوە بۆ تەمەنی باڵقی و پێگەیشتن جیاوازە، لەبەرئەوەی ئیدراك بە گەشەی جەستە گەشە دەكات و سەبارەت بە بەرپرسیاربوونی بە دوو قۆناغی سەرەكیدا تێدەپەڕێ: قۆناغی پێش فامكردن و قۆناغی پاش فامكردن بەر لە باڵقبوون و ئەقلگرتن.

لە دوو لقدا قسە لەسەر ئەم دوو قۆناغە دەكەین:

لقی یەكەم:
بەرپرسیارێتیی چكۆلەی نەفام (الصغیر الغیر ممیز)

لێنەپرسینەوە لە منداڵی نەفام لەرووی جینائیەوە نە لە شەریعەتی ئیسلامی و نە لە یاسادا جێی ناكۆكی نیە، بەڵام پێوەر چییە بۆ لێك جیاكردنەوەی بەفام لە نەفام؟ ئایا پێوەرەكە بابەتییە یان شەخسی؟

ئەوەی كارپێكراوە پێوەری بابەتیی زەمەنییە، بەڵام فیقوانانی شەریعەت لە دیاریكردنیدا جیاوازن، هەندێكیان گوتویانە: بریتییە لە تەواوكردنی حەوت ساڵ و چوونە ناو ساڵی هەشتەم،

زۆربەی یاسا عەرەبییە وەزعیەکان کاریان بەمە کردوە. هەندێکیان گوتویانە چوونە ناو حەوت ساڵە لەبەرئەوەی پێغەمبەر(د.خ) فەرمانی بە بەخێوکەران کردوە لە حەوت ساڵیدا فەرمان بە منداڵەکانیان بکەن بەنوێژکردن، دامەزراوەکانی پەروەردەیش کاریان بەم پێوەرە کردوە، چونکە منداڵ پاش تەواوکردنی شەش ساڵ و چوونە نا حەوت ساڵ بۆی هەیە بچێتە قوتابخانەی سەرەتایی لەو روانگەوە کە گەیشتۆتە قۆناغی فامکردن.

ئەم پێوەرە زەمەنییە لە هەردوو بارەکەدا ئەگەرچی بابەتییە و شەخسی نیە، بەڵام پێوەرێکی ورد و تێروتەسەل نیە کە بەکەڵکی ئەوە بێ بۆ سەرجەم منداڵان و لە هەموو هەلومەرجێکدا کاری پێ بکرێ، بەڵکو لەسەر حاڵەتی زۆربە (الغالب) دامەزراوە، لەبەرئەوەی منداڵ لەوانەیە بەر لە تەواوکردنی حەوت ساڵان فام و ئیدراك پەیدا بکا، بگرە هەندێ جار بەر لەوەیش پێ بنێتە حەوت ساڵی. هەروەك لەوانەیە حەوت ساڵ تەولو بکات و هێشتا فام و ئیدراکی پەیدا نەکردبێ، ئەویش بەگوێرەی جیاوازیی کەسەکان لە پێکهاتەی خودی و تەندروستی و باروبۆخی شەخسی و کارتێکەرە ژینگەییەکان و باقیی فاکتەرە دەرەکی و ناوخۆییەکان کە رۆڵی کاریگەریان لە بوون و نەبوونی فامدا هەیە.

ئەوەی لێرەدا بەلامانەوە گرنگە ئەوەیە فیقولنانی شەریعەت و یاسا کۆدەنگن لەسەر ئەوەی هیچ مرۆڤێك بەر لە فامکردن لەرووی جینائیەوە لێی ناپرسرێتەوە، هەروەك سەرجەم ئەو کردار و گوفتارە رەوا و نارەوایانەی لێی دەوەشێنەوە، نە شەرع و نە یاسا هیچ ئەسەرێکی شەرعی یان یاساییان لەرووی دروستی و لەرووی لێپرسینەوەی جینائیەوە لێ ناخەنەوە، بۆ نموونە لە بواری تاوانکردنیدا لێپرسینەوە و لێپێچینەوەی لەگەڵ ناکرێ و سزا نادرێ و جگە لە گرتنەبەری رێوشوێنی خۆپارێزی و رێگەکانی چاکسازی هیچی لەدژ وەرناگیرێ. هەرچی گرێبەندە دارایی و نادارایییەکانیەتی بەتاڵن و دانامەزرێن و ماف و پابەندییان لێ ناکەوێتەوە.

سەرەرای هەموو ئەوانە، چکۆلەیی هیچ کاریگەریەکی نە لەسەر شیانی تەولوی واجیبوون و نە لەسەر بەرپرسیارێتیی مەدەنیدا نیە، ئەمە بەکۆدەنگیی فیقولنانی شەریعەت جگە لە زاهیری کە لە لێنەپرسینەوەی نەفامدا جیاوازییان لەنێوان بەرپرسیارێتیی جینائی و مەدەنیدا نەکردوە.

ئەگەر چکۆلەی نەفام تاوانێکی ئەنجام دا سکاڵای لەدژ بەرز ناکرێتەوە و پەلکێشی دادگە ناکرێ، جا چ خۆبەخۆ و لەروانگەی دەرکنەکردنی بە ئەنجامەکانی کارەکانی و بەبێ هەڵنان یان دنەدانی کەسیترەوە ئەنجامی دابێ، یان بە هاندان و ئاراستەکردنی کەسێکیتری ئەهلیەت

تەولوەوە بووبێ، چونكە لەم بارەدا ئەو وەك ئامێرێكە لە ئەنجامدانی تاوانەكەدا بەكار هێنراوە، هەربۆیە هەڵنەر و نەدەرەكە بكەری راستەقینەی ئەو تاوانەیە لەلایەن منداڵە نەفامەكەوە ئەنجام دراوە، لە زاراوەی یاساییدا هەڵنەرەكە پێی دەوترێ بكەری مەعنەوی.

ئەوە روونە چكۆلەیی وەك شێتی و ئەوەی حوكمی ئەو دوولەنەی هەیە، وەك پێشتر باسمان كرد، هیچ كاریگەرییەكی لەسەر سیفەتی تاوانكاریانەی تاوانە ئەنجامدراوەكە نیە، چونكە لەدەستدانی فام (التمییز) لە رێگرەكانی بەرپرسیارێتیی جینائییە نەك لە هۆكانی رێپێدان ئەگەرچی لەبەرنەبوونی ئیرادە و لەوێشەوە نەبوونی قەسدی جینائی روكنی مەعنەویی تاوانەكە تێكدەدا، بەڵام لەرووی مەدەنیەوە لەرێگەی بەخێوكەر (وەلی) یان چاودێر (وەصی)ەوە لێی دەپرسرێتەوە لەبارەی قەرەبووكردنەوەی ئەو زیانانەی بەهۆی كارەكانی و تەلەفكردنە ناڕەواكانیەوە بە كەسیتریان دەگەیەنێ، هەروەها لەرێی وەلی یان وەصیەوە بەمولككردن و بوونە خاوەن مولكی دروستە لەبەرئەوەی شیانی تەواوی ولجبوون و ئەستۆی دارایی هەیە، جمهوری فیقولنانی شەریعەت پێیان وایە لەرێی ئەو دوولەوە لەبارەی زەكاتی ماڵێك زەكاتی تێدا واجب بێ پرسوجۆی لەگەڵ دەكرێ، هەروەها لەبارەی نەفەقەی خزمی هەژاری كە دەتوانێ میراتی ببات پرسوجۆی لەگەڵ دەكرێ ئەگەر هاتوو دارا بوو، هەروەها نەفەقەی ژنەكەی بەلای ئەوەی پێی وایە تەنیا بە دامەزراندنی زەولجی دروست نەفەقە ولجب دەبێ، هەروەها خوێنبایی قەتڵێك كە چكۆلە دەیكا یان زامداركردنی كەسێك لە ئەستۆی كەسوكارەكەیدایە، لەبەرئەوەی ئەم شتانە كە لەبارەیانەوە و لەبارەی ئەنجامەكانیانەوە پرسوجۆی لەگەڵ دەكرێ حوكمی دانراو (وەزعی)ن.

حوكمی وەزعی پێویست بە بوونی فام یان ئەقڵ ناكا، لەبەرئەوەی لەسەر بەستنەوەی بەرهۆكان بە هۆكانیانەوە دامەزراوە بەچاوپۆشین لە شیانی بەرهۆ و ئەنقەستی ئەو بە هەڵە دادەنێ لەبەرئەوەی مەبەستی نیە، هەربۆیە ئەسڵەن ئەنقەستی نادرێتە پاڵ لەبەرئەوەی ئەنقەست تەنها وەپاڵ كەسێك دەدرێ كە فام و ئیدراكی هەبێ، لەبەرئەوەی بناغەی ئەنقەست مەبەستی تاوانكارانەیە، ئەو كەسەیش ئیدراكی نەبێ ئەو مەبەستەی نیە.

لە كۆی ئەوە باسمان كرد بەو ئەنجامە دەگەین كە هەر حوكمێكی شەرعی یان یاسایی بەسەلب یان ئیجاب بەسەر شێتی نوتەكدا جێبەجێ ببێ، بەسەر منداڵی نەفامیشدا جێبەجێ دەبێ، كۆدەنگی فیقولنانی شەریعەت لەسەر ئەمە گیرساوەتەوە. لەم ئەحكامە هاوبەشانەی

نێوان منداڵی نەفام و شێت ئەوەیە خوێنبایی لە ماڵی منداڵدا واجب نابێ ئەگەر کەسێکی کوشت یان کەسێکی بریندار کرد یان تووشی نەخۆشیەکی درێژخایەنی کرد، بەڵکو ئەوە لەسەر کەسوکارەکەی واجب دەبێ لەبەرئەوەی ئەم تاوانە حوکمی هەڵەی هەیە، لەبەرئەوەی ئەو کردەوەیە بەهۆی نەبوونی ئیدراکەوە مەبەستی تاوانکارانە (قەسدی جینائی) تێدا نیە، هەموو هەڵەیەکیش خوێنباییەکەی لە ماڵی تاوانکار نابێ بەڵکو کەسوکارەکەی دەیگرنە ئەستۆ، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١- دڵدانەوەی بەهەڵە بکوژ ئەگەر باڵق و ئاقڵ بوو لەبەرئەوەی لەڕووی دەروونیەوە ئازار دەچێژێ و سزایەکی مادیش ناخرێتە سەر سزا دەروونیەکەی، کە ئەویش داوالێکردنیەتی بە بژاردنی خوێنباییەکە لە گیرفانی خۆی.

٢- ڕێگرتن لە خوێنڕشتن و دەرهاویشتە چاوەڕوانکراوەکانی بە تۆڵەکردنەوەی کەسوکاری تاوانسەر (وەرەسە و خزم و عەشیرەتی)، لەبەرئەوە بەو خزم و خوێشەی خوێنبایی دەدەنە وەرەسەی تاوانسەر دەوترێ عاقیلە کە لە (ئەقل)ەوە وەرگیراوە[1]، ئەقڵیش بەمانای ڕێگر دێ، ئەقڵ ناونراوە ئەقڵ (جلەو)، لەبەرئەوەی ڕێگە لە مرۆڤ دەگرێ لە کردنی کاری ناماقوڵ. هەروەها خزم و خوێش و عەشرەت دەرەنجامە نەرێنیەکان ناهێڵن و ڕێگە لەو دەرهاویشتانە دەگرن کە چاوەڕوان دەکرێ لەو کوشتن یان برینداکردن یان ئەو نەخۆشیەوە بکەونەوە کە بەهۆی ئەو کارە ناڕەوا و بەهەڵە ڕوودلوەوە هاتوونەتە کایە.

٣- پارێزگاریکردن لە مافی قوربانیەکە و وەرەسەکەی و بەفیڕۆنەچوونی خوێنەکەی.

٤- ئاگەدارکردنەوەی کەسوکاری تاوانکارەکە جا چ ئاقڵ بێ یان نەفام لە سەرشێتیەکانی، بەڵام ئەوانیش بەشێك لە بەرپرسیارێتییان دەکەوێتە ئەستۆ لەو ڕووەوە ئیحتیاتی پێویستیان نەکردوە بۆ ڕوونەدانی ئەوەی ڕووی داوە.

لە ڕوانگەی ئەم نهێنی و حیکمەتانە لە واجبکردنی خوێنبایی لەسەر خزم و خوێش، هیچ دژیەکیەك نیە لەنێوان ئایەتی ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾ و ئەوەی کە خوێنبایی قەتڵی هەڵە یان برینداکردن یان نەخۆشیی هەڵە خراوەتە ئەستۆی خزم و خوێش (واتە عاقیلە).

---

[1] یان لە (عقل) وەرگیراوە بەمانای بەستنەوە، لەبەرئەوەی کەسوکاری تاوانکار وشتری خوێنباییان لە دەوری ماڵ یان خێوەتی تاوانسەر (المجنی علیه) یان خاوەنی خوێنەکەی دەبەستەوە.

سروشتی خوێنبایی (الدیة):

پێگەی یاسایی یاخود گونجاندن (التکییف)ی شەرعیی خوێنبایی چییه؟ ئایا سزایەکه یان قەرەبووکردنەوەیەکی داراییه؟

فیقوانان لەبارەی ئەم گونجاندنەوە رای جیاوازیان هەیه، هەندێکیان به قەرەبوویەکی دلرایی دوور له سزایان دلناوه لەبەرئەوەی تاوانکارەکه مەبەستی تاوانکارانەی نەبووه، خوای گەورەش دەفەرموێ: ﴿وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَا أَخْطَأْتُم بِهِ وَلَكِن مَّا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ وَكَانَ اللَّهُ غَفُوراً رَّحِيماً﴾[1]. هەندێکیشیان رایان وایه سزایه لەبەرئەوەی پێشوەخت دیاریکراوه، لەکاتێکدا قەرەبووی دارایی بەر له رووداني زیانەکه دیاری ناکرێ.

له واقیعدا خوێنبایی نه قەرەبووی رووته و نه سزای رووت، بەڵکو هەردووکیان کۆدەکاتەوه، له یەك کاتدا قەرەبووه و سزایشه لەبەرئەوەی سیفەتی هەردووکیانی تێدایه، وەك له خوارەوه دیاره:

له سیفەته سزاییەکانی:

أ- حوکمپێدانی لەسەر دلوای تاوانسەر یان وەرەسەکەی ناوەستێ بەپێچەوانەی قەرەبوو، که دادوەر بۆی نیه حوکمی پێبدات تا خاوەن ماف یان جێگرەکەی دلوای نەکات.

ب- ئەگەر وەرەسه دەستیان لێ هەلگرت سزایەکی تەعزیری جێی دەگرێتەوه ئەگەر تاوانکار شیانی لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی جینائی هەبوو، بەپێچەوانەی قەرەبوو که دەست لێ هەلگرتنی بەدیلی نیه.

ج- پێشوەخت لەلایەن شەرعدانەرەوه مەزەنده کراوه، بەلام قەرەبوو پێشوەخت مەزەنده ناکرێ لەبەرئەوەی قەبارەکەی بەگوێرەی قەبارەی زیانەکه دەگۆرێ، بۆیه دادوەر (قازی) بۆی نیه حوکمی پێبدا تا زیانەکه نەسەلمێ و لەلایەن کەسانی شارەزاوه مەزەنده نەکرێ.

د- ئەندازەی خوێنبایی بەگوێرەی جیاوازیی کەسەکان و باروبۆخی بکەر ناگۆرێ بەپێچەوانەی قەرەبوو، که لەبەر هەندێ ئیعتیبار سووك دەکرێ، وەك ئەوەی زیانگەیەنەکه نەفام (عدیم التمییز) بێ.

---

[1] سورة الاحزاب:٥.

لە سیفەت و تایبەتمەندیی قەرەبووناميزەكانی:

أ- ماڵێكی تایبەتە بە وەرەسەی تاوانسەر یان قوربانیەكە خۆی ئەگەر لەژیاندا مابوو وەك لە خوێنبایی نەخۆشیی درێژخایەندا، بەپێچەوانەی غەرامەی دارایی كە سزایەكە و بۆ گەنجینەی گشتییە (بەیتولمال).

ب- لەو رووەوە مافێكی تایبەتە تاوانسەر یان وەرەسەكەی بۆیان هەیە دەستبەرداری ببن، خۆ ئەگەر سزایەكی رووت بوایە مافێكی گشتی دەبوو، ئەوكاتە وەرەسەكەی یان خۆی ئەگەر زیندوو بوو نەیاندەتوانی دەست لە مافی گشتی هەڵبگرن، لەبەرئەوەی (وتراوە) ئەو كەسەی شتێكی نەبێ ناتوانێ بیبەخشێ (فاقد الشيء لايعطيه).

ج- دەق لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەردا هاتووە لەسەر گوناهبارنەبوونی ئەو كەسەی بەهەڵە تاوان ئەنجام دەدا، لە قورئاندا خوا ئەفەرموێ: ﴿وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَا أَخْطَأْتُم بِهِ﴾[1] . پێغەمبەریش(د.خ) فەرمویەتی: (رفع عن امتي الخطأ والنسيان وما استكرهوا عليه) مادام بەگوناه حسێب نەكرێ خوێنباییەكە سزایەكی رووت نابێ.

د- ئەگەر سزایەكی رووت بوایە لەسەر كەسوكار (ی تاوانكار) واجب نەدەبوو لەبەرئەوەی خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾[2] .

سەرچاوەی بەرپرسیارنەبوونی چكۆلەی نەفام:

سەرچاوەی بەرپرسیارنەبوونی منداڵی نەفام هەمان سەرچاوەی بەرپرسیارنەبوونی شێت و هەر كەسێكە حوكمی ئەوی هەبێ، كە قورئانی پیرۆز و سوننەت و ئیجماع و دەلیلی ئەقڵ (ماقووڵ)ە.

١- قورئانی پیرۆز: قورئانی پیرۆز لە زۆر ئایەتدا باسی لەوە كردوە مرۆڤ داوای هیچ شتێكی لێ ناكرێ لە دەرەوەی توانای جەستەیی و ئەقڵی و دارایی ئەو بێ، خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْساً إِلاَّ وُسْعَهَا﴾[3] . وشەی (نَفْساً) نەكیرەیەكە لە كایەی نەفیدا و مانای گشتی

---

[1] سورة الاحزاب:٥.

[2] سورة الانعام:١٦٤.

[3] سورة البقرة:٢٨٦.

(عموم) دەگەیەنیٚ.

بەگوێرەی ئەم ئایەتە و هاوشێوەكانی لە شەریعەتی ئیسلامیدا هیچ حوكمێكی تەكلیفی نەخراوەتە سەر شانی شێت یان نەفام.

٢- سوننەت: پێغەمبەر(د.خ) ئەوەی دووپات كردۆتەوە كە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە لە داوانەكردنی شتێك لە مرۆڤ لەسەروو توانایەوە بیٚ، ئەوەیش لە زۆر حەدیسدا، لەوانە ئەفەرمویٚ: (رفع القلم عن ثلاثة: عن النائم حتى يستيقظ، وعن المجنون حتى يفيق، وعن الصغير حتى يبلغ)،. مەبەست لە (رفع القلم)یش لابردنی لێگرتن و بەرپرسیارێتیی جینائییە، بەلاٚم سەبارەت بە بەرپرسیارێتیی مەدەنی، وەك پێشتر باسمان كرد هەریەك لەوانە لەرێگەی بەخێوكەرەوە، نەشیاو (عديم الاهلية)یش لەلایەن چاودێرەوە لێیان دەپرسرێتەوە.

٣- كۆدەنگی (الاجماع): فیقوانانی شەریعەتی ئیسلامی لە هەموو سەردەمێك لە سەردەمە ئیسلامیەكاندا كۆدەنگ بوون لەسەر بەرپرسیارنەبوونی نەفام ئیتر هۆی نەبوونی فام (تمیین)ەكەی هەرچی بیٚ.

٤- ماقوولٚ (المعقول): ئەقلٚی ساغ وا دەخوازیٚ پرسوجۆ لەو كەسە نەكریٚ كە مانای ئەو تاوانانە نازانیٚ كە ئەنجامیان دەدات و ناتوانیٚ ئەنجامەكانیان هەلٚبسەنگێنیٚ، ئەمە جگە لەوەی لەم بارەدا سزا ئەركی خۆی بەدیناهێنیٚ، كە چاككردنی تاوانكار و رێلێگرتنیەتی لە دووبارەكردنەوە و گەرانەوە بۆ تاوان، لەبەرئەوەی تاوانكار ئیدراكی نیە و هەست بە كاریگەریی ئەو سزایە ناكا كە دەیدریٚ.

لقی دووەم:
قۆناغی فامكردن و دەرككردنی لاواز

بەپێی رای زالٚ لای جمهوری فیقولنانی شەریعەت ئەم قۆناغە بە تەواوكردنی حەوت سالٚ دەست پێدەكات و تا بالٚقبوون بەردەوام دەبیٚ، پێوەری بالٚقبوون بەلای هەندێكەوە بابەتییە و بریتییە لە تەواوكردنی پازدە سالٚ، لای هەندێكیتر چوونە ناو پازدە سالٚە، هەروەها شەخسیشە كە بە شەیتانیبوون (الاحتلام) و دەركردنی موو لە ریش و بەر دەبیٚ، ئەم پێوەرە بەگوێرەی كەسەكان جیاوازە، هەندیٚ دەلێن مرۆڤ تا تەمەنی هەژدە سالٚ شیان (ئەهلیەت)ی ناتەواوە،

لەوانەی ئەم رایەیان هەیە حەنەفی و مالیکین و یاسادانەری عێراقیش کاری بەم رایە کردوە وەك لە (م١٠٦)ی یاسای مەدەنیی ئارادا.

حوكمی رەفتارە مەدەنیەكانی منداڵی بەفام لەم قۆناغەدا (قۆناغی ناتەواویی شیان)

یاسا عەرەبیەكان لە دیاریكردنی تەمەنی فامكردندا جیاوازن، لە یاسا مەدەنییە عێراقیەكاندا تەمەنی فامكردن لە بابەتە مەدەنیەكاندا تەولوكردنی حەوت ساڵی تەمەن و لە بابەتە جینائیەكانیشدا تەولوكردنی نۆ ساڵە.

لەم قۆناغەدا شیانی ناتەواوی ئەنجامدان بۆ مرۆڤ جێگیر دەبێ، واتە مافی مومارەسەكردنی هەندێ لە مافە دارایيەكانی لە سنوورێكی دیاریكراودا هەیە، رەفتارە ساف زیانبەخشەكانی وەك ئەوەی ماڵێك بدات و بەرانبەرێك لە هەقیدا وەرنەگرێ بەرەهایی بەتاڵن جا بەخێوكەر (وەلی) مۆڵەتیان پێ بدات یان نەیدات، لەبەرئەوەی وەلی مافی ئەم مۆڵەتدانەی نیە لەبەرئەوەی كردنی لەلایەن ئەوەوە جائیز نیە، هەربۆیە جگە لە وەسێت[1] سەرجەم بەخشینەكانی بەتاڵن. رەفتارە ساف سوودبەخشەكانیشی، وەك ئەوەی ماڵێك لە كەسیترەوە ببات و شتێكی لە بەرانبەردا نەدلتێ، دروستن جا وەلی مۆڵەتیان پێ بدات یان نەیدات، هەربۆیە قبولكردن و وەرگرتنی دیاری و باقیی بەخشین (تبرعات)ەكان راست و دروستە.

هەرچی ئەو رەفتارانەی منداڵن كە لەنێوان سوود و زیاندان (واتە لەنێوان قازانج و زەرەردا) وەك ئاڵوگۆرەكان (المعاوضات)، لەسەر مۆڵەتی وەلی دەوەستن، واتە بەدروستی دادەمەزرێن بەڵام ئاسەوارەكانیان لە ماف و پابەندی بەرهەم ناهێنن تا وەلی مۆڵەتیان پێ نەدات، واتە وەك رێزگرتن لە ئیرادەی دادەمەزرێن لەبەرئەوەی فامی هەیە، بەڵام لەسەر مۆڵەتی وەلیەكەی دەوەستێ تا بەرژەوەندیەكانی بپارێزێ لەبەرئەوەی خۆی ئەهلیەتی تەولو نیە. رەفتارەكە بە هەردوو ئیرادەكە (ئیرادەی ئەو ئیرادەی بەخێوكەرەكەی) دەكرێ.

بەڵام سەبارەت بە زەمانكردن و بەرپرسیارێتی كەمتەرخەمی، هیچ جیاوازیەك لەنێوان ئەو و كەسێكی شیان تەولودا نیە.

---

[1] لأن الموصي لا يفقد ملكية الموصى به إلا بوفاته، لذا لا يتضرر بالوصية اضافة الى ان هذا التبرع يفيده في الاخرة.

کاریگەریی ناتەواویی ئەهلیەت لە بەرپرسیارێتیی جینائیدا:

ئەم بەرپرسیارێتییە بەپێی جیاوازیی سروشتی تاوانەکە و سزاکەی دەگۆڕێ. زانایانی شەریعەتی ئیسلامی تاوانەکانیان بەپێی مەترسی و سروشت و سزاکەی بۆ سێ بەش دابەش کردوە: تاوانەکانی حدود، تاوانەکانی قیساس و خوێنبایی، تاوانەکانی تەعزیر، وەك لە فەسڵی یەکەمی بەشی سێیەمدا ئەو بەشانە بەدرێژی باس دەکرێن.

تاوانەکانی حدود (جرائم الحدود):

ئەو تاوانەن بە دەق بە تاوان دانراون و سزایان دیاری کراوە، بۆ نموونە خوای گەورە دەربارەی بەتاوانداناني زینا ئەفەرموێ: ﴿وَلاَ تَقْرَبُواْ الزِّنَى إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاء سَبِيلاً﴾[1]. هەروەها لە بارەی سزای ئەم تاوانەوە ئەفەرموێ: ﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا مِئَةَ جَلْدَةٍ﴾[2].

تاوانەکانی ئەم بەشە بە تاوانەکانی حدود ناو براون لەبەر ئەوەی هەریەك لەتاوان و سزاکە بە دەق دیاری کراون، هەروەها بە گوێرەی دەقەکانی قورئان[3] لە سزای تاوانی زینادا جیاوازی لەنێوان بەهاوسەر و بێ هاوسەر (عازەب)دا نیە.

کاریگەریی ناتەواوی ئەهلیەت لە تاوانەکانی حدوددا:

فیقوناني شەریعەتی ئیسلامی کۆدەنگن لەسەر ئەوەی سزای تاوانەکانی حدود لەسەر باڵقی ئاقڵی هەڵبژێر نەبێ پیادە ناکرێن و ناتەواویی ئەهلیەت (شیان) رێگرێکە لە رێگرەکانی بەرپرسیارێتیی جینائی لە تاوانەکانی حەددەکاندا، بەڵام رێوشوێنی خۆپارێزی و رێگەکانی چاکسازی بەرانبەر تاوانکار دەگیرێنە بەر لەلایەك تا خوو بەو تاوانانەوە نەگرێ، لەلایەکیترەوە تا بەرژەوەندیەکانی خەڵك نەکەونەبەر زیادەڕۆییەکانی شیان ناتەولو.

لە لێنەپرسینەوەدا شیان ناتەولو وەك نەشیاوە، بەڵام لەڕووی رێوشوێنەکانی چاکسازیەوە، توندکردن لەتەك شیان ناتەولو زیاترە تا نەشیاو.

---

[1] سورة الاسراء:٣٢.

[2] سورة النور: .

[3] لمزيد من التفصيل يُنظر مؤلفنا (لا رجم في القرآن).

تاوانەکانی قیساس و خوێنبایی:

بریتییە لە تاوانەکانی دەستدرێژی بۆ سەر کەسەکان (بۆ سەر گیان و خوار گیان)، بەدەربڕینێکیتر تاوانەکانی دەستدرێژیکردنە سەر ژیان و سەلامەتیی مرۆڤ ئەم تاوانانە ئەگەر روکن و مەرجەکانی هەبوون و رێگرەکانی نەبوون سزایان قیساسە، ئەگینا سزاکە خوێنباییە، کەواتە خوێنبایی لە هەموو دەستدرێژیەکدا بۆ سەر نەفس واجبە ئەگەر مەبەستی تاوانکارانە (واتە قەسدی جینائی) نەبوو بەوەی کوشتنەکە بەهەڵە بوو، یان ئەگەر ئەو ئامرازەی لە تاوانی کوشتنەکەدا بەکار هاتووە بەزۆری بکوژ نەبێ، وەك کوشتنی نیمچە ئەنقەست، یان خاوەن خوێنەکە پاش دەستهەلگرتن لە مافی قیساس لەسەر خوێنبایی لەگەڵ تاوانکارەکە سولح بکا، لە حاڵەتی یەکەمدا خوێنبایی لەسەر کەسوکارەکەیە، لە حاڵەتی دووەم و سێیەمدا لە ماڵی تاوانکار دەبێ و لەوانەیە جگە لە قیساس و خوێنبایی کەفارەتیش واجب ببێ.

کاریگەریی ناتەواویی شیان لە تاوانەکانی قیساس و خوێنبایی:

هیچ ناکۆکی لەنێوان فیقوانانی شەریعەتدا نیە کە شیان ناتەولو بۆ قیساس لێپرسینەوەی لەگەڵ ناکرێ بەڵام بۆ سزایتر لەگەڵی دەکرێ. کەولتە لە شەریعەتی ئیسلامیدا هیچ رێگرێك نیە لە سزادانی ئەو شیان ناتەولوەی دەستدرێژی دەکاتە سەر ژیان و سەلامەتیی کەسێك بەناهەق، سزایەکی تەمێکارانە و چاکسازیکارانە کە لەگەڵ رەفتارە تاوانکاریەکەیدا بگونجێ. مەزەندەکردنی ئەو سزایەیش دەکەوێتە دەست وەلی ئەمر (سەرۆکی دەوڵەت) بەهاوکاریی خەڵکانی شارەزا لە لادانی نەوجەوانانـدا بە دانانی یاسایەك بۆ لێپرسینەوە و سزادانیان بەو شێوەیەی لەتەك تەمەن و مەترسییاندا بگونجێ، بەو مەرجەی لای خوار و لای سەرووی ئەو سزایانەی بۆنەوجەوانانی لادەر دیاری کراوە دابنرێ، قازی لەکاتی بڕیاردان لەسەر سزاکەدا راوێژ لە زانایانی دەروونی و کۆمەڵایەتی وەردەگرێ و لەو هەلومەرجەی نەوجەولنە لادەرەکەی تێدایە و پاشخانەکانی تاوانەکەی ئەکۆڵێتەوە.

هەروەها فیقوانانی شەریعەت، زاهیری لێ دەرچێ، ناکۆکییان نیە لەسەر ئەوەی خوێنبایی لەسەر کەسوکاریان واجبە، لەبەرئەوەی هەموو تاوانێك لە تاوانەکانی دەستدرێژیکردنیان بۆ سەر گیان و خوار لە گیان بەهەڵە دادەنرێ، لەو رووەوە بەهۆی نەبوونی ئیدراکی تەولو مەبەستی تاوانکارانە لەو تاوانانەدا نیە.

تاوانەکانی تەمێکردن (التعزیر)

تـەعزیر سـزایەکە دیـاریکردنی بـۆ دەسـەڵاتی یاسـادانانی زەمـەنی (سـەرۆکی دەوڵـەت بەهاوکاریی پسپۆڕان لە ئەهلی راوێژ) بەجێ هێڵراوە. فیقولنانی شەریعەت تاوانـەکانی تـەعزیریان بۆ سێ جۆر دابەش کردوە، کە لە بابەتی ئیدراکدا لێیان دەکۆڵینەوە.

کاریگەریی ناتەواویی شیان لە بەرپرسیارێتیی جینائی لە تاوانەکانی تەعزیردا:

وەك چۆن ناكۆكی نیـە کـە ناتـەواویی شـیان لـە تاوانـەکانی حـدود و قیسـاس و خوێنبـایی سەبارەت بـەو سـزایانەی بۆیـان بڕیـار دراوە، کاریگـەری هەیـە، واتـە ئەگـەر دزی کـرد دەسـتی نابڕدرێ و ئەگەر قەتڵی کرد قیساسی لەسەر جێبەجێ ناکرێ.

هەروەها ناكۆكی نیە کاریگەری لەسەر ئەو سزا تەعزیریانەیش هەیە کە بۆ تاوانەکانی تـەعزیر بۆ کەسانی باڵقی ژیر دانراون، واتـە شـیان ناتـەواو بەهـەمان سـزا سـزا نـادرێتو مامەڵـەی شـیان تەواوی لەگەڵ ناکرێ، بـەڵام لـە هـەمان کاتـدا نـاكۆكی نیـە لـەوەدا کـە سزایەکی تەمێکارانـە و چاکسـازیکارانەی دەدرێ، بەشـێوەیەك ئـەو رێکـارە کـە بـۆ رێلێگرتنـی لـە دووبارەکردنـەوە و گەڕانەوە سەر تاوانەکە و بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەندیـەکانی خـەڵك بەرلبنـەری وەردەگـیرێ، پێـی ناوترێ سزا، بەڵکو پێی دەوترێ رێوشوێنی تەمێکردن و چاککردن جا سروشـتەکەی هەرچـۆن بێ بەگوێرەی تەمەنی ناکام و سروشتی رەفتاری.

جگە لەوە ئەگەر گەڕایەوە و تاوانەکەی دووبارە کردەوە سزا تەمێکارانەکەی توندتر نـاکرێ، لای هەندێ لە فیقولنانی شەریعەتی ئیسلامی نەبێ، وەك لە جێی خۆیدا باس دەکرێ.

بەڵگە لەسەر جیاوازیکردن لەنێوان منداڵی بەفام و بێفام ئەوەیە یەکەم سزایەکی تەمێکارانەی چاکسازیکارانە دەدرێ بەگوێرەی قۆناغی تەمەنی، چەندە لە باڵقبوون و پێگەیشـتن نـزیکتر بـێ سزاکەی توندتر دەبێ و بەپێچەوانەیشەوە. دووەمیان بەهیچ شێوەیەك نە لەرووی جـەزایی و نـە لـەرووی سـزادانەوە لێـی ناپرسـرێتەوە، بـەڵام چـاودێری دەکـرێ و لەلایـەن بەخێوکـەر یـان چاودێرەکەیەوە لە گەڕانەوە سەر تاوان و دووبارەکردنەوە رێگری لێ دەکرێ.

هەروەها بەڵگەیەکتر بوونی دوو فەرموودەی راستە لە پێغەمبەری خواوە یەکێکیان لـەبارەی منداڵی نەفام و دووەمیان لەبارەی هی بەفامەوە. لەبارەی نەفامەکەوە فەرمویەتی (رفع القلم عن

ثلاثة، عن النائم حتى يستيقظ وعن الصبي حتى يحتلم وعن المجنون حتى يفيق)[1].

حەدیسەکە بەڕاشکاوی بەڵگەیە لەسەر نابەرپرسیاربوونی منداڵی نەفام و شێت و نووستوو لەڕووی جینائیەوە مادام ئەو سیفەتانەیان تێدا بێ. هەروەها لەبارەی منداڵی بەفام فەرمویەتی: (مُروا صبيانكم بالصلاة لسبع سنين، واضربوهم عليها لعشر سنين – وفي رواية لثلاث عشرة – وفرقوا بينهم في المضاجع)[2]. ئەم حەدیسە بەڕاشکاوی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دروستە سزای منداڵی بەفام بدرێ، بەڵام بە سزایەکی تەمێکارانە بەمەبەستی چاکسازیکردن و ڕاهێنان.

چەند نموونەیەك لە پیادەکردنە فیقهیەکان لەبارەی کاریگەریی منداڵی و شێتی لەسەر بەرپرسیاریی جینائی:

فیقهی حەنەفی:

کاسانی دەڵێ[3]: هەرچی مەرجی واجببوونی تەعزیرە تەنیا ئەقڵ (فام)ە و هەر کەسێکی ژێر تاوانێك ئەنجام بدات و حەددێکی (شەرعی) بۆ دانەنرابێ، تەعزیر دەکرێ، جا چ نێر بێ یان مێ، موسڵمان یان ناموسڵمان، باڵق یان منداڵی بەفام، پاش ئەوەی ئاقڵ بێ[4]، لەبەرئەوەی ئەوانە ئەهلی سزادانن جگە لە منداڵی ژیر کە وەك ئەدەبدان تەعزیر دەکرێ نەك سزادان، لەبەرئەوەی ئەهلی تەمێکردنە لەبەرئەوەی پێغەمبەر ئەفەرموێ: (مُروا صبيانكم بالصلاة إذا بلغوا سبعاً واضربوهم عليها إذا بلغوا عشرا)، ئەویش بەڕێگەی تەمێ و چاککردن نەك بەڕێگەی سزادان لەبەرئەوەی سزادان تاوان رادەکێشێ، کردەوەی منداڵیش بەتاوان وەسف ناکرێ بەپێچەوانەی شێت و ئەو منداڵەی ئەقڵی پێ ناشکێ، لەبەرئەوەی ئەو دووانە نە لە ئەهلی سزادان و نە لە ئەهلی ئەدەبدانن.

تێبینی دەکرێ دەربڕینی کاسانی لەوەی دەڵێ (کردەوەکانیان (فعلهما) بە تاوان وەسف ناکرێ) ورد نیە، کردەوەی هەردووکیان بە تاوان وەسف دەکرێ لەبەرئەوەی شێتی و منداڵی لە

---

[1] رواه احمد، ومثله من رواية علي ولابي داود والترمذي وقال حديث حسن، نيل الأوطار للشوكاني:١/٣٤٩.

[2] رواه ابو داود نيل الاوطار:١/٣٤٨.

[3] بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع العلامة الفقيه علاء الدين أبي بكر مسعود الكاساني الحنفي المتوفى عام (٥٨٧هـ) مطبعة العاصمة القاهرة:٩/٤٢١٩.

[4] بەوەی شێت نەبێ.

هۆکانی ڕێپێدان نین و کردەوەکانیان لە سیفەتە جورمیەکانیان دانامالن، بەلکو دوو عوزری ڕێگرن لە بەرپرسیارێتیی جینائی، کردەوە ئەنجامدراوەکەیش پارێزگاری لە سیفەتە جورمیەکەی دەکا.

فیقهی مالیکی:

خەرشی دەلێ[1]: (لە مەرجەکانی جێبەجێکردنی قیساس لەسەر تاوانکار ئەوەیە موکەلەف بێ و جەنگاوەر نەبێ، واتە قیساس لە مندال و شێت ناکرێتەوە، لەبەرئەوەی ئەنقەست و هەلەیان وەك یەکە).

ئەم قسەیەی خەرشی و هیتر لە مەزەبی مالیکی لە وەسفکردنی تاوانی شێت و مندال بە ئەنقەست و هەلە وەسفێکی نادروستە، لەبەرئەوەی ئەنقەست تەنیا بۆ ئەوە بەکار دێ کە شیان تەولو و خاوەن ئیدراکی تەواوە و توانای هەلسەنگاندنی ئەنجامی ڕەفتارەکانی هەیە، ئەمەیش بە شێت و مندال ناکرێ با مندالی بەفامیش بێ، تەنیا کەسێکیش هەلەی دەدرێتە پال کە بشێ بەئەنقەست شت بکا، لەبەرئەوەی بەرانبەرکردنی نێوانیان وەك ئاسمان و ڕێسمانە، هەربۆیە هەلە بۆ ئەو کەسەیە بەئەنقەست (العمد)ی هەیە.

مالیکی[2] پێی وایە خوێنبایی دەکەوێتە ئەستۆی کەسوکار (عاقیلە) ئەگەر دەگەیەشتە سێیەکی مالی بکوژ و بەسەرەوە، بەلام ئەگەر لە سێیەك کەمتر بوو لە مالی مندال یان شێتە بکوژەکە دەبێ، ئەگەر مالیشیان نەبوو قەرز دەبێ لەسەریان، بەلگەیەکی قایلکارم نەدی بۆ ئەو وربکردنەوەیان.

فیقهی شافیعی:

شافیعی لە المهذب[3]دا دەلێ: لە یەکێك لە دوو قەولەکەدا ئەنقەستیان (مندال و شێت) هەلە حسێبە لەبەرئەوەی ئەگەر ئەنقەست بێ قیساس واجب دەبێ. بەم پێیە ئەنقەستیان خوێنبایەکی سووك واجب دەکا، دووەمیان ئەوەیە ئەنقەستیان ئەنقەستە، لەبەرئەوەی دەکرێ

---

[1] العلامة محمد بن عبد الله بن علي الخرشي على مختصر خليل طبعة بيروت:٣/٨.

[2] المدونة الكبرى:١٦/١٩٩.

[3] لابي اسحاق (ابراهيم بن علي) الشيرازي مطبعة عيسى البابي، مصر:٢/١٩٦.

لەسەر کوشتن تەمێ بکرێ، لەبەرئەوە ئەنقەستیان ئەنقەستە وەك بالّقی ژیر، بەم پێیە ئەنقەستیان خوێنباییەکی قورس واجب دەکا.

هەروەها تێیدا هاتووە[1]: حەدی زینا لەسەر منداڵ و شێت واجب نیە لەبەرئەوەی پێغەمبەر ئەفەرموێ (رفع القلم عن ثلاثة... الى أخره). هەروەها تێیدا هاتووە[2] حەدی دزی نە لەسەر منداڵ و نە لەسەر شێت نیە لەبەرئەوەی پێغەمبەر ئەفەرموێ: (رفع القلم عن ثلاثة...).

تێبینیمان لەسەر گوتنی ئەوەی ئەنقەستی منداڵ و شێت ئەنقەستە هەر ئەوەیە سەبارەت بە مالیکی گوتمان کە دانەپاڵی ئەنقەست بۆ لای کەسی نەشیاو نادروستە.

فیقهی حەنبەلی:

لە (المغنی)دا[3] هاتووە (لەنێو ئەهلی عیلمدا ناکۆکی نیە لەسەر ئەوەی قیساس لەسەر منداڵ و شێت نیە، هەروەها لابەری ئەقڵیش بەهۆیەك عوزری بداتێ وەك خەوتوو یان لەهۆشچوو و ئەو جۆرانە، ئەسڵیش لەوەدا فەرمودەی پێغەمبەرە: (رفع القلم عن ثلاثة، عن النائم حتى يستيقظ وعن الصبي حتى يحتلم وعن المجنون حتى يفيق).

هەروەها لەبەرئەوەی قیساس سزایەکی قورسە، وەك حەددەکان واتە سزای حەددەکان، لەسەر منداڵ و لابەری ئەقڵ واجب نەکراوە، لەبەرئەوەیش مەبەستێکی دروستیان نیە وەك بکوژی بەهەڵەن. هەروەها ئەگەر لەنێوان تاوانکار و خاوەنی تاوانەکە ناکۆکی دروست بوو و تاوانکار گوتی کاتی تاوانەکە منداڵ بووم و خاوەنی تاوانەکە گوتی نەخێر بالّق بوویت، قسەی تاوانکارەکەیە لەگەڵ سوێندخواردنی ئەگەر چاوەڕوانی راستگوتنی لێ دەکرا، لەبەرئەوەی ئەسڵ چکۆلەیی و ئەستۆپاکبوونیەتی لە قیساس.

ئەگەریش گوتی کاتێ کوشتم شێت بووم و وەلیەکە (خاوەن خوێن) نکوڵی لە شێتبوونی کرد، ئەگەر حاڵەتی شێتی پێوە بینرابوو ئەوا لەوەیشدا قسەی ئەوە، بەڵام ئەگەر حاڵەتی شێتی پێوە نەدیترابوو (پێشتر تووشی شێتی بووبێ)، ئەوا قسە قسەی وەلیەکەیە لەبەرئەوەی ئەسڵ

---

[1] سەرچاوەی پێشوو:٢/٢٦٧

[2] سەرچاوەی پێشوو:٢/٢٧٧.

[3] المغني لأبن قدامة (عبد الله بن احمد بن محمد بن قدامة) المقدسي (ت ٦٢٠هـ) مكتبة الجمهورية العربية القاهرة:٧/٤٣٦–٣٦٥.

سەلامەتییە.

ئەوەی لەم سەرچاوەیەدا هاتووە بە ڕۆشنی و گشتگیری و وردی و پشتبەستن بـە نـەقڵكراو (فەرموودە) و قیاس و ماقووڵ دەناسرێتەوە.

فیقهی جەعفەری:

عامیلی دەڵێ[١]: (لە مەرجەكانی قیساس كەماڵی ئەقڵـە، منـداڵ لەبـەر (كوشـتنی) بـاڵق یـان منـداڵ نـاكوژرێ، بـەڵكو خوێنبـایی لەسـەر كەسـوكارەكەی دادەنـرێ ئـەویش بەحسـێبكردنی ئەنقەسـتەكەی بـە هەڵەیـەكی ڕووت تـا بـاڵق دەبـێ یـا فامیشـی هـەبێ، لەبـەر ئـەو حەدیسـە سەحیحەی محەمەد بن موسلیم، كـە لـە ئـەبو عەبدوڵاوە دەگێڕێتـەوە گوتویـەتی (ئەنقەسـت و هەڵەی منداڵ یەك شتن). هەر لەوەوە، عەلی فەرمویەتی (ئەنقەستی منداڵان بـە هەڵـە حسـێبە و كەسوكاری دەیگرنە ئەستۆ).

هەروەها تێیدا هاتووە[٢] (كەواتە منداڵ و شێت ئەگەر دزیـان كـرد دەسـتبڕین نایانگرێتـەوە بەڵكو تەمێ دەكرێن، بەتایبەت ئەگەر دووبارە دزیان كردەوە، لەبەرئەوەی مەرجی حەد ئەوەیە تەكلیفی لەسەر بێ). هەروەها گوتراوە (منداڵ ئەگەر جارێك دزی كـرد دەبەخشـرێ، ئەگـەر بـۆ جاری دووەم دزی كردەوە تەمێ دەكرێ، ئەگەر بۆ سێیەمیش كردیەوە پەنجەكانی دەڕوشێنرێ تا خوێنیان لێ دێ، ئەگەر چوارەم جار دزی كرد پەنجەكانی دەقرتێنرێن، ئەگەر بۆ پێنجەم جـار دزی كردەوە دەستی دەبڕدرێ وەك چۆن هی كەسی باڵق دەبڕدرێ). بەڵگـەی ئـەم گوتەیـە زۆر هەواڵی ڕاستە[٣]، هەروەها ئەسەری لەسـەرە و بـە دیـاریكردنی جـۆرێكی تایبـەت لـە تـەمێكردن لەلایەن شەرعدانەرەوە دانانرێ لەبەرئەوەی لوتفێكە با لە هەندێ لە تاكەكانیدا بەشداریی گوتاری تەكلیفیش بكا.

ئـەم قسـەیە لـەڕووی دیـاریكردنی لایـەنی بـەرپرس لـە خوێنبـایی، بـە وردی و ڕوونـی دەناسرێتەوە، بەڵام ئەو قسەیەی دەڵێ سزا لەسەر ئـەو منداڵـە تونـد دەكـرێ كـە دزی دووبـارە دەكاتەوە لەگەڵ دادپەروەری و كۆدەنگیدا لێك دەدا لەوەی كە لـە هـیچ بارێكدا بەرپرسـیارێتیی

---

[١] لشهید لسید زین لدین لطي لعاملي –لروضة لبهیة:٢/٤٠٧.

[٢] سەرچاوەی پێشوو: ٢/٣٧٥.

[٣] وتە حەدیسەكانی ئیمامە مەعسومەكان.

جینائیی تەولو ئاراستەی منداڵ ناكرێ.

فیقهی زاهیری:

ئیبن حەزمی زاهیری[1] دەڵێ (قیساس لەسەر شێت نیە لەسەر ئەوەی لە شێتیدا ئەنجامی دەدا، هەروەها سەرخۆشیش لەسەر ئەوەی لە سەرخۆشیدا كردوە كە تێیدا ئەقڵی لەدەست داوە، هەروەها لەسەر ئەوەیش باڵق نەبووە، هیچكام لەوانە نە خوێنبایی و نە زەمانی لەسەر نیە، ئەوانە و بێزمان (ئاژەڵ) وەك یەكن، لەبەرئەوەی پێغەمبەر فەرمویەتی **(رفع القلم عن ثلاثة عن الصبي حتى يبلغ وعن المجنون حتى يفيق)**.

تێبینی دەكرێ ئەم ئاراستەیەی ئیبن حەزم تەفسیرێكی فراوانی بۆ قسەكەی پێغەمبەر كردوە بەشێوەیەك بەرزكردنەوەی قەڵەم هەردوو بەرپرسیارێتیی (جینائی و مەدەنی) وەك یەك بگرێتەوە، لەو روانگەوە هەر كارێكی نامەشروع ئەگەر لەلایەن كەسێكەوە بوو كە یەكێك لەو وەسفانەی تێدا بوو وەك ئەوەیە لەلایەن حەیوانێكەوە بێ مادام ئەقڵ كە بناغەی تەكلیفە لەكاتی كردنیدا نەبوویێ. جگە لەوە، سەرخۆشی لەو عوزرانە داناوە كە بەشێوەیەكی رەها رێگرن لە بەرپرسیارێتیی جینائی و مەدەنی بەبێ جیاوازیكردن لەنێوان سەرخۆشیی خۆویستانەی نامەشروع و سەرخۆشیەكدا خواردنەوەی مەستكەرەكە لەلایەن سەرخۆشەكەوە بە رێگەیەكی مەشروع بوویێ، پاشان ئەگەر یەكسانكردن لەنێوان ئەوانە و ئاژەڵدا بۆ شێت و نەشیاو قبووڵ بێ، ئەوا بۆ منداڵی بەفام ماقووڵ نیە بەتایبەت ئەگەر لە قۆناغی نزیك لە تەمەنی باڵقبوون یان پێگەیشتندا بێ.

فیقهی ئیبازی:

لە شەرحی كتێبی (النيل و وشفاء العليل)[2]دا هاتووە: (لە هەندێ ئاسەواری هاوەڵانماندا هاتووە كە ئەنقەستی منداڵ و شێت و گێل (الابلە) كە بەشێتەوە لكێنراوە و شێتی تێدا نیە بەهەڵە حسێبە و تاوانەكەیان لەسەر كەسوكارە). ئەم گوتەیە بەراشكاوی دەڵێ منداڵ و شێت و ئەوەی حوكمی ئەوانی هەیە لەرووی جینائیەوە بەرپرسیار نابن، لە تاوانی كوشتنیشدا خوێنبایی

---

[1] ابو محمد علي بن أحمد بن سعيد بن حزم المتوفى سنة (٤٥٦هـ)، المحلى-طبعة بيروت:٣٤٤/١٠.

[2] العلامة الامام محمد يوسف اطفش مطبعة ارشاد المملكة العربية السعودية:١٣٥/١٥.

لەسەر کەسوکاریانە.

بەراورد لەنێوان رای فیقوانانی شەریعەت لەبارەی کاریگەری چکۆلەیی:

لەو را و پیادەکردنە فیقهیانەی لەو مەزەبانەی خرانە روو لەبارەی کاریگەریی چکۆلەیی لە بەرپرسیارێتیی جینائیدا، دەگەینە ئەو ئەنجامەی هەندێ حوکم هەیە لەسەریان کۆك و هەندێکیتریان لەسەریان ناکۆکن.

ئەو حوکمانەی تێیاندا کۆکن:

أ- ناکۆکی نیە لەوەدا منداڵ جا بەفام بێ یان نەفام هیچکام لە تاوانە حەدیەکانیان بەسەردا پیادە ناکرێ، ئەگەر دزی کرد دەستی نابڕدرێ، ئەگەر لەدین هەڵگەڕایەوە بەهەند وەرناگیرێ، ئەگەر زینای کرد سزای تاوانی زینای بەسەردا پیادە ناکرێ، ئەگەر بوهتانی زینا (واتە قەزف)ی کرد حەدی لێ نادرێ و بەم شێوەیە.

ب- ناکۆکی لەوەدا نیە منداڵ بەهیچ شێوەیەك قیساسی لەسەر جێبەجێ ناکرێ، جا بەفام بێ یان نەفام، بەڵکو بەرای جمهوری فیقوانان خوێنبایی لەسەر کەسوکاری پێویست دەبێ، لەو روانگەوە کە کردەوەکەی بەئەنقەست حسێب ناکرێ، ئەویش لەبەر نەبوونی ئیدراکی تەواو.

ج- ناکۆکی نیە لە پێویستیی گرتنەبەری رێوشوێنی خۆپارێزی و سزای تەمێکارانە سەبارەت بە منداڵی بەفام ئەگەر هاتوو تاوانێکی ئەنجام دا، ئەویش بەمەبەستی رێگرتن لە دووبارەکردنەوە و خوو پێوەگرتن و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خەڵك.

٢- ئەو حوکمانەی تێیاندا ناکۆکن:

أ- مەزەبی شافیعی لە یەکێك لە دوو گوتەکەی شافیعیدا، هەروەها مەزەبی مالیکی تاکن لەوەی دەڵێن کردەوەی منداڵ -هەروەها شێت- بە ئەنقەست وەسف دەکرێ، ئەم رایەش جێی رەخنەیە لەبەرئەوەی ئەنقەست بریتییە لەوەی مەبەست ئەنجامە جورمیەکە و پێشبینیکردنی ئەنجامی ئەو تاوانە بێ کە مرۆڤ پێی هەڵدەستێ و هەڵسەنگاندنی کارەکە و ئەنجامەکەیەتی، ئەوەیش لەلای منداڵ بەرهایی بزرە.

ب- تاکە رایەك لە فیقهی ئیمامیدا هەیە کە گەڕانەوە سەر تاوان بە دۆخێکی توندێن (مشدد) دادەنرێ بۆ منداڵ ئەگەر تاوانی دزیکردنی دووبارە کردەوە، بەشێوەیەك لە جاری سێیەمدا دەگاتە ئەو سزایەی تاوانەکە کە بۆ کەسی باڵقی ژیر و هەڵبژێر دانرلوە، ئەم رایە وێڕای لێکدانی

لەگەڵ مەنتیق و دادپەروەریدا، لەگەڵ ئەو فەرمایشتەی خوای گەورەدا لێك دەدا کە ئەفەرموێ: ﴿لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْساً إِلاَّ وُسْعَهَا﴾[1].

ج- مەزەبی مالیکی بەتەنیا لەگەڵ وردکردنەوەدایە لە واجببوونی خوێنبایی لە ماڵی منداڵ یان لە ماڵی کەسوکاردا، کە دەکەوێتە سەر کەسوکار ئەگەر بڕەکەی دەگەیشتە سێیەك و بەسەرەوەی ماڵی تاوانکارەکە، بەپێچەوانەوە، لە ماڵی منداڵەکە وەردەگیرێ، سەنەدێکی شەرعیم بۆ ئەم وردکردنەوەیە نەدۆزیوەتەوە.

د- مەزەبی زاهیری بەتەنیا رایان وایە رەفتارە زیانبەخشەکانی منداڵ با بەفامیش بێ، هەروەها شێت و ئەوەی حوکمی ئەوی هەیە وەك ئەو رەفتارە زیانبەخشانەن لە ئاژەڵەوە دەردەچن، کە بەفرۆچوونن و نە بەرپرسیارێتیی جینائی و نە بەرپرسیارێتیی مەدەنییان لێ ناکەوێتەوە، ئەمەیش لەگەڵ رۆحی شەریعەتی ئیسلامیدا لێك دەدا کە داوا دەکا قەرەبووی ئەو زیانە بکرێتەوە کە لە کاری ناڕەوا کەوتۆتەوە ئیتر سەرچاوەکەی هەرچی بێ، هەروەها جیاوازیکردن لەنێوان منداڵی بەفام و نەفام لە گرتنەبەری رێوشوێنە خۆپارێزیەکان، هەروەها سزا تەمێکارانەکان بۆ بەفام نەك نەفام، هەروەك لەگەڵ ئەو جیاوازیەدا لێك دەدا کە لەو حەدیسەدایە باس لە فەرمانکردن دەکا بە منداڵان بە نوێژکردن و بەکارهێنانی لێدان بۆ ئەوەی تەمەنی گەیشتۆتە دە ساڵ و نەشیانی ئەوە بۆ ئەو منداڵەی لە خوار ئەو تەمەنەیە.

بە بۆچوونی لەخۆبوردوانەی ئێمە رای راجیح و ژیرانەترین ئەمەی خوارەوەیە:

١- چکۆلەیی بۆ کەسی نەفام رێگرە لە بەرپرسیارێتیی جینائی، بۆ بەفامیش رێگرێکی سووکێنە، واتە بەو سزایە سزا نادرێ کە بۆ ئەو تاوانەی ئەو ئەنجامی داوە دانراوە، بەڵام رێگر نیە لە بەرپرسیارێتی، چونکە لێی دەپرسرێتەوە و سزایەکی تەمێکارانە و چاکسازییانەی دەدرێ، ئەم سزایەیش لەگەڵ نزیکتربوونەوەی ناکام لە قۆناغی تەمەنی باڵغی توندتر دەبێ.

٢- ئەگەر منداڵ، بەفام بوو یان نەفام، قەتڵێکی کرد خوێنبایی واجب دەبێ و جێگەی قیساس دەگرێتەوە، ئەو خوێنبابییەیش لە ماڵی ناکامەکە دەدرێ ئەگەر دارایی هەبوو، هەروەها لە ماڵی کەسوکار بەبێ دیاریکردنی رێژە، لەبەرئەوەی کوشتن لەلایەن شێت و منداڵی نەفام و هەروەها بەفامیشەوە نە بە ئەنقەست و نە بە هەڵە وەسف ناکرێ، لەبەرئەوەی هەڵە وەپاڵ

---

[1] سورة البقرة:٢٨٦.

کەسێك دەدرێ کە بکرێ بەئەنقەست شت بکا، لەم روانگەوە بەتەواوی لە مـاڵی کەسـوکار نـابێ، لەبەرئەوەی دەستدرێژیەکە بە هەڵە وەسف نـاکرێ و بەتـەنیایش لـە مـاڵی تاوانکارەکـە نـادرێ، لەبەرئەوەی نە بەئەنقەست و نە بە نیمچە ئەنقەست نەبووە.

٣- پێویسـتە قەرەبووکردنـەوەی دارایـی لـە مـاڵی ناکامەکـە بـێ هـەرکات بـەهۆی کـارێکی نامەشروعەوە زیانی بە کەسیتر گەیاند، بەچاوپۆشین لە ئیدراك و فامی.

٤- نەوجەوانان یاسایەکی تایبەت و دادگەیەکی تایبەت و جێبەجێکردنێکی تایبەتیان هەیە و سزاکانیان مۆرکێکی چاکسـازیانە و تەمێکارانـەیان هەیـە وەك یاسـادانەری عێراقـی وای کـردوە، چاکیشی کردوە.

باسی دووەم:
چکۆلەیی و بەرپرسیارێتیی جینائی لە یاسادا

مرۆڤ بەبێ زانین، بێتوانا لە بیرکردنەوە و بەبێ ئیرادە لەدایك دەبێ، پاشان دەرك و زانینەکانی لەگەڵ گەشەی پلەبەپلەی جەستەیدا گەشە دەکەن و بەچەند ماوەی زەمەنی و قۆناغێکی جیاوازدا تێدەپەڕن تا لەڕووی توانای بیرکردنەوە و ئیدراك كامڵ دەبن.

لە شەریعەتی ئیسلامیدا –جیاواز لە یاسا– کاریگەریی چکۆلەیی لە بەرپرسیارێتیدا بە قۆناغی جیاجیای پەرەسەندندا تێنەپەڕیوە، بەڵکو لەکاتی دابەزینی وەحیەوە خوا فەرموویەتی ﴿لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْساً إِلاَّ وُسْعَهَا﴾[1]. هەروەها پێغەمبەر فەرموویەتی: (رفع القلم عن ثلاثة عن الصبي حتى يبلغ وعن النائم حتى يستيقظ وعن المجنون حتى يفيق).

فیقوانانی شەریعەت کۆدەنگن لەسەر ئەوەی هەر شتێك بەشێوەیەکی رەوا ئیدراك نەهێڵێ و نارێکی لە ئەقڵدا دروست بکا، لەڕووی کاریگەرییەوە لەسەر بەرپرسیارێتی حوکمی شێتی هەیە، بەڵام ئەمە تا ئەم نزیکانە لە یاسا وەزعیەکاندا جێگیر نەبوو، ئەویش پاش روودانی زنجیرەیەك پەرەسەندن و هەموارکردن تێیاندا هەر لە نەتەوە کۆنەکانەوە بۆ یاسا نوێ عەرەبی و ناعەرەبییەکان، لەبەرئەوە لە دوو لقدا قسە لەسەر کاریگەریی چکۆلەیی لەسەر بەرپرسیارێتی دەکەم: یەکەمیان لە یاسا ناعەرەبییەکان و دووەمیان لە یاسا عەرەبییەکاندا، بەهەندێ وردکردنەوەی زیاتر لە یاسای عێراقیدا کە بەبڕوای من ئەحکامی نەوجەوانانی چارەسەر کردوە و سنوورێکی بۆ دیاردەی لادانی نەوجەوان داناوە، ئەویش لەڕێی چاودێریکردنی نەوجەوان لە لادان و چارەسەری لادەر و گونجاندنی لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە بەگوێرەی بەها و رێسا ئەخلاقی و ئیسلامیەکان.

---

[1] سورة :٢٨٦.

لقی یەکەم:
چکۆلەیی و بەرپرسیارێتی لە یاسا ناعەرەبییەکاندا

نەتەوە دێرینەکان بەرپرسیاربوونی چکۆلە و شیانی بۆ سزادانیان پەسەند کردوە، ئەویش لەسەر ئەم دوو بنچینەیەی خوارەوە:

یەکەمیان ئەوەیە ئەو ئەندامی خێزانە، ئەگەر کەسێکی ئەو خێزانە تاوانێکی کرد، هەر هەموویان لەرووی بەرپرسیارێتیی دەستەجەمیی هاوکارییەوە لێی بەرپرسیارن بەچاوپۆشین لە شیانیان یان بەشداربیان لە تاوانە ئەنجامدراوەکەدا، لە روانگەی بیرۆکەی بەرپرسیارێتیی دەستەجەمیی (تەبەعیەوە)، بەرپرسیارێتی و سزا بەسەر سەرجەم ئەندامانی خێزاندا دابەش دەبن.

دووەم بەرپرسیارێتیی چکۆلە لە بارێکدا شەخسییە ئەو ئەنجامدەری تاوانەکە بێ، بەرپرسیارێتیی چکۆلە بەچەندین پەرەسەندندا تێپەریوە، گرنگترینیان ئەمانەن:

بەرپرسیارێتیەکەی بەرپرسیارێتیەکی دەستەجەمییە بەگوێرەی خێزانەکە، ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەی تاوانێکی کرد، بەرپرسیارێتیەکەی هەر هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە ئەندامی ئەو خێزانەن بەچاوپۆشین لە کەسایەتی و شیان و بەرپرسیارێتییە جینائیەکەی، بەزۆریش غەرامەیەکی ماڵی بوو بەسەر هەموویاندا دەسەپێنرا.

ئەگەر چکۆلەیەك تاوانێکی بکردایە لەوانە بوو بەرپرسیارێتی، جەستەیی بێ یان ماڵی، ئاراستەی هەموو خێزانەکە بکرێ، لەوانەیش بوو سزاکان بەسەر چکۆلەکەدا بسەپێنرێ و لەبارەیەوە پرسوجۆ لە خێزانەکە نەکرێ.

ئەگەر چکۆلە تاوانێکی بکرایە پرسوجۆ تەنیا لەو دەکرا نەك باقیی ئەندامانی خێزانەکە، سزاکەیش تەنیا غەرامەیەکی ماڵی بوو.

ئەگەر چکۆلە تاوانێکی بکردایە پرسوجۆ تەنیا لەو دەکرا، بەڵام سزاکە لەوانە بوو جەستەیی بێ و لەسەر کەسی تاوانکار جێبەجێ بکرێ، جا لە جەستەیدا بێ یان لە ئازادیدا، لەگەڵ غەرامەکردنێکی ماڵی، یان بەبێ ئەوە.

پاساوی ئەو یاسایانە بۆ لێپرسینەوەی ئەو چکۆلەیەی تاوانێك ئەنجام دەدا ئەوە بووە، ئەو کارە چاککردنی ئەوانیتر و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی تێدایە بەبێ ئەوەی ئەهلیەتی ئەنجامدەری تاوانەکە لەبەرچاو بگیرێ، بەرپرسیاریی دەستەجەمی (تەبەعی) لە سەردەمە

نێرینەکان و سەدەکانی ناوەڕاستدا[1] بیرۆکەیەکی باو بوو، ڕەگوڕیشەی پەلی بۆ سەردەمی نوێ هاویشتوە و هێشتا لە تاوانەکانی نێو عەشایر و تاوانەکانی پەیوەندار بە ئاسایش و سەلامەتیی دەوڵەت لە جەنگەکاندا بەردەوامە. لەو نەتەوە کۆنانەی دەستیان بە بەرپرسیارێتیی جینائی دەستەجەمی (تەبەعی)ەوە گرتوە یۆنان و چین و عەرەبی پێش ئیسلامن، بەتایبەت لە تاوانەکانی دەستدرێژیکردنە سەر پیرۆزییە ئاینییەکان و تاوانی ناپاکیی گەورە (ناپاکیی نیشتمانی) و تاوانەکانی کوشتن لەنێو عەشایر و خێڵەکاندا، تائێستایش ئەم سزا بەکۆمەڵە لەنێو عەشایردا باوە، خێڵ یان عەشیرەتی تاوانسەر تۆڵە لە خێڵ یان عەشیرەتی تاوانکار دەکاتەوە، بەبچوك و گەورە و تەنانەت شیرەخۆریشەوە.

ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی ئەرکادیۆس[2] لەو یاسایەیدا کە لە ساڵی ٣٧٥ز سەبارەت بە تاوانی مەزن (ناپاکیی نیشتمانی) دەریکرد کاری بە بەرپرسیارێتیی دەستەجەمی کردوە، هەروەها ئیمپراتۆر جستنیانیش کە لە ساڵی ٥٢٧–٥٦٥ز حوکمڕانیی دەوڵەتی ڕۆمانیی ڕۆژهەڵاتی کرد. سەبارەت بەم بابەتە لە یاسای ئەرکادیۆسدا هاتووە (دادپەروەریی رەها وا دەخوازێ ڕۆڵەکانی ئەنجامدەری تاوانی ناپاکیی نیشتمانی، ئەو سزایەیان بەریکەوێ کە بەر باوکیان دەکەوێ).

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا یاسای ئینگلیزی ڕێگەی دەدا بە فرۆشتنی منداڵان بۆ بژاردنی ئەو غەرامە داراییەی لە هەندێ تاواندا بەسەر باوکیاندا سەپێنرلوە.

هەندێ لە شرۆڤەکارانی یاسا پێیان وایە: (لێپرسینەوەی بەکۆمەڵی جینائی تا سەرەتای سەدەی شازدەیەم باو بوو، سزا بەسەر تەواوی ئەندامانی خێزانەکەدا بەبچوك و گەورەیانەوە دەسەپێنرا، تا بەو کارە ئەوانیتریش زاڵەترەك بکات و ترس و بیم بخاتە دڵیان).

پاشای ئینگلتەرا ئێدواردی سێیەم هەموارێکی لە لێپرسینەوەی چکۆلە لە چوارچێوەی کۆی خێزاندا کرد، بەشێوەیەك ئەگەر پاش پیادەکردنی سزاکە لەسەر بکەر لەدایك بوو لێی ناپرسرێتەوە، بە پێچەوانەوە لێی دەپرسرێتەوە. هیچ پاساوێکی ئەقڵی لۆژیکی بۆ ئەم جیاکارییە نابینم.

---

[1] التونجي، موانع المسؤولية الجنائية:٤٠ و پاشتر.

[2] امبراطور الدولة الرومانية الشرقية من عام ٣٩٥–٤٠٨.

پەرەسەندنێکی تر بۆ بەرپرسیارێتیی چکۆلە بۆ یەکەم جار لە یاسای ئینگلیزیدا رووی دا، ئەویش جیاکاری بوو لە نێوان منداڵی بەفام و منداڵی نەفامدا، کە باس لەوە دەکا چکۆلە نە وەك ئەسڵی و نەوەك تەبەعی لە رووی جینائییەوە پروسوجۆ ناکرێ ئەگەر تەمەنی لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا لە هەشت ساڵ کەمتر بوو، هەروەها ئەگەر حەوت ساڵی تەواو کردبوو و چووبووە ناو هەشت ساڵ ئەوا لەسەر ئەو تاوانانەی ئەنجامیان دەدا، لەرووی جینائییەوە پرسوجۆی شەخسی لەگەڵ دەکرێ.

دواجار یاسا نوێکان لە سەرجەم وڵاتانی جیهان رێك کەوتوون لەسەر بەرپرسیارنەبوونی نەفام لەرووی جینائیەوە لەبەر چکۆلەیی یان شێتی و ئەو جۆرانە، بەڵام لە دوو شتدا ناکۆکن:

یەکەمیان: لە پێوەری جیاکاری لەنێوان بەفام و نەفامدا.

دووەم: لە چارەسەرکردنی ئەحکامی نەوجەوانان بە یاسایەکی تایبەتی سەربەخۆ لەبەر گرنگی و مەترسیداریی ئەو بابەتە، یان جێکردنەوەی لەنێو یاسای سزاکان یان یاسای رێکار و بنەماکانی دادگەییکردنە جەزاییەکان. لەو یاسا نوێیانەی رێوشوێن و سزاکانی تایبەت بە نەوجەوانانی لادەریان لەنێو بەشی گشتیی یاسای سزاکاندا باس کردوە لەگەڵ هێنانی حوکمە شکڵیەکان لە یاسای رێکارە جینائیەکان (ئوسوڵی موحاکەماتی جەزائی)، بریتین لە: یاسای سزاکانی یۆنانیی ساڵی (١٩٥٠)[1]، یاسای حەبەشی (١٩٥٧)[2]، یاسای یۆگوسلاڤی کە ساڵی (١٩٥٨)[3] دەرچووە، هەروەها یەکێتیی سۆڤیەت لە یاسای (١٩٦٠)دا[4].

لەو یاسا نوێیانەیش لەبەر مەترسیداری کاروباری نەوجەوانانی لادەری بە یاسایەکی تایبەت رێك خستوە، یاسای نەوجەوانانی پورتوگالی ساڵی (١٩١١)یە[5].

هەمان ئەو ئاراستە جیاوازانە لە یاسا سزاییە عەرەبیەکاندا هەن وەك پشت بەخوا پاشتر باسی دەکەین و بەو ئەندازەیە لە نموونە لەبارەی کاریگەریی نەوجەوان لە بەرپرسیارێتیی

---

[1] م١٢١-١٣٣.

[2] م١٦١-١٨٢.

[3] م٦-٦٣.

[4] م-٦٣.

[5] بڕوانە: د.محمود مصطفى، اصول قانون العقوبات في الدول العربية:٩٧.

جینائی لە یاسا ناعەرەبیەکان لە یاسا کۆنەکان و یاساکانی سەدەکانی ناوەڕاست و یاساکانی سەردەمی نویێ، واز دێنم.

لقی دووەم:
چکۆلەیی و بەرپرسیاریتیی سزایی لە یاسا عەرەبیەکاندا

ولآتانی عەرەبی و ئیسلامی لە سەردەمی پەیامی ئیسلامەوە تا سەردەمی خیلافەتی عوسمانی، ملکەچی حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامی بوون، شەریعەت تاکە یاسا بوو لە هەموو کایەکاندا پیادە دەکرا، ئەوەی لە یاسای دەوڵەتی عوسمانیدا کارپێکراو بوو مەزەبی ئەبوحەنیفە بوو وەك مەزەبی ڕەسمیی قەزا و فتوادان، ئەویش بەگوێرەی ئەو فەرمانەی سولتان سەلیمی یەکەم دەریکردبوو، پاشان یاسای جەزای عوسمانی ساڵی ١٨٤٠ دەرچوو، پاشان ساڵی ١٨٥١ هەموار کرا، لە دانان و هەموارکردنی ئەم یاسایەدا پشت بە حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامی دەبەسترا، بەڵام یاسای جەزایی عوسمانی پاشتر کەوتە ژێر کاریگەریی یاساکانی خۆرئاوا، ئەوە بوو ساڵی ١٨٥٨ یاسای جەزایی عوسمانی دەرچوو و زۆربەی دەقەکانی لە یاسای جەزایی فەرەنسی وەرگیرابوون، پاشان لەنێوان ساڵانی ١٩١٠–١٩١٥دا هەندێ لەژێر کاریگەریی یاسای ئیتاڵیدا هەندێ گۆڕانکاری کران.

سەبارەت بە کاریگەریی چکۆلەیی وەك ڕێگر لە بەرپرسیاریتیی جینائی یان عوززێکی سووکێن، (م٤٠)ی ئەو یاسایە باس لەوە دەکا نەوجەوان لە خوار تەمەنی سیازدە ساڵی بە نەفام دادەنرێ، نەفامبوونیشی بەڵگەی پێچەوانەی ناگەیەنێ و بەوەیش سزای بەسەردا ناسەپێنرێ، بەڵکو ڕێوشوێنی پاراستن دەگیرێتە بەر تا دەگاتە سیازدە ساڵی تەمەنی، ئەو ڕێوشوێنی پاراستنەیش ڕادەستکردنیەتی بە دایك و باوکی یان وەلی یان وەصیەکەی لەژێر کەفالەتدا، ئەگەر ئەوەیش نەکرا ڕەوانەی خانەی چاکسازی دەکرێ بەزۆری تا دەگاتە تەمەنی پێگەیشتن، ئەگەر نەوجەوانەکە سیازدە ساڵی تەولو کرد و پازدە ساڵی تەولو نەکردبوو و باڵقبوونی دەرنەکەوتبوو، بە چکۆلەیەکی بەفام دادەنرێ و سزای لەسەر سووك دەکرێ.

پاش نەمانی دەوڵەتی عوسمانی، هەر دەوڵەتێکی عەرەبی سەربەخۆ یاسای بۆ خۆی دادەنا و لە چارەسەرکردنی کێشەی نەوجەوانانی لادەردا جیاوازن بەم شێوەیە:

أ– هەندێکیان یاسای تایبەت بە نەوجەوانانی لادەریان دەرکردوە، لەوانە:

یاسای نەوجەوانانی عێراقی (ژمارە ٤٤)ی ساڵی ١٩٥٥.

یاسای نەوجەوانانی ئوردنی (ژمارە ٢٤)ی ساڵی ١٩٦٨.

یاسای نەوجەولنانی سوری (ژمارە ١٨)ی ساڵی ١٩٧٤ی هەموارکراو بە یاسای یاسای (ژمارە ٥١)ی ساڵی ١٩٧٩.

یاسای بێلانەکەوتنی نەواجەولنان (تشرد الاحداپ)ی میسری ساڵی ١٩٧٤.

یاسای نەوجەولنانی دەوڵەتی بەحرێن ١٩٧٦.

یاسای نەوجەولنانی لادەر لە دەوڵەتی میرنشینە یەکگرتووە عەرەبیەکانی ساڵی ١٩٧٦.

یاسای نەوجەوانانی کوێتی (ژمارە ٣)ی ساڵی ١٩٨٣.

یاسای پاراستنی نەوجەوانی لادەری لوبنانی (ژمارە ١١٢)ی ساڵی ١٩٨٣.

ب- هەندێکیان لە یاسا سزاییەکانیاندا حوکمەکانی نەواجەوانانی لادەریان رێك خستووە، لەوانە:

یاسای جینائیی مەغریبی:

فەسڵەکانی ١٣٨-١٤٠، لە فەسڵی ١٣٨دا هاتووە (ئەو چکۆلەیەی تەمەنی نەگەیشتۆتە دوازدە ساڵ، لەبەر نەفامی لەرووی جینائیەوە بەرپرسیار نابێ). لە تاوان و کەتنەکاندا ناکرێ بە جگە لە یەکێك یان زیاتر لە رێوشوێنەکانی پاراستن یان چاککردن کە لە فەسڵی ٥١٦ لە بەرپرسیارێتیی جینائی بڕیاریان لەسەر دراوە، حوکم بدرێ. لە سەرپێچیەکان (المخالفات)یشدا جگە لە سەرزەنشتکردن بە هیچیتر حوکم نادرێ.

لە فەسڵی ١٣٩دا هاتووە (ئەو چکۆلەیەی دە ساڵی تەواو کردوە و نەگەیشتۆتە شازدە ساڵ، بەهۆی فامنەکردنی تەواوەوە بەرپرسیارێتیەکەی بە ناتەواو دادەنرێ).

یاسای سزاکانی سودانی:

م٤٩ (لە کردەوەیەکدا چکۆلەیەك ئەنجامی دەدا کە تەمەنی لە حەوت ساڵ کەمترە یان لە حەوت ساڵ زیاترە و لە دوازدە ساڵ کەمترە، ئەگەر پێگەیشتنی ئیدراکی هێندە نەبوو بتوانێ حوکم لەسەر ماهیەتی ئەو کردەوەیەی دەیکا و ئەنجامەکانی بدات).

یاسای سزاکانی لیبی:

م٨٠ (ئەو چکۆلەیەی نەگەیشتۆتە چواردە ساڵ لەڕووی جینائیەوە بەرپرسیار نابێ، قازی بۆی هەیە ڕێوشوێنی خۆپارێزیی گونجاو بگرێتە بەر ئەگەر حەوت ساڵی تەمەنی تەواو کردبوو بەگوێرەی ئەنجامدانی ئەو کردەوەیەی کە بەپێی یاسا بە تاوان دادەنرێ).

م٨١ (ئەو چکۆلەیەی چواردە ساڵی تەواو کردبێ و نەگەیشتبێتە هەژدە ساڵ لەڕووی جینائیەوە لێی دەپرسرێتەوە بەگوێرەی ئەنجامدانی تاوان، کە هێزی هەستکردن و ئیرادەی هەبوو، بەو مەرجەی سزاکە بەئەندازەی دوو لەسەر سێی کەم بکرێتەوە).

یاسای تونسی:

م٣٨ {ان الجناية لم يعاقب عليها إذا كان سن المتهم اقل من (١٣) سنة لما ارتكبها}، (واتە: تاوان سزای لەسەر نادرێ ئەگەر تەمەنی تۆمەتبار لەکاتی کردنی تاوانەکەدا لە ١٣ ساڵ کەمتر بێ).

تێبینی دەکرێ ئەم مادەیە کۆمەڵێ هەڵەی زانستی تێدایە، لەوانە ڕێگری سزا و ڕێگری بەرپرسیارێتی جینائی تێکەڵ کردوە، هەروەها هەڵەی زمانەوانی تێدایە، وەك بەکارهێنانی (لم) لەجێگەی (لا)، لەکاتێکدا (لم) بۆ نەفییە لە ڕابردوودا و (لا) بۆ نەفییە لە ئایندەدا، ئەمە جگە لە جیاوازینەکردن لەنێوان نەوجەوانی بەفام و نەوجەوانی نەفام و ئەوەی پێویستە بەرانبەر هەریەکەیان بگیرێتە بەر.

یاسای جەزائیری:

م٤٩: (ئەو ناکامەی سیازدە ساڵی تەواو نەکردبێ جگە لە ڕێوشوێنی پاراستن یان پەروەردە، هیچی ناخرێتە سەر)، لەگەڵ ئەوەیشدا لە مادەکانی سەرپێچیدا جگە لە سەرزەنشتکردن (التوبيخ) هیچیتری لەگەڵ ناکرێ، ئەو ناکامەی تەمەنی لەنێوان (١٣–١٨ ساڵدایە) ملکەچی ڕێوشوێنەکانی پاراستن یان پەروەردە یان سزای سووککراو دەبێ، م٥٠ باسی چەند نموونەیەك لەو سووککردنەی کردوە و دەڵێ (ئەگەر سزاکە لەسێدارەدان یان زیندانیکردنی هەتاهەتایی بوو، ئەوا بە دە تا بیست ساڵ بەندکردن حوکم دەدرێ، بەڵام ئەگەر سزاکە زیندانیکردن یان بەندکردنی کاتی بوو نیوەی ئەو ماوەیەی بەسەردا دەدرێ کە لە بارێکدا باڵق بووایە پێویست بوو بەسەریدا بسەپێنرێ).

لەم دوو مادەوە ئەوە تێدەگەین کە نەوجەوان لـەم یاسـایەدا نەشـیاو (عـدیم الأهلیـة) دەبـێ ئەگەر تەمەنی لە (١٣ ساڵ) کەمتر بوو، شیان ناتەولو (ناقص الأهلیة) دەبـێ ئەگـەر تەمـەنی لـە (١٣–١٨ ساڵ) بوو. لە حاڵەتی یەکەمدا لەڕووی جینائیەوە لێی ناپرسرێتەوە، بەڵام لـە دووەمـدا سزلکە سووك دەکا و ڕێگر نابێ لە لێپرسینەوە.

یاسا سەڵتەنەتی عومان:

م١٠٤: (ئەوەی لەکاتی ئەنجامدانی تاواندا نۆ ساڵی تەمەنی تەولو نەکردبێ لەڕووی جەزائیەوە رلوەدوو نـانرێ ئەگـەر تەمەنەکـەی سـاغ نـەکرابووەوە و قـازی مەزەنـدەی کردبـوو، لـە هـەموو بارەکاندا تەمەن لە ساڵنامەی زاینی حسێب دەکرێ).

م١٠٥: (ئەوەی تەمەنی نۆ ساڵی تەواو کردبـێ و لـەکاتی ئەنجامـدانی تاوانـدا سـیازدە سـاڵی تەولو نەکردبێ، حوکمی سزای بەنـدکردن یـان غەرامـەی بەسـەردا نـادرێ، بـەڵکو بـە بڕیـارێکی قەزایی دەخرێتە دامەزرلوەیەکی چاکسازی کە قازی دیاری دەکا بۆ ماوەیەك کـە لـە تـەولوکردنی هـەژدە سـاڵ تێنەپـەڕێ، هـەروەها دەکـرێ لـە دلنیشـتنی دادگەییەکـەدا سەرزەنشـتی بکـات و رادەستی وەلی ئەمرەکەی بکا لەبەرانبەر قەواڵەیەك تێیدا بەڵێن بدات ناکامەکە پەروەردە بکـات و ڕێگە بگرێ لەوەی لەو ماوەیەی بەحوکمەکـە دیـاری کـرلوە تـاولنێکیتر ئـەنجام بداتـەوە. ئەگـەر وەلیەکە بەڵێنەکەی نەبردە سەر دووچاری سزادان دەبێتەوە بەو شێوەیەی لە فەسڵی تایبەت بە یاسای پەیوەندلر بە ناکاماندا هاتووە، ئەوکاتە بەگوێرەی بڕگەی یەکەمی ئەم مادەیە بڕیاردان لـە دۆخی ناکام لە دامەزرلوەی چاکسازیدا بۆ قازی دەگەڕێتەوە).

م١٠٦: (ئەوەی تەمەنی سیازدە ساڵ تەولو کردبێ و لەکاتی ئەنجامدانی تاواندا پـازدە سـاڵی تەولو نەکردبێ، بەمەبەستی چاککردن بەبەندکردن بـۆ مـاوەی سـێ تـا پێـنج سـاڵ سـزا دەدرێ ئەگەر هاتوو تاولنەکە بەپێی یاسا سزای لەسێدارەدان یان بەندکردنی هەتاهەتایی بـوو، هـەروەها لە ساڵێك بۆ سێ ساڵ لە تاولنەکانیتردا).

م١٠٧: (ئەوەی تەمەنی پازدە ساڵ تەولو کردبێ و لەکاتی ئەنجامـدانی تاوانـدا هـەژدە سـاڵی تەولو نەکردبێ، بە پێنج تا دە ساڵ بەنـدکردن سـزا دەدرێ ئەگـەر هـاتوو تاولنەکـە بـەپێی یاسـا سزای لەسێدارەدان یـان بەنـدکردنی هەتاهـەتایی بـوو، هـەروەها لـە سـێ بـۆ حـەوت سـاڵ لـە تاولنەکانیتردا، بەڵام ئەگەر تاولنەکە کەتنێك بـێ، ئـەوا بـە بەنـدکردن لـە دە ڕۆژ بـۆ سـاڵێك سـزا دەدرێ).

یاسای یەمەنی:

م٣١: (ئـەوەی لـەكاتی ئەنجامـدانی كـردەوەی پێكهێنـەری تاوانەكـەدا حـەوت سـاڵی تـەواو نەكردبێ، لەڕووی جینائیەوە لێی ناپرسرێتەوە، ئەگەر نەوجەوانێك كە حەوت ساڵی تەواو كردبـێ و نەگەیشتبێتە پازدە ساڵ ئەو كردەوەیە بكا، قازی فەرمان دەكا لەباتیی سـزا بڕیاردراوەكـە بـە سەپاندنی یەكێك لەو ڕێوشوێنانەی لـە یاسـای نەوجەوانانـدا بـاس كـراون. ئەگـەر ئەنجامـدەری تاوانەكە پازدە ساڵی تەواو كردبێ و هەژدەی تەواو نەكردبێ، بـە سـزایەك حـوكم دەدرێ كـە لـە نیوەی لای سەرووی سزای بڕیاردراو بەپێی یاسا تێنەپەڕێ، خۆ ئەگەر سزاكە لەسێدارەدان بـوو حوكم دەدرێ بە بەندكردن بۆ ماوەیەك لە سێ ساڵ كەمتر نەبێت و لە دە سـاڵ زیـاتر نـەبێ، لـە هەموو بارەكاندا بەندكردنەكە لە شـوێنی تایبەتـدا جێبـەجێ دەكـرێ كـە ڕەچـاوی مامەڵەیـەكی گونجاو لەگەڵ حوكمدراو بكرێ. كەسی تەمەن منداڵ بـە ئەگـەر لـەكاتی ئەنجامـدانی تاوانەكـەدا نەگەیشتبێتە هەژدە ساڵ لەڕووی بەرپرسیارێتیی جەزایی تەواوە بەرپرسیار نابێ. ئەگەر تەمەنی تۆمەتبار دیار نەبوو قازی بە ڕاوێژكردن بە پسپۆڕێك مەزەندەی دەكا).

م٣٢: (ئـەو حوكمانـەی لـە مـادەی (٣٢)دا ڕوون كراونەتـەوە كـار لـە مـافی تاوانسـەر یـان وەرەسەكەی ناكەن لە وەرگرتنی خوێنبایی یان ئەرش (واتە: جیاوازیی نێوان بەهای شـتەكە بـە ساغی لەگەڵ بەهاكەی پاش زیـان پێگەیانـدنی–وەرگێـڕ) لـە هـەموو دۆخەكانیـدا، خوێنبـایی و ئەرشیش لە ئەستۆی كەسوكاردا دەبێ، ئەگەر ئەوان نەیاندا لە ماڵی چكۆلەكە دەبێ)[1].

یاسای یەمەنی لەنێو سەرجەم یاساكانی سزاكانی وڵاتانی عەرەبی كە قسەیان لەسەر بابـەتی نەوجەوانی لادەر لە یاسای جەزاییدا كردوە، جیـاوازە، یاسـایەكی تایبـەتی بـۆ دانـەناوە بـەوەی نزیكترە لەو دابپەروەریەی شـەریعەتی ئیسـلامی بانگەشـەی بـۆ دەكـا كـە دلوا دەكـا ڕەچـاوی چـكۆلە بكـرێ، خـۆی و بەرژەوەندیـەكانی بپـارێزرێن لەگـەڵ ڕەچـاوكردنی بەرژەوەندیـەكانی كۆمەڵگە، لە پاراستنی مافیان لە ژیان و ماڵ و نـاموس و دڵنیـایی، بـەو مەرجـەی ڕێوشـوێنەكان وەك سزادان نەگیرێنە بەر، بەڵكو وا پیادە بكرێن وەك ئەوەی بۆ چاكسازی بن.

---

[1] یاسای یەمەنی بەوە جیا دەكرێتەوە سیستمی خوێنبایی و ئەرشی بەگوێرەی شەریعەتی ئیسلامی وەرگرتوە. ئەرش: بریتییە لە جیاوازیی نێوان بەهای شتەكە بە ساغی لەگەڵ بەهاكەی پاش زیان پێگەیاندنی–وەرگێڕ.

ج- **شانشینی عەرەبستانی سعودی** تاكانەیه لەوەی تاكه دەوڵەته له جیهانی عەرەبیدا كه لەسەر تەرزی سەردەمه ئیسلامیەكانی رابردوو ماوەتەوە له پیادەكردنی شەریعەتی ئیسلامی له سەرجەم جۆرەكانی تاوانەكاندا (تاوانەكانی حدود و تاوانەكانی قیساس و خوێنبایی و تاوانەكانی تەعزیر)، بەڵام له روكن و مەرج و حوكمه جەزاییەكانی ئەو تاوانانەدا، لەژێر كاریگەریی فیقهی حەنبەلیدایه لەو رووەوە ئەوە فیقهلی ئەهلی حەدیسه.

یاسای عێراق چۆن چۆنی چارەسەری لادانی نەوجەوانی كردوە؟

یەكەمین دەقی یاسایی له عێراق پاش شەریعەتی ئیسلامی لەبارەی نەوجەوانانی لادەر پەیرەو كرابێ م٤٠ی یاسای جەزای عوسمانییه، كه دەڵێ (ئەوەی لەكاتی ئەنجامدانی تاواندا سیازده ساڵی تەولو نەكردبێ، به نەفام دادەنرێ و لەسەر ئەو تاوانانەی كردوونی پرسوجۆی ناكرێ، بەڵام بەحوكمی دادگەی كەتن رادەستی دایك و باوك یان بەخێوكەر یان چاودێرەكەی دەكرێ بەو مەرجەی بەڵێننامەیەكیان لێ وەربگیرێ و لەپێناو پەروەردەكردنیدا بنێردرێ بۆ خانەی چاكسازی و لەوێ بهێڵرێتەوە بۆ ماوەیەك كه بەزۆری له گەیشتنی به تەمەنی پێگەیشتن تێنەپەرێ، ئەگەر ئەو منداڵانەی بەپێی بەڵێننامەیەك دراونەتەوە به باوك و دایك یان بەخێوكەر یان چاودێرەكانیان بەر لەوەی پازده ساڵ تەولو بكەن تاوانێكیان ئەنجام دا، ئەوەیش بەرەنجامی شلگیری و چاوپۆشی ئەوانه بوو كه ئەركی چاودێریكردنیان لەسەر بوو، ئەوانەی فەرمانی چاودێریكردنیان پێ كرابوو غەرامه دەكرێن به یەك سكه تا سەد سكه زێر).

بۆ یەكەم جار یاسای نەوجەوانان ژمارە ٤٤ له ١٠ی نیسانی ١٩٥٥ دەرچوو، بەپێی ئەو یاسایه بڕیار درا كەسی نەفام لەبەر چكۆلەیی یان شێتی و ئەوەی حوكمی ئەوانەی هەیه، لەرووی پرسوجۆ نەكرێن، بەڵام ئەوەی دەچێته تەمەنی فامكردن و هەژده ساڵی تەواو نەكردوە پرسوجۆ دەكرێ، بەو مەرجەی ئەو رێوشوێنانەی دژی دەگیرێنه بەر تەمێكارانه و بۆ راستكردنەوە بن و مۆركی چاكسازییان هەبێ نەك سزادان.

م٣٦ له یاسای سزادانی بەغدایی هەڵوەشاوە تەمەنی دیاری كردوە كه (تەمەنی فامكردن ئەوەیه له حەوت ساڵ زیاتر و له پازده ساڵ كەمتر بێ).

یاسای نەوجەولنان ژمارە ١١ی ساڵی ١٩٦٢یش هەمان تەرزی وەرگرتوە، پاشان ئەم یاسایه به یاسای نەوجەوانان ژمارە ٦٤ی ساڵی ١٩٧٢ هەڵوەشێنرایەوە، كه بڕیاری داوە به (لێنەپرسینەوەی ئەوەی حەوت ساڵی تەولو نەكردوە)، نەوجەوانیشی پێناسه كردوە بەوەی

(ئەو کەسەیە حەوت ساڵی تەواو کردبێ و هەژدە ساڵی تەواو نەکردبێ). پاشان یاسای چاودێریکردنی نەوجەوانان ژمارە ٧٦ی ساڵی ١٩٨٣ جێی گرتەوە و م١١٢ی ئەو یاسایە دەڵێ (یاسای نەوجەوانان ژمارە ٦٤ی ساڵی ١٩٧٢ هەڵدەوەشێتەوە)، لە م٣یشدا ئەو پۆلانە روون دەکاتەوە کە ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، بەم شێوەیە:

یەکەم- هەر کەس تەمەنی نۆ ساڵی تەواو نەکردبێ بەچکۆلە دادەنرێ.

دووەم- هەرکەس تەمەنی نۆ ساڵی تەواو کردبێ و هەژدە ساڵی تەواو نەکردبێ بە نەوجەوان دادەنرێ[١].

سێیەم- نەوجەوان بە منداڵ (صبی) دادەنرێ ئەگەر تەمەنی نۆ ساڵ تەواو کردبێ و پازدە ساڵی تەواو نەکردبێ.

چوارەم- نەوجەوان بە گەنج (فتی) دادەنرێ ئەگەر پازدە ساڵی تەمەنی تەواو کردبێ و هەژدە ساڵ تەواو نەکردبێ[٢].

پێنجەم- باوك و دایك یان هەر کەسێکیتر بە وەلی دادەنرێ کە چکۆلەیەك یان نەوجەوانێکی دراببێتەپاڵ، یان بەبڕیاری دادگە پەروەردەکردنی یەکێکیانی پێ سپێردرابێ.

لە م٢٤دا:

یەکەم- چکۆلە یان نەوجەوان بە لانەواز (مشرد) دادەنرێ ئەگەر:

أ- لە شوێنە گشتیەکاندا ببینرێ سواڵ دەکا، یان خۆی وا پیشان بدات تووشی برینداری یان نەخۆشی بووە، یان گزی بکا بەمەسەتی بەدەستهێنانی سۆزی جەماوەر بەمەبەستی سوالکردن.

ب- بەگەڕۆکی بۆیاخی پێڵاو بکا یان جگەرە بفرۆشێ یان هەر پیشەیەکیتر کە دووچاری لادانی بکا و تەمەنی لە پازدە ساڵ کەمتر بێ.

ج- شوێنێکی دیاریکراوی مانەوەی نەبێ یان شوێنە گشتیەکان بکاتە ماوای خۆی.

---

[١] تەمەنی نەوجەوان بە بەلگەنامەیەکی رەسمی دەسەلمێ، ئەگەر بەلگەنامەکە نەبوو یان ئەو تەمەنەی نووسرابوو لەگەڵ رواڵەتی حاڵدا نەدەگونجا، پێویستە دادگە حەوالەی پشکنینی پزیشکی بکا تا بە رێگەی زانستی تەمەنی مەزەندە بکرێ م٤.

[٢] حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر ئەو نەوجەوانەدا پیادە دەکرێ کە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا هەژدە ساڵی تەواو نەکردوە م٥.

د– رێگەیەکی رەوای نەبێ بۆ بژێوی و وەلی یان پەروەردیاری نەبێ.

هـ– بەجێهێشتنی مالّی وەلیەکەی یان ئەو شوێنەی لێی دانراوە بەبێ عوزرێکی رەوا.

دووەم– چکۆلە یە لانەواز دادەنرێ ئەگەر پیشە یان کارێك بکا لەگەلّ کەسانیتر جگە لە کەسوکاری.

لە م٢٥:

چکۆلە یان نەوجەوان بە بەدرەفتار (منحرف السلوك) دادەنرێ ئەگەر:

یەکەم– لە شوێنی لەشفرۆشی یان قومار یان مەیخواردنەوە هەندێ کار بکا.

دووەم– تێکەلّیی لانەوازەکان یان ئەو کەسانە بکات کە بەدرەفتاری بەناویانگن.

سێیەم– لە دەسەلاّتی وەلیەکەی یاخی بێ[1].

حوکمی ئەم پۆلانە:

حوکمی چکۆلە (سکالاّی جەزایی دژی کەسێك بەرز ناکرێتەوە کە لەکاتی ئەنجامدانی تاواندا نۆ سالّی تەمەنی تەواو نەکردبێ)[2]. (ئەگەر چکۆلە کردەوەیەکی کرد کە یاسا سزای بۆ داناوە پێویستە دادگە بریار بدات رادەستی وەلیەکەی بکا تا ئەو راسپاردانەی دادگە بریاریان دەدا جێبەجێیان بکا بەمەبەستی پارێزگاریکردن لە باش رەفتاری، ئەویش بەپێی بەلّێننامەیەك کە گەرەنتیەکی دارایشی لەگەلّدایە)[3].

---

[1] شایانی باسە ئەم یاسایە لە هەرێمی کوردستان–عێراق هەموار کراوە، بە یاسای ژمارە (١٤)ی سالّی ٢٠٠١، بەم شێوەیە:

١) ئەوەی یازدە سالّی تەواو نەکردبێ بە چکۆلە دادەنرێ.

٢) ئەوەی یازدە سالّی تەواو کردبێ و هەژدەی تەواو نەکردبێ بە نەوجەوان دادەنرێ.

٣) نەوجەوان بە منداڵ دادەنرێ ئەگەر یازدە سالّی تەواو کردبێ و پازدەی تەواو نەکردبێ.

٤) نەوجەوان بە گەنج (فتی) دادەنرێ ئەگەر پازدە سالّی تەواو کردبێ و هەژدەی تەواو نەکردبێ.

٥) بە وەلی دادەنرێ باوك و دایك یان هەر کەسێکیتر کە چکۆلە یان نەوجەوانێکی درابێتەپالّ یان بە بریاری دادگە پەروەردەکردنی یەکێکیانی پێ سپێردرابێ..

[2] لە هەرێمی کوردستان–عێراق هەموار کراوە، بە یاسای ژمارە (١٤)ی سالّی ٢٠٠١، بەم شێوەیە: لە هەرێمی کوردستان–عێراق دەعوای جەزایی دژی کەسێك بەرز ناکرێتەوە کە لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا یازدە سالّی تەمەنی تەواو نەکردبێ.

[3] م٤٧.

بەپێی ئەم یاسایە پێوەری بابەتی فامکردن کە لە یاسای رابردوودا هەبوو (تەواوکردنی حەوت ساڵی تەمەن) بوو بە (تەواوکردنی نۆ ساڵی تەمەن)، لەم روانگەیەشەوە لە یاسا جەزاییە عێراقیەکان و دادگەی جینائیی عێراقیدا لە هەر کوێ لەفزی چکۆلە (الصغیر) هات مەبەست ئەوەیە نۆ ساڵی تەمەنی تەواو نەکردوە، لەبەرئەوەی لەرووی کردارییەوە هەموو دەقێکی رابردوو[1] بەم یاسایە تایبەت (تخصیص) کراوە، ئەویش لە روانگەی ئەو رێسا ئوسولیەی دەڵێ (ئەگەر دوو دەق تێک گیران تێکگیرانەکە بە کۆکردنەوەیان هەڵدەگیرێ، ئەگەر نەدەکرا بە زاڵکەرێکی دەرەکی یەکێکیان بەسەر ئەویترياندا زاڵ بکرێ، ئەوەی پاشتر بە هەڵوەشێنی ئەوەی پێشتر دادەنرێ، لێرەدا دەکرێ بە تەخسیس کۆ بکرێنەوە، بەوەیش دەقە تایبەتکارەکە لە دەرەوە بابەتە جینائیەکاندا کاری پێ دەکرێ).

کەواتە هەر تاوانێك چکۆلەیەك کە نۆ ساڵی تەواو نەکردوە ئەنجامی بدات، سکاڵا لەدژی ناجوڵێنرێ و بەهیچ شێوەیەك لەرووی جەزاییەوە پرسوجۆر ناکرێ. بەلام لەرووی پەروەردەییەوە پێویستە گرنگی پێ بدرێ، بەتایبەت کە ئەو لەو قۆناغەی تەمەنیدا هەویرێکە هەموو شێوەیەك لە شێوە ئەندازەییەکانی رەفتار وەردەگرێ و فێربوونی تەنیا لاساییکردنەوەیە، جا وەك چۆن خۆبەخۆ و بەبێ فێرکردن زمانی باوانی فێر دەبێ لە هەموو رەفتارێکیشدا لاسایی کەسانیتر دەکاتەوە ئەگەرچی دروستبوون و پێکهاتەی کامڵە و تەواوی بەهرە و توانا و هەستەکانی پێ دراوە، هەروەها بەهرەیەکی زەینی هەیە کە بەشێوەیەکی غەریزی ئەرکی خۆی رادەپەڕێنێ ئەگەر رێی لە شوێنی کارکردنی کەوت، بەلام بەر لە پێگەیشتن و بەر لەوەی بچێتە نێو گەرمەی رووداوەکانی ژیان و بەرکەوتن لەگەڵ وردەکاریەکانیدا، ناتوانێ ئەو بەهرەیە کۆنترۆڵ بکات و رێکی بخات.

توانا ئەقڵی و سۆزی و جەستەیی و هەستیەکانی بەتەواوی خەلق کراون، تەنیا ئەوەیان ماوە لەگەڵ رووداوەکانی ژیان بەریەك بکەون. بەریەککەوتنی نێوان فیتریبوونی هەلچسوکەوت و عەفەوییبوونی جوڵان لەلایەن چکۆلەوە و لەنێوان ئەو پێوەرە پەروەردەیی و سلوکیانەی لە ماڵ

[1] وەك م٦٤ لە یاسای سزاکانی عێراق (ژمارە ١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ کە دەڵێ: (سکاڵای جەزایی بەرز ناکرێتەوە لەسەر ئەو کەسەی لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا حەوت ساڵی تەمەنی تەواو نەکردبێ. هەروەها م٢/٥٧ لە یاسای مەدەنیی عێراقی (ژمارە ٤٠)ی ساڵی ١٩٥٠و تەمەنی فام (التمییز) حەوت ساڵی تەواوە.

و خێزان و قوتابخانەکەیدا سەری پێاندا هەڵدەتەقێ، ئەوانەن سەرەنجام کەسایەتی دروست و هەڵسوکەوتی گەڵاڵە دەکەن، جا بەچاك بێ یان بەخراپ، لەبەرئەوە گرنگە دایك و باوکی سەرمەشقێکی باش بن بۆ ئەو و بەگوێرەی فەرمایشتی خوا ﴿قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا﴾[1] لەژێر چاودێری و سەرپەرشتییاندا پەروەردە بکرێ.

رێکارەکانی لێکۆڵینەوە لەگەڵ نەوجەوان[2]:

ئەگەر نەوجەوان تاوانێکی کرد، ئەم رێکارانەی بەرانبەر وەردەگیرێن:

١- نەوجەوان لەگەڵ دەستگیرکردنی دەستبەجێ رادەستی پۆلیسی نەوجەوانان دەکرێ لەو شوێنانەی پۆلیسی نەوجەوانانی تێدایە، تا ئەو لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە یان دادگەی نەوجەواناندا ئامادەی بکا[3].

٢- دادوەری لێکۆڵینەوەی نەوجەوانان لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی نەوجەوانان دەکا، لە حاڵەتی نەبوونیدا دادوەری لێکۆڵینەوە یان لێکۆڵەر ئەو کارە دەکا[4].

٣- دەکرێ لێکۆڵینەوە بکرێ جگە لە رووبەڕووبوونەوەی نەوجەوان لەو تاوانانەی پێچەوانەی ئەخلاق و ئادابی گشتین، بەو مەرجەی کەسێکیش کە مافی بەرگری لێکردنی هەیە ئامادە بێ. پێویستە دادگەی لێکۆڵینەوە نەوجەوان لەو رێکارە ئاگەدار بکا کە بەرانبەری وەرگیراوە[5].

٤- پێویستە دادوەری لێکۆڵینەوە بینێرێ بۆ نووسینگەی لێکۆڵینەوەی کەسایەتی[6] ئەگەر هاتوو بەڵگەکان لەدژی بەشی ئەوەیان دەکرد رەوانە بکرێ بۆ دادگەی نەوجەوانان، هەروەها هەلومەرجی کێشەکە یان دۆخی نەوجەوانەکە ئەوەی دەخواست[6].

---

[1] سورة التحريم:٦.

[2] لەبەر تیشکی یاسای چاودێریی نەوجەوانان ژمارە ٧٦ی ساڵی ١٩٨٣ی هەموارکراودا.

[3] م٤٨.

[4] م٤٩.

[5] م٥٠.

[6] ئەم نووسینگەیە پەیوەستە بە دادگەی نەوجەوانانەوە و پێکدێ لە پزیشکێکی پسپۆڕ یان مومارس لە نەخۆشییە ئەقڵی و دەمارییەکان یان نەخۆشیی منداڵان لەکاتی پێویستدا، پسپۆڕێك لە شیکردنەوەی دەروونی یان دەروونزانی و ژمارەیەك

←

٥- نەوجەوان لە تاوان و کەتنەکاندا ڕادەگیرێ بەمەبەستی پشکنین و لێکۆڵینەوەی کەسایەتی، یان لەبەر نەبوونی کەفیلێك، بەشێوەیەکی تایبەت نەوجەوانی تۆمەتبار بە تاوانێك کە سزاکەی لەسێدارەدانە ڕادەگیرێ ئەگەر چواردە ساڵی تەمەنی تەواو کرد، بەڵام لە سەرپێچییەکاندا ڕاگرتنی دروست نیە[٢].

٦- عوزری نەوجەوان چ ئەوەی لە سزا دەیبەخشێ و چ ئەوەی سزا کەی سووك دەکا، سوود بەو کەسە ناگەیەنێ لەگەڵیدا بەشداریی تاوانەکەی کردوە. ئەگەر نەوجەوانێك لەگەڵ کەسێکی پێگەیشتوو بە ئەنجامدانی تاوانێك تۆمەتبار کران، پێویستە دادوەری لێکۆڵینەوە سکاڵاکە لێك جیا بکاتەوە و هەریەکەیان ڕەوانەی دادگەی تایبەتمەند بکا[٣].

دادگەییکردنی نەوجەوان:

* دادگەی نەوجەوان لە دادوەر (قازی)یەکی لانیکەم پلە سێ وەك سەرۆك و دوو ئەندام پێکدێ لەنێو پسپۆڕانی زانستە جینائی یان زانستە پەیوەندارەکانیتر بە کاروباری نەوجەوانان، بەو مەرجەی ئەزموونی لانیکەم پێنج ساڵیان هەبێ[٤].

* دادگەییکردنی نەوجەوان لە دانیشتنێکی نهێنیدا دەبێ بەئامادەبوونی بەخێوکەر (وەلی)ەکەی یان یەکێك لە خزمانی ئەگەر هەبیوو، لەگەڵ هەر کەس لە بایەخدەران بە کاروباری نەوجەوانان کە دادگە ئامادەبوونیانی پێ باش بێ[٥].

* دادگەی نەوجەوانان بۆی هەیە دادگەییەکە بکا بەبێ ڕووبەڕووبوونەوەی نەوجەوانەکە لەو تاوانانەی پێچەوانەی ئاکار و ئادابی گشتین، بەو مەرجەی کەسێك لەوانەی مافی بەرگری

تویژەری کۆمەڵایەتی. دەکرێ پسپۆڕانیتر لە بواری زانستە جینائیەکان یان زانستە پەیوەندارەکان بە بێلانەبوونی نەوجەوانانیشی تێدا بێ. م١٢.

(١) م٥١.

(٢) م٥٢.

(٣) م٥٣.

(٤) م٥٤.

(٥) م٥٨.

لێکرینیان هەیە ئامادەی دادگەییەکە بێ، لەسەر دادگەیش پێویستە نەوجەوانەکە ئامادە بکا بۆ ئەوەی لەو ڕێکارە ئاگەداری بکا کە بەرانبەری وەرگیراوە[1].

* دادگەی نەوجەولنان بۆی هەیە بۆ بەرگریکردن لە نەوجەوان وەلیەکەی یان خزمێکی یان نوێنەرێکی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان قبوول بکا بەبێ ئەوەی پێویست بە بریکارنامەیەکی دەستنووس بکا، بە ڕەچاوکردنی ئەحکامی م١٤٤ لە یاسای ئوسولی موحاکەماتی جەزائی[2].

* نابێ ناوی نەوجەوان یان ناونیشانی یان ناوی قوتابخانەکەی یان وێنە یاخود هەر شتێکی رابگەیەنرێ، کە ببێتە مایەی ناسینەوەی ناسنامەی[3].

* تایبەتمەندیی دادگەی نەوجەوانان بەو شوێنە دیاری دەکرێ کە تێیدا تاوانەکە یان حاڵەتی بێلانەبوونەکە یان لادانە سلوکیەکە ڕوویان داوە، یان لەو جێیەی نەوجەوانەکە تێیدا نیشتەجێیە[4].

* ئەگەر دادگە بینی ئەو تۆمەتبارەی بۆ لای ڕەوانە کراوە، لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا هەژدە ساڵی تەولو کردوە، ئەوا پێویستە لەسەری سکاڵاکە ئیحالەی دادگەی تایبەتمەند بکا[5].

ڕێوشوێنەکان (التدابیر):

گرنگترین ئەو ڕێوشوێنانەی بەرانبەر نەوجەوان دەگیرێنە بەر ئەگەر تاوانی کرد، ئەمانەی خوارەوەن:

* ئەگەر ئەوەی نەوجەوان ئەنجامی دابوو **سەرپێچی** (مخالفة) بوو لە دانیشتنەکەدا حوکم دەدرێ بە هۆشداری پێدانی لە دووبارەنەکردنەوەی کارە ناڕەواکەی، یان ڕادەستکردنی بە وەلی

---

[1] م٥٥.

[2] م١٤٤ی یاسای ئوسولی موحاکەماتی جەزائی عێراقی (ژمارە ٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ دەڵێ (سەرۆکی دادگەی تاوانەکان پارێزەرێک بۆ تۆمەتبار دادەنێ ئەگەر خۆی پارێزەرێکی ڕانەسپاردبوو، پێویستە پارێزەری دانراو ئامادەی ڕوویەڕووبوونەوەی نێو دادگەییەکە بێ و بەرگری لە تۆمەتبار بکا و نوێنەرایەتی بکات و پارێزەرێک لەبری خۆی دابنێ ئەگینا دادگە غەرامەی دەکات).

[3] م٦٣.

[4] ٦٥.

[5] م٦٦.

یاخود خزمێکی تا ئەو ڕاسپاردانەی دادگە بڕیاری داون جێبەجێیان بکا بەمەبەستی مسۆگەرکردنی باش پەروەردەکردن و باشڕەفتاری بەگوێرەی بەڵێننامەیەکی دارایی[1].

* ئەگەر تاوانەکە **کەتن** (جنحة) بوو، لەباتیی ئەو سزایانەی بۆ تاوانەکەی دانراون، بەیەکێك لەم ڕێوشوێنانە حوکم دەدرێ[2]:

أ- ڕادەستکردنی بە وەلی یاخود خزمێکی تا ئەو ڕاسپاردانەی دادگە بڕیاری داون جێبەجێیان بکا بەمەبەستی مسۆگەرکردنی باش پەروەردەکردن و باشڕەفتاری بەگوێرەی بەڵێننامەیەکی دارایی.

ب- دانانی لەژێر چاودێریی ڕەفتاردا بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ج- دانانی لە قوتابخانەی شیاندنی منداڵان (تأهيل الصبيان) ئەگەر منداڵ بوو و قوتابخانەی شیاندنی گەنجان (تأهيل الفتيان) ئەگەر گەنج بوو بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ کەمتر نەبێ و لە پێنج ساڵیش زیاتر نەبێ.

د- حوکمدان بەو غەرامەیەی لە یاساکەدا دانراوە.

هـ- دادگەی نەوجەوانان بۆی هەیە کاتێ بڕیار دەدا نەوجەوان ڕادەستی وەلی یان خزمێکی بکرێ بڕیار بدا بخرێتە ژێر چاودێریی ڕەفتار[3].

ئەگەر منداڵ تاوان (جناية)یێکی ئەنجام دا[4] کە سزاکەی بەندکردنی کاتی بوو، لەباتیی ئەو سزایەی لە یاسادا بۆ تاوانی لەو جۆرە دانراوە بەیەکێك لەم ڕێوشوێنانە سزا دەدرێ:

١- دانانی لەژێر چاودێریی ڕەفتار (مراقبة السلوك) بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

---

[1] م٧٢.

[2] م٧٣.

[3] م٧٣-٧٤.

[4] تاوان (الجناية): ئەو تاوانەیە بە یەکێك لەم سزایانە سزا دەدرێ: لەسێدارەدان یان بەندکردنی هەتاهەتایی زیاتر لە پێنج ساڵ بۆ پازدە ساڵ.

کەتن (الجنحة): ئەو تاوانەیە بە یەکێك لەم دوو سزایە سزا دەدرێ: بەندکردنی توند یان سادە بۆ ماوەی سێ مانگ بۆ پێنج ساڵ یان غەرامەکردن.

سەرپێچی (المخالفة): ئەو تاوانەیە بە یەکێك لەم دوو سزایە سزا دەدرێ: بەندکردنی سادە بۆ ماوەی (٢٤) کاتژمێر بۆ سێ مانگ یان غەرامەیەك بڕەکەی لە سی دینار زیاتر نەبێ.

م٢٥-٢٧ی یاسای سزاکانی عێراقی بەرکار (النافذ)

٢- دانانی لە قوتابخانەی شیاندنی منداڵان بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ کەمتر نەبێ و لە سێ ساڵیش زیاتر نەبێ، خۆ ئەگەر تاوانکار لەبری منداڵ گەنج بوو، ئەوا ماوەی دانانی لە قوتابخانەی شیاندنی گەنجان دەبێ لە شەش مانگ کەمتر نەبێ و لە حەوت ساڵیش زیاتر نەبێ[١].

ئەگەر منداڵێك تاوانێکی کرد کە سزاکەی زیندانیی هەتاهەتایی یان لەسێدارەدان بوو، پێویستە دادگەی نەوجەوانان لەباتی ئەو سزا بڕیاردراوەی یاسا، حوکم بدات کە بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە قوتابخانەیەکی شیاندنی منداڵان دابنرێ[٢].

---

[١] م٧٦-٧٧.

[٢] م٧٦-٧٧.

ئەم دوو مادەیە (٧٦، ٧٧) هەموار کراون بە یاسای (٢١)ی ساڵی ١٩٩٨ بەم شێوەیە:

مادەی ٧٦:

یەکەم - ئەگەر منداڵ تاوانێکی کرد کە سزاکەی بەندکردنی هەتاهەتایی یان کاتی بوو پێویستە دادگەی نەوجەوانان لەباتیی ئەو سزایەی بەپێی یاسا دیاری کراوە بەیەکێك لەم ڕێوشوێنانە حوکمی لەسەر بدا:

أ- ڕادەستکردنی بە وەلی یان خزمێکی بەپێی بەڵێننامەیەکی ماڵی کە دادگە مەزەندەی دەکا بەشێوەیەك لەگەڵ باری داراییدا بگونجێ، تا ئەو ڕاسپاردانە جێبەجێ بکا کە دادگە بڕیاریان دەدا بەمەبەستی ئەوەی گەرەنتیی بەباشی پەروەردەکردن و نەگەڕانەوە بۆ تاوان بکرێ بۆ ماوەیەك لانیکەم لە ساڵێك کەمتر نەبێ و لە سێ ساڵیش زیاتر نەبێ.

ب- دانانی لەژێر چاودێریی سلوك بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ج- دانانی لە قوتابخانەی شیاندنی منداڵان بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ کەمتر نەبێ و لە پێنج ساڵیش زیاتر نەبێ.

دووەم - ئەگەر منداڵ تاوانێکی ئەنجام دا سزاکەی لەسێدارەدان بوو، پێویستە دادگەی نەوجەوانان لەباتیی ئەو سزایەی یاسا دیاری کردوە، حوکم بدا بە دانانی لە قوتابخانەی شیاندنی منداڵان بۆ ماوەیەك لە ساڵێك کەمتر نەبێ و لە دە ساڵیش زیاتر نەبێ.

مادەی ٧٧:

یەکەم- ئەگەر گەنج تاوانێکی کرد سزاکەی بەندکردنی هەتاهەتایی یان کاتی بوو، پێویستە دادگەی نەوجەوانان لەباتیی ئەو سزایەی بەپێی یاسا دیاری کراوە بەیەکێك لەم ڕێوشوێنانە حوکمی لەسەر بدا:

أ- دانانی لەژێر چاودێریی سلوك بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ب- دانانی لە قوتابخانەی شیاندنی گەنجان بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ کەمتر نەبێ و لە حەوت ساڵیش زیاتر نەبێ.

دووەم- ئەگەر فتی تاوانێکی ئەنجامدا کە سزاکەی لەسێدارەدان بوو پێویستە دادگەی نەوجەوانان لەباتیی ئەو سزایەی یاسا دیاری کردوە، حوکم بدا بە دانانی لە قوتابخانەی شیاندنی فتیان بۆ ماوەیەك لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێ و لە پازدە ساڵیش زیاتر نەبێ.

خۆ ئەگەر تاوانکارەکە گەنج (فتى) بوو پێویستە دادگە حوکم بدا بە دانانی لە قوتابخانەی شیاندنی گەنجان بۆ ماوەیەك لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێ و لە پازدە ساڵیش زیاتر نەبێ[١].

دادگەی نەوجەوانان بۆی هەیە حوکم لەسەر نەوجەوان بدات بە غەرامەکردن لە تاوان یان کەتنێکدا کە سزاکەی بەندکردنە بۆ ماوەیەك لە حەوت ساڵ زیاتر نەبێ، یان بە حەپسکردن ئەگەر هاتوو لە راپۆرتی نووسینگەی لێکۆڵینەوەی کەسایەتی یان لە رووداوەکانی سکاڵاکەدا دەرکەوت بۆ نەوجەوانەکە وا باشترە حوکمی غەرامەکردنی بدرێ[٢].

لە دیاریکردنی رێوشوێنەکاندا گرنگ کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەیە، ئەگەر منداڵ تاوانێکی ئەنجام دا و لەکاتی حوکم لەسەردانیدا بوو بە گەنج، بەیەکێك لە رێوشوێنەکانی تایبەت بە منداڵ حوکمی لەسەر دەدرێ، بەڵام پێویستە دادگە کاتێ بڕیاری رێوشوێنێك دەدا کە ئازادی ناهێڵێ، بڕیار بدات بخرێتە قوتابخانەیەکی شیاندنی گەنجان، خۆ ئەگەر نەوجەوان لەکاتی حوکمدرانەکەیدا هەژدە ساڵی تەواو کرد بەیەکێك لە رێوشوێنەکانی تایبەت بە گەنج یان منداڵ حوکمی لەسەر دەدرێ، بەڵام دانانی لە قوتابخانەی لاوانی پێگەیشتوودا دەبێ[٣].

بەراورد:

بەبەراورد لەنێوان شەریعەتی ئیسلامی و یاسا سزاییە عەرەبیەکان لە بواری کاریگەریی چکۆلەیی لە بەرپرسیارێتیی جینائی، بۆمان دەردەکەوێ هەندێ رووی لێکچوون و هەندێ رووی جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە، لە خوارەوە چەند نموونەیەك دەخەینە روو:

یەکەم/ رووەکانی لێکچوون:

١- هیچ ناکۆکی لەنێوان شەریعەتی ئیسلامی و یاسا سزاییە عەرەبیەکاندا نیە کە چکۆلەی نەفام لەرووی جینائیەوە لێی ناپرسرێتەوە، ولە ئەگەر خۆی بەتەنیا یان لەتەك کەسیتر تاوانێکی ئەنجام دا سکاڵای جەزایی لەسەر بەرز ناکرێتەوە و پەلکێشی دادگە ناکرێ و لەسەر

---

[١] م٧٧/دووەم.

[٢] م٧٨.

[٣] م٧٩. بۆ زانیاریی زیاتر بگەڕێوە سەر یاسای چاودێریی نەوجەوانانی عێراقی ژمارە ٧٦ی ساڵی ١٩٨٣.

ئەوەی ئەنجامی داوە پرسوجۆری لەگەڵ ناکریَ، بەڵام پێویستە وەلی یان وەصیەکەی بایەخ بە باشکردنی رەفتاری بدەن و چاودێری بکەن تا لە دووبارەکردنەوەی تاوانەکە دووری بخەنەوە.

٢- ناکۆکی نیە لەوەدا هەرکەس گەیشتە تەمەنی پێگەیشتن و تاوانێکی ئەنجام دا، لەرووی جەزاییەوە لێی دەپرسرێتەوە و بەو سزایەی بۆ تاوانەکەی دانراوە سزا دەدریَ، مەگەر رێگرێك هەبێ ببێتە بەربەست، لەبەرئەوەی تەمەنی پێگەیشتن (الرشد) تەمەنی تەکلیف و گرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتیی جینائی و مەدەنییە.

٣- ناکۆکی نیە لەوەدا چکۆلەی بەفام ئەگەر تاوانێکی ئەنجام دا لەرووی جەزاییەوە لێی دەپرسرێتەوە، چونکە چکۆلەیی لە حاڵەتی بوونی فامدا نابێتە رێگر لە بەرپرسیارێتیی جینائی، بەڵکو عوزرێکە سزای تاوانەکەی سووك دەکا، واتە رێگرە لە سزای تەواو لەبەرئەوەی ئەهلیەتی جینائی ناتەواوە.

٤- ناکۆکی نیە لەوەدا پێویستە رێوشوێنی خۆپارێزی و چاکسازییانە سەبارەت بە نەوجەوانانی لادەر بگیرێتە بەر، ئەوەیش بەگوێرەی جیاوازیی تەمەنی نەوجەوانەکە دەگۆڕیَ وەك هەندیَ نموونەمان لە یاسای چاودێریکردنی نەوجەوانانی عێراقی باس کرد، پێویستە ئەم رێوشوێنانە مۆرکێکی چاکسازیانەیان هەبیَ و دوور بن لە خەوش و خاڵی تۆڵەکردنەوە.

٥- ناکۆکی نیە لەوەدا دادگە بۆی هەیە ئەو رێوشوێنانە رابگریَ کە دەرهەق بە نەوجەوانی لادەر بڕیار دراون ئەگەر دەرکەوت لادەرەکە چاك بووە و رەفتاری باش بووە، لەبەرئەوەی ئامانج لەم رێوشوێنانە چاکسازییە، جا ئەگەر دەرکەوت ئەوە بەدیهاتووە ئیتر پێویست بە بەردەوامبوونی ئەو رێوشوێنانە ناکا، بەتایبەت ئەگەر ئازادییان سەلب دەکرد.

دووەم/ رووەکانی جیاوازی:

١- بۆچوونەکان نە لە شەریعەتی ئیسلامی و نە لە یاسا سزاییە عەرەبیەکاندا لەسەر دانانی پێوەرێکی بابەتیی ورد بۆ لێك جیاکردنەوەی سیَ قۆناغەکە: قۆناغی نەفامی و بەفامی و پێگەیشتن، رێك نەکەوتوون. زۆربەی فیقوانانی شەریعەت لەسەر ئەو رایەن ئەوەی پازدە ساڵی تەولو کرد یان بە شەیتانیبوون (الاحتلام) یاخود دیمەنەکانیتر باڵق و ئاقڵ بوو، دەبێتە ئەهل بۆ بەرپرسیارێتیی جینائی، لەکاتێکدا هەندێکیان لە حەنەفی و مالیکیەکان گوتویانە تەمەنی پێگەیشتن تەولوکردنی تەمەنی هەژدە ساڵە، یاسا مەدەنی و سزاییە عەرەبیەکانیش کاریان بەمە

کردوە. هەروەها لەبارەی تەمەنی فامکردن و سنووری جیاکەرەوەی نێوان بەفام و نەفامدا جیاوازن.

هەروەها یاسا سزاییەکان لەنێوان سالّی حەوتەم و سالّی چواردەیەمدا جیاوازن، یاسای سودانی م٤٩ تەمەنی فامکردنی بە سالّی حەوتەم دیاری کردوە، بەلاّم عێراقی م٤٧ و عومانی م١٠٤ بە تەواوکردنی نۆ سالّیان داناوە، لە یاسای لیبیدا م٨٠ گەیشتنە بە سالّی چواردەیەم، هەروەها یاسای جەزائیریش م٤٩ لەگەلّ یاسا لیبیەکەدا کۆکە.

باشترین راکان کە ناوەڕاست و راجیحیانە ئەو پێوەرەیە یاسادانەری عێراقی و عومانی کاریان پێ کردوە کە تەواوکردنی نۆ سالّە، ئەگەرچی دیاریکردنی زەمەنی هەرچی بێ ورد نیە، لەوانەیە منداڵێك بەر لە تەمەنی فامکردن فام پەیدا بکا، بەلاّم منداڵێکیتر بەهۆی جیاوازییان لە بونیە و پێکهاتەی کەسی و بەهرە خودی و توانا تەندروستیەکانەوە ئەم فامەی نەبێ.

٢- شەریعەتی ئیسلامی بەو پەرەسەندنانەدا تێنەپەڕیوە کە یاسا وەزعیەکان سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەلّ چکۆلە و هاوحوکمەکانی گوزەریان کردوە، وەك پێشتر ئەوە روون کرایەوە، چونکە شەریعەت هەر لە سەرەتاوە لە قورئانی پیرۆزدا بریاری داوە ﴿لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْساً إِلاَّ وُسْعَهَا﴾[1].. هەروەها لەسەر زاری پێغەمبەرەکەی گوتویەتی: (رفع القلم عن ثلاث عن الصبي حتى يبلغ وعن النائم حتى يستيقظ وعن المجنون حتى يفيق)، و(رفع عن أمتي الخطأ والنسيان وما استكرهوا عليه).

ئەمە لەکاتێکدا چکۆلە و شێت و ئەوەی حوکمی ئەو دولنەیان هەیە تەنیا پاش جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و ئەو پەرەسەندنە دوور و درێژەی یاسا وەزعیەکان پێیاندا تێپەڕیون، پارێزگاریی یاساییان بەدەست هێناوە.

٣- لە شەریعەتی ئیسلامی و ئەو یاسایانەی لەژێر کاریگەریدان نەشیاو ئەگەر زیانێکی بەکەسیتر گەیاند لەڕووی مەدەنیەوە لێی دەپرسرێتەوە، بەپێچەوانەی ئەو یاسا عەرەبیانەی لەژێر کاریگەریی فیقهی غەربیدان.

٤- نەشیاو ئەگەر قەتلێکی کرد خوێنباییەکەی لەسەر کەسوکاریەتی تا خوێنی تاوانسەر (المجنى عليه) بەفیڕۆ نەڕوات و کوشتنەکەیش دەرهاویشتەی خراپی لێ نەکەوێتەوە، لەکاتێکدا

---

[1] سورة البقرة:٢٨٦.

له یاسا عەرەبیەكاندا جگە له یاسای یەمەنی و لە یاسا ناعەرەبیەكانیشدا –وەك من بزانم– هیچ بایەخێك بە خوێنی تاوانسەر نابینین لە بارێكدا تاوانكار لەڕووی جەزاییەوە لێی نەپرسرێتەوە.

٥– یاسا جەزاییە عەرەبی و ناعەرەبیەكان تا قەومانی ڕووداوەكە گوێ بە گرتنەبەری ڕێوشوێن و ڕێگەكانی خۆپارێزی نادەن، منداڵ بەر لە لادانی و گرتنەبەری ڕێچكەیەكی تاوانكارانە، یاسا دەست بۆ پەروەردە و هۆشیاركردنەوە و ئاراستەكردنی و لێپێچانەوە لە دایك و باوكی یان ئەو كەسەی پاش دایك و باوك كاروبارەكانی دەگرێتە ئەستۆ نابات، لەكاتێكدا شەریعەتی ئیسلامی زیاتر لە چارەسەر بایەخی بە خۆپاراستن داوە، ئەم خۆپارێزیەیش تەنیا قۆناغەكانی ژیانی نەوجەوان پاش هاتنەدنیای ناگرێتەوە، بەڵكو پێش بوونیشی دەگرێتەوە، بگرە پێش بەیەكگەیشتنی دایك و باوكی دەگرێتەوە، پێغەمبەرﷺ بەر لە دۆزینەوە زانستیەكان لە كاریگەریی هۆكاری بۆماوەیی لەسەر ڕەفتاری منداڵ ئاگەداری كردووین و فەرمویەتی (ایاكم وخضراء الدمن) قالوا: یا رسول الله وما خضراء الدمن؟ قال: (المرأة الحسناء في منبت السوء). وقال ﷺ: (تخيروا لنطفكم فإن العرق نزاع) له ریوایەتێكیتردا هاتووە: (تزوجوا في الحجر الصالح فإن العرق دساس). (هەردوو حەدیس ئاگەداری دەدەن لە خواستنی ئەو ئافرەتە جوانەی لە چاوگێكی خراپەوە هاتووە، چونكە ڕەچەڵەك هارە و داوا دەكا ژن لە بنەماڵەی ساڵح بخوازرێ).

هەروەها فەرمانی پێكردووین كە پێوەری هەڵبژاردنمان لە هەڵبژاردنی شەریكی ژیاندا، پێوەری ئاینی وئەخلاقی بێ و دەڵێ: (تنكح المرأة لأربع: لمالها، ولحسبها، ولجمالها، ولدينها، فاظفر بذات الدين تربت يداك)[١].

پێوەری هەڵبژاردن لەنێوان كچێك و یەكێكیتر، یان ژنێك و یەكێكیتردا بەمەبەستی هەڵبژاردنی وەك ژن و شەریكی ژیان و دایكی منداڵان لە ئایندەدا، یان لەبەرئەوە دارایە و كەسەكە چاوی لە ماڵەكەیەتی، یان وەچاخزادەیە كە بەلای خەڵكەوە لە شانازیەكانی باب و باپیرانن، یان لەبەر جوانیەكەیەتی لەبەرئەوەی جوانی لە هەموو شتێكدا ویستراوە بەتایبەت لە ئافرەتدا، یان لەبەر ئاین یاخود ئاكاری جوان و ڕەفتارە شیرینەكانیەتی، پێغەمبەر(د.خ) جەختی كردوە لە دەستگرتن بە دواین پێوەرەوە و فەرمویەتی: (فاظفر بذات الدين تربت يداك).

---

[١] له ریوایەتێكیتردا هاتووە: لن المرأة تنكح على دينها ومالها وجمالها فعليك بذات الدين تربت يداك. رواه مسلم والترمذي وصححه.. نيل الاوطار: ١٩٩/١.

واته ئەگەر دیندارەكە هەڵنەبژێریت دەستت بە خاكەوە بنووسێ، ئەم دەستەواژەیەیش ئاماژەیە بۆ ئەو كزی و زەبوونیەی ژنی بەوەفت بۆ مێرد و منداڵەكانی، یان مێردی بەوەفت بۆ ژنەكەی و منداڵەكانی دێنێ لەئاكامی رەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر ژیانی خێزانی.

بایەخدانی شەریعەت تەنیا بە خۆپارێزی لە قۆناغی هاوسەرگیریدا وازی نەهێناوە، بەڵكو گرنگیەكی گەورەی بە قۆناغی شیردان داوە. خوای گەورە فەرمانی بە دایكان كردوە خۆیان شیر بدەنە منداڵەكانیان، ئەویش لەبەر ئەو سۆز و نازە دووسەرەیە كە لەنێوان دایك و منداڵەكەدا پەیدا دەبێ و رەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر سلوكی منداڵ لە ئایندەدا دەبێ كاتێ گەورە دەبێ و تێكەڵ بە كۆمەڵگەكەی دەبێ و مامەڵە لەگەڵ كەسانیتر دەكا. خوا دەفەرموێ: ﴿وَالْوالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلاَدَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ﴾[1].

ئیسلام گرنگیەكی تایبەتی بە قۆناغی دایەنی داوە. فیقوانانی شەریعەت چەند مەرجێكیان لە دایەنیكردندا داناوە هەرهەموویان لە بەرژەوەندیی منداڵی دایەنیكراون. لەو مەرجانە ئەوەیە دایەن خاوەن رەوشتی جوان و دوور بێ لە ئەخلاقی نزم و بەد، دەستپاك و راستگۆ بێ لەبەرئەوەی دایەنیكراو لە هەموو شتێكدا لاسایی دەكاتەوە، پاشان ئەگەر منداڵ گەیشتە تەمەنی فامكردن شەرع وەك هاندان و راهێنان فەرمانی پێدەكا بە نوێژ و رۆژوو و دەستگرتن بە ئادابی قورئان و سوننە و باقیی عیبادەتەكانیتر كە مرۆڤ لە رەفتاری تاوانكارانە دەپارێزن وەك خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿وَأَقِمِ الصَّلَاةَ إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاء وَالْمُنكَرِ﴾[2].

---

[1] سورة البقرة:٢٣٣.

[2] سورة العنكبوت:٤٥.

بەشی دووەم

رێگرە کەسییە ئیرادیەکان

لە گرنگترین ئەو ڕێگرانە سەرخۆشییە، لەبەرئەوە لەم باسەدا تەنیا لەسەر ئەوە دەوەستین.

سەرخۆشی

مەستی یاخود سەرخۆشی (السُکر) لەڕووی زمانەوانیەوە بە چەند مانایەك هاتووە[1]. چاوگە و فەرمانەکەی تێپەڕ (متعدی) و تێنەپەڕ (لازم)ە، تێپەڕە بۆ یەك مەفعول ئەگەر لە بابی فعل یفعل (نصر ینصر)ەوە بوو، دەوترێ: سکر الإناء: ملأه (واتە دەفرەکەی پڕ کرد). وسکر النهر: جعل لە سداً (واتە بەندلوێکی -بۆ ڕووبارەکە- دروست کرد)، وسکر بصره: حبس من النظر (واتە: چاوی -لە ڕوانین- بەست).

هەروەها بە تێنەپەڕیش دێ ئەگەر لە بابی فعلَ یفعل (ذهب یذهب) بوو، دەوترێ: سکر الحوض: امتلأ (واتە: حەوزەکە پڕ بوو)، وسکر علیە: غضب (واتە: لێی توورە بوو). وسکر من الشراب، پێچەوانەی بەهۆشبوونە. (سکرة الموت)یش توندی و دالگرتنیەتی (گیان کەنشت)، جەمعەکەی (سکرات)ە. خوا ئەفەرموێ: ﴿وَجَاءتْ سَكْرَةُ الْمَوْتِ﴾[2].

سکران وەك (عطشان) ناوی بکەر (اسم فاعل) یان (صفة مشبهة)یە. سکاری، خوا ئەفەرموێ ﴿وَتَرَى النَّاسَ سُكَارَى وَمَا هُم بِسُكَارَى وَلَكِنَّ عَذَابَ اللَّهِ شَدِيدٌ﴾[3]. (المتساکر) ئەوەیە خۆی بەسەرخۆش پیشان دەدات و وایش نیە.

فەرزەندەق ئەڵێ:

اسکران کان ابن المراغة إذ هجا	تمیماً بجوف الشام ام متساکر

(السَکر) (بە فەتحی عەین)، بریتییە لە خەمر (مەی، ئارەق). خەمریش دوو مانای هەیە یەکێکیان عورفییە و جۆرێکی تایبەتە لە مەستکەرەکان کە لە هەندێ مادەی وەك ترێ و خورما دروست دەکرێ، دووەمیان زمانەوانییە هەموو شتێکە ئەقڵ مەست بکا و داپۆشێ و بەتەواوی یان بەشێوەیەکی ڕێژەیی تێکی بدات. دەوترێ: خمره: واتە داپۆشی (سترە). خمر الشهادة: واتە

[1] الصحاح في اللغة والعلوم مادة (سکر)لسان العرب لأبن منظور فصل السين حرف الراء.

[2] سورة ق:١٩.

[3] سورة الحج:٢.

شایەتیەکەی شاردەوە. خمر عنه: واته خۆی ون کرد و شاردەوە. خمرت وتخمرت ولختمرت المرأة: واته ئافرەتەکە چارشێو (خیمار)ی پۆشی.

(الخمار) ئەوەیە ئافرەت سەری پێ دادەپۆشێ، (الخمر) بەشێوەیەکی گشتی بەمانای داپۆشین دێ. لە قورئاندا لە هەرکوێ وشەی (الخمر) هاتبێ مەبەست مانا زمانەوانییەکەیەتی، ئەوەی بە مانا عورفیەکەی وەریگرتوە و لە روانگەی خاڵی هاویەشیان کە مەستکرنە باقیی مەستکەرەکانی لەسەر قیاس کردوە، ئەوا لە دوو رووەوە هەڵەی کردوە:

یەکەمیان: خواردنی مەستکەرەکان لە تاوانە حەددیەکانە و نابێ قیاسی لەسەر بکرێ، لەبەرئەوەی ئەو جۆرە تاوانانە بە دەق جێگیر کراون و سزاکەیان بەدەق دیاری کراوە و موجتەهید یان قازی یان وەلی ئەمر بۆیان نیە لەرێی قیاسەوە تاوانێکی حەددی دابهێنن.

دووەم: مەبەست لە خەمر لە زاراوەی شەرعیدا هەمان مانا زمانەوانیەکەیە، بەبەلگەی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر(د.خ) کە ئەفەرموێ: (کل مُخمر خمرُ وکلُ مُسکرٍ حرام)[١].

(السکر) لە زاراوەسازیدا بە چەندین پێناسە ناسراوە[٢] هەر هەموویان بەدەوری تەوەرەیەکدا دەخولێنەوە ئەویش داپۆشینی ئەقڵ و دروستبوونی نارێکی (خەلەل)ـە تێیدا بەهۆی خواردنی مادەیەکی مەستکەر جا سروشت و مادە بەرایەکانی هەرچی بن، بەشێوەیەك قسە تێکەڵ دەبێ و بەهۆیەوە ورێنە دەکرێ و سەرخۆش پاش وەخۆهاتنەوە و هۆشکردنەوە نازانێ چی کردوە.

سەرخۆشی بەربەستێکە لە بەربەستەکانی شیانی بەدەستهاتووی ئیرادی، بەلام نابێتە هۆی نەهێشتنی بەرپرسیارێتی چ جینائی بێ یان مەدەنی مادام بەئیرادی و بە هەڵبژاردنی خۆی کردویەتی و زانیویەتی ئەو مادەیە مەستکەرە و خواردنەوەی رێژەیەکی کەم یان زۆری حەرامە، ئەمە روونە لە مەزندەی مانەوەی ئەقڵ لەبەرئەوەی بناغەی بەرپرسیارێتی ئەقڵە، مادام ئەقڵ باقی بێ، ئەهلیەتی

---

[١] رواه ابن عباس— نیل الاوطار للشوکاني (محمد بن علي بن محمد) ١٩٦٨.

[٢] لە: التلویح للامام سعد الدین التفتازاني علی التوضیح شرح التنقیح لصدر الشریعة. عبید الله بن مسعود:٢٠٤/٣دا هاتووە: (یەکێك لە سەرهەڵداوە بەدەستهێنراوەکان: سەرخۆشییە، ئەومیش حاڵەتێکە تووشی مرۆڤ دەبێ لە پڕبوونی مێشکی لەو هەڵمەی بۆی بەرز دەبێتەوە و بەهۆیەوە ئەقڵی کە کارە باش و خراپەکانی پێ جیا دەکاتەوە، لەکار دەکەوێ).
هەروەها لە: کشف الأسرار علی لصول البزدوي علي بن محمد:١٤٧٢/٤دا هاتووە: (خۆشیەکە بەسەر ئەقڵدا زاڵ ئەبێ بەهۆی بەکارهێنانی هەندێ هۆ کە ئەوە پێویست دەکەن، ئەومیش رێگە لە مرۆڤ دەگرێ بەپێی ئەقڵی کار بکا، بەلام ئەقڵ ناسڕێتەوە، لەبەرئەومیە کەسی مەست ئەهلی گوتارە).

بەرپرسیارێتیش دەمێنێ. بەڵام بە گریمانەکردنی نەمانی لە حاڵەتی سەرخۆشیدا حوکمی مانی پێ دەدرێ و چ وەك حوکم و چ وەك قەدەغەکردن بەرپرسیارێتی لەسەر بینا دەکرێ لەبەرئەوەی بە ویستی خۆی مەستکەرەکەی بەکارهێناوە و زانیویەتی حەرام و مەستکەرە...

بۆ زیادە روونکردنەوە و سوود لە دوو باسدا لەم بابەتە دەکۆڵمەوە، یەکەمیان لە شەریعەتی ئیسلامیدا و دووەم لە یاسا جەزاییە عەرەبیەکاندا.

باسی یەکەم:
سەرخۆشی و بەرپرسیارێتیی جینائی
لە شەریعەتی ئیسلامیدا

کاتێك ئیسلام هات لە هەر ماڵێك یان زۆربەی ماڵەکاندا ئارەق (مەی) دروست دەکرا و بەشی هەرەزۆری خەڵك لە مەجلیسە گشتی و تایبەتەکانیاندا دەیانخواردەوە، بەشێوەیەك ئالودەبوون بە خواردنەوە بووبووە نەخۆشیەکی کۆمەڵایەتیی درێژخایەن کە نەدەتوانرا لەپڕ لەناو ببرێ، بەڵکو بۆ قەلاچۆکردن و لە ریشەوە دەرهێنانی پێویست بوو رێگەی پلەپلە و بەخەرجدانی دڵنایی دەکرد، لەبەرئەوە قورئانی پیرۆز رێگەیەکی تەخت و ئاسانی بۆ بەگژاچوونەوەی ئەم نەخۆشییە درێژخایەن و پیسە گرتەبەر، ئەویش بەوەی بە چوار قۆناغ هەنگاوی بەرەو یەکجاری قەدەغەکردنی نا. ئەمە مانای ئەوە نیە ئیسلام دڵنی بە رەوایی خواردنەوەی مەستیبەخشەکان لە هەریەك لەو قۆناغانەدا ناوە وەك زۆر کەس ئەم گومانە سەقەتەیان بردوە و پلەبەپلەییان لەگەڵ نەسخ تێکەڵ کردوە و قۆناغی پاشتریان بە نەسخکاری ئەوەی پێشتر داناوە. ناماقووڵیی ئەم گومانە بە شیکردنەوەیەکی روون و راشکاوی حەرامکردنەکە لە هەر قۆناغێك لەو چوار قۆناغەدا، دەردەکەوێ، بەم شێوەیە:

لە قۆناغی یەکەمدا:

خوای گەورە روو لە مرۆڤ لە هەموو زەمان و شوێنێکدا دەفەرموێ: ﴿وَمِن ثَمَرَاتِ النَّخِيلِ وَالأَعْنَابِ تَتَّخِذُونَ مِنْهُ سَكَرًا وَرِزْقًا حَسَنًا﴾[1]. خوێنەری ورد و زرنگ لەم قۆناغەدا دەستلێدانێکی سووك و ئامازەیەکی ئەقڵی دەبینێ بۆ ئەوەی مەستیبەخشەکان بەسەرجەم جۆرەکانیەوە لە خۆیاندا درێون،

---

[1] سورة النحل:٦٧.

بنچینەی ئەو درێوییەیش ئەو زیانە ئەقڵی و تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەیە لە مادە مەستیبەخشەکە و خواردنەوەیدا حەشار دراوە، خولگەی جوانی و درێویی رەفتارەکانی مرۆڤیش لە شەریعەتی ئیسلامی و ئەقڵی ساغدا لە هەر زەمان و شوێنێکدا بریتییە لە سوود و زیان، هەموو سوودبەخشێك لە خۆی یان لە غەیری خۆیدا لە خۆی یان غەیری خۆیدا باشە، هەموو زیانبەخشێکیش لە خۆی یان لە غەیری خۆیدا لە خۆی یان غەیری خۆیدا درێوە. ئەم مانایە لە عەتفکردنی رزقی باش لەسەر سەرخۆشی وەردەگیرێ کە بەلگەیەکی روونە لەسەر ئەوەی (مەعتوف عەلەیهی) رزقێکی درێوە، لەبەرئەوەی عەتف بۆ لێك جیاوازبوون (مغایرە)یە.

ئەم ئایەتە نە لە دوور نە لە نزیك بەڵگە نیە لەسەر نێقرارکردنی رێطەدان بە مەستیبەخشەکان لەبەرئەوەی دنیاکیەکی روون لەنێوان رێشێدانی شت و درێوکردنی لە هەمان کاتدا هەیە، لەبەرئەوەی بە تەرازووی شەریعەتی ئیسلامی ئەو دوو سیفەتە لە شتێکدا کۆنابنەوە، لەبەرئەوەی ناکرێ شتێك لە کاتێکدا لە خۆیدا باش بێ و لە کاتێکیتردا لەخۆیدا درێو بێ. ئەوەی گومانی وایە ئەم ئایەتە رێگەی بە ئارەق داوە و پاشان بە قۆناغی کۆتایی نەسخ کراوەتەوە، هەڵەیەکی زەقی کردوە کە لێخۆشبوونی نیە.

لە قۆناغی دووەمدا:

قورئانی پیرۆز شێوازی گوتاری لە حەرامکردنی مەستیبەخشەکان گۆڕی و شێوەیەکیتری دواندنی گرتەبەر و ئەقڵی مرۆڤی بەرەو بەراوردکردن لەنێوان ئەو سوود و زیانانەی مرۆڤ لە ئارەق خواردنەوە دەستی دەکەوێ، یان لەنێوان قازانج و زەرەر لە رەفتاری درێو، ئاراستە کرد. خوا ئەفەرموێ: ﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ قُلْ فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَا أَكْبَرُ مِن نَّفْعِهِمَا وَيَسْأَلُونَكَ﴾[1]. مەبەست لە (الاثم) لەم ئایەتەدا بریتییە لە زیان بە بەلگە (قەرینە)ی بەراوردکردنی بە سوود، ئەم ئایەتە نەك هەر ئاماژەیە بۆ حەرامکردنی ئارەق و قومار، بەڵکو بەروونی و راشکاوی ئاماژەیە بۆ حەرامکردنی بەکارهێنانی هەر شتێك زیانی لە سوودی زیاتر بێ، لەبەرئەوەی خودا وەڵامی پرسیارەکە بە روونکردنەوەی حوکمەکەی نەداوەتەوە، بەڵکو بە روونکردنەوەی عیللەی حوکمەکە وەڵامی داوەتەوە. عیللەی حەرامکردنەکە ئەوەیە زیانی لە سوودی زیاترە، ئەم عیللەیەیش

---

[1] سورة البقرة:٢١٩.

گشتییە و بوون و نەبوونی حوکمەکە بەدەوری ئەودا دەخولێتـەوە، هـەر مادەیـەك زیـانی لـە سـوودی زیاتر بێ حەرامی حەرامە و ئیجتیهاد و تەئویل هەڵناگرێ، لەبەرئەوەی ئیجتیهـاد لـە بـاری بـوون دەقـدا ناکرێ، ئەم ئایەتە بەشێوەیەکی بنبڕ ئاماژەیـە بـۆ حـەرامکردنی ئـارەق و قومـار، هـەروەها بەهـەمان روونی ئاماژەیە بۆ حەرامکردنی جگەرەکێشان و هەر مادەیەکیتریش کە زیانی لە سوودی زیاتر بێ.

ئـەم گشـتیبوونە لـە حیکمـەتی وەڵامدانـەوە بـە عیللـەی حوکمەکـە نـەك خـودی حوکمەکـە وەردەگیرێ، تا حوکمەکە تەنیا ئارەق و قومار نەگرێتەوە، زیـانی ئـارەق و قومـار و جگەرەکێشـانیش لە شتە بەڵگەنەویستەکانن کـە دەمەتـەقێ لەسـەری جۆرێکـە لـە چەنەچـەن و سەفسـەتە و تـەئویلی ناماقووڵ. با هەموو خەڵك بزانن جگەرەکێشان رێك وەك ئارەق و قومار بەدەقی قورئان حـەرام کـراوە.

هەر رایەك پێچەوانەی ئەمە بێ لەگەڵ ئەم دەقە قورئانیەدا بەریـەك دەکـەوێ، لەبەرئـەوەی ئـەم زیانـە تەنیا یـەك جـۆر یـان لایـەن ناگرێتـەوە بەتـەنیا، بـەڵکو زیـانی تەندروسـتی و ئـابووری و کۆمەڵایـەتی دەگرێتەوە، وەك زانستی نوێ و پزیشکیی هاوچەرخ سەلماندویانە.

زیانە ماددییەکە لەو شتە بەرهەستانەیە کە مشتومڕ هەڵناگرێ، زیـانی تەندروسـتیش بـە شـایەتیی پزیشکانی پسپۆری دنیـا سـەلماوە، کـە رۆژانـە ئـەو شـایەتییە لـە رێگـەی میـدیا بینـراو و بیسـتراو و خوێنراوە جیهانیەکانیەوە دەبینین و دەبیستین و دەخوێنینەوە.

زیانی کۆمەڵایەتیی جگەرەکێشان لە هی ئارەق و قومار زیاترە، لەبەرئەوەی جگەرەکێشـان تـەنها زیان بە جگەرەکێش ناگەیەنێ بەڵکو زیان بە هاونشینەکەیشی دەگەیەنێ بەتایبـەت لـەناو ئۆتۆمبێـل و شوێنە قەرەباڵغەکاندا کە هەولگۆڕیی تەندروستییان تێدا نیـە. زانایـانی پسـپۆڕ پێیـان وایـە ئـەوەی لـە رۆژێکدا چـل جگـەرە بکێشـێ لـە شـوێنێکدا منـداڵێکی شـیرەخۆری تێـدا بـێ، وەك ئـەوە وایـە ئـەو منداڵەیش دە جگەرەی کێشابێ.

دەوڵەتانی جیهان هەستیان بە مەترسیی ئەم وەحشـە شارسـتانییە کـردوە، لەبەرئـەوە دەبیـنین ساڵانە کۆڕ و سیمیناری زانستی و پزیشکی بـۆ قسـەکردن لـەبارەی بابەتـە تەندروسـتییەکانی جیهـان ساز دەکرێ، بەتایبەت زیانە تەندروسـتی و مـاددی و کۆمەڵایەتیـەکانی جگەرەکێشـان، پـاش هـەموو ئەوانە، ئایـا هـیچ گومـان لـەوەدا هەیـە کـە جگەرەکێشـان گونـاه و سـوودی هەیـە و گوناهەکـەی لـە سوودەکەی زیاترە؟!

مەستیبەخشەکان سوودیان هەیە کە هەندێکیان ماددی و هەندێکیان مەعنەوین، بەڵام لـە هـەردوو بارەکەدا سوودەکان ئەگەر بە زیانەکانیان بەراورد بکرێن، زۆر کەمن.

سووده ماددییهکان ئەو داهاتەیە دەست خاوەن کارگە و شوێنەکانی دروستکردنی خواردنەوە مەستیبەخشەکان لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتدا دەکەوێ، ئەو قازانجانەی بازرگانانی جوملە و تاکی ئەم مادە مەستیبەخشانە دەستیان دەکەوێ، هەروەها ئەو دەوڵەتانەی ئەو ماددانە هاوردە یان هەناردە دەکەن، جگە لە قازانجەکان، رەسمی گومرگی وەردەگرن، هەروەها رەسمی دەرکردنی مۆڵەتی کردنەوەی دوکان و شوێنی خواردنەوەی مەستیبەخشەکان لەناو وڵات وەردەگرن، ئەمانە و چەندین رێگەیتری دەستکەوتی دارایی لە بەکارهێنانی مەستیبەخشەکان.

بەڵام ئەگەر ئەم سووده ماڵی و ماددیانە لەگەڵ ئەو زیانەی لە دەوڵەت دەکەوێ لە لەدەستدانی گیانی قوربانیدان و هەستکردن بەبەرپرسیارێتی لای ئەوانەی مەستیبەخشەکان دەخۆنەوە و روویان تێدەکەن، بەراورد بکرێن، دەبینین زیانی دەوڵەت و کۆمەڵگە زۆر لە قازانجەکان زیاترە، چونکە خواردنەوەی مەستیبەخشەکان لە گرنگترین هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی شلوشوڵی و لاوازیی هەستی بەبەرپرسیارێتی و پەککەوتنی ئەقڵەکان لە بیرکردنەوە لەو بەرژەوەندییە گشتیانەی پەیوەندییان بە وڵات و کۆمەڵگەوە هەیە، ئەم راستییە لەو شتە بەرهەستە بەڵگەنەویستانەیە کە مشتومڕ هەڵناگرێ.

سووده مەعنەوییەکان بریتین لەو ساتە بێهۆشیانەی سەرخۆش تێیاندا دەژی، لەو روانگەوە گوایە خواردنەوەی مەستیبەخشەکان دڵخۆشی دێنێ و خەم بەبا دەکات و سەرخۆش دەخاتە ئامێزی بەختەوەری و بیرنەکردنەوە جگە لە خۆی و لەو ساتەی تێیدا دەژی.

ئەمە ئەو شیکردنەوەیە ئالوودەکان دەیکەنە پاساو بۆ بەکارهێنانی مەستیبەخش و هۆشبەرەکان، ئەمە هەر پاساوی خەڵکە عادییەکە نەبووە، بەڵکو پاساوی ئەو زانا و فەیلەسوفانەیش بووە کە مەشروبخۆر بوون، دەوترێ پاڵ فەیلەسوف فارابی گوتویەتی:

بزجاجتين قطعت عمري — وعليهما عولت أمـري

فزجاجـة ملئـت بحبر — وزجاجة ملئت بخمـر

فبـذي أدون حكمتـي — وبذي أزيل هموم صدري[1]

به بڕوای تایبەتی خۆم ئەم فەیلەسوفە بۆ ئەو ئاستە دانابەزێ و لەو مونکەرە بەدوور بووە[2].

---

[1] رباعيات عمر الخيام :١٦١. واتە: بە دوو شووشە تەمەنم بڕی و پشتم پێیان بەست، شووشەیەک پڕ لە مرەکەب و شووشەیەک پڕ لە مەی، بەوەیان حیکمەتی خۆم ئەنووسمەوە، بەویتریش خەمی دڵم دەرئەکەم.

[2] سەرچاوەی پێشوو.

هەروەها دەوترێ عومەری خەیام لە چوارینەکەیدا کە بۆ چەند زمانێك لەنێویاندا فارسی، وەرگێردراوە گوتویەتی:

می خوردن من نه ازبرای گرب است

نه برای فساد وترك دين وادب است

خواهم أز بيخودی برارم نفسی

مي خوردن ومست بودنم زين سبب است[1]

واتە: مەی خواردنەوەی من نە لەبەر کەیف و سەفا، نە لەبەر فەساد و وازهێنان لە دین و ئەدەبە، بەڵکو دەمەوێ لە بێرجەنجاڵیی خۆم پشوویەك بدەم، کەواتە خواردنەوە و مەستیەکەم لەبەر ئەم هۆیە.

قازی عەبدولوەهاب ئەلمالیکی[2] وەڵامی ئەم جۆرە گومانانەی داوەتەوە و دەڵێ:

زعم المدامة شاربوها انها ... تنفي الهموم وتصرف الغما

صدقوا سرت بعقولهم فتوهموا ... ان السرور لهم بها تما

سلبتهم اديانهم وعقولهم ... ارايت عادم ذين مغتما

ئەوە روونە خەمەکانی مرۆڤ پاساو نین بۆ ئارەق خواردنەوە، راستە ژیان کێشە و خەم و کەسەری تێدایە کە زادەی پەیوەندیی مرۆڤە بە مرۆڤەوە، بەڵام نابێ ئەم کێشانە مرۆڤ بکەنە لانکەی نائومێدی و هیوابڕاوی و رەشبینی بەرانبەر ژیان، تا بیر لە هەڵاتن لە بەرپرسیارێتیەکانی بەرانبەر خوای خۆی و کۆمەڵگە و خێزانەکەی و خۆی بکاتەوە و لە گۆشەکانی مەی خواردنەوەدا بژی و خراپە و شەیتان بیکەنە هێلانەی خۆیان. ئارەق نەشوەیەکی گەرم لە مرۆڤدا دروست دەکات و بۆ ئاستی ئاژەڵ دایدەبەزێنێ، یارمەتیی خەیاڵی نەخۆش دەدا مێشکی پڕ بکا لە وێنەی پڕوپوچ و رووداوی سەرلێی بەشێوەیەك نەفسی رێزدار رازی نابێ بگاتە ئەو ئاستە خراپەی شەرابخۆر پێی

[1] سەرچاوەی پێشوو.

[2] الفروق للقرافي:٢١٧/١.

دەگا، لەبەرئەمە و زیاد لەمەیش خوا فەرموویەتی: ﴿وَإِثْمُهُمَا أَكْبَرُ مِن نَّفْعِهِمَا﴾[1] و ئـەقڵی مرۆڤـی وریـا کردۆتەوە کە مرۆڤی ژێر کارێك ناکا زیانی لە سوودی زیاتر و زەرەری لە قازانجی زیاتر بێ.

بەڵگەنەویستە قورئانی پیرۆز لەم قۆناغەیشدا رێگەی بە خواردنەوەی ئارەق نـەداوە تـا بـوترێ لـە دووا قۆناغدا نەسخ کراوەتـەوە، وەك هەنـدێ وا گومانیـان بـردووە، جـا چـۆن خـوای گـەورە رێگـە بـە رەفتارێك دەدات زەرەری لە قازانجی و زیانی لە سوودی زیاتر بێ، خوا پاکە لەوە.

لە قۆناغی سێیەمدا:

شەرعدانەر کاتێ لە مەشروبخۆران بەرتەسك کردەوە تا خۆیان بـۆ بەیـەکجاری تـەرککردن ئامـادە بکەن، خوا دەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَقْرَبُواْ الصَّلاَةَ وَأَنتُمْ سُكَارَى حَتَّىَ تَعْلَمُواْ مَا تَقُولُونَ﴾[2].

ئەم ئایەتە نە لە دوور نە لە نزیك ئاماژە نیە بـۆ ئیباحـەکردنی مەستیبەخشـەکان و خواردنـەوەیان پاش نوێژ، بەڵکو بەڵگەی ئەوەیە سەرخۆش ئەگەر نوێـژی کـرد و لـە حاڵـەتی سەرخۆشـیدا بـوو ئـەوا بەرپرسیارێتیەکیتر دەخاتە سـەر بەرپرسـیارێتیەکەی لـە خواردنـەوەی مەستیبەخشـدا، لەبەرئـەوەی سەرپێچیی ئەو نەهییە دەکا کە دەلالەتێکی قەتعی هەیە لەسـەر حـەرامکردن، پاشـان کەمکردنـەوەی ئالوودەبوون کەسی ئالوودە بۆ تەرککردنی یەکجاری ئامادە دەکات.

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەیە سەرخۆش حوکمە تەکلیفیەکانی رووبەڕوو دەکـرێ و سەرخۆشـیەکەی نایخاتـە دەرەوەی بازنـەی شـیانی تـەکلیفکردن و لەوێیشـەوە لـە بەرپرسـیارێتیی جینـائی، بـەڵکو لەبارەی سەرجەم ئەو رەفتارە زیانبەخشانەی بەسەرخۆشی دەیانکا، جـا مـەدەنی بـن یـان جینـائی، پرسوجۆی لەگەڵ دەکرێ.

صدر الشريعة لـە تەفسـیری ئـەم ئایەتـە و شـیکردنەوەیدا دەڵـێ: سەرخۆشـبوون بـە شـەرابێکی حەرام پێچەوانەی ئایەتی ﴿لاَ تَقْرَبُواْ الصَّلاَةَ وَأَنتُمْ سُكَارَى﴾[3] نیە، ئەم گوتارە پەیوەنـدی بـە حاڵـەتی سەرخۆشـیەوە هەیـە و بـەهیچ شـێوەیەك ئەهلیـەت بـەتاڵ ناکاتـەوە، هەربۆیـە هـەموو حوکمـەکان دەیگرێتـەوە و هـەموو دەربڕینـەکانی بەڕاست وەردەگیرێـن، بـەڵکو مەبەسـت (القصـد)ی پـێ لـەناو دەچێ، بەشێوەیەك ئەگەر بەشێوەیەك قسـەی کـرد کـوفر بـوو لـەڕووی ئیستیحسـانەوە بـە مورتـەد

---

[1] سورة البقرة:٢١٩.

[2] سورة النساء:٤٣.

[3] سورة النساء:٤٣.

دڵنانرێ لەبەر نەبوونی روکنەکەی کە مەبەستە[1]، واتە ئەگەر وشەی کوفری بەزاردا هات یان کارێکی کرد لە حاڵەتی ئاساییدا -واتە حاڵەتی بەهۆشی- کافری دەکرد بە هەڵگەڕاوە دڵنانرێ ئەگەر لە سەرخۆشیدا ئەو قسە یان کارەی کرد، نەك لەبەرئەوەی ئەقڵ ناهێڵێ و سەرخۆشە و سەرخۆشیەکەیشی رێگرە لە بەرپرسیارێتیی هەڵگەڕانەوەی، بەڵکو لەبەر نەبوونی روکنێکی بنچینەیی هەڵگەڕانەوە لە ئاین (ریدە) کە قەسدی جینائییە و بوونی باوەڕی پڕوپووچە لەجێی راستی.

تێبینی دەکرێ قسەکەی صدر الشریعة ئەگەر سەرخۆشی رێگرێکی رەها بێ (چ سەرخۆشی بوو بە رێگەیەکی مەشروع یان نامەشروع) لە دروستیی هەڵگەڕانەوە سەرخۆش لە حاڵەتی سەرخۆشیدا، ئەوا مەبەست (القصد) روکنێکە لە روکنەکانی تاوان، کە ئەویش نیە و بەوە دیسان دەبێتە رێگر لە بەرپرسیارێتیی جینائی ئەگەر هەر جۆرە تاوانێکیتری کرد، لەبەرئەوەی قەسدی جینائی وەك چۆن روکنێکی مەعنەوییە لە تاوانی هەڵگەڕانەوەدا، ئەوا روکنێکی مەعنەوییە لە سەرجەم ئەو تاوانانەیشدا کە لەسەر سێ روکن دەوەستن: (روکنی ماددی و روکنی شەرعی و روکنی مەعنەوی)، جا ئەگەر ئەم روکنە یان هەر روکنێکیتری ناتەواو بوو ئەوا تاوانەکە نابێ، لەبەرئەوەی شتەکە بەفەوتانی یەکێك لە روکنەکانی نامێنێ.

کەواتە لە دەربڕین و شیکردنەوەکەیدا ورد نەبوو، دەبوو بڵێ هەڵگەڕانەوە پەیوەندی بە بابەتەکانی بیروباوەڕەوە هەیە و لە بابەتە بڕواپێکردنە ناوەکیەکانە کە لەسەر قەناعەتی ناو دڵ دامەزراوە و پێویستی بە ئیدراك و هۆشی تەواو هەروەها ئیرادەی تەواو هەیە لە هەردوو حاڵەتی ئیجاب (ئیمان) و سەلب (کوفر و هەڵگەڕانەوە)دا. پاشان جیاوازیەکیتری روون لەنێوان تاوانی هەڵگەڕانەوە و تاوانەکانیتردا هەیە، ئەویش ئەوەیە تاوانی هەڵگەڕانەوە خودییە و کاریگەریەکەی پەل بۆ کەسیتر ناکێشێ مەگەر کەسی مورتەد بەکردەوە یان قسە یان بەقەڵەم دژایەتیی ئیسلام بکا، ئەمە جگە لەوەی بوار هەیە بۆ تۆبەدادان و تۆبەکردن یان پاشگەزبوونەوە و فریای خۆکەوتن، بەپێچەوانەی تاوانەکانیتر لە هەموو ئەوانەدا.

---

[1] التوضیح شرح التنقیح لصدر الشریعة:٢/٢٠٥.

قۆناغی چوارەم و كۆتایی:

ئەم قۆناغە لوتكەی پلەبەندی و سەقامگیربوونی تەواوی حوكمەكە و مل بۆكەچكردن و پابەندبوونی سەرجەم موسڵمانانە بە قەدەغەكردنەكەوە بەبێ سەرپێچی. خوای گەورە بەم شێوەیە ئەم قۆناغەی بەرجەستە كردوە و ئەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالأَنصَابُ وَالأَزْلاَمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ، إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُوقِعَ بَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاء فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَن ذِكْرِ اللّهِ وَعَنِ الصَّلاَةِ فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ﴾[1].

ئەم ئایەتە بەڕوونی جەخت لەو حەرامكردنە دەكاتەوە كە لە قۆناغەكانی رابردوودا هاتووە، نەك ئەو قۆناغانەی نەسخ كردبێتەوە وەك هەندێ گومانیان بردوە، لەبەرئەوەی خوای گەورە لە هیچكام لەو قۆناغانەدا مەستیبەخشەكانی موباح نەكردوە، بگرە بەپێچەوانەوە وەك باسمان كرد لە هەموو قۆناغێكدا شیكردنەوە (تەعلیل)ی حەرامكردنی كردوە. بەم ئایەتە و ئایەتەكانی رابردوو حەرامكردنی سەرجەم مەستیبەخش و هۆشبەرەكان بەشێوەیەكی بنبڕ جێگیر بووە بەچاوپۆشین لە جۆر و سروشت و مادە بەرایییەكانی و پلەی مەستی و رادەی كاریگەرییان لەسەر ئەقڵی مرۆڤ و هەموویان حەرام دەكات، زۆر بێ یان كەم یا دڵۆپێكیش بێ، لەبەرئەوەی هەر شتێك زۆری حەرام بێ كەمیشی حەرام دەبێ.

هەیە دەڵێ گوایە خوا بەدەقێكی روون و بنبڕ خواردنەوە مەستیبەخشەكانی حەرام نەكردوە، لەو رووەوە ئەم حوكمە لە قورئاندا بە دەستەواژەی حەرام كراوە (حرم) نەهاتووە بۆ نموونە وەك لە ئایەتی ﴿إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالْدَّمَ﴾[2]دا، یان لە بە (حرمت) وەك لە ئایەتی ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ﴾[3]دا هاتووە.

ئەم گومانە بێمانا و لە نەزانی و تێنەگەیشتنەوە سەرچاوەی گرتوە، ئەو ئایەتانەی باس كران لە تەعلیلیدا روونن بەشێوەیەك هیچ گومانێك ناهێڵنەوە لە حەرامكردنی تەواوی مەستیبەخش و سڕكەرەكاندا، بەتایبەت ئەو دوو ئایەتەی دوایی بەشێوەیەكی بنبڕ لەم حەوت رووەی خوارەوە بەڵگەن لەسەر حەرامكردن:

---

[1] سورة المائدة:٩٠-٩١.

[2] سورة النحل:١١٥.

[3] سورة النساء:٢٣.

یەکەم: خوای گەورە لە قورئاندا ئاماژەی لەڕووی مەترسی و حوکمەوە لە ریزی قومار و بتەکاندا داناوە، دیاریشە کە قومار و بتپەرستی لە گوناهە گەورەکانن (تاوانە مەترسیدارەکان لەسەر کۆمەڵگە).

دووەم: وەسفکردنی مەستیبەخش بە (رجس)، کە رجس –بەپێچەوانەی نجس (پیس)– بەو شتانە دەوترێ کە قابیل بە پاککردنەوە نیە لەو پیس و پۆخڵی و زیانەی تێیدایە.

سێیەم: بە کاری شەیتان لەقەڵەم دراوە، ئەوە روونە هەر کارێك لە کارەکانی شەیتان لەخۆیدا ناشیرینە، هەموو ناشیرینێکیش وەك رێسایەك لەو رێسا شەرعیانەی هەمووان لەسەریان کۆکن زیانبەخش و حەرامن.

چوارەم: فەرمانکردن بە لێ دوورکەوتنەوە بە دەستەواژەی (فاجتنبوه) لە هەر دارشتەیەك لە دارشتەکانیتری حەرامکردنی وەك (حرمت عليكم الخمر) کاریگەرترە، لەبەرئەوەی ئەم دەستەواژەیە تەنیا لە بابەتە مەترسیدار و نەخۆشییە درمە کوشندەکاندا کە بەخێرایی بڵاو دەبنەوە وەك تاعون، بەکار دێ.

پێنجەم: خوا بەهۆی کاریگەریی گەورەی لەسەر ئەقڵی مرۆڤ و تێکدانی، بە سەرچاوەیەك بۆ شەڕ و دوژمنایەتی و رق و کینەی داناوە، بەشێوەیەك سەرخۆش دەباتە جیهانی لاشعور و نابەرپرسیاریتی و پاڵی پێوە دەنێ بۆ وڕێنەکردن و گوتنی هەندێ وشە کە شایستە بە مرۆڤ نین.

شەشەم: مەشروبخواردنەوە مرۆڤ لە یادی خوا لادەدات و کۆسپە لەبەردەم ئەوەی پەیامی خۆی ئەنجام بدات، مرۆڤی سەرخۆش دەباتە جیهانێك تێیدا جگە لە خۆی بیر لە کەسیتر ناکاتەوە، هەموو ئەمانە بەڵگەن لەسەر نامەشروعبوونی، لەبەرئەوەی مرۆڤ بۆ ئەوە نەخولقاوە وەك ئاژەڵ هەر بخوات و بخواتەوە، بەڵکو ژیری پێ بەخشراوە و بەوە لە باقیی زیندەوەرانیتر جیا بووەتەوە، ئەویش بەمەبەستی بەجێگەیاندنی پەیامەکەی (ئەمانەتێك) کە خراوەتە سەر شانی.

حەوتەم: نەهیکردن لە بەکارهێنانی جۆرەکانی مەستیبەخشەکان بەشێوەیەکی بنبڕ، بە دەربڕینێکی رەوانبێژانە و بەهێز کە ئەویش ئیستیفهامی ئینکارییە لەوەی خوا ئەفەرموێ: ﴿فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ﴾. ئەم دەربڕینە لە رووی رەوانبێژییەوە ئیلزامکردنی بەهێزتر و کاریگەریی زیاترە لە هەر سیغەیەك لە سیغەکانیتری نەهیکردن.

ئەم حەوت رووە لە عیللە و حوکم لەو دوو ئایەتەدا، بوار بەهیچ گومانێك نادەن لە حەرامکردنی هەموو جۆرەکانی مەستیبەخش و هۆشبەرەکان، لەبەرئەوەی مەبەست لە خەمر وەك باسمان کرد مانا زمانەوانیەکەیەتی، نەك مانا عورفیەکەی.

لە روانگەی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە، ئەحکامی ئەو ئایەتانەی لەبارەی خەمرەوە هاتوون بەسەر هەموو جۆرە هۆشبەرەکانیدا جێبەجێ دەبێ، لەوانە:

١– هیرۆیین: لە داتاشراوەکانی مۆرفینە، لە ئاسەوارەکانی پێوە ئالوودەبوونی، نارێکی یاخود تێکچوونە لە دەربڕنی رژێنە تێکەڵەکان و گۆڕان لە سلوکی کەسی ئالوودەدا.

٢– ئەفیون: گوشراوی خشخاشی کاڵە، لە ئاسەوارە فسیۆلۆژیەکانی ئەوەیە کەسی ئالوودە چەندە ئەو مادەیە زیاتر بەکار بێنێ نیشانەکانی دامێزرانی جەستەیی و دەروونی تێدا زیاد دەکەن، لە ئاسەوارە ئەقڵی و دەروونیەکانیشی ئەوەیە ئالوودە بەم مادەیە هەستکردنی بە بەها و ئاکار و بەرپرسیاریێتی بەرانبەر ئەویتر کز و لاواز دەبێ.

٣– کۆکائین: لە ئەمەریکای باشوور دەڕوێ، زۆرجار سەرۆك باندەکان ئەو کاریگەریی فیسیۆلۆژیەی کۆکائین دروستی دەکا بۆ زاڵبوون بەسەر ئەندامانی باندەکە و بەدیهێنانی ئامانجە تاوانکاریەکانیان دەقۆزنەوە، لەبەرئەوە شوێنکەوتوانیان ئیغرا دەکەن بۆ خووگرتن بەبەکارهێنانی ئەم مادەیە تا بگەنە رادەی ئالوودەبوون، بەوەیش ملکەچی هەر فەرمانێك بن کە سەرۆکی باندەکە سەبارەت بە چالاکیە تاوانکاریەکان دەریاندەکا.

٤– حەشیش: لە گرووپی مادە مەستیبەخشەکانە، پێی دەوترێ مەستیبەخشی بێگیان (المسكر الجامد)، بەکارهێنانی هەمان ئاسەوار و نیشانەی لێ دەکەوێتەوە کە لە خواردنەوەی مەستیبەخشەکان دەکەوێتەوە.

رادەی کاریگەریی سەرخۆشی لەسەر بەرپرسیاریێتی لە شەریعەتی ئیسلامیدا:

زانایانی موسڵمان لە ئوسوڵی و فیقولنان بەربەستەکانی شیانیان بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش کردوە: بەربەستی ئاسمانی (بەربەستی نائیرادی) و بەربەستی بەدەستهاتوو (بەربەستی ئیرادی).

بەربەستە ئاسمانیەکان ئەوانەن ئیرادەی مرۆڤ رۆڵی لە روودانیاندا نیە وەك شێتی و چکۆلەیی و ئەوانەی حوکمی ئەوانەیان هەیە.

بەربەستە بەدەستهاتووەکان ئەوانەن ئیرادەی مرۆڤ ڕۆڵی لە بوونیدا هەیە لەوانە سەرخۆشی، هەریەک لەو دوو بەشەیان بۆ سێ جۆر دابەش کردوە:

أ- ئەو بەربەستانەی دەرک و ئیرادە ناهێڵن: وەک شێتی و سەرخۆشی کە کاریگەریی ئەقڵ ناهێڵێ و ئیفلیجی دەکات و لە ئەنجامدانی ئەرکی خۆی پەکی دەخا، سەرخۆشی وەک شێتی ئەقڵ لەناو نابات و باسکردن لەوەی لە حاڵەتی تەواو سەرخۆشبووندا ئەقڵ نامێنێ، لەسەر ڕێتێچوون (التجوز) دامەزراوە.

ب- ئەو بەربەستانەی شیان کەم دەکەنەوە: وەک چکۆلەیی لە قۆناغی فامکردن و بێئەقڵی دوای حیجر، هەروەها ئەو سەرخۆشیە ڕێژەییەی کە نارێکی لە ئەقڵدا دروست دەکا، بەڵام بەتەواوی پەکی ناخا.

دیارە ئەم جۆرەیان ڕێگر نیە لە بەرپرسیارێتیی جینائی، بەڵکو عوزرێکە سزا سووک دەکات و دەبێتە ڕێگر لە جێبەجێکردنی ئەو سزایەی بۆ ئەو تاوانە بڕیار دراوە کە شیان ناتەواو ئەنجامی دەدات، بەڵام نابێتە ڕێگر لە سزادان بەڕەهایی.

ج- ئەو بەربەستانەی هیچ کاریگەریەکیان لەسەر ئەقڵ نیە: لێرەیشەوە هیچ کاریگەرییان لەسەر شیان نیە، نە شیان ناهێڵێ و نە کەمی دەکاتەوە، بەڵکو بۆ پاراستنی مافی کەسانێتر هەڵسوکەوتی تووشبوو بەم نیشانەیە سنووردار دەکرێ، وەک نەخۆشیی مەرگ، چونکە ئەو نەخۆشەی نەخۆشیی مەرگی هەیە بەخشینەکانی ملکەچی حوکمەکانی وەسیەتکردن دەبن، وەسیەتکردنیش لە سنووری سێیەکدا دروستە، لەوە زیاتر لەسەر مۆڵەتدانی وەرەسە پاش مردنی نەخۆشەکە دەوەستێ، لەکاتی ژیانیدا حساب بۆ مۆڵەتدان ناکرێ تا ڕێگە لە زۆرلێکردنی ئەدەبی بگیرێ.

ئەوەی لەم باسەدا بەلامانەوە گرنگە سەرخۆشییە جا چ بەتەواوی (کلی) بێ و ئاسەواری ئەقڵ نەهێڵێ، یان بەشەکی بێ، بەشێوەیەک سەرخۆش وەک کەسی نەشیاو لێناکا، بەڵکو دەیگۆڕێ بۆ ئاستی شیان ناتەواو (ناقص الاهلية).

زانایانی موسڵمان لە ئوسولی و فیقوانان ڕێگەکانی بەکارهێنانی مەستیبەخش و هۆشبەرەکانیان بۆ ڕێگە ڕێپێدراو (موباح) و ڕێگە قەدەغە حەرامەکان دابەش کردووە ئەگەرچی مادەی مەستیبەخش و هۆشبەر خۆی لە خۆیدا لە هەردوو حاڵەتی ڕێپێدان و حەرامیدا بە ڕەهایی حەرامە، ئەم دوو حوکمە (ڕێپێدان و حەرامی) پەیوەندییان بە کردەوەی مەستیبەخشەکە و شێوازی بە کارهێنانیەوە هەیە نەک

بە (ماددەکە) خۆیەوە، لەبەرئەوەی حوکمە تەکلیفییەکان پەیوەندییان بە کردەکانی مرۆڤەوە هەیە نەك شتەکان.

لەبەر تیشکی ئەوەدا دەکرێ کاریگەریی سەرخۆشی لە بەرپرسیارێتیی جینائیدا بزانرێ، بەم شێوەیە:

یەکەم: ئەگەر بەکارهێنانەکە بە شێوەیەکی ڕێپێدراو بوو:

فیقولنانی شەریعەتی ئیسلامی کۆدەنگن لەسەر ئەوەی لەم بارەدا سەرخۆشی ڕێگرە لە بەرپرسیارێتیی جینائی و سزای تاوانەکەی دەخات ئەگەر سەرخۆشیەکە گەیشتە رادەی نەهێشتنی ئاسەواری ئەقڵ و بەتەواوی پەکخستنی. بەڵام ئەگەر سەرخۆشیەکە جوزئی بوو و بەتەواوی ئەقڵی پەك نەخستبوو ئەوا بە عوزرێك دادەنرێ کە سزاکە سووك دەکات و ڕێگر دەبێ لەو سزایەی لە شەرعدا بۆ تاوانی سەرخۆش بڕیار دراوە، بەڵام ڕێگر نابێ لە بەرپرسیارێتیی جینائی، هاوشێوەی ناتەواویی شیان بەهۆی بەربەستەکانیترەوە.

بەڵام لە هەردوو بارەکەدا کەسی سەرخۆش لەڕووی مەدەنیەوە بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمی دەکەوێتە ئەستۆ لە هەر زیانێك لەکاتی سەرخۆشیدا بەبێ پاساو بە کەسیتری دەگەیەنێ، واتە سەرخۆشی بەتەواوی بێ یان بە جوزئی وەك هەر بەربەستێکیتر هیچ کاریگەریەکی لەسەر بەرپرسیارێتیی مەدەنی نیە، لەبەرئەوەی شەریعەتی ئیسلامی ئەم بەرپرسیارێتییە لەسەر سێ ڕەگەز دادەمەزرێنێ کە بریتین لە (کارە نامەشروعەکە + زیان + پەیوەندیی هۆیی لەنێوان کارەکە و زیانەکەدا)، بەچاوپۆشین لە شیانی زیانگەیەنەکە، بۆیە وەك پێشتر باسمان کرد پێویستە لە ماڵی ئەو قەرەبوو بکرێتەوە.

ڕێگەکانی ڕێپێدان (الاباحة): لە گرنگترین ڕێگەکانی ڕێپێدانی مەستیبەخشەکان ئەمانەن:

زۆرلێکردن (الاکراه):

هەرکەس زۆری لێکرا مەستیبەخش یان هۆشبەر بەکار بێنێ و لەژێر فشاری ئەو زۆرلێکردنەدا بەکاری هێنا بەشێوەیەك ببێتە مایەی ئیفلیجکردنی ئیرادە و ئیختیاری، پاشان لە سەرخۆشیەکەیدا تاوانێکی کرد جا جۆر و سروشت و سزاکەی هەرچی بێ، ئەگەر بسەلمێ لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا هۆش و ئیدراکی لەدەست داوە، لەڕووی جینائیەوە بەرپرسیار نیە و نە لەم دنیا و نە لەو دنیا سزای لەسەر نیە جگە لە خوێنبایی ئەگەر تاوانەکە کوشتنی بەناهەق بێ، لەبەرئەوەی ئەنقەستی

سەرخۆش هاوشێوەی شێت و منداڵی نەفام بە هەڵە حسێبە، کوشتنی بەهەڵەیش سزاکەی خوێنباییە، بەڵام لە ماڵی بکوژەکەدا واجب نابێ بەڵکو لەسەر کەسوکارەکەی دەبێ.

بەڵام ئەگەر دەرکەوت سەرخۆشیەکە بەتەواوی نەبووە و هۆش و فامی لەدەست نەداوە، ئەوا بە نۆخێکی سووکێن دادەنرێ، بەڵام لە بەرپرسیارێتیی جینائی و سزای سووککراو نابەخشێ، ئەوەیش بۆ مەزەندەی قازیی بابەتەکە بەجێ دەهێڵرێ بە راوێژکردن لەگەڵ کەسانی پسپۆڕ. هەموو ئەمانە بۆ بارێکن کە هەموو مەرجەکانی زۆرلێکردن لەئارادا هەبووبن و تاوانەکە لە حاڵەتی مەستیدا ئەنجام درابێ.

سەرچاوەی بەرپرسیارنەبوونی تەواوەتی یان بەشەکیی زۆرلێکراو ئەو فەرموودە پیرۆزەیە کە دەڵێ: رفع عن أمتي الخطأ والنسيان وما استكرهوا عليه). واتە ئەو کەسەی لەژێر فشاری زۆرلێکردنێکی نامەشروعدا تاوانێك ئەنجام بدات لەڕووی جینائیەوە لێی ناگیرێ نە لە دنیا و نە لە ئاخیرەتدا، لەبەرئەوەی لەکاتی ئەنجامدانیدا خاوەن ئیرادەی ئازاد و بژاردن نەبووە.

حاڵەتی زەرورەت:

ئەوەی لەژێر کاریگەریی هێزێکی بێئامان (قوة قاهرة)دا مەستیبەخش بەکار بێنێ، واتە لە حاڵەتێکی زەروریی نائیرادیدا کە ئەو کەسە ناچار بکات مەستیبەخشەکە بەکار بێنێ وەك ئەوەی تینوو یان برسی بێ، بەشێوەیەك ژیانی لە مەترسیدا بێت و رزگارکردنی لەسەر بەکارهێنانی ئەو مادەیە وەستابێ بۆ شکاندنی تینوێتی یان برسێتییەکەی، هەروەها ئەگەر تیکەیەك لە قوڕگی کەسێکدا گیرا و شتێکیتر بەردەست نەبوو بۆ قووتدانی جگە لە مەستیبەخشێك، وەك ئەوەی هیچ شلەیەکیتری وەك ئاو بەردەست نەبێ، ئەگەر بەم مەستبوونە ناچارییە نارێکیەك لە ئەقڵیدا رووی دا، جا لە ئەگەر نارێکیەکە بەتەواوی تێکی دا و بەسەرخۆشی تاوانێکی کرد لەڕووی جینائیەوە لێی ناپرسرێتەوە، ئەگەر بەجوزئیش تێکی دا دەبێتە عوزرێك بۆ سووککردنی سزاکە بەرەچاوکردنی ئەم مەرجانەی خوارەوە:

أ- بەکارهێنانی مەستیبەخشەکە لەژێر فشاری زەرورەتدا بێ.

ب- بەکارهێنانی مەستیبەخشەکە بەئەندازەی زەرورەت بێ لەبەرئەوەی زەرورەتەکانیش بە ئەندازەی خۆیان مەزەندە دەکرێن.

ج- تاوانەکە لەکاتی سەرخۆشیدا ئەنجام بدرێ، نە پاش بەهۆشهاتنەوە و نە پێش سەرخۆشبوون.

د- بەدیلێکیتر نەبێ بۆ نەهێشتنی زەرورەتەکە.

سەرچاوەی ئەم عوزرە کە ڕێگرە لە بەرپرسیارێتیی جینائی یان لە سزا، ئەو ئایەتەیە ئەفەرموێ: ﴿فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلاَ عَادٍ فَلا إِثْمَ عَلَيْهِ﴾[1].

نەزانی (الجهل):

ئەوەی مەستیبەخشێکی بەکار هێنابێ و بزانێ مەستیبەخشە بەڵام نەیزانیبێ حەرامە، نەشیتوانیبێ بیزانێ، وەك ئەوەی تازە موسڵمان بووبێ و ماوەیەکی پێویست لە ژینگەیەکی ئیسلامیدا نەژیابێ و باوەڕی ولبووبێ مەستیبەخشەکە ڕێپێدراوە.

شایانی باسە گەورە حەرامەکانی وەك قەتڵ و زینا و دزی و قومار و ناپاکی لە ئەمانەت و خواردنەوەی مەستیبەخشەکان و ستەم و باقیی ئەو رەفتارانەی لەخۆیاندا زیانبەخش و ناشیرینن، حوکمیان لەنێوان سەرجەم ئاینە ئاسمانیەکان و کتێبە پیرۆزەکاندا کە دەسکاری نەکراون جیاواز نیە، لەبەرئەوەی چاوگی ئەو شەریعەتانە یەکە ئەویش وەحییە و دەسەڵاتی یاسادانانیان یەکە ئەویش دەسەڵاتی ئیلاهییە، بۆیە ئەقڵ نایبڕێ ئاوی کانیەك بۆ تاقمێك سوێر و بۆ تاقمێکیتر شیرین وسازگار بێ، یان بەرویومی لقی درەختێك موباح بێ و بەریومی لقێکیتری هەمان درەخت حەرام بێ، لەبەرئەوە بروام نیە مەستیبەخشەکان لە هیچ ئاینێك لە ئاینە راستەکاندا موباح بووبن، لەبەرئەوەی لەخۆیاندا دزێون، دزێویی خودیش بەگۆڕانی کات و شوێن ناگۆڕێ.

سەرچاوەی ئەوەیش کە نەزانی (الجهل) عوزرێکی ڕێگرە لە بەرپرسیارێتیی جینائی، قورئانی پیرۆزە لە زۆر ئایەتدا، لەوانە: ﴿لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْساً إِلاَّ وُسْعَهَا﴾[2]، ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ مُهْلِكَ الْقُرَى حَتَّى يَبْعَثَ فِي أُمِّهَا رَسُولاً يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِنَا﴾[3]، واتە ئەو دەقانە بەخەڵك بگەیەنێ کە حوکمەکانی ڕێپێدان و حەرامکردنیان تێدایە.

ئەم نەرمی و ئاسانکاریەیش لە یاسای وەزعیدا نیە و نەزانینی یاسا بە عوزر دانانرێ جگە لە هەندێ حاڵەتی دیاریکراو کە بە دەقی تایبەت بەیاسا هەڵاوێردراون. حوکمی ئەو تاوانەی سەرخۆشی بێئاگا لە حەرامیی مادە حەرامەکە ئەنجامی داوە، حوکمی تاوانێکە لە حاڵەتی

[1] سورة البقرة:١٧٣.

[2] سورة البقرة:٢٨٦.

[3] سورة القصص:٥٩.

سەرخۆشـیەکەدا ئـەنجام دراوە کـە لـەژێر فشـاری زۆرلێکـردن یـان زەرورەتـدا کـراوە لـەڕووی ئـەو وردەکاریـیەوە کە باس کرا.

هەڵە:

مەبەسـت لـە هەڵـە وێنـاکردنی شـتێکە جیـاواز لـە حەقیقەتەکـەی. ئەگـەر کەسـێك مادەیـەکی مەستیبەخشی بەکارهێنا و نەیدەزانی مەستیبەخش یان هۆشبەرە، لەم حاڵەتـە لـەڕووی جینائیـەوە بەرپرسـیار نـابێ، وەك لـەو حاڵەتانـەی لـە برگـەکانی رابـردوودا بـاس کـران، سەرچـاوەی بەرپرسیارنەبوونیشی لەڕووی جینائیەوە هەمان سەرچاوەیە لـە حاڵـەتی سەرخۆشـی لـەژێر فشـاری زۆرلێکردندا، ئەویش ئەوەیە پێغەمبەر(د.خ) فەرمویەتی: (رفع عن أمتي الخطأ والنسيان وما استكرهوا عليه)، ئەمە جگە لەوەی خوا ئەفەرموێ: ﴿وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَا أَخْطَأْتُم بِهِ وَلَكِن مَّا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ﴾[1].

هـەر عـوزرێکیتر کـە شـەرع بـە رێگەیـەکی موبـاحی دابنـێ بـۆ بـەکارهێنانی مەسـتیبەخش و هۆشبەرەکان.

ئایا بەکارهێنانی مەستیبەخشەکان بۆ چارەسەری نەخۆشی بە عوزرێکی شەرعی دادەنرێ؟

ئەگەر نـەخۆش لەسـەر رێنـوێنی و ئامۆژگـاریی پزیشـکی پسـپۆڕ مادەیـەکی مەسـتیبەخش یـان هۆشبەری بەمەبەسـتی چارەسـەر بـەکارهێنا، بـەڵام هاوکـات بـاوەڕی بـە حـەرامیی مەسـتیبەخش و هۆشبەرەکان هەبوو، بەشێوەیەك ترسـی خـوای لـەدڵا بـێ و لـە حاڵـەتی ئاسـاییدا بـەکاری نـەهێنێ، هەروەها بەدیل یان دەرمانێکیتر نەبوو جگە لە مەستیبەخش یـان هۆشـبەرەکە لـە جۆرێکی تایبـەت، ئایا ئەمە بە عوزرێکی شەرعی دادەنرێ و بەوەیش دەبێتە رێگر لە بەرپرسیارێتیی جینائی؟

وەڵامـی ئـەم پرسـیارە ئەوەیـە لـەم سـەردەمە پێشـکەوتووەی پزیشـکیی نوێـدا، دەگمەنـە نەخۆشیەك لە ئایندەی نزیك یان دووردا بدۆزرێنـەوە، هـیچ چارەسـەرێکی نـەبێ جگـە لـە بـەکارهێنانی مەستیبەخش و هۆشبەرەکان، سەرباری ئەمـەیش ئەگـەر ئـەو گریمانەیـە راسـت دەرچـوو و کەسـێك هەبوو نەخۆشیەکی تووش هات کە هیچ چارەسەری نەبوو جگـە لـە مەسـتیبەخش یـان هۆشـبەرێك ئەو حاڵەتە ئەم فەرمایشتەی خوا دەیگرێتەوە کە ئەفەرموێ ﴿فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلاَ عَادٍ فَلا إِثْمَ

[1] سورة الاحزاب:٥.

عَلَيْهِ﴾[1] . واتـه لـەو بـارەدا حوکمەکـەی رێپێدان دەبـێ بـەڵام تـەنیا لـه سـنووری زەرورەتـدا، بـەڵام گشتیبوونی ئەم ئایەتە بە حەدیسی پێغەمبەر(د.خ) تایبـەت (تەخسـیس) کـراوە کـە سەرخۆشـی لـێ دەرکـراوە، ئـەوەتا لـە سـەحیحی موسـلیمدا[2] هـاتووە، کـە تـاریق بـن سـوەید ئەلجـەعفی لـەبارەی ئارەقەوە پرسیاری لە پێغەمبەر کرد، ئەویش نەهی لێکرد یان پێی ناخۆش بوو دروستی بکـا، جـەعفی گوتی: ئەوەی دروستی دەکەم بۆ دەرمانە، ئەویش فەرمووی: (إِنَّهُ لَيْسَ بِدَوَاءٍ وَلَكِنَّـهُ دَاءٌ) (واتـە: ئـەوە دەرمان نیە بەڵکو دەردە). لە روانگەی ئەم حەدیسە سەحیحەوە ئەوەی لەسـەر پێشـنیاری پزیشـکی پسپۆڕ مەستیبەخش و هۆشبەری وەك چارەسەر بۆ نەخۆشیەکەی بەکارهێنا، ئەگەر سـەرخۆش بـوو و پاشان لە سەرخۆشیەکەیدا تاوانێکی ئـەنجام دا ئـەو سەرخۆشـییە بـە عـوزرێکی شـەرعی دانـانرێ، بەوەیش نابێتە رێگر لە بەرپرسیارێتیی جینائی.

دووەم: ئەگەر بەکارهێنانی مەستیبەخشەکە بە شێوەیەکی رێپێنەدراو بوو:

هەر رێگەیەك ببێتە هـۆی سەرخۆشـی و لـە شـەریعەتی ئیسـلامیدا قەدەغـە بـێ، سـەرخۆش لـە بەرپرسیارێتیی ئەو کارە نارەوایانەی لەکاتی مەستیەکەیدا دەیانکا نابەخشێ، وەك ئەوەی لـە حاڵـەتی بەهۆشیدا ئەنجامی دابن، لەبەرئەوە لە پێویستیی بوونی هـەردوو مـەرجی ئیـدراك و هۆشـی تـەواو بـۆ لێپرسینەوەی لـەرووی جینائیـەوە هـەڵاوێر دەکرێ. کۆدەنگی فیقوانـانی شـەریعەتی ئیسـلامی لـە سەرەتای ئیسلامەوە تا ئەمڕۆ لەسەر ئەمە جێگیر بووە، جگە لە زاهیری و هەندێ بۆچـوونی شـاز لـە مەزهەبەکانیتردا، ئەویش لەبەر ئەم هۆیانە:

١- **سەرخۆش لە باری سەرخۆشیدا** کە بەربەستێکە لە بەربەستەکانی شیانی بەدەستهاتوو **بە موکەلەفی دەمێنێتەوە**، لەبەرئەوەی خوا داوای لێکردوە لەکاتی سەرخۆشیدا نزیکی نوێـژ نەکەوێتـەوە و ئەفەرمویێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَقْرَبُواْ الصَّلاَةَ وَأَنتُمْ سُكَارَى حَتَّـىَ تَعْلَمُـواْ مَـا تَقُولُـونَ﴾[3]. زانایـانی ئوسولێ ئەم ئایەتەیان کردۆتە بەڵگە لەسەر ئەوەی سەرخۆشـبوون بـە رێگـەی قەدەغـە رێگـر نیـە لـە ئاراستەکردنی گوتار و بەهیچ شێوەیەك ئەهلیەت ناسڕێتەوە، هەر بۆیە هەموو حوکمـەکان دەیگرنـەوە و هەموو دەربڕینەکانی راست حسێبن، هێندە هەیـە ئەگـەر سەرخۆشـیەکە بەتـەواوی بـوو بەهۆیـەوە

[1] سورة البقرة:١٧٣.
[2] ١٥٧٣/٣.
[3] سورة النساء:٤٣.

مەبەست (قصد) نامێنێ، بەڵام گریمانەی بوونی (مەبەست) دەکرێ لەو ڕووەوە کە ئەو مەبەستە لەکاتی بەکارهێنانی مەستیبەخشەکەدا هەبووە، تەنیا هەڵگەڕانەوە لە دین لەوە هەڵاوێر کراوە، کە وەك پێشتر باسمان کرد بەهەند وەرناگیرێ، لەبەرئەوەی پەیوەندی بە بیروباوەڕەوە هەیە.

نیشانەی ئاماژەکردنی ئایەتەکە بە مانی ئەهلیەتی تەکلیف لە حاڵەتی سەرخۆشیدا ئەوەیە خوا ئەفەرموێ: ﴿لاَ تَقْرَبُواْ الصَّلاَةَ﴾ کە گوتارێکە پەیوەندی بە حاڵەتی سەرخۆشیەوە هەیە و ئەم رستەیە ﴿وَأَنتُمْ سُكَارَى﴾ قەید نیە بۆ گوتاری ﴿لاَ تَقْرَبُواْ﴾ تا بخوازێ گوتارەکە بۆ باری سەرخۆشیان دەبێ، بەڵکو قەیدە بۆ ئەوەی گوتاری قەدەغەکردنی پێوە بەستراوە وەك ئەوەی بوترێ کاتێ بەهۆشیت نوێژ بکە و کاتێ سەرخۆشیت نوێژ مەکە و قەید نیە بۆ فەرمان و نەهیکردنەکە، بەڵکو قەیدە بۆ فەرمانپێکراو و نەهیکراو، واتە دوای نوێژێکت لێ دەکەم کە بێداری لەگەڵ بێ و خۆ دوور بگرە لە نوێژکردن بەدەم مەستیەوە، ماناکە ئەوەیە ئەوان لەبێدارییاندا پێیان گوتراوە کە لە باری سەرخۆشیدا نزیکی نوێژ نەبنەوە، ئەوەیش ئەوە دەخوازێ کە ئەوان دوێنراوی موکەلەف بن بەوە لە باری سەرخۆشیدا، بۆیە سەرخۆشی نابێتە رێگر لەوەی گوتارەکە پەیوەندی هەبێ[1].

٢- سەرخۆشی فاکتەرێکی هاندەرە بۆ ئەنجامدانی تاوان: قەرافی[2] لەژێر ناونیشانی (الفرق الاربعون بين قاعدة المسكرات وقاعدة المرقدات وقاعدة المفسدات)دا دەڵێ جیاوازیی نێوانیان ئەوەیە ئەوەی لەمە بەکاریێنێ، یان ئەوەتا هەستەکانی بەهۆیەوە نامێنن یان نا، ئەگەر هەستەکانی پێوە نەمان وەك بینین و بیستن و بەرکەوتن و بۆنکردن و تامکردن، ئەوا مورقیدە. ئەگەر هەستەکانی پێ لەناو نەچوون، ئەوا یان ئەوەتا شاگەشکەیی و خۆشی و هێزێکی دەروونی لای زۆربەی بەکارهێنەرانی دروست دەکا یان نایکا، ئەگەر ئەوە رووی دا ئەوا مەستیبەخشە ئەگینا موفسیدە.

مەستیبەخش ئەوەیە ئەقڵ ناهێڵێ و هاوکات شاگەشکەیی و خۆشیەکی لەگەڵدایە وەك مەی و سرکەی گەنمەشامی (المزر)، ، کە لە گەنم و (التبع) دروست دەکرێ، لە هەنگوین و شەکر دروست دەکرێ، لە گەنمەشامی دروست دەکرێ. موفسید ئەوەیە ئەقڵ دەشێوێنێ و بەزۆری ئەو خۆشییە زاڵەی لەگەڵ نیە وەك بەنج، مەستیبەخش ئازایەتی و دڵخۆشی و هێزی دەروون و حەزکردن لە لێدان

---

[1] التلويح على التوضيح:٣/٢٠٦.

[2] الفروق للقرافي:١/٢١٧. بەدەستکارییەوە.

و تۆڵەکردنـەوە لـە دوژمـن و کێبرکـێ لـە بەخشـین و رەوشـتی بەخشـندەکان، زیـاد دەکـا. شـاعیر مەبەستی ئەمەیە کە دەڵێ:

ونشربها فتتركنا ملوكاً واسداً ينهنهنا اللقاء[1]

واقیعی بینرلو پشتگیریی قسەکەی قەرلفی دەکـا، بینرلوەکـانیش لـەو شـتە بەلگەنەویسـتانەن کـە مشتومڕ هەڵناگرن.

حسابکردنی حاڵەتی سەرخۆشبوونی وەك حاڵەتی بێداریەکەی وەك جـۆرە سـزادان (زجر)ێك، وتە وا دادەنرێ دەرك بە ماهیەت و ئەنجامی رەفتارەکانی دەکات و هەرچی لە بـاری مەسـتیدا دەیکـا بەویسـتەوە دەیانکـا، ئـەویش بـە حسـابکردنی بـاری مەسـتیەکەی لـەکاتی بـەکارهێنانی مەستیبەخشـەکەدا وەك بـاری بێداریەکـەی مـادام لـەکاتی بـەکارهێنانی مەستیبەخشـەکەدا بـزان و بەویست و بەفام و ژیری تەولو بووە. وەك سزادان وا دادەنرێ لەکاتی ئەنجامدانی تاولنەکەیشـدا وابـووە و حوکمی بوونەهۆ دەدرێتـە ئەنجامدانەکـەی. تـەفتازانی[2] دەڵـێ (مـرۆڤ بەسەرخۆشـی تـەنیا تولنـای تێگەیشتنی گوتاری نامێنێ بەهۆیەك کە سەرپێچییە، بۆیـە وەك سـزادانێك بـۆی حـوکمی بـوونی پـێ دەدرێ و تەکلیفەکە سـەبارەت بـە گوناهبـاربوون و پێویسـتی دادگـەییکردن دەمـێنێ، بەپێچـەوانەی ئەوەی کە بەهۆی بەڵایەکی ئاسمانیەوە بێ وەك خەوتن، کە بۆ نەهێشتنی حەرەج دەکرێ بـە عـوزر حسێب بکرێ).

پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خەڵك و گیان و ناموس و ماڵیان

بەرژەوەندیی پاراستنی مافەکانی کەسانی بێتـاوان وا دەخـوازێ لـە رووی جینـائی و مەدەنییـەوە لێپرسینەوە لەگەڵ سەرخۆش بکرێ لە هەر کردەوەیـەکی قەدەغـەکراو کـە لـە حاڵـەتی سەرخۆشـیدا ئـەنجامی دەدا، چـونکە ئەگـەر سەرخۆشـی بـەرەهایی بـە رێگـر لـە بەرپرسـیارێتی دابنـرێ جـا چ خواردنەوەکە بە شێوەیەکی رێپێدراو بێ یـان قەدەغـە، ئـەوا ئـەنجامی خـراپ و مەترسـیداری لەسـەر ژیان و نـاموس و مـاڵی بێتاوانـان دەبـێ، بـەوەی هـەر کـەس ویسـتی تاوانێـك ئـەنجام بـدات دەچـێ مەستیبەخشێك دەخواتەوە تا سەرخۆش ببـێ و لـە حاڵـەتی سەرخۆشـیدا تاوانەکـەی ئـەنجام دەدا،

---

[1] نهنهه عن الشيء فتنهنهة: واتە رێگری کرد لێی و بەکردار و گوفتار رووشکێنی کرد، ئەویش وازی هێنا.

[2] سعد الدین التفتازانی -التلویح:٣/٢٠٦.

ئـەوەیش دەکاتـە بیـانوو بـۆ لێنەپرسـینەوەی لـە رووی جینائییـەوە و رزگـاربوون لـەو سـزایەی بـۆ تاوانەکەی دانراوە لەو رووەوە کە سەرخۆشی رێگرە لە بەرپرسیارێتی جینائی.

رێسای گشتی لە شەریعەتی ئیسلامی یاسا ومزعییەکاندا

نابێ تاوانبار سوود لە تاوانەکەی ببینێ، بەکارهێنانی مەستیبەخشەکانیش لە تاوانـەکانی حـدودە کە وەك لە خستنەڕووی ئایەتەکانی حەرامکردنیاندا باسمان کرد، بەدەقی قورئان جـێگیر کـراوە. خـۆ ئەگەر سەرخۆشی بەرەهایی بە رێگر دابنرێ لە بەرپرسیارێتی جینائی، سەرخۆشـی تاوانکـار سـوودی لە تاوانەکەی دەبینی، ئەوەیش پێچەوانەی ئەو رێسایانەیە کۆدەنگییان لەسەرە.

پیادەکردنە ئوسولی و فیقهییەکان:

بۆ زیادە سوود و روونکردنەوە لێرەدا هەندێ نموونە لەبارەی پیادەکردنـە ئوسـولی و فیقهییـەکان کە رێکەوتنیان لەسەرە —جگە لە فیقهی زاهیری— بخەمە روو لەبارەی ئەوەی سـەرخۆشـی رێگـر نیـە لە بە رپرسیارێتی جینائی ئەگەر بـەکارهێنانی مەستیبەخشـەکە بـە شـێوەیەکی رێپێنـەدراو بـوو، بـەم شێوەیەی خوارەوە:

مەزهەبی حەنەفی:

زانایانی ئوسولیی حەنەفی لە ئوسولدا قسەیان لەبارەی سەرخۆشـی کـردوە بـە شـیکردنەوەیەکی زانستیانەی وردتر لەوەی فیقولانانی مەزهەبەکە لە فروعدا قسەیان کردوە:

لە (التوضیح شرح التنقیح)[1] دا هاتووە یەکێك لە بەریەستەکانی ئەهلیـەت سەرخۆشـییە، ئـەوەیش یان بە رێگەیەکی قەدەغەیە، کە پێچەوانەی گوتاری خوا نیە، چـونکە ئەفـەرموێ: ﴿لَا تَقْرَبُوا الصَّلَاةَ وَأَنْتُمْ سُكَارَىٰ﴾[2].

لە (کشف الاسرار)[3] دا هـاتووە: (ئەگـەر گـوترا سەرخۆشـی هاوشـێوەی خـەوتن و لەهۆشچـوون تواناى بەکارهێنانی ئەقل و تێگەیشتنی کەسەکە لە گوتار ناهێڵێ، بۆیە پێویسـتە هاوشـێوەی خـەوتوو

---

[1] للعلامة صدر الشريعة (عبيد الله بن مسعود) مع التلويح للأمام سعد الدين التفتازاني وحاشية الفنري وحاشية ملا خسرو وحاشية عبد الحكيم ط/١٣٢٢هـ:٢٠٤/٣.

[2] سورة النساء:٤٣.

[3] للعلامة عبد العزيز البخاري على اصول البزدوي:٤١٤٧٤.

و لەهۆشچوو گوتاری لەسەر هەڵبگیرێ یان نوا بخرێ، هەروەها ئەوەی لەسەر دروستیی دەربڕین بینا دەکرێ بۆ ئەو بە دروست حسێب نەکرێ)، دەڵێن (گوتار لە حاڵەتی هاوسەنگیی حاڵ و بەرپابوونی هۆ دیارەکە کە باڵقبوونە لە جێگەیدا بەمەبەستی ئاسانکردنی، ئەویش لەبەر مەحاڵیی زانینی حەقیقەتەکەی، بە سەرخۆشیش ئەم مانایە نافەوتێ، پاشان ئەگەر بەهۆی بەلایەکی ئاسمانی توانای تێگەیشتنی لە گوتار لەدەست دا بۆ ئەوە دەشێ ئاراستەکردنی گوتاری لەسەر هەڵبگیرێ یان نوا بخرێ تا نەبێتە مایەی دواڵێکردنی شتێك لە توانا بەدەر و مایەی حەرەج بێ، بەڵام ئەگەر لەلایەن بەندەوە و بەهۆیەکەوە کە سەرپێچییە ئەو توانایە فەوتا، وەك سزادان بە هەبوو بۆی حسێب دەکرێ، بۆیە گوتارەکە لەبەر گوناهبارییەکەی بەئاراستەکراوی لەسەری ماوەتەوە). پاشان درێژەی دەداتێ و دەڵێ (ئەگەر دەرکەوت سەرخۆش گوتاری ئاراستە دەکرێ، ئەوا دەردەکەوێ کە سەرخۆشی هیچ لە ئەهلیەت ناسڕێتەوە لەبەرئەوەی ئەهلیەت بە ئەقڵ و باڵقبوونە، سەرخۆشیش ئەقڵ لەناو نابات، هەربۆیە هەموو حوکمەکانی شەرع دەیگرێتەوە).

فیقهی حەنبەلی[1]:

فیقولئانی حەنبەلی لەگەڵ جمهور ناکۆکییان نیە لەوەی سەرخۆشی بە ڕێگر لە بەرپرسیارێتیی جینائی دانانرێ ئەگەر هاتوو خواردنەوەکەی بەڕێگەیەکی نامەشروع بوو.

لە (المغني)[2]دا هاتووە: (قیساس لەسەر سەرخۆش واجبە ئەگەر لەکاتی سەرخۆشیدا قەتڵێکی کرد، لەبەرئەوەی هاوەڵان (الصحابە) سەرخۆشیەکەیان وەك قەزفکردنی حسێب کردوە و حەددی قەزفیان لەسەر واجب کردوە، ئەگەر قەزفکردنی حەدی لەسەر واجب نەکردایە بە گومانی حەد واجب نەدەبوو، ئەگەر حەد واجب بوو ئەو قیساسەی لێی دەکەوێتە مافێکی پەتیی ئادەمیزادەکانە، هەروەها لەبەرئەوەی حوکمە و ئەگەر قیساس و حەد واجب نەکرایە دەبووە مایەی ئەوەی هەرکەس بیەوێ سەرپێچیی خوای گەورە بکا دەچوو شتێکی خۆی سەرخۆش دەکرد، پاشان دەچوو قەتڵ و زینا و دزی دەکرد و هیچ سزا یان گوناهێکی لەسەر نەبوو و یاخیبوونەکەی دەبووە هۆیەك بۆ

---

[1] لەم خستنەڕوومدا لەبەر هەندێ هۆی پەیوەندار بە بابەتەکە بەگوێرەی زنجیرەی مێژوویی مەزهەبە فیقهیەکان نەچووم.
[2] لأبن قدامة أبي محمد بن عبد الله بن احمد بن قدامة، ت٦٢٠هـ مكتبة الجمهورية العربية، القاهرة:٦٦٥/٧.

لەکۆڵکردنــەوەی ســزای دنیــا و ئــاخیرەت، ئەمــەیش بــە هــیچ شــێوەیەك نــاگونجێ. تــەڵاق لەمــە جیابووەتەوە لەبەرئەوەی قسەیەکە دەکرێ هەڵبوەشێنرێتەوە، بەپێچەوانەی کوشتن.

قسەکەی ئیبن قودامە ئەم تێبینیانەی لەسەرە:

أ– گوتنی ئەوەی سزای سەرخۆشی بە قیاس جێگیر کراوە لەگەڵ بنەمای شەرعیەتدا کە دەڵێ {لا جريمة ولا عقوبة إلا بنص} لێك دەدا کە شەریعەتی ئیسلامی سەدان ساڵ بەر لە یاسا پەسەندی کردوە، وەك لە زۆر ئایەتی قورئانی پیرۆزدا هاتووە.

ڕاستیەکەی ئەوەیە سزای سەرخۆشی بە لێدانی چل شەلاق (جەڵد) سزایەکی حەددییە و بە سوننەتی پێغەمبەر(د.خ) جێگیر بووە، خەلیفە ڕاشیدەکانیش وەك سزایەکی تەعزیری چلیتریان بۆ زیاد کردوە کاتێ بینیویانە سزا حەددیەکە بەتەنیا بەس نیە بۆ چاوترساندن.

ب– قیساسی بە مافێکی تایبەت و سافی ئادەمیزاد داناوە لەکاتێکدا ئەوە مافێکی هاوبەشە لەنێوان خوا (مافی گشتی) و بەندە (مافی تایبەت)دا، لەبەرئەوەی کوشتن دەستدرێژییە بۆ سەر دوو ماف هێندە هەیە مافی خاوەن خوێنەکە لە قیساسدا زاڵترە، لەبەرئەوە لە حوکمدانیدا دراوەتە پاڵ مافی سافی ئادەمی و تا ڕای ئەو وەرنەگیرێ جێبەجێ ناکرێ، ئەویش بەگوێرەی زاهیری ئایەتی ﴿وَمَن قُتِلَ مَظْلُوماً فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِ سُلْطَاناً﴾..

ج– ئیبن قودامە سزای قەزف (بوهتانکردن بە زینا)ی بە مافی سافی خوا داناوە، لەکاتێکدا مافێکی هاوبەشە لەنێوان قەزفکراو و خوادا، لەبەرئەوەی سەرپێچیی فەرمانی خوای کردوە لە حەرامکردنی قەزفدا، بەڵام بەلای جمهورەوە مافی خوا لەوەدا زاڵترە، لەبەرئەوە لە حوکمدانیدا دراوەتە پاڵ خوا.

د– حەنبەلیەکان دوو ڕایان هەیە، یەکێکیان ئەوەیە تەڵاقدانی سەرخۆش دەکەوێ وەك هەندێ فیقوناسیتر ئەوەیان گوتوە کە وەك سزا و زەجرێك لەسەر سەرخۆشبوونی بەڕێگەیەکی نامەشروع، بەڵام ڕای زاڵ و نزیك لە دادپەروەری و لە ڕۆحی شەریعەتی ئیسلامی نەکەوتنی تەڵاقی سەرخۆشە لەکاتی سەرخۆشیەکەیدا ئەگەر هاتوو ئیدراك و هۆشی تەواوی نەبوو، ئەویش لەبەر مەترسیی ئەو بڕیارە لەسەر خێزان، چونکە ڕێسای گشتی لە شەریعەتی ئیسلامی و یاسادا ئەوەیە تاوانکار دوو جار لەسەر تاوانێك سزا نادرێ، سزای سەرخۆشی بە هەشتا جەڵد دیاری کراوە و جارێکیتر سزا نادرێ

بەوەی تەلاقەکەی بەکەوتوو دابنرێ لە بارێکدا توانای جیاکردنەوەی چاك و خراپی لەدەست داوە، پاشان سزا لە شەریعەت و یاسادا شەخسییە، خوا ئەفەرموێ: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾[1]، بۆیە نابێ سزاکە پەل بۆ کەسانیتری بێتاوان جگە لە تاوانکارەکە بهاوێ، لەکاتێکدا سزای حوکمدان بەکەوتنی تەلاق دەکەوێتە سەر ژنە بێتاوانەکەیش، ئەو گوناهی چییە کە تۆباڵی ئەنجامە نەرێنیەکانی ئەو تەلاقە زۆر زیاتر لە مێردەکە بگرێتە ئەستۆ، ئەی گوناهی منداڵە بەستەزمانەکان چییە کە قوربانیی یەکەمی جیابوونەوەی باوك و دایکن، لەبەرئەمەیە یاساکانی باری کەسایەتی لە وڵاتانی عەرەبی وئیسلامی کاریان بە رای هەندێ لە فیقوانانی شەریعەت کردوە و کۆکن لەسەر نەکەوتنی تەلاقی سەرخۆش مادام هۆشی بەتەواوی لەدەست دابێ، ئەم ئاراستەیە رێگای راستە و لە بەرژەوەندیی خێزانە و لەگەڵ رۆحی شەریعەتی ئیسلامیدا دەگونجێ.

فیقهی شافیعی:

فیقوانانی شافیعیش ناکۆك نەبوون لەوەی سەرخۆشی بە رێگر لە بەرپرسیارێتیی جینائی دانانرێ ئەگەر هاتوو خواردنەوەکەی بەرێگەیەکی نامەشروع بوو، بەڵکو چوارچێوەی ئەم بابەتەیان فراوان کردوە بەشێوەیەك نامەستیەخشە حەرامەکانیش بگرێتەوە. باجوری[2] -کە لە فیقوانانی شافیعیە- دەڵێ: (پێویستە قیساس لەسەر کەسێك جێبەجێ بکرێ کە بەخواردنەوەی مەستیەخشێك ئەقڵی لەدەست داوە و لە خواردنەوەیەدا دەستدرێژی کردوە، ولەبەرئەوەی وەك توندبوون لەگەڵی مامەڵەی موکەلەفی لەگەڵ دەکرێ ئەگەرچی خۆی لەڕاستیدا موکەلەف نیە، ئەویش تا خەڵك نەیکەنە بیانوویەك بۆ وازهێنان لە قیساس، چونکە ئەگەر وابێ ئەوەی بیەوێ کەسێك بکوژێ خۆی سەرخۆش دەکا تا تۆڵەی لێ نەکرێتەوە. ئەوەی بە سەرخۆشی دەستدرێژی کردوە وەك هەڵاوێراو لە مەرجی ئەقڵ خراوەتە ریز ئەو کەسەی بەبەکارهێنانی دەرمانێکی ئەقڵبەر دەرتسدرێژیەك دەکا).

---

[1] سورة الانعام:١٦٤.

[2] حاشية الباجوري للعلامة الشيخ ابراهيم الباجوري على شرح ابن القاسم الغزي على متن الغاية والتقريب لأبي شجاع احمد بن الحسين بن احمد الاصفهاني الشافعي:٢/٢٠٥.

فیقهی شیعەی ئیمامی:

ولدیارە سێ بۆچوون لەم فیقهەدا هەن:

یەکەمیان– لەگەڵ جمهور کۆکە لەوەی سەرخۆشی بە ڕێگر دانانرێ لە بەرپرسیارێتیی جینائی ئەگەر هاتوو خواردنەوەکەی بەڕێگەیەکی ڕێپێنەدراو بوو.

ڕای دووەم– دوو بەشە یەکێکیان لەگەڵ زاهیری هاوڕایە لە لێنەپرسینەوەی لەبەر نەبوونی ئیدراك و ئیرادەی ئازاد لە کاتی سەرخۆشیدا. ئەلحیللی[1] دەڵێ: (ئایا قەوەد –واتە قیساس– لەسەر سەرخۆش جێبەجێ دەبێ... ؟)، ئیشکالی تێدایە لەبەرحسابکردنی وەك ئاقڵ لە حوکمەکاندا، ئیشکالبوونەکەی لەوەدایە شەرعدانەر عوزری نەداوەتە سەرخۆش لە کردەوەکانیدا بەڵکو حسابی بێداری بۆ کردوە، لەو ڕووەیشەوە بەئەنقەستکردن بە نیەتی قەسدی کوشتن و هۆکە دادەنرێ، بەلای منەوە جێبەجێکردنی سزا لەسەری بەهێزترە، لەبەرئەوەی شەرعدانەر عوزری نەداوەتە سەرخۆش).

یەکەمیان تەماشای نەبوونی نیەت –قەسدی جینائی– دەکا، بەڵام دووەم تەماشای ئەوە دەکا کە گریمانە دەکرێ ئەو مەبەستە لە ئەنجامدانی تاوانەکە لەکاتی سەرخۆشیدا هەبووبێ، لەبەرئەوەی لە بەکارهێنانی مەستیبەخشەکەدا هەبووە، هەربۆیە شەرعدانەر حسابی بێداری بۆ کردوە.

ڕای سێیەم: وردکردنەوەیە وەك لە (تکملة المنهاج)[2]ی ئیمام ئەلخوئیدا هاتووە: (ئەگەر بکوژەکە سەرخۆش بوو قیساسی لەسەرە یان نا؟ دوو بۆچوون هەیە یەکەمیان بەناوبانگە و کۆمەڵێکیش ڕای دووەمیان هەیە، بەڵام دوور نیە بوترێ ئەوەی مەستیبەخش بخواتەوە ئەگەر دەیزانی ئەوە بەجۆرێك سەردەکێشێ بۆ کوشتن و خواردنەوەکەی لەو سەروەختەدا بوو، ئەوا قیساسی لەسەرە، ئەم حوکمە بۆ ڕێساکە زیاد کراوە، چونکە سەرخۆش ئەگەر بەر لە سەرخۆشیەکەی دەیزانی خواردنەوەی مەستیبەخشەکە لە سەرووبەندی کوشتنەکەدایە و بەجۆرێکە دەبێتە مایەی کوشتن، ئەوا بەخواردنەوەکەی مەبەستی کوشتنی هەبووە، لەبەرئەوە کوشتنەکە بەسەرخۆشی بەکوشتنی بەئەنقەست دادەنرێ، بەڵام ئەگەر وانەبوو و کوشتنەکە بە ڕێکەوت بوو ئەحکامی کوشتنی بەئەنقەستی بەسەردا ناچەسپێ، بەڵکو خوێنبایی دەکەوێتە سەر).

---

[1] الشيخ ابو طالب محمد بن الحسن بن يوسف المطهر الحلي–ايضاح الفوائد في شرح اشكالات القواعد. المطبعة العلمية:٤/٦٠٠.

[2] ٢/٨٠.

ئەم وورنکردنەوەیەی لە ئیمامی خوئی بەلگەیە لەسەر ئەوەی سەرخۆش حوکمی شێتی هەیە ئەگەر لەکاتی خواردنەوەی مەستیبەخشەکەدا پێشبینی ئەوەی نەدەکرد لەکاتی سەرخۆشیەکەیدا تاوانێك ئەنجام بدات، ئەوەیش دەبێتە رێگرێك لەبەردەم لێپرینەوەی لەرووی جینائیەوە و سزادانی و تاوانەکە بە هەڵە دادەنرێ، ئەگەر تاوانەکە کوشتن بوو تەنیا خوێنبایی واجب دەبێ، بەڵام روونی نەکردۆتەوە ئاخۆ خوێنباییەکە لەماڵی خۆی دەبێ یان ماڵی کەسوکارەکەی.

فیقهی زاهیری:

فیقهی زاهیری لەم بابەتەدا لە ئاراستەی باو لە فیقهی ئیسلامیدا جیاوازە لەوەی سەرخۆشی دەستدرێژکار -ئەوەی بەرێگەیەکی نامەشروع سەرخۆش بووە- بە رێگر لە بەرپرسیارێتیی جینائی و مەدەنی دادەنرێ.

ئیبن حەزم[1] دەڵێ: (لە زۆر شوێندا باسمان کردوە کە سەرخۆش هیچی لێ ناگیرێ جگە لە حەدی خواردنەوەی مەی، بەڵام بەکورتی پوختەی بەلگەکەمان دەخەینە روو، خوا دەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَقْرَبُواْ الصَّلاَةَ وَأَنتُمْ سُكَارَى حَتَّىَ تَعْلَمُواْ مَا تَقُولُونَ﴾[2]، خوا شایەتی دا و ئەویش راستگۆترین شایەتە کە سەرخۆش نازانێ چی دەڵێ، ئەگەر نەیزانی چی دەڵێ کەواتە هیچی لەسەر نیە. هیچ یەك لە پێشەوایان نەبووە پێی وابووبێ ئەگەر کەسێك قسەیەکی کرد کە ماناکەی نەدەزانی و ماناکەی کوفر یان قەزف یان تەڵاق بوو، هیچ لەوانەی لێ ناگیرێ).

ئەم قسەیەی ئیبن حەزم کە بەدامەزرێنەری راستەقینەی مەزهەبی زاهیری دادەنرێ بە چەند سەرنجێك وەڵام دەدرێتەوە، لەوانە:

١- ئاراستەیەکە جیاوازە لەوەی ئوممەتی ئیسلامی لە سەرەتای ئیسلامەوە تا ئەمڕۆ لەسەری کۆکن کە سەرخۆش ئەگەر بەرێگەیەکی رێپێنەدراو خۆی سەرخۆش کرد، لەرووی جینائی و مەدەنیەوە بەرپرسیارە لەوەی لەکاتی سەرخۆشیدا دەیکا.

رایەکی لاوازی مالیکی و ئیمامی هەیە لەگەڵ ئەو رایەی ئیبن حەزمدا کۆکە لەوەی بەرپرسیارێتیی جینائی لێ ناکەوێتەوە، بەڵام کەس لە فیقولنان نەیگوتوە لەرووی مەدەنیشەوە بەرپرسیار نابێ.

---

[1] أبو محمد علي بن احمد بن سعيد بن حزم المحلي:١١/١٩٣.

[2] سورة النساء:٤٣.

٢- ئەم رایەی ئیبن حەزم رەتکراوەیە، بەو بەلگانەی خستنمانە روو لە سەلماندنی ئەوەی سەرخۆشی رێگر نیە لە بەرپرسیارێتیی جینائی و مەدەنی ئەگەر هاتوو کابرای سەرخۆش لە حاڵەتی سەرخۆشیدا تاوانەکەی کردبێ و مەستیبەخشەکەی بەرێگەیەکی رێپێنەدراو بەکار هێنابێ.

٣- ئایەتی ﴿لاَ تَقْرَبُواْ الصَّلاَةَ وَأَنتُمْ سُكَارَى﴾ بەلگەیە لەدژی لەبەرئەوەی پێشتر لە لێکۆڵینەوە ئوسولیەکاندا ئەوەمان روون کردەوە، کە سەرخۆش لەکاتی سەرخۆشیەکەیدا موکەلەفە، بەوەیش بەرپرسیار دەبێ لەو تاوانەی بەسەرخۆشی ئەنجامی دەدات.

٤- زۆربەی ئەو بەلگانەی ئیبن حەزم لە کتێبی (المحلی)دا پشتی پێ بەستوون لە قیاسن وەك لەم ئیدیعایەدا (هیچ یەك لە پێشەوایان نەبووە پێی وانەبووبێ ئەگەر کەسێك قسەیەکی کرد کە ماناکەی نەدەزانی...هتد). بەلای ئەوەوە ئیستیدلال بە قیاس بەتاڵە، ئەوەیش لەسەر بەتاڵ بینا بکرێ بەتاڵە.

٥- سەرخۆش بەهۆی سەرخۆشیی خۆویستانەوە یاخی بووە، یاخیش نابێ سوود لە یاخیبوونەکەی وەربگرێ، یەکێك لە رێسا شەرعی و یاساییەکان کە کۆدەنگییان لەسەرە ئەوەیە نابێ تاوانکار سوود لە تاوانەکەی وەربگرێ.

٦- مەرج نیە هەرکەس مەستیبەخش بەکاربێنێ توانای جیاکردنەوە و هەڵبژاردن و هەڵسەنگاندنی بۆ ئەنجامی رەفتارەکانی لەدەست بدات، لەبەرئەوەی زۆر کەس بەهۆی بەردەوامبوونیان لە خواردنەوە بەرگری دژی سەرخۆشی پەیدا دەکەن، نەشوە دەیانگرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا بەزۆری ئیدراك و تێگەیشتنیان لەدەست نادەن.

٧- ئەگەر کار بە بۆچوونەکەی ئیبن حەزم بکەین گیان و ماڵ و ناموسی خەڵکی بێتاوان دەکەونە بەردەم دەستدرێژیی تاوانباران، چونکە هەرکەس بیەوێ تاوانێك بکا دەچێ دەخواتەوە تا لە سزا رزگاری ببێ، ئەمەیش پێچەوانەی شەرع و ئەقڵی ساغ و لۆژیکە.

لە روانگەی ئەم هۆیانە و هیتریشەوە، ئەو رایەی ئیبن حەزمی زاهیری رەتکراوەیە و دروست نیە کاری پێ بکرێ، لەبەرئەوەی پێچەوانی رۆحی شەریعەت و کۆدەنگیی فیقوانان و دادپەروەری و ئەقڵی ساغ و لۆژیکە.

فیقهی مالیکی:

فیقوانانی مالیکی سەبارەت بە دانان یان دانەنانی سەرخۆشی بە رێگر لە بەرپرسیارێتیی جینائی دوو ئاراستەیان هەیە. رای بەناوبانگ و زاڵ لایان ئەوەیە جمهوری فیقوانانی شەریعەت بۆی چوون و

سەرخۆش بە موكەلەف دادەنێن لەكاتی سەرخۆشییەكەیدا، بەوەیش لە ئەنجامی رەفتارە نامەشروعەكانی بەرپرسیارە ئەگەرچی ئیرادە و تەمیزی نەماوە، ئەوەیش وەك سزادان (زەجر)ێك بۆی، لەبەرئەوەی لەلایەك لەدەستدانی ئیدراك و تەمیزی بە ویستی خۆی بووە، لەلایەكیترەوە لە پەسەندكردنی بەرپرسیاربوونی سەرخۆشدا خەڵك و مافەكانیان لە دەستدرێژیی سەرخۆشان دەپارێزرێ.

لە (المنتقى شرح موطأ الامام مالك بن انس)ی قازی ابي الوليد سليمان بن خلف الباجي[1]دا هاتووە: (هەرچی سەرخۆشە قیساسی لەسەر جێبەجێ دەكرێ و قەسدی بەدروست دادەنرێ، ئەو موكەلەفە با بگاتە ئاستی لەهۆش خۆچوون و قەسدی بەدروست دانەنرێ و نەبیستێ و نەبینێ. قازی ئەبولوەلید –مەبەستی خۆیەتی– دەڵێ بەلای منەوە هیچی لەسەر نیە و وەك ئاژەڵ وایە).

ئەم رایەی ئەلباجی (قازی ئەبولەوەلید) بە سەرجەم ئەو تێبینیانە وەڵام دەدرێتەوە كە لەسەر رای ئیبن حەزمی زاهیری گوتمان، لەولە مەترسیی ئەم بۆچوونە لەسەر مافەكانی خەڵكی بێتاوان و سەرپێچیكردنی بۆ ئیقراری شەرعانەر بەوەی سەرخۆشیی دەستدرێژكار بە عوزر نازمێرێ، ئەمە جگە لەوەیە پێچەوانەی كودەنگیی فیقولنانە جگە لەو را شازانەی باسمان كردن.

فیقهی زەیدی:

فیقولنانی زەیدی لەگەڵ جمهور كۆكن لەوەدا سەرخۆشی رێگر نیە لە بەرپرسیارێتیی جینائی ئەگەر بەكارهێنانی مەستیبەخشەكە بەشێوەیەكی رێپێنەدراو بووبێ و سەرخۆش لەكاتی سەرخۆشییەكەیدا تاوانێكی ئەنجام دا. سەنعانی[2] دەڵێ (هەرچی سەرخۆشە قیساسی لەسەر جێبەجێ دەكرێ و ئەوە لەبەرچاو ناگیرێ كە قیساسكراو لەكاتی قیساسەكەدا موكەلەف بێ وەك لە تاواندا، بەڵكو قیساسەكە جێبەجێ دەكرێ با لەكاتی قیساسەكەدا ئەقڵیشی نەمابێ).

ئەم قسەیە ئەو تێبینییەی لەسەرە كە دژیەكی تێدایە لەوەدا دەڵێ سەرخۆش بەرپرسیارە و لە هەمان كاتیشدا دەڵێ ناموكەلەفە، چونكە ئەوەی رای وایە لەرووی جینائییەوە بەرپرسیارە ئەم قسەیەی لەو روانگەیەوە كردوە كە موكەلەفە و حوكمە تەكلیفیەكان دەیگرنەوە. لە (بحر الزخار)[3]دا

---

[1] ٧١/٧.

[2] الامام احمد بن قاسم اليماني–التاج المذهب لاحكام المذهب:٣٦١/٤.

[3] لمذاهب علماء الامصار للمرتضى (احمد بن يحيى):١٩٢/٥.

هاتووە (ئەگەر لە کاتی سەرخۆشیدا دڵنی بەقیساس لەسەری خۆیدا نا، دڵنیێدانانەکەی وەردەگیرێ و قیساسی لەسەر جێبەجێ دەکرێ).

بەراورد لەنێوان مەزهەبە فیقهیەکان:

بەبەراوردکردنی نێوان مەزهەبە فیقهیەکان رووەکانی کۆکبوون و ناکۆکبوون دەردەکەون بەم شێوەیە:

یەکەم/ رووەکانی کۆکبوون (الاتفاق):

١- ناکۆکی لەنێوان فیقولنانی شەریعەتی ئیسلامیدا نیە -جگە لە ئیبن حەزم و ئەلباجی- لەوەدا سەرخۆشی رێگر نیە لە بەرپرسیارێتیی جینائی ئەگەر بەکارهێنانی مەستیبەخشەکە بەشێوەیەکی رێپێنەدراو بووبێ.

٢- ناکۆکی نیە -جگە لە ئیبن حەزم و ئەلباجی- لەوەدا سەرخۆشی هیچ کاریگەریەکی لە بەرپرسیارێتیی مەدەنی و خوێنباییدا نیە، ئەگەر سەرخۆش ماڵی کەسیتری لەناوبرد پێویستە لە ماڵی خۆی بۆی قەرەبوو بکرێتەوە، ئەگەر بە سەرخۆشی تاوانی کوشتنی ئەنجام دا، خوێنبایی لە ماڵەکەی یان ماڵی کەسوکاری واجب دەبێ بەگوێرەی دیاریکردنی سروشتی کوشتنەکە، کە ئەگەر بەکارهێنانی مەستیبەخشەکە بە رێگەیەکی رێپێدراو (موباح) بێ کە قیساسی تێدا واجب نیە.

٣- ناکۆکی نیە لەوەدا بەکارهێنانی مەستیبەخشەکان خۆی لەخۆیدا تاوانە و قورئانی پیرۆز راشکاوانە کە هیچ بواری مشتومڕ و ئیجتیهادی تێدا نیە، تەجریم کراوە.

٤- ناکۆکی نیە لەوەدا لێپرسینەوەی سەرخۆش لەوەی لەکاتی سەرخۆشیەکەیدا ئەنجامی دەدا هەڵاوێرانە لە مەرجەکانی ئەقڵ و فام و قەسدی جینائی لە لێپرسینەوەی مرۆڤ لەسەر ئەو کارە قەدەغەکراوانەی دەیانکات، حیکمەتی ئەو هەڵاوێرانەیش پاراستنی گیان و ناموس و ماڵی بێتاوانانە بە ترساندن و سڵەماندنەوە لەرێی لێپرسینەوە و سزادانی تاوانکارەوە.

دووەم/ رووەکانی ناکۆکبوون (الاختلاف):

لایەنی کۆبوون لەم بابەتەدا لە لایەنی ناکۆکبوون بەهێزترە، لەو بۆچوونانەی فیقولنانی شەریعەت کە خستنمانە روو دەردەکەوێ جیاوازییان لە کاریگەریی سەرخۆشی لە بەرپرسیارێتیی جینائی لەم روونەی خوارەوەدا کورت دەبێتەوە:

١– قسەی ئیبن حەزمی زاهیری و قازی ئەلباجیی مالیکی کە دەڵێن سەرخۆش لەسەر ئەو کارە نامەشروعانەی بەسەرخۆشی دەیانکا بەهیچ شێوەیەك لێی ناپرسرێتەوە جا چ بەرێگەیەکی موباح بیخواتەوە یان ناموباح، بەبەڵگەی ئەوەی مەرجی ئەقڵ و تەمیز و مەبەستی تێدا نیە و جیاوازی لەنێوان رەفتارەکانی ئەو و ئاژەڵدا نیە.

روونمان کردەوە کە ئەم رایە بەلای تەواوی فیقولنانی شەریعەتی ئیسلامی لە مەزهەبە جیاوازەکاندا رایەکی شاز و رەتکراوەیە و نابێ قازی کاری پێبکا.

٢– مەزهەبی ئیمامی وەك گوتمان سێ ئاراستەیان هەیە:

ئاراستەی یەکەم: لەگەڵ رای جمهوری فیقولنان هاورایە و پێی وایە سەرخۆش لەرووی جینائیەوە پرسوجۆی دەکرێ و بەو سزایەی بۆ تاوانەکەی دانراوە سزا دەدرێ وەك ئەوەی لە بێداریدا کردبێتی، ئەویش لەبەر ئەو بەڵگانەی جمهور پشتیان پێدەبەستن لە حسابنەکردنی سەرخۆشی بە عوزرێك لەلایەن شەرعدانەرەوە و رەچاوکردن و پاراستنی مافەکانی خەڵك.

ئاراستەی دووەم: لێنەپرسینەوەی لەرووی جینائیەوە لەسەر تاوانی بەئەنقەست، لەبەرئەوەی هەموو تاوانێکی بەئەنقەست پێویستە سێ روکنی تێدا بێتەدی (روکنی مادی و روکنی مەعنەوی و روکنی شەرعی)، تاوانەکانی سەرخۆش روکنە مەعنەویەکەی تێدا نیە (واتە قەسدی جینائی)، لەبەرئەوە هەر تاوانێك بەسەرخۆشی ئەنجامی بدا بە هەڵە دادەنرێ، ئەگەر کوشتن بوو خوێنبایی واجب دەبێ، واتە لەرووی مەدەنیەوە لێی دەپرسرێتەوە بەلام لەرووی جینائیەوە لێی ناپرسرێتەوە، هەروەها ئەگەر بەسەرخۆشی ماڵی کەسیتری لەناوبرد دلوای قەرەبووی لێ دەکرێ وەك ئەوەی لە باری بێداریدا کردبێتی.

ئەم ئاراستەیە ئەو تێبینیەی لەسەرە کە دەرگا لەبەردەم تاوانبارانی سەرخۆشدا والا دەکا تا سەرخۆشی بکەنە بیانوویەك بۆ رزگاربوون لە سزای تاوانەکانیان، ئەمەیش لەگەڵ مەعقول و مەنقولدا لێك دەدا.

ئاراستەی سێیەم: وردکردنەوەیە وەك ئیمامی خوئی بۆی چووە، ئەویش ئەوەیە ئەگەر لەکاتی خواردنەوەی مەستیبەخشەکەدا بە قەرینەیەکی حاڵی یان مەقالی پێشبینی تاوانێکی دەکرد، هەرچی بەسەرخۆشی بیکا بەئەنقەست حسێب دەکرێ و پرسوجۆی لەگەڵ دەکرێ وەك چۆن ئەگەر بەبێداری بیکات لەگەڵی دەکرێ.

بەڵام ئەگەر پێشبینی ئەوەی نەدەکرد، ئەوا تەنیا لەسەر تاوانی هەڵە پرسوجۆ دەکرێ لەو رووەوە مەبەستی تاوانکارانە (قەسدی جینائی) تێدا نەبووە.

تێبینی لەسەر ئەم ئاراستەیە ئەوەیە کە لێك جیاکردنەوەی پێشبینیکردنی رووبدانی تاوان لەلایەن سەرخۆشەکەوە لە کاتی سەرخۆشی یان پێشبینینەکردنیدا پێوەرێکی بابەتی نیە بەڵکو پێوەرێکی شەخسییە، بەشێوەیەك ئەم جیاکردنەوەیە لە قازی دەشارێتەوە، لەبەرئەوەی کارێکی دەروونی و شەخسییە و تەنیا خاوەنەکەی پێی دەزانێ، ئەوکاتە ئاستەمە دادگە پێی بزانێ مەگەر قەرینەیەکی حاڵی یان مەقالی هەبێ بەڵگە بێ لەسەری، لەو بارەدا دەرفەت دەدرێتە تاوانکار پاش ئەنجامدانی تاوانەکە و بێداربوونەوەی بانگەشەی ئەوە بکا کە لەکاتی خواردنەوەدا پێشبینی ئەنجامدانی تاوانەکەی نەکردوە، بەوە خۆی لە سزا قوتار دەکا، ئەمەیش بە ئەقڵ و نەقڵ رەتکراوەیە.

شایانی باسە فیقوانانی موسڵمان تەرکیزیان کردۆتە سەر بابەتی قیساسی تایبەت بە تاوانەکانی دەستدرێژیکردن بۆ سەر کەسەکان (تاوانەکانی قیساس و خوێنبایی)، بەڵام مەبەستیان ئەوە نەبووە باقیی تاوانەکانی سەرخۆش ملکەچی هەمان ئەحکام نابن، واتە سەرخۆشی تاوانکار لەسەر تەواوی ئەو تاوانانەی لە کاتی سەرخۆشیدا ئەنجامیان دەدا پرسوجۆ دەکرێ ئەگەر بەشێوەیەکی رێپێنەدراو بەکاری هێنابێ.

هەڵاوێران (الاستثناء):

وەك پێشتر باسمان کرد، فیقوانانی شەریعەت بەکۆی دەنگ تاوانی هەڵگەڕانەوە لە ئاینیان لە رێسای بەرپرسیاریتیی سەرخۆش لەرووی جینائییەوە لە هەر تاوانێك لە کاتی سەرخۆشیی رێپێنەدراودا ئەنجامی دابێ، هەڵاوێر کردوە. ئەگەر سەرخۆش لەکاتی سەرخۆشیدا قسەیەکی کرد کە ئەگەر بەبێداری بیکردایە پێی کافر دەبوو، یان کردەوەیەکی کرد کە بە کوفر و هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام دادەنرێ، پاشان کە بەهۆش هاتەوە تۆبە و پەشیمانی دەربڕی ئەوا بە هەڵگەڕاوە (مورتەد) دانانرێ و حوکمی ریددە نایگرێتەوە، لەبەرئەوەی ئیمان و کوفر دوو بابەتن پەیوەندییان بە قەناعەتی دڵ و باوەڕەوە هەیە و لەو بابەتە مەترسیدارانەن کە تەنیا لە حاڵەتی ئاسایی و بوونی ئەقڵ و هۆشی تەواو لەبارەیانەوە پرسوجۆ لە مرۆڤ دەکرێ.

بەلام ئەگەر سەرخۆش شتێکی گوت یان کرد کە بەلگە بێ لەسەر هەلگەڕانەوەی و پاش بێداربوونەوەیشی سوور بوو لەسەری، ئەوا بە هەلگەڕاوە دادەنرێ و ملکەچی هەموو حوکمەکانی ئەو حالەتە دەبێ.

باسی دووەم:
سەرخۆشی و بەرپرسیارێتیی جینائی
لە یاسا عەرەبییەکاندا

سەرخۆشی لە زاراوەی یاساییدا: دۆخێکی سەرهەلداوە تێیدا هۆش لادەدا و جلەو بەسەر ئیرادەدا لاواز دەبێ، ئەویش لەئەنجامی خستنەژوورەوەی مادەیەك بۆ ناو لەش و بەتایبەت بۆ مێشك[1].

پەیوەندی لەنێوان سەرخۆشی و نەخۆشیی ئەقلی:

ئەم دوو سەرهەلداوە لە بەربەستەکانی شیان (ئەهلیەت)ن و لەڕووی ئاسەوارە لێك دەچن بەلام لەڕووی هۆ و سروشتەوە جیاوازن.

لەڕووی ئاسەوارەوە لەم رووانەوە لەیەك دەچن:

١- لەدەستدان یان لاوازیی تەمیز (فام) لای هەریەك لە سەرخۆش و تووشبوو بە نەخۆشیی ئەقلی.

٢- لەدەستدان یان ناتەواویی جلەوکردنی ئیرادە لای هەردووکیان.

٣- لەوانەیە ئالوودەبوون بە مەستیبەخش و هۆشبەرەکان پەرە بسێنێ و ببێتە نەخۆشیی ئەقلی.

لەڕووی سروشتەوە لەم رووانەوە لە یەکتر جیاوازن:

١- ئەسلّ لە نەخۆشیەکاندا ئەوەیە ناویستانەیە، لەکاتێکدا ئەسلّ لە سەرخۆشیدا ئەوەیە بەزۆری خۆویستانەیە.

---

[1] د.محمود نجيب حسني، الوجيز في شرح قانون العقوبات المصري، القسم العام، دار النهضة العربية:٤٤٣.

٢- نەخۆشییە ئەقڵیەکان بەردەوام دەبن و دەمێننەوە و کاریگەرییان لەسەر تووشبوو قووڵە، کەسایەتیی تووشبوو پاش تووشبوون جیایە لە کەسایەتیەکەی پێش تووشبوون، لەکاتێکدا سەرخۆشی کەسایەتیی سەرخۆش نە لە سەرخۆشی و نە لە بێداریدا ناگۆڕێ.

ئەم جیاوازییە جەوهەرییە دەرخەری ئەوەیە ئەوەی سەرخۆش دەیکا زادەی ئەو سۆز و هەڵچوون و خولیایە کە پێش سەرخۆشی هەیبوون و ئەوەی سەرخۆشیەکە زیادی دەکا تەنیا دەرکەوتنی ئەو شتانەیە بەڕوونی کاتێ دەسەڵاتی سەرخۆش بەسەر ئیرادەیدا لاواز دەبێ و ناتوانێ کەسایەتیی خۆی جڵەو بکا بەپێچەوانەی ئەوەی ڕەفتارەکانی خاوەن نەخۆشیی ئەقڵی ئاشکرای دەکا، کە گوزارشت نیە لە ڕەگەزەکانی کەسایەتی، لەم ڕوانگەوەیە زانایانی دەروون و یاسا دەڵێن کاریگەریی نەخۆشیی ئەقڵی لەسەر کەسایەتیی تووشبوو کاریگەرییەکی چۆنایەتییە، بەڵام کاریگەریی سەرخۆشی لەسەر کەسایەتیی سەرخۆش چەندایەتییە[١].

جۆرەکانی سەرخۆشی:

وەك چۆن فیقولنانی شەریعەت جۆرەکانی سەرخۆشییان بۆ سەرخۆشبوون بە ڕێگە موباحەکان و سەرخۆشبوون بە ڕێگە ناموباحەکان دابەش کردوە، فیقولنانی یاساییش لە چەند ڕوویەکی جیاوازەوە بۆ چەند جۆرێك دابەشیان کردوە، گرنگترینیان ئەمانەن:

یەکەم- لەڕووی هۆوە دابەش دەبێ بۆ خۆویستانە (اختیاری) و خۆنەویستانە (غیر اختیاری):

سەرخۆشبوونی خۆویستانە (بەئەنقەست) ئەوەیە بە بڕیاری کەسی سەرخۆش و ئیرادەی ئازادی پەیدا بووبێ لە بەکارهێنانی مەستیبەخش و هۆشبەرەکان، کە لە بەرانبەر سەرخۆشبوونە بە ڕێگەی نامەشروع لە شەریعەتی ئیسلامیدا.

سەرخۆشیی خۆنەویستانە (نائەنقەست) بریتییە لە سەرخۆشبوون لە دوو حاڵەتدا:

یەکێکیان ئەوەیە تۆمەتبار مادە مەستیبەخش (یان هۆشبەرەکە) بەزۆرەملێ بەکار بێنێ، وەك ئەوەی بەکارهێنانی لەژێر کاریگەریی زۆرلێکردنێکی ماددی یان مەعنەویی سەخت (الملجیء)، یان بۆ زەرورەت بێ وەك چارەسەری نەخۆشی یان خۆ ئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری لە حاڵەتی بێهۆشیدا.

---

[١] سەرچاوەی پێشوو.

دووەمیان ئەوەیە بەنەزانی بەکاری بێنێ، بەوەی نەزانێ مادەی سەرخۆشکەرە، وەك ئەوەی بکەوێتە هەڵەوە و بەکاری بێنێ و وابزانێ مەستیبەخش (یان هۆشبەر) نیە.

بەرهەمی دابەشکردنەکە: یاساکان و فیقوانانی یاسا و قەزا کۆکن لەسەر ئەوەی سەرخۆشیی خۆنەویستانە رێگرە لە بەرپرسیارێتیی جینائی، بەپێچەوانەی سەرخۆشیی خۆویستانە کە هێشتا جێی ناکۆکییە ئاخۆ وەك سەرخۆشیی خۆنەویستانە رێگرە یان رێگر نیە؟

دووەم– لەڕووی کاریگەریی تەواوەتی یان بەشەکی:

سەرخۆشیی تەواوەتی ئەوەیە سەرخۆش وەك شێت لێدەکا کە فام و کۆنترۆڵکردنی ئیرادە لەدەست دەدا.

سەرخۆشیی سادە (یان سەرخۆشیی بەشەکی) ئەوەیە فام کەم و ئیرادە لاواز دەکا.

بەرهەمی دابەشکردنەکە: لە حاڵەتێکدا سەرخۆشیی خۆنەویستانە بێ دەبێتە رێگر لە بەرپرسیارێتیی جینائی ئەگەر بەتەواوی بوو، بەڵام ئەگەر بەشەکی (جوزئی) بوو دەبێتە دۆخێکی سزا سووکێن.

ڕەوایی سەرخۆشی لە یاساکاندا:

یاسا مرۆڤکرد (وەزعی)ـەکان دروستکردن و کڕین و فرۆشتن و خواردنەوەی مەستیبەخشەکانیان حەرام نەکردوە لە هەندێ سنووری دیاریکراو و حاڵەتی تایبەتدا نەبێ وەك دیاریکردنی تەمەنێکی دیاریکراو بۆ رێگەدان بە خواردنەوە و شوێنەکانی بەکارهێنانیان. سەرەڕای ئەمەیش سەرجەم دەوڵەتانی جیهان هەست بە مەترسیی ئەم نەخۆشییە کۆمەڵایەتییە خراپ و خراپکەرە دەکەن، بڵاوبوونەوەی مەستیبەخش و هۆشبەرەکان لە گەورەترین مەترسی و هەڕەشەکانن بۆ سەر کۆمەڵگەی بەشەری، زیانەکانیان تەنیا بۆ کەسی ئالوودە نیە کە تەندروستی و ئەقڵ و ماڵی تێك بدا، بەڵکو پەل بۆ منداڵەکانیشی دەهاوێ و لە توانای جەستەیی و ئەقڵیدا لاواز دەردەچن، ئەمە جگە لە ئەنجامە نەرێنیەکانی لەسەر کۆمەڵگە لەڕووی پەیوەندیی پتەوی بە رەفتاری تاوانکارانە بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ. ئەگەرچی لە یاسا وەزعیەکاندا بەو شێوەیە حەرام نەکراوە کە لە شەریعەتی ئیسلامیدا کراوە، بەڵام هەندێ یاسا هەن ئامانجیان دانانی سنوورێکە بۆ مەترسیەکانی ئەم نەخۆشییە کۆمەڵایەتییە لە دەوڵەتانی ئیسلامی و نائیسلامیدا.

دەستووری ئەمەریکی لە رابردوودا مەستیبەخشەکانی حەرام کردبوو، بەڵام ئەمەریکا لەم ئارلستە دروستە پاشگەز بوویەوە، هۆکەیشی بۆ شەیدایانی سەرخۆشی دەگەڕێتەوە، ئەوە بوو ساڵی ١٩٣٣ دەرگای لەبەردەم رێپێدانیدا ئاوەلا کرد. هەندێ رێکەوتنامەی نێودەوڵەتی هەن سەبارەت بە قەدەغەکردنی هۆشبەرەکان و بازرگانی و قاچاخی پێوەکردنی، کە سزاکەی لە هەندێ دەوڵەت لەولنەیە بگاتە لەسێدارەدان، ئارلستەی باو لە هەندێ دەوڵەتی عەرەبی قەدەغەکردنی هەموو جۆرەکانی مەستیبەخش و هۆشبەرەکانە، خوازیارین سەرجەم دەوڵەتانی دنیا دەست بەمەوە بگرن.

هەرچی پەیوەندی بە کاریگەریی مەستیبەخش و هۆشبەرەکانەوە هەیە لە بەرپرسیارێتیی جینائی، رەوتە یاساییەکان لەو رووەوە جیاوازییان هەیە، هەندێکیان بەهیچ شێوەیەك باسیان لەم بابەتە نەکردووە وەك یاسای فەرەنسی و یاسای بەلجیکی، هەندێکیتریان باسیان لەوە کردووە سەرخۆشیی خۆویستانە بە رێگر دانانرێ لە بەرپرسیارێتیی جینائی بەپێچەوانەی خۆنەویستانە، وەك یاسای ئیتاڵیی پێشوو (م٤٨) و ئێستای بەرکار (م٩١-٩٥).

ئەم یاسایە تەنیا لەو سنوورەدا نەوەستاوە کە بە عوزرێکی دانانێ رێگر بێ لە بەرپرسیارێتی، بەڵکو لەوە دوورتریش دەڕوات و لە هەندێ حاڵەتدا بە دۆخێکی داناوە کە سزای ئەو تاوانەی سەرخۆش لەکاتی سەرخۆشیەکەیدا ئەنجامی داوە قورستر دەکا (م٩٤)[1].

لەو یاسایانەی باس لەوە دەکەن سەرخۆشیی خۆویستانە بە رێگر لە بەرپرسیارێتیی جینائی دانانرێ، یاسا جەزائیە عەرەبیەکانە، وەك لەم وردکردنەوەیەی خوارەوەدا:

یاسای میسری (م٦٢):

یاسای سزاکانی میسریی کۆن روونکردنەوەی حوکمی سەرخۆشی لەرووی بەرپرسیارێتیی جینائیەوە فەرامۆش کردوە، ئەویش لەژێر کاریگەریی یاسای جینائیی فەرەنسیدا، بەڵام پاش پەرەسەندنێك لەبواری یاسادانان لەو وڵاتە مادەی (٦٢)ی یاسای سزاکانی بەرکار دەڵێ (سزای لەسەر نیە ئەو کەسەی بەهۆی لەهۆشچوونێك لەئەنجامی کاریگەریی هەر جۆرە دەرمانێکی هۆشبەر لەکاتی کردەوەکەیدا هەست و هەڵبژاردنی لەدەست دابێ، ئەگەر هاتوو بەزۆرەملێ ئەوەی پێکرا یان پێی نەدەزانی).

---

[1] الدكتور محمد مصطفى القللي، في المسؤولية الجنائية:٣٩١.

لەم دەقەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی مەرجەکانی لێنەپرسینەوەی سەرخۆش لە تاوانێک ئەنجامی بلوە، چوارن، کە بریتین لە:

١- ئەوەیە کەسەکە هەر جۆرە دلودەرمانێکی هۆشبەری بەکار هێنابێ، چ خواردنەوەی مەستیبەخش بێ بەهەموو جۆرەکانیەوە، یان مادەی هۆشبەر بێ وەک حەشیش و ئەفیون و ئەو جۆرە شتانە، جا چ بیخواتەوە یان لەخۆی بدات یان بۆنی بکا یان بەهەر رێگەیەکیتر.

٢- مادەکەی بەزۆرەملێ یان بەنەزانی بەکارهێنابێ، بەوەی لەژێر فشاری زۆرلێکردن یان زەرورەتدا، یاخود لە حاڵەتی نەزانی یان هەڵەدا بوویێ.

٣- بەکارهێنانی مادە مەستیبەخش یان هۆشبەرەکە ببێتە مایەی لەهۆشچوون و لەدەستدانی هەست (شعور) و هەڵبژاردن (ئیختیار)، ئەگەر هەست و فامی بەتەواوی لەدەستە نەدا، بەڵکو بەسەر تولنا ئەقڵیەکانیدا زاڵ بوو، ئەوا بەرپرسیارێتی دەمێنێ، قازی بۆی هەیە حاڵەتی سەرخۆشیی سادە بە بۆخێک دلبنێ کە بەرپرسیارێتیی جینائی سووک دەکا، هەروەک دەکرێ بەگوێرەی باروبۆخەکە ببێتە هۆی توندکردنی.

٤- تاوانەکە لە باری سەرخۆشیدا کرابێ بەوەی بە ویستی خۆی مادە مەستیبەخشەکەی بەکارهێنابێ، پاشان لە هۆش چوویێ و تاوانەکەی ئەنجام دلبێ.

ئەم دەقە (م٦٢) ئەم تێبینیانەی لەسەرە:

یەکەم- یاسادلنەری میسری لەم مادەیەدا دەستەواژەی سزای لەسەر نیە (لاعقاب)ی بەکارهێناوە، ئەوەیش وەک پێشتر روون کرایەوە عەیبدارە، لەبەرئەوەی نەفیکردنی سزا نەفیکردنی بەرپرسیارێتیی جینائی ناخوازێ، دەشێ تاوانکار لەرووی جینائیەوە لەسەر تاوانەکەی لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێ بەڵام لەبەر رێگرێک لە رێگرەکانی سزا -وەک رلگرتنی جێبەجێکردن پاش دەرچوونی حوکمەکە و وەک لێبوردنی گشتی یان تایبەت پاش حوکمەکە و بەر لە جێبەجێکردن، هەروەها وەک ئاشتەوایی و ئەو جۆرە شتانە- لەسەری سزا نەدرێ.

دەبوو دەستەواژەی (نە لەرووی جەزایی و نە لەرووی جینائی لێی ناپرسرێتەوە) یان شتێکی بەو مانایەی بەکار بهێنایە، لەبەرئەوەی بابەتەکە پەیوەندی بە رێگرەکانی بەرپرسیارێتیی جینائیەوە هەیە نەک بە رێگرەکانی سزادانەوە، هەروەها لەبەرئەوەی نەفیکردنی بەرپرسیارێتیی جەزایی نەفیکردنی سزا دەخوازێ، بەڵام نەک بەپێچەوانەوە.

دووەم– دەقەكـە تایبەتـە بـە سەرخۆشـیی خۆنەویسـتانە، هەرچـی خۆویسـتانەیە بـەدەقێكی راشـكاو حوكمەكـەی روون نەكراوەتـەوە، لەبەرئـەوەی ئـەم حوكمـە بووەتـە جێـی نـاكۆكی لـەنێوان فیقوناانی یاسای میسری بەم شێوەیە:

هەندێكیان دەڵێن (پرسوجۆ ناكرێ ئەو تاوانكارەی لەكاتی سەرخۆشیدا تاوانێكی ئـەنجام داوە، با سەرخۆشـیەكەیش خۆویسـتانە بـووبێ هـەروەك سەرخۆشـیی خۆنەویسـتانە)،لەبـەر چـەند هۆیـەك لەوانە:

أ– لە باری نەبوونی دەقدا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ رێسا گشتیەكان، كە بـەرەهایی لێپرسـینەوەی سـەرخۆش لەسـەر ئـەو تاوانانـەی لـەكاتی سەرخۆشـیدا ئـەنجامیان دەدا رەت دەكەنـەوە، جـا چ مەستیبەخشەكەی خۆویستانە بـەكارهێنابێ یـان نـا، ئـەویش لەبـەر نـەبوونی روكنێـك لـە روكنـەكانی تاوانەكەی كە روكنی مەعنەوییە (قەسدی جینائی).

خاوەنانی ئەو بۆچوونە دەڵێن شتەكە سـەبارەت بـەو تاوانانـەی یاسـا سـزایان نـادا روونـە مەگـەر قەسدی جینائیی تایبەتی تێدا هەبێ وەك ساختەكردن و ئـەتككردنی نـاموس و ئـەو شـتانە. هەرچـی ئـەو تاوانانـەیە كـە بـەرەها سـزایان لەسـەرە جا چ بەئەنقەسـت بـن یـان نائەقەسـت وەك كوشـتن و بریندارکردن و لێدان و سووتان و هاوشێوەكانیان، ئەوا سەرخۆش تێیانـدا لێـی ناپرسـرێتەوە، چونكە ئەوەی نەكرێ كـاری بەئەنقەسـتی بدرێتـە پـاڵ هەڵەیشـی نادرێتـە پـاڵ، لەبەرئـەوەی بەرانبـەركردنی نێوانیان وەك بەرانبەركردنی ئاسمان و رێسمانە (تقابل العدم والملكة).

كەواتە سەرخۆش بەهیچ شێوەیەك نـە لەسـەر ئەنقەسـت و نـە لەسـەر هەڵـە لێـی ناپرسـرێتەوە، لەبەرئەوەی هەڵە گریمانەی بوونی ئیرادەیەك دەكا كـە یاسـا ئیعتیبـاری بـۆ دابنـێ كـە بـەبێ ئـەنجام رووی كردبێتـە كردەوەیـەك، سەرخۆشـیش لـەم ئیرادەیـەی نیـە، لەبەرئـەوەی لەدەسـتدانی شـعور ئیرادەی لە بەها یاساییەكەی دادەڕنێ.

ب– بەرپرسیارێتیی كەسێك بە ویستی خۆی سەرخۆش بووبێ پێویستی بە دەقێكی راشـكاو لـە یاسادا هەیە لەبەرئەوەی پێچەوانەی رێسا گشتیەكانە، یاسادانەری میسری دەقـی (م٦٢)ی لـە یاسـای ئیتـاڵی (م٤٨) و یاسـای هینـدی (م٨٦) وەرگرتـوە، ئـەم دوو یاسـایە راشـكاوانە بەرپرسـیارێتیی بەئەنقەست بۆ سەرخۆشی خۆویستانە جێگیر دەكەن و یاسادانەری میسری حوكمی ئەم بەشـەی لـێ وەرنەگرتوون، بەڵكو تەنیا حوكمی سەرخۆشیی خۆنەویستانەی وەرگرتوە، ئەمەیش بەڵگـەی ئەوەیـە

ویستویەتی سەرپێچییان بکات و سەرخۆش بەرەهایی لە بەرپرسیارێتیی ئەوەی بەسەرخۆشی دەیکا دوور بخاتەوە، جا چ بە خۆویستانە بێ یان خۆنەویستانە[1].

هەندێکیشیان لەگەڵ جیاکردنەوەن لەنێوان سەرخۆشیی خۆنەویستانە و سەرخۆشیی خۆویستانە و پێیان وایە لە حاڵەتی دووەمدا لێی دەپرسرێتەوە، بەڵام یەکەم نا.

زۆربەی بەڵگەکانی ئەو رەوتەی ئەم رایەیان هەیە ئەمانەن:

یەکەم- یاسادانەری میسری دانی بە بەرپرسیارێتیی سەرخۆشی خۆویستانەدا ناوە لە هەر تاوانێك لەکاتی سەرخۆشیدا ئەنجامی دەدا بەگوێرەی (م٦٢)، لە دوو رووەوە:

یەکێکیان ئەوەیە ئەم دەقە بۆ لێنەپرسینەوە ئەوەی کردۆتە مەرج کە بەکارهێنانی مادە هۆشبەر (مەستیبەخش)ەکە بەدەر لەئیرادەی و بەزۆرەملێ بووبێ. بەکۆدەنگیی بۆچوونەکان نەبوونی مەرج نەبوونی مەرجدارەکە دەخوازێ، جا ئەگەر ئەم مەرجە لە تاوانێکدا نەبوو کە لەکاتی سەرخۆشیدا کردویەتی لەرووی جینائیەوە بەرپرسیار دەبێ.

دووەم بەمەرجی دانەناوە ئەو حوکمەی لەو دەقە وەرگیراوە هەمیشە گوتراوێکی راشکاو (منطوق صريح) بێ بەڵکو دەشێ گوتراوێکی ناراشکاو بێ، بەوەی بەئاماژە یان خواستن (ئیقتیزا) یان هێما دیلالەتی لێ بکا، هەروەك دەشێ مانای کۆکبوون (مفهوم موافقة) یان مانای پێچەوانە (مفهوم مخالفة) بێ، جا ئەگەر یاسادانەر لە دەقێکدا قەیدێکی دانا کە لە حوکمەکەدا موعتەبەر بێ وەك لە (م٦٢)، ئەگەر ئەو قەیدە بەدیهات گوتراوی دەقەکە پیادە دەکرێ، ئەگەریش بەدینەهات مانای پێچەوانە (مەفهوم موخالەفە)ی حوکمە گوتراوەکە پیادە دەکرێ، یاسادانەری میسری لە مادەی ناوبراودا قەیێکی موعتەبەری لە حوکمەکەی باس کردوە کە دەڵێ (ئەگەر بەزۆرەملێ یان بەنەزانی بەکاری هێنا)، دیارە ئەوەیش لە سەرخۆشیی خۆویستانەدا نیە، لەبەرئەوە مانای پێچەوانەکە پیادە دەکرێ کە لێپرسینەوەیەتی لەرووی جینائیەوە لەسەر هەر شتێك لەکاتی سەرخۆشییە خۆویستانەکەدا ئەنجامی بدات.

دووەم- گوتنی ئەوەی سەرخۆش بەرەهایی بەرپرسیار نیە جا چ سەرخۆشیەکە خۆویستانە بێ یان خۆنەویستانە مەترسی لەسەر کۆمەڵگە هەیە، هەروەها دەرگا واڵاکردنە لەبەردەم سەرخۆشان بۆ

---

[1] بڕوانە: د. القللي، سەرچاوەی پێشوو:٣٩٣، د.محمود نجيب حسني، سەرچاوەی پێشوو:٤٤٧، الدكتور محمود مصطفى شرح قانون العقوبات القسم العام:٥٢٥.

دەستدرێژیکردنە سەر ژیان و ماڵ و ناموسی خەڵکی بێتاوان، لەبەرئەوە لەسەر تاوانە بەئەنقەستەکان لێی دەپرسرێتەوە با قەسدی جینائیی راستەوخۆیشی نەبوویێ.

سێیەم– بناغەی بەرپرسیاریێتیی سەرخۆش ئەوەیە یاسا وا گریمانە دەکا ئەو کەسەی خۆەویستانە خۆی سەرخۆش کردوە ئیرادەیەکی هەیە کە لای یاسا ئیعتیباری هەیە وەك (استصحاب) بۆ ئیرادەی ئازادی لە بەکارهێنانی مەستیبەخشەکەدا.

چوارەم– ئەسڵ لێپرسینەوەی تاوانکارە بەرەهایی لە سەرجەم ئەو تاوانانەی ئەنجامیان دەدا، هۆکانی رێپێدان و رێگرەکانی بەرپرسیاریێتیی جینائیش لە خانەی هەلاویردن لەم ئەسڵە دادەنرێن، یاسادانەری میسری لە (م٦٢)دا هەلاویردنی بۆ سەرخۆشیی خۆنەویستانە پەسەند کردوە و حوکمی سەرخۆشیی خۆویستانە لەسەر ئەسڵی خۆی دەمێنێتەوە کە لێپرسینەوەی جینائییە.

پێنجەم– یاسادانەر حوکمی (بەرپرسیارنەبوون)ی بەستۆتەوە بە عیللەی (سەرخۆشی ناچاری)یەوە، یەکێك لە رێسا گشتیەکانیش ئەوەیە حوکم لە بوون و نەبوونیدا بە دەوری عیللەکەیدا دەسورێتەوە.

لە روانگەی ئەم بەلگانەوە باس کرین لەوەی سەرخۆشی تاوانکار بەهیچ شێوەیەك لەسەر ئەو تاوانەی لە کاتی سەرخۆشییەکەیدا ئەنجامی دەدات پرسوجۆی لەگەڵ ناکریێ، قسەیەکی رەتکراوەیە.

شەشەم– ویستی یاسادانەر روونە لە مەبەستی سزادانی سەرخۆش هەرکات بە زانین و ئیرادەوە هۆشبەر بەکار بێنێت وەك ئەوەی لە حاڵەتی بەهۆشیدا بێ و گریمانەکردنی ئەوەی –گریمانەیەك سەلماندنی پێچەوانەکەی قبوول ناکات– تاوانکار لە کاتی تاوانەکەدا خاوەن هەست (شعور) بووە، بەوەش بەرپرسیار دەبێ لە تاوانەکان وەك لە یاسادا دیاری کراون، جا چ بەئانقەست بێ یان بەنائەنقەست.

حەوتەم: قەزای میسری لەسەر ئەوە گیرساوەتەوە کە ئەو کەسەی بەویستی خۆی سەرخۆش دەبێ لە تاوانەکانی بەرپرسیارە، کەی ساغ بوویەوە تاوانکار بە ویستی خۆی مەستیبەخش (یان هۆشبەر)ی بەکارهێناوە، سەرخۆشیەکەی لەم بارەدا بە عوزرێکی بەخشەر یان سووکێن لە

بەرپرسیارێتیەکەی دانانرێ ئەگەر لەکاتی سەرخۆشی یان سڕبوون (تخدیر)دا تاوانێك ئەنجام بدا[1].

یاسای عێراقی:

(م٦٠) (لەرووی جەزائیەوه لێی ناپرسرێتەوه ئەو کەسەی لەکاتی ئەنجامدانی تاواندا ئیدراك یان ئیرادەی لەدەست دابێ لەبەر شێتی یان نەخۆشیەك لە ئەقڵدا، یان بەهۆی ئەوەی لە حاڵەتی سەرخۆشی یان سڕبووندا بێ لەئەنجامی مادەگەلێکی مەستیبەخش یان هۆشبەردا کە بەزۆرەملێ یان بەبێ ئاگەداریی خۆی پێی درابێ، یان لەبەر هەر هۆیەکیتر کە زانست بڕیار بدات ئەو هۆیە ئیدراك یان ئیرادە ناهێڵێ. بەڵام ئەگەر نەخۆشییە ئەقڵیەکە یان مادە مەستیبەخش یان هۆشبەرەکە و هیتر تەنیا کەمکردن یان لاوازیەکی لە ئیدراك یان ئیرادەدا دروست دەکرد لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا، ئەوە بە عوزرێکی سووکێن هەژمار دەکرێ).

(م٦١): (ئەگەر لەدەستدانی ئیدراك یان ئیرادە لەئەنجامی مادەگەلێکی مەستیبەخش یان هۆشبەرەوە بوو کە تاوانبار بە ویست و ئاگەداریی خۆی بەکاری هێنا، لەسەر ئەو تاوانەی رووی داوە سزا دەدرێ با مەبەستێکی تایبەتیشی لەپشتەوە بووبێ هەروەك ئەوەی بەبێ سڕکردن یان سەرخۆشی ئەوەی کردبێ، ئەگەر بەکارهێنانی مەستیبەخش یان هۆشبەرەکە بەئەنقەست بوو بەمەبەستی ئەنجامدانی ئەو تاوانەی لەدەستی قەوماوە، ئەوە بە دۆخێکی توندێن بۆ سزا دادەنرێ)[2].

لەم دوو مادەیە ئەوە تێدەگەین کە یاسادانەری عێراقی سەرکەوتوو بووە، کە بەروونیکی بێ پێچ و پەنا کاریگەریی سەرخۆشی (یان سڕکردن)ی لە بەرپرسیارێتیی جینائیدا بۆ ئەم سێ بەشەی خوارەوە دابەش کردوە:

بەشی یەکەم/ سەرخۆشی (یان سڕکردن)ی خۆنەویستانە: ئەوەیە لەئەنجامی بەکارهێنانی مادەیەکی مەستیبەخش یان هۆشبەرەوە بێ بەزۆرەملێ یان بەبێ ئەوەی پێی بزانێ، ئەوەیش بە

---

[1] د.محمود محمود مصطفی، شرح قانون العقوبات، القسم العام:٥٢٧، د.القللي، سەرچاوەی پێشوو:٣٩٦، د.محمود نجیب حسني، سەرچاوەی پێشوو:٤٥٠.

[2] بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش ژمارە ١٤٧٧ لە ١٩٨٠/٩/١٥ دەرچوو دەربارەی دانانی حاڵەتی بەکارهێنانی مەستیبەخش بەویست و هەڵبژاردنی بکەرەکە بە عوزرێکی سزا سووکێن کە بەزەیی بخوازێ. لە (الوقائع) ژمارە ٢٧٧٩ لە ١٩٨٠/٩/٢٩ بڵاو کرایەوە.

عوزرێكی یاسایی و ڕێگر لە بەرپرسیارێتیی جینائی دادەنرێ ئەگەر ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بوو:

١- ئەوەیە بەكارهێنانی مادە مەستیبەخش یان هۆشبەرەكە بەدەر لە ئیرادەی تۆمەتبار بوویێ وەك ئەوەی بەزۆرەملێ بیدرێتێ وەك لە هەردوو حاڵەتی زۆرلێكردن و زەرورەتدا، یان پێی نەزانێ وەك لە هەردوو حاڵەتی نەزانی و هەڵەدا.

٢- بەكارهێنانی مەستیبەخش (یان هۆشبەر)ەكە بوویێتە مایەی ئەوەی توانای جیاكردنەوە و هەڵبژاردن بەتەواوی لەدەست بدات، ئەگەر تەنیا بووە هۆی كەمكردنی ئیرادە یان لاوازیی ئیدراك بە بەخشەر لە سزا دانانرێ، بەڵكو دۆخێكی سزا سووكێنە، لەبەرئەوەی كاتێ تاوانەكەی ئەنجام دەدا ئەندازەیەك ئیرادە و ئیدراكی هەیە.

٣- پەیوەندییەكی هۆیی لەنێوان بەكارهێنانی مەستیبەخش (یان هۆشبەر)ەكە و لەدەستدانی ئیدراك و كۆنترۆڵنەكردنی ئیرادەدا هەبێ، ئەگەر ئەم پەیوەندییە بەهۆیەكیتری نامەشروع پچڕا، بە عوزرێك دانانرێ كە ڕێگر بێ لە بەرپرسیارێتیی جینائی لەو تاوانانەی ئەنجامیان دەدا.

٤- ئەنجامدانی تاوانەكە لە حاڵەتی سەرخۆشی یان سڕیدا بێ، ئەگەر پێش یان پاش ئەو حاڵەتە بوو تۆمەتبار لەڕووی جینائیەوە لێپرسینەوەی تەواوی لەگەڵ دەكرێ، لەبەرئەوەی ئیرادەی ئازاد و ئیدراكی تەواوی هەبووە.

ئەگەر ئەم چوار مەرجە بەردەست بوون، هیچ بوارێكی شەرعی یان یاسایی نامێنێ بۆ لێپرسینەوەی جینائی، لەبەرئەوەی ئەوكاتە لەگەڵ دادپەروەری و مەنتیق و ئەقڵی ساغدا لێك دەدات.

بەشی دووەم/ **سەرخۆشی (یان سڕكردن)ی خۆویستانە:** ئەگەر تاوانكار مەستیبەخش یان هۆشبەرەكەی بە ئیرادەی ئازاد و ئیدراكی تەواوەوە بەكارهێنا و بە سروشتی مادەكە و ئەو ئاسەوارانەی لێی دەكەونەوە ئاشنا بوو، ئەوا لەڕووی جەزاییەوە لە هەموو ئەو تاوانانە بەرپرسە كە لەكاتی سەرخۆشی یان سڕیووندا كردوونی جا چ تاوان (الجنایة) بن یان كەتن (الجنحة) یان سەرپێچی (المخالفة)، هەروەها چ بەمەبەست بن كە بوونی مەبەستێكی تایبەت دەخوازێ وەك دزی و ئەتكی نامووس و ئەو جۆرانە، یان بێ مەبەست وەك كوشتن و برینداركردن و هاوشێوەكانیان، ئەوەیش بەمەبەستی پاراستنی مافەكانی بێتاوانان لە ژیان و ماڵ و عیرز و ئاسایشیان و ڕێگرتن لەوەی سەرخۆش و ئالوودەبووان ئازاری كەسانیتر بدەن، هەروەها بۆ بیانووبڕین و كردنی سەرخۆشی و

سڕبوون بە ئامرازێك بۆ قوتاربوون لەو سزایەی بەپێی یاسا بۆ ئەو دەستدرێژیانەی ئەنجامیان دەدەن دانراوە، ئەمە جگە لەوەی پێویست رێگە بە تاوانبار نەدرێ سوود لە تاوانەکەی وەربگرێ.

بەشی سێیەم/ ئەگەر تۆمەتبار بەئەنقەست مەستییەخش یان هۆشبەرەکەی بەکارهێنا

بەمەبەستی ئەنجامدانی ئەو تاوانەی لە سەرخۆشی یان سڕیدا کردویەتی، سەرخۆشی یان سڕبوونەکە بە دۆخێکی توندێن دادەنرێ و پێویستە قازی سزایەکی توندتری بەسەردا بسەپێنێ لەو سزایەی یاسا بۆ تاوانەکەی داناوە، کاتێ ئەنجامدانی تاوانەکە هیچ دۆخێکی سووکێن یان توندێنی لەگەڵ نیە.

یاسای سوری (م٢٣٤) و لوبنانی (م٢٣٥): (لە سزا دەبەخشرێ ئەو کەسەی لەکاتی ئەنجامدانی کردەوەکەدا بەهۆیەکی لەپڕ یان هێزێکی بێئامان لە حاڵەتی ژەهرلوبوونیدا بوو بە ئەلکهول یان هۆشبەرێک هۆش یان ئیرادەی لەدەست دابوو، ئەگەر حاڵەتی ژەهرلوبوونەکە بەهۆی هەڵەیەکی بکەرەکەوە بوو ئەمەیان لە هەر تاوانێك بەرپرسیار دەبێ کە بەبێ مەبەست ئەنجامی دەدا، هەروەها لە تاوانی بەمەبەست بەرپرسیار دەبێ ئەگەر کاتێ بەهۆی هەڵەکەیەوە خۆی خستە ئەو حاڵەتە، پێشبینی ئەوەی دەکرد تاوان ئەنجام بدات).

ئەگەر بەمەبەست خۆی خستە ئەو حاڵەتە تا تاوانەکە ئەنجام بدات، بەپێی (م٢٤٥)ی سوری و (م٢٣٦)ی لوبنانی سزاکەی توند دەکرێ. هەروەها بەپێی حوکمەکانی (م٢٤١)ی سوری و (م٢٥١)ی لوبنانی (ئەگەر ئەو حاڵەتی ژەهرلوبوونەی لەئەنجامی هێزێکی بێئامان یان رووداوێکی لەناکاوەوە پەیدا بووبوو هۆش یان ئیرادەی بەرادەیەکی زۆر لاواز کرد، دەکرێ سزاکە بگۆڕدرێ یان سووك بکرێ).

لەم دوو یاسایە ئەم ئەنجامانە دێنە دەست:

یەکەم– سەرخۆشیی خۆویستانە و سەرخۆشیی خۆنەویستانەیان لێك جیا کردۆتەوە، ئەوەیش ئاراستەی باوە لە یاسا عەرەبی و ناعەرەبیەکاندا، دووەمیان –نەك یەکەم– بە عوزرێکی یاسایی و رێگر لە بەرپرسیارێتیی جینائی داناوە ئەگەر ئەو مەرجانە هەبوون کە لە هەردوو یاسای میسری و عێراقیدا باسمان کردن.

دووەم– جیاواز لە یاسای میسری و عێراقی و زۆربەی یاسا عەرەبیەکانیتر، ئەم دوو یاسایە تاوانە بەمەبەستەکانیان (الجرائم المقصودة) (کە پێویستیان بە مەبەستی تایبەت هەیە) وەك دزی و رفاندن

و قەرزف، لە بێمەبەستەکان (غیر المقصودة) کە ئەنقەست و هەڵەیان تێدایە، جیا کرێتەوە. لەبەرئەوە بوونی مەبەستی تایبەت وەك کوشتن و لێدان و تەلەفکردن بەپێویست دەنانیّ و سەرخۆشی و سڕبوون لە بێمەبەستەکان بەرەهایی بە رێگر لە لێپرسینەوە دانراوە، لەکاتێکدا لە تاوانە بەمەبەستەکاندا رێگر نابیّ مەگەر لەکاتی بەکارهێنانی مەستیبەخش یان هۆشبەرەکەدا بە ئیرادە و ئیدراکی خۆی، پێشبینی ئەنجامدانی کاری تاوانکارانەی کردبیّ.

ئەم ئاراستەیە عەیبدار و رەخنەلێگیراوە لەبەرئەوەی سەر بۆ ئەنجامگەلی نالۆژیکی دەکێشیّ، لەوانە ئەوەیە سەرخۆش دەکریّ سزا بدریّ ئەگەر برینداریەکی سادەی کرد بەڵام ئەگەر تاوانی لاقەکردن (ئیغتیساب) یان دزی یان ئەتککردنی ناموسی کرد هیچی لەسەر نیە، لەبەرئەوەی مەبەستی تێدا نەبووە، ئەمەیش مەنتیق و ئەقڵی ساغ رەتی دەکاتەوە.

سێیەم– بەکارهێنانی مەستیبەخش یان هۆشبەریان بە ئۆخێکی توندکەر دانراوە بەپێی (م٢٤٧)[1] لە یاسای سزاکانی سوری و (م٢٥٧) لە یاسای سزاکانی لوبنانی ئەگەر تۆمەتبار لەکاتی بەکارهێنانی مادە مەستیبەخش (یان هۆشبەر)ەکەدا مەبەستی ئەنجامدانی تاوان بوبیّ.

چوارەم– ئەگەر حاڵەتی سەرخۆشی یان ژەهراویبوونی خۆویستانە نەبووە مایەی لەدەستدانی توانای جیاکردنەوە و هەڵبژاردن، ئەوا بکەرە سەرخۆش یان ژەهراویبووەکە لە تاوانەکەی بەرپرسیار دەبیّ، بەڵام سزاکە بەپێی (م٢٤١) لە یاسای سوری و (م٢٥١) لە یاسای لوبنانی دەگۆڕدریّ یان سووك دەکریّ[2].

پێنجەم– هەردوو یاساکە دەستەواژەی (لە سزا دەبەخشریّ)یان بەکارهێناوە کە ئەوە دەستەواژەیەکی عەیبدارە و ئەوە راستە بگوتریّ (لە بەرپرسیارێتیی جینائی دەبەخشریّ) یان شتێك

---

[1] ئەم مادەیە دەڵیّ (ئەگەر یاسا کاریگەریی هۆیەکی توندکەری دیاری نەکرد (واتە سزا توندکراوەکەی ئۆخە توندکەرەکەی دیاری نەکرد) ئەو هۆیە توندکردنی سزاکە بەم شێوەیەی خوارەوە واجب دەکا: لەسێدارەدان دەگۆڕدریّ بۆ کاری قورسی هەتاهەتایی، هەر سزایەکی کاتییش لە سیّ–یەکەوە بۆ نیوە زیاد دەکریّ و غەرامەکەیش دووقات دەکریّ). مادەی (٢٥٧)ی یاسای لوبنانیش وەك ئەمە وایە.

[2] ئەم دوو مادەیە دەڵێن کاتیّ یاسا باسی عوزرێکی سووککەر دەکا ئەگەر کردەوەکە تاوانێك بوو کە لەسێدارەدانی یان کاری قورسی هەتاهەتایی یان گرتنی هەتاهەتایی دەخواست سزاکە دەگۆڕدریّ بۆ بەندکردن بۆ لانیکەم ماوەی ساڵێك ئەگەریش کەتن (جنحە) بوو سزاکە لە شەش مانگ تێناپەڕیّ و دەکریّ بگۆڕدریّ بۆ سزایەکی (تکدیری)، خۆ ئەگەر سەرپێچی بوو بۆ نیوەی غەرامەکە سووك دەکریّ.

بەو مانایە، لەبەرئەوەی بەخشین لە سزادان مانای بەخشینی لـە بەرپرسیارێتیش ناگەیەنێ، دەشێ لەرووی جەزاییەوە لێی بپرسرێتەوە و داگەیی بکرێ، بگرە لەوانەیە حوکمی سزادانیشی لەسەر دەربکرێ پاشان لەبەر ئەو هۆیانەی لە یاسای سزاکاندا باس کراون ببەخشرێ.

یاساکانی ئوردنی و کوێتی و قەتەری و سودانیش وەك یاسای میسری تەنیا باسیان لـە حوکمی سەرخۆشیی خۆنەویستانە کردوە و بەڕاشکاوی باسی سەرخۆشیی خۆویستانەیان نەکردوە، بەڵکو تەنها لەسەر مانای پێچەوانەی ئەو قەیدە وەستاوە کـە لـە حوکمە گوتراو (المنطوق)ەکەدا هاتووە ئەویش ئەوەیە سەرخۆشی یان سڕبوونەکە بەهۆی مادەیەکی مەستیبەخش یان هۆشبەرەوە بوویێ کە بەزۆرەملێ یان بەبێ ئاگاداری بەکاری هێناوە. جا ئەگەر ئەگەر ئەم قەیدە بەبەهات گوتراوی دەقەکە پیادە دەکرێ (بەخشینی تاوانکار لـە لێپرسینەوەی جینائی). ئەگەریش نەبوو مانای پێچەوانەی گوتراوەکە پیادە دەکرێ (نەبەخشینی تاوانکار لە لێپرسینەوەی جینائی).

ئوردنی:

(م۹۳) (سزای لەسەر نیە ئەو کەسەی لەکاتی ئەنجامدانی کردەوەکەدا هەست یان هەڵبژاردنی لەدەست دابێ بەهۆی کهول یان هەر جۆرە داودەرمانێکی هۆشبەر ئەگەر بەبێ رەزای خۆی یان بەبێ ئاگاداری بەکاری هێنابو).

مانای پێچەوانە (مەفهوم موخالیف)ی ئەو مەرجەی لـە کۆتایی ئەم دەقەدا هاتووە ئەوەیە سەرخۆشی و سڕکردن ئەگەر بە ویست و رەزامەندی و زانینی بوو لەرووی جینائیەوە بەرپرسیار دەبێ لە هەر تاوانێك لەکاتی لەدەستدانی توانای جیاکردنەوەی و هەڵبژاردندا لەئەنجامی سەرخۆشی یان سڕبوونەوە ئەنجامی بدات.

ئەم دەقەیش ئەو سەرنجەی لەسەرە کە دەستەواژەی (سزای لەسەر نیە)ی بەکارهێناوە، کە وەك باسمان کرد عەیبدارە.

کوێتی:

(م٢٣) (لەرووی جەزاییەوە لێی ناپرسرێتەوە ئەو کەسەی لەکاتی ئەنجامدانی کردەوەکەدا توانای زانینی سروشت یان سیفەتە نامەشروعەکەی نەبێ، یاخود توانای ئاراستەکردنی ئیرادەی لەدەست دابێ، ئەویش لەبەر بەکارهێنانی مادەی مەستیبەخش یان هۆشبەر ئەگەر هاتوو بەزۆر یان بەبێ ئاگاداری بەکاری هێنابو، یان ئەگەر بەهۆی بەکارهێنانیانەوە لەکاتی ئەنجامدانی ئەو کردەوەیەدا

تووشی نەخۆشیەکی ئـەقڵی بوبـوو. لـەم حاڵەتـەی دوایـیدا حوکمـەکانی بڕگـەی دووەمـی مـادەی پێشوو کاری پێدەکرێ)[1].

ڕاشکاوانە باسی حوکمی سەرخۆشـیی خۆویسـتانەی نـەکردوە بـەڵکو تـەنیا ئاماژەی بـۆ کـردوە لەڕێی مانای پێچەوانەی ئەو مەرجەی تێیدا هاتووە، واتە ئەگـەر ئـەو مەرجـە نـەبوو تۆمـەتبار لـەڕووی جینائیەوە لێپرسینەوەی تەواوی لەگەڵ دەکرێ لە هەر تاوانێك بەسەرخۆشی ئەنجامی دابێ.

ئەم یاسایە بەوە جیا دەکرێتەوە باسی حـوکمی حاڵـەتی نەخۆشـیی ئـەقڵیی زادەی بـەکارهێنانی مەستیبەخش و هۆشبەرەکانی کردوە، ئـەوەیش ڕوونـە نەخۆشـیی ئـەقڵیی تـەواوەتی بـەڕەهایی بـە ڕێگر دادەنرێ لە بەرپرسیارێتیی جینائی جا چ بەهۆی بەکارهێنانی مەستیبەخش یان هۆشـبەرەو بـوو بەڕێگەیەکی مەشروع یان نامەشروع.

قەتەری:

(م١٩) (بەرپرسـیارێتیی جـەزایی لەسـەر کردەوەیـەك نیـە لـە کەسـێکەوە بقـەومێ کـە لـەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا توانای زانینی ماهیەتی کردەوەکانی و ئاراستەکردنی ئـیرادەی نـەبێ لەبـەر ئـەم هۆیانە: أ-... ب- سەرخۆشبوون بەهۆی بەکارهێنانی مادەیەکەوە کە بەدەر لـە ئـیرادەی یـان بـەبێ ئاگەداریی ئەو بەکاری هێنابێ). باسی حوکمی سەرخۆشـیی خۆویسـتانەی نـەکردوە و بەوەنـدە وازی هێناوە کە لەڕێی مانای پێچەوانەیەوە ئاماژەی بۆ دەکات.

سودانی:

(م٥٠) وەك (م١٩)ی قەتەری وایە و لـە داڕشـتندا جیـاوازی نیـە، جگـە لـەوەی یاسـای قەرتـەری دەستەواژەی (بەرپرسیارێتیی جەزایی نیە)ی بەکارهێناوە بەڵام یاسای سـودانی دەسـتەواژەی (تـاوان نیـە)ی بـەکارهێناوە. دیـارە کـە دەسـتەواژەی دەقـە سـودانیەکە هەڵەیـە لەبەرئـەوەی سەرخۆشـیی خۆنەویستانە هۆیەك نیە لە هۆکانی ڕێپێدان (الاباحە) تا بوترێ (تاوان نیە)، سەرخۆشـی یـان سڕبوون

---

[1] واتە ئەگەر دادگە لەو ڕووی هەستکردنی بە مەترسیەکەی لەسەر ئاسایشی گشتی کرد، فـەرمان دەکا بـە سپاردنی بـە شوێنی تایبەت بە نەخۆشانی ئەقڵی، تا لایەنی سەرپەرشتیاری شوێنەکە بەهۆی نەمانی هۆی سپاردنەکەیەوە، فەرمان بە بەرەڵاکردنی دەدات.

وەك شێتی یان چکۆلەییە کردەوە تاوانەکە لە سیفەتە تاوانکاریەکەی داناماڵێ، بەڵکو کردەوەکە هەر بەتاوان دەمێنێتەوە بەڵام بکەرەکەی لەبەر عوزرە یاسایی یان شەرعیەکەی پرسوجۆ ناکرێ.

مەغریبی:

تەنیا باسی سەرخۆشیی خۆویستانەی کردوە و راشکاوانە روونکردنەوەی حوکمی سەرخۆشیی خۆنەویستانەی پشتگوێ خستوە، وادیارە تەنیا بە مانای پێچەوانەوە وازی هێناوە ئەگینا هیچ جیاوازی لەنێوان یاسا عەرەبی و ناعەرەبیەکاندا نیە لەوەی سەرخۆشیی خۆنەویستانە رێگرە لە بەرپرسیارێتیی جینائی ئەگەر ئەو مەرجانەی تێدا بوون کە لە یاسای میسری و عێراقیدا باسمان کردن. (فەسڵی ١٣٧) دەڵێ (سەرخۆشی و حاڵەتەکانی هەڵچوون یان لە اندفاعی عاتیفی یان ئەوەی بەهۆی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر بەئەنقەست بوویێ، بەهیچ کلۆجێك ناکرێ بەرپرسیارێتی نەهێڵێ یان کەمی بکاتەوە).

تونسی:

یاسادانەری تونسی تەنیا لەسەر سزادانی ئەو کەسەی مەستیبەخشەکان بەکار دێنێ وەستاوە لەبەرئەوەی خۆی لەخۆیدا تاوانە، وەك من بزانم قسەی لەسەر کاریگەری لە بەرپرسیارێتیدا نەکردوە، فەسڵی ٣١٧ دەڵێ (بەو سزایانەی باس کران سزا دەدرێن: یەکەم– ئەو کەسانەی خواردنەوەی کهولی دەخۆنەوە بۆ موسڵمانان یان بۆ خەڵکانێك لە حاڵەتی سەرخۆشیدا. دووەم– هەرکەس لە رێگەی گشتی یان هەر شوێنێکی گشتیتردا لە دۆخی سەرخۆشیەکی روون و ئاشکرادا ببینرێ).

فەسڵی ٥٢یش دەڵێ (ئەگەر جارێکیتر خۆی سەرخۆش کردەوە ئەوا سزاکەی توندترین سزا دەبێ لەو سزایانەی لە فەسڵی ٣١٧ی ئەم یاسایەدا ئیقرار کراون).

لیبیی و یەمەنی و سەڵتەنەتی عومان: هەریەك لەو یاسایانە باسی حوکمی هەردوو حاڵەتی سەرخۆشیی خۆویستانە و خۆنەویستانەیان کردوە، ئەمە جگە لە دانانی بە دۆخێکی توندێن (ظرف مشدد) کە یاسای لیبی و عومانی چارەیان کردوە.

لیبی:

(م٨٧) لێی ناپرسرێتەوە، هەرکەس کردەوەیەك ئەنجام بدات و لەکاتی ئەنجامدانیدا لەبەر سەرخۆشیەکی تەواو بەهۆی رووداوێکی لەناکاو یان هێزێکی بێئامان یان خواردنی هەندێ مادە بەنەزانی، هەست و ئیرادەی لەدەست دابێ

ئەگەر سەرخۆشییەكە بەتەواوەتی نەبێ، بەڵام هێندە بەهێز بوو هەست و ئیرادەی كەم كردبووەوە بەبێ ئەوەی بەناویان بیات، ئەنجامدەر پرسوجۆی لێ دەكرێ و ئەو سزایەی بەسەردا جێبەجێ دەكرێ كە یاسا بڕیاری داوە لەگەڵ گۆڕین یان سووككردنی بەوشێوەیەی لە (م٨٤)[1] دا روون كراوەتەوە.

(م٨٨) سەرخۆشیی بەرنامە بۆدانراو بەمەبەستی ئەنجامدان یان پاساودانی تاوانەكە، لە بەرپرسیارێتیی جینائی نابەخشرێ، و كەمی ناكاتەوە بەئەندازەیەك نەبێ كە لە سێیەك تێناپەڕێ.

(م٩٠) سەرخۆشیی خۆویستانە رێگە لە بەرپرسیارێتیی بكەر ناگرێ و كەمی ناكاتەوە.

(م٩١) لەبارەی ئەنجامدانی كردەوەكەدا لەژێر كاریگەریی مادەی هۆشبەردا: ئەحكامی مادەكانی ٨٧ و٨٨ و٩٠ پیادە دەكرێن، كاتێك كردەوەكە لەژێر كاریگەریی مادەی هۆشبەردا ئەنجام بدرێ.

(م٩٢) لە ژەهراویبوونی درێژخایەن بەهۆی بەكارهێنانی ئەلكهول یان هۆشبەردا ئەحكامی مادەكانی ٨٤ و ٨٥ پیادە دەكرێن لەسەر ئەو كردەوانەی لە حاڵەتی ژەهراویبوونی درێژخایەن لەئەنجامی بەكارهێنانی ئەلكهولدا ئەنجام دراون.

لەم مادانە ئەم ئەنجامانە دێنە دەست:

١- یاسای لیبی پتر لە باقیی یاسا عەرەبییەكان گرنگی بە بابەتی كاریگەریی سەرخۆشی و هۆشبەر لە بەرپرسیارێتیی جینائیدا داوە.

٢- بەروونی و بەدەقێكی راشكاو جیاوازی لەنێوان حوكمی سەرخۆشیی خۆویستانە و خۆنەویستانەدا كردوە و دووەمیانی بە رێگر لە بەرپرسیارێتیی جینائی داناوە ئەگەر هاتوو سەرخۆشیەكە بەتەواوی بوو، هەروەها ئەگەر بەشەكی بوو بەپێچەوانەی یەكەم دۆخێكی سووكێن دەبێ، كەواتە جیاوازی نیە لەنێوان تاوانێك لەژێر كاریگەریدا ئەنجام بدرێ و تاوانێك لە باری بێداریدا كرابێ.

٣- جیاوازی لەنێوان سەرخۆشیی خۆویستانەی بەرنامە بۆدانراو و خۆویستانەی بەرنامە بۆ دانەنراودا كردوە، یەكەمیانی بە دۆخێكی توندێتی سزا داناوە بە زیادكردنێك كە لە سێ-یەكی ئەو سزایە تێناپەڕێ كە بەپێی یاسا بۆ تاوانەكە دانراوە.

---

[1] سزای لەسێدارەدان دەگۆڕێ بۆ بەندكردن بۆ ماوەیەك لە دە ساڵ كەمتر نەبێ، بەندكردنی هەتاهەتاییش بۆ ماوەیەك لە پێنج ساڵ كەمتر نەبێ، سزاكانیتریش بەئەندازەی دوو سێ-یەكیان كەم دەكرێنەوە.

٤- باس لەوە دەکا ئەو تاوانکارەی لەئەنجامی ئالوودەیی بە بەکارهێنانی مەستیبەخش و هۆشبەرەکان، هەروەها کەڕ و لاڵ، ئەگەر لەکاتی ئەو نارێکیەدا تاوانێکی کرد و بەسزایەکی سووککراو یان گۆڕدراو سزا درا، سزاکەی لە شوێنێکی تایبەت بە چارەسەرکردن بەسەر دەبا، جا ئەگەر باری دەروونی و ئەقڵیی چاك بوو ئازاد دەکرێ، لەگەڵ سەپاندنی چاودێری لەسەری ئەگەر دۆخەکە وای خواست.

٥- بەدەقێکی راشکاو روونی کردەوە کە سەرخۆشی و سڕبوون چ بەتەواوی بن یان بەشەکی لە سەرجەم ئەو حوکمانەی باس کران، یەکسانن.

یەمەنی:

(م٣٣) (ئەوەی لەکاتی ئەنجامدانی کردەوەکەدا توانای ئەوەی نەبێ سروشتی کارەکە و ئەنجامەکەی بزانێ ئەویش بەهۆی بەکارهێنانی مادەی مەستیبەخش یان هۆشبەر بەزۆر یان بەنەزانی، یان لەبەر زەرورەت، خۆ ئەگەر ئەوە بە ویستی خۆی بوو یان بەهەڵەی ئەو بوو سزا دەدرێ وەك ئەوەی کردەوەکە بەبێ سەرخۆشی یان سڕبوون لەدەستی قەومابێ).

ئەم یاسا بەوە دەناسرێتەوە کە بەروونی و بەکورتی جیاوازی لەنێوان سەرخۆشی یان سڕبوونی خۆویستانە و خۆنەویستانەدا کردوە و دووەمیانی بە رێگر دانراوە ئەگەر مەرجەکانی هەبوون نەك دووەم، بەڵام خۆی نە لە قەرەی جیاوازیکردن لەنێوان سەرخۆشی یان سڕبوونی تەواوەتی یان بەشەکی، نە لە قەرەی سەرخۆشی یان سڕبوونی پلان بۆدانراو و پلان بۆ دانەنراو نەداوە[1].

عومانی:

(م٦٠٢) (سزای لەسەر نیە ئەوەی تاوانێك ئەنجام بدا و بەهۆیەکی لەناکاو یان هێزێکی بێئامان لە حاڵەتی ژەهراوییبووندا بێ لەئەنجامی هۆشبەرەوە کە هۆش و ئیرادەی لەدەست دابێ. ئەگەر حاڵەتی ژەهراوییبوونەکە لەئەنجامی هەڵەی بکەرەکەوە بوو، لە ئەنجامدانی هەموو تاوانێکی بێ مەبەست بەرپرسیار دەبێ. بەڵام ئەگەر خۆی لەو حاڵەتەدا بەمەبەستی ئەنجامدانی تاوانەکەی مەرامێکی هێنایەکایە، بەپێی (م١١٤) سزاکەی توند دەکرێ)[2].

---

[1] (المدبر) ئەومیە بەکارهێنانەکە بەمەبەستی ئەنجامدانی تاوان بوویێ.

[2] زیندانیی هەتاهەتایی دەگۆڕدرێ لەسێدارەدان و هەر سزایەکی کاتیش لە سێ-یەك بۆ نیوە زیاد دەکا.

لەم مادەیە ئەم خاڵانە بەدەست دێن:

١- بەڕوونی جیاوازیکردن لەنێوان سڕبوونی خۆویستانە و خۆنەویستانە، کە دووەمیانی بە ڕێگر داناوە نەك یەکەم.

٢- جیاوازیکردن لەنێوان سڕبوونی پلان بۆدانراو و پلان بۆ دانەنراو، کە یەکەمیانی بە ئۆخێکی توندێن (مشدد) داناوە. لەم یاسایەدا تێبینی دەکرێ:

أ- جیاوازی لەنێوان تاوانی بەمەبەست (مقصود) و بێ مەبەستدا کردوە هاوشێوەی یاسای سووری و لوبنانی و کەوتۆتە ژێر کاریگەریی هەندێ لە شرۆڤەکارانی یاسا، ئەمەیش هەڵەیەکە لێخۆشبوونی نیە لەبەرئەوەی وەك باسمان کرد ئەم جیاکردنەوەیە ئەنجامی ترسناکی لەسەر کۆمەڵگە هەیە، لەوانە ئەوەیە تاوانکار ئەگەر لە سەرخۆشیی خۆویستانەیدا برینێکی سادەی کردە جەستەی مرۆڤێك، سزا دەدرێ لەبەرئەوەی تاوانە و مەبەستی تایبەتی ناوێ، بەڵام ئەگەر دزیەکی کرد یان ئەتکی ناموسی کرد یان کەسێکی ڕفاند لەڕووی جینائیەوە لێی ناپرسرێتەوە لەبەرئەوەی تاوانی بەمەبەستن و پێویستیان بەمەبەستی تایبەتە (القصد الخاص)، ئەوەیش لای سەرخۆش یان ژەهراوی بە هۆشبەر، بزرە.

ب- تەنیا باسی لەهۆش خۆچوون بەهۆی هۆشبەرەوە کردوە و باسی کاریگەریی مادەی مەستیبەخشی وەك ئارەقی پشتگوێ خستوە.

ج- دەستەواژەی (لا عقاب)ی بەکار هێناوە، ئەویش وەك باسمان کرد عەیبدارە.

ئەنجامگیری و بەراورد:

بەبەراورد لەگەڵ دەقە یاساییە پەیوەندارەکان بە کاریگەریی سەرخۆشی یان سڕبوون لە بەرپرسیارێتیی جینائی لە یاسا جەزاییە عەرەبیەکاندا، دەگەینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

* لەم یاسایانەدا پێکەوەبەستران و وەکیەکی لە چارەسەری ئەم بابەتە مەترسیدارەدا نابینین جگە لە دوو یاسا (یاسای سووری و یاسای لوبنانی)، لەکاتێکدا ئەگەر سەرێێو (ئیستیقرا)ی تەواو یان ناتەواو بەکار بێنین و سەرژمێریەکی مەیدانی بۆ تاوانەکان و هۆ و ئاسەوارەکانیان نەك لە دەوڵەتە عەرەبیەکان بەتەنیا، بەڵکو هەموو دەوڵەتانی جیهان بکەین، دەبینین تاوانەکان بەهەموو جۆر و ڕەنگەکانیانەوە لەڕووی مەترسی و ئاسەوارە نەرێنیەکانیان لەسەر گەلان و کۆمەڵگە و تاکەکان لە هەموو جیهاندا هەمان شتن، هەروەها هۆکانیان جگە لە هەندێ شتی لاوەکیی هەرێمی لە هەموو هەرێم و هەموو وڵاتێکدا وەك یەکن، ئەمەیش وامان لێدەکا بپرسین: تاکەی ئەم ئوممەتە وا لە یاسا و

سیستم و سیاسەت و ئابووریياندا پەرتەوازە دەبن لەکاتێکدا رایەڵەی پەیوەندیی نێوان گەلانیان زۆر بەهێزترە لەوەی لەنێو گەلانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکێتیی ئەورووپیدا هەیە؟ ئەم ئوممەتە کەی لەو خەوە قووڵەی بێدار دەبێتەوە و هەست بە نولکەوتن و پاشکەوتوویی لە کاروانی شارستانێتیی بەشەریی نوێ دەکا؟ کەی شکۆی مەزنی بەدەست دێنێتەوە کە لە سایەی یەکدەستووریدا (قورئانی پیرۆز) و یەکیاسایەکەیدا (شەریعەتی ئیسلامی) لێی بەهرەمەند بوو؟

* زۆربەی ئەو دەقانەی سەبارەت بە کاریگەریی سەرخۆشی یان سڕبوون خستمانە روو لەرووی لۆژیکی یاساییەوە ناتەولون، وەك ئەو دەقانەی جیاوازییان کردوە لەنێوان تاوانە بەمەبەستەکان و بێمەبەستەکان، کە یەکەمیان لەبەرئەوەی بەهۆی سەرخۆشی یان سڕبوون لەکاتی ئەنجامدانیدا بە بێمەبەست حسێبە و پرسوجۆی نیە، هەروەها لەخۆنەگرتنی سەرجەم حاڵەتەکانی سەرخۆشی و سڕبوون. هەروەها هەندێکیان لەرووی داڕشتنی تەکنیکی و یاساییەوە لاوازن وەك بەکارهێنانیان بۆ دەستەواژەی (لا عقاب) یان (لا جريمة) لەباتیی (لا مسؤولية جزائية).

دلانی سەرخۆش یان ژەهراوی بە هۆشبەر بەوەی بەرپرسیار نین لە تاوانە بەمەبەستەکانی وەك دزی و ئەتکی ناموس و رفاندنی کچان وەك یاسای سوری و لوبنانی و عومانی کردویانە، بەبەڵگەی ئەوەی سەرخۆش یان ژەهراوی بە هۆشبەر لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەیدا مەبەست تاوانکارانەی نیە، دەرگایەکی مەترسیدار لەبەردەم ئالوودەبوان بە بەکارهێنانی کهول و مەستیبەخشەکاندا دەکاتەوە، هەروەك دەرچوونە لە شەریعەتی ئیسلامی، هەروەها لە کۆدەنگیی فیقولانانی شەریعەت کە پێیان ولیە هەرکەس مەستیبەخش و هۆشبەرەکان بەمەبەست یان بە زانین و دەرککردنەوە بەکاربێنێ، وا دادەنرێ هەریەك لەم مەبەست و زانین و دەرککردنە لەکاتی ئەنجامدانیدا هەبوون، ئەویش لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی تاك و کۆمەڵدا.

* زۆربەی ئەو دەقە یاساییانەی خستنمانە روو باسیان لە گشت حاڵەتەکانی سەرخۆشی نەکردوە، هەندێکیان تەنیا باسیان لە حوکمی سەرخۆشیی یان سڕبوونی خۆنەویستانە کردوە وەك یاسای میسری و کوێتی و قەتەری. هەندێکیان رێگەیەکی پێچەوانەی ئەوەیان گرتوە تەنیا باسیان لە حوکمی سەرخۆشیی یان سڕبوونی خۆویستانە کردوە و ئەوەیان فەرامۆش کردوە کە لەوە گرنگترە، ئەویش کاریگەریی سەرخۆشیی یان سڕبوونی خۆنەویستانەیە وەك یاسای مەغریبی. هەندێکیشیان تەنیا باسیان لە حوکمی بەکارهێنانیان کردوە بەبێ ئەوەی باسی ئاسەوارەکانی بکەن وەك یاسای تونسی. هەندێ تەنیا باسیان لە کاریگەریی سڕبوون کردوە و کاریگەریی سەرخۆشییان فەرامۆش

کرێوە وەك یاسای عومانی، کە ئەوە دەرگای جیاوازی و ئیجتیهادی زۆرتری بۆ بەندێکی لەنێو شرۆڤەکارانی ئەو یاسایانەدا کردوەتەوە.

* زەروریات و پێداویستیەکانی پێشکەوتنی شارستانیی نوێ لە سەرجەم بوارەکاندا یەکێتیی یاسادانان لە گشت کێشە جینائی و مەدەنی و کارگێڕی و تەندروستی و سەربازی و ئابووری و کەلتووریەکانی وڵاتانی عەرەبی دەخوازێ لە سایەی شەریعەتی ئیسلامی و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی نێو گەلانی ئەم ئوممەتەدا، ئەوەیش وەك بەشێك لە خولیاکانی بەگژاچوونەوەی پەرتەوازەبوونیان، کە وای کردوە گەلانی ببنە نێچیری دوژمنانی چاوچنۆك و بەتاڵانبەری سامان و خێر و بێرە ناوخۆییەکان.

* بەمەبەستی یەکخستنی یاساکان شەریعەتی ئیسلامی نابێتە بەربەست لەبەردەم سوودوەرگرتن یە یاسا بیانیەکاندا، ئەمە جگە لە بنەما و ڕێساکانی ئەو شەریعەتە، لەبەرئەوەی سەرجەم یاسا وەزعیەکان بەرهەمی ئەقڵی ساغن، کارکردنیش بەگوێرەی ئەقڵی ساغ خوای گەورە لە (٤٩) ئایەتی قورئاندا فەرمانی پێ کردوە.

ڕووەکانی لێکچوون و جیاوازی لەنێوان شەریعەتی ئیسلامی و یاسا جەزاییەکانیتردا:

بەبەراورد لەنێوان ئەو دەقە یاساییەی عەرەبیانەی باسیان لە کاریگەریی سەرخۆشی یان سڕبوون لە بەرپرسیارێتیی جینائی کردوە، لەگەڵ ئەو دەقە فیقهییانەی پەیوەندییان بەم بابەتەوە هەیە کە هەندێ نموونەیمان خستە ڕوو، بۆمان دەردەکەوێ لە هەندێ ڕووەوە لێکچوون و لە هەندێ ڕوویترەوە جیاوازییان لەنێواندا هەیە:

یەکەم/ ڕووەکانی لێکچوون:

یاسا جینائییە عەرەبییەکان لە بابەتی سەرخۆشی یان سڕبوون لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامی لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆکن:

١– لە دابەشکردنی سەرخۆشی یان سڕبوون بۆ خۆویستانە، کە زانایانی شەریعەت لە ئوسوڵی و فیقولتان ناویان ناوە سەرخۆشی یان سڕبوون بەڕێگەی ڕێپێنەدراو + سەرخۆشی یان سڕبوونی خۆنەویستانە کە پێی دەوترێ سەرخۆشی یان سڕبوون بەڕێگەی ڕێپێدراو، هەروەها کۆکن لەوەدا هەندێ لەم ڕێگایانە شەخسین وەك نەزانی و هەڵە و هەندێکیان دەرەکین وەك زۆرلێکردن و

زەرورەت، خۆویستانەکە رێگر نابێ بەپێچەوانەی خۆنەویستانەکە کە رێگر دەبێ لە بەرپرسیارێتیی جینائی ئەگەر ئەو چوار مەرجەی تێدا بوو کە لە هەردوو یاسای میسر و عێراقیدا باسمان کردن.

٢- لە دابەشکردنی سەرخۆشی یان سڕبوونی خۆنەویستانە بۆ تەواوەتی و بەشەکی، لە حاڵەتی یەکەمدا رێگر دەبێ و لە حاڵەتی دووەمدا ئۆخێکی سزا سووکێن دەبێ، بەڵام شەریعەتی ئیسلامی بەدەق سزا سووککراو یان گۆڕدراوەکەی دیاری نەکردوە، بەڵکو ئەو دیاریکردنەی بۆ دەسەڵاتی یاسادانانی زەمەنی بەجێ هێشتوە.

٣- شایانی باسە دادوەر دەسەڵاتی داهێنانی تاوان یان سزای نیە، بەڵام دەسەڵاتی سووککردن و توندکردنی هەیە، ئەویش تەنیا لە سزا تەمێکارانە (تەعزیریەکان)دا.

٤- لە زەرورەتی دانانی تووشبوو بە نەخۆشیەکی ئەقڵی لەئەنجامی ئالوودەبوون بە مادە مەستیبەخش و هۆشبەرەکان لە تەندروستگەیەکدا بەمەبەستی چارەسەکردن و لەوێدا سزاکەی بباتەسەر تا راپۆرتی پزیشکی دەریدەخا باری دەروونی و ئەقڵی باش بووە، پاشان ئازاد دەکرێ تا بگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگە بەو مەرجەی ئەگەر پێویستی کرد بخرێتە ژێر چاودێری. وەلی ئەمر بە پلەی یەکەم لەم چاودێریکردنە بەرپرس دەبێ.

٥- لە دانانی سەرخۆشیی پلان بۆ دانراو بە ئۆخێکی توندێن (ظرف مشدد)، ئەگەر مەستیبەخش یان هۆشبەرەکەی بەکارهێنا و بە قەرینەیەکی حاڵ یان مەقال (گوتن) دەرکەوت نیازی ئەنجامدانی ئەو تاوانەی هەیە کە لەکاتی سەرخۆشی یان سڕییەکەیدا ئەنجامی داوە، سەرخۆشی یان سڕییەکە بە ئۆخێکی توندێن دادەنرێ بۆ ئەو سزایەی بۆ تاوانەکەی دانراوە ئەگەر هاتوو سزاکە تەعزیری بوو، لەبەرئەوەی سزای حەدەکان و سزای قیساس و خوێنبایی نە ئۆخی توندێن و نە ئۆخی سووکێن کاریان تێناکەن. هەروەها شەریعەتی ئیسلامی جۆر و بڕی توندکردنەکەی دیاری نەکردوە، بەڵکو ئەوەی بۆ دەسەڵاتی یاسادانانی زەمەنی بەجێ هێشتوە.

٦- لە تەعلیلکردنی لێپرسینەوەی تاوانکار لەرووی جینائیەوە لەو تاوانەی سەرباری لەدەستدانی ئیدراک و تەمیز لەکاتی سەرخۆشی یان سڕبووندا ئەنجامی داوە، بەوەی ئەوە بیانووبڕینە لەبەردەم دەستدرێژیی سەرخۆشان بۆ سەر ماڵ و گیان و ناموسی بێتاوانان، هەروەها بەوەی نابێ رێگە بدرێ تاوانکار سوود لە تاوانەکەی وەربگرێ.

٧- لە حسابکردن بۆ بوونی مەبەستی تاوانکارانە (قەسدی جینائی) لای تاوانکار لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەیدا با تەمیز و ئیدراکیشی لەدەست دابێ، ئەویش وەك ئیستیسحاب بۆ ئەو

ئەندازە مەبەستەی لە بەکارهێنانی مەستیبەخش یان هۆشبەرەکەدا هەیە، هەروەها پاراستنی مافەکانی خەڵك لەوەی بکەونە بەر دەستدرێژیی سەرخۆشان و ژەهرلوویان بە هۆشبەر و ئەلکهول.

دووەم/ رووەکانی جیاوازی:

یاسا جەزاییە عەرەبییەکان سەبارەت بە کاریگەریی سەرخۆشی یان سڕبوون لە بەرپرسیارێتیدا، لە چەند خاڵێکی جەوهەریدا لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامی جیاوازن، لەوانە:

١- حەرامنەکردنی مەستیبەخشەکان بەڕەهایی و بەدەقێکی ڕاشکاو لە زۆربەی یاسا جەزاییە عەرەبییەکان و حەرامکردنی لە هەندێ یاسادا، کە کەمن و زیاتر باس لە حاڵەتە ئاشکراکان و بەکارهێنانی لە شوێنە گشتییەکان، یان بۆ ناکامان یان لە حاڵەتی گومان لە ڕوودانی تاوانێکی لە سیستم و ئەو جۆرە شتانە، ئەمە سەرباری ئەوەی قورئانی پیرۆز بەدەق و بەشێوەیەکی بنبڕ هەموو جۆرەکانی مەستیبەخشەکانی بەنهێنی و ئاشکرا حەرام کردوە، بە دروستکردن و کڕین و فرۆشتن و هەنارده و هاوردەکردنیەوە، ئەمە سەرباری هەوڵی دەوڵەتانی نائیسلامی بۆ قەلاچۆکردنی ئەم دەردە پیسە، هەروەها سەرباری ئەوەی دەستووری دەوڵەتانی ئیسلامی دەڵێ ئاینی ڕەسمیی دەوڵەت ئیسلامە، ئەمە جگە لەوەی قورئانی پیرۆز دەستووری موسڵمانانە، ئەوانە ڕوانگەی کارکردن بە بنەمای دەستووریبوونی یاسا پێویستە یاساکانیان لەگەڵ دەستوورەکەیان لێك نەدا.

٢- پشتگوێخستنی یاسا جەزاییە عەرەبییەکان - وەك من بزانم- بۆ بابەتێکی گرنگ ئەویش واجبیی خوێنبایە لەسەر کەسوکاری تاوانکار بۆ وەرەسەی تاوانسەر کە قورئانی پیرۆز فەرزی کردوە، ئەمە جگە لە کەفارەت بە دەقێکی ڕوون و ڕاشکاو، خوای گەورە ئەفەرموێ ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَن يَقْتُلَ مُؤْمِناً إِلاَّ خَطَئاً وَمَن قَتَلَ مُؤْمِناً خَطَئاً فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ﴾[1]. پێشتر وردەکاریی بابەتی خوێنبایی ڕوون کرایەوە.

٣- دانەنانی سەرخۆشی بۆ چارەسەر وەك عوزرێکی ڕێگر لە بەرپرسیارێتیی جینائی لە شەریعەتی ئیسلامیدا.

---

[1] سورة النساء / ٩٢.

رای زال:

لە فیقهی ئیسلامیدا سەرخۆشی رێپێدراو و بەرێگەیەکی مەشروع نابێ ئەگەر بەکارهێنانی مەستیبەخشەکە بەمەبەستی چارەسەر و بەپێی راسپاردەی پزیشکی پسپۆڕ بوو، ئەویش بەپشتبەستن بەوەی لە پێغەمبەرەوە ریوایەت کراوە، کە تاریق بن سوید ئەلجەمفی لەبارەی ئارەقەوە پرسیاری لە پێغەمبەر کرد و گوتی (بۆ دەرمان دروستی ئەکەم) ئەویش فەرمووی (ئەوە دەرمان نیە، بەڵکو دەردە)[1]. لە ریوایەتەکەی ئەبودەرداشدا هاتووە پێغەمبەری خوا(د.خ) گوتی (خوا دەرد و دەرمانی دابەزاندوە و بۆ هەر دەردێك دەرمانێکی داناوە، بۆیە دەرمان بکەن، بەڵام دەرمان بە حەرام مەکەن). ئیبن مەسعود لەبارەی مەستیبەخشەوە دەڵێ: خوا شیفای ئێوەی نەخستۆتە ئەوەی لێتان حەرام کراوە[2].

ولە رای جمهوری فیقولنانی شەریعەت لەسەرحەرامکردنی دەرمانکردن بە مەستیبەخشەکان جێگیر بووە، بەوەیش سوننە گشتیبوونی ئەوەی خوای گەورە ئەفەرموێ ﴿فَمَنِ اضطُرَّ غَيرَ بَاغٍ وَلا عَادٍ فَلا إِثمَ عَلَيه﴾[3] تایبەت کردوە، بەپێچەوانەی ئەوەی لە یاسای وەزعی و شرۆڤەکارانی یاسای جینائیدا هەیە کە سەرخۆشی بەمەبەستی چارەسەر بە سەرخۆشیەکی خۆنەویستانە دادەنرێ، بەوەیش دەبێتە عوزرێکی مەشروع کە رێگرە لە بەرپرسیارێتیی جینائی.

١- زۆربەی یاسا جەزاییە عەرەبیەکان بەراشکاوی مەستیبەخشەکانیان حەرام نەکردوە، لەو روانگەیەشەوە تاوانکاری سەرخۆش بە سەرخۆشیی خۆویستانە سزا نادرێ مەگەر لەسەر ئەو تاوانەی لەکاتی سەرخۆشیەکەیدا ئەنجامی داوە و لەسەر تاوانی بەکارهێنانی مەستیبەخشەکە لێی ناپرسرێتەوە.

٢- چارەسەرکردنی بەرپرسیارێتیی مەستیبەخش و هۆشبەر تەنیا لە بواری بەرپرسیارێتیی جینائیدا کورت کراوەتەوە، دەبوو راشکاوانە ئەوەیان بەدەق جێگیر بکردایە کە سەرخۆشی یان سڕبوونی خۆنەویستانە تەنیا لە بەرپرسیارێتیی جینائی رێگرە، ئەو کەسە لەرووی مەدەنیەوە

---

[1] رواه الإمام أحمد ومسلم وأبو داود والترمذي وصححه. نيل الأوطار – للشوكاني: ٢٢٩/٨ تحت عنوان باب ما جاء في التداوي بالمحرمات.

[2] رواه البخاري. سەرچاوەی پێشوو.

[3] سورة البقرة / ١٧٣.

پرسوجۆ دەکرێ ئەگەر ماڵی کەسیتری لەناوبرد یان کەم کردەوە و دەبێتە زامنی، وەك ئەوەی شەریعەتی ئیسلامی پەسەندی کردوە لە ئیقرارکردنی بەرپرسیارێتیی مەدەنیی فامنەکردن.

بەشی سێیەم

ڕێگرە دەرەکییە کاریگەرەکان لەسەر ئیرادە

کاریگەریی ئەو بەربەستانەی لە بەشی یەکەم و دووەمدا روون کرانەوە گشتی بوو و ئیدراک و ئیرادەیان دەگرتەوە، کە هەردووکیانی لەدەست دەدەن یان لاوازی دەکەن، وەك شێتی و هەر نەخۆشیەکی ئەقڵیتر و چکۆلەیی و سەرخۆشی.

هەرچی ئەو بەربەستانەن لەم بەشەدا لێیان دەکۆڵینەوە کاریگەرییان تەنیا ئیرادە دەگرێتەوە بەبێ ئیدراك، بۆ نموونە هەریەك لە زۆرلێکردن و زەرورەت ئیدراك لەناو نابەن، بەڵام ئیرادەی ئازاد ناهێڵن یان کەم دەکەنەوە. هۆی ئەم جیاوازییە لەنێوان هەردوو بەش (یەکەم و دووەم) و بەشی سێیەم بۆ پەیوەندیی لۆژیکیی نێوان ئیدراك و ئیرادە بەگوێرەی بەدیهاتن و نەبوون (الانتفاء) دەگەڕێتەوە، کە بریتییە لە گشتی و تایبەتی رەها لەنێوانیاندا، ئەوەندە هەیە لە حاڵەتی بەدیهاتندا ئیرادە بەرەهایی تایبەتتر و ئیدراك بەرەهایی گشتیترە، هەرکات ئیرادە بەدیهات ئیدراکیش بەدیدێ وەك لە مرۆڤی باڵقی ئەقڵی هەڵبژێردا، بەڵام لەوانەیە ئیدراك بەبێ بوونی ئیرادەی ئازاد بەدیبێ وەك لە هەردوو حاڵەتی زەرورەت و زۆرلێکردندا، بەڵام لە باری نەبووندا بەپێچەوانە دەبێ، واتە نەبوونی ئیدراك بەرەهایی تایبەتتر و نەبوونی ئیرادە بەرەهایی گشتیترە، جا ئەگەر ئیدراك نەبوو ئیرادەیش نابێ وەك لە حاڵەتی شێتیدا، بەڵام دەشێ ئیرادەی ئازاد نەمێنێ بەڵام ئیدراك بمێنێ وەك لە زۆرلێکردن یان زەرورەتدا.

ئەوە روونە هەریەك لە ئیدراکی تەواو و ئیرادەی ئازاد لە گرنگترین رەگەزەکانی بەرپرسیارێتیی جینائین، جا ئەگەر یەکێکیان نەما بەرپرسیارێتیی جینائی نامێنێ، هەروەها ئەگەر یەکێکیان لاواز بوو ئەو بەرپرسیارێتییە کەم دەکا، بەوەیش سزای تاوانەکە سووك دەکرێ یان دەگۆڕدرێ.

ئەوەی لێرەدا شیاوی باسکردنە ئەوەیە زەرورەت بە هۆیەك لە هۆکانی رێپێدان دانانرێ بەرەهایی سەرەڕای بوونی رێسای {الضرورات تبيح المحظورات}[1]، لەبەرئەوەی ئەم رێسایە رێسایەکیتر بەرهەڵستی دەکا کە دەڵێ {الأضطرار لا يبطل حق

---

[1] م٢١ مجلة الأحكام العدلية. ئەوە رێسایەکە شەرع و یاسا لەسەری کۆکن.

الغیر}[1]، (واتە: پێگیران مافی کەسانیتر پووچەڵ ناکاتەوە)، جا ئـەوەی لـەژێر فشـاری برسێتیدا ماڵی کەسێکیتر بەبێ مۆڵەت بخوات، یـان لەبـەر هێزێکی بێئامـان بیفـەوتێنێ، زەمان و قەرەبووی لەسەر واجب دەبێ.

تێکگیرانی ئەم دوو ڕێسایە بەوە هەڵدەگیرێ ڕێسـای یەکـەم لەسـەر بەرپرسـیارێتیی جینائی بار (تحمیـل) بکرێ، ئەوکاتـە زەرورەت دەبێتـە ڕێگـری ئـەو بەرپرسـیارێتییە و بارکردنی دووەمیان لەسـەر بەرپرسـیارێتیی مـەدەنی، لـەم ڕوانگـەوە زەرورەت لـە بـابی ڕێگرەکـانی بەرپرسـیارێتیی جینائیـدا لێـی دەکۆڵرێتـەوە نـەك لـە هۆکـانی ڕێپێدانـدا. پێشنیار دەکەم ڕێسای ناوبراو بگۆڕردێ بۆ ڕێسای (الضرورات تجیز المحظورات).

ڕێسایەکیتر هەیە کە لەوانەیە واگومـان بـبرێ کـە لەگـەڵ ئـەوەی باسمـان کـرد تێك بگیرێ کـە گوتمـان ڕێپێـدانی قەدەغـەکراو لـە حاڵـەتێ زەرورەتـدا بکـەر لـە زەمـانکردن نابەخشێ، ئەویش بریتییە لە ڕێسای {الجواز الشرعي ينافي الضمان}[2]، بەڵام لەڕاسـتیدا ئـەم تێکگیرانـە لـەئارادا نیـە لەبەرئـەوەی ئـەم ڕێسـایە تایبەتـە بـە حـوکمی حاڵـەتی بـەکارهێنانی مـرۆڤ بـۆ مـافی شـەرعی و یاسـایی خـۆی، ڕێسـای {الضـرورات تبـیح المحظـورات} تایبەتـە بـە جـائیزبوونی ئیستیسـنایی ڕەفتـارکردن، بـەبێ ئـەوەی هـیچ کاریگەریـەکی لەسـەر سـیفەتی نامەشـروعیبوونی لـەخودی خۆیـدا هـەبێ، لـەم ڕوانگەیەشـەوە بەرپرسـیارێتیی جینـائیی عوزرەکـە نـامێنێ و بەرپرسـیارێتیی مـەدەنیی کەمتەرخـەمی دەمـێنێ، لەبـەر بـوونی تـەواوی ڕەگـەزەکانی کـە بـریتین لـە: کـردەوە نامەشروعەکە + زیان + پەیوەندیی هۆیی لەنێوان کردەوەکە و زیانەکە.

بە سەرپێوکردن (ئیستیقرا) دەبینین ئەو بەربەستانەی کـار لـە ئیرادە دەکـەن بـەبێ ئیدراك کە زانایانی شەریعەت و یاسا لە بابی ڕێگرەکـانی بەرپرسـیارێتیی جینائیـدا لێیـان کۆڵیونەتەوە، بـریتین لـە زۆرلێکـردن و زەرورەت، لەبەرئـەوە لـە دوو بەشـدا دیراسـەیان دەکەین یەکەمیان لەبارەی زۆرلێکردن و دووەمیان لەبارەی زەرورەت.

---

[1] م٣٣ لمجلة. ئەوەیش دیسان لەسەری کۆکن.
[2] لمجلة م٩١.

بەشی یەكەم:
زۆرلێكردن و كاریگەری
لە شەریعەتی ئیسلامی و یاسادا

بەهۆی جیاوازیی شەریعەت و یاسا لە هەندێ رووەوە لەم رێگەرەدا لە دوو باسدا لێی دەكۆڵینەوە.

باسی یەكەم:
زۆرلێكردن و بەرپرسیارێتیی جینائی لە شەریعەتی ئیسلامیدا

زۆرلێكردن (الاكراه) لەڕووی زمانەوانیەوە یان لە (كرە یكرە كرهاً) وەرگیراوە، كەراهەتی شتیش دژی خۆشویستنیەتی، یان لە (أكره فلاناً على الأمر) واتە فلانی ناچار بە شتێك كرد[١].

ماناى يەكەميان لەگەڵ مانا زاراوەیی و ئوسوڵیەكەی (الكراهة)دا دەگونجێ كە جۆرێكە لە جۆرەكانی حوكمی شەرعیی تەكلیفی و پێناسە دەكرێ بەوەی، داوای نەكردنی كردەوەیەكە لەڕووی لەپێشبوون (ئەولەویەت) و باشتربوون (ئەفزەلیەت)ەوە، بەشێوەیەك ئەنجامنەدەری پاداشت و ئەنجامدەری سزا دەدرێ.

بەڵام مانای دووەم لەگەڵ مانا زاراوەییە فیقهی و یاساییەكەی زۆرلێكردندا دەگونجێ كە جۆرێكە لە جۆرەكانی عەیبی رەزامەندی (یان ئیرادە)، ئەمە بابەتی توێژینەوەكەی ئێمەیە.

لە قورئانی پیرۆزدا (الكَره) هاتووە (بە فەتح و زەمی كاف)[٢]، یەكەمیان بەزۆری (ئەوەیە تۆ خەڵكیتری لەسەر ناچار بكەیت) و دووەمیان (ئەوەیە خۆتی لەسەر ناچار بكەیت).

---

[١] لسان العرب – لابن منظور: ٤٣٠/١٧ فصل الكاف حرف الهاء. الصحاح في اللغة مادة (كره): ٣٨٨/٢.

[٢] خوا ئەفەرموێ: ﴿ولله يَسْجُدُ مَن في السَّموٰت طَوعاً وكَرهاً﴾ سورة الرعد / ١٥.
هەروەها ئەفەرموێ: ﴿كُتبَ عَلَيكُمُ القتَالُ وَهُوَ كُرهٌ لَكُم﴾ سورة البقرة / ٢١٦.

له زاراوەدا (اکراه) دوو مانای هەیە، مانایەکی گشتی کە زۆرلێکردنی رەوا (مەشروع) دەکرێتەوە وەك ناچارکردنی قەرزار بۆ جێبەجێکردنی پابەندیەکەی، لەگەڵ زۆرلێکردنی ناڕەوا وەك ناچارکردنی کەسێك بە کوشتنی مرۆڤێکی بێتاوان + مانایەکی تایبەت بەوەی ناڕەوایە، کە بە مانا گشتیەکەی پێناسە دەکرێ بەوەی (پاڵەپەستۆیەکە لەلایەن کەسێکەوە بۆ سەر کەسێکیتر بەمەبەستی ناچارکردنی بە کردن یان نەکردنێك بەدەر لە رەزامەندیی خۆی).

بە مانا تایبەتەکەیشی پێناسە دەکرێ بەوەی (پاڵەپەستۆیەکی ناڕەوایە لە کەسێکەوە بۆ سەر کەسێکیتر کە ترس و بیم دەخاتە دڵیەوە و پاڵی پێوە دەنێ بۆ کردن یان نەکردنێك بەدەر لە رەزامەندیی خۆی). ئەم تایبەتە بابەتی توێژینەوەکەی ئێمەیە، لەبەرئەوەی زۆرلێکردنی رەوا کاریگەری لە بەرپرسیارێتیی جینائیدا نیە، بۆ نموونە زۆرکردن لە سەرباز یان پۆلیس بۆ کوشتنی ئەو کەسەی سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە و حوکمەکە پشتی بە بەڵگەیەکی شەرعی دەبەست و هۆیەك بوو خوێنی حەڵاڵ بکا، هیچ کاریگەری لە بەرپرسیارێتیی جێبەجێکاردا نیە.

رەگەزەکانی زۆرلێکردن: ئەوەی بەلای زانایانی یاساوە باو بڵاوە ئەوەیە رەگەزەکانی زۆرلێکردن دوانن: ماددی و مەعنەوی.

رەگەزی ماددی: بریتییە لەو ئامرازەی بۆ پاڵەپەستۆ خستنە کەسێك بەکاردێ بەمەبەستی ناچارکردنی بۆ ئەنجامدانی ئەوەی پێی خۆش نیە.

رەگەزی مەعنەوی: ئەو ترس و بیمەیە لەئەنجامی هەڕەشە و گوڕەشەی زۆرلێکەردا لە دڵی زۆرلێکراودا دروست دەبێ.

بەلام ئەم دابەشکردنە دوانینەیەی رەگەزەکانی زۆرلێکردن لەگەڵ ئەو رێسا مەنتیقیەدا لێك دەدا کە دەڵێ رەگەزەکانی ئەو شتانەی دەکەونە دەرەوەی زەینی مرۆڤ و لە واقیعدا هەن بەشە بچکۆلانە پێکهێنەرەکانی ئەو شتانەن، بۆ نموونە وەك ئەو کەرەستە بەرلیانەی لە دروستکردنی بینایەکدا بەکار دێن، بەڵام رەگەزەکانی تیۆر و زاراوەکان لە هەر زانستێکدا ئەو موفرەدانەیە لە پێناسەکانیاندا بەکارهێنراون، لە روانگەی ئەم راستییە لۆژیکیەوە رەگەزەکانی زۆرلێکردن پێنجن و بریتین لەزۆرلێکەر، زۆرلێکراو، زۆر لەسەرکراو، هەڕەشەپێکراو، لەگەڵ بیم (المُكرِه، والمُكرَه، والمُكرَه عليه، والمهَدد به، والرهبة)، چواری یەکەمیان رەگەزی ماددین و پێوەرەکانیان بابەتین، پێنجەمیش مەعنەوی و پێوەرەکەی شەخسی و خودییە. پاشان ئەم رەگەزانە بەس نین بۆ

بەبیهاتنی زۆرلێکردن کە دەبێتە رێگر لە بەرپرسیارێتیی جینائی، بەڵکو پێویستە جگە لەوە مەرجەکانیشی بەردەست بن، وەك لەم روونکردنەوەیەی خوارەوەدا:

مەرجەکانی زۆرلێکەر (المُكره):

زۆرلێکەر ئەو کەسەیە هەڕەشەی مەترسیەك لە کەسێکیتر دەکا ئەگەر ئەوەی دەیەوێ جێبەجێی نەکا، کە پێویستە ئەم مەرجانەی تێدا هەبن:

١- ئەوەیە سەرچاوەی زۆرلێکردنەکە مرۆڤ بێ، ئەگەر ئاژەڵ یان هێزێکی بێئامان بوو (رووداوێکی مادیی سروشتی) ئەو کەسەی ژیان یان ماڵ یان ناموسی لەژێر هەڕەشەدایە لە حاڵەتی زەرورەتدا دەبێ نەك زۆرلێکردن، جیاوازیی نێوانیشیان لەجێی خۆیدا باس دەکرێ.

٢- توانای جێبەجێکردنی هەڕەشە و گوڕەشەکەی هەبێ ئەگەر هاتوو زۆرلێکراو ئامادە نەبوو زۆر لەسەرکراو جێبەجێ بکا، جا چ کردن بوو یان نەکردن. هەندێ فیقوان وەك ئەبوحەنیفە (رەحمەتی خوای لێبێ) سەبارەت بەم مەرجە پێی وایە (زۆرلێکردن تەنیا کاتێ دەبێ لە سوڵتان ولە دەسەڵاتدارێکی دڵنیێدانراوەوە بێ وەك سەرۆکی دەوڵەت یان ئەوەی نوێنەرایەتی دەکات و لە مامەڵەکردنی لەگەڵ خەڵك تاك و کۆمەڵگە ملکەچی بن..)، بەڵام لەوەدا هەردوو هاوەڵەکەی ئەبو یوسف و محەمەد لەگەڵی ناکۆك بوون و ئەوان لەگەڵ جمهور هاودەنگ بوون کە زۆرلێکردن بە هەموو خاوەن هێزێك دێتە دی کە توانای جێبەجێکردنی هەڕەشەکەی هەبێ، جا چ سەرچاوەی هێزەکەی دەسەڵاتێك بێ یان زاڵبوونێك بێ یان پشتقایمیەك و ئەو جۆرە شتانە.

کاسانی لە کتێبی (البدائع)[1]دا ناکۆکیی ئەبوحەنیفەی لەگەڵ ئەولنیتر بەوە لێکداوەتەوە کە جیاوازییە لە زەمەن و ژینگەدا، لەو رووەوە لە کاتی ئەبوحەنیفە و لەو ژینگەیەی ئەو تێیدا دەژیا جگە لە دەسەڵات کەس توانای جێبەجێکردنی هەڕەشە و گوڕەشەی نەبووە. بەڵام ئەم لێکدانەوەیە لەگەڵ ئارلستەی دوو هاوەڵەکەیدا لێك دەدا کە لە هەمان زەمەن و ژینگەدا ژیاون.

جمهوری فیقوانانی شەریعەتیش نەیانکردوە بە مەرج زۆرلێکەر دەسەڵاتدار بێ، هەروەك بە مەرجیان دانەناوە باڵق و ئاقڵ بێ و خاوەن فامی رەها و ئیدراکی تەولو بێ، لەبەرئەوەی پێوەر توانای جێبەجێکردنە، لەم روانگەیەشەوە زۆرلێکردن لە ئەقڵ تێکچوو و ئەقڵ ناتەولویش دەکرێ

---

[1] سەرچاوەی پێشوو: ٩/٤٤٨٩.

مادام بتوانن هەڕەشەکەیان جێبەجێ بکەن ئەگەر زۆرلێکراو گتی کرد لە جێبەجێکردنی ئەوەی زۆری لێکراوە بیکات.

مەرجەکانی زۆرلێکراو (المكرَه):

زۆرلێکراو ئەوەیە هەڕەشەیەکی دەستەویەخەی لە کەسی خۆی یان ناموسی یان ماڵی لێ بکرێ، یان ئەو هەڕەشەیە لە ئازیزێکی بکرێ وەك منداڵی یان ژنەکەی یان یەکێك لە دایك و باوك یاخود لە خوشك یان براکانی و ...هتد، کە پێویستە ئەم مەرجانەی تێدا بێ:

١- هەڕەشەی مەترسیەکی دەستەویەخەی لەسەر بێ لە ژیانی یان سەلامەتی یان ناموسی یان ماڵی، جا چ هەڕەشەکە ئاراستەی خۆی کرابێ، یان کەسێکی ئازیزی.

٢- نەتوانێ لەخۆی دووری بخاتەوە، چ بە هەڵاتن بێ یان بە یارمەتیی دەسەڵات یان پەنابردن بۆ کەسێك تا یارمەتی بدات بۆ بەرەنگاربوونەوەی، ئەگەر دەتوانرا بەیەکێك لەوانە رزگار بکرێ بە زۆرلێکراو دانانرێ.

٣- ئەو بڕوایە بەسەریدا زاڵ بێ کە ئەگەر ئەوەی زۆری لێدەکرێ لەسەری نەیکا، ئەو هەڕەشەیەی لێی کراوە جێبەجێ دەکرێ، ئەگەر ئەو هەڕەشەی مەترسییە لەسەر بناغەیەکی وەهمی دامەزرابێ زۆرلێکردن نیە.

٤- شتێك لێیەوە دەرنەچێ کە نیشانەی بوونی هەڵبژاردن (ئیختیار) بێ، وەك ئەوەی نەتوانێ لەوە لابدات کە زۆری لێکراوە لەسەری و ئەوەی دوای لێکراوە زیاد یان کەم بکا، ئەگینا بە گوێڕایەڵ دادەنرێ و زۆرلێکردن نە لەڕووی مەدەنی و نە لەڕووی جینائیەوە هیچ کاریگەریەکی لەسەر رەفتاری نیە، هەر ڕواڵەتێك لە ڕواڵەتەکانی ئیختیار کاریگەریی زۆرلێکردنەکەی بەتاڵ دەکاتەوە و وا حسێب دەکرێ وەك ئەوەی بە ویستی تەواوی کارەکەی کردبێ.

مەرجەکانی زۆرلەسەرکراو (المكره عليه):

ئەوەیە زۆرلێکەر دوای ئەنجامدانی لە زۆرلێکراو دەکا ئیتر کردن بێ یان نەکردن، جا ئەو کردەوەیە چ بەگوفتار بێ یان بە کردار، وەك تاوان و پێویستە ئەم مەرجانەی تێدا بێ:

١- ئەوەیە کردەوەیەکی دیاریکراو بێ، واتە ئەگەر لەنێوان دووشتدا سەرپشك کرا بەوەی زۆرلێکەر پێی گوت ئەمە یان ئەوە بکە ئەگینا ئەتکوژم، بەلای فیقوانانی شەریعەتەوە زۆرلێکردن نابێ، بەڵام ئەم مەرجە جێی سەرنجە، لەبەرئەوەی زۆرلێکراو ئەگەر لەنێوان دوو شتدا سەرپشك

کرا و هەردووکیان جائیز بوون بۆی هەیە کامیانی ویست بیکا وەك کەفارەت بۆ سوێندکەوتن، هەروەها وەك ناچارکردنی قەرزار بە دانەوەی ماڵینە (عەینی) یان دانەوە بە بەرانبەرێك. بەڵام ئەگەر یەکێکیان موباح و ئەویتریان حەرام بوو، ئەگەر حەرامەکەی هەڵبژارد زۆرلێکردنەکە نابێتە عوزرێکی ڕێگر لە بەرپرسیارێتیی جینائی لەبەرئەوەی دەتوانێ بە کردنی موباحەکە خۆی لە هەڕەشەکە ڕزگار بکا. ئەگەر هەردووکیشیان حەرام بوون و یەکێکیان زیانی زیاتر بوو پێویستە سووکەکەیان هەڵبژێرێ، خۆ ئەگەر توندترەکەیانی هەڵبژارد بە زۆرلێکراوێکی خاوەن عوزر دانانرێ، بەڵام ئەگەر لەڕووی زیان و حەرامیەوە لەیەك ئاستدا بوون ئەوا زۆرلێکردن هاتوتەدی با هەڵبژاردنیش هەبێ، لەبەرئەوەی چوارچێوەکەی تەسکە و لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە بژاردەی نیە.

٢- ڕزگاربوونی زۆرلێکراوی لەو هەڕەشەی لێی کراوە پێ بێتەدی، جا ئەگەر پێی وت خۆت بکوژە ئەگینا من ئەتکوژم ئەوە زۆرلێکردن نیە.

٣- کارێکی نامەشروع بێ، جا ئەگەر زۆری لێکرا بۆ جێبەجێکردنی قیساس یان دانەوەی قەرزێکی شایستە یان ئەنجامدانی ئەرکێکی دنیا یان ئاخیرەت، ئەوا زۆرلێکردن بە مانا زاراوەییەکەی لەئارادا نابێ.

مەرجەکانی هەڕەشەپێکراو (المهدد به):

مەرجە ئەم مەرجانەی تێدا هەبن:

١- مەترسی بێ و هەڕەشە لە زۆرلێکراو یان ئازیزێکی بکا لە ژیانی یان سەلامەتیی لەشی یان ناموسی یان ماڵی بەبوونی ناکۆکی لەبارەی ئەمەی دووایی، کە ئاخۆ هەڕەشەکردن بە لەناوبردنی ماڵ زۆرلێکردنە یان نا؟

٢- لەوانە بێ کە حەرامە زۆرلێکراو لە حاڵەتی بوونی توانای هەڵبژاردندا بیانکا، وەك ئەوەی ئەگەر خاوەنی قیساس بە تاوانکارەکە بڵێ: فڵان بکوژە ئەگینا تۆڵەت لێدەکەمەوە، بە زۆرلێکردن ناژمێرێ.

٣- مەترسیەکی ڕاستەقینە بێ، ئەگەر وەهمی بوو زۆرلێکردن دروست نابێ.

٤- مەترسیەکی دەستەویەخە بێ، ئەگەر کەسێك هەڕەشەیەکی بۆ ئاییندە کرد بە زۆرلێکراو دانانرێ.

٥- مەترسیەکی گەورە بێ، ئەگەر کەم بوو وەك لە زۆرلێکردنی سووك (غير الملجيء)دا نابێتە عوزرێك کە تاوانکار لە بەرپرسیارێتی ببەخشێ، بەڵام قازی بۆی هەیە بەگوێرەی هێز و توندیی زۆرلێکردنەکە بە تۆخێکی سووکێتی دابنێ.

٦- زۆرلێکراو ئامرازێکیتری لەبەردەستدا نەبێ بۆ لەخۆدوورخستنەوەی جگە لەوەی زۆری لێدەکرێ لەسەری، ئەگەر توانی بە ڕێگەیەکیتر دووری بخاتەوە زۆرلێکردن نابێتە عوزرێکی ڕێگر لە بەرپرسیارێتی.

٧- مەترسیەکەی لە مەترسیی زۆر لەسەرکراو کەمتر نەبێ، زۆرلێکردن هیچ کاریگەریەکی لە بەرپرسیارێتیی تاوانی کوشتندا نابێ ئەگەر هەڕەشەکە بە لەناوبردنی ماڵ بێ، مەگەر لەڕووی سووککردنەوە.

مەرجەکانی بیم (الرهبة):

بریتییە لە ترسانی زۆرلێکراو لەو مەترسیەی هەڕەشەی لێکراوە لە کەسی خۆی یان ناموسی یان ماڵی، یان لە کەسی ئازیزێکی یان ناموس یان ماڵی، ئەوەیش ڕەگەزێکی مەعنەوییە و پێوەر تێیدا شەخسییە، لەبەرئەوە لە مەزەندەکردنی پلەی زۆرلێکردندا حاڵەتی زۆرلێکراو لە ڕەگەز و تەمەن و تەندروستی و پێگەی کۆمەڵایەتی و هەر شتێکیتر لە هەر تۆخێکی شەخسی کە بکرێ کار لە ئیرادەی بکا، لەبەرچاو دەگیرێ. بیم پێویستە دوو مەرجی تێدا بێ:

یەکەمیان ئەوەیە بناغەیەکی ماقووڵ و پتەوی هەبێ بەشێوەیەك تەنیا لەسەر وەهم دانەمەزرابێ.

دووەم، ئەو بیمە بزوێنەری پاڵنەر بێ بۆ کردنی ئەوەی زۆری لەسەر کراوە بیکا.

جۆرەکانی زۆرلێکردن:

وەك من بزانم زۆربەی فیقوانانی شەریعەت بابەتی زۆرلێکردنیان لەگەڵ بابەتە جوزئیەکاندا باس کردوە بەبێ ئەوەی باب یان فەسڵێکی تایبەت بۆ ڕوونکردنەوەی جۆرەکانی لەڕووی سروشت و کاریگەرییەوە تەرخان بکەن، جگە لە هەردوو فیقهی حەنەفی و زاهیری[1]، کە لەو دووانەدا لەژێر

---

[1] بڕوانە: بدائع الصنائع: ٩/٤٤٧٩-٤٥١٥، والمحلى: ٨/٣٢٩-٣٣٦.

ناونیشانی (كتاب الاكراه)دا قسەی لەبارەوە کراوە. وا لە خوارەوە کورتـەی ئـەوەی پەیوەنـدی بـە زۆرلێکردن و جۆرەکانیەوە هەیە لەو دوو فیقهەدا دەخەینە روو.

یەکەم / دابەشکردنی زاهیری بۆ زۆرلێکردن:

ئیبن حەزامی زاهیری زۆرلێکردنی لە رووی سروشتی زۆرلەسـەر کـراوەوە بـۆ دوو جـۆر دابـەش کردوە، ئەوانیش زۆرلێکردن لەسەر قسە و زۆرلێکردن لەسەر کـردەوەن. هەریـەك لەوانـەش بـۆ دوو بەش دابەش دەبن:

جۆری یەکەم/ زۆرلێکردن لەسەر قسە:

ئەویش دوو بەشە:

یەکەمیان: زۆرلێکردن لەسەر رەفتارە گوتەییە رەواکان: ئەوە بـە رەهـایی بەتاڵـە و ئاسـەوارە شەرعییەکانی لە ماف و پابەندییەکان لێناکەوێتەوە ئەگەر لەژێر فشاری زۆرلێکردنی تەواودا بێ، جـا چ پەیدلکەر بێ وەك گرێبەندەکان یان بخەری حاڵەتێکی شـەرعی ئـارا بـێ وەك بەخشـین لـە قـەرز (الابـراء) و تـەڵاق و دەسـت هـەلگرتن لـە مـافی تۆڵەکردنـەوە و شـەفیعی، یـان ئیخبـاری بـێ وەك ئیفادەی شایەتەکان و دانپێدانان. کەواتـە زۆرلێکـردن لەهـە رەفتارێـك لـەم رەفتارانـەدا بـەرەهایی بەتاڵی دەکاتەوە.

دوووەم: زۆرلێکردن لە رەفتارە گوتەییە ناڕەواکاندا: وەك زۆرلێکردن لەسەر کردنی قسەیەك کە مرۆڤ لە حاڵەتی ئاسایدا پێی کافر دەبێت، هەروەها وەك بوهتـان و درۆکـردن، ئـەو کەسـەی لـەژێر فشاری زۆرلێکردندا ئەم رەفتارانە بکا لە رووی جینائی و مەدەنییەوە پرسوجۆ ناکرێ.

ئـیبن حـەزم دەڵـێ ((زۆرلێکـردن لەسـەر قسـەکردن هیچـی پـێ واجـب نـابێ، بـا زۆرلێکـراو گوتبێتیشی، وەك کوفر و قەزف و بوهتـان و دانپێـدانان و مـارەکردن و گێڕانـەوەی ژن (رەجعـە) و تەڵاق و کڕین و فرۆشتن و نەزر و ئیمان و بێشکەشکردن و زۆرکـردن لـە زیممـی بـۆ باوەڕهێنـان و هـیتر، چـونکە ئـەو لـەو گوتنـەدا لاسـایی ئـەو فشـارەی کردۆتـەوە کـە فـەرمانی پێکـراوە بیڵـێ، نـاکۆکیش لـەوەدا نیـە کـە لاسـاییکەرەوە هیچـی لەسـەر نیـە، ئـەوەی ئـەو دوو شـتەی لەیـەك جیاکردۆتەوە قسەکەی دژیەکی تێدایە). پێغەمبەری خـوا(د.خ) ئەفـەرموێ ((إنمـا الأعمَـالُ بالنيـاتِ وإنَّمَا لكُلِّ امرِئٍ مَا نَوَى)). کەواتە ئەوەی بە زۆر قسەیەکی پێبکرێ و لـە گوتنیـدا ئـازاد نـەبێ، پێـی پابەند نابێ.

جۆری دووەم/ زۆرلێکردن لەسەر کردەوە:

دابەش کراوە بۆ دوو بەش:

یەکەمیان: ئەو رەفتارە نارەوا (نامەشروع)انەی بە زۆرلێکردن موباح دەبن.

دووەم: ئەو رەفتارە نارەوایانەی زۆرلێکردن کاریان تێناکات و ئەنجامدەرانیان لەرووی جینائی و مەدەنیەوە بەرپرس دەبن و هەر شتێك سزای هەبێ ئەوانیشی لەسەر سزا دەدرێن وەك تاوانەکان، هەر کارێکی نارەوایش بەبێ پاساو زیانی مادی بە کەسیتر بگەیەنێ حوکمی قەرەبووی لەسەر دەدرێ، ولتە لەم بەشەدا زۆرلێکردن بوون و نەبوونی وەك یەکە، پێوەریش بۆ جیاکردنەوەی رەفتارێکی نارەوا کە بە زۆرلێکردن دەگۆڕێ بۆ موباح، لە رەفتارێك کە کاری تێناکا، زەرورەتە. هەرچی زەرورەت موباحی بکا زۆرلێکردنیش موباحی دەکات و هەرچی زەرورەت موباحی نەکا زۆرلێکردن کاری تێناکا.

ئیبن حەزم دەڵێ (زۆرلێکردن لەسەر کردەوە دەبێ بە دوو بەشەوە: **یەکێکیان** ئەوەیە زەرورەت موباحی دەکا وەك خواردن و خواردنەوە، ئەمە زۆرلێکردنیش موباحی دەکا، لەبەرئەوەی زۆرلێکردن زەرورەتە. ئەوەی لەسەر شتێك لەولە زۆری لێ بکرێ هیچی لەسەر نیە لەبەرئەوەی شتێکی کردوە کردنی موباحە. **دووەمیان** ئەوەیە زەرورەت موباحی ناکا وەك کوشتن و زامدارکردن و لێدان و خراپکردنی ماڵ، ئەکە زۆرلێکردن موباحی ناکات و هەرکەس بۆ شتێ لەولە زۆری لێ بکرێ قیساس و زەمانی دەکەوێتە سەر لەبەرئەوەی شتێکی کردوە کردنی حەرامە).

ئەم پێوەرە ورد نیە، لەبەرئەوەی جیاکردنەوەی ئەوەی زەرورەت رێی پێدەدا و ئەوەی رێی پێنادا لەسەر پێوەرێکیتر دەوەستێ، کە ئیبن حەزم ئەمەی روون نەکردۆتەوە.

ئەمە جگە لەوەی ئەم دابەشکردنە بۆ ئەو رەفتارە کردەییانەی زەرورەت رێیان پێنادات و ئەنجامدەرانیان لەرووی جینائی و مەدەنیەوە بەرپرسن، لەگەڵ ئەو قسەیەی دژ دەوەستێ کە دەڵێ زۆرلێکردن لە تاوانی زینادا رێگرە لە لێپرسینەوەی زیناکەر (نێر و مێ) لەرووی جینائی و مەدەنیەوە، لەکاتێکدا زەرورەت تاوانی زینا موباح ناکا. دەڵێ (ئەگەر ئافرەتێك گیرا و زینای لەگەڵ کرا، یان پیاوێك گیرا و چووکی خرایە نێو زێی ئافرەتێکەوە هیچ لەسەر ئەو دووانە نیە، جا چ پیاوەکە ئامێری هەڵبسێ یان هەڵنەسێ، ئاوی بێتەوە یان نەیەتەوە، ئاوی ئافرەتەکە دابەزێ یان

دڵنەبەزێ، لەبەرئەوەی ئەوان هیچیان نەکردوە، رەپبوون و ئاوهاتنەوە سروشتکردن و خوا لە مرۆڤدا دروستی کردون، جا پێی خۆش بێ یان ناخۆش، لەوەدا هیچ بەدەستە)[1].

ئەوە روونە تاوانی زینا زەرورەت و زۆرلێکردن موباحی ناکەن، بەپێی ئەو جیاکردنەوەیەی باس کرا پێویستە لێپرسینەوە لە زیناکەری ژن و پیاو بکرێ، دەبوو ئیبن حەزم لەو پێوەرەیدا جیاوازی لەنێوان تاوانەکانی حدود و باقیی تاوانەکانی قیساس و خوێنبایی و تەمێکردن (التعزیر) بکردایە و پێوەرەکەی لە تاوانەکانی حدود قەتیس بکردایە، لەبەرئەوەی هەریەك لە زەرورەت و زۆرلێکردن هیچ تاوانێکی حەددی موباح ناکەن با رێگریشە لە بەرپرسیاربوونی جینائی لێیان.

دووەم: دابەشکردنی فیقوانانی حەنەفی بۆ زۆرلێکردن

لەرووی مەترسیی هەڕەشەپێکراوەوە بۆ زۆرلێکردنی سەخت و زۆرلێکردنی سووك دابەش دەبێ:

١- زۆرلێکردنی سەخت (تەواو):

ئەوەیە هەڕەشەپێکراو مەترسی بێ بۆ سەر ژیان یان سەلامەتیی جەستە یان عیرز یان ماڵ، ناونراوە سەخت (یان تەواو) لەبەرئەوەی زۆرلێکراو جڵەو دەکات و ناچار بە کردنی داواکراوی دەکا.

کاریگەرییەکەی ئەوەیە رەزامەندی لەناودەبات و هەڵبژاردن فاسید دەکا بەشێوەیەك زۆرلێکراو ناچارە ملکەچی داواکراو بێ جا چ کردن بێ یان نەکردن تا ئەو ئازارە لەخۆی دوور بخاتەوە کە هەڕەشەی پێ کراوە، لەم ملکەچکردنەدا رەزامەندی نەماوە و هەڵبژاردنی فاسید بووە، ئەو هەڵبژێر (مختار)ە لەبەرئەوەی سووکترینی دوو خراپەیە، هەڵبژاردنیشی فاسیدە لەبەرئەوەی لە چوارچێوەیەکی تەسکدا ناچارە و هیچ توانای و جوڵەیەکی لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە نیە.

٢- زۆرلێکردنی سووك (ناتەواو):

ئەوەیە هەڕەشەکە ناگاتە ئاستی لەناوبردنی گیان یان ئەندام یان لێدانی توند کە گیان یان ئەندام دووچاری لەناوبردن بکا، کاریگەری ئەوەیە رەزامەندی لەناو دەبات، بەڵام هەڵبژاردن فاسد ناکا.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو: ٣٣١/٨.

شایانی باسە پێوەری جیاکردنەوە لەنێوان سەخت و سووکدا ئەگەرچی ماددی (بابەتی)یە، بەڵام پێویستە لە حسێبکردنی زۆرلێکردنەکەدا بە سەخت یان سووک لایەنی شەخسیی زۆرلێکراو لەبەرچاو بگیرێ، چونکە دەشێ زۆرلێکردن بۆ کەسێك سەخت و بۆ یەکێکیتر سووک بێ بەتایبەت ئەگەر هەڕەشەپێکراوەکە پەیوەندی بە دارایییەوە هەبێ کە بۆ هەژار سەخت و بۆ دەوڵەمەند سووکە، هەروەها هەڕەشەی ئاورازاندن و لەکەدارکردنی ناوبانگی کەسایەتی، کە بەلای ئەو کەسەی پارێزگاریکردن لە پێگەی کۆمەڵایەتی بەلاوە گرنگە سەختە بەڵام بۆ کەسیتر سووکە، هەروەها لێدان و هەڕەشەی بەندکردنیش بەهەمان شێوە، لەبەرئەوە فیقولنان لەپاڵ پێوەرە بابەتیەکەدا پێوەرە کەسیەکەیشیان بەهەند گرتووە.

پاشان حەنەفیەکان زۆرلێکردن بەڕەهایان بە هەردوو بەشی سەخت و سووکیەوە بەگوێرەی سروشتی زۆرلەسەرکراو بۆ زۆرلێکردنی هەستی و زۆرلێکردنی شەرعی دابەش کردوە، کە هەمان دابەشکردنی زاهیریە، لەبەرئەوەی **هەستی** هاومانای کرداری و **شەرعی** هاومانای گوفتاریە.

أ- **ڕەفتارە هەستیەکان**: ڕەفتارە هەستیەکان (یان کردەوەییەکان)یان کە زۆریان لەپێناودا کراوە لەڕووی حوکمی دنیا وڕۆژی دوواییەوە بۆ شەش جۆر دابەش کردوە، سیانیان بۆ حوکمی رۆژی دوایی، سیان بۆحوکمی دنیایی، لەو رووەوە نموونەکان دووبارەن دەکرێ لە سێ جۆردا کورت بکرێتەوە.

جۆری یەکەم: ئەو کردەوەیەی زۆری لەپێناودا کراوە زۆرلێکردن کاری تێدەکا بەشێوەیەك دەیگۆڕێ بۆ ڕێپێدراو (موباح) وەك خواردن و خواردنەوەی حەرامکراوەکان لەژێر فشاری زۆرلێکردندا، وەك خواردنەوەی ئارەق و هۆشبەر و خواردنی گۆشتی مردار و خوێن و گۆشتی بەراز و خواردنی ماڵی کەسیتر بەبێ مۆڵەتی خۆی، ئەوانە وەك چۆن بە زەرورەت موباح دەبن بە زۆرلێکردنیش موباح دەبن، لەبەرئەوەی خوا ئەفەرموێ ﴿وَقَدْ فَصَّلَ لَكُم مَّا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ إِلاَّ مَا اضْطُرِرْتُمْ إِلَيْهِ﴾[1]، ﴿فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلاَ عَادٍ فَلا إِثْمَ عَلَيْهِ﴾[2]. ئەو خواردن و خواردنەوانە بەزۆرلێکردن موباح دەبن هەرکات برسێتی زۆری بۆ مرۆڤ هێنا، بگرە لەوانەیە ببێتە واجب ئەگەر هاتوو ژیان لەسەر خواردنیان دەوەستا و مرۆڤ لە نەخواردنیان بەرپرسیار دەبێ، لەبەرئەوەی خوا

---

[1] سورة الانعام / ١١٩.

[2] سورة البقرة / ١٧٣.

ئەفەرموێ: ﴿وَلا تُلقوا بأيديكم إلى التهلكة﴾[1]. هەربۆیە زۆرلێکرلو لەڕووی جینائیەوە نە لە دنیا و نە لە رۆژی دوولیدا لەبارەیەوە پرسیاری لێ ناکرێ.

جۆری دووەم: ئەوەی کردەوەکە بە زۆرلێکردن موباح نابێ بەڵام دەرفەت پێدرلو (مرخص) دەبێ، واتە کردنی وەك جۆرە دەرفەتدانێکە بە زۆرلێکرلو و لە دنیا و دوارۆژدا پرسوجۆ ناکرێ لەسەری، وەك زۆرلێکردن لەسەر کوفر، ئەوەی زۆری لێ بکرێ بۆ کردنی شتێك کە لە دۆخی ئاساییدا مرۆڤی پێ کافر دەبێ، با مەشروعیش نیە ڕێگەی پێ دەدرێ ئەگەر هاتوو دڵی بەئیمان ئاوەدان بوو، چونکە خوا ئەفەرموێ ﴿مَن كَفَرَ بالله من بَعد إيمَنه إلاّ مَن أُكرِهَ وَقَلبُهُ مُطمَئنٌ بالإيمَنِ ولَكِن مَّن شَرَحَ بالكُفرِ صَدراً فَعَلَيهم غَضَبٌ مِّنَ اللهِ ولَهم عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾[2]. لەم دوو جۆرەدا مەرجە زۆرلێکردنەکە تەولو بێ.

جۆری سێیەم: ئەوەی بەهیچ شێوەیەك زۆرلێکردن کاری تێناکا، نە موباح دەبێ و نە دەرفەتی پێدەدرێ بەڵکو بە حەرامی دەمێنێتەوە و زۆرلێکرلو لەسەری لەڕووی جینائیەوە لە دنیا و دوارۆژدا پرسوجۆی لێ دەکرێ، جا چ زۆرلێکردنەکە تەولو بێ یان ناتەولو وەك لە تاوانەکانی قیساس و خوێنباییدا، ئەوەی زۆری لێ بکرێ بۆ کوشتنی کەسێکی بێتاوان ئەویش کوشتی، لە دنیادا تۆڵەی لێ دەکرێتەوە، ئەگینا لە رۆژی ڕەستاخێزدا لەسەری سزا دەدرێ. واتە لە دنیا و رۆژی دوولییدا پرسوجۆی لێ دەکرێ[3]. جا ئەگەر بەسزایەکی بڕیاردرلو بۆ تاوانەکە سزا درا سزاکەی رۆژی دوولیی لەسەر نامێنێ. درێژەی ئەم بابەتە لە تاوانەکانی قیساسدا باس دەکرێ.

ب- ڕەفتارە شەرعیەکان (گوفتاری): حەنەفی لەبارەی کاریگەریی زۆرلێکردن لەو ڕەفتارلنە بەم شێوەیە وردی دەکەنەوە: گوتویانە ڕەفتارە شەرعیەکان (گوفتاری) دوو جۆرن: پێکهێنان (انشاء) + دانپێدانان (ئیقرار). پێکهێنانیش دوو جۆرە: جۆرێك ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی لێناکرێ، جۆرێکیتر دەکرێ.

ئەو ڕەفتارەی شیمانەی هەڵوەشاندنەوەی نیە زۆرلێکردن کاری تێناکا بەڵکو دروست دادەمەزرێ و دەستبەجێ ئاسەوارە شەرعیەکانی بەرهەم دێنێ ئەگەرچی لەژێر فشاری

---

[1] سورة البقرة / ١٩٥.

[2] سورة النحل / ١٠٦.

[3] بدائع الصنائع: ٤٤٨١/٩ و پاشتر.

زۆرلێکردنی تەواودا بووە، وەك تەڵاق و رەجعە و زەواج و سوێند و نەزر و زیهار (لە ژن) و ئیلا و لێخۆشبوون لە قیساس و ئەو شتانە[1]، بۆ ئیجتیهادەکەیشیان سەبارەت بە دروستیی ئەو رەفتارانە هەندێ بەڵگەیان لە قورئان و سوننە و ئەقڵ هێناوەتەوە کە پێویست ناکا بیانخەینە روو، لەبەرئەوەی بەبروای من ئەم ئیجتیهادە هەڵەیە و نابێ کاری پێ بکرێ، بەڵکو هەر رەفتارێکی گوفتاری بەزۆر بکرێ بەتاڵە و ئاسەواری لێ ناکەوێتەوە مادام لەژێر فاشری زۆرلێکردنی تەواودا بووبێ.

ئەو رەفتارەی ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی هەیە بەلای ئەبوحەنیفە و محەمەد و ئەبو یوسفەوە فاسیدە، لەبەرئەوەی رەزامەندی و هەڵبژاردن دوو روکنی مەعنەویی رەفتارکردنن، ئەگەر هاتنەدی دروست دەبێ، ئەگەر نەبوون بەتاڵ دەبێ، ئەگەر هەڵبژاردن بەدیهات و رەزامەندی خراپ بوو فاسید دەبێ[2]، فاسیدیش بەلای ئەوانەوە شوێنێکە لەنێوان بەتاڵ و دروستدا و هەرکات هۆی فەسادەکەی نەما دەگۆڕێ بۆ دروست.

بەلای زوفەرەوە رەفتارەکە وەستێنراو دەبێ واتە دادەمەزرێ بەڵام ئاسەوار بەرهەم ناهێنێ تا پاش نەمانی کاریگەریی زۆرلێکردنەکە زۆرلێکراو مۆڵەت نەدات، یاسادانەری عێراقی لە یاسای مەدەنی (م١٣٤)دا کاری بەمە کردوە. شایانی ئاماژەپێدانە کە فاسید بەزۆرلێکردن وەك وەستێنراوە و بەلایانەوە بە مۆڵەتدان لەلایەن زۆرلێکراوەوە دەگۆڕێ بۆ دروست.

هەموو ئەمە ئەگەر زۆرلێکردنەکە لەسەر پێکهێنان (الانشاء) بوو، هەرچی زۆرلێکردن لەسەر دڵنیێدانانە (الاقرار)، قەدەغەیە بە دروست دابنرێ جا چ دڵنیێدانراو ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی هەبێ یان نا[3].

لە رای حەنەفیەکاندا تێبینی دەکەین لەرووی کارتێکران بە زۆرلێکردن یان زەرورەت تێکەڵیان لەنێوان مافەکانی بەندە و مافەکانی خوادا کردوە، زۆرلێکردنی سەخت ئەو مافانەی خوا کە حەرامن موباح دەکا، وەك زۆرلێکردن لەسەر کوفر و بەکارهێنانی مەستیبەخشەکان و ئەو شتانە، بەپێچەوانەی مافەکانی بەندە، کە کاریگەرییەکەی تەنیا ئەوەیە کردەوە حەرامەکە دەکاتە

---

[1] بدائع الصنائع: ٤٤٩٣/٩. (الایلاء: بریتییە لە سوێندخواردن بە نەچوونە لای ژن بۆ ماوەیەك-وەرگێڕ).

[2] سەرچاوەی پێشوو: ٤٥٠٣/٩.

[3] سەرچاوەی پێشوو: ٤٥١١/٩.

ڕوخسەت، وەك خواردنی ماڵی کەسیتر یان لەناوبردنی ماڵەکەی لەژێر فشاری زۆرلێکردندا، ئەو کەسەی لەژێر فشاری برسێتی یان تینوێتیدا ماڵی کەسیتر بخوات، لەڕووی جینائیەوە بەرپرسیار نابێ، بەڵام لەڕووی مەدەنیەوە بەرپرسیارە و ئەگەر خاوەن ماڵ داوای قەرەبووی کرد دەبێ قەرەبووی بکاتەوە، لەبەرئەوەی مافی بەندە بەفشاری زۆرلێکردن یان زەرورەت ناگۆڕێ بۆ موباح، چونکە زۆرلێکردن لە ڕێگرەکانی بەرپرسیارێتیی جینائییە و لە هۆکانی ڕێپێدان (ئیباحە) نیە.

ئەم بابەتەمان بەدرێژی لە کتێبی (إيضاح الفوائد في شرح القواعد) لەژێر ڕێسای ژمارە (٦٧)دا بەدرێژی باس کردوە[1].

کاریگەریی زۆرلێکردن لە بەرپرسیارێتیی جینائیدا:

کاریگەریی زۆرلێکردن لە بەرپرسیارێتیی جینائیدا بەگوێرەی سروشتی تاوانەکە جیاوازە، لەبەرئەوە گرنگە پێش لە ڕوونکردنەوەی کاریگەریی زۆرلێکردن لەسەر بەرپرسیارێتی، بەکورتی بەشە سەرەکیەکانی تاوان لە شەریعەتی ئیسلامیدا بخەینە ڕوو، ئەگەرچی پێشتر بەکورتی قسەمان لەبارەوە کرد.

زانایانی ئیسلام لە ئوسولی و فیقوانان تاوانەکانیان لەڕووی مەترسیداریان و ئەو مافەی دەستدرێژی کراوەتە سەر و دیاریکردنی تاوان و سزا بە دەق یان نەبوونی، بۆ سێ بەشی سەرەکی دابەش کردوە: تاوانەکانی حدود + تاوانەکانی قیساس و خوێنبایی + تاوانەکانی تەعزیر.

بەشی یەکەم / تاوانەکانی حدود:

بریتییە لە تاوانەکانی دەستدرێژیکردنە سەر مافە پەتیەکانی خوا (مافە گشتیەکان وەك تاوانی ڕیددە)، یان مافە هاوبەشەکانی نێوان خوا و بەندە (ئەو مافانەی سوودی گشتی و تایبەتیان تێدا کۆدەبێتەوە) و مافی خوا تێیاندا زاڵە، وەك تاوانی دزی و زینا و قەزف.... هتد.

تایبەتمەندیەکانی تاوانەکانی حدود:

تاوانەکانی حدود بە چەند تایبەتمەندیەك لە باقیی تاوانەکان جوێ دەکرێنەوە:

[1] أيضاح الفوائد في شرح القواعد، ص٢١٤.

١– تاوان و سزا هەردووکیان بە دەقی شەرعی[1] (قورئان و سوننە) دیاری کراون، نە بە ئیجماع و نە بە قیاس، یان هیچ سەرچاوەیەکیتری حوکمە شەرعیەکان جێگیر نابن.

٢– سزاکانیان لۆخە توندێن و سووکێنەکان کاری تێناکەن و پێویستە قازی بەو شێوەیەی لە قورئان و سوننەدا هاتووە پیادەیان بکات و بەدەقەوە پابەند بێ، هەروەها پاش بەرزکردنەوەی تاوانەکە بۆ دادگە بواری سوڵح تێدلکردنیان نیە، لێبوردنی گشتی و تایبەت نایانگرێتەوە، هەروەها قابیل بە گۆڕین بە سزایەکیتر لە رەگەزی خۆی یان هیتر نین، لەبەرئەوەی لە مافەکانی خوان، یان مافی خوا تێیاندا زاڵە و جگە لە خوا کەس مافی نیە قسەیان تێدا بکا، چونکە (وەك وتراوە) (فاقد الشيء لا يعطيه).

٣– سزاکان بۆ وەرەسە ناگوێزرێنەوە، ئەگەر سزایەکی جەستەیی بوو بە مردن دەکەوێ، هەروەها بە لەدەستدانی شیان بە رێگەیەکیتری جگە لە مردنیش دەکەوێ، خۆ ئەگەر سزایەکی ماڵی بوو وەك گوناهشۆری (کەفارەت)ەکان ئەوا پەیوەندی بە میراتی تاوانکارەوە دەبێ پاش مردنی.

٤– هەموو باڵقێکی ژیر بۆی هەیە سکاڵا لەدژی تاوانکار بجوڵێنێ لەبەرئەوەی بەشێکە لە حیسبە (واتە فەمانکردن بەچاکە و نەهیکردن لە خراپە)، خوا ئەفەرموێ: ﴿وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ﴾[2].

٥– رێکارە قەزاییەکان بۆ دادگەییەکردنی تاوانکار و کارەکانی جێبەجێکردنی سزاکە ملکەچی دەسەڵاتی دادوەری و جێبەجێکردن و پەسندکردنی وەلی ئەمر (سەرۆکی دەوڵەت) دەبێ.

٦– سزاکانیان جۆراوجۆرن، یان بڕینی دەستە وەك لە دزیکردن[3] و چەتەیی (رێگەبڕین)[4]، یان کوشتن وەك لە ریددە بۆ مورتەدی خراپەکار[1]، هەروەها چەتەیی ئەگەر قەتڵی کرد[2]، یان

---

[1] بۆ نموونە لە تاوانی زینادا حەرامکردن بە دەقی قورئان جێگیر کراوە، کە خوا ئەفەرموێ: ﴿وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَى إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلًا﴾ سورة الإسراء/٣٢. سزایش بەدەق جێگیر کراوە، وەك خوا ئەفەرموێ: ﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ﴾ سورة النور/٢.

[2] سورة آل عمران / ١٠٤.

[3] خوا ئەفەرموێ: ﴿وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا جَزَاءً بِمَا كَسَبَا﴾ سورة المائدة / ٣٨.

[4] خوا ئەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم مِّنْ خِلَافٍ أَوْ يُنفَوْا مِنَ الْأَرْضِ ذَٰلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ سورة المائدة/٣٣.

شەلاقلێدان (جەڵد) وەك لە بوهتان (قەزف)[3] و زیناکردنی بێ هاوسەران و مەی خواردنەوە، یان دوورخستنەوە لەگەڵ شەلاقلێدان وەك لە زیناکردنی بێ هاوسەران[4]، یان بەبێ شەلاق وەك لە هەندێ حاڵەتی چەتەییدا، یان قبوڵنەکردنی شایەتیدانی تاوانکار و دانانی بە فاسیق لەگەڵ شەلاقلێدان[5] وەك لە سزای قەزفدا.

٧– سزای ئەو تاوانانەی حدود کە لەنێوان بەندە و خوادا هاوبەشن، واتە مافی گشتی و مافی تایبەتیان تێدا کۆبووەتەوە وەك لە تاوانی دزی و قەزفدا، بەر لە بەرزکردنەوەی بۆ دادگە بواری لێخۆشبوون و تکاکردن و سوڵحکردنیان تێدایە وەك لە (شرح الصغیر)[6]ی ئەلدەردیر لە فیقهی مالیکیدا هاتووە، هەروەها لە دەستبڕیندا ئەگەر بابەتەکە گەیشتە ئیمام (سەرۆکی دەوڵەت)، یان ئەوەی لە قەزادا نوێنەرایەتی دەکاکە قازییە، ئیتر بواری نەبڕین نامێنێ، بەڵام ئەگەر نەگەیشتە ئیمام دەکرێ لە رێگەی تکاکردن یان بەخشینی ماڵە دزراوەکە بە دزەکەوە سزاکە بخرێ، لەبەرئەوەی دروستە بەر لەوەی هەواڵەکە بگاتە ئیمام و بە خراپەکە بزانێ، تکا بۆ دزەکە بکرێ، ئەگەر گەیشتە ئیمام ئیتر تکاکردن تێیدا دروست نیە.

واتە ئەگەر دزەکە رابردوویەکی رەشی هەبوو وتاوانیتریشی کردبوو، بەهیچ شێوەیەك دلاوست نیە تکای بۆ بکرێ، نە پێش و نە پاش بەرزکردنەوەی کێشەکە بۆ دادگە.

ئیبن فەرحون[7] دەڵێ: (دوای ئەوەی دەگاتە ئیمام کەس بۆ نیە لە کەس خۆش ببێ تەنیا بەخشینی باوك نەبێ بۆ کوڕەکەیی کە دەیەوێ تاوانەکە داپۆشی). مالیك دەڵێ (ئەگەر قەزفکراو

---

[1] خوا ئەفەرموێ: ﴿مَن قَتَلَ نَفساً بِغَيرِ نَفسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعاً﴾ المائدة:٣٢

[2] وەك لە ئایەتی ژمارە ٣٣ی سورەتی (المائدة)دا.

[3] خوا ئەفەرموێ: ﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحصَنَاتِ ثُمَّ لَم يَأْتُواْ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُم ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلا تَقْبَلُواْ لَهُم شَهَادَةً أَبَداً وَأُوْلَئِكَ هُمُ الفَاسِقُونَ﴾، النور / ٤.

[4] قال تعالى: ﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ وَلا تَأْخُذْكُم بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللهِ إِن كُنتُم تُؤْمِنُونَ بِاللهِ وَالْيَومِ الأَخِرِ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ النور / ٢. وقال الرسول ﷺ: ((البكر بالبكر جلد مائة ونفي سنة))، نيل الأوطار: ٩٨/٧.

[5] وەك لە ئایەتی ژمارە ٤ لە سورەتی (النور).

[6] ٤٠٣/٢.

[7] تبصرة الحكام في أصول الأقضية ومناهج الأحكام – للقاضي برهان الدين إبراهيم بن علي أبي القاسم بن محمد بن فرحون المالكي (ت ٧٩٩هـ) بهامش – فتح العلي المالك في الفتوى على مذهب الإمام مالك. مطبعة مصطفى البابي: ٢٦٨/٢.

گوتی گولیە دەیەوێ دلیپۆشێ و خۆش بوو، ئەگەر گەیشتە ئیمام و ئیمام ئەوەی قبوڵ نەکرد تا بەنهێنی لێی نەپرسێ، ئەگەر ترسا قەزفکەر بەسەریدا ساغ بکاتەوە دەکرێ ببەخشرێ، بەڵام ئەگەر لەوە ترسی نەبوو بەخشینی دروست نیە).

٨- سزای حەددەکان بەگوێرەی جیاوازیی نێوان فیقولتان[1] تێهەڵکێش دەبن، ئەوەی چەند جارێك تاوانی زینا ئەنجام بدات یان مەشروب بخواتەوە یان دزی یاخود قەزف بکا و لە دواین جاردا پەلکێش کرا بۆ دادگە، تەنیا لەسەر ئەم دواین جارە سزا دەدرێ، بەڵام ئەگەر دووبارەی کردەوە سزاکەیش دووبارە دەکرێتەوە.

نهێنیی ئەم تێهەڵکێشی (تداخل)میش لێبوردەیی ئیسلامە سەبارەت بە مافە گشتیەکان (مافەکانی خوا) لەلایەك و بوونی شوبهەیە لە جارانی رابردوو لەلایەکیترەوە. هەروەها تێهەڵکێشبوون لە سزا حەددییە لێکچووەکاندا هەیە با هۆکانیشیان جیاواز بێ بەپێچەوانەی رای حەنەفیەت، وەك ئەو کەسەی بخواتەوە پاشان قەزف بکا یان بەپێچەوانەوە، هەروەها باقیی سزاکان دەچنە نێو سزای کوشتن، بەپێچەوانەی رای ئیمامی[2].

---

[1] لە: الشرح الكبير-ى لبي البركات سيدي أحمد الدردير وحاشية الدسوقي - للشيخ محمد عرفة: ٣٤٧/٤دا هاتووە: (حەددەکان تێهەڵکێش دەبن ئەگەر هۆی واجببوونی حەد لە هەر هەموویاندا یەك کەوت، وەك حەدی قەزف و حەدی خواردنەوە کە سزای هەریەکەیان هەشتا جەڵدە، ئەگەر یەککیانی لەسەر جێبەجێ کرا ئەویتریان دەکەوێ با مەبەستیش تەنیا جێبەجێکردنی یەکەم بێ یان تا لێبوونەوە لە یەکەم یەکێکیان ئەویتریانی نەسەلماند هەروەها ئەگەر تاوانی بەرانبەر مرۆڤێك کرد و دەستی راستی پەڕاند و پاشان دزی لێکرد، یان بەپێچەوانەوە، ئەوا برینەوە لەسەر یەکێکیان بەسە، یان هۆ واجبکارەکانیان دووبارە بوویەوە وەك ئەوەی بەردەوام دزی بکا یان بەردەوام قەزف بکات و بخواتەوە، ئەوا حەددێك بۆ هەموویان بەسە با تا پاش حەددەکەیش دووەمیان نەسەلمێ، بەڵام ئەگەر پاشتر گەڕایەوە سەری، سزاکەیشی دەگەڕێتەوە).

[2] لە کتێبی: الخلاف-ى تووسی (ئیمام أبي جعفر محمد بن الحسن بن علي) مطبعة تابان طهران: ٨٢/٢دا هاتووە: (ئەگەر حەددی قەزف و حەددی زینا و حەددی دزی و واجببوونی دەستبڕین کۆبوونەوە و بڕینەوەی دەست و پێ بەهۆی جیرابە و بردنی ماڵ تێیدا واجب بوون، هەروەها بەهۆی قەتڵەوە لە جگە لە جیرابەدا قیساسی کەوتە سەر، بەوە دوو حەد و دوو بڕین و کوشتنێك لەسەری کۆبوونەوە، ئەوا هەموو حەددەکانی لەسەر جێبەجێ دەکرێ پاشان دەکوژرێ ئەمە رای شافیعییە. ئەبوحەنیفە دەڵێ هەرهەموویان دەکەون و دەکوژرێ چونکە کوشتن هەموویان دەسڕێتەوە). یاسا جەزاییە وەزعییە نوێکانی جیهان لەگەڵ رای ئەبوحەنیفەدا هاوڕان لەم تێهەڵکێشبوونەدا، ئەوەی تاوانێك بکا سزاکەی لەسێدارەدان بوو، تاوانێکیتریش سزاکەی بەندکردن بوو، تەنیا لەسێدارەدانەکە جێبەجێ دەکرێ.

٩- سزای تاوانەکانی حدود بە گومان (شوبهە) دەکەون لەبەرئەوەی پێغەمبەر(د.خ) فەرمویەتی (ادرؤوا الحدُودَ بالشُبهَاتِ مَا استَطَعتُم)، لە گێڕانەوەیەکیتردا هاتووە: (ادفَعُوا الحدُودَ مَا وَجدتُم لَهَا مَدفَعَاً)[١]. (واتە: تا پێتان دەکرێ بە بوونی گومان حەد جێبەجێ مەکەن).

١٠- پاشگەزبوونەوەی شایەت لە شایەتییەکەی یان دانپێدانەر بە دانپێدانانەکەی کاریگەری لە تاوانەکانی حدودیدا هەیە و قازی بۆی نیە حوکم بە سزای حەددی بدات، هەروەك نابێ جێبەجێ بکرێ ئەگەر شایەتەکە یان دانپێدانەرەکە لە ئیفادە و دانپێدانانەکەی پاشگەز بوویەوە بەپێچەوانەی تاوانەکانیتر، کە پاشگەزبوونەوە هیچ کاریگەریەکی نیە ئەگەر قازی قەناعەتی کرد تاوانەکە رووی داوە. هەروەها دانپێدانان بەهەند وەرناگیرێ ئەگەر لەژێر فشاری زۆرلێکردندا بوو[٢].

بەشی دووەم / تاوانەکانی قیساس و خوێنبایی،

بریتین لە تاوانەکانی دەستدرێژیکردنە سەر ژیان و سەلامەتیی مرۆڤ وەك تاوانی کوشتن و زامدارکردن و لێدان و..هتد، لە یاسادا پێیان دەوترێ تاوانەکانی دەستدرێژیکردنە سەر کەسەکان، هەروەك پێیان دەوترێ تاوانە ناقەسدیەکان لەو رووەوە ئەنقەست و هەم هەڵەیان تێدایە بەپێچەوانەی تاوانەکانی حدود کە هەموویان قەسدین و هەڵەیان تێدا نیە، تاوان یان ئەوەتا نیە یان هەمیشە بەئەنقەستە.

تایبەتمەندیی تاوانەکانی قیساس و خوێنبایی،

ئەم تاوانانە بەم جیاکەرەوانە لە تاوانەکانیتر جیا دەکرێنەوە:

---

[١] رواه ابن ماجة، سنن ابن ماجة – تحقيق محمد فؤاد عبد الباقي: ٢/٨٥٠.

[٢] لە: الشرح الكبير٤ /٣٤٥دا هاتووە: (دزی بە دانپێدانان دەسەلمێ ئەگەر ملی بەوەدا، هەروەها بەبەلگەیش. بەڵام ئەگەر لەلایەن حاکم یان هەر کەسێکیتریشەوە بە بەندکردن یان بەستنەوە ناچار بە دانپێدانان کرا، بەلای ئیبن ئەلقاسمەوە هیچی لەسەر نابێ جا تۆمەتبار بێ یان نا، با دزراوەکەیش دەربێنێ لەبەرئەوەی دەکرێ ماڵە دزراوەکە لە کەسیترەوە بەو گەیشتبێ، یان چاوی ئەو کوژراوەی لەلا بدۆزرێتەوە کە ناچار بەدانان بە کوشتنی کراوە، جا دانی پێدا ناوە و چاوەکەی پیشان داوە... لەبەرئەوەی رێی تێدەچێ کەسیتر کوشتبێتی، بۆیە نە دەستی دەبڕدرێ و نە دەکوژرێ مەگەر –وەك لە (المدونة) هاتووە– پاش نەمانی ترسی زۆرلێکردنەکە خۆی دانی پێدا نبێ. ئەم ئاراستەیە رای سەرجەم فیقوانانی شەریعەتە، کە دانپێدانان لەژێر فشاردا بەهەند وەرناگیرێ.

١- تاوان و سزا بەدەق دیاری کراون وەك تاوانەکانی حدود، بەشێوەیەك هەندێ گوتویانە تاوانی قیساس لە تاوانەکانی حدودە.

٢- ئەگەر بەئەنقەست بوو سزاکەی مامەڵەی هاوشێوەیە (المقابلة بالمثل)، سزاکە لەڕووی بڕ و جۆرەوە وەك تاوانەکەیە، لەبەرئەوەیە ناونراوە قیساس.

٣- وەلی ئەمر (سەرۆکی دەوڵەت) دەسەڵاتی لێبوردنی گشتی یان لێبوردنی تایبەتی لە تاوانەکانی قیساس و خوێنبایی نیە، لەبەرئەوەی ئەم سزایانە لە مافە هاوبەشەکانن لەنێوان وەرەسەی تاوانسەر -ئەگەر دەستدرێژی بوو بۆ سەر ژیان- یان تاوانسەر خۆی -ئەگەر دەستدرێژی بوو بۆ خوار گیان- و کۆمەڵگەدا کە دەوڵەت نوێنەرایەتی دەکات و مافی تایبەت تێیدا زاڵە، لەبەرئەوەی ئەو نەهامەتیەی دووچاری خێزانی تاوانسەر لە باری مردنیدا و دووچاری تاوانسەر خۆی دەبێ لە حاڵەتی تووشبوونی بە نەخۆشیەکی درێژخایەندا دەبێ، لەوەی بە لەدەستدانی یەکێك لە ئەندامان دووچاری کۆمەڵگە دەبێ، زیاترە، لەبەرئەوەی نەهامەتی کۆمەڵگە بە ئەندامێکیتر قەرەبوو دەکرێتەوە، بەڵام نەهامەتیی تاوانسەر یان خێزانەکەی بەهیچ قەرەبوو ناکرێتەوە.

٤- وەرەسەی تاوانسەر (خاوەن خوێن) لە باری مردنیدا بەهۆی ئەو تاوانەوە، هەروەها تاوانسەر (المجني عليه) خۆی لە حاڵەتی تووشبوونی بە نەخۆشیەکی درێژخایەندا لەئەنجامی بەئەنقەست دەستدرێژیکردنە سەر سەلامەتی، بۆیان هەیە دەست لە قیساس هەڵبگرن و لەباتیی ئەوە خوێنبایی وەربگرن، هەروەك بۆیان دەست لە هەردووکیان هەڵبگرن وەك خوا ئەفەرمویَ: ﴿وَمَن قُتِلَ مَظلُوماً فَقَد جَعَلنَا لِوَلِيِّهِ سُلطَاناً﴾[1]. مەبەست لە سوڵتانیش مافی هەبوونی ئەو سێ بژاردەیە، ئەویش بەگوێرەی ڕێسای: (واتە: ڕەنج بە گەنج) {الغنم بالغرم} یان {الغرم بالغنم}[2].

٥- جمهوری فیقولنان پێیان وایە قیساس سزایەکی حەددییە لەو ڕووەوە بەبوونی گومان (شوبهە) دەکەوێ[3]، لەو ڕووەوە بەتاوانداران و سزاکەی لە هەردوو بەشی یەکەم و دووەمدا بەدەق جێگیر کراون[1].

---

[1] سورة الاسراء / ٣٣.

[2] مجلة الأحكام العدلية م٨٧.

[3] الدر المختار وتنوير الأبصار ورد المحتار (المعروف بحاشية ابن عابدين): ٥٣٣/٦.

٦- قیساس ملکەچی رێکارە قەزایی و جێبەجێکاریەکان و ئیمزای سەرۆکی دەوڵەت دەبێ، بۆیە تۆڵەکردنەوەی تاکەکەس دروست نیە و خاوەن خوێن بۆی نیە بەر لە دادگەییکردن سزای تاوانکار بدات.

گرنگترین جیاوازیەکانی نێوان قیساس و حەد[٢]:

قیساس و حەد لە حەوت خاڵدا جیاوازن، کە بریتین لە:

١- لە قیساسدا قازی بۆی هەیە بەپێی زانیاریی خۆی حوکم بدات، لە حەددەکان وانیە.

٢- قیساس بەمیرات دەگوێزرێتەوە لەبەرئەوەی مافی تایبەتی تێیدا زاڵە، بەپێچەوانەی حەددەکان کە بە مردن کۆتاییان دێ.

٣- لە قیساسدا لێبوردن و گۆڕینی سزا هەیە بەڵام لە حەددەکاندا نیە.

٤- کۆنبوون (التقادم)[٣] رێگر نیە لە قبولکردنی شایەتیدان بە کوشتن، بەپێچەوانەی حەد کە کۆنبوون رێگرە لە قبولکردنی شایەتیدان تێیدا، جگە لە حەدی قەزف کە وەك قیساسە.

٥- قیساس بە ئاماژە و نووسینی لاڵ دەسەلمێ، بەپێچەوانەی حەد.

٦- لە قیساسدا تکاکاری (شەفاعەتکردن) دروستە، بەپێچەوانەی حەد.

٧- لە قیساسدا دەبێ سکاڵا هەبێ بەپێچەوانەی حەد، کە بۆ تەماشاکردنی لەلایەن دادگەوە پێویستی بەوە نیە سکاڵا لەلایەن هیچ لایەکەوە بەرز بکرێتەوە، لەبەرئەوەی مافی گشتییە، جگە لە حەددی قەزف کە پێویستە سکاڵا لەلایەن قەزفکراو یان نوێنەریەوە بەرز بکرێتەوە.

---

[١] وەك خوا ئەفەرموێ: ﴿كُتِبَ عَلَيكُمُ القِصَاصُ فِي القَتلَى﴾، سورة البقرة / ١٧٨. هەروەها ئەفەرموێ: ﴿وكَتَبنَا عَلَيهِم فِيهَا أنَّ النَّفسَ بِالنَّفسِ والعَينَ بِالعَينِ﴾، سورة المائدة / ٤٥.

[٢] الدر المختار، سەرچاوەی پێشوو: ٥٤٩/٦.

[٣] ئەوەیش تێپەڕبوونی کاتێکە -کە عورف دیاری دەکا- بەسەر شایەتیدان لەبەردەم دادوەردا، لە قیساسدا دواکەوتنی شایەت لە ئیفادەدانی هیچ کاریگەریەکی نیە بەپێچەوانەی دواکەوتنی لە حەددەکاندا، کە دەبێتە مایەی دروستبوونی گومان (شوبهە) و حەددیش بەبوونی گومان رادەگیرێ.

بەشی سێیەم / تاوانەکانی تەمێکردن (تەعزیر):

تەعزیر سزایەکە دانێنان و دیاریکردنی بۆ دەسەڵاتی یاسادانانی زەمەنی بەهاوکاریی کەسانی ئەهلی راوێژ بەجێ هێڵراوە، بەم پێیەیش تاوانەکانی تەعزیر ئەو تاوانەن سزاکانیان نە لە قورئانی پیرۆز و نە لە سوننەدا نەهاتووە، کە دەکرێ بۆ سێ جۆر دابەش بکرێن:

جۆری یەکەم: هەر تاوانێکی حەددی کە شوبهەی تێ بکەوێ خۆبەخۆ دەگۆڕێ بۆ تاوانێکی تەعزیری، وەك تاوانی زینا ئەگەر نە بە بوونی چوار شایەت، نە بە دانپێدانانی تاوانکار ساغ نەبووبێتەوە، بەڵام بە بەڵگەیەکی یاسایی دانپێدانراو سەلمابوو وەك بوونی دوو شایەت یان بە ئامرازە زانستییە نوێکان، ئەوکاتە تاوانەکە ملکەچی یاسای وەزعی دەبێ، هەروەها تاوانی دزیکردن لەنێوان بنەچە و وەچەدا، یان لەنێو ژن و مێرد، یان لەنێوان دوو شەریکدا کە شوبهەی شوێنیان تێدایە، تاوانە حەددییەکە دەکەوێت و تاوانێکی تەعزیری جێی دەگرێتەوە کە سزاکەی بە یاسای وەزعی دیاری دەکرێ.

جۆری دووەم: هەموو تاوانێك شەرعدانەر بەدەق حەرامی کردبێ، بەڵام بڕ و جۆری سزاکەی بۆ دەسەڵاتی یاسادانانی وەزعی بەجێ هێشتبێ وەك سزای سیخوڕیکردن، زەوتکردن، بەرتیل و قۆرخکردن و ئەو جۆرە شتانە.

جۆری سێیەم: سەرۆکی دەوڵەت بۆی هەیە بەهاوکاریی پسپۆڕان لە ئەهلی راوێژ هەر کردەوەیەك زیان بە بەرژەوەندیی گشتی بگەیەنێ، بە تاوان دابنێت و سزایەکی بۆ دیاری بکا کە لەگەڵ قەبارە و مەترسیەکەیدا بگونجێ، بەو مەرجەی ئەو سزایە بەدەقێکی یاسایی جێگیر بکرێ. جگە لە وەلی ئەمر کەس ئەم دەسەڵاتەی نیە، واتە قازی بۆی نیە نە تاوان نە سزا دابهێنێ و ئەوەی لەنێو خەڵکدا بڵاوە کە سزای تەعزیری بۆ قازی بەجێ دەهێڵرێ، هەڵەیەکە لێخۆشبوونی نیە، بەڵکو قازی دەسەڵاتی سووککردن یان توندکردنی سزا تەعزیریەکانی هەیە لە بارێکدا لە دۆخێکی توندێن یان سووکێندا روویان دابوو.

گرنگترین جیاوازیەکانی نێوان حدود و تەعزیر:

١- سزاکانی حدود بە دەق لەلایەن خوا یان پێغەمبەرەوە دیاری کراون، سزکانی تەعزیر لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانی زەمەنیەوە دانێنراون.

٢- وەلی ئەمر بەهیچ شێوەیەك دەسەڵاتی دەستخستنە ناو سزاکانی حدودی نیە بەپێچەوانەی سزاکانی تەعزیر، کە دەسەڵاتی لێبوردنی گشتی و تایبەت و سووککردن و قورسکردنی تێیاندا هەیە.

٣- حەددەکان بەجیاوازیی کات و شوێن و کەسەکان ناگۆڕێن بەپێچەوانەی سزاکانی تەعزیر.

٤- سزاکانی حدود دیاریکراو و سنووردارن، بەپێچەوانەی سزاکانی تەعزیر.

٥- تاوانەکانی حدود کاتین بەپێچەوانەی تاوانەکانی تەعزیر، کە دەشێ کاتی بن وەك بەرتیل، یان بەردەوام بن وەك سیخوڕی و لەلابوونی ماڵی دزراو یان زەوتکراو.

٦- جێبەجێکردنی سزاکانی حدود پێویستی بە پەسەندکردنی سەرۆکی دەوڵەت هەیە، بەپێچەوانەی تەعزیر.

٧- حەددەکان بە گومان رادەگیرێن، بەپێچەوانەی تەعزیر.

٨- تاوانەکانی تەعزیر بە دەستدرێژیکردن دەبێ بۆ سەر تەواوی مافە گشتی و تایبەت و جەستەیی و ئەخلاقییەکان و هیتر، بەپێچەوانەی تاوانەکانی حدود کە وەك باسمان کرد، تەنیا لە دەستدرێژیکردنە سەر مافە گشتیەکان یان مافی هاوبەشدا کە لایەنی گشتی تێیدا زاڵە، دەبێ.

کاریگەریی زۆرلێکردن لە بەرپرسیاریتیی جینائی لە تاوانە حەددیەکاندا:

وەك پێشتر باسمان کرد، تاوانەکانی حدود هەرهەموویان تاوانی بەئەنقەستن و دلبەشبوون بۆ ئەنقەست و هەڵە قبوڵ ناکەن وەك کە تاوانی کەسەکان قبوڵی دەکەن، تاوان حەددی نابێ تا مەبەستی تاوانکارانەی تایبەتی تێدا نەبێ ئەمە جگە لە روکنە گشتیەکانی هەموو تاوانێك کە بریتین لە روکنی مەعنەوی و ماددی و شەرعین، واتە مەبەستی شیمانەیی (ئیحتیمالی) بەس نیە، ئەم مەبەستە تایبەتەیش بوونی ئیرادەیەکی ئازادی بزان (مودریك) دەخوازێ، هەرکات ئەو ئیرادەیە نەبوو قەسدە تایبەتەکەیش نابێ.

ئەوە روونە ئەو زۆرلێکراوەی بەتەواوی زۆری لێکرابێ ئیرادەی ئازادی لەدەست دەدا، بەوەیش قەسدە جینائییە تایبەتەکەی لەدەست دەدا، لە روانگەی ئەم راستیەوە ئەگەر تاوانەکە لەخۆیدا حەددی بوو و لەژێر فشاری زۆرلێکردنێکی سەخت (تەواو)دا ئەنجام درا، لەرووی شەرعیەوە تاوانێکی حەددی نابێ کە لێپرسینەوەی جینائی واجب دەکا، جا یان لەبەر بەدینەهاتنی مەبەستی

تاوانکارانەی تایبەت، یان لەبەر رووداتی شوبهەیەك لە بەدیهاتنیدا بەهۆی زۆرلێکردنەوە. سەرجەم فیقوناتی شەریعەت -جگە لە ئیبن حەزمی زاهیری- لەوەدا کۆکن کە حەددەکان بە شوبهە رادەگیرێن وەك لەجێی خۆیدا باس دەکرێ، لەبەرئەوە لە شەریعەتی ئیسلامیدا خیلافێکی فیقهی نابینین لەوەدا کە زۆرلێکردنی تەواو رێگرە لە بەرپرسیارێتیی جینائی لە هەر تاوانێك لەژێر کاریگەریدا کرابێ جگە لە تاوانی زیناکردنی زیناکەر کە جێی ناکۆکییە، وەك لەجێی خۆیدا باس دەکرێ.

دەقە فیقهییەکان:

لێرەدا هەندێ نموونە لە پیادەکردن و دەقە فیقهییەکان لە مەزهەبە ئیسلامییە تۆمار و دلنیێدانراوەکان لە جیهانی ئیسلامیدا دەخەینە روو کە دان بە کاریگەریی زۆرلێکردن لە بەرپرسیارێتیی جینائی لە تاوانە حەددییە ناسراوەکاندا دەنێن، کە بریتین لە هەڵگەڕانەوە لە ئاین، دزی، چەتەیی (قطع الطريق)، خواردنەوەی مەستییەخشەکان و قەزف و زینا.

١- تاوانی هەڵگەڕانەوە (الردة): بریتییە لە دەرچوونی موسڵمانی بالغی ژیری هەڵبژێر بەئەنقەست و بەباوەڕەوە لە ئاینی ئیسلام، بەهەر قسە یان کردەوەیەك بەڵگە بێ لەسەر کافربوونی، هەروەها دژی ئیسلام بوەستێ و خراپە لە زەویدا بڵاو بکاتەوە، سزاکەیشی کوشتنە[1] پاش ئەوەی داوای تۆبە و گەڕانەوە بۆ ئیسلامی لێدەکرێ، لەگەڵ پێدانی مۆڵەتێك کە ئەوپەڕەکەی سێ رۆژە، سەرچاوەی ئەم حوکمە بڕیاری پێغەمبەرە بە کوشتنی هەڵگەڕاوە لەو موشریك و ئەهلی کیتابانەی هاتبوونە ناو ئیسلام و پاشان هەڵگەڕابوونەوە و چووبوونە پاڵ دوژمنانی ئیسلام. بەڵام ئەوەی دژی ئیسلام نەوەستابێ سزاکەی لە رۆژی دواییدایە، لەبەرئەوەی خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُولَـٰئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ﴾[2].

بەپشت بەستن بەمە، هەندێ پێیان وایە کوشتنی هەڵگەڕاوە واجب دەبێ ئەگەر بە قەڵەم یان زمان یان کار هەڵوێستێکی دژی ئیسلامی گرتەبەر، ئەویش بە ئاماژەی ئەو هەلومەرجەی پێغەمبەر

---

[1] ئەمە جگە لە سزایتری هاوپێچ، لەوانە لەدەستدانی تەواوی کردەوە چاکەکانی ئەگەر بە مورتەدی مرد، خوا ئەفەرموێ: ﴿وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُولَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ﴾ البقرة/٢١٧.

[2] سورة البقرة / ٢١٧.

بڕیاری کوشتنی مورتەی تێدا نلوە، هەروەها لەبەرئەوەی قورئانی پیرۆز راشکاولنە باسی ئەم سزا نناییەی نەکردوە. ئەمە جگە لە بڕیاردانەکەی پێغەمبەر(د.خ)کە گوتویەتی: (مَن بَدَّلَ دينَهُ فَاقتُلوه)[1].

پاشان ئیجماع هەیە لەسەر کوشتنی پاش دلوای تۆبە لێکردن و سێ رۆژ مۆڵەتدان، ئەم لێپرسینەوە و سزایەیش مەرجی هەیە، لەو مەرجانە ئەوەیە هەڵگەڕانەوەکە لەژێر فشاردا نەبوویێ، ئەویش لە روانگەی ئایەتی ﴿مَن كَفَرَ بِاللهِ من بَعدِ إيمَنِهِ إلاَّ مَن أُكرِهَ وَقَلبُهُ مُطمَئِنٌّ بِالإيمَنِ ولَكِن مَّن شَرَحَ بِالكُفرِ صَدراً فَعَلَيهِم غَضَبٌ مِّنَ اللهِ وَلَهُم عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾[2]، لەبەرئەوەی فیقولنانی شەریعەت لەسەر ئەم حوکمە کۆدەنگن وەك لەم دەقە فیقهیانەی خوارەوەدا:

لە (البدائع)[3]دا هاتووە: ئەوەی بەزۆر کافر کرابێ حوکمی کافربوونی نادرێ، ئەگەر دڵی بە ئیمان دامەزراو بوو.

لە (تحفة المحتاج)[4]دا هاتووە: پاش پێناسەکردنی ریددە بەوەی بڕینی ئیسلامە بەنیەتی کوفر یان گوتنی کوفرە بەئەنقەست، هەربۆیە پێشدەستی (سبق)ی زمان یان زۆرلێکردن هیچ کاریگەری نیە، واتە هەڵگەڕانەوەیەك بەهۆی سەبقی زمان یان لەژێر فشاری زۆرلێکردندا بێ هیچ کاریگەری نیە (واتە کافر نابێ).

لە (إيضاح الفوائد)[5]دا هاتووە: لە سزادانی هەڵگەڕاوەدا بالغبوون و ژیری و هەڵبژاردن و مەبەست مەرجن، زۆرلێکردنیش هەڵگەڕانەوە ناهێڵێ.

لە (المغني)[6]دا هاتووە: ئەوەی کەسێك ناچار بە کافربوون بکا و وشەیەکی کوفر بڵێ، کافر نابێ چونکە خوا ئەفەرموێ: ﴿إلاَّ مَن أُكرِهَ وَقَلبُهُ مُطمَئِنٌّ بِالإيمَنِ﴾[7].

---

[1] رواه البخاري رقم: ٣٠١٧ والنسائي: ١٠٤/٧ والترمذي: ١٤٨٣.

[2] سورة النحل / ١٠٦.

[3] بدائع الصنائع: ٤٤٨٤/٩.

[4] تحفة المحتاج بشرح المنهاج – للإمام شهاب الدين أحمد بن حجر الهيثمي الشافعي: ٨٢/٩.

[5] إيضاح الفوائد في شرح إشكالات القواعد – للشيخ أبي طالب محمد بن الحسن بن يوسف بن المطهر الحلي من فقهاء الإمامية، مطبعة رقم: ٥٠١/٤.

[6] المغني – لابن قدامة أبي محمد عبد الله بن أحمد بن محمد بن قدامة المقدسي الحنبلي: ١٤٥/٨.

[7] سورة النحل / ١٠٦.

له (المحلى)[1]دا هاتووه: زۆرلێکردن دوو بەشه زۆرلێکردن: لەسەر قسه و زۆرلێکردن لەسەر کردەوە، زۆرلێکردن لەسەر قسه هیچی پێ واجب نابێ با زۆرلێکراویش وەك كفركردن گوتبێتی.

ب- تـاوانی دزیکردن: بریتییه له بردنی ماڵێکی گوێزراوه له شوێنێکی پارێزراودا بەدزی بەمەبەستی بوونه خاوەنی. جا ئەگەر روکن و مەرجەکانی تاوانەکە هەبوون و ڕێگرەکانی نەبوون، دزەکە بەدەستبڕین سزا دەدرێ، سەرچاوەی ئەم حوکمەیش بریتییه له ئایەتی: ﴿وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُواْ أَيْدِيَهُمَا جَزَاءً بِمَا كَسَبَا﴾[2]. فیقوانانی شەریعەتی هەموو كۆن لەسەر ئەوەی له ڕێگرەکانی لێپرسینەوەی دز لەڕووی جەزاییەوە ئەوەیە تاوانەکە لەژێر فشاری زۆرلێکردنی تەواودا نەکرابێ، وەك لەم دەقە فیقهیانەی خوارەوەدا:

له (الشرح الكبير)[3]دا هاتووه: مەرجەکەی -مەرجی برینی دەستی دز- تەكلیفه، بۆیە بەهیچ شێوەیەك دەستی منداڵ و شێت و زۆرلێکراو و سەرخۆش نابڕدرێ.

له (المنهاج وشرحه)[4]دا هاتووه: منداڵ یان شێت دەستیان نابڕدرێ لەبەرئەوەی تەکلیفیان لەسەر نیە، زۆرلێکراویش لەبەر شوبهەی زۆرلێکردن.

له (المهذب)[5]دا هاتووه: (حەددی دزی) لەسەر زۆرلێکراو واجب نیە، لەبەر ئەو فەرموودەیەی دەڵێ: (رُفِعَ عَنْ أُمَتِي الخَطأَ والنسيان وَمَا استُكرِهُوا عَليهِ)، چونکە ئەوەی سزای خوای لەسەر هەڵبژێر واجب کردوە، لەسەر زۆرلێکراوی واجب نەکردوە وەك وشەی كوفر.

هەروەها لە فیقهی حەنەفی و مالیکیدا :

له (إيضاح الفوائد)[6]دا هاتووه: له دزدا بالّغبوون و ئەقڵ و هەڵبژاردن مەرجن، ئەگەر بەزۆر دزی پێکرا دەستی نابڕدرێ، بەڵام ئاتاجبوون عوزر نیە بۆ دزین مەگەر له دزینی خواردن له ساڵی برسێتیدا، کە ئەوکاتە نابڕدرێ.

---

[1] لأبي محمد علي بن أحمد بن سعيد بن حزم ويعد المؤسس الحقيقي للفقه الظاهري: ٣٢٩/٨.

[2] سورة المائدة / ٣٨.

[3] لأبي البركات سيدي أحمد الدردير بهامش حاشية الدسوقي للعلامة محمد عرفة الدسوقي في الفقه المالكي: ١٠١/٨.

[4] المنهاج – للشيخ محي الدين النووي وشرحه للعلامة جلال الدين المحلي وحاشيتيّ قليوبي وعميرة: ١٩٦/٤.

[5] للإمام أبي اسحاق إبراهيم بن علي بن يوسف الفيروزآبادي الشيرازي: ٢٦٧/٢.

[6] سەرچاوەی پێشوو: ٥١٧/٤.

لە (المغني)[1]دا هاتووە: بڕین –بڕینی دەستی دز– پێویست نابێ بە حەوت مەرج نەبێ، پێنجەم و شەشەم و حەوتەم ئەوەیە دزەکە موکەلەف بێ، دزیەکە ساغ بوویێتەوە و خاوەنەکەی بەچاکە داوای بکاتەوە و بە شوبهەیش کۆتایی دێ، دیارە لە حاڵەتی زۆرلێکردندا شوبهە هەیە و موکەلەف پێویستە هەڵبژێر بێ.

ج– تاوانی چەتەیی، کە پێی دەوترێ حیرابە و دزیی مەزن:

(الخرشي)[2] دەڵێ: (موحاریب ئەو کەسەیە ڕێگە دەبڕێت و ڕێگری دەکا لەوەی خەڵك پێیدا تێبپەڕن، با مەبەستی بردنی پارەیش نەبێ).

(الطوسي)[3] دەڵێ: ڕێگەبڕ (چەتە)ی موحاریب کە خوای گەورە لە ئایەتی موحارەبەدا باسی کردوە، ڕێگەبڕان ئەوانەن چەك بەرز دەکەنەوە و ڕێبواران دەترسێنن، ئەمە رای ئیبن عەباس و کۆمەڵێ لە فیقولنانە، کۆمەڵێك گوتویانە ئەهلی زیممەن ئەگەر پەیمانیان شکاند و پەیوەندییان بە دارولحەربەوە کرد و شەڕیان دژی موسڵمانان کرد، هەروەها ئیبن عومەر دەڵێ مەبەست لە ئایەتەکە مورتەددانە، لەبەرئەوەی لەسەر عەرینیەکان دابەزی).

کەواتە ڕێگەبڕان چوار بەشن، چونکە ئەو کردەیەی دەیکەن یان تەنیا کوشتنە، یان کوشتن و بردنی ماڵە، یان تەنیا بردنی ماڵە، یاخود ترساندنی ڕێبوارانە، سزای هەر حاڵەتێکیش لە حاڵەکانیتر جیاوازە، بەم شێوەیە:

١– ئەگەر بەئەنقەست و بەدەستدرێژی کوشتیان و ماڵەکەیان نەبرد، دەکوژرێنەوە.

٢– ئەگەر کوشتیان و ماڵەکەیان برد، دەکوژرێنەوە و لەخاچ دەدرێن.

٣– ئەگەر ماڵەکەیان برد و نەیانکوشت، دەست و پێیان بە تاکولو دەبڕدرێتەوە، واتە دەستی ڕاست و پێی چەپ.

٤– ئەگەر تەنیا ڕێبوارانیان دەترساند بەڵام نە ماڵیان دەبرد و نە کەسیان دەکوشت، ئیمام (سەرۆکی دەوڵەت) بەند و تەمێیان دەکا. هەرکەسیان بەر لە دەستگیرکردنیان تۆبە بکەن،

---

[1] سەرچاوەی پێشوو: ٨/٢٤٤.

[2] علی مختصر سیدي خلیل: ٨/١٠٤.

[3] کتاب الخلاف في الفقه – للإمام أبي جعفر محمد بن الحسن من کبار فقهاء الامامية: ٢/٤٧٧.

حەددەکەی لەسەر دەکەوێ[1].

سەرچاوەی ئەم حوکمانە ئەوەیە خوا ئەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوۡ يُصَلَّبُوٓاْ أَوۡ تُقَطَّعَ أَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم مِّنۡ خِلَٰفٍ أَوۡ يُنفَوۡاْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِۚ ذَٰلِكَ لَهُمۡ خِزۡيٞ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾[2].

پێناسەی (قاطع الطريق) لە هەر کوێ لە سەرچاوە فیقهییە ئیسلامیەکاندا هاتبێ وشەی موکەلەفیان تەکلیفی تێدا هاتووە، موکەلەفیش وەك باسمان کرد کەسێکی بالّقی ژیر هەڵبژێر و زلنایە بەوەی تەکلیف لێکراوە و توانای بەسەریدا دەشکێ، لەو سەرچاوانە (تحفة المحتاج بشرح المنهاج)[3] کە تێیدا ئیبن حەجەر دەڵێ: (ڕێگەبڕ موسڵمانی موکەلەف یان سەرخۆشی هەڵبژێرە با کۆیلەیش بێ، یان ئافرەت بێ، هەربۆیە سزا لەسەر منداڵ و شێت و زۆرلێکراو نیە با زامنی گیان و ماڵیش بکەن).

د. تاوانی خواردنەوەی مەستیبەخشەکان: پێشتر لە بابەتی کاریگەریی سەرخۆشی لە بەرپرسیارێتیی جینائی باسمان کرد کە خواردنەوەی مەستیبەخش لەژێر فشاری زۆرلێکردنی تەواودا موباحە و سەرخۆش لەڕووی جینائیەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ ناکرێ و سزا نادرێ، نە لەسەر خواردنەوە و نە لەسەر ئەو تاوانەی بەسەرخۆشی ئەنجامی دەدا.

لە (تحفة المحتاج)[4]دا هاتووە: ئەوەی بیخواتەوە حەددی لەسەر جێبەجێ دەکرێ، مەگەر منداڵ یان شێت کە هیچیان لەسەر نیە، یان جەنگاوەرێکی دوژمن و موعاهیدێك لەبەر پابەندنەبوونیان، یان زیمیەك لەبەرئەوەی پابەند نەبووە بە زیمە لەوەی باوەڕی پێی نیە تەنیا لەوەدا نەبێ پەیوەندی بە ئادەمیزادەکانەوە هەیە، یان مەستکراوێك وانە بەزۆر سەخۆشکردنی لەبەرئەوەی دەستی تێدا نیە، هەروەها زۆرلێکراو لەسەر خواردنەوەی بەگوێرەی مەزەب، لەبەر هەڵگرتنی قەڵەم لەسەری.

---

[1] شرح ابن القاسم الغزي على متن الغاية والتقريب – لأبي شجاع أحمد بن الحسين بن أحمد الأصفهاني بهامش حاشية الشيخ إبراهيم الباجوري الشافعي: ٢/٢٤٧–٢٤٨.

[2] المائدة / ٣٣.

[3] سەرچاوەی پێشوو: ٩/١٥٧.

[4] سەرچاوەی پێشوو: ٩/١٦٨.

لە (الهداية)[1]دا هاتووە: ئەگەر زۆری لێکرا مردار (الميتة) بخوات یان مەی بخولتەوە، ئەگەر بە بەندکردن یان لێدان یان بەستنەوە بۆ ئەوە زۆری لێکرا حەڵاڵ نابێ، مەگەر بەشتێك زۆری لێبکرێ کە بەهۆیەوە لە گیانی یان لە ئەندامێك لە ئەندامەکانی بترسێ، ئەگەر لەوە ترسا بۆی هەیە ئەوە بکا کە لەپێناویدا زۆری لێ دەکرێ.

لە (شرح الخرشي)[2]دا هاتووە: ئیبن عەرەفە خواردنەوەی پێناسە کردوە بەوەی (بریتییە لەوەی موسڵمانێکی موکەلەفی هەڵبژێر (ئارەق) بخولتەوە نەك لەبەر زەرورەت و نە لەبەر عوزر و کەسی زۆرلێکراو یان (ذي غصة) حەددی لەسەر نیە با حەرامیش کرابێ)

لە (المحلی)[3]دا هاتووە: ئەوەی زۆری لێبکرێ بە خواردنەوەی ئارەق یان خواردنی گۆشتی بەراز یان خوێن یان هەندێ حەرامکراو، یان خواردنی ماڵی موسڵمان یان زیممی، بۆی هەیە بخوات و بخولتەوە و هیچی بۆ کەس لەسەر نیە و زەمانکردنیشی لەسەر نیە، لەبەرئەوەی خوا ئەفەرموێ: ﴿وقَد فَصَّلَ لَكُم مَا حَرَّمَ عَلَيكُم إلاَّ مَا اضطُرِرتُم إلَيهِ﴾[4]، هەروەها ئەفەرموێ: ﴿فَمَن اضطُرَّ غَيرَ بَاغٍ ولاَ عَادٍ فَلا إِثمَ عَلَيهِ﴾[5].

ئاراستەی زاهیریش رەتکراوەیە وەك پێشتر وردمان کردەوە.

لە (المغني)[6] دا هاتووە: حەد لەسەر ئەو کەسە پێویستە کە بە ویست بیخولتەوە، ئەگەر بەزۆر پێی بخورێتەوە حەددی لەسەر نیە.

هـ- تاوانی قەزف: بەمانا تایبەتەکەی تۆمەتبارکردنی کەسێکە بە زیناکردن بەرێگەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بەدەر لە زینا تۆمەتبارکردن بە هەر شتێك سومعە لەکەدار بکا سزاکەی تەعزیرییە وەك ئەوەی لە یاسادا هەیە، یاسا وەزعیەکان قەزف بە مانا گشتیەکەی وەردەگرن.

---

[1] الهداية شرح بداية المبتدئ – لشيخ الاسلام برهان الدين أبي الحسن علي بن أبي بكر بن عبد الجليل المرغيناني الحنفي: ٢٧٧/٣.

[2] سەرچاوەی پێشوو: ١٠٧/٢.

[3] سەرچاوەی پێشوو: ٣٣٠/٨.

[4] سورة الأنعام / ١١٩.

[5] سورة البقرة / ١٧٣.

[6] المغني – لابن قدامة (عبد الله بن أحمد المقدسي): ٣٠٧/٨.

ئەو كەسەی كەسێتر بە زینا تۆمەتبار دەكا، ئەگەر باڵق و ژیر و هەڵبژێر بێ و تۆمەتەكە بە چوار شایەت نەسەلما، بە سێ سزا سزا دەدرێ، یەكێكیان ماددییە و پەیوەندی بە جەستەوە هەیە ئەویش هەشتا جەڵدە، دووەم و سێیەمیان مەعنەوین و پەیوەندییان بە پێگەی كەسەكە لە كۆمەڵگەدا هەیە، ئەویش لەدەستدانی ئەهلیەتی شایەتیدان و تۆمەتباركردنیەتی بە فیسق، سەرچاوەی ئەم سزایانە ئەوەیە خوا ئەفەرموێ: ﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا وَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ۞ إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ وَأَصْلَحُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾[1].

فیقولانی شەریعەت كۆدەنگن لەسەر ئەوەی زۆرلێكردنی تەولو رێگرێكە لە رێگرەكانی بەرپرسیارێتیی جینائی لە قەزف، وەك لەم دەقە فیقهیانەی خوارەوەدا:

لە (**التحفه**)[2]دا هاتووە: مەرجی حەددی قەزف تەكلیفە، هەربۆیە منداڵ یان شێت حەددیان لێ نادرێ جگە لە سەرخۆش كە حەددی لێ دەدرێ، هەروەها زۆرلێكراو حەددی لەسەر نیە لەبەرئەوەی قەڵەمی لەسەر هەڵگیراوە لەگەڵ دەرنەبڕین.

لە (**المحلي**)[3]دا هاتووە: زۆرلێكردن دوو بەشە زۆرلێكردن لەسەر قسە و زۆرلێكردن لەسەر كردەوە، زۆرلێكردن لەسەر قسە هیچی پێ واجب نابێ با زۆرلێكراو گوتبێتیشی وەك كوفر و قەزف و دانپێدانان و زەواج و رەجعە و تەڵاق و كڕین و فرۆشتن و نەزر و سوێند و پێشكەشكردن (**الهبة**) و زۆرلێكردنی ئەهلی كیتاب بۆ باوەڕهێنان.

لە (**إيضاح الفوائد**)[4]دا هاتووە: لە قەزفكەردا باڵغبوون و ژیری و هەڵبژاردن و مەبەست لەبەرچاو دەگیرێ، ئەگەر منداڵێك قەزفی كرد تەمێ دەكرێ و حەددی لێ نادرێ، ئەو كەسەی بەزۆر قەزفی پێ بكرێ، هەروەها غافڵ، سەهوكردوو، خەوتوو و لەهۆش خۆچوو حەددیان لەسەر نیە، هەرچی سەرخۆشە كێشەی تێدایە، ئەگەر واجب نەبوو ئەوا تەعزیر دەكرێ.

---

[1] سورة النور / ٤-٥.

[2] سەرچاوەی پێشوو: ٩/١٩.

[3] سەرچاوەی پێشوو: ٨/٣٣٠.

[4] سەرچاوەی پێشوو: ٤/٥٠١.

سەرچاوەی کێشەکە: مەرجی ساغبوونەوەی حەد لەسەر قەزفکەر بریتییە لە ئامارەی لەفزەکە بۆی و مەبەستی، هەموو ئەوانەیش لە حاڵەتی سەرخۆشیدا نین، بەلای منەوە ساغبوونەوەی حەد لەسەری بەهێزترە.

و- تاوانی زینا: بریتییە لە جووتبوونی سێکسی نێوان دوو کەس[1] لەگەڵ بوونی ئەهلیەت.

ناکۆکی لەنێوان فیقولنانی شەریعەتدا نیە کە سزای ئەم تاوانە سەد جەڵدە بۆ بێ هاوسەران، بەڵام بۆ هاوسەرداران سزاکە کوشتنە، سەرچاوەی سزاکەیش ئەوەیە خوا ئەفەرموێ ﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنهما مَائَةَ جَلْدَةٍ﴾[2]، سەرچاوەی سزای دووەم بڕیاری پێغەمبەرە(د.خ)، ئەوە بوو بڕیاری بەردبارانکردن (رەجم)ی ماعز و غامدیەی دا پاش ئەوەی بەشەرعی دلنیان پێدانا، ئەم بڕیارەیش بەتەواتور ساغ بووەتەوە، ئەمە جگە لە کۆدەنگیی فیقولنانی شەریعەت جگە لە خەوارج، کە پێیان وایە سزای هەمووان سەد جەڵدەیە.

شایانی باسە سروشتی ئەم تاوانە وایە بە دلنیێدانان نەبێ ناسەلمێ، لەبەرئەوەی لە سەرەتای ئیسلامەوە تا ئەمڕۆ رێك نەکەوتوە بە شایەت ساغ بووبێتەوە کە، نیسابەکەی چوار پیاوی دادپەروەرن.

فیقولنانی شەریعەت لەبارەی ئەم تاوانەوە لە دوو رووەوە ناکۆکن، یەکەمیان ئەوەیە ئایا مەبەست لە زینا ئەوەیە نێریازی دەگرێتەوە یان بەرلنبەریەتی و هەریەکەیان حوکمی تایبەتی هەیە، دووەم ئایا زۆرلێکردن بۆ زیناکەر بە رێگر دادەنرێ، سەرچاوەی جیاوازیی دووەمیان لەوەوەیە ئایا رەپبوون (الانتصاب) بەڵگەیە بۆ ئەوەی زیناکەر هەڵبژێرە و مەبەستی تاوانکردن بووە، یان ئەوە شتێکی سروشتییە و بەبوون یان نەبوونی بژارە روودەدا؟

---

[1] چ هەردووکیان نێرینە بن یان مێینە و چ دخولەکە لەپێشەوە بێ یان پاشەوە، شیانیش بۆ سزا شیانی تەکلیفە، بۆ کردەوەکەیش شیانە بۆ چێژبینین لە سێکس.

[2] سورة النور/ ٢.

جیاوازی لە دیاریکردنی چەمکی زینادا:

فیقولنان سێ ئاراستەی جیاوازیان لەوبارەوە هەیە، هەندێکیان جیاوازییان نەکردوە لەنێو پێش و پاشدا جا چ پاشی نێرینە بێ یان مێینە وەك شافیعی[1] و مالیکی[2]، هەندێکیان چوونە لای ژن (ولته دخول)یان لە پاشەوە بە زینا دانەناوە جا چ پاشی نێرینە بێ یان مێینە وەك حەنەفی[3]. هەندێکیش پاشی مێینەیان لە پاشی نێرینە جیا کردۆتەوە و هی یەکەمیان بە زینا دلناوە نەك دووەم وەك مەزەبی ئیمامی[4]، رای زاڵیش یەکەمیانە، لەبەرئەوەی قورئانی پیرۆز سەرجەم ئەو حاڵەتانەی بە فاحیشە دلناوە[5].

جیاوازی لەبارەی کاریگەریی زۆرلێکردن لەسەر بەرپرسیارێتیی زیناکار:

فیقولنانی شەریعەتی ئیسلامی کۆکن لەسەر ئەوەی ئەو ئافرەتەی لەژێر فشاری زۆرلێکردندا زینای لەگەڵ بکرێ، لەرووی جینائیەوە بەرپرسیار نابێ، بەڵام ناکۆکییان لەوەدلیە بەو کارە شایستەی مارەیی هاوشێوە دەبێ لەو رووەوە چوونەلای بەزۆر وەك چوونەلای بە شوبهەیە، یان

---

[1] لە: مغني المحتاج – للشربيني، شرح المنهاج – للنووي: ٤٣/٤ دا هاتووە: (زینا بریتییە لە ژوورەوەی زەکەرە بۆ فەرجێکی حەرام بۆ پێدلبردن و دوور لە شوبهە و ئارەزووەوە بێ حەد واجب دەکا، پاشی نێرینە و مێینەیش وەك پێشە و بریتییە ژوورەوە بە هەردوو پاشەکەدا بەپێی مەزەب پێی دەوترێ نێربازی حەد واجب دەکا).

[2] لە: الشرح الصغير – للدردير: ٣٩٠/٢ دا هاتووە: (ئەو زینایەی حەددی لەسەرە ئەوەیە موسڵمانێکی موکەلەف سەری زەکەری بباتە زێی ئادەمیزادێك کە بەرگەی جووتبوون بگرێ، عادەتەن بەئەنقەست و بەبێ شوبهە یا پاشی نێرینەیەکیش بێ جا بەزیندوویی بێ یان بەمردوویی).

وفي الخرشي: ٧٦/٨ دا هاتووە: (مەزەبی مودەوەنە ئەوەیە چوونەلای ئافرەتی بێگانە لەپاشەوە پێی دەوترێ زینا نەك نێربازی).

[3] لە: الاختيار لتعليل المختار – للإمام عبد الله الموصلي: ١٢٤/٤ دا هاتووە: (زینا جووتبوونی پیاوە لەگەڵ ئافرەت لە پێشەوە، بەو مەرجەی کەنیزەکی نەبێ و شوبهەی تێدا نەبێ).

[4] لە: الروضة البهية شرح اللمعة الدمشقية: ٣٤٧/٢ دا هاتووە: (زینا ئەوەیە نێرینەیەکی بالق بەئەندازەی سەری ئامێری بباتە نێو زێی ئافرەتێکی حەرام بەبێ مارەبڕین و بەبێ شوبهە بەئاگایی و بەویست، بەڵام بردنە نێو پاشی نێرینە بە زینا دلنانرێ با بەدکارانەتر و سزاکەیشی سەختترە).

[5] خوا ئەفەرموێ: (وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَىٰ إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلًا)، سورة الإسراء / ٣٢. هەروەها ئەفەرموێ: (أَتَأْتُونَ الْفَاحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ الْعَالَمِينَ)، سورة الأعراف / ٨٠. مەبەست لە فاحیشە لە ئایەتی یەکەمدا دخوله لە پێشەوە بەبێ هاوسەری و شوبهە، بەڵام لە ئایەتی دووەمدا مەبەست نێربازییە لەگەڵ نێرینە.

نا؟ بەڵام سەبارەت بە حوکمی زیناکاری زۆرلێکراو جیاوازن، کە ئاخۆ زیناکردنەکە لە لێپرسینەوەی جینائی دەبەخشێ یان نا؟ دوو ئاراستە هەیە راجیحەکەیان ئەوەیە هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ ئافرەتی زیناکەردا نیە لەوەدا زۆرلێکردنی تەواو رێگرە لە بەرپرسیاربوونی هەردووکیان، بەپێی رای مەرجوحیش پرسیاری لێدەکرێ و حەددی لەسەر جێبەجێ دەکرێ وەك لەم دەقە فیقهیانەی خوارەوەدا:

لە (المهذب)[1]دا هاتووە: حەد لەسەر ئافرەت واجب نیە ئەگەر بەزۆر زینای لەگەڵ کرا لەبەرئەوەی پێغەمبەر(د.خ) فەرمویەتی (رُفِعَ عَنْ أُمَّتِي الخَطَأ والنسيان وَمَا اسْتُكرِهُوا عَلَيه)، هەروەها ویستی زەوت کراوە، هەربۆیە وەك خەوتوو حەددی لەسەر واجب نیە. ئەی ئاخۆ لەسەر پیاو واجبە ئەگەر بەزۆر زینای پێکرا؟ دوو بۆچوون هەیە، یەکەمیان رای مەزهەبە کە لەسەری واجب نابێ بەو شێوەیەی بۆ ئافرەت باسمان کرد، دووەمیان پێی وایە واجب دەبێ لەبەرئەوەی سێکسکردن بەبێ رەپبوون نابێ، کە بە شەهوەت و ویست روو دەدا.

لە (بدائع الصنائع)[2]دا هاتووە: دەربارەی ئەو پیاوەی ناچار بە زینا دەکرێ، ئەبو حەنیفە سەرەتا دەیگوت ئەگەر پیاو ناچار بە زیناکردن کرا حەددی لەسەر واجب دەبێ ئەوەیش قیاسە، لەبەرئەوەی زیناکردنی پیاو بە رەپبوونی ئامێر نەبێ ناکرێ کە ئەوە زۆرلێکردن کاری تێناکا، ولتە دەستەمۆ بووە لە زیناکردندا هەربۆیە حەددی لەسەرە، پاشان گەڕایەوە و گوتی ئەگەر زۆرلێکردن لە سوڵتان (دەسەڵات)ەوە بوو حەد واجب نابێ رووەوە کە زۆرلێکردن تەنیا لەلایەن ئەوەوە دەبێ، بەلای ئەو و هەردووکیان (ئەبو یوسف و محەمە)ەوە زۆرلێکردن لەلایەن دەسەڵات و هیتریشەوە دەبێ.

کاسانی پشتی رای دوو هاوەڵەکە دەگرێ و دەڵێ مەرج نیە هەرکەس ئامێری رەپ بوو کارەکە بکات، کردنەکەی بەهۆی زۆرلێکردنەکەیەتی.

لە (شرح الخرشي)[3]دا هاتووە: ئەو ئافرەتەی بەزۆر سێکسی لەگەڵ بکرێ بە رای هەمووان حەددی لەسەر نیە، بەڵام ئایا ئەو پیاوەی بەزۆر جیماعی پێ دەکرێ حەددی لەسەرە یان نا؟

---

[1] سەرچاوەی پێشوو: ٢/٢٦٧.

[2] سەرچاوەی پێشوو: ٩/٤٤٩٠.

[3] سەرچاوەی پێشوو: ٨/٧٦.

مەزهەبی لێکۆڵەران وەك ئیبن روشد و ئەللەخمی و ئیبن ئەلعەرەبی ئەوەیە حەددی لەسەر نیە، هیتر دەڵێن حەددی لەسەرە و زۆربەی مەزهەب لەسەر ئەوەن، هەر ئەوەیش مەزهەبەکەیە.

لە (المغني)[1]دا هاتووە: ئەگەر پیاو زۆری لێکرا و زینای کرد، هاوەڵانمان گوتویانە حەددی لەسەرە، ئەمە رای محەمەد بن ئەلحەسەن و ئەبو سەورە لەبەرئەوەی سێکسکردن بەبێ رەپبوون نابێ، ئەوەیش لەگەڵ زۆرلێکردن ناگونجێ.

سەبارەت بەم قسەیە ئەگەر خاوەنی المغني مەبەستی لە (محمد بن الحسن) محەمەد ئەلشەیبانی هاوەڵی ئەبوحەنیفە بێ، ئەوا بەهەڵە دلویەتیە پاڵی چونکە پێشتر لە (بدائع الصنائع) ئەوەمان گواستەوە کە محەمەد و ئەبو یوسف پێیان ولبووە بەرپرسیار نابێ.

لە (الروضة واللمعة)[2]دا هاتووە: بەپێی راستترینی دوو بۆچوونەکە زۆرکردن لە پیاو بۆ زیناکردن روودەدات، بەوهۆیەشەوە وەك چۆن ئافرەتی زۆرلێکراو حەددی لەسەر نیە ئەویش حەددی لەسەر نابێ لەبەرئەوەی هەردووکیان لەو مانایەدا هاوبەشن کە نەهێشتنی حوکمەکە ولجب دەکا، بەڕەوا نەبینینی بۆ پیاو دلوای کردنی شتێکە لە توانا بەدەرە، رەنگە گوترابێ ئەوە بۆ ئەو بەدی نایەت لەو رووەوە شەهوەت جڵەو ناکرێ و ترس رێگرە لە رەپبوونی ئامێر و گورتێکەوتنی، ئەوەیش بەو وەڵامە لاواز دەکرێ کە ئەندازەی پێویست بۆ زینا ونبوونی سەری ئامێرە کە بەزۆری لەسەر ئەوە ناوەستێ، ئەگەر گومان لە بوونی ئیختیار و هەبوونی ترس نەبوو.

لە (المحلی)[3]دا هاتووە: پێشتر رای ئیبن حەزممان هێنا کە دەڵێ (ئەگەر ئافرەتێك گیرا تا زینای لەگەڵ کرا، یان پیاوێك گیرا و چووکی کرا بە زێی ئافرەتێکدا، هیچ لەسەر ئەو دووانە نیە).

لەم پیادەکردنە فیقهیانە دەگەینە ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە:

١- سەرچاوەی ناکۆکی لە جیاوازیکردن لەنێوان زیناکەری پیاو و ئافرەتدا لەڕووی کاریگەریی زۆرلێکردنەوە، جیاوازیە لەبارەی ئەوەی ئاخۆ رەپبوون لەگەڵ زۆرلێکردندا ناگونجێ و بەوەیش بە ئاماژەیەك دادەنرێ لەسەر ویستی زیناکەری پیاو لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکە لەژێر فشاری

---

[1] لابن قدامة، سەرچاوەی پێشوو: /١٨٧.

[2] في الروضة البهية شرح اللمعة الدمشقية في فقه الإمامية – للشهيد السعيد زين الدين الجبعي العاملي: ٣٤٩/٢.

[3] لابن حزم الظاهري: ٣٣١/٨.

زۆرلێکردندا، یان ڕەپبوون خولستی سروشت و غەریزەیە و هیچ پەیوەندی بە بوون و نەبوونی هەڵبژاردنەوە نیە.

ڕای ڕاجیح ئەوەیە هیچ وابەستەییەك لەنێوان کردەی ڕەپبوون و کردەی زیناکردندا نیە، لەولەیە ڕەپبوون ڕوویدات بەبێ ئەوەی زینا بکرێ، هەروەها زینایش بەبێ ڕەپبوون دەکرێ، ئەمە جگە لە گشتیبوونی قسەکەی پێغەمبەر (رُفِعَ عَنْ أُمَتِي الخَطأَ والنسيان وَمَا استُكرِهُوا عَليه): کە زیناکەری نێر و مێ وەك یەك دەگرێتەوە ئەگەرلەژێر فشاری زۆرلێکردنی تەولودا تاوانی زینایان ئەنجام دا.

٢- تاوانە حەددیەکان هەرهەموویان تاوانی بەمەبەست (قصدی)ن، واتە یان بەئەنقەستن یان ئیتر تاوان نین و هەڵەیان تێدا نیە، لەبەرئەوەی مەبەستی تایبەت یان نیەتی خراپ و گوناه توخمێکی سەرەکییە لەو تاوانانەدا، ئەگەر ئەوە نەبوو تاوانیش نابێ، دیارە مەبەستی تایبەت و زۆرلێکردن دژ بەیەکن و کۆنابنەوە.

٣- ڕەگەزی موکەلەف لە سەرجەم تاوانە حەددیەکاندا وەرگیراوە با ڕاشکاوانەیش باس نەکرابێ، موکەلەفیش لە زاراوەی شەرعیدا بریتییە لە مرۆڤی بالغی ژیری هەڵبژێری زانا بە تەکلیف و توانا بۆ ئەنجامدانی، مادام لەفزی هەڵبژێر (المختار) لە پێناسەی موکەلەفدا هەیە، هەروەها موکەلەف لە پێناسەی تاوانی حەددیدا هەیە، لەبەرئەوە ئەم تاوانە بە مانا شەرعیەکەی بەدینایەت ئەگەر لەژێر فشاری زۆرلێکردندا بوو.

٤- زۆرلێکردن شوبهە (گومان) لە تاوانی حەددیدا بەرهەم دێنێ، لەبەرئەوەی دەبێتە هۆی نەبوونی ڕوکنە مەعنەویەکە (قەسدی جینائی)، فیقولنانی شەریعەتیش -جگە لەئیبن حەزم- کۆدەنگن لەسەر ئەوەی حەدد بە شوبهە ڕادەگیرێ[١].

٥- تاوانە حەددیەکان بریتین لە تاوانەکانی دەستدرێژیکردنە سەر مافە پەتیەکانی خوا یان ئەو مافانەی لەنێوان خولو بەندەکانیدان و بەشی خوا تێیاندا غالبە، زانراویشە لێبوردەیی ئیسلام لە مافەکانی خوادا لە لێبوردەیی بەرانبەر مافەکانی بەندەکان لەکاتی زیادەڕۆییکردنە سەریاندا زیاترە.

---

[١] عن عائشة (رض) قالت قال الرسول ﷺ ((ادرءوا الحدود عن المسلمين ما استطعتم فإن كان له مخرج فخلوا سبيله فإن الإمام لن يخطئ في العفو خير من أن يخطئ في العقوبة)). رواه الترمذي، نيل الأوطار: ١١٨/٧. واتە: تا دەتوانن حەد لە موسڵمانان دوور بخەنەوە چونکە ئیمام لە لێبوردندا هەڵە بکا باشترە لەوەی لە سزادانا هەڵە بکا.

٦- من هۆیەکیتر بۆ ئەم هۆیانە زیاد دەکەم کە نەمدیوە هیچ سەرچاوەیەکیتر باسی کردبێ ئەویش قیاسە، کە لە گرنگترین بەڵگە شەرعیەکانە پاش قورئان و سوننەت و ئیجماع و هەموو تاوانێکی حەددی کە زۆرلێکردنی تێدایە لەسەر قیاس پێوانە دەکرێ کە لە گەورەترین گوناهە گەورەکان و مەترسیدارترین تاوانەکانە، ئەگەر زۆرلێکردن تێیدا رێگر بێ لە بەرپرسیارێتیی جینائی بەدەقی قورئانی پیرۆز: ﴿إِلاَّ مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالإِيمَنِ﴾[1]، ئەوا لەپێشترە کە لە باقیی تاوانە حەددیەکاندا رێگر بێ لە بەرپرسیارێتیی جینائی، خاڵی کۆکەرەوەی نێوان قیاسکرلو و قیاس لەسەرکرلو نەبوونی قەسدی جینائییە لای زۆرلێکرلو.

کاریگەریی زۆرلێکردن لە تاوانەکانی قیساس و خوێنباییدا:

زانینی ئەم کاریگەرییە پێویست بە زانینی جۆرەکانی ئەم تاوانانە و ئەو سزایانەی لە هەر یەکەیان دەکەوێتەوە دەکا، ئەم سزایانەیش هەندێکیان هی ئاخیرەتن کە گوناهە، هەندێکیشیان دنیایین، دنیاییەکە لەولنەیە جەستەیی بێ وەك قیساس و لەولنەیشە دلرایی بێ، دلراییەکە یان ئەرێنییە وەك گوناهشۆرییەکان (الكفارات)، دەشێ کەفارەتەکەیش رۆژوو بێ، یان ئەوەتا نەرێنییە ئەویش بێبەشکردنە لە میرات.

قیساس بۆ کوشتنی بەئەنقەستی دەستدرێژی سزایەکی ئەسڵییە، هەروەها خوێنبایی (الدیە) دەشێ سزایەکی ئەسڵی بێ وەك لە کوشتنی بەهەڵەدا، هەروەك لەولنەیە بەدیل بێ وەك رێکەوتن لەسەری لەباتیی قیساس. هەروەها بێبەشکردن لە میرات سزایەکی تەبەعییە بۆ سەرجەم جۆرەکانی کوشتنی رێگر لە میرات.

جۆرەکانی تاوانەکانی قیساس و خوێنبایی:

بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش دەبێ، تاوانەکانی دەستدرێژیکردنە سەر گیان و دەستدرێژیکردنە سەر خوار گیان (ئەندامانی جەستە)، لەم توێژینەوەماندا تەنیا لەسەر بەشی یەکەم دەوەستین، لەبەرئەوەی هەر هەموو ئەو رەگەز و حوکمانەی بەسەر یەکەمدا دەچەسپن بەسەر بەشی دووەمیشدا دەچەسپن.

---

[1] سورة النحل / ١٠٦.

جۆرەکانی کوشتن:

فیقولنـان لەسـەر دیاریکردنی ئـەو جۆرانـەی سـزایان لەسـەرە رێـك نەکـەوتوون، هەنـدێکیان دابەشـکردنی پێنجینـەیان کـردوە، هەنـدێکیتر دابەشـکردنی دوانینـە و هەندێکیشـیان لەگـەڵ دابەشکردنی سیانینە بوون.

دابەشکردنی پێنجینە:

حەنەفیەت[1] کوشتنیان لەرووی مەبەست و ئـامرازی جێبەجێکردنـەوە بـۆ پێـنج جـۆر دابـەش کردوە، بەئەنقەست + نیمچە ئەنقەست + هەڵە + هاوشێوەی هەڵە + بوونە هۆ.

١- **کوشتنی بەئەنقەست:** پیناسـەیان کـردوە بـەوەی لـەناوبردنی گیـانی مرۆڤـە بەئەنقەسـت و بەدەستدرێژی بە کەرەستەیەکی شرکەر (ممزقة) بـۆ شـانەکانی جەسـتە وەك چـەکی ئـاگرین، سزا ئەسڵیەکەی قیساسە، تەبەعیەکەیشـی بێـوەریکردنی بکوژە لـە میراتـی دەسکوژەکەی، بەدەلیش خوێنبایە بە رێکەوتنی خاوەن خوێن و تاوانکار.

٢- **کوشتنی نیمچەئەنقەست:** هـەمان کوشـتنی بەئەنقەسـتە، بـەڵام کەرەسـتەکە لـە ئەنقەسـتدا شرکەرە بەپێچەوانەی کەرەستەی نیمچە ئەنقەسـت، سزاکەیشـی گونـاه و کەفارەتـە لـە مـاڵی تاوانکارەکـە، هـەروەها خوێنبـایی قـورس[2] لەسـەر کەسـوکاری، نیمچەئەنقەسـت لـە دەستدرێژیکردنە سەر خولر گیان بەلای حەنەفیەتەوە بەئەنقەست حسێبە.

٣- **کوشتنی بەهەڵە**، هەڵەیش دوو جۆرە: **هەڵە لە مەبەستدا** وەك ئەوەی تەقە لە کەسێك بکـات و وابزانێ نێچیرە، کەچی دەربچێ ئادەمیزادە، یان وابزانـێ حەربییـە کەچـی حـەربی دەرنەچـێ. سزاکەیشی لە هەردوو حاڵەتەکەدا کەفارەتە لە ماڵیدا و خوێنبایی لەسەر کەسوکارەکەی و هـیچ گوناهی لەسەر نیـە لەبـەر ئایـەتی ﴿وَلَيسَ عَلَيكُم جُنَاحٌ فِيمَا أَخطَأتُم بِـهِ﴾ و فـەرموودەی

---

[1] لەم بابەتەدا بڕوانە: الدر المختار وحاشيته رد المحتار: ٦/٥٢٧ و پاشتر. الهداية: ٤/١٥٨ و پاشتر. تكملة فتح القدير: ١٠/٢٠٣ و پاشتر. البدائع: ١٠/٤٦١٦ و پاشتر.

[2] خوێنبایی دوو جۆرە: قورس و سووك، قورس بریتییە لە ١٠٠ وشتر، ٣٠ دانەیان لـە جـۆری (حقـة)، ٣٠ دانـە لـە جـۆری (جذعة)ن ٤٠ دانەیش لە جۆری (خلفة) کە ئاوس بن. سووکیش بریتییە لە ١٠٠ وشتر، ٢٠ دانەیان لە جۆری (حقه)، ٢٠ (جذعة بنت لبون)، ٢٠ ابن لبون، ٢٠ (بنت مخاض). ئەگەر وشتر نەبوو نرخەکەی حسێب دەکرێ.

پێغەمبەر(د.خ) (رُفِعَ عَن أُمَّتِي الخَطَأ)، واتە لێگرتن و بەرپرسیاریتیی جەزایی دنیایی و ئوخرەوی بۆ تاوانێك کەسێك بەهەڵە بیکا، هەڵگیراوە.

٤- **ئەوەی هاوشێوەی هەڵەیە:** بریتییە لە قەتڵێك مرۆڤ بەبێ بەکارهێنانی ئیرادە و ئیدراك ئەنجامی دەدا، وەك ئەوەی کەسێك لە سەریان خەوتبێ بکەوێت بەسەر کەسێکدا و بیکوژێ، سزاکەیشی هەمان سزای جۆری سێیەمە.

٥- **کوشتن بە بوونە هۆ:** وەك ئەوەی کەسێك بەبێ مۆڵەت بیرێك لە شوێنێکی رێپێنەدراودا لێبدات و کەسێك بکەوێتە ناوی و بەهۆیەوە بمرێ، سزاکەیشی خوێنباییە لەسەر کەسوکارەکەی، بۆیە هیچ گوناهی لەسەر نیە جگە لە هەڵکەندنەکە، لەبەرئەوە کەفارەتی لەسەر نیە.

ئەم دابەشکردنە پێنجینەیە لە چەند روویەکەوە ورد نیە، لەوانە:

أ- **پێوەری جیاکردنەوەی ئەنقەست لە نیمچە ئەنقەست:** لە ئەنقەستدا کەرەستەکە شرکەری شانەکانی جەستەیە، بەڵام لە نیمچە ئەنقەستدا ناشرکەرە[1]، ئەمە ئەگەرچی پێوەرەکە بابەتییە بەڵام سەلیم نیە، چونکە دەشێ ئەنقەست بە رێگەیتریی جگە لە شرکردنیش روویدات، وەك نوقمکردن بە ئاو و خنکاندن و ئەو جۆرە شتانە.

ب- **کوشتن بەبوونەهۆ:** لەوانەیە بەئەنقەست و بەدەستدرێژی بێ کە قیساس واجب دەکا، وەك ئەوکەسەی بیەوێ کەسێك بکوژێ، بچێ بیرێکی بۆ هەڵبکەنێ، کابرا بکەوێتە ناوی و بمرێ، ئەوا دانپەروەری نیە وەك بکوژی بەهەڵە مامەڵەی بکرێ. زۆر لە فیقوانان بۆ ئەوە چوون سزاکەی لەم بارەدا قیساسە. خەرشی[2] دەڵێ (ئەوەی بیرێك لە شوێنێکدا هەڵبکەنێ کە نابێ تێیدا هەڵیبکەنێ وەك رێگەی موسڵمانان، یان لە شوێنێکدا هەڵیبکەنێ کە بۆی هەیە تێیدا هەڵیبکەنێ وەك ناوماڵی خۆی، مەبەستی لەوە زیانگەیاندن بێ وەك لەناوچوونی کەسێکی دیاریکراو و ئەو کەسەی تێدا فەوتا، ئەوا لەسەر ئەوە دەکوژرێتەوە).

ج- **جیاکردنەوە لەنێوان هەڵە و ئەوەی هەڵەیە:** نالۆژیکییە لەبەر نەبوونی قەسدی جینائی لە هەردوو حاڵەتەکەدا نە لە کردەوەدا و نە لە ئەنجامدا (کوشتن).

---

[1] لە: الدر المختار: ٥٢٧/٦دا هاتووە: (ئەوەیە بەئەنقەست لە هەر شوێنێکی جەستەی بدات بە ئامێرێك کە بەشەکان لەیەك جیا دەکاتەوە وەك چەك).

[2] سەرچاوەی پێشوو: ٨/٨.

دابەشکردنی دوانینە:

مالیکی وەك بەناوبانگە کوشتنی واجبکەری سزای بۆ دوو بەش دابەش کردوە، ئەنقەست و هەڵە[1] پاش ئەوەی فیقولانی شەریعەت رێك کەوتن لەسەر ئەوەی کوشتن وەك چۆن بەئەنقەست دەبێ بە هەڵەیش دەبێ، لەوەدا جیاوازن کە ئاخۆ حاڵەتێکی ناوەند هەیە کە پێی دەوترێ نیمچە ئەنقەست یان نا، جمهوریان گوتویانە ئەو ناوەڕاستە هەیە، لەبەرئەوەی کوشتن بەئەنقەستە ئەگەر تاوانکار مەبەستی کردەوەکە و ئەنجامەکەیش بێ پێکەوە، بەهەڵەیشە ئەگەر هەردووکیانی پێکەوە مەبەست نەبێ، هەروەها نیمچە ئەنقەستە ئەگەر مەبەستی کردەوەکە بێ بەبێ ئەنجامەکە، وەك لێدانێك ببێتە بایسی مردن.

لای مالیکی بەناوبانگ ئەوەیە حاڵەتی ناوەند لەنێوان ئەنقەست و هەڵەدا نیە، واتە لەنێوان ئەوەی تاوانکار مەبەستی هەبێ یان نەیبێ، یەکەمیان بەئەنقەست و دووەم بەهەڵەیە، لەم روانگەوە نیمچە ئەنقەستیش دەچێتە خانەی ئەنقەست لەبەر بوونی قەسدی جینائی لە کردەوەکەدا[2]. کوشتنی بەئەنقەست قیساسی لەسەرە و هی هەڵەیش خوێنبایی لەسەر کەسوکاری تاوانکارەکە و کەفارەتە لە ماڵەکەیدا، کە رزگارکردنی کۆیلەیەکی باوەڕدارە، ئەگەر نەبوو دوو مانگ بەڕۆژووبوونی لەسەریەکە، ئەگەر نەیتوانی چاوەڕوانی توانین دەکا[3].

تێبینی دەکرێ ئەم دابەشکردنە دوانینەیە نالۆژیکیە، لەبەرئەوەی یەکسانکردن لەنێوان تاوانێك مەبەستی تاوانکارانەی لە کردەوە و ئەنجامەکە تێدایە لەگەڵ تاوانێکیتر کە ئەو مەبەستەی تەنیا لە کردەوەکە تێدایە، لەگەڵ دادپەروەری و مەنتیقدا ناگونجێ.

دابەشکردنی سیانینە:

جمهوری فیقولنان[4] لەگەڵ دابەشکردنی سیانینەن کە ئەوانیش ئەنقەست و نیمچە ئەنقەست و هەڵەیە و گوتویانە:

---

[1] بڕوانە: الخرشي: ٨/٨ و پاشتر. الشرح الصغير: ٢/٣٥٢ و پاشتر.

[2] بداية المجتهد ونهاية المقتصد – للإمام ابن رشد: ٢/٣٣٣.

[3] تبصرة الحكام – لابن فرحون: ٢/٢٣٦.

[4] لە: بداية المجتهد: ٢/٣٣٢دا هاتووە: (لەبارەی سیفەتی ئەوەی قیساسی پێ واجب دەبێ، لەسەر ئەوە کۆکن کە بەئەنقەستکردنە، لەبەرئەوەی کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کوشتن دوو جۆرە: بەئەنقەست و بەهەڵە. لەوەشدا ناکۆکن کە

←

کوشتنی بەئەنقەست: بریتییە لە دەرکردنی گیانی مرۆڤێك بە ئامرازێکی بکوژ، بەزۆری بە چەکێکی ئاگرین.

نیمچە ئەنقەست: بریتییە لە دەرکردنی گیانی مرۆڤێك بە ئامرازێکی نەکوژ، بەزۆری وەك تەختە و بەرد.

کوشتنی بەهەڵە: بریتییە لە دەرکردنی گیانی مرۆڤێك کە مەبەستی تاوانکارانەی نە لە کردەوەکە و نە ئەنجامەکەدا تێدا نیە، وەك ئەو کەسەی تەقەی لە مرۆڤێك کردوە وای زانیوە نێچیری راوە، یان تەقە لە بێتاوانێك بکا وابزانێ جەنگاوەرە، پاشان دەریکەوێ وانیە.

ئەوە روونە کاریگەریی زۆرلێکردن پەیوەندی تەنیا بە بەرپرسیارێتی لە کوشتنەکەدا نیە، بەڵکو وەك چۆن هەموو جۆرە باسکراوەکانی دەگرێتەوە، بەهەمان شێوە سەر هەموو دەستدرێژیەك بۆ سەر خوار گیاندا دەچەسپێ، لە برینداری و نەخۆشیی درێژخایەن و هیتر لە هەر ئازارێك بە سەلامەتیی جەستەی مرۆڤ بگا، بەڵام خستنەرووی حوکمی سەرجەم ئەم حاڵەتانە پێویستی بە کات و کۆشش هەیە، ئەمە جگە لەوەی وەك چۆن درێژدادڕی بێزارکەرە، بەهەمان شێوە کورتکردنەوەیش تێکدەرە، لەبەرئەوە تەنیا قسە لەسەر ئەوە دەکەین پەیوەندی بە کوشتنی بەئەنقەست و بەدەستدرێژیەوە هەیە تا بکرێتە بنچینە و باقیی دەستدرێژیەکان بۆ سەر گیان و خوار گیانی لەسەر قیاس بکرێ. هەندێ بەدرێژی وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەینەوە: کێ لە تاوانی کوشتنی بەئەنقەست و بەدەستدرێژی بەرپرسە کە لەژێر فشاری زۆرلێکردنی تەواودا ئەنجام درابێ؟

ئەو بەشانەی بەخەیاڵدا بێن چوارن: یان ئەوەتا قیساس لەسەر زۆرلێکەر و زۆرلێکراو جێبەجێ دەکرێ، دووەمیان لەبەر کردنی و یەکەمیان لەبەر بوونەهۆی. یان هیچکامیان قیساسیان لەسەر جێبەجێ ناکرێ، بەڵکو خوێنبایی نیوە بەنیوە لەسەریان واجب دەبێ. یان قیساس لەسەر زۆرلێکەر جێبەجێ دەکرێ نەك دووەم، یان بەپێچەوانەوە.

فیقوانان لەسەر هیچ یەکێك لەم بەشانە یەکقسە نین، بەڵکو بەسەر چوار رادا دابەش بوون، وەك لەم روونکردنەوەیەکدا:

ئاخۆ ناوەندێك لە نێوانیاندا هەیە یان نا، ئەوەیە پێی دەوترێ نیمچە ئەنقەست، کە ئەمە رای جمهوری فیقوانانی میسرەکانە، بەناوبانگ لای مالیك رەتکردنەوەیەتی).

رای یەکەم: ئەوەیە تۆڵە لە هەریەکەیان بکرێتەوە، ئەوە مەزهەبی مالیکی[1] و حەنبەلیەکان[2] و رای زاڵ (رلجیح)ە لە مەزهەبی شافیعیدا[3].

ئەم رەوتە پشت بە چەند بەلگەیەك دەبەستن، لەولنە:

١- زۆرلێکەر بەزۆری بووەتە مایەی بەناهەق مردنی تاولنسەر، وەك ئەوەی فرێی دلبێتە ناو بیرێك کە ئاژەلێکی درندەی تێدلیە و خولردبێتی، یان خستبێتیە ناو ئاوێك و دەیزلنی مەلەولنی نازلنێ و کەوتە ژێر ئاو و مرد. بەلام زۆرلێکرلو سەرپشك بووە لەنێولن هەلبژلردنی هەرەشەپێکرلو و کوشتنی ئەوەی بۆ کوشتنی زۆری لێکرلوە، ئەویش لەپێناو خۆی و هێشتنەوەی لەژیاندا دووەمی هەلبژلردوە، لەکاتێکدا خەلك لە مافی ژیاندا یەکسانن و کەس فەزلی بەسەر کەسیترەوە نیە مەگەر بە پاساوێکی مەشروع نەبێ، کە لێرەدا پاساو نیە، ئەمە جگە لەوەی ئەوە لەسەر ئەو کەسە قیاس دەکرێ لە حالەتی برسێتیدا کەسێك بکوژێ تا گۆشتەکەی بخوات[4].

٢- هەردووکیان لە ئەنجامدلنی تاولنەکەدا شەریکن، ئەمیان لەبەر بوونەهۆ و ئەویان لەبەر کردنی کارەکە، ئەم حالەتە وەك حالەتی کوشتنی کۆمەڵە کەسێکە لەسەر کوشتنی یەك کەس کە

---

[1] لە: الخرشي: ٨/٩دا هاتووە: (یەکێك لە هۆکانی کوشتن زۆرلێکردنە ئەویش پەیوەندیەکە لەنێولن زۆرلێکەر و زۆرلێکرلودا، زۆرلێکەر لەبەر بوونەهۆی دەکوژرێ و زۆرلێکرلویش لەبەر کردنی کارەکە ئەگەر لە ترسی کوشتنی نەیدەتولنی سەرپێچی فەرمانەکە بکا).

[2] لە: المغني – لابن قدامة: ٦٤٥/٧دا هاتووە: (پێویستە قیساس لەسەر زۆرلێکەر و زۆرلێکرلو جێبەجێ بکرێ، ولجببوونی لەسەر زۆرلێکەر لەبەرئەوەیە بووەتە بایسی کوشتنی بە شتێك کە بەزۆری سەری لەوەوە دەردەچێ، ئەویش وەك ئەوەی مارێکی پێوە بدا یان فرێی بدا بۆ شێرێك لە بێشەکەیدا. هەرچی ولجببوونیەتی لەسەر زۆرلێکرلو لەبەرئەوەی بەئەنقەست و بەناهەق کوشتویەتی تا خۆی بهێلێتەوە وەك ئەوەی لە برسێتی و قاتوقڕیدا کوشتبێتی تا بیخولت، ئەوەی گوترلوە "زۆرلێکرلو ناچارە رلست نیە لەبەرئەوەی دەیتولنی مل نەدا").

[3] لە: تحفة لمحتاج: ٣٨٨/٨دا هاتووە: (ئەگەر زۆری لێکرا بۆ برین یان کوشتنی کەسێك بەناهەق وەك بلێ ئەوە بکوژە ئەگینا دەتکوژم ئەویش کوشتی، ئەوا زۆرلێکەر قیساسی لەسەرە با ئیمام یان زلڵبوویەك بێ با زۆرلێکرلوەکەیش هەلەکارە. تەماشای ئەوە ناکرێ ئەو بووەتە هۆ و زۆرلێکرلو کارەکەی کردوە، یان ئەوەی شەریکی هەلەکار قیساسی لەسەر نیە، لەبەرئەوەی ئەو لەگەلیدا وەك ئامێرێکە، لەبەرئەوەی زۆرلێکردن بەزۆری پالنەری کوشتن لای زۆرلێکرلو دروست دەکا، هەروەها لەسەر زۆرلێکرلویش پێویستە مەگەر عەجەمی بێ و بلوەڕی ولبێ گوێڕایەلیکردنی هەموو فەرمانکارێك ولجبە، یان مەئموری ئیمام یان سەرگەورەی باغیان بێ و نەیزلنیبێ گەورەکەی لەو فەرمانکردنەیدا بە کوشتن ستەمی کردوە).

[4] بڕولنە: تحفة لمحتاج: ٣٨٩/٨. المغني: ٦٤٥/٧.

ڕێکەوتنی لەسەرە، ئەگەر بە ئاشتەوایی یان هیتر قیساس کەوت و خوێنبایی جێی گرتەوە نیوە بەنیوە دەبێ، هەریەکەیان نیوەیان دەکەوێتە سەر لە ماڵی خۆیان، نەك لە ماڵی کەسوکار.

مەرجەکانی جێبەجێکردنی قیساس لەسەر هەردووکیان: پێویستە ئەم مەرجانە هەبن:

١- زۆرلێکردنەکە ناتەواو نەبێ ئەگینا تۆڵە لە زۆرلێکراو و بکەری ڕاستەوخۆ دەکرێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر هەڕەشەی لێدانێکی سادە یان بەندکردنی سادەی لێکرا ئەگەر بێتو ئەو کوشتنەی فەرمانی پێ دەکرێ نەیکا، تۆڵە لە زۆرلێکراو دەکرێتەوە ئەگەر قەتڵەکەی کرد، زۆرلێکەریش تەعزیر دەکرێ.

٢- زۆرلێکراو منداڵ یان شێت یان کەسێك نەبێ حوکمی ئەوانەی هەبێ، بەپێچەوانەوە تۆڵە تەنیا لە زۆرلێکەر دەکرێتەوە، لەبەرئەوەی زۆرلێکراو وەك ئامێرێك بووە بۆ جێبەجێکردنی تاوانەکە.

٣- زۆرلێکراو وای نەزانیبێ جێبەجێکردنی زۆرلێکردن واجبە، لەبەرئەوەی لەم بارەدا بەبڕوای ئەو کوشتنەکە رەوا و پاساودارە، یان لەبەرئەوەی زۆرلێکەر لەبەر پێگەی ئاینی یان کۆمەڵایەتیی خۆی فەرمان بەشتی حەرام ناکا.

ڕای دووەم: تۆڵە لە هیچکامیان ناکرێتەوە، ئەوەیش ڕای ئەبویوسفە لە فیقوانانی حەنەفی، بەڵام گوتویەتی خوێنبایی لەسەر زۆرلێکەر، کە فەرمانی بە کوشتنەکە کردوە واجبە[1].

بۆ ئەوەیش پشتی بە هەندێ بەڵگە بەستووە[2]، لەوانە:

أ- زۆرلێکەر لەڕاستیدا بکوژ نیە و دنەپاڵی کوشتن زیاتر لەڕووی مەجازی ئەقڵیەوەیە، ئەوە دنەپاڵی شتە بۆ لای شتێك کە هەق نیە بدرێتە پاڵی لەبەر پەیوەندیی هۆیی، چونکە ڕۆڵی ئەو تەنیا بوونەهۆ بووە، کوشتنیش بەبوونە هۆ لە ئوسوڵی حەنەفیدا قیساس واجب ناکا، جا ئەگەر لەسەر زۆرلێکراو واجب نەبێ ئەوا لەپێشترە کە لەسەر زۆرلێکەر واجب نەبێ.

---

[1] لە: بدائع الصنائع: ٩/٤٨٨دا هاتووە: بەلای ئەبی یوسفەوە قیساس لەسەر هەردووکیان واجب نیە، بەڵام خوێنبایی لەسەر زۆرلێکراو واجبە). لە: حاشیة ابن عابدین: ٦/١٣٦دا هاتووە: (ئەبو یوسف ڕەتیکردنەوە لەسەریان بێ، بەڵام خوێنبایی لەسەر فەرماندەر (الآمر) واجب کردوە لە سێ ساڵدا، لەبەر شوبهەی نەبوون، لەبەرئەوەی یەکەمیان بەحەقیقەت بکوژە نەك بە حوکم و ئەویتریان بەپێچەوانەوە.

[2] لە: بدائع الصنائع: ٩/٤٨٨دا هاتووە: (ڕووی قسەکەی ئەبو یوسف بەو شێوەیە کە زۆرلێکەر لەڕاستیدا بکوژ نیە، بەڵکو موسەبیبی بکوژە، بکوژی ڕاستەقینە زۆرلێکراوە، جا ئەگەر ئەو قیساسی لەسەر نەبێ، ئەوا نەبوونی لەسەر زۆرلێکەر لەپێشترە).

ب- بەگوناهبار دانانی زۆرلێکراو: لەبەرئەوەی فەزڵی مانەوەی بەسەر مانەوەی تاوانسەر بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کردەوە جورمیەکە چیتر بەتەنیا نادرێتە پاڵ زۆرلێکراو، بەڵکو کردەوەکە لەنێوانیاندا دێ و دەچێ و بەوە شوبهە دروست دەبێ، قیساسیش بە شوبهە رادەگیرێ، وەك لە تاوانەکانی حدوددا، لەبەرئەوەی تاوانی قیساس وەك تاوانی حدود بەتاوانداران و سزاکانیان بەدەق جێگیر و دیار کراون.

ئەم بۆچوونە وێڕای شیکردنەوە لۆژیکیەکەی بەڵام لەگەڵ دادپەروەری و لۆژیکدا بەریەك دەکەوێ، لەبەرئەوەی بەدڵنیاییەوە ئەگەر زۆرلێکردن نەبوایە تاوانەکە رووی نەدەدا، جا ئەگەر زۆرلێکراوە بەرفەمانەکە تا رادەیەك مەعزور بێ کە بۆ خۆ رزگارکردن لە مەترسیی ئەو هەڕەشەیەی لێی کراوە تاوانەکەی کردوە، ئەی عوزری سزا سووکێتی زۆرلێکەرەکە چییە کە فەرمانی کردوە بە دەستدرێژیکردنە سەر گیانی کەسانی بێتاوان بەبێ پاساوێکی شەرعی؟ لەسەر چ بناغەیەك قیساس دەگۆڕێ بۆ خوێنبایی؟!

تەعلیل بەوەی قەتڵەکە بەبەشداریی هەردووکیان کراوە، ئەمیان بە(بوونە هۆ) و ئەویان بە (کردن)ی کە دروستبوونی شوبهەی لێ دەکەوێتەوە، سەردەکێشێ بۆ ئەوەی بوترێ ئەو کەسانەی بەشداری لە تاوانەکەدا دەکەن بەو سزایەی شەرع بۆی داناون سزا نادرێن، ئەمەیش لەگەڵ کۆدەنگیی جمهوری فیقوانان لەسەر کوشتنی کۆمەڵێك بەهۆی تاکەکەسێکەوە لێك دەدات.

لەبەرئەوە پێم وایە ئەبویوسف (رەحمەتی خوای لێبێ) لە بۆچوونەکەیدا سەرکەوتوو نەبوو.

رای سێیەم: زۆرلێکردن بۆ فەرماندەری زۆرلێکەر بە عوزرێکی رێگر لە بەرپرسیارێتی دادەنرێ، بۆیە قیساسی واجبە ئەگەر هاتوو تاوانەکە کوشتنی بەئەنقەستی بەدەستدرێژی بوو، بەڵام بەرفەرمان (المأمور)ی زۆرلێکراو نا. ئەمە قسەی ئەبوحەنیفە و محەمەد ئەلشەیبانی[1] و شیعەی زەیدی[2] هەروەها لای شافیعی قەولی مەرجوحە[1]، ئەمە مانای ئەوە نیە زۆرلێکراو سەرباری

---

[1] لە: بدائع الصنائع: ٩/٤٤٨٨دا هاتووە: (هەرچی زۆرلێکراو بۆ کوشتنە ئەگەر زۆرلێکردنەکە تەواو بوو بەلای ئەبوحەنیفە و محەمەدەوە قیساسی لەسەر نیە بەڵام تەعزیر دەکرێ لەسەر زۆرلێکەرەکە واجبە).

[2] فیقهی زەیدی لەگەڵ ئەو ئاراستەیە کۆکە کە بەرپرسیارێتی دەخاتە سەر زۆرلێکەر لەبەرئەوەی بەمانا ئەو بکەرەکەیە و زۆرلێکراو وەك ئامێرێکە بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە بەکار دێ، بەڵگەی گەورەشیان بریتییە لە حەدیسی ((رُفِـعَ عَـنْ أُمَّتِـي الخَطَأُ والنسيان وَمَا استُكرِهُوا عَليه)).

ئیسارکردن و هەڵبژاردنی مانەوەی خۆی بەسەر مانەوەی قوربانیەکەدا بە ئەنجامدانی ئەو تاوانەی بەزۆر پێی کراوە، بە بێتاوان دادەنرێ، بەڵکو بە سزایەکی تەعزیری وەك بەند یاخود زیندانیکردن سزا دەدرێ ئەگەرچی هەندێکیان باسیان لەم سزا تەعزیریە نەکردوە کاتێ گوتویانە زۆرلێکەری فەرماندەر بەتەنیا شایستەی قیساسە، ئەوە روونە کە بۆ جێبەجێکردنی قیساس پێویستە ئەو مەرجانە هەبن کە لە رای یەکەمدا باسمان کرد.

لایەنگرانی ئەم بۆچوونە پشتیان بەچەند بەڵگەیەك بەستووە هەندێکیان نەقلی و هەندێکیان ئەقڵین، گرنگترینیان ئەمانەن:

١- لە بەڵگە نەقلیەکان کە پشتیان پێ بەستووە بۆ ئەوەی قیساس لەسەر زۆرلێکراو واجب نیە ئەوەیە پێغەمبەر(د.خ) فەرمویەتی (رُفِعَ عَن أُمَّتِي الخَطأُ والنسيان وَمَا استُكرِهُوا عَليه)، واتە لێگرتن و بەرپرسیارێتیی جینائی لەو کەسە هەڵگیراوە کە لەژێر فشاری زۆرلێکردن یان هەڵە یان لەبیرچووندا تاوانێك بکات، گوتویانە: لێبوردن لە شتێك لێبوردنە لەوەی واجبی دەکا، کە لێرەدا سزای قیساسە.

٢- لە بەڵگە ئەقڵیەکانیش ئەمانەن:

١- لەرووی ماناوە بکوژ زۆرلێکەرەکەیە، ئەوەی لای زۆرلێکراوە وێنەی کوشتنەکەیە. ئەو وەك ئامێرێکە لە ئەنجامدانی تاوانەکەدا بەکار هاتووە.

٢- قیاسکردن لەسەر تەلەفکردنیماڵی کەسیتر لەژێر فشاری زۆرلێکردندا، جا وەك چۆن زەمان لەسەر زۆرلێکەر دەبێ ئەگەر کەسێکی بەزۆرلێکردنێکی تەواو زۆر لێکرد ماڵی کەسێکیتر بەناهەق لەناو بیات، بەهەمان شێوە قیساسیش لەسەر ئەو واجبە لەبەرئەوەی ئەو نەبوایە تاوانەکە رووی نەدەدا.

---

[1] لە: المنهب: ٢/١٧٧ دا هاتووە: (ئەگەر پیاوێك ناچار کرا بە کوشتنی پیاوێك بەناهەق و کوشتی، قیساس دەکەوێتە سەر زۆرلێکەر لەبەرئەوەی ئەو بووەتە هۆی کوشتنی بەمانایەك کە بەزۆری سەر بۆ کوشتن دەکێشێ، هەرچی زۆرلێکراوە دوو بۆچوون هەیە، یەکێکیان ئەوەیە قیساسی لەسەر واجب نیە لەبەرئەوەی بۆ بەرگری لەخۆکردن کوشتویەتی و قیساسی لەسەر واجب نابێ وەك ئەوەی پیاوێك ویستبێتی بیکوژێ و ئەو بۆ بەرگری لەخۆکردن کوشتبێتی. دووەمیان دەڵێ قیساسی لەسەرە، ئەوەیش راستە، لەبەرئەوەی بەستەم و لەپێناو مانەوەی خۆیدا کوشتویەتی، کە وەك ئەوەیە ناچار بووبێ خواردن بخوات، جا کوشتبێتی تا گۆشتەکەی بخوات).

٣- لە چیرۆكی فیرعەوندا خودا سەربڕینی كوڕان و هێشتنەوەی كچانی دلوەتە پـاڵ فیرعـەون كە فەرمانی بەو كارە تاوانكارانەیە كـردوە نـەك جێبـەجێكارانی ڕاسـتەوخۆی فەرمانەكـە وەك خـوا ئەفـەرموێ ﴿يُـذَبِّحُ أَبْنَـآءَهُمْ وَيَسْـتَحْيِ نِسَـآءَهُمْ﴾[١]، ئەمـە مانـای ئەوەیـە بكـەری ڕاسـتەقینە فەرماندەرەكەیە.

٤- ئەگەر كەسێك ناچار كرا بە بڕینەوەی دەستی خۆی، بۆی هەیە تۆڵە لە زۆرلێكـەر بكاتـەوە، خۆ ئەگەر خاوەن دەستەكە دەستبڕەوەی ڕاستەقینە بوولیە، ئەو مافەی نەدەبوو.

٥- لە بابی قیساسدا مانای ژیان شتێكە پێویستە هەبێ، خوا ئەفەرموێ ﴿وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَوٰةٌ﴾[٢]. مانای ژیان لەڕووی شـەرعیەوە بـە ئەنجامـدانی قیسـاس لەسـەر زۆرلێكـراو بەدینایـەت، لەبەرئەوە لەسەر زۆرلێكەر واجبە نەك زۆرلێكراو.

ڕای چوارەم: زۆرلێكردن بە عوزرێكی ڕێگر لە بەرپرسیارێتیی جینائی دانانرێ نە بـۆ زۆرلێكـەر و نە بـۆ زۆرلێكـراو، بـەڵام بەرپرسـیارێتیی زۆرلێكـراو كـە بكـوژە ڕاسـتەوخۆكەیە زیـاترە، لەبەرئـەوە قیساس لەسەر ئەو جێبەجێ دەكرێ و زۆرلێكەر تەعزیر دەكرێ، بەڵام تەعزیرێك نزیك بێ لە سـزای قیسـاس ئـەویش بەندكردنـە تـا مـردن، ئەمـە ڕای شـیعەی ئیمامییـە[٣]، هـەروەها ڕای زوفـرە لـە حەنەفیەكان، بـەڵام هێنـدەی مـن بـزانم زوفـر باسـی سـزای فەرمانـدەری زۆرلێكـەری نـەكردوە[٤]، بەپێچەوانەی شیعەی ئیمامی كە دەڵێن سزایەكی تەعزیری دەدرێ كە زیندانیكردنی هەتاهەتاییە.

---

[١] سورة القصص / ٤.

[٢] سورة البقرة / ١٧٩.

[٣] لە: كتاب الخلاف في الفقه – الطوسي: ٢/٣٥١دا هاتووە: (ئەگەر فەرماندەر كەسـێتری زۆرلێكـرد بـۆ كوشـتنی ئـەوەی پێویست نیە بكوژرێ و پێی بڵێ ئەگەر نەیكوژی ئەتكوژم ئـەوا هـیچ نـاكۆكی نیـە لـەوەی بـۆی نیـە بیكـوژێ، ئەگـەر سەرپێچی كرد و كوشتی ئەوا قیساس لەسەر بكوژەكەیە نەك لەسـەر ئـەوەی ناچـاری كـردوە). لـە (الروضـة البهیـة: ٢/٣٩٩)دا هاتووە: (ئەگەر ناچار بە كوشتنی كرد ئەوا قیساس لەسەر بكەرە ڕاستەوخۆكەیە، لەبەرئەوەی ئـەو بكـوژی بەئەنقەست و بەناهەقە چونكە حـوكمی زۆرلێكـردن لای ئێمـە بەدینایـەت بـا خوێنبـاییش واجـب ببێ وەك ئـەوەی كوژراوەكە (غیر مكافئ) هەربۆیە خوێنبایی لەسەر بكەرەكەیش بێ نەك فەرماندەرەكە، كە نە قیساس و نە خوێنبـایی لەسەر نیە، بەڵام فەرماندەرەكە بەند دەكرێ تا دەمرێ.

[٤] لە: بدائع الصنائع: ٩/٤٨٨دا هاتووە: (بەلای زوفرەوە ڕەحمەتی خوای لێبێ قیسـاس لەسـەر زۆرلێكـراو واجبـە نـەك زۆرلێكەر). لە: حاشیة ابن عابدین: ٦/١٣٧دا هاتووە: (زوفر گوتی بكەرەكە قیساس دەكرێ لەبەرئەوەی ئەو ڕاستەوخۆ كردویەتی).

زۆریەی بەڵگەکانی ئەم رایە ئەمانەی خوارەوەن:

ئیمامی چەند بەڵگەیەك دێنینەوە لەوانە:

أ- ئەوەی خوا ئەفەرموێ: ﴿وَمَن قُتِلَ مَظْلُوماً فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِ سُلْطَاناً﴾[1]. ئەم کوژراوەیش بەستەم کوژراوە.

ب- ئەوەی دەگێڕنەوە دوو پیاو لای عەلی کوڕی ئەبوتالیب شایەتییان دا لەسەر پیاوێك کە دزی کردوە و عەلیش دەستی بڕی، پاشان یەکێکیتریان هێنا گوتیان ئەمە دزیەکەی کردوە لەوەی یەکەمدا هەڵەمان کردبوو، شایەتیەکەیانی لەسەر دووەم رەت کردەوە و گوتی (ئەگەر بمزانیایە بەئەنقەست شایەتیتان لەسەر یەکەم داوە دەستم دەبڕینەوە).

رووی دیلالەتکردنی ئەم بەسەرهاتە ئەوەیە عەلی بڕیاری قیساسی دا لەسەر ئەوەی بە شایەتیدان وای کرد حاکم پەنا بۆ دەستبڕین ببات لەگەڵ ئەوەی حاکم دەیتوانی خۆی لە کوشتنی لابدات، بەوەی تەماشای نەکا، دیارە زۆرلێکراو حاڵی لە حاکم سەختترە، چونکە بەشێوەیەك ناچاری کارەکە کراوە کە چاری نیە هەر دەبێ لە ترسی گیانی خۆی بیکوژێ، جا ئەگەر شایەتەکە قیساسی لەسەر بێ ئەوا قیساسی زۆرلێکراو لەپێشترە[2].

ج- کۆدەنگیی هاوەڵانی پێغەمبەر لە بێدەنگبوونیاندا، لەبەرئەوەی بەرهەڵستیی ئەو حوکمەی عەلی کوڕی ئەبوتاڵیبیان نەکردوە.

٢- حەنەفیەت قسەکەی زوفریان کردوە بەبەڵگە کە لەڕاستیدا و بە هەست و بینین کوشتنەکە لە زۆرلێکراوەوە بووە، نکوڵیکردن لە شتی بەرهەستیش بوغرلییە، بۆیە دەبێ لەسەر ئەو حسێب بکرێ نەك زۆرلێکەر، لەبەرئەوەی ئەسڵ لەبەرچاوگرتنی راستییە و لێ لادانی جائیز نیە بەبەڵگە نەبێ[3].

سەرنج لەسەر ئەم رای چوارەمە ئەوەیە ناپەسەندە لە چەند روویەکەوە:

أ- بێهێزیی ئەو بەڵگانەی خاوەنانی ئەم رایە پشتیان پێ بەستوە، چونکە بەهیچ شێوەیەك ئەم حوکمە قورسە لەسەر ئەو کەسەی بەبێ رەزامەندی خۆی و لەژێر فشارێکی تەواودا

---

[1] سورة الاسراء / ٣٣.

[2] كتاب الخلاف للطوسي: ٢/٣٥٣.

[3] بدائع الصنائع: ٩/٤٤٨٨.

کردەوەکەی ئەنجام دلوە، ساغ نابێتەوە.

ب- دادپەروەری و مەنتیق نیە لە بەرپرسیارێتیدا بەیەك چاو تەماشای ئەو کەسەی بە ویستی ئازاد و بزانی خۆی تاوانێك دەکا لەگەڵ ئەو کەسەی لەژێر فشاری زۆرلێکردنێکی تەولودا ئەو تاوانە دەکا، بکرێ.

ج- قسەکەی زوفر لە ڕوویەکیترەوە عەیبدارە، ئەویش بێدەنگبوونیەتی -وەك من بزانم- لە بەرپرسیارێتیی ئەو کەسەی کەسێکیتر بەتەولوی و سەختگیرانە ناچار بە ئەنجامدانی تاوانێکی بێ پاساو دەکا، بەتایبەت کوشتنی بەئەنقەستی دەستدرێژی، بێدەنگیش لە سەروەختی پێویستیدا وەك ڕێسا فیقهیەکە دەڵێ دەربڕینە[1]. ئەمەیش مانای ئەستۆپاکیی زۆرلێکەر و بەخشینیەتی لە بەرپرسیارێتیی ئەو تاوانە، کە ئەمە شتێکە ڕۆحی شەریعەتی ئیسلامی و دادپەروەری و مەنتیق و ئەقڵی ساغ ڕەتی دەکەنەوە.

ڕای زاڵ: هیچ یەکێك لەو ڕایانەی باس کران شایانی ئەوە نین زاڵ بکرێن و بەتەنیا وەربگیرێن، لەبەرئەوەی هیچکامیان نیە لە ڕوویەك لە ڕووەکانەوە عەیب یان ناتەولوی تێدا نەبێ، لەبەرئەوە وا چاکترە لە کۆی هەموویان ڕای پێنجەم سەربەخۆ لەولنە وەربگیرێ، ئەویش پەسەندکردنی قیساسە لەسەر فەرماندەری زۆرلێکەر، لەبەرئەوەی لە مانادا ئەو بکەری تاوانەکەیە و ئەو نەبوایە نەدەقەوما، کوشتنیش لەژێر فشاری زۆرلێکردندا لە بابی کۆبوونەوەی بوونەهۆ و ئەنجامدانی ڕاستەوخۆیە، جا ئەگەر کۆبوونەوە حوکمەکە دەدرێتە پاڵ ئەوەیان کە زاڵە، زاڵیش لێرەدا بوونەهۆیە، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەو نەبولیە تاوانەکە ڕووی نەدەدا، هەروەها لەبەرئەوەی زۆرلێکرلو وەك ئامێرێك لە جێبەجێکردنی تاوانەکەدا بەکار هاتووە.

هەرچی زۆرلێکرلوە لە یەکێك لەم دوو حاڵەتە بەدەر نیە:

أ- ئەگەر باوەڕی وا بوو فەرماندەرەکە بە هەق نەبێت حوکم نادات، هەروەها لەبەر پێگەی ئاینی یان کۆمەڵایەتی لایەنگری ستەم نیە، هەر بۆیە بەم باوەڕەوە ئەوەی جێبەجێ کرد کە زۆری لێدەکرا ئەگەر چی حەزیشی لێ نەبوو، ئەوا پێویستە قازی پاش دڵنیابوون لە بوونی ئەم باوەڕە، حوکمی بێتاوانی بۆ دەربکا، نە دلوای خوێنبایی و نە کەفارەت، نە قیساسی لێ ناکرێ، لەبەرئەوەی لەم جۆرە بارودۆخانەدا زۆرلێکردن عوزرێکی ڕێگرە لە بەرپرسیارێتی جینائی.

[1] م٦٧ من مجلة الأحكام العدلية.

ب- ئەگەر دەیزانی شتەکە نامەشروعە و ئەوەی لە پێناویدا زۆری لێدەکرێ هیچ بەڵگەیەکی شەرعی نییە پاساوی بدات، ئەوا پێویستە سزایەکی تەعزیری ماقووڵی بدرێ، لەبەرئەوەی بە ڕەزامەندی و ئازادی ئیرادەی خۆی کارەکەی نەکردوە، زۆرلێکردن ئەگەر بە تەواویش لە بەرپرسیارێتی نەیبەخشێ، ئەوا پێویستە بە دۆخێکی سزا سووکێن دابنرێ، هەروەها دەکرێ ئەم سزایە پێبژاردنی نیوەی خوێنبایەکەی بێ لە ماڵی خۆی.

پاش ئەم لێکۆڵینەوە ورد و دوور و درێژە بۆمان دەردەکەوێ عەللامە ئیبن ئەلسەبکی لە کتێبەکەیدا (جمع الجوامع) ١/٦٨ بە هەڵەدا چووە کە دەڵێ: (ڕاستی ئەوەیە غافڵ و ناچارکراو تەکلیفیان لەسەر نییە، هەروەها زۆرلێکراویش با لەسەر کوشتنیش بێ).

کاریگەریی زۆرلێکردن لە بەرپرسیارێتیی جینائی لە تاوانەکانی تەعزیردا:

تاوانی تەعزیر دەستدرێژییە بۆ سەر مافی خوا یان بۆ سەر مافی خەڵك.

بەشی یەکەم دوو جۆرە، جۆرێك حوکمەکەی دەگۆڕێ بۆ ڕێپێدان (ئیباحە)، جۆرێکیش دەگۆڕێ بە روخسەت.

جۆری یەکەم/ ئەوەی بەزۆرلێکردنی تەواو حوکمەکەی دەگۆڕێ بۆ ئیباحە و زۆرلێکراو نە وەك دیانەت نە وەك دادوەری نە لەڕووی جینائی و نە لەڕووی مەدەنییەوە لێی ناپرسرێتەوە وەك خواردنەوەی خوێن و مەستیبەخش و هۆشبەرەکان، هەروەها خواردنی مردار و گۆشتی ئاژەڵ و باڵندەی گۆشت حەرام و سوود لێ بینینیان بە ڕێگەیتر[1].

جۆری دووەم/ کردەوەکە ئەگەر لەژێر فشاری زۆرلێکردنی تەواودا جێبەجێ کرا، پارێزگاری لە سیفەتە حەرامکراوییەکەی دەکات و ناگۆڕێ بۆ موباح، بەڵام حوکمەکەی لە عەزیمەتەوە دەگۆڕێ بۆ روخسەت، زۆرلێکراویش نە وەك دیانەت و نە وەك دادوەری نە لەڕووی جینائی و نە لەڕووی مەدەنییەوە لێی ناپرسرێتەوە وەك کوفر (ڕیددە)، ئەو کەسەی لەژێر فشاری زۆرلێکردنی تەواودا شتێك بکا یان بڵێ کە لە باروئۆخی ئاساییدا پێی کافر دەبێ، وەك روخسەت نەك ئیباحە بەهیچ شێوەیەك لێی ناپرسرێتەوە[2].

---

[1] لەبەرئەوەی خوای گەورە ئەفەرموێ: (إِلاَّ مَا اضْطُرِرْتُمْ إِلَيْهِ).

[2] لقوله تعالى: (مَن كَفَرَ بِاللَّهِ مِن بَعْدِ إِيمَانِهِ إِلاَّ مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالإِيمَانِ).

بەشــی دووەم دەسـتدرێژیکردنە سـەر مافـەکانی بەنـدە لـەژێر فشـاری زۆرلێکردنـدا، چـونکە زۆرلێکردن عوزرێکە بەرپرسیاریتیی جینائی و مەدەنی لە فەوتاندندا نـاهێڵێ، بەرپرسـیاریتیی جینائیش تەنیا لە بەکاربردنلیە.

أ- لە فەوتاندندا (فی الاهلاك): ئەوەی لەژێر فشاری زۆرلێکردنی تەولودا ماڵی کەسیتر لەناوببات زەمان (گەرەنتی) لەسەر زۆرلێکەر دەبێ نەك زۆرلێکرلو، بەڵام ئەگەر زۆرلێکردنەکـە ناتـەولو بوو حوکمەکە بەپێچەوانەوە دەبێ.

ب- لە بەکاربردندا (فی الاستهلاك): ئەو کەسەی لەبەر زۆرلێکردن یان زەرورەت مـاڵی کەسـیتر بخـوات زەمـان لەسـەر خۆیـەتی، بـەڵام لەبـەر عـوزری زۆرلێکـردن لـەڕووی جینائیـەوە بەرپرسیار نابێ[1]. نهێنیـی جیـاولزی لـەنێوان فەوتانـدن و بەکاربردنـدا ئەوەیـە لـە حاڵـەتی یەکەمدا ئازاری کەسیتری پێ هەڵدەگیرێ و سوود لە زۆرلەسەرکرلو نـابینرێ، بەپێچـەولنەی حاڵەتی دووەم.

کاریگەریی زۆرلێکردن لە گرێبەندەکاندا:

فیقولنـانی شـەریعەتی ئیسـلامی لـەبارەی کاریگـەریی زۆرلێکـردن لـە گرێبەندەکانـدا چـوار بۆچوونیان هەیە:

ڕێگرە لە دلمەزرلن، ڕێگرە لە دروستی، ڕێگرە لە بەرکاربوون (النفاذ)، ڕێگرە لە پێویسـتبوون (اللزوم).

بۆچوونی یەکەم: زۆرلێکردن لە گرێبەندا ڕێگرە لە دلمەزرلنی، لەبەرئەوەی ڕەزلمەندیی دووسـەرە ڕەگـەزێکی سـەرەکییە لـە ڕەگـەزەکانی گرێبەنـد (عەقـد)، ئەگـەر ئـەو ڕەگـەزە بـەهۆی زۆرلێکردنـەوە نـەبوو ئـەو ماڵـەی بەهۆیـەوە بەدەسـت دێ خـواردن بـە ناهەقـە، خـوای گەورەیش ئەفەرموێ: ﴿يَٰأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَأْكُلُوٓاْ أَمْوَٰلَكُم بَيْنَكُم بِٱلْبَٰطِلِ إِلَّآ أَن تَكُونَ تِجَٰرَةً عَن تَرَاضٍ مِّنكُمْ﴾[2]، پاشان ئیرادەی گرێبەندوان بۆ ئەوە نەچووە کـە ئەسـەری شـەرعی دروستی دەکا، بەڵکو لە کردنی گرێبەندەکەدا ویسـتویەتی ئـازار لـە خـۆی دوور بخاتـەوە،

---

[1] بڕوانە: بدائع الصنائع، سەرچاوەی پێشوو: ٤٤٨١/٩-٤٤٨٨. المحلى - لابن حزم: ٣٢٩/٨-٣٣١.

[2] سورە النساء / ٢٩.

ئەمە رای جمهوری فیقولنانی شەریعەتە، شافیعی[1] و زاهیری[2] و زەیدی[3] و هەندێ لە شیعەی ئیمامی[4] و هەندێ لە مالیکی[5] و هەندێ لە حەنبەلی[6] رایان بەم شێوەیە بووە.

بۆچوونی دووەم: زۆرلێکردن رێگرە لە دروستی (الصحة)، عەقدی زۆرلێکرلو فاسیدە، ئەمە رای حەنەفیەتە جگە لە زوفر و قسەکانیان لەسەر دوو بنچینە دلمەزرلندوە:

یەکێکیان جیاوازیکردن لەنێوان هەڵبژاردن و رەزامەندیدا وەك پێشتر باسمان کرد و گوتویانە: هەڵبژاردن دەستپێکردن (مباشرە)ی هۆیە بە ئیرادەیەکی ئازاد و موختارەوە، رەزامەندیش ئارەزووە بۆ لێکەوتنەوەی ئاسەوار لەسەر ئەو هۆیەی دەستی پێکرلوە کە دوو روکنی مەعنەوین بۆ رەفتارەکان، ئەگەر هەڵبژاردن بەبێ رەزامەندی بەدیهات فاسید دەبێ.

دووەمیان جیاوازیکردنە لەنێوان ئەسڵی عەقد و وەسفەکەی[7] و دەڵێ: ئەگەر ئەسڵ و وەسفەکە مەشروع بن گرێیەندەکە دروستە، ئەگەر مەشروع نەبوون بەتاڵ دەبێ، هەروەها

---

[1] لە: فتح المعین بهامش إعانة الطالبین: ٣/٧دا هاتووە: (بۆ گرێبەندولن فرۆشیار بێ یان کڕیار مەرجە تەکلیفی لەسەر بێ، وات عەقدی منداڵ و شێت دروست نیە، هەروەها هی بەناهەق زۆرلێکرلو لەبەرئەوەی رازی نەبووە). هەروەها بەم مانایە لە: حاشیة قلیوبي: ٢/١٥٦ وحاشیة البجیرمي: ٢/١٧٤ والمهذب: ١/٢٥دا هاتووە.

[2] لە: المحلی: ٨/٣٢٩ (زۆرلێکردن لەسەر قسەکردن هیچی پێ ولجب نابێ با زۆرلێکرلویش گوتبێتی وەك کوفر و قەزف و ئیقرار و نیکاح و رەجعە و تەڵاق و کڕین و فرۆشتن).

[3] بڕوانە: الروض النضیر: ٣/٢٠٥.

[4] بڕوانە: تذکرة الفقهاء: ٧/٧.

[5] قوانین الأحکام الفقهیة ص٢٧١ لەم سەرچاوەیەدا (کڕین و فرۆشتنی زۆرلێکرلو بەتاڵن). لە: الموافقات—ی شاتبی ٢/٣٣٦دا هاتووە: (مەسەلەکانی زۆرلێکردن گوترلوە لەڕووی شەرعیەوە ئەدەمەزرێ لەو روانگەوە ئەوە مەبەستی شەرعدانەرە بە بەڵگەگەلێك حەنەفیەت ئیقراری کردون و دروست نیە کەسێك دڵن بەوەدا بنێ کارەکە مەبەستی شەرعدانەر نیە بەو شێوەیە پاشان راستی بکاتەوە، لەبەرئەوەی راستکردنەوەکە بەبەڵگەی شەرعی دەبێ، بەڵگە شەرعیەکانیش لە هەر شتێکیتر نزیکترن بۆ تێگەیاندن لە مەبەستی شەرعدانەر، ئیتر چۆن دەوترێ کارەکە لەڕووی شەرعەوە دروستە لەکاتێکدا نامەشروعە؟ ئایا ئەم کرۆکی مەحاڵ نیە؟).

[6] نظریة العقد – لابن تیمیة ص١٥٢.

[7] ئەسڵی گرێبەند بریتییە لە مەرجەکانی دامەزرانی و گوتویانە: مەرجەکانی دامەزرانی حەوتن ئەوانیش جووتبوونی ئیجاب و قبوڵ، یەکمەجلیسی، فرمیی گرێبەندولن بەراستی یان بەحوکم، بالقبوون یان فامکردن، بابەتەکە دیاریکرلو یان قابیل بە دیاریکردن بێ، بتوانرێ رادەست بکرێ، هەروەها قابیل بە مامەڵە پێوەکردن بێ واتەماڵێکی (متقوم) بێ. سێ مەرجی یەکەم پێویستیان بە وەسفکردنێکی تەولوکەر نیە بەپێچەوانەی باقیی چوار مەرجەکەیتر، کە بالقبوون یان فامکردن (التمیز) ئامانجی رەزامەندییە و لەسەر ئەو دەوەستێ، رەزامەندی پێویستی بە وەسفێکی تەولوکەر هەیە ئەویش

←

ئەگەر ئەسڵ مەشروع و وەسفەکە نامەشروع بێ فاسید دەبێ. ئەبوحەنیفە لە راڤەی بوونی گرێبەندی فاسیددا دەڵێ، ئەگەر بە راست دابنرایە دەبوو بەئەسڵ و وەسف مەشروع لەگەڵ بەئەسڵ مەشروع و بە وەسف نامەشروع یەکسان بکرێ، ئەمەیش پێچەوانەی ئەقڵ و لۆژیکە. هەروەها ئەگەر بخرایەتە پاڵ گرێبەندی بەتاڵ، دەبوو گرێبەندێکی بەئەسڵ مەشروع و بە وەسف نامەشروع لەگەڵ بەئەسڵ و وەسف نامەشروع یەکسان بکرێن، ئەمەیش پێچەوانەی مەنتیق و ئەقڵی ساغە.

حەنەفیەت دەڵێ فاسید لەبەر زۆر لێکردن وەك گرێبەندی وەستێنراوە مۆڵەتی لە پاڵدایە و تەنیا بە مۆڵەت پێدانی زۆرلێکراو پاش نەمانی کاریگەریی زۆرلێکردنەکە خۆبەخۆ دەگۆڕێ بۆ دروست، هەروەها فاسید لەبەر هەر هۆیەکی تر بە نەمانی هۆی فەسادەکەی دەگۆڕێ بۆ دروست، وەك گرێبەندی بەسوو کە بە هۆی قازانجە سووەکەیەوە فاسیدە، ئەگەر قەرزدەرەکە دەستی لە زیادەکە هەڵگرت دەبێتە دروست بەبێ ئەوەی پێویست بە نوێکردنەوەی بکات، بە پێچەوانەی گرێبەندی بەتاڵ کە ئەگەر هۆی بەتاڵییەکەی لابرا ناگۆڕێ بۆ دروست، بەڵکو پێویستە سەرلەنوێ دەست پێبکرێتەوە ئەگەر هەردوو لایەنی گرێبەندوان بیانەوێ.

رای سێیەم: زۆرلێکردن رێگرە لە بەرکاربوون و گرێبەندی زۆرلێکراو وەستێنراو دەبێت و ئاسەوارەکانی لە ماف و پابەندی لێناکەوێتەوە تا پاش مۆڵەتپێدانی ئەگەرچی بەدروستی دادەمەزرێ، ئەویش بە پێی رێسای (إذا تعارض المانع والمقتضي يقدم المانع). دامەزرانی بەدروستی دەخوازێ ئاسەواری لێ بکەوێتەوە بەڵام زۆرلێکردن رێگرە لەوە، هەربۆیە دێتەپێش و بەمۆڵەتی زۆرلێکراو دەبێتە بەرکار ئەگەر کاریگەریی زۆرلێکردنەکەی لەسەر نەما، ئەمەیش رای جمهوری فیقولنانی شیعەی ئیمامی[1] و زوفر لە حەنەفییە[1].

خاڵیبوونیەتی لە زۆرلێکردن، چونکە عەقدکردنی زۆرلێکراو فاسیدە، دیاریکراو یان قابیلبوونی بۆ دیاریکردنیش پێویستی بە وەسفێك هەیە تەواوی بکا ئەویش خاڵیبوونیەتی لە نادڵنیایی (الغرر)، ئەوەی بتوانرێ رادەست بکرێ پێویستی بە وەسفێك هەیە تەواوی بکا ئەویش خاڵیبوونیەتی لە زیان، هەروەها ئەوەی (متقوم) و قابیل بە مامەڵەکردن بێ پێویستی بە دوو وەسفی تەواوکەر هەیە، ئەوانیش خاڵیبوونیانە لە سوو و تێکەڵبوون بە مەرجی فاسید. لەم روانگەوە هۆکانی فەسادی عەقد بەلای حەنەفیەوە پێنجن کە بریتین لە: زۆرلێکردن و نادڵنیایی (الغرر) و زیان و سوو و مەرجی فاسید.

[1] لە: اللمعة والروضة البهية: ١/٢٧٦دا هاتووە: (مەرجە هەردوو گرێبەندوان تەواوی (کەمال)ـە بە نەمانی حیجر، کە باڵغبوون و ژیری و پێگەیشتن و هەڵبژاردن لەخۆ دەگرێ مەگەر زۆرلێکراو پاش نەمانی زۆرلێکردنەکەی رازی ببێ، لەبەرئەوەی باڵق

←

زۆربەی بەڵگەكانی ئەم گوتەیە ئەوەیە: ئەو ڕەزامەندییە دووسەرەیەی پێویستە بەگوێرەی ئایەتی ﴿إِلاَّ أَن تَكُونَ تِجَارَةً عَن تَرَاضٍ﴾ لە عەقدەكاندا هەبێ، مەرج نییە هەمیشە لەكاتی كردنی عەقدەكەدا هەبێ، بەڵكو گرنگ بوونیەتی بەڕەهایی جا چ لەكاتی عەقدەكەدا بێ یان پاش ئەوە بە مۆڵەتدان، جا ئەگەر مۆڵەت درا و مەرجەكانی هەبوون عەقدەكە بە پاشئاسەوار (ئەسەری ڕەجعی) ئاسەوارەكانی بەرهەم دێنێ، واتە لە مێژووی كردنیەوە نەك لەكاتی مۆڵەتپێدانیەوە.

ڕای چوارەم: زۆرلێكردن ڕێگرە لە لازمبوون لەبەرئەوەی ڕەزامەندی مەرجی لازمبوونە، ئەو عەقدەی زۆرلێكرلو دەیكا بەدروستی دادەمەزرێ و بەركار دەبێ و لەكاتی كردنیەوە ئاسەوارەكانی بەرهەم دێنێ، بەڵام لازم نییە و قابیل بە هەڵوەشاندنەوەیە لەلایەن زۆرلێكەرەوە، بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی خۆی ئەگەر ویستی پەسەندی دەكات و ئەگەریش ویستی هەڵیدەوەشێنێتەوە.

تەنیا جمهوری مالیكی[٢]—وەك من بزانم— ئەم ڕایەیان هەیە. شایانی باسە زۆرلێكردن وەك چۆن لە ڕەفتارە ئینشاییەكاندا ڕێگرە لە عەقد بەگوێرەی وردەكاریی باسكرلو، ڕێگریش دەبێ لە دروستیی ڕەفتارە گوتەییە بخەرەكان[٣] وەك تەلاق و گەردن ئاوادكردن لە قەرز و دەستهەلگرتن لە قیساس و مافی شەفیعبوون و ئەو جۆرانە، هەروەك ڕێگر دەبێ لە ڕەفتارە گوتەییە ئیخبارییەكان وەك ئیقرار و ئیفادەی شایەت، ئەم باسە بابەتی وردكردنەوەی ئەو ڕەفتارانە نییە.

و پێگەیشتووە و مەبەستی لەفزەكەیە بەبێ مەدلولەكەی، بەڵكو ڕێگرە لە ناڕەزامەندی، جا ئەگەر ڕێگرەكە نەما عەقدەكە كاریگەری دەبێ وەك عەقدی خۆهەڵقورتێن "واتە فزولی").

[١] لە: الهدایة: ٣/٢٧٥دا هاتووە: (ئەگەر بەزۆرلێكراوی فرۆشتنی بەلای ئێمەوە مولكی پێ جێگیر دەبێ، بەلای زوفەرەوە جێگیر نابێ لەبەرئەوەی فرۆشتنێكە لەسەر مۆڵەتدان وەستاوە، نابینی ئەگەر مۆڵەت بدا جائیز دەبێ، وەستێنراویش بەر لە مۆڵەتدان خاوەندارێتی ناگەیەنێ).

[٢] لە: شرح الخرشي: ٣/٢٧٥ دا هاتووە: (مەرجی لازمبوونی فرۆشتن ئەوەیە لەلایەن كەسێكی موكەلەفەوە بێ كە پێگەیشتوو و دەستەمۆ (طائع) بێ، ئەگەر لەلایەن كەسێترەوە بوو وەك منداڵ یان سفیه یان زۆرلێكرلو لازم نابێ با دروستیش بێ).

[٣] واتە بخەری حاڵەتێكی شەرعی یان یاسایی ئارایە.

باسی دووەم:
زۆرلێکردن و بەرپرسیارێتیی جینائی لە یاسادا

هیچ ناکۆکی لەنێو فیقولنانی یاسای جینائیی نوێدا نیە کە ئیرادەی ئازاد و موبریك بناغەی بەرپرسیارێتیی جینائییە لە هەموو جۆرەکانی تاولندا، چ مەترسیدراەکان بن یان بێبایەخەکان، هەروەها دەشێ ئەم ئیرادەیە -بەدەربڕینە یاساییەکە- باروبۆخێکی سەرهەڵدلو بەتەولوی نەیهێڵێ یان هەندێ جار چوارچێوەی هەڵبژاردنی بۆ نزمترین ئاست بەرتەسك بکاتەوە، ئەم باروبۆخە لە حاڵەتی یەکەمدا پێی دەوترێ زۆرلێکردنی ماددی، لە حاڵەتی دووەمیشدا پێی دەوترێ زۆرلێکردنی مەعنەوی.

لەم روانگەوە فیقولنانی یاسا زۆرلێکردنیان کردوە بە دوو بەشەوە: ماددی و مەعنەوی. هەروەك فیقولنانی حەنەفیش دابەشیان کردوە بۆ سەخت (الملجيء) و سووك (غير الملجيء)، لەگەڵ بوونی هەندێ جیاوازیی جەوهەری لەنێوان ئەو دوو دابەشکردنەدا کە لەجێی خۆیدا باس دەکرێ.

بەشی یەکەم/ زۆرلێکردنی ماددی:

وەك هەندێ[1] پێناسەیان کردوە، بریتییە لە مەحوکردنەوەی ئیرادەی بکەر بەشێوەیەك جگە لە جوڵەیەکی ئۆرگانی یان هەڵوێستێکی نەرێنی بەدەر لە سیفەتی ئیرادی هیچیتری نادرێتە پاڵ. لە روانگەی ئەم پێناسەیەوە گوتویانە زۆرلێکردن ئیرادە مەحو دەکاتەوە (دەسڕێتەوە) و بەوە خودی کردەوەکەیش مەحو دەکاتەوە، لەبەرئەوەی ئیرادە رەگەزێکی بنچینەییەتی، هەربۆیە جوڵەی ئۆرگانی نائیرادی یان هەڵوێستی نەرێنی نائیرادی کردەوەیەکی ئەرێنی یان بە زمانی یاسا گتکردن (امتناع)ی پێ بەرپا نابێ، ئەگەر کردەوە مەحو بوویەوە روکنە ماددیەکەی تاولنەکە نامێنێ، لەبەرئەوەی ئەو روکنە بەبێ کردەوە بەرپا نابێ، ئەمەیش مانای ئەوەیە زۆرلێکردنی ماددی رێگر نیە لە بەرپرسیارێتی، چونکە بابەتی لە گتکردنی بەرپرسیارێتی بوونی ئیرادە جێی باسە.

چەند سەرنجێك لەسەر ئەم پێناسەیە و ئەوەی لەسەری بینا کراوە هەیە لەولنە:

[1] ئەویش بریتییە لە دکتور محمود نجيب حسني – الموجز في شرح قانون العقوبات (المصري) القسم العام: ص٤٥٤.

١- ئەو پێناسەیە سەرەرای پێگەی زانستیی خاوەنەکەی هەڵەیە و لەرووی لۆژیکیەوە هەڵەیە، لەبەرئەوەی مەنتیقی یاسایی دەڵێ ناسێنەر (المعرف) و ناسێنراو (المعرَف) پێویستە بەخود یەکگرتوو بن تا راڤەی یەکەم بۆ دووەم و لەسەربارکردنی راست و دروست بێ، هەروەها بە ئیعتیبار جیاواز بن، تا نەکاتە بارکردنی شت لەسەر خۆی و تەفسیری خۆی بەخۆی. ئەم رێسا مەنتیقییە بەسەر ئەم پێناسەیەدا ناچەسپێ، لەبەرئەوەی زۆرلێکردن سیفەتێکی بەرپایە لە زۆرلێکەر و مەحوی ئیرادەیش سیفەتی زۆرلێکراوە، چونکە سیفەتێکە بەئیرادە بەرپایە ئەویش سیفەتی زۆرلێکراوە، هەردوو وەسفکراویش بەخود جیاوازن، هەروەها سیفەتیان جیاوازە، چونکە مەحو زۆرلێکردن نیە بەڵکو ئەسەرێك لە ئەسەرەکانیەتی. بەڵام ئەم تێبینییە دەکرێ وەپاش بدرێتەوە بەوەی مەحوی لە فرمانی تێپەر (الفعل المتعدی) وستوە کە **نەهێشتنی** کاریگەریەکەیە نەك لە فرمانی تێنەپەر (الفعل اللازم) کە **نەمانی** کاریگەریەکەیە.

٢- ئیرادە سیفەتێکی بەرپای و جێگیری هەموو مرۆڤێکی باڵقی ژیرە و لەرووی خودەوە نە ئەوەتا نەمێنێ و نە ئەوەتا مەحو دەبێتەوە، بەڵکو ئەوەی نامێنێ و مەحو دەبێتەوە بەها یاساییەکەیەتی، کە بەهۆی زۆرلێکردنەوە لە کار پەکی دەکەوێ و ئیفلیج دەبێ، بەوهۆیەشەوە ئەو کاریگەرییە یاساییانەی لێ ناکەوێتەوە کە هی ئەوەیە لە باری ئاساییدا لێی بکەونەوە، لەوانە بەرپرسیارێتیی جینائی.

٣- **زۆرلێکردن ماددی بێ یان مەعنەوی** کردەوەکە ناسرێتەوە بەڵکو لە بەها یاساییەکەی رووتی دەکاتەوە بەوەیش ئەو ئاسەوارە یاساییانەی لێ ناکەونەوە کە لە دۆخێکی ئاسییدا لێی دەکەونەوە، بەڵگەنەویستە ئەو کردەوەیەی بەزۆر بەکەسێك کراوە پاش جێبەجێکردنی لەژێر فشاری زۆرلێکردندا بوونی هەیە، بۆ نموونە ئەوەی دەستی کەسێکیتر بگرێ و بەشێوەیەك بیجوڵێنێ کە هەندێ بەڵگەنامەی ناراستەقینەی لە بڵاوکراوەیەکدا کە ساختەی کردوە پێ بسەلمێنێ و — بەڵگەنامە ناراستەقینەکە — بەهەست و بینین هەیە، بەڵام بەهای یاسایی نیە، بۆیە بەهەند ناگیرێ و کاریگەریی یاسایی لێ ناکەوێتەوە، بەوەیش لەرووی جینائیەوە پرسوجۆ لەو زۆرلێکراوە ناکرێ کە لەژێر فشاری ئەو زۆرلێکردنە مادیەدا کارەکەی کردوە.

ئەم دەربڕینە ناوردانەی زانایانی یاسای جینائی و مەدەنی بۆ نەشارەزایی لە ڕێساکانی زانستی مەنتیق و زانستی رەوانبێژی لە زمانی عەرەبی دەگەڕێتەوە. مەبەستمان نیە لێرەدا پێناسەکان بخەینە روو و سەرنجیان لەسەر بدەن، بەلام پێشنیار دەکەم پێناسەی (زۆرلێکردنی مادی) بکرێ بەوەی هێزێکی ماددییە بەسەر ئیرادەی کەسێکدا زاڵ دەبێ و ئیفلیج و پەکی دەخات لە بەرەنگاریکردنی و بۆ خۆ رزگارکردن لە مەترسیی ئەو هێزە کارێك بەپێچەوانەی ئارەزووی خۆی دەکا.

سەرچاوەکانی زۆرلێکردنی ماددی:

زۆرلێکردنی ماددی لە یاسادا وەك زۆرلێکردنی سەخت (ملجی) نیە لە فیقهی ئیسلامیدا کە سەرچاوەکەی هەمیشە مرۆڤ بێ، بگرە وەك چۆن دەکرێ مرۆڤ بێ، دەشێ کردەوەی سروشت یان کردەوەی ئاژەڵیش بێ[1].

أ- **زۆرلێکردنی سروشتکرد:** وەك ئەوەی گەردەلول لە شەوێکی تاریك و لەکاتی رۆیشتندا گلۆپی ئۆتۆمبێل بکوژێنێتەوە و بەوهۆیەوە زیان بە ژیان یان جەستەی مرۆڤێك بگا، یان ماڵێك لەناوببات، لەم بارەدا شۆفێرەکە لەسەر ئەنجامدانی ئەو کردەوە نامەشروعەی بەهۆی هێزێکی بێئامانەوە کردویتی، لەڕووی جینائیەوە لێی ناپرسرێتەوە، ئەمە لە تاوانی ئەرێنی (ئیجابی)دا.

نموونەیەکیتر لەو تاوانە نەرێنیانەی هێزێکی بێئامان بەسەر مرۆڤیدا دەسەپێنێ لافاوە، کە پردێك دەبڕێ و ڕێگە لە شایەت دەگرێ بچێ و شایەتیەك بدا کە یاسا وەك واجب لەسەری فەرز دەکات و لەسەر نەکردنی سزای دەدا، تاوانکار لەڕووی جینائیەوە لێی ناپرسرێتەوە جا چ تاوانەکە ئەرێنی بێ یان نەرێنی.

ب- **زۆرلێکردنی ئاژەڵکرد:** وەك وڵاخێك هۆیەك بێزار و هاری دەکا، سوارەکەی بۆی جڵەو ناکرێ و بەهۆیەوە خەڵك بریندار دەکا، یان وەك سەگێکی هار کەسێك دەگەزێ و ڕێگری لێدەکا لە ئەنجامدانی ئەرکێك کە یاسا سزای بۆ نەکردنی دناوە، لە حاڵەتی یەکەمدا تاوانەکە ئەرێنی و

---

[1] الدکتور القللي- سەرچاوەی پێشوو: ص٤٠١.الدکتور محمود محمود مصطفی-شرح قانون العقوبات القسم العام:ص٤٩٥.

لــە دووەمیانــدا نەرێنییــە و لــە هــەردوو حاڵەتەکــەدا تاوانکــار لــەڕووی جینائیــەوە لێــی ناپرسرێتەوە[1].

ب- **زۆرلێکردنی مرۆڤکرد:** وەك ئەوەی کەسێك دەستگیر بکا و بە زۆر بەپەنجەی ئەو مۆری عەقد یان قەواڵەیەکی ساختەی پێ بکا، یان ناچاری بکا لەسەر ئیفادەیەکی ساختە یان بەندی بکات و رێگری لێبکا لە ئەنجامدانی ئەرکێك کە یاسا سزای بۆ نەکردنی دڵناوە، لە هەردوو حاڵەتە ئەرێنی و نەرێنیەکەدا تاوانکار لەڕووی جینائیەوە لێی ناپرسرێتەوە.

پێوەری زۆرلێکردنی ماددی:

زۆرلێکردنی ماددی پێوەرەکەی بابەتییە وەك لە نموونە و پیادەکردنە باسکراوەکانەوە روونە، هەرکات تۆمەتبار سەلماندی ئەوەی لە دەستی قەوماوە بەهۆی زۆرلێکردنێکی ماددیەوە بووە ئەوا لەڕووی جینائیەوە بەرپرسیار نابێ، جا چ ئەوەی رووی داوە تاوان بێ یان کەتن یان سەرپێچی. نەبوونی ئەم بەرپرسیارێتییە پێویستی بە دەقێکی راشکاو نیە مادام ئیرادەی ئازاد و موریدیك مەرجێکی بنەڕەتی بێ لە دروستبوونی بەرپرسیارێتیی جینائیدا، کە ئەوە لە حاڵەتەکانی زۆرلێکردنی ماددیدا نیە.

مەرجەکانی زۆرلێکردنی ماددی:

بۆ بەهەندوەرگرتنی زۆرلێکردنی ماددی و لەوێشەوە بوونی بە عوزرێکی رێگر لە بەرپرسیارێتیی جینائی، پێویستە ئەم مەرجانە هەبن:

١- ئەوەیە هۆ سەخت (مولجی)یەکە لەوانە بێ بەعادەت -نەك لەڕووی ئەقڵیەوە- پێشبینیکردن و خۆ لێلادانی مەحاڵ بێ، جا ئەگەر بەشێوەیەکی ئاسایی پێشبینیکراو بوو و زۆرلێکراو دەیتوانی پێشبینی بکات و خۆی لە مل بۆ کەچکردنی لابدات، کەچی سەرباری ئەوەیش هیچی بۆ خۆ لێ لادانی نەکرد، بە کەسێکی بەتەواوی هەڵبژاردن لەدەستداو نایەتە ژماردن، لەبەرئەوەی ئیرادەی خۆیشی پشکی هەبووە لە ملکەچکردنی بۆ ئەو هێزە بێئامانە،

---

[1] الدكتور القللي - سەرچاوەی پێشوو: ص٤٠١. الدكتور محمود محمود مصطفى - شرح قانون العقوبات القسم العام: ص٤٩٥.

لەبەرئەوە زۆرلێکردنی ماددی ئەو بوونە یاساییەی نابێ کە دەبێتە عوزرێك رێگر بێ لە بەرپرسیارێتی جینائی لەو تاوانەی لەژێر فشاری ئەو هێزەدا ئەنجامی داوە.

بۆ نموونە ئەو ولاخ سوارەی عادەتی ولاخەکەی خۆی دەزانی کە تۆر و سەرشێتە و بەبیستنی دەنگی نامۆ هار دەبێ، کەچی حسابی بۆ ئەو عادەتەی ولاخەکە نەکرد و سوور بوو لەسەر ئەوەی لەو شوێنانەدا سواری ببێ کە جەنجالێ بە ئۆتۆمبێل یان دەنگی نامۆی تێدایە، لە بارێکی وادا ئەگەر ولاخەکە بەهۆی بیستنی ئەو دەنگە نامۆیانە هەڵیتۆراند و زیانێکی ماڵی گەیاند یان کەسێکی زامدار کرد، ئەو کەسە لەرووی مەدەنی و جینائیەوە بەرپرسیار دەبێ و ئەو دۆخەی بەسەر ئیرادەیدا زاڵ بووە بە عوزرێکی مەشروع دانانرێ، بەوهۆیەشەوە نابێتە رێگر لە بەرپرسیارێتیی جینائی. هەروەها بە عوزرێکی رێگر لە بەرپرسیارێتیی جینائی دانانرێ لە تاوانێك بەهۆی خزانی ئۆتۆمبێلێك کە بەخێراییەکی رێگەپێنەدراو لە زەویەکی تەڕدا ئەنجامی دەدا، لەبەرئەوەی روودانی رووداوەکە لە هەلومەرجی وادا پێشبینیکراوە.

٢- ئەوەیە بەعادەت مەحاڵ بێ تۆمەتبار خۆی لەو کردن یان نەکردنەی دەبێتە تاوانەکە لابدات، بەوەی بەرەنگاریکردنی هێزە بێئامانەکە بەلای ئەوەوە مەحاڵ بێ با لە خودی خۆیدا یان بۆ کەسێکیتر مومکین بێ. مەبەست لە مەحاڵی لێرەدا مەحاڵی ئاسایی رێژەییە، جا ئەگەر دەیتوانی بەرەنگاری بکا یان بەربەرچی بداتەوە تا خۆی لە کردنی تاوانەکە لابدات، بەڵام هیچی بۆ دوورکەوتنەوە لە ئەنجامدانی تاوانەکە نەکرد، ئەوا لەرووی جینائیەوە بەرپرسیار دادەنرێ لە تاوانەکە، وەك ئەوەی تاوانکاران شایەتێك بەند بکەن تا رێگری لێبکەن شایەتیەکیان لەدژ بدا کە لەسەری واجبە، پاشان دەربکەوێ لەتوانایدا بووە هەڵبێ یان یارمەتی لە کەسانیتر وەربگرێ کەچی هیچ لەوانەی نەکردوە، لەم بارەدا بە مانا یاساییەکە بە زۆرلێکراو دانانرێ، لەبەرئەوە لە بەرپرسیارێتیی جینائی لە ئەنجامدانی ئەو شایەتییە نابەخشرێ.

هەروەها وەك ئەو شۆفێرەی بەهۆی تیشکی ئۆتۆمبیلەکانی بەرانبەریەوە شەواژۆ بکات و تاوانێکی شێلان ئەنجام بدات، لەبەرئەوەی دەیتوانی ئۆتۆمبیلەکەی رابگرێ. هەروەها لەسەر ئەو تاوانە لێی دەپرسرێتەوە کە بەهۆی تەقینی لەناکاوی تایەی ئۆتۆمبیلەکەیەوە روودەدا، لەبەرئەوەی دەکرا بەبایەخدان بەتایەکان خۆی لێ لابدات مەگەر تایەکان خراپ دروست

کرابن، هەروەها لەسەر ئەو تاوانە بەرپرسیارە کە بەهۆی ئەو وردە بەرد و چەولەنەی لەژێر تایەی ئۆتۆمبیلەکەیەوە دەردەچن و ڕێبوارێك دەپێکن، لەبەرئەوەی دەیتوانی بە هێواش لێخوڕین خۆی لەوە لابدات.

٣- **زۆرلێکراو بە زۆرلێکردنی ماددی** هیچ دەستێکی لە ڕوودانی ئەو هێزە بێئامانەدا نەبێ، جا ئەگەر دەرگای ژوور یان باخچەیەکی کردەوە کە حەیوانێکی دڕندەی تێدا بوو و هێرشی کردەسەری، ئەویش هەوڵی دا لەرێی ئەنجامدانی تاوانێکەوە خۆی لێ ڕزگار بکا، ئەوا لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێ. هەروەها ئەگەر ئاگری لە شوێنێکی گشتی بەردا و لەکاتی هەوڵدان بۆ ڕزگاربوون لە ئاگرەکە کەسێکی پێکا، ئەوا جگە لە بەرپرسیارێتیی هەڵگیرساندنی ئاگرەکە، لەڕووی جینائیشەوە لە پێکانی کەسانیتر یان فەوتاندنی ماڵیان بەرپرسیارە.

٤- **ئیرادەی بە تەواوەتی ئیفلیج بووبێ**، لە ڕوانگەی ئەم مەرجەوە شۆفێری ئەو ئۆتۆمبیلەی لە پڕ منداڵێکی بچووك لە دوو ڕیانێکدا دێتە بەردەمی و بۆ خۆلادان لە شێلانی دەچێتە سەر شۆستە و کەسێك دەکوژێ، بۆی نیە باس لە زۆرلێکردنی ماددی بکا، لەبەرئەوەی ئیرادەی تۆمەتبار لەم حاڵەتەدا لە ناو ناچێ، هەر بۆیە ئەم دۆخە بە ڕێگر دانانرێ بەڵام دەکرێ بە دۆخێکی سووکێن دابنرێ.

زۆرلێکردنی ماددی و هێزی بێئامان لە چەند ڕوویێکەوە هاوبەش و لە چەند ڕوویێکیترەوە جیاوازن.

أ- ڕووە هاوبەشەکان:

١- هەردووکیان ڕێگرن لە بەرپرسیارێتیی جینائی ئەگەر مەرجەکانی هەبن.

٢- ڕێگربوونی هەردووکیان لەسەر بوونی چوار مەرجە باسکراوەکان دەوەستێ.

ب- ڕووە جیاوازەکان:

١- **لە ڕووی سەرچاوەوە:** سەرچاوەی زۆرلێکردنی ماددی لەوانەیە مرۆڤ و لەوانەیە سروشت بێ، هەروەها لەوانەیە وەك باسمان کرد حەیوانێك بێ، لەکاتێکدا سەرچاوەی هێزی بێئامان تەنیا ئەم دووانەی کۆتایی دەگرێتەوە و مرۆڤ نابێ مەگەر لە حاڵەتێکدا ئەو مرۆڤە ئەهل نەبێ بۆ بەرپرسیارێتی جینائی وەك شێت.

٢-لە رووی ئەنجامەوە: لە حاڵەتی زۆرلێكردنی ماددیدا بكەرێكی ئەسڵی هەیە كە بەرپرسە لە تاوانەكە لە باری بە رێگردانەنانی زۆرلێكردندا، بە پێچەوانەی حاڵەتی هێزی بێتامان كە بە هیچ شێوەیەك تاوانی تێدا نیە لەبەر نەبوونی كەسێك كە شیاو (ئەهل) بێ بۆ بەرپرسیارێتی جینائی كە تاوانەكەی بدرێتە پاڵ[1].

لەمەی باس كرا پەیوەندیی لۆژیكی نێوان زۆرلێكردنی ماددی و هێزی بێتامانمان بۆ دەردەكەوێ كە پەیوەندیی گشتی و تایبەتی رەهایە (العموم و الخصوص المطلق)، چونكە هەموو هێزێكی بێتامان زۆرلێكردنێكی ماددییە لەبەرئەوەی بە رەها لەو تایبەتترە، بەڵام تەولو پێچەوانەكەی وجودی نیە، زۆرلێكردنی ماددی بە رەها گشتیترە، لەوانەیە لەگەڵ هێزی بێتاماندا كۆ ببێتەوە وەك لەو حاڵەتەی سەرچاوەكە سروشت یان ئاژەڵێك بێ، لەوانەیش لێی جیا ببێتەوە وەك لەو حاڵەتەی سەرچاوەكە مرۆڤێك بێ كە شیاو بێ بۆ بەرپرسیارێتی جینائی.

بەشی دووەم / زۆرلێكردنی مەعنەوی:

ئەمە لە یاسای جینائیدا لەرووی چەمك و مەرجەكانەوە یەكسانە بە زۆرلێكردنی سەخت (الملجيء) لە فیقهی ئیسلامیدا، شرۆڤەكارانی یاسای جینائی پێناسەیان كردوە بەوەی (فشاری كەسێكە لەسەر ئیرادەی یەكێكیتر تا ناچاری بكا بە ئاراستەكردنی بەرەو رەفتارێكی تاوانكارانە)[2]، لەبەرئەوە تەنیا ئەوە دەڵێین كە پێشتر لەبارەی مەرجەكانی زۆرلێكردن لە فیقهی ئیسلامیدا باسمان كرد، بۆیە لێرەدا پێویست بە دووبارەكردنەوەی ناكا، بەڵام یاسا لەرووی ئاسەواری زۆرلێكردنەوە جا چ ماددی بێ یان مەعنەوی لەگەڵ فیقهی ئیسلامی جیاوازە، جگە لەوە، فیقولنانی یاسا زۆرلێكردنی مەعنەوییان كردوە بە دوو بەشەوە:

یەكەم: وێنەیەك گریمانەی بەكارهێنانی توندوتیژی دەكا بۆ كاركردنە سەر ئیرادە، وەك بەندكردن یاخود لێدانی كەسێك و هەڕەشەلێكردنی بەبەردەوامی تا بە ئەنجامدانی تاوانەكە قایل بێ، سەرجەم ئەو ئامرازە ماددیانەیش دەچنە پاڵ توندوتیژی كە كار لە ئیرادە دەكەن بەبێ

---

[1] د. محمود محمود مصطفى – سەرچاوەی پێشوو لا٤٩٤. د. محمود نجيب حسني – سەرچاوەی پێشوو: لا٤٥٥.
[2] سەرچاوەی پێشوو: ص٤٥٧.

ئەوەی لەناوی ببەن، وەك ئـەوەی مادەیـەكی هۆشـبەر یـان مەسـتیبەخش بدرێتـە كەسـێك بەشێوەیەك هۆشی لەدەست نەدا، بەڵام كەمی بكاتەوە.

دووەم: لە توندوتیژی رووت دەبێتەوە و زۆرلێكردنەكە تەنیا هەڕەشەكردنە، وەك هەڕەشـەكردن لـە كەسێك بەكوشتن ئەگەر نووسراوێك ساختە نـەكا، یـان بـە هەڕەشـەلێكردن یـاخود رفانـدنی منداڵی ژنێك ئەگەر رازی نەبێ لەگەڵی بخەوێ.

وێنـەی یەكـەم لـە زۆرلێكردنـی مـاددی نزیـك دەبێتـەوە لـەڕووی بەمەرجـدانانی بـەكارهێنانی توندوتیژیەوە، بەڵام لەوەدا لێی جیـاوازە كـە لـە توندوتیژیـدا مـەرج نیـە بگاتـە رادەی دەسـتگرتن بەسەر ئەندامانی جەستەی زۆرلێكراو و ژێربارخستنی لە ئەنجامدانی تاوانەكەدا، بەڵكو تـەنیا كـار لـە ئیرادەی دەكا تا بەئاقارێكی دیاریكراویدا ببا لەڕێی هەڕەشـەكردن بـەو زیانـە چـاوەڕوانكراوە ئەگـەر ئەو دلولیە جێبەجێ نەكا كە لەسەری زۆری لێ دەكرێ[1].

بەراوردكردن لەنێوان زۆرلێكردنی مەعنەوی و زۆرلێكردنی ماددیدا:

هەندێ[2] پێیان وایە زۆرلێكردنی مەعنەوی لـە سروشـتیدا لـە زۆرلێكردنـی مـاددی جیـاواز نیـە، بـەڵكو جیاوازیەكـە تـەنیا لـە ئـامراز (وەسـیلە)ەكەدایە، كـە لـە زۆرلێكردنـی ماددیـدا راسـتەوخۆیە لەكاتێكدا زۆرلێكردنی مەعنەویدا ناڕاستەوخۆیە، ئەسڵ لـە یاسـا جەزاییەكانـدا بەهەندوەرنـەگرتنی ئامرازە لە پیادەكردنی حوكمەكانیدا.

بەڵام لە واقیعدا جگە لە جیاوازیی ئـامراز، جیاوازیـەكی جەوهـەری لـە نێوانیانـدا هەیـە، ئـەویش ئەوەیە لە زۆرلێكردنی مەعنەویدا ئەو كارەی زۆری لەسـەر دەكـرێ سـلوكێكی دیـاریكراوە، ئـەویش ئەنجامدانی ئەو كردەوەیە كە پێكهێنەری تاوانەكە و لەبـەر عـوزری زۆرلێكـردن لـەڕووی جەزاییـەوە بەرپرسیار نابێ، لەكاتێكدا لە زۆرلێكردنی ماددیدا سلوكە جورمیەكە دیـاریكراو نیـە تـا سەرچـاوەی زۆرلێكردنەكە مرۆڤ نەبێ، بەڵام لە بارێكدا سەرچاوەی زۆرلێكردنەكە سروشـت یـان ئـاژەڵ بـێ ئـەوا ئەو سلوكە جورمیەی زۆرلێكراو لەژێر ئـەو زۆرلێكردنـەدا دەیكـا پێشـوەخت دیـاریكراو نیـە، بـەڵكو زۆرلێكراو ئەوە دەكا كە لەو مەترسیەی بەرۆكی گرتوە رزگاری بكا.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو: ص٤٥٨.

[2] د. محمود مصطفى – سەرچاوەی پێشوو: ل٦٩٦.

جگە لەمە، ئەو مەرجانەی پێویستە لە زۆرلێکردنی ماددیدا هەبن لەو مەرجانە جیاوازن کە پێویستە لە زۆرلێکردنی مەعنەویدا هەبن تا وەك رێگرێك بەهەند وەربگیرێن.

دەقە یاساییەکان:

یاسای سزاکانی وڵاتانی عەرەبی بەیەك شێوە و ئاراستەی یەکگرتوو مامەڵەیان لەگەڵ کاریگەریی زۆرلێکردن لە بەرپرسیارێتیی جینائی نەکردوە، بگرە هەندێکیان تەنیا باسی هەردوو حاڵەتی زەرورەت و بەرگریی شەرعییان کردوە و هەردوو جۆرەکەی زۆرلێکردنیان پشتگوێ خستوە، وەك یاسای میسری (م٦١)[1] و جەزائیری(م٤٨)[2]. هەندێکیان مادەیەکی سەربەخۆیان بۆ زۆرلێکردن تەرخان کردوە جیا لەو مادانەی باسیان لە حاڵەتەکانی زەرورەت و هۆکانی رێپێدان کردوە، وەك یاسای عێراقی کە لە (م٦٢)دا بەکورتی باسی کاریگەریی هەردوو جۆرەکەی زۆرلێکردنی کردوە و تێیدا هاتووە: (لەرووی جەزاییەوە لێی ناپرسرێتەوە ئەو کەسەی هێزێکی ماددی یان مەعنەوی کە نەیتوانیبێ دووری بخاتەوە، ناچار بە ئەنجامدانی تاوانی کردبێ).

لەو یاسایانەی زۆرلێکردنی ماددی و مەعنەوییان کۆکردۆتەوە یاسای سووری(م٢٢٦) و لوبنانین(م٢٢٧) لەژێر ناونیشانی هێزی زاڵ و زۆرلێکردندا، هەروەها یاسای عومانی (م٩٩)، ئەم سێ مادەیە لە دارشتن و دەربڕیندا دەقاودەقن کە دەڵێ (سزای لەسەر نیە ئەو کەسەی هێزێکی ماددی یان مەعنەوی کە نەیتوانیبێ دووری بخاتەوە، ناچاری کردبێ).

تێبینی دەکرێ دەستەواژەی سزای لەسەر نیە (لا عقاب)یان بەکارهێناوە، کە دەستەواژەیەکی عەیبدارە وەك پێشتر چەندین جار دوویاتمان کردەوە.

هەندێکیشیان تەنیا باسی زۆرلێکردنی مەعنەوییان کردوە وەك لە فیقهی ئیسلامیدا زانراوە و ئەوەی بۆ هێزی بێئامان یان زاڵ بگەڕێتەوە لە بابی زەرورەتی داناوە و هەر ئەوەیش دروستە. شایانی باسە لە هەرکوێ وشەی (التهدید) و داتاشراوەکانی هاتبێ مەبەست لە زۆرلێکردن

---

[1] دەقەکەی ئەمەیە: (سزای لەسەر نیە ئەو کەسەی تاوانێك ئەنجام بدات کە زەرورەتی پاراستنی خۆی یان کەسانێتر لە مەترسیەکی گەورە لەسەر گیان ناچاری کردبێ پەنای بۆ ببات، کە خەریك بێ بەسەر خۆی یان کەسانێتردا بدات و ئیرادەی هیچ رۆڵی لە هاتنیدا نەبوبێ و توانای ئەوەیشی نەبووبێ بەرێگەیەکیتر لەخۆی لابدات).

[2] بریتییە لەوەی (سزای لەسەر نیە ئەو کەسەی هێزێك کە توانای دوورخستنەوەی نەبووە ناچار بە ئەنجامدانی تاوانی کردبێ).

زۆرلێکردنی مەعنەوییە، هەروەك دەستەواژەی (القوة المادیة أو الغالبة أو القاهرة) بەڵگەی ئەوەیە مەبەست زۆرلێکردنی مادییە.

هەندێ لەو یاسایانە لە کارتێکران بە زۆرلێکردن تاوانی کوشتنی هەڵاوێراوە، کە زۆرلێکردن تێیاندا بە رێگر نایەتە ژماردن، ئەوەیش رای هەندێ لە فیقوانانی شەریعەتە، وەك یاسای ئوردنی (م٨٨)دا هاتووە: (سزا لەسەر ئەو کەسە نییە بەزۆرلێکراوی و لەژێر هەڕەشەدا تاوانێك بکات و لەکاتی ئەنجامدانی ئەو تاوانەدا بەدەلیلی ئەقڵ پێشبینیی مردن یان زیانێکی گەورەی دەکرد کە ببێتە مایەی شێواندن یان پەکخستنی هەر ئەندامێك لە ئەندامەکانی بەشێوەیەکی بەردەوام ئەگەر مل بە ئەنجامدانی ئەو تاوانەی بۆ کردنی زۆری لێ دەکرا نەدات، تاوانەکانی کوشتن لەوانە هەڵاوێر (ئیستیسنا) دەکەین).

ئەم یاسایە تەنیا باسی زۆرلێکردنی مەعنەوی کردوە و بەڕوونی روکن و مەرجەکانی لەخۆ گرتوە، لەوانە ئەوەیە زۆرلێکردن مولجی بێ وەك لە فیقهی ئیسلامیدا هەیە، بەڵام عەیبدارە لەو رووەوە دەستەواژەی (لا عقاب)ی بەکارهێناوە لەکاتێکدا ئەو باس لە رێگرەکانی بەرپرسیارێتیی جینائی دەکا نەك رێگرەکانی سزا.

هەندێکیان تەنیا باسی زۆرلێکردنی مەعنەوییان کردوە و تاوانەکانی کوشتن و ئەو تاوانانەیان هەڵاوێر کردوە کە دژی دەوڵەتن و سزای لەسێدارەدانیان بۆ دانراوە، وەك یاسای سودانی (م٥٣) (جگە لە کوشتنی بەئەنقەست و تاوانەکانی دژی دەوڵەت کە سزای لەسێدارەدانیان هەیە، کردەوە بە تاوان دانانرێ ئەگەر کەسەکە بەزۆر و بەهەڕەشە پێی کرا بەشێوەیەك لەکاتی ئەنجامدانیدا بەدەلیلی ئەقڵ لە مردنی دەستبەجێ یان زیانی کاریگەر بترسێ ئەگەر نەیکا، ئەویش بەو مەرجەی کەسەکە بەئارەزووی رووتی خۆی یان لەبەر ترسێکی ماقووڵ لە تووشبوونی بە ئازارێك کەمتر بێ لە مردنی دەستبەجێ، خۆی نەخستبێتە دۆخێکەوە ئەوی دووچاری ئەو جۆرە لێکردنە کردبێ).

ئەم دەقە بە رۆشنی و گشتگیری جیا دەکرێتەوە وەك یاسای ئوردنی، لەگەڵ زیادکردنی مەرجێك بۆ مەرجەکانی بەهەندوەرگرتنی زۆرلێکردن وەك عوزرێکی رێگر، ئەویش ئەوەیە زۆرلێکراو دەستی لە روودانی ئەو زۆرلێکردنەدا نەبووبێ. بەڵام بەهۆی بەکارهێنانی دەستەواژەی: کردەوەکە بەتاوان نایەتە ژماردن (لا یعد الفعل جریمة) عەیبدارە، لەبەرئەوەی زۆرلێکردن لە هۆکانی رێپێدان نیە تا کردەوە جورمیەکە بگۆڕێ بۆ رێپێدراو (موباح)، بەڵکو لە رێگرەکانی بەرپرسیارێتییە لەگەڵ پارێزگاریکردنی کردەوەکە لە سیفەتە جورمیەکەی وەك خۆی.

لەو یاسایانەی تـەنیا باسـی زۆرلێکردنی مەعنـەوییان کردوە بـە هـەڵاویرانی تـاوانی کوشـتن و هەموو تاوانێکیتر کە سزاکەی لەسێدارەدان بێ جـا دژی دەوڵـەت بـێ یـان نـا، یاسـای بـەحرێنیی هـەموارکراوە (م٢٠) (جگـە لـە کوشـتن و تاوانـەکانیتر کـە سـزای لەسێدارەدان پێویسـت دەکـەن کردەوەکە بە تاوان دانانرێ ئەگەر کەسەکە بەزۆرلێکراوی و لەژێر هەڕەشەیەکدا ئـەنجامی دا کـە بـە دەلیلی ئەقڵ ئەگەر نەیکردایە بەرەو مردنی دەسـتەویەخە یـان زیـانێکی کاریگـەر دەچـوو، لـەوەدا مەرجە ئەو کەسەی ئەو جۆرە کردەوەیەی کـردوە بەویسـتی خـۆی، خـۆی دووچـاری ئـەو جـۆرە زۆرلێکردنە نەکردبێ).

ئەم یاسایە لەڕووی ناوەڕۆکەوە وەك یاسا سـودانیەکەیە بەهـەمان عەیبـە یاسـاییەکەوە کـە لـە نەفیکردنی سیفەتی تاوانبوونە لـە کردەوەکـە لـەباتیی نـەفیکردنی بەرپرسـیاریتیی جـەزایی، بـەڵام رەنگە لەوەدا لێی جیاواز بێ کە هەڵاویردراو لەمدا لە یاسا سودانیەکە فراوانترە، کە تـاوانی کوشـتن، هەروەها هەموو تاوانێکیتر هەڵاویر دەکا سزاکەی لەسێدارەدان بێ.

لەو یاسایانەیتر کە باسی زۆرلێکردنی ماددییان لەگەڵ هێزی بێئامان و زۆرلێکردنـی مەعنـەوییان لەگەڵ زەرورەت کردوە یاسای یەمەنییە[1] لەژێر ناونیشانی ئەوەی روکنە ماددیەکە دوور دەخاتەوە (م٣٥) (تاوان ئەنجام نادات ئەو کەسەی لەژێر فشاری زۆرلێکردنێکی ماددیدا کـە مـەحاڵ بـێ بۆی بەرەنگاری بکا، یان بەهۆی هێزێکی بێئامانـەوە تـاوان ئـەنجام بـدات و بکـەری زۆرلێکردنەکـە بەرپرس دەبێ لە تاوانەکە ئەگەر رووی دا. کوشتن و ئەشکەنجەدانی مرۆڤ لەمە هەڵاویر دەکرێن کـە تێیاندا بەرپرسیاریتی لەسەر زۆرلێکراو و ئەوەی زۆری لێکردوە هەڵناگیرێ).

(م٣٦) (بەرپرسیاریتی لەسەر ئەو کەسە نیە کردەوەیەك (ی خراپ) ئـەنجام بـدا کـە زەرورەت ناچاری کردوە بیکا لـەپێناو پاراسـتنی خـۆی یـان کەسـیتر یـان مـاڵی خـۆی و مـاڵی کەسـیتر لـە مەترسیەکی گەورەی دەستەویەخە، کـە ئـەو بەئەنقەسـت نەبووەتـە بایسـی و توانـای نـەبووە بـە رێگەیەکیتر دووری بخاتەوە، مەرجیشـە کردەوەکـە لەگـەڵ ئـەو مەترسـیەی ویسـتراوە خـۆی لـێ بپارێزرێ گونجاو بێ. ئەو کەسەی یاسا لەسەری واجب کردوە رووبەڕووی ئەو مەترسییە ببێتـەوە وا دانانرێ لە حاڵەتی زەرەروتدایە).

---

[1] ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٤.

لە باشییەكانی ئەم یاسایە:

١- كوشتن و ئەشكەنجەدانی مرۆڤی هەڵاوێر كردوە لەوەی بەخشین لە بەرپرسیارێتی بەهۆی زۆرلێكردنی ماددی و هێزی بێئامان بیانگرێتەوە.

٢- باسی ئەو مەرجانەی كردوە كە پێویستن بۆ ئەوەی ئەو عوزرانە كاریگەرییان لەسەر بەرپرسیارێتیی جینائی هەبێ.

٣- ئەشكەنجەدانی بۆ قەتڵ زیاد كردوە لە هەڵاوێردندا، ئەمەیش لە یاساكانیتردا نیە.

لە عەیبەكانی ئەم یاسایە:

١- دانانی ئەو عوزرانە لەژێر ناونیشانی ئەوەی روكنە ماددییەكە دوور دەخاتەوە، ئەمەیش هەڵەیە لەبەرئەوەی ئەم عوزرانە روكنە مەعنەیەكە (قەسدی جینائی) دوور دەخەنەوە نەك روكنی ماددی.

٢- لە (م٣٦)دا ئەو هەڵاویرانەی پشتگوێ خستووە كە لە (م٣٥)دا هاتووە لەكاتێكدا چوار عوزرەكە رێگر نین لە بەرپرسیارێتیی جینائی لە تاوانی كوشتن و دەستدرێژیكردنە سەر سەلامەتی مرۆڤدا.

٣- زۆرلێكردنی ماددی و هێزی بێئامانی لە هۆكانی رێپێدان دا ناوە و لە (م٣٥)دا دەڵێ (تاوان ئەنجام نادا...هتد) لەكاتێكدا پێشتر هۆكانی رێپێدانی لە بەكارهێنانی ماف و ئەنجامدانی واجب و بەرگریی شەرعیدا حەسر كردوە، بەوەیش هۆكانی رێپێدان و رێگر لە بەرپرسیارێتیی جینائی تێكەڵ كردوە.

لەو یاسایانەی تەنیا باسی زۆرلێكردنی مەعنەوی كردوە، یاسای كوێتییە كە لە (م٢٤)دا دەڵێ (لەرووی جەزاییەوە لێی ناپرسرێتەوە ئەو كەسەی لەكاتی ئەنجامدانی كردەوەكەدا ئازادیی ئیختیاری لەدەست دابێ بەهۆی ئەوەی بەبێ ئیختیاری خۆی كەوتبێتە ژێر هەڕەشەی ئازارێكی گەورەی دەستەویەخە كە دووچاری گیان و ماڵ دەبێ).

لەنێو یاسا عەرەبییەكاندا یاسای قەتەری لە چارەكردنی بابەتی كاریگەریی زۆرلێكردن لە بەرپرسیارێتیی جینائیدا (م١٠) كەمترین وردی و گشتگیری تێدایە.

زۆرلێکردن و دۆخی توندێن (المشدد):

زۆرلێکردن وەك چۆن دەبێتە ڕێگر لە بەرپرسیارێتیی جینائی، دەشێ وەك سەرخۆشی دۆخێکیش بێ سزا توندتر بکا، کە بە ڕێگەیەکی ڕێپێدراو (مەشروبەکەی) بەکار هێنا دەبێتە ڕێگر، بەڵام ئەگەر تاوانکار بەمەبەستی ئەنجامدانی تاوانەکەی خواربیەوە دەبێتە دۆخێکی توندێن (ظرف مشدد).

یاسادانەری عێراقی لە یاسای سزاکاندا[1] ئەم بابەتەی لە (م٤٤١/٢)[2] و(م٤٤٢/٢،٣)[3] و(م٤٤٤/٥)[4]دا چارە کردوە و زۆرلێکردنێك دژی لەگەڵدا بێ دۆخێکی توندێن بۆ سزاکەی داناوە بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- زۆرلێکردنە ماددیەکە بکەوێتە سەر دزی لێکراو یان کەسێکی ئازیزی، ئەگەر کەوتە سەر ئاژەڵ یان بێگیانێك بە دۆخێکی توندێن ناژمێردێ، وەك ئەوەی دزەکە لەکاتی دزیەکەدا سەگی دزی لێکراو بکوژێ یان ڕووکاری دوکانەکەی بشکێنێ.
٢- زۆرلێکردنەکە بەبەکارهێنانی توندوتیژی بێ، واتە کەوتبێتە سەر جەستەی تاوانسەر یان ئازیزێکی، وەك لێدان و قژ ڕاکێشان و بەتوندی پاڵ پێوەنان و بەستنەوەی هەردوو دەست یان هەردوو پێ و دەم داخستن و چاوبەستنەوە و خۆڵ پێدا پژاندنیان و دەرهێنانی گوارە بەزۆر لە گوێی ئافرەت و ئەو جۆرە شتانە.
٣- پەیوەندییەکی هۆیی و زەمەنی لەنێوان زۆرلێکردن و دزییەکەدا:

---

[1] ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩.

[2] م٤٤١/٢ (ئەگەر دزیەکە لەلایەن دوو کەس و زیاترەوە بوو بەڕێگەی زۆرلێکردن).

[3] م٤٤٢/٢،٣ (دووەم- لەنێوان ئاوابوونی خۆر و هەڵهاتنیدا لە دوو کەس یان زیاترەوە بەڕێگەی زۆرلێکردن یان هەڕەشەی بەکارهێنانی چەك، زۆرلێکردن یان هەڕەشەکە بە بەدیهاتوو دادەنرێ با بکەرەکە پاش دزیەکەیش ئەنجامی بدا بەمەبەستی پارێزگاریکردن لە دزراوەکە لای خۆی یان هەڵاتن و بردنی. سێیەم- ئەگەر دزیکردنەکە بە زۆرلێکردنێك رووی دا کە نەخۆشیەکی هەمیشەیی یان شکاندنی ئێسك یان ئازار یان نەخۆشیەکی لێ کەوتەوە کە وای کرد تاوانسەر نەتوانێ بۆ ماوەی زیاتر لە بیست ڕۆژ کارە ئاساییەکانی ڕاپەڕێنێ، هەروەها ئەگەر زۆرلێکردنەکە مردنی کەسێکی لێ کەوتەوە سزاکەی لەسێدارەدان یان بەندکردنی هەتاهەتایی دەبێ).

[4] م٤٤٤/٥ (پێنجەم- ئەگەر (دزیەکە) لەگەڵ هەڕەشەی زۆرلێکردندا ئەنجام درا).

أ- پەیوەندیی هۆیی لەئارادا دەبێ ئەگەر مەبەست لە زۆرلێکردنەکە ئامادەکاری بێ بۆ دزییەکە وەك لێدانی تاوانسەر بۆ لە پەلوپۆخستن و پاشان بردنی ماڵەکەی یان ئاسانکردنی رووداني دزیەکە، وەك ئەو کەسەی شوێنێك بە درەختێکەوە ئەبەستێتەوە پاشان ماڵاتەکەی دەولەتەبەر و دەیانبات، یان مسۆگەرکردنی بردنی دزراوەکان، ئەگەر ئەم پەیوەندییە هۆییە نەبوو زۆرلێکردنەکە بە نۆخی توندێن دانانرێ، وەك ئەو کەسەی لە ئافرەتێك بدات بەمەبەستی ئەتککردنی ناموس، پاشان بۆ نموونە خشڵەکانی بدزێ.

ب- پەیوەندیی هۆیی ئەوەیە زۆرلێکردنەکە هاوکات بێ لەگەڵ تاوانی دزیکردنەکە یان کەمێك پێش ئەو بێ وەك رێخۆشکردن بۆ ئەنجامدانی، یان پاش تەولوکردنی بێ، گرنگ ئەوەیە زۆرلێکردنەکە لە کاتێکدا بێ تاوانکار هێشتا لە حاڵەتی تێوەگلاندیە بە شتە دزراوەکەوە.

ئەمە سەبارەت بە زۆرلێکردنی ماددی، هەرچی زۆرلێکردنی مەعنەوییە یاسادانەری عێراقی لە دوو حاڵەتدا بە نۆخی توندێنی داناوە، حاڵەتی هەڕەشە بەبەکارهێنانی چەك + حاڵەتی هەڕەشە بەبەکارهێنانی زۆرلێکرنی ماددی[1].

لە یاسایتری سزاکانی وڵاتانی عەرەبی کە زۆرلێکردن لە دزیکردنیان بە نۆخێکی توندێن بۆ سزای دزی داناوە، بریتین لە: یاسای میسری (م٣١٣/٥)، ئوردنی (م٤٠٠/٥) و(م٤٠١/ج)، عومانی (م٢٨٢/٣)، کوێتی (م٢/٥)، لیبی (م٤٥٠)، لوبنانی (م٦٣٦/٥).

بەڵام ئەم یاسایانە لەم رووانەی خوارەوەدا جیاوازن:

یەکەم: لەڕووی دیاریکردنی سزای توندەوە کە لەنێوان دە ساڵ وەك لە یاسای لیبیدا و کاری قورسی هەتاهەتاییدایە وەك لە یاسای میسریدا هاتووە.

دووەم: لەڕووی ئەو مەرجانەی بۆ زۆرلێکردن زیاد کراون کە لەنێوان یەك مەرج، کە ئەویش ئەوەیە دزیکردنەکە لەلایەن دوو کەس یان زیاترەوە کرابێ، وەك لە (م٤٤١/٢)ی یاسای عێراقیدا هاتووە، بۆ چوار مەرجدایە، کە بریتین لە:

١- دزیەکە بەشەو بکرێ.

٢- بەبەشداریی دوو کەس و زیاتر بکرێ.

---

[1] د. حمید السعدي – شرح قانون العقوبات الجدید: ٢/٢١٧ و پاشتر.

٣- دوو دزەکە یان لانیکەم یەکێکیان چەکێکی دیار یان شاراوەیان پێ بێ.

٤- تاوانکاران لەڕێی چوونە سەر دیوار یان شکاندنی دەرگا و ئەو جۆرانەوە، یان بەکارهێنانی کلیلی دەستکرد یان هەر ڕێگەیەکتری نائاسایی چوونەژوورەوە، چوونە ناو ماڵێکی ئاوەدان یان ئامادەکراو بۆ نیشتەجێبوون.

کۆی ئەم مەرجانە دەبنە دۆخێکی توندێن بۆ سزا توندە بڕیاردراوەکە ئەگەر هاتوو دزیەکە بە ڕێگەی زۆرلێکردن یان هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکەکەیان ئەنجام درابێ وەك لە یاسای ئوردنی و کوێتی و میسریدا هاتووە.

سێیەم: لەڕووی دلنانی زۆرلێکردن بەتەنها بە دۆخێکی توندێن، ئەمە تەنیا یاسای لیبی (م٤٥٠)[١] باسی کردوە.

کاریگەریی زۆرلێکردن لە گرێبەندەکان لە یاسا عەرەبییەکاندا:

یاسا مەدەنیەکانی وڵاتانی عەرەبی لەبارەی کاریگەریی زۆرلێکردن لە گرێبەندەکاندا بوون بە سێ ئاراستەوە، یەکێکیان ڕێگرە لە دامەزران، دووەم ڕێگرە لە بەرکاربوون (النفاذ) و سێیەمیان ڕێگرە لە پێویستبوون (اللزوم).

ئاراستەی یەکەم/ لەژێر کاریگەریی جمهوری فیقولنانی شەریعەتدایە کە پێی وایە زۆرلێکردن ڕێگرە لە دامەزراندنی گرێبەند، عەقدکردنی زۆرلێکراو بەڕەها بەتاڵە و هیچ ئەسەرێکی لێ ناکەوێتەوە، یاسای مەدەنیی یەمەنی[٢] دەستی پێوە گرتووە (م١٧٩) (ئەو گرێبەندەی کەسێك بەزۆر پێی کرابێ دروست نیە و پێویستە لەسەر ئەو کەسەی زۆری بەکارهێناوە ئەو شتە بگێڕێتەوە کە لەپێناویدا زۆری بەکار هێناوە) ، ئەویش لەبەر نەبوونی یەکێك لە

---

[١] ئەم مادەیە لەژێر ناونیشانی (السرقة بالإكراه)دا دەڵێ: (بەبەندکردن سزا دەدرێ بۆ ماوەیەك لە دە ساڵ زیاتر نەبێ و بە غەرامەیەك لە پەنجا جونەی کەمتر و لە دوو سەد زیاتر نەبێ هەرکەس بەزۆر دەست بەسەر گوێزراوەی موڵکی کەسێکیتردا بگرێ، هەمان سزا پیادە دەکرێ ئەگەر زۆرلێکردنەکە ڕاستەوخۆ پاش دزیەکە بکارهات بەمەبەستی مسۆگەرکردنی لەلابوونی شتە دزراوەکە یان بۆ هەڵاتن، هەروەها سزاکە بەندکردن دەبێ بۆ ماوەیەك لە دوازدە ساڵ زیاتر نەبێ ئەگەر لەگەڵ زۆرلێکردندا دۆخێك لەو دۆخانە هەبوون کە لە بڕ"ەی یەکەم لە م٤٤٦دا باس کراوە).

[٢] ژمارە ١٩ی ساڵی ١٩٩٢.

روكنەكانی كە رەزامەندییە، رەزامەندیی زۆرلێكراویش فاسیدە، فاسید و نەبوونیش وەك یەك وان.

ئارلستەی دووەم/ لەژێر كاریگەریی رای مەزەبی ئیمامی و زوفەر لە حەنەفیدلیە، كە پێی وایە زۆرلێكردن رێگرە لە بەركاربوونی گرێبەند، چونكە گرێبەند (عەقد) بەهەبوونی روكن و مەرجەكانی دلمەزرانی دروست دادەمەزرێ، لەبەرئەوەی رەزامەندی مەرجی بەركاربوونە، ئەگەر نەبوو گرێبەندەكە لەسەر مۆڵەتدانی زۆرلێكرلو پاش نەمانی كاریگەریی زۆرلێكردنەكە دەوەستێ.

لەو یاسایانەی ئەم ئارلستەیەیان وەرگرتوە یاسای مەدەنیی عێراقییە[1] (م١٣٤/١) (ئەگەر گرێبەند لەبەر حیجر یان زۆرلێكردن یان هەڵە یان فریودان (تغریر) بە وەستێنرلوی دلمەزرا، گرێبەندوان بۆی هەیە پاش نەمانی حیجر یان زۆرلێكردنەكە یان دەركەوتنی هەڵەكە یان ئاشكرلبوونی فریودلنەكە عەقدەكە هەڵبوەشێنێتەوە، هەروەك بۆی هەیە رێگەی پێ بدات).

هەروەها یاسای مەدەنیی ئوردنی[2](م١٤١) (ئەوەی بە یەكێك لە دوو جۆرەكەی زۆرلێكردنی سەخت و سووك ناچار بە ئیمزاكردنی گرێبەندێك كرا گرێبەندەكەی جێبەجێ ناكرێ، بەڵام ئەگەر زۆرلێكرلو یان وەرەسەكەی پاش نەمانی زۆرلێكردنەكە، رلشكاولنە یان بەئاماژە رێگەیان پێدا، دەگۆڕێ بۆ دروست).

دەستەواژەی دەگۆڕێ بۆ دروست (ینقلب صحیحا) ورد نیە و دەبوو یاسادانەری ئوردنی بڵێ دەگۆڕێ بۆ بەركار (وینقلب نافذا) لەبەرئەوەی بەر لە مۆڵەتپێدانی دروست (صحیح)ـە، بەڵام وەستێنرلو (موقوف)ـە و تا پاش مۆڵەتپێدان ئاسەوارەكانی بەرهەم ناهێنێ.

ئارلستەی سێیەم/ زۆرلێكردن رێگرە لە پێویستبوونی گرێبەندەكە لەبەرئەوەی رەزامەندی مەرجی پێویستبوونە، ئەگەر (رەزامەندی) نەبوو ئەوا گرێبەندەكە بەدروستی و بەركاری دادەمەزرێ و ئاسەوارەكانی لە ماف و پابەندییەكان بەرهەم دێنێ، بەڵام قابیل

---

[1] ژمارە ٤٠ی ساڵی ١٩٥١.

[2] ژمارە ٤٣ی ساڵی ١٩٧٦.

بەبەتاڵكردنەوەیە، ئەم زاراوەیە لە فیقهی غەربی و ئەو یاسا عەرەبیانەی لەژێر كاریگەریدان هاومانای ناپێویست (غیر اللازم)ـە لە فیهی ئیسلامی و ئەو یاسایانەی لەژێر كاریگەریدان.

لەو یاسایانەی ئەم ئارلستەیەیان وەرگرتوە یاسای مەدەنیی میسرییە (م١٢٧) (دەكرێ گرێبەند لەبەر زۆرلێكردن بەتاڵ بكرێتەوە ئەگەر كەسێك لەژێر سایەی ترس و بیمێكدا ئەو عەقدەی كرد كە گرێبەندوڵەكەیتر بەناهەق خستبوویە دڵی و بناغەی هەبوو، بیمەكەیش لەسەر ئەو بناغەیە كە باروبۆخەكە وا لەو كەسەی ئیدیعای دەكا بكات هەست بكا مەترسیەكی گەورە و دەستەویەخە هەڕەشە لە گیان یان جەستە یان شەرەف یان ماڵی خۆی یان كەسێكیتر دەكا).

ئەم مادە میسرییە دەقاودەقی (م١٢٨)ی یاسای مەدەنیی سوری و (م١٢٧)ی لیبی و (م٢١٠-٢١١)ی لوبنانییە، كە هەموویان لەژێر كاریگەریی (م١١١١)ی یاسای مەدەنی فەرەنسیدان كە دەڵێ (ئەو زۆرەی كەوتۆتە سەر ئەو كەسەی گرێبەندی كردوە هۆیەك دەبێ بۆ بەتاڵكردنەوە)، واتە گرێبەندەكە بەرێژەیی بەتاڵ دەبێ و ئاسەوار بەرهەم دێنێ، بەڵام قابیل بە هەڵوەشاندنەوەیە لەلایەن ئەو كەسەی بەتاڵكردنەوە لە بەرژەوەندیی ئەو بڕیاری لێ دراوە.

لەوانەیە وابزانرێ گرێبەندی قابیل بە بەتاڵكردنەوە لە فیقهی خۆرئاوایدا هاومانای گرێبەندی وەستێنراوە لە فیقهی ئیسلامیدا، ئەم گومانەیش هەڵەیە بەڵكو هاومانای گرێبەندی نالازمە لە فیقهی ئیسلامیدا، لەبەرئەوەی گرێبەندی قابیل بە بەتاڵكردنەوە ئاسەوار بەرهەم دێنێ، بەڵام گرێبەندی وەستێنراو ئاسەوار بەرهەم ناهێنێ و تا پاش مۆڵەتدان ماف و پابەندیەكانی لێ ناكەوێتەوە.

كاریگەریی زۆرلێكردن لە تەڵاق لە یاسادا:

یاساكانی باری كەسایەتی لە وڵاتانی عەرەبی كۆكن لەسەر ئەوەی تەڵاقی زۆرلێكراو ناكەوێ، لەوەیشدا چاكیان كردوە كە بەپێی رای جمهوری فیقولنانی شەریعەتی ئیسلامیان كردوە، لەو یاسایانە یاسای عێراقی (م١/٣٥) و ئوردنییە (١/٨٨).

بەراورد لەنێوان شەریعەت و یاسا سەبارەت بە کاریگەریی زۆرلێکردن:

ئەگەر بەراوردێك لەنێوان یاسا جەزاییی و مەدەنیەکان لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامی سەبارەت بە زۆرلێکردن و کاریگەریی لە رەفتارەکانی زۆرلێکراودا بکرێ، دەردەکەوێ بۆچوونی شرۆڤەکارانی یاسای جینائی لەگەڵ بۆچوونی فیقولنانی شەریعەتی ئیسلامیدا لە هەندێ خاڵدا کۆك و لە هەندێکیتردا ناکۆکە، لە خوارەوە چەند نموونەیەك لە هەردوو حاڵەتەکە دێنینەوە:

یەکەم/ رووەکانی کۆکبوون:

یاسا عەرەبیەکان لەبارەی زۆرلێکردن و کاریگەری لە بەرپرسیارێتیی جینائیدا لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامیدا کۆکن ئەگەرچی لە وردەکاریدا جیاوازن، ئەو رێکەوتنە لەم خاڵانەی خوارەوەدایە:

١- زۆرلێکردن کاریگەری لە بەرپرسیارێتیی جینائیدا هەیە ئەگەر روکن و مەرجەکانی هەبوون.

٢- ئەگەر زۆرلێکراو نەشیاو بوو وەك ئامێری جێبەجێکردن دەبێت و بکەری تاوانەکە زۆرلێکەرە فەرماندەرەکەیە و ئەو بەرپرسیارێتیی تەواو دەگرێتە ئەستۆ.

٣-زۆرلێکردن لە هەرجۆرێك بێ بە هۆیەك لە هۆکانی رێپێدان دانانرێ، کردەوەکە پارێزگاری لە سیفەتە جورمیەکەی دەکا ئەگەرچی لەژێر فشاری زۆرلێکردندا ئەنجام دراوە.

٤- زۆرلێکردنی مەعنەوی لە یاسادا لەگەڵ زۆرلێکردن لە فیقی ئیسلامی بە هەردوو جۆری سەخت و سووکیەوە کۆکە و هیچ ناکۆکی لە مەرج و حوکمەکانیدا نیە.

٥- زۆرلێکردن وەك چۆن رێگر دەبێ لە کێشە جینائیەکاندا، بەهەمان شێوە رێگریش دەبێ لە مامەڵە دارایيەکاندا بە گوێرەی ئەو وردەکاریيەی باسمان کرد.

٦- هەروەها لە کاریگەری لەسەر تەڵاق و نەکەوتنی تەڵاقی زۆرلێکراودا.

٧- ئەو یاسایانەی تاوانی کوشتنیان لە کارتێکران بە زۆرلێکردن هەڵاوێر کردوە، لەگەڵ رای ئەو مەزەبانە کۆکن کە پێیان وایە زۆرلێکردن هیچ کاریگەریەکی لە سزای تەواوەتیی ئەم تاوانە نیە سەبارەت بە زۆرلێکراو بەتەنها وەك هەندێ پێیان وایە، یان سەبارەت بە هەریەك لە زۆرلێکەر و زۆرلێکراو وەك کە هەندێکیتر پێیان وایە.

دووەم: رووەکانی ناکۆکبوون:

یاسا عەرەبیەکان لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامی لەم خاڵانەی خوارەوەدا جیاوازن:

١- لە دابەشکردنی زۆرلێکردندا، فیقولنانی شەریعەت هەندێکیان لە بنەڕەتدا دابەشیان نەکردوە بەڵام چەند مەرجێکیان بۆ کاریگەری لە بەرپرسیارێتیی جینائیدا داناوە، کە ئەگەر هەبوون کاریگەری هەیە ئەگینا نیەتی، هەندێکیشیان دابەشیان کردوە بۆ سەخت و سووك کە بەهەردوو بەشەکەیەوە هاومانای زۆرلێکردنی مەعنەوییە لە یاسادا، ئەمە لەکاتێکدا یاسا دابەشی کردوە بۆ زۆرلێکردنی ماددی و مەعنەوی، دابەشکردنەکەی حەنەفیەت زۆر لە دابەشکردنی فیقولنانی یاسای جینائی وردترە.

٢- لە فیقهی ئیسلامیدا سەرچاوەی زۆرلێکردن هەمیشە بە مرۆڤ دانراوە، بەڵام ئەگەر سەرچاوەکەی ئاژەڵ یان سروشت بێ ئەوا لە خانەی زەرورەتدایە نەك زۆرلێکردن.

٣- زۆربەی یاسا عەرەبییەکان خۆیان لە قەرەی قەرەبووکردنەوەی داراییی نەداوە لە بارێکدا تاوانسەر جگە لە تاوانەکە تووشی زیانێکی ماڵیش بوو، ئەسڵ ولیە ئەگەر زۆرلێکردن رێگر بێ لە بەرپرسیارێتیی جینائی، ئەوا نابێتە رێگر لە بەرپرسیارێتیی مەدەنی، لەبەرئەوەی کردەوە جورمیەکە ناگۆڕێ بۆ موباح تا لە هەردوو بەرپرسیارێتیەکەی ببەخشێ وەك لە وێنەکانی هۆکانی رێپێدانیدا.

٤- یاسا عەرەبییەکان خۆیان لە قەرەی بابەتی واجیبوونی خوێنبایی (الدیة) نەداوە لە حاڵەتی پیادەنەکردنی قیساس بەهۆی زۆرلێکردنەوە، چونکە زۆرلێکردن ئەگەر عوزرێك بوو کە بکوژ لە تاوانی کوشتندا لە قیساس رزگار بکا، ئەوا لە خوێنبایی نایبەخشێ تا خوێنی تاوانسەر بەفیڕۆ نەچێ، شەریعەتی ئیسلامی دانی بەوەدا ناوە خوێنبایی جێی قیساس بگرێتەوە هەرکات رێگرێك هاتە پێش بۆ پیادە و جێبەجێکردنی.

٥- فیقولنانی شەریعەت تاوانەکانیان بۆ تاوانەکانی حدود و قیساس و خوێنبایی وتەعزیر دابەش کردووە و رۆڵ و کاریگەریی زۆرلێکردنیان لە هەر بەشێکدا روون کردۆتەوە، بەشێوەیەك دابپەروەری بۆ تاوانکار -چ زۆرلێکەر بێ یان زۆرلێکراو- و تاوانسەر بێتە دی، ئەم دابەشکردنە لە یاسا جەزائیە عەرەبییەکاندا وەك من بزانم نییە.

٦- لە یاسا جەزائیە عەرەبییەکاندا هەر شتێك دەسەڵاتی جێبەجێکردن فەرمانی پێبکات پێویستە جێبەجێ بکرێ، جێبەجێکردنی فەرمانەکانی دەسەڵات هیچ بەرپرسیارێتیەکی لێ ناکەوێتەوە، نە جەزائی نە مەدەنی، واتە سەرباز یان پۆلیس یان هەر فەرمانبەرێکی تر لەسەر جێبەجێکردنی فەرمانی دەسەڵاتی باڵا بەرپرسیار نابن، بەڵکو بە کارێکی رێپێدراو دادەنرێ

لەبەرئەوەی کارەکەیان بە جێبەجێکردنی ئەرکی یاسایی دێتە ژماردن یا فەرمانەکەیش لەگەڵ دەقەکانی شەریعەتی ئیسلامی ڕیسا گشتییەکانیدا لێك بدات، جا جێبەجێکار چ باوەڕی وابێ ئەوەی دەیکا لە ڕووی شەرعەوە رەوایە یان نا، بە پێچەوانەی ئەوەی لە شەریعەتی ئیسلامیدا هەیە کە جێبەجێکار لە ڕووی جینائییەوە بەرپرسیارە با بەسزایەکی سووکیش بێ ئەگەر باوەڕی وا نەبێ جێبەجێکردنی ئەم فەرمانە واجبە، یان بزانێ ئەو شتێك جێبەجێ دەکات پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامییە.

٧- فیقولتانی یاسای جینائی لە زۆرلێکردنی ماددیدا هەردوو حاڵەتی زەرورەت و زۆرلێکردنیان تێکەڵ کردوە و هێزی بێئامانیان کە سەرچاوەکەی ئاژەڵی درندە یان سروشت بێ، بە زۆرلێکردنی ماددی داناوە ئەگەرچی بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە حاڵەتی زەرورەت کۆڵیونەتەوە و لە ڕاستیدا لە هێزی بێئامان جیا نیە، سەرباری هەوڵدانی بۆ لێك جیاکردنەوەیان، بۆیە ئەسڵ وایە هەر فشارێك هەڕەشەی مەترسی بکا و سەرچاوەکەی مرۆڤ بێ بە زۆرلێکردن دابنرێ، بەڵام ئەگەر ئەو مەترسیەی هەڕەشەی پێ دەکرێ لە ئاژەڵ یان سروشتەوە بوو ئەوا ئەسڵ وایە ئەوە بە زەرورەت دابنرێ.

بەشی دووەم:
زەرورەت و بەرپرسیارێتیی جینائی
لە شەریعەت و یاسادا

زەرورەت لەرووی زمانەوانی و زاراوەییەوە:

لەرووی زمانەوانییەوە: الضَرورَةُ والضارُورَةُ والضَارورُ والضَارورا، دەكاتە: پێویستی (الحاجة). (الضاروِرة) دیسان زیانە. (الضروري)یش ئەوەیە زۆر پێویستە، هەروەها ئەوەیە مرۆڤی لەسەر ناچار بكرێ، هەروەها ئەوەی توانای هەڵبژاردن لە كردن یان نەكردنی تێدا نەماوە.

(رجل ذو ضَارورةٍ وضرورةٍ) واتە پیاوێكی خاوەن پێویستی. (اضطر الى الشيء): واتە ناچاری شتەكە كرا. دەوترێ (أنه ذو ضرر على الشيء): ئەگەر ئازاری لەسەر دەگرت و زەحمەتی پێوە دەكێشا[1].

لە زاراوەی مەنتیقیدا: الضرورة، واتە بەڵگەنەویستی و روونیەك كە پێویستی بە بەڵگە و لێكدانەوە نیە، زانایانی مەنتیق مرۆڤ پاش ئەوەی زانستی مرۆڤیان پێناسە كردوە بەوەی (الصورة الحاصلة من الشيء عند العقل) (واتە: ئەو وێنەیەیە لەبارەی شتەوە لای ئەقڵ پەیدا دەبێ) كردوە بۆ وێناكردنەكان (تەسەورات)[2] و بڕواپێكردنەكان (تەسدیقات)[3]. پاشان هەریەك لە تەسەور و تەسدیقیان دابەش كردوە

---

[1] الصحاح في اللغة والعلوم مادة (ضرر): ٢/١١.

[2] وێناكردن (التصور): بریتییە لە زانینی جگە لە پەیوەندییە تەواوە خەبەرییەكە لەرووی ملكەچكردنەوە، بەوەی زانین (ئیدراك)ی موفرەدە پەتیەكان بێ بەبێ پێكەوە بەسترانیان، وەك تاوان و ساختە، یان زانینی پەیوەندیی ناتەواوی نێوانیان وەك تاوانی ساختەكردن، یان زانینی پەیوەندیی تەواوی ئینشائی بێ وەك ئەوەی بڵێت ئەم ئۆتۆمبیلەم پێ فرۆشتیت و فڵانم لێ مارە كردیت. یان زانینی پەیوەندیی تەواوی خەبەری بێ لەرووی وەهم یان گومانەوە، وەك زانینی ئەوەی هەسارەی زوحەل ژیانی تێدایە.

[3] بڕواپێكردن (التصدیق): بریتییە لە زانینی پەیوەندیی تەواوی خەبەری لەرووی ملكەچكردنەوە (واتە قبوڵكردن و تەسلیمبوونن ملكچەكردن یان بەزەرورەت دەبێ یان بە بەدەستهێنان).

بۆ زەروری[1]، کە پێویستی بە بەڵگە و بەدەستهێنانی تیۆری نیە، لەبەرانبەر زەرورەت، بەدەستهێنان (الاكتساب)ە واتە ئەو ئیدراکەی پێویستی بە بەدەستهێنان و سەرنجدان و بەڵگە هەیە، وەك ئیدراکی ئەقڵ و رۆح لە وێناکردنەکان و سەلماندنی تۆمەتی تۆمەتبار بە بەڵگە لە بڕوایپێکردنەکاندا، هەروەها لە وێناکردنی زەروری ئیدراکی گەرمایە بۆ ئاگر و هیتر لە سەرچاوە گەرمیەکانی وزە و ساردی بۆ بەفر بۆ نموونە، هەروەها سپێتی بۆ کاغەز و تاریکی بۆ شەو و روناکی (ضیاء) بۆ خۆر و نور بۆ مانگ.

قەزیەی زەروری ئەوەیە بەبەڵگەنەویست بارکراوەکەی بۆ بابەتەکەی بە سەلب یان ئیجاب بسەلمێ، وەك چوار جووتە و (هەموو) لە (بەش) گەورەترە.

زەرورەکان لە زانستی مەنتیقدا شەش جۆرن، کە بریتین لە:

١- **بەراییەکان** (الاولیات) ئەوەیە هەموو ئەقڵێکی ساغ تەنیا بە وێناکردنی هەردوو لایەنی پەیوەندیەکە (بابەت و بارکراو) حوکمێکی پێدلگری نەگۆڕ دەدا، وەك حوکمدان بە نەکرانی کۆبوونەوە و نەمانی دوو دژ (امتناع اجتماع النقيضين و ارتفاعهما).

٢- **بینراوەکان (المشاهدات)** واتە ئەوانەی بە یەکێك لە پێنج هەستە دیارەکە دەرکیان پێ دەکرێ وەك بینراو و بیستراو و بۆنکراو و چێژراو و بەرکەوتووەکان.

٣- **بابەتگەلێك پێوانەکانیان پێکەوەیە** واتە لەگەڵ زانینیاندا بەڵگەکانیان دەزانرێن و پێیان دەوترێ فیتریەکان، ئەوانەن ئەقڵ بەشێوەیەکی فیتری حوکمیان پێدەدا بەهۆی بەڵگەیەکی وابەستە بە تەسەوراتی لایەنەکانی، وەك حوکمدان بەجووتیی چوار لەبەر دابەشبوونی بەیەکسانی.

٣- **جەمینەکان** (المتواترات)، جەمینە هەموو هەواڵێکە کۆمەڵێك کەس بیگوازنەوە کە وابلوە بەئەقڵ مەحاڵە لەسەر درۆ کۆببنەوە، وەك لەندەن پایەتەختی بەریتانیا و مۆسکۆ پایەتەختی رووسیایە و ئەو جۆرە شتانە.

٤- **ئەزموونکراوەکان** (المجربات) وەك ئەوەی ئاو لە $H_2 + O$ پێکدێ.

[1] البرهان - للعلامة الشيخ إسماعيل بن مصطفى المعروف بشيخ زاده الكلنبوي المتوفي ١٢٠٥هـ مطبعة السعادة / مصر: ص١١-١٣.

٥- **حەدەسیات** کۆمەڵە قەزیەیەکە ئەقڵ لەڕێگەی پێوانەکردنێکی[١] پەنامەکی پێکهاتوو حوکمیان پێدەدا کە حەدەس پاڵنەریەتی، کە بریتییە لە مەلەکەی گواستنەوەی بەتەکانە لە بنەماکانەوە بۆ خولاستەکان، وەك حوکمدان بەوەی ڕۆشنایی مانگ لە خۆرەوە وەرگیراوە لە ڕێگەی بینینی جیاوازیی شێوەی ڕوناکیەکەیەوە[٢].

لە زاراوەی فەلسەفیدا: چەمکی زەرورەت لە مانای لۆژیکی دوور ناکەوێتەوە. ڕێبازی زەرورەت بە ڕێبازی ئۆوین OWEN دەوترێ، کە بەلایەوە مرۆڤ دیاردەیەکی کۆمەلایەتیی حەتمییە.

زەرورەی لە قەزیەیەکدا لەبەر بەڵگەنەویستبوون یان بوونی بەڵگە لەسەری، ڕاستە. زەروری لای (کانت) ئەوەیە ناکرێ جیاواز لەوە بێ کە هەیە[٣].

لە زاراوەی ئوسولیەکاندا[٤]: بەرژەوەندییە زەروریەکان بریتین لە ئامانجە ئیلاهیەکان لە حوکمە شەرعیەکاندا کە ژیانی نەتەوە و کۆمەڵگە و تاکەکان دەیانخوازێ بەچاوپۆشین لە ئاین و مەزهەب و ڕەگەز و ڕەنگ و زمان و شوێن و کات، ئەوانیش پێنجن: ئاین، ژیان، ناموس، ماڵ، ئەقڵ. ناونراون (زەروری) لەبەرئەوەی ئەگەر یەکێکیان لە کۆمەڵگەیەکدا نەبوو یان تێکچوو سیستمی ژیانیان تێکدەچێ و پشێوی باڵی بەسەردا دەکێشێ و خراپە بەسەر چاکەدا زاڵ دەبێ. زاراوەی بەرژەوەندیی زەروری بە پاراستنی ئەو پێنج ئامانجە دەوترێ، کە پاراستنی ئاین سەردەستەیانە چونکە ئەوەی ئاینی نەبێ شایستەی ژیان نیە، بوونی ئاین لە دوو ڕەگەز پێکدێ: ناوەکی (باطني) (باوەڕ) و ڕواڵەتی (ظاهري) (کردەوەی چاك). بۆ پاراستنی بە ماڵ و گیان و زمان و قەڵەم، جیهادی لەسەر هەموو باڵقێکی ژیر واجب کردوە کە بتوانێ بەو پاراستنە هەستێ.

هەروەها بۆ پاراستنی گیان و خوار گیان لەڕووی بوونەوە و بەمەبەستی درێژەدان ڕەچەڵەکی مرۆڤ و وەچەخستنەوە هاوسەرگیری لەنێوان هەردوو ڕەگەز داناوە. لەڕووی پاراستنەوە دەستدرێژیکردنە سەر گیان و خوار گیانی حەرام کردوە، هەروەها مافی بەرگریی شەرعی داناوە و قیساسی فەرز کردوە و خۆکوشتنی حەرام کردوە.

---

[١] مەبەست قیاسی مەنتیقییە، ئەویش گوتەیەکە لە کۆمەڵە قەزیەیەك پێکدێ کە لەبەر خودی خۆی گوتەیەکیتری پێویستە.

[٢] البرهان سەرچاوەی پێشوو: ص٣٧٩ و پاشتر.

[٣] الصحاح في اللغة والعلوم: سەرچاوەی پێشوو.

[٤] الموافقات في أصول الشريعة – للشاطبي (إبراهيم بن موسى) المالكي: ٣٧/٢ و پاشتر.

لە ناموس و نەسەبیشدا لەڕووی بوونەوە سەرجێییکردنی لەڕێی هاوسەرگیریی دروستەوە داناوە، هەروەها لەڕووی پارێزگاریکردنەوە دەستدرێژیکردنە سەر ناموس و نەسەبی بە قسە یان کردەوە حەرام کردوە، هەربۆیە قەزف و زینای حەرام کردوە و سزای بۆ داناون. لە ماڵیشدا هۆی ڕەوای بۆ پەیداکردنی داناوە و دەستدرێژیکردنە سەری بە دزی و تالآن و برۆ و زەوتکردن و باقیی زیادەڕۆییکردنە نارەواکانیتر حەرام کردوە و سزای حەددی و تەعزیری بۆ ئەو دەستدرێژیانە داناوە.

لە ئەقڵیشدا مەستیبەخش و هۆشبەرەکانی حەرام کردوە و سزای بۆ پاراستنی دیاری کردوە[1].

لە زاراوەی فیقهیدا: زەرورەت ئەو عوزرەیە بەهۆیەوە دەکرێ شتی قەدەغەکراو بکرێ[2].

لە زاراوەی یاساییدا: دۆخگەلێکە هەڕەشەی مەترسی لە کەسێك دەکەن و هێمای بۆ دەکەن بۆ ڕێگەی خۆ لێ قوتارکردنی بە ئەنجامدانی کردەوەیەکی تاوانکارانەی دیاریکراو[3].

گرنگیی دیراسەکردنی زەرورەت:

زانینی زەرورەت و ڕەگەز و حوکمەکانی و ڕۆڵی لە ئیجتیهاد و فتواکان و پیادەکردنە قەزاییەکان و بەدیهێنانی دادپەروەری و پاراستنی بەرژەوەندییە زەروریەکان گرنگیەکی گەورەی هەیە، لەبەرئەوە دیراسەکردنی بەسەر دوو باسدا دابەش دەکەین، یەکەمیان بۆ زەرورەت لە شەریعەتی ئیسلامی و دووەمیان بۆ زەرورەت لە یاسادا تەرخان دەکرێ.

باسی یەکەم:
زەرورەت و بەرپرسیارێتی لە شەریعەتی ئیسلامیدا

بەلای کەسانی ژیر و ئاشنا بە نهێنی و عیللە و حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلام شاراوە نیە کە ئەم شەریعەتە -وەك شەریعەتە پێشووەکان- بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیەکانی مرۆڤ هاتووە، لەبەرئەوەی

---

[1] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ئەم کتێبەمان:أصول الفقه الإسلامي في نسيجه الجديد:١٦/٢ و پاشتر.

[2] درر الحكام في شرح مجلة الأحكام – للعلامة علي حيدر: ٥/١. لەم پێناسەیەدا تێبینی دەکرێ ڕێگر نیە لەبەرئەوەی زۆرلێکردن دەگرێتەوە، بە دیدی من واباشە پێناسە دەکرێ بەوەی هێزێکی بێئامانی مەترسیدارە کە پاساو دەداتە لادانی بەکردنی قەدەغەکراوێك.

[3] محمود نجيب حسني – شرح قانون العقوبات سەرچاوەی پێشوو: ص٤٥٨.

خوا بێنیازی رەهایە لە بەندەكانی و عیبادەتیان، بەشێوەیەك ئەگەر مرۆڤایەتی هەموو كاتی خۆی لە ئیلحاد و گومڕاییدا بەسەر ببات مسقاڵە زەرەیەك لە مەزنیی خوا كەم ناكا، بەپێچەوانەوە ئەگەر كاتی خۆیشی لە تاعەت و عیبادەتدا بەسەر ببات مسقاڵە زەرە لە شكۆ و مەزنی خوا زیاد ناكا، بەڵكو ئەوەی دەیكا بۆ خۆیەتی و ئۆباڵی كردەوەكانیشی لە ملی خۆیەتی، بەڵگەیش ئەو حەسركردنەیە لە فەرمایشی خوادا هاتووە كە ئەفەرموێ ﴿وَمَا أَرسَلْنَاكَ إِلاَّ رَحمَةً لِّلعَلَمِينَ﴾[1]، رەحمەت لەم ئایەتە پیرۆزەدا بریتییە لە بەرژەوەندی جا چ گشتی بێ یان تایبەت، چ ماددی بێ یان مەعنەوی، دنیایی بێ یان ئوخرەوی، ئەرێنی بێ یان نەرێنی.

بەرژەوەندیش دوولایەنەیە: ئەرێنی كە بریتییە لە هێنانی سوود (یان سوودی بەدەستهێنراو) و نەرێنی كە بریتییە لە دوورخستنەوەی خراپە (یان خراپەی دوورخراوە)، جگە لەوەیش خوای گەورە لە ئەحكام و شەریعەتەكەیدا ئاسانكاری ویستوە لە گشت كاروبارەكانی ژیانی مرۆڤدا، وەك ئەفەرموێ: ﴿يُرِيدُ اللهُ بِكُمُ اليُسرَ وَلاَ يُرِيدُ بِكُمُ العُسرَ﴾[2]، ﴿مَا يُرِيدُ اللهُ لِيَجعَلَ عَلَيكُم مِّن حَرَجٍ وَلَكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُم﴾[3]، ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيكُم فِي الدِّينِ مِن حَرَجٍ﴾[4].

پاشان هەر زەحمەتی و ناخۆشیەك روو لە مرۆڤ بكا لەم سێ حاڵەتە بەدەر نیە:

أ- یان ئەوەتا ئاساییە و تەندروستی و ژیان و ماڵ و عیرزی ناخاتە مەترسی، ئەمە پێویستە بەرگەی بگیرێ لەبەرئەوەی هیچ كاروبارێكی ژیان نیە هەندێ ئەرك و زەحمەتی تێدا نەبێ، ئەمە حوكمە ئەسڵیەكەی پێ ناگۆڕێ كە پێی دەوترێ عەزیمەت.

ب- یان ئەوەتا لەسەروو تاقەت و توانای مرۆڤەوەیە، ئەوكاتە بەگوێرەی بەڵێنی راستگۆیانەی كە ئەفەرموێ: ﴿لاَ يُكَلِّفُ اللهُ نَفساً إِلاَّ وُسعَهَا﴾[5] شتی وا لە مرۆڤ داوا ناكرێ.

ج- ئەگەر لەنێوان ئەم دوو پلەیەیشدا بوو بەشێوەیەك تەندروستی یان ژیان یان ماڵ یان ناموسی دووچاری مەترسی بكا، دەبێتە عوزرێكی مەشروع بۆ گۆڕینی حوكمەكە لە عەزیمەتەوە بۆ روخسەت،

---

[1] سورة الأنبياء / ١٠٧.

[2] سورة البقرة /١٨٥.

[3] سورة المائدة / ٦.

[4] سورة الحج / ٧٨.

[5] سورة البقرة / ٢٨٦.

که بریتییه له گۆڕانی حوکمەکه له سەختییەوه بۆ سووکی لەبەر عوزرێك، لەگەڵ مانی هۆی حوکمە ئەسڵییەکەدا.

ئەم زەحمەتییە کە پێی دەوترێ زەرورەت، زەرورەتیش چەندین پێناسەی بۆ کراوە[١]، کە یان ناتەواون و تەنیا هەندێ حاڵەتی تایبەت دەگرنەوە، یان ناڕوونن، لەبەرئەوە پێناسەی دەکەم بەوەی (هێزێکی بێئامانە روو لە کەسەکە دەکات و هەڕەشەی مەترسیەکی دەستەویەخەی لێ دەکا ئەگەر پەنا بۆ ئەو شتە نەبا کە پێی دوور دەخرێتەوە).

سەرچاوەکانی رەوایی کارکردن بەگوێرەی زەرورەت:

حوکمی رەوایی (مەشروعیەت)ی کاری کەسی-ناچار و بەحوکمی زەرورەت حسێبکردنی لەلایەن موجتەهید یان موفتی یان قازییەوە بە عوزرێکی رەوا، کە دەبێتە رێگر لە لێکەوتنەوەی ئاسەوارەکانی کردەوەیەك لەژێر فشار و کاریگەریی زەرورەتدا کراوە، قورئانی پیرۆز و سوننە و رێسا شەرعییە گشتیەکانن.

ئەوە روونە قورئانی پیرۆز دەستووری خوایە بۆ بەندەکانی تا کاری پێ بکەن، بەڵام باسی حوکمی هەموو شتە وردەکانی نەکردوە لەبەرئەوەی بەرژەوەندی لەگەڵ گۆڕانی زەمان و شوێن و پەرەسەندنی مرۆڤدا دەگۆڕێن، بەڵکو تەنیا رێسا گشتییە هەمەکی و نەگۆڕ و نەمرەکانی باس کردوە، کە موجتەهید و دانەری یاسا وەزعیەکان و قازی لەکاتی پیادەکردنە قەزاییەکانیدا ئەرکی گێڕانەوەی شتە بەشەکیەکان بۆ ئەو هەمەکییانە دەگرنە ئەستۆ بە رەچاوکردنی هەلومەرجی دەوروبەر یان وابەستە بە هەر یەکێك لەو شتە بەشەکییانە.

یەکێك لەو هەلومەرجانە زەرورەتە، فیقولانی شەریعەتی ئیسلامی لە هەر مەزهەبێکی فیقهیدا چەند رێسایەکی گشتییان داناوە، هەندێکیان ئوسولین بۆ هەڵێنجانی ئەحکام لە دەقە شەرعیەکان، هەندێکیشیان فیقهین بۆ ئاسانکردنی گەیشتن بەو حوکمانە بۆ بەشەکییە هاوشێوەکان.

---

[١] بڕوانە: كشف الأسرار: ١٥١٨/٤ أحكام القرآن – للجصاص: ٥٤/١ الشرح الكبير – للدردير: ١١٥/٢ القوانين الفقهية: ص١٧٣ المغني – لابن قدامة: ٥٩٥/٨.

زەرورەت لە قورئانی پیرۆزدا:

قورئانی پیرۆز لە چەندین ئایەتدا بۆی روون کردوینەتەوە کە زەرورەت عوزرێکی مەشروع و رێگرە لە بەرپرسیارێتیی جینائی لەو تاوانانەی لەژێر فشار و کاریگەریی زەرورەتدا دژی مافە گشتی و تایبەتەکان دەکرێن، ئەگەر مەرجەکانی ئەو زەرورەتە هەبوون.

لەو ئایەتانە:

﴿إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ[1] بِهِ لِغَيْرِ اللَّهِ فَمَنِ اضْطُرَّ[2] غَيْرَ بَاغٍ[3] وَلَا عَادٍ[4] فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾[5].

﴿فَمَنِ اضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ[6] غَيْرَ مُتَجَانِفٍ[7] لِإِثْمٍ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾[8].

﴿وَقَدْ فَصَّلَ لَكُمْ[9] مَا حَرَّمَ إِلَّا مَا اضْطُرِرْتُمْ إِلَيْهِ﴾[10].

﴿قُلْ لَا أَجِدُ فِي مَا أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَى طَاعِمٍ يَطْعَمُهُ إِلَّا أَنْ يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنْزِيرٍ فَإِنَّهُ رِجْسٌ أَوْ فِسْقًا[11] أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ فَمَنِ اضْطُرَّ[2] غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾[1].

---

[1] (الاهلال) لە سەربڕیندا ناوبردنە بەدەنگی بەرز، موشریکەکان ناوی بتەکانیان دەبرد و موسڵمانەکان ناوی خوا.

[2] ئەسڵەکەی بریتییە لە (اضترر) بەلام (راء)ەکە دەغم کراوە و (تاء)ەکەیش قەلب کراوە لەپێناوی (ضاد)ەکەدا.

[3] واتە رۆڵی نیە لە رووبدانی ئەو زەرورەتە بەشێوەیەکی نامەشروع، ئەمەیش لە مەرجەکانی کارکردنە بە زەرورەت.

[4] واتە سنووری زەرورەت تێنەپەڕێنێ، لەبەرئەوەی زەرورەتیش بەئەندازەی خۆی دەخەملێنرێ، ئەمەیش مەرجێکیتری کارکردنە بە زەرورەت.

[5] سورة البقرة / ١٧٣.

[6] المخمصة: ئەو برسێتییەی ناچاری کردوە پەنا بۆ خواردنی شتێك ببات کە خواردنی حەرامە.

[7] جنف عن الطريق: واتە لە رێگە لایدا. لێرەدا مەبەست ئەوەیە ئەو بە رێگەیەکی نامەشروع هۆکار نەبووبێ بۆ ئەو برسێتییە، وەك ئەوەی سەفەری کردبێ بۆ شوێنێك بەمەبەستی بەدەهێنانی ئامانجێکی نامەشروع، یان خەمساردی لە کردنی کارێکی مەشروع و کەسابەتێکی رێپێدراودا کردبێ بۆ دابینکردنی بژێوی خۆی و ئەوانەی خەرجیان لەسەریەتی، ئەوەیش تووشی برسێتی کردبێ، واتە لە شەرعی ئیسلامی و یاسای وەزعیدا دەستنەبوونی کەسی ناچار لە رووبدانی زەرورەتەکەدا مەرجە بۆ ئەوەی زەرورەتەکە بە عوزرێکی مەشروع و رێگر لە بەرپرسیارێتیی جینائی دابنرێ.

[8] سورة المائدة / ٣.

[9] واتە لە قورئاندا لە رێی رێسا گشتییەکانەوە هەموو ئەو شتانە روون کراونەتەوە کە لە مرۆڤ حەرامن، لەبەر ئەو زیانە ماڵی یان تەندروستی یان ئەقڵی یان کۆمەڵایەتیانەی تێیاندایە. پێغەمبەر روونکردنەوەی ئەو رێسایانەی گرتۆتە ئەستۆ.

[10] سورة الانعام / ١١٩.

[11] واتە یان ئەوەی فیسقی تێدا بێ، ئەو فیسقەیشی تەفسیر کردوە بەوەی بۆ غەیری خوا سەربڕابێ (أهل لغير الله به).

﴿إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾[3].

لەم ئایەتانە و هاوشێوەکانیاندا خوای گەورە چەند نموونەیەکی دەلێنێ لەبارەی گۆڕینی حوکمی شتە حەرامەکان لە هەلومەرجی ئاساییدا لە حەرامییەوە بۆ ڕێپێدان و بگرە واجببوون لە حاڵەتی زەرورەتدا، تا بیانکەینە ڕێنوێنی و هیتریان لەسەر قیاس بکەین ئەگەر روکنەکانی قیاس هەبوون، لەبەرئەوەی قیاس ئامرازێکە لە ئامرازەکانی گێڕانەوەی بەشەکیەکان بۆ هەمەکیەکانی قورئان.

دەستهەڵگرتنی قازی یان موجتەهید لە کارکرن بە حوکمە ئەسڵیەکە کە پێی دەوترێ عەزیمەت بۆ حوکمە نائاساییەکە کە پێی دەوترێ زەرورەت یان هیتر، لە زاراوەی زانایانی ئوسولدا پێی دەوترێ (ئیستیحسان) و قورئان فەرمانی پێ کردوین هەرکات پێویستی کرد بەکاری بێنین، لەوانەیە پەنابردن بۆ روخسەت واجب بێ ئەگەر رزگارکردنی ژیانی لەسەر وەستابوو وەك خوا ئەفەرموێ: ﴿وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ﴾[4]، : ﴿وَلَا تَقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ﴾[5].

زەرورەت لە سوننەتدا:

دیارە بەڵگەهێنانەوە لە سوننەت لەسەر حوکمێك بەدەقی قورئانی پیرۆز باس کرابێ، زیاتر دەچێتە خانەی جەخت و دووپاتکردنەوە، لەبەرئەوەی ئەوە کارێکە لە کارەکانی سوننە، زۆر حەدیس هەن لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان لە کتێبەکانی فەرموودە کە بەروونی ئەوەیان لێ دەخوێنرێتەوە کە زەرورەت لە زۆربەی ئەو تاوانانەی لەژێر کاریگەریدا دەکرێن عوزرێکی رێگرە لە بەرپرسیارێتیی جینائی، یان مایەی سووککردنی سزایە. لەو حەدیسانە:

أ- عقبة بن وهب بن عقبة العامري دەگێڕێتەوە، گوێم لە باوکم بوو باسی الفجیع العامري دەکرد کە چووەتە لای پێغەمبەری خوا(د.خ) و پرسیویەتی: لە مردوو چیمان بۆ حەڵاڵە؟ ئەویش فەرموی: خواردنتان چییە؟ گوتمان: ئێوارە و بەیانی دەخۆین. ئەبونعیم گوتی عوقبە بۆی لێکدامەوە وتە: بەیانی

---

[1] واتە زەرورەتی تووش هات.

[2] سورة الأنعام / ١٤٥.

[3] سورة النحل / ١١٥.

[4] سورة البقرة / ١٩٥.

[5] سورة النساء / ٢٩.

جامێك و ئێواره جامێك. ئەویش فەرمووی: (ذاك ولي الجوع)، لەو حاڵەدا مردارەوەبووی بۆ حەڵاڵ کردن[1].

ب- له نیل الأوطار[2] لەژێر ناونیشانی: بابی مردار بۆ ناچار (باب الميتة للمضطر)دا هاتووه:

١- له ئەبو واقیدی لەیسیەوه گوتی: گوتم ئەی پێغەمبەری خوا ئێمه له زەویەکدا دەژین برسیتی رووماندا تێدەکا چ مردارێکمان بۆ حەڵاڵه؟ فەرمووی: ((إذا لم تَصطَبِحُوا[3] ولَم تَغتَبِقُوا[4] لَم تحتَفِئُوا بِهَا بَقلاً[5] فشأنُكم بهَا)).

٢- له جابر بن سومرەوه دەگێڕنەوه ماڵێك له ئەلحەڕه موحتاج بوون، وشترێکی خۆیان، یان هی کەسێکیتر مردار بوویەوه، پێغەمبەری خوا رێگەی پێدان بیخۆن و گوتی (فَعَصمتم بَقِيةَ شِتائهُم أو سَنَتَهم)[6]. (واته باقیی زستان یان ساڵەکەیانتان پاراست).

ج- له ریوایەتێکیتردا بەم شێوەیه هاتووه:

إن رجلاً نزل الحرة ومنعه أهله وولده فقال رجل إن ناقة لي ضلت فإن وجدتها فأمسكها فوجدها فلم يجد صاحبها فمرضت، فقالت امرأته إنحرها فأبى فنفقت[7]، فقالت إسلخها حتى نقدر[8] شحمها ولحمها ونأكله، فقال: حتى أسأل رسول الله ﷺ فأتاه فسأله فقال هل عندك غنى يغنيك[9]؟ قال لا قال: فكلوه، قال فجاء صاحبها فأخبره الخبر فقال هلا كنت نحرتها؟ قال أستحييت منك[10]. (واته: پیاوێك دەچێته ئەلحەڕه و ماڵ و منداڵەکەی رێگری لێدەکەن، پیاوێك پێی دەڵێ وشترێکم ون بووه ئەگەر دۆزیتەوه بیگرە، ئەویش دۆزیەوه بەڵام خاوەنەکەی نەبینیەوه و وشترەکە نەخۆش کەوت، ژنەکەی پێی گوت

---

[1] رواه أبو داود في سننه: ٣/٣٥٩. دەڵێ: الغبوق له کۆتایی رۆژەوه، الصبوح له سەرەتای رۆژەوه.

[2] ٨/١٦٩ و پاشتره.

[3] الاصطباح: لێرەدا خواردنی صبوحه که نانی بەیانییه.

[4] الغبوق: نانی ئێوارەیه.

[5] أي تقتلعوا من الحفاء، والمراد من الحديث أنه ليس لكم أن تصطبحوا وتغتبقوا وتجمعوهما مع الميتة.

[6] رواه أحمد، سەرچاوەی پێشوو: ٨/١٧٠.

[7] واته مردار بوویەوه.

[8] (نقدر) به فەتحی نون و سکونی قاف و زەممی داله بەمانای کوڵاندنی دێ. له ریوایەتی ئەبوداوددا به (نقدد اللحم) هاتووه، به داڵێکی پشتگوێخراو له جێی راڵەکە.

[9] واته پێی بێنیاز ببیت و بەشی خۆت و ماڵ و منداڵەکەت بکا.

[10] رواه أبو داود: ٣/٣٥٨. سەرچاوەی پێشوو: ٧/١٧٠. مسند الإمام أحمد: ٥/٢١٨.

سەری برە، ئەو رازی نەبوو تا مردار بوویەوە، ژنەكەی گوتی بیگوروە با بەزو گۆشتەكەی بكوڵێنین و بیخۆین، ئەویش وتی ولناكەم تا لە پێغەمبەری خوا نەپرسم، چوو و پرسیاری لێكرد، ئەویش فەرموی بەشی ئەوەندەت هەیە پێی بژیت؟ گوتی: نەخێر. ئەویش گوتی بیخۆن. گوتی پاشتر خاوەنەكەی هات و هەواڵی دایە، ئەویش گوتی: ئەی بۆچی سەرت نەبڕی؟ گوتی شەرمم لە تۆ كرد).

ئەم حەدیسە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خواردنی گۆشتی مردار بۆ كەسی ناچار حەڵاڵە، باقیی حەرامكراوەكانیتریش لەسەر مردار قیاس دەكرێن.

زەرورەت لە رێسا شەرعیەكاندا:

رێسا (القاعدة) لەرووی زمانەوانیەوە مانای هەمەجۆری هەیە، كە بەمانای بناغەی خانوو دێ، بەم مانایەیش لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە ﴿وَإِذْ يَرْفَعُ إِبْرَٰهِيمُ ٱلْقَوَاعِدَ مِنَ ٱلْبَيْتِ وَإِسْمَٰعِيلُ﴾[1].

لە زاراوەدا، بابەتێكی هەمەكییە هەڵگری حوكمە سەبارەت بە پەیوەندیی باركراو (محمول)ەكەی چ بە ئیجاب و چ بە سەلب لەگەڵ هەموو ئەو بەشەكیانەی دەكەونە ژێر بابەتەكەی، ئەویش یان ئەرێنیەكی هەمەكییە وەك (العرف محكم)، یان نەرێنیەكی هەمەكییە وەك {لا مساغ للاجتهاد في مورد النص}. هەریەك لەو دوانەیش یان سادە (بسیط)ن كە تێیدا حوكم دەدرێ بەس سەلماندنی شتێك بۆ شتێكیتر، یان نەفیكردنی لێی بەبێ قەید و شەرت، كە لە زانستی مەنتیقدا پێی دەوترێ (القضية الحملية البسيطة) وەك {الضرر يزال}، و{الضرر لا يزال بمثله}. یان ئاڵۆز یاخود لێكدراو (مركب)ە حوكمدان بە دانەپاڵی باركراوەكە بۆ لای بابەتەكە بە بەدیهاتنی مەرجێكەوە بەستراوە، وەك {الأمر إذا ضاق اتسع}، هەروەها وەك {لا جريمة إذا وقع الفعل دفاعاً عن النفس}..

رێسا شەرعیەكان هەندێكیان دەقین و هەندێكیان ئیجتیهادین، دەقیەكان یان ئەوەتا خودی دەقە شەرعیەكەن، لەبەرئەوەی هەموو ئایەت و حەدیسەكانی ئەحكام رێسایەكی شەرعیی گشتین، وەك كە خوا ئەفەرموێ: ﴿وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَٰجُكُمْ إِن لَّمْ يَكُن لَّهُنَّ وَلَدٌ﴾[2]، یان ئەوەی پێغەمبەر(د.خ) ئەفەرموێ: (لا تَبِعْ مَا لَيسَ عِندكَ). یان لە دەقی شەرعی هەڵگوێزراون وەك رێسای {تسقط الحدود

---

[1] سورة البقرة / ١٢٧.
[2] سورة النساء / ١٢.

بالشبهات} ، کە لە فەرموودەکانی پێغەمبەر وەرگیراوە وەك حەدیسی: (إدفعُوا الحُدُودَ مَا وَجَدتُم لَهَا مَدفَعاً)[1].

ڕێسا شەرعییە ئیجتیهادیەکان هەندێکیان ئوسولێن کە موجتەهید یا قازی لە هەڵێنجانی حوکمە شەرعییە فەرعیەکان لە بەڵگە تەفسیلیەکانیان پشتیان پێ دەبەستێ، وەك ڕێسای (کل نص مطلق یجري علی إطلاقه ما لم یثبت تقییده)، هەندێکیشیان فیقهین ئەرکیان ئاسانکردنی زانینی ئەحکامی جوزئیاتە موتەنازیرەکانە وەك ڕێسای {الیقین لا یزول بالشك}.

ڕێسا شەرعییەکان لە فیقهی ئیسلامیدا وەك تیۆرە گشتیەکانن لە فیقهی غەربیدا، لەبەرئەوە بەشەکان و هەمەکیەکانیان لە دیراسەکردنی حوکم و ڕوودلو و ڕەفتارەکاندا کۆکردۆتەوە، لە خوارەوە هەندێ لە ڕێسا شەرعییە پەیوەندارەکان بە زەروورەت دەخەینە ڕوو:

١- ڕێسای زەحمەتی ئاسانکاری دێنێ (المشقة تجلب التیسیر)[2].

(المشقة) بریتیە لە ئاستەمی و سێ پلەی هەیە، لەبەرئەوەی یان ئەوەتا لەسەروو وزەی مرۆڤەوەیە، یان ملکەچیەتی.

یەکەمیان خوا لە مرۆڤی داوا ناکا لەبەرئەوەی خۆی ئەفەرموێ: ﴿لا یُکَلِّفُ اللهُ نَفساً إِلاَّ وُسعَهَا﴾[3].

دووەمیان یان ئەوەتا ڕێی تێدەچێ سەلامەتیی مرۆڤ بخاتە مەترسی یان نا، کە دووەمیان پێویستە بەرگەی بگیرێ لەبەرئەوەی هیچ کاریگەریەکی لەسەر حوکمە ئەسڵیەکە (واتە عەزیمەت) نیە، لەبەرئەوەی هەموو کارێکی گرنگ لە ژیاندا ئەندازەیەك کۆشش و زەحمەتی هەر دەوێ.

لە وێنەی یەکەمدا حوکمە قورسەکە دەگۆڕێ بە هی سووك، ئەم گۆڕینەیش پێی دەوترێ (ڕوخسەت) و پێناسە دەکرێ بەوەی گۆڕینی حوکمە لە قورسیەوە بۆ سووکی لەبەر عوزرێك لەگەڵ مانەوەی حوکمە ئەسڵیەکە، پێناسەکردنی بەوەی بریتییە لە گۆڕینی حوکم و تاودلی هەڵەیەکی شایعە لەبەرئەوەی حوکمی خوا کۆنە و ناگۆڕێ، بەڵکو هەرکات پێویستی کرد حوکمەکە بە یەکێکیتر دەگۆڕدرێ، هاوشێوەیشی لە شەریعەتی ئیسلامیدا زۆرە لەبەرئەوەی ئاینی ئاسانییە، بۆ نموونە وەك

---

[1] سنن ابن ماجة – تحقیق محمد فؤاد عبد الباقي: ٢/٨٥٠

[2] م١٧ مجلة الأحکام العدلیة.

[3] سورة البقرة / ٢٨٦.

گۆڕینی ڕۆژوو بە فیدیە لە ئایەتی ﴿وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ﴾[١]، ئەوەی دەڵێ گوایە ئەم ئایەتە نەسخ کراوەتەوە هەڵەی فەرمووە[٢].

٢- ڕێسای: ئەگەر شت تەسك بوویەوە فراوان دەبێ {الأمر إذا ضاق إتسع}[٣]

واتە ئەگەر لەبەر هۆی خودی یان دەرەکی تەنگەبەری و زەحمەتیەك لە کردەوەیەکدا لای مرۆڤ ڕووی دا، پێویستە کار بە ڕوخسەت بکرێ و ئەو بەرتەسکییە فراوان بکرێ، بۆ نەهێشتنی زەحمەتی و تەنگەبەری هەندێ شت جائیز دەبن کە لە باروبۆخی ئاساییدا جائیز نین، ئەم ڕێسایە ناوەرۆکی ڕێساکەی پێشوو دەسەلمێنێ {المشقة تجلب التيسير} (واتە: ئاستەمی ئاسانکاری دێنێ).

٣- ڕێسای نە زیانگەیاندن و نە پەرچە زیانگەیاندن (لا ضرر ولا ضرار)[٤]

واتە سەرەتا نابێ زیان بگەیەنرێ، پاش ئەوە نابێ زیان گەیاندن بە زیان گەیاندن وەڵام بدرێتەوە، ئەم ڕێسایە تایبەتە بە مەسەلە دارایەکان و تاوانە تەعزیرییەکان، لەبەر ئەوەی (الضرار) وەڵامدانەوی هاوشێوەیە لە تاوانەکانی قیساسدا، لەبەرئەوەی خوای گەورە ئەفەرموێ ﴿وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَا أَنَّ النَّفْسَ بِالنَّفْسِ وَالْعَيْنَ بِالْعَيْنِ...﴾[٥].

٤- ڕێسای {الضرر يزال}

ئەم ڕێسایە کۆمەڵێ پیادەکردنی فیقهی لەسەر بینا دەکرێ کە پێداویستییە زەرورییە داراییەکان دەیخوازن، لەوانە دروستی بژاردەی دیاریکردن (خيار التعيين)، بژاردەی بینین (خيار الرؤية)، بژاردەی رەخنە (خيار النقد)، بژاردەی مافخواردن و فریودان (الغبن و التغرير)، گێڕانەوەی فرۆشراو بە بژاردەی مەرج، حیجر خستنە سەر دەبەنگ و مایەپوچ، شەفیعی و ناچارکردن لەسەر دابەشکردنی ماڵە هاوبەشەکان، هەموو ئەوانەیش بەمەبەستی نەهێشتنی زیانەکە وەك هەڵاوێران ڕێگەیان پێ دراوە[٦].

---

[١] سورة البقرة / ١٨٤.

[٢] بڕوانە: التبيان برفع غموض النسخ في القرآن: ص١١٧.

[٣] م١٨ لمجلة.

[٤] زۆر لە زانایانی حەدیس پێیان وایە ئەم ڕێسایە یەکێکە لە حەدیسەکانی پێغەمبەر.

[٥] سورة المائدة / ٤٥.

[٦] درر الحكام شرح مجلة الأحكام: ١/٣٣.

٥- ڕێسای {الضرورات تبيح المحظورات}[١]

عمومی ئەم ڕێسایە مەبەست نیە، لەبەرئەوەی حاڵەتی زەرورات هەموو قەدەغەکان موباح ناکەن، بەڵکو پێویستە ئەو قەدەغانە لەڕووی ئەنجامە نەرێنیەکانەوە لە خوار زەرورەکانەوە بێ، بەڵام ئەگەر لە زەرورەکان زیاتر بوون یان یەکسان بوون پێیان، ئەوکاتە زەرورەت نابێتە عوزرێکی ڕێگر لە بەرپرسیارێتیی جینائی تێیدا، واتە لەولنەیە زەرورەت ڕێگە بە برسیی پێگرلو بدات ماڵی کەسیتر بخوات لەگەڵ گرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتیی زەمانکردن و پێویستیی قەرەبووکردنەوەی، قەدەغەکان موباح ناکەن بەڵام دەیانکەنە روخسەت، لەولنەیشە قەدەغەکرلو زەرورەت کاری تێنەکا وەك تاوانی کوشتن.

لەبەرئەوە پێشنیار دەکەم ئەم ڕێسایە بەم شێوەیەی لێ بکرێ: {الضرورات تجيز المحظورات} تا حاڵەتەکانی روخسەت و ئیباحە بگرێتەوە، لەبەرئەوەی روخسەت بەپێچەولنەی ئیباحە ڕێگر نیە لە زەمانکردن.

٦- ڕێسای {الضرر لا يزال بمثله}[٢] (واتە: زیان بە هاوشێوەی خۆی لانابرێ)

هەروەها لەپێشترە کە بەزیاتر لە خۆیشی لانابرێ بەڵام بە کەمتر لەوە لادەبرێ، بۆیە دروست نیە کەسێك لەپێناو پاراستنی کەسێکیتردا بکوژرێ، لەبەرئەوەی لە ئیسلامدا مرۆڤەکان وەك دەنکەکانی شانە یەکسانن، چونکە خوا کوشتنی هەموو نەفسێکی بەناهەق حەرام کردوە و ئەفەرموێ: ﴿وَلاَ تَقْتُلُواْ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللّهُ إِلاَّ بِالْحَقِّ﴾[٣].

٧- ڕێسای {الضرر الأشد يزال بالضرر الأخف}[٤] (واتە: زیان بە زیانی سووکتر لادەبرێ)

جائیزە ئەندامێك لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ کە تووشی شێرپەنجە بووە ببڕدرێتەوە ئەگەر مەترسی هەبوو بەنێو باقیی ئەندامەکانی جەستەدا تەشەنە بکا، هەروەها لەباربردن لەپێناو رزگارکردنی ژیانی دایکدا جائیزە، لەبەرئەوەی کەسایەتیی دایك تەولوە و کەسایەتیی کۆرپەلەکە ناتەولوە.

---

[١] م٢١ المجلة.
[٢] م٢٥ المجلة.
[٣] سورة الأنعام / ٧٥.
[٤] م٢٧ المجلة.

٨- ڕێسای {يتحمل الضرر الخاص لدفع ضرر عام}[1] (بۆ لادانی زیانێکی گشتی بەرگەی زیانی تایبەت دەگیرێ)

دروستە سزای تاوانکار بدرێ لەپێناو پارلستنی گیانی بێتاوانان و ماڵ و ناموسیان، ئەگەرچی سزا خۆی لەخۆیدا زیانە بۆ حوکمدراو و خێزانەکەی، هەروەها دەکرێ قوربانی بە گیانی هەندێ لە هێزە چەکدارەکان بدرێ کاتێ وڵات دووچاری دەستدرێژی دەبێتەوە لەپێناو بەرپەرچدانەوە و دوورخستنەوەی ئەو دەستدرێژییەدا کە زیانی گشتییە.

٩- ڕێسای {إذا تعارضت مفسدتان روعي أعظمهما ضرراً بارتكاب أخفهما}[2] (ئەگەر دوو خراپە لێکیاندا بەزیانترەکەیان لەبەرچاو دەگیرێ بە ئەنجامدانی کەمزیانترەکەیان).

بڕینەوەی ئەندامانی جەستەی مردووان یان ئەوانەی لە حوکمی مردوواندا بوون بۆ چاندنیان لە جەستەی مرۆڤێکیتردا کە زیندووە و پێگیراوە و ڕزگارکردنی ژیانی لەسەر ئەو چاندنە وەستاوە وەك ڕوخسەت جائیزە، لەبەرئەوەی خراپەی مردن زیانی لە خراپەی بڕینەوە زیاترە، هەربۆیە زیانە گەورەکە بە زیانە سووکترەکە لادەدرێ بەم مەرج و ڕێکخەرانەی خوارەوە:

١- بوونی زەرورەتێکی گەورە کە ئەوە بخوازێ.

٢- بوونی بڕیار و سەرپەرشتیی لیژنەیەکی پسپۆڕ لە پزیشکان لە یەکێك لەو نەخۆشخانانەی بۆ نەشتەرگەریەکە دەست بدا.

٣- تێنەپەڕاندنی سنووری زەرورەت و گەمە نەکردن بە جەنازەی مردوەکە، لەبەرئەوەی زەرورەتەکانیش بە ئەندازەی خۆیان مەزەندە دەکرێن.

٤- بوونی مۆڵەتی پێشوەخت لە مردووەکە بە وەسێت یان بەخشین (تبرع)، وەسێتکردن بە ماڵ و غەیری ماڵ جائیزە، لە حاڵەتی نەبوونی ئەو وەسێت یان بەخشینەدا بەزەرورەت کار بە مۆڵەتی وەرەسەکەی دەکرێ، ئەگینا دەسەڵاتی ئەوەیان نیە.

---

[1] م٢٦ لمجلة.

[2] م٢٨ لمجلة.

٥- ئەو ئەندامە براوەیە لە بەرانبەر عەوەزێك نەبێ، بەڵام مرۆڤ خۆی و هەموو ئەندامێك لە ئەندامەکانی قابیل بە مامەڵەپێوەکردن نین، لەبەرئەوەی خوای گەورە رێزی لێناوە وەك ئەفەرموێ ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِيٓ ءَادَمَ﴾[1].

١٠- رێسای {الضرر يدفع بقدر الإمكان} (واتە: زیان بە پێی توانا دوور دەخرێتەوە)

ئەگەر دەکرا زیانەکە بە ئامرازێکی کەم زیانتر دوور بخرێتەوە و نەهێڵرێ نابێ ئامرازێکی بەزیانتر بەکار بێ.

روکن و مەرجەکانی کارکردن بەگوێرەی زەرورەت:

لەو دەق و رێسا شەرعیانەی باس کران و هێتر دەگەینە ئەو دەرەنجامەی زەرورەت نابێتە عوزرێکی رێگر لە بەرپرسیارێتیی جینائی تا پاش هەبوونی ئەم روکن و مەرجانەی خوارەوە:

روکنەکانی زەرورەت:

زەرورەت لەسەر ئەم چوار روکنە دەوەستێ:

روکنی یەکەم (ناچار) ئەو مرۆڤەیە دووچاری زیانێکی گەورە بووە.

روکنی دووەم (مەترسیی دەستەویەخە).

روکنی سێیەم (بابەتی مەترسییەکە) کە یەکێکە لە پێنج بەرژەوەندییە زەرورییەکان.

روکنی چوارەم (ئەو کردەوەیەی بۆ دوورخستنەوەیەی مەترسییەکە پێویستە).

هەریەك لەم روکنانە کۆمەڵێ مەرجی خۆیان هەیە پێویستە لە هەر زەرورەتێکدا هەبن، کە رێگرە لە بەرپرسیارێتیی جینائی.

مەرجەکانی ناچار (شروط المضطر):

لە گرنگترین ئەو مەرجانەی پێویستە لەو کەسەدا بێنەدی کە رووبەرووی مەترسی دەبێتەوە و پێی دەوترێ ناچار (المضطر)، دوو مەرجەیە:

١- کەسی ناچار لەرووی شەرعەوە مولزەم نەبێ بە بەرگەگرتنی مەترسی یان زیانە گەورەکە، بەوەی ئەرکێکی شەرعی لەسەر شان نەبێ کە پابەندی بکا بە بەرگەگرتنی مەترسی یان زیانە گەورەکە،

---

[1] سورة الإسراء / ٧٠.

بۆ نموونە ئەو کەسەی قیساسی لەسەر واجب بووە دروست نیە بەرەنگاری جێبەجێکردنی لەسەری بکا یان لێی هەڵبێ یان کەس یارمەتی بدات بۆ هەڵاتن لە جێبەجێکردنی سزاکە بە پاساوی ئەوەی لە حاڵەتی زەرورەتدایە، هەروەك موجاهید یان سەرباز بۆیان نیە بەبیانووی ئەوەی گیانی رووبەرووی مەترسی کوشتن یان دیلکران بوومەتەوە لە گۆڕەپانی شەڕ رابکا، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسی ئەم مەرجەی کردوە و ئەفەرموێ: ﴿يَأَيُّهَا الَّذِينَ ءَامَنُواْ إِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُواْ زَحفاً فَلَا تُوَلُّوهُمُ الأَدبَارَ وَمَن يُوَلِّهِم يَومَئِذٍ دُبُرَهُ إِلَّا مُتَحَرِّفاً[1] لِّقِتَالٍ أَو مُتَحَيِّزاً[2] إِلَى فِئَةٍ فَقَد بَآءَ بِغَضَبٍ مِّنَ اللهِ وَمَأوَاهُ جَهَنَّمُ وَبِئسَ المَصِيرُ﴾[3].

٢- ئیرادەی کەسی ناچار دەستی نەبێ لە رووتێکردنی مەترسیەکەدا، ئەوەی بەئەنقەست مەترسی دروست بکا ئەوا گوناهی کردوە و بەناچار دانانرێ، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسی ئەم مەرجەی کردوە و ئەفەرموێ: ﴿فَمَنِ اضطُرَّ فِي مَخمَصَةٍ غَيرَ مُتَجَانِفٍ لِّإِثمٍ فَإِنَّ اللهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾[4].

هەروەها فیقوتانی شەریعەت ناکۆکییان هەیە لەبارەی ئەو کەسەی بەناچاری سەفەرێك دەکات و بەسەفەرەکەی سەرپێچی دەکا وەك ئەوەی لە وڵاتێکەوە بچێ بۆ وڵاتێکیتر، یان لە ناوچەیەکەوە بۆ یەکێکیتر بەمەبەستی ئەنجامدانی کارێکی ناڕەوا کە ئاخۆ ناچارییەکەی عوزرە یان نا، هەندێکیان جیاوازییان نەکردوە لەنێوان سەرپێچیکار بەسەفەرەکەی و هیتردا نەکردوە لە سوودبینین لە عوزری ئەو زەرورەتەی لە رێگەدا رووبەرووی دەبێتەوە وەك حەنەفی[5]، هەندێکیشیان زەرورەتی سەرپێچیکاریان بە عوزرێکی رێگر لە بەرپرسیارێتی حسێب نەکردوە وەك مالیکی[6] و زاهیری[7].

---

[1] واتە شکان لە شەرەکەدا پیشان بدا، بەفێڵ وا پیشان بدات هەڵاتووە (الفر) بەڵام ئەو مەبەستی پەلامارداننەوە (الكر) بێ.

[2] واتە چوویتە پاڵ دەستەیەك (گرووپێك) لە موسڵمانان و هانایان بۆ ببات.

[3] سورة الأنفال / ١٥-١٦.

[4] سورة المائدة / ٣.

[5] شرح فتح القدير: ٣٥١/٢ و پاشتر.

[6] شرح الخرشي: ٥٧/٢، مالیکی لەم مەسەلەیەدا دوو رایان هەیە یەکێکیان هاورایە لەگەڵ حەنەفی.

[7] لە: المحلى: ٣٣٦/٨دا هاتووە: (ئەوەی لە رێگەی سەرپێچیدا بێ وەك سەفەرێك حەڵاڵ نەبێ، یان شەرێك حەڵاڵ نەبێ و هیچی دەست نەکەوت بیخوات جگە لە مردار یان خوێن یان گۆشتی بەراز و ئاژەڵی درندە یان شتێ حەرام کراوە، بۆی نیە بیخوا تا تۆبە نەکات).

مەرجەکانی مەترسی:

مەترسی (یان زیانی گەورە) روکنێکی بنچینەییە لە بەرپابوونی حاڵەتی زەرورەتدا و پێویستە ئەم دوو مەرجەی خوارەوەی تێدا بێ:

١- ئەوەیە گەورە بێ، پێویستبوونی ئەم مەرجەیش بەڵگەنەویستە لەو رووەوە لەفزی زەرورەت ئاماژەی بۆ دەکا، لەبەرئەوەی بەبێ ئەم مەرجە بەدینایەت، قورئانیش باسی کردوە کە ﴿فَمَنِ اضْطُرَّ﴾ واتە ئەوەی زەرورەت ناچاری کرد، وشەی (الضرورة) سیغەی موبالەغەیە واتە زیانی کاریگەر کە دەبێتە مایەی تەلەفکردن یان لەناوچوون، پێوەریش ئەوەیە کەسی ناچار ناچارەکە ئەو باوەڕەی لەلا دروست دەبێ و باوەڕەکەیشی لەسەر هۆی ماقووڵ دامەزرابێ.

٢- ئەوەیە مەترسیەکە دەستەویەخە بێ، واتە بۆ ئەوەی قەدەغەکراوەکان بۆ ناچار موباح ببن مەرجە ئەو مەترسیەی هەڕەشەی لێدەکا مەترسیەکی دەستەویەخە بێ، ئەو کەسەی لەبەر مەترسیەکی نادەستەویەخە کارێکی حەرام بکا لە روانگەی باوەڕێکەوە کە لەسەر هۆگەلی ماقووڵ دانەمەزرابێ، بەڵکو لەسەر وەهم یان گومان دامەزرابێ، بکەرەکە بە باغی دادەنرێ، خوای گەورە ئەفەرموێ ﴿فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ﴾، کەواتە مەترسیی ئاینده بە زەرورەتێك دانانرێ کە رێگر بێ لە بەرپرسیارێتیی جینائی، لەبەرئەوەی دەکرێ مەترسیەکە روونەدات و دەکرێ روونەدات، ناشکرێ ئەحکام لەسەر ئەگەر و نەگەر بنیات بنرێ.

مەرجەکانی بابەتی مەترسییەکە:

مەرجە بابەتی مەترسیەکە کە هەڕەشەکە رووی تێدەکا پەیوەندی پێیەوە هەیە، یەکێك لە بەرژەوەندییە زەرورەکان بێ کە بریتین لە (ئاین و ئەقڵ و ژیان و ماڵ و ناموس)، لەبەرئەوەی ئەم بەرژەوەندییە بۆ هەموو تاك و کۆمەڵگە و ئوممەتێك لە دڵنیشتوانی سەرزەوی زەرورن، کە ئامانجە سەرەکیەکانی شەریعەتی ئیسلامن، ئەو عیبادەتانەی خراونەتە سەر شانی مرۆڤ و ئەو سزایانەی بۆ تاوانەکان دانراون هەرهەموویان ئامرازی خۆپارێزین بۆ پارلستنی ئەو بەرژەوەندییانە.

مەرجەکانی ئەو کردەوەیەی مەترسی پێ دوور دەخرێتەوە:

بۆ بەهەندوەگرتنی ئەو کردەوەیەی بۆ دوورخستنەوەی مەترسی بەکار دێ، بوونی ئەم دوو مەرجەی خوارەوە پێویستە:

١- ئەو كردەوەیە بۆ لادانی مەترسیەكە پێویست بێ بەشێوەیەك نەكرێ بە ئامرازێكی لەوە سووكتر لابدرێ، بەكارهێنانی ئەم كردەوەیە بەلای فیقولانەوە نەك هەر مافە، بگرە واجبە، ئەگەر كابرای ناچار بە مەترسیەكە مرد بەبێ ئەوەی شتێك بكا بۆ خۆ رزگاركردن ئەوا گوناهبارە و لەرووی ئاینیەوە بەرپرسیار دەبێ با لەرووی قەزاییشەوە لێی نەپرسرێتەوە، خوا ئەفەرموێ: ﴿وَلاَ تَقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ إِنَّ اللّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيماً﴾[1].

٢- لەگەڵ مەترسیەكەدا گونجاو بێ بەوەی كەسی ناچار بە دوورخستنەوەی لای خواری ئازارەكە واز بێنێ، واتە هێندە لە كردەوە حەرامەكە بكا كە لە فەوتان یان لەناوچوون بپارێزێ.

ئەگەر ناچار یان ئەو كەسەی هاوكاری لەگەڵ دەكا زیادەڕەوی لە دوورخستنەوە مەترسیەكە كرد، ئەوا كردەوەكەی لە سنووری ئەوەی زیادەڕۆیی تێدا كردوە لەوە دەردەچێ عوزری زەرورەت بیگرێتەوە، خوای گەورە باسی ئەم مەرجەی كردوە كاتێ ئەفەرموێ: ﴿فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلاَ عَادٍ﴾[2]. ئەوەی سنووری پێویست تێبپەڕێنێ بە دەستدرێژكار دادەنرێ.

بناغەی نەمانی بەرپرسیارێتی لە حاڵەتی زەرورەتدا:

وەك لە جێی خۆیدا باس دەكرێ، فیقولانی یاسا لە دیاریكردنی ئەم بناغەیەدا رای جیاوازیان هەیە، بەڵام فیقولانی شەریعەت كۆكن لەسەر ئەوەی بناغەكە بریتییە لە لادانی زیان بەگوێرەی دەق و رێسا شەرعییە پەیوەندارەكان بە زەرورەتەوە. لە پێشەوە هەندێ نموونەمان لێ باس كرد وەك رێساكانی {لا ضرر ولا ضرار} و {الضرر يزال}.

رادەی كاریگەریی زەرورەت لە بەرپرسیارێتیی جینائیدا:

پێشتر روونمان كردەوە كە فیقولانی شەریعەت تاوانیان بۆ سێ بەش دابەش كردوە: تاوانەكانی حدود + قیساس و خوێنبایی + تەعزیر. جا وەك چۆن كاریگەریی زۆرلێكردن سەبارەت بەم بەشانە جیاوازە، بەهەمان شێوە كاریگەریی زەرورەتیش جیاوازە، وەك لەم روونكردنەوەی خوارەوەدا:

---

[1] سورة النساء / ٢٩.

[2] سورة النحل / ١١٥.

یەکەم: کاریگەریی زەرورەت لە تاوانەکانی حدود و تەعزیردا:

ناکۆکی لەنێو فیقوناکانی شەریعەتی ئیسلامیدا[1] نیە کە زەرورەت ئەگەر روکن و مەرجەکانی پەیدا بوون ڕێگر دەبێ لە بەرپرسیاریتیی جینائی لە تاوانەکانی[2] حدود و تاوانەکانی تەعزیردا و نە لەرووی جینائی و نە قەزائی و نە ئاینیەوە بەرپرسیار نابێ، لەبەرئەوەی حەدد و تەعزیرەکان بۆ پاریزگاریکردن لە بەرژەوەندییە زەروریەکان (ئاین و ژیان و ناموس و ماڵ و ئەقڵ) دانراون، جا ئەگەر یەکێك لەوانە رووچاری مەترسیەکی دەستەویەخە بوویەوە کە رزگاربوون لەو مەترسییە لەسەر ئەنجامدانی تاوانێکی زیان کەمتر لەو مەترسییە دەوەستا، بۆی جائیزە لە روانگەی لادانی ئەو زیانەی کە شەرع فەرمانی پێ کردوە بەئەنجامدانی ئەو کردەوە جورمییە مەترسیەکە لە خۆی دوور بخاتەوە، بەڵکو ناکۆکیەکە سەبارەت بە حوکمی دوورخستنەوەی ئەو مەترسییە دەستەویەخەیە بەئەنجامدانی کردەوە حەرامەکە کە ئاخۆ ڕێپێدراو (موباح)ە، واتە مافێکە لە مافەکانی ناچار کە ئەگەر ویستی بەکاری بێنێ و ئەگەر نەیویست فەرامۆشی بکا، یان واجبە لەسەری لەبەرئەوەی ژیانی مولکی خۆی نیە، بەڵکو لەگەڵ کۆمەڵگەدا تێیدا هاوبەشە، یان جیاوازیکردنی تێدایە لەنێوان مافی خوا (مافی گشتی) و مافە بەندە (مافی تایبەت)دا؟ لەم بارەیەوە سێ را هەیە:

رای یەکەم[3]: حوکمی دوورخستنەوە مەترسیی زەرورەت کارێکی ڕێپێدراوە و تێیدا ئازادی بە ناچار دراوە و مەترسیەکە بە شتێکی کەم مەترسیتر دوور بخاتەوە، هەروەك بۆی هەیە بەرگەی ئەنجامەکانی زەرورەت و مەترسیەکە بگرێ کە دووچاری دەبێ لە مردن یان تووشبوون بە نەخۆشیەکی هەمیشەیی یان شتی لەوجۆرە، لایەنگرانی ئەم رایە پشت بە چەند بەڵگەیەك دەبەستن لەوانە:

---

[1] بۆ درێژەی ئەم بابەتە بڕوانە: كشف الإسرار من أصول الحنفية: ٤/١٥١٨ و پاشتر. فتح القدير: ٤/٢٨٨ و پاشتر. المحلى: ١/١٧٦ و پاشتر. شرح الخرشي: ٣/٣٣٦ و پاشتر. المغني: ٨/٥٩٦ و پاشتر.

[2] دیارە تەسەوری رووبدانی حاڵەتی زەرورەتی دەستەویەخە ناکرێ کە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێ بۆ ئەنجامدانی تاوانی قەزف و هەڵگەڕانەوە و بەغی و حیرابە، بەڵکو ئەوە بەنیسبەت تاوانەکانی دزی و بەکارهێنانی مەستیبەخش و هۆشبەرەکان و زینا تەسەور دەکرێ.

[3] رای هەندێ لە فیقوناکانی حەنبەلییە (المغني – لابن قدامة: ٨/٥٩٥). هەروەها: ئەبو یوسف لە حەنەفی (المبسوط: ٢٤/٤٨) و (وجه) لە زەیدی (البحر الزخار: ٢/٣٥١ و پاشتر).

أ– ئەوەی خوا ئەفەرموێ: ﴿وَقَدْ فَصَّلَ لَكُم مَّا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ إِلاَّ مَا اضْطُرِرْتُمْ إِلَيْهِ﴾[1]، حوکمی هەڵاوێرلو (المستثنى) له لێ هەڵاویرلو (المستثنى منه)ی حەرام ئیباحەیە، لەبەرئەوەی هەڵاوێرلن حوکمی دژ بە لێ هەڵاوێرلو بۆ هەڵاویرلو جێگیر دەکا.

دەکرێ ئەم بەڵگەیە گەنگەشە بکرێ بەوەی موباح لە چوارچێوەی ولجبیشدا بەدیدێ، هەروەها بەوەی دژە حوکمی لێ هەڵاوێرلو وەك چۆن دەکرێ رێپێدان بێ، دەشێ فەرز یان مەندوبیش بێ.

ب– ئەوەی خوا ئەفەرموێ: ﴿فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلاَ عَادٍ فَإِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾[2]، ئاماژەی ئەم ئایەتە ئەوەیە کە کۆتاهێنان بە ﴿فَإِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ ئەو هەستە دروست دەکا کە کەسی ناچارو ئەنجامدەری کردەوە حەرامەکە بەمەبەستی دوورخستنەوەی مەترسییە دەستەویەخەکە گوناهبارە، لەبەرئەوەی لێخۆشبوون لەو جێیەدا دەبێ کە گوناه هەیە، لەم روانگەیەوە ئەگەر ناچار ئامادە نەبوو مەترسییەکە دوور بخاتەوە گوناهبار نابێ، بەوەیش دوورخستنەوەی ولجب نابێ.

ئەم بۆچوونە بەوە وەڵام دەدرێتەوە، کە ناچار (المضطر) گوناهبار نابێ ئەگەر بەگوێرەی ئەو مەرجانەی بۆ زەرورەتی رێگر لە بەرپرسیارێتیی جینائی ناچاریەکەی برەوێنێتەوە، بەبەڵگەی ئەوەی لە ئایەتێکیتردا ئەو گوناهبارییە رەت کراوەتەوە وەك ئەفەرموێ: فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلاَ عَادٍ فَلا إِثْمَ عَلَيْهِ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾[3]. کەواتە لێخۆشبوون و رەحمەتەکە لەبەر گوناهەکە نییە بەڵکو لەبەر مۆڵەتپێدانەکەیە بە دوورخستنەوەی زیانەکە بەئەندازەی پێویست.

ج– زەرورەت کردە حەرامەکە لە سیفەتی حەرامیەکەی داناماڵێ، بەڵام رێگە دراوە مەترسی پێ دوور بخرێتەوە لە روانگەی رێسای {إذا تعارضت مفسدتان أو مضرتان يختار الأخف ضرراً لدفع الأشد}، لەم روانگەوە ئەگەر ناچار ئامادە نەبوو مەترسییەکە دوور بخاتەوە، گوناهبار نابێ.

<u>**رای دووەم**</u>[4] حوکمی دوورخستنەوەی مەترسیی زەرورەت بریتییە لە ولجببوون و پێویستە ناچار بەوەی کەم مەترسیترە دووری بخاتەوە، ئەگەر وای نەکرد لەبەردەم خودا گوناهبارە، واتە لەرووی ئاینیەوە لێی دەپرسرێتەوە. خاوەنانی ئەم رایە پشتیان بە چەند بەڵگەیەك بەستووە، لەوانە:

---

[1] سورة الأنعام / ١١٩.

[2] سورة النحل / ١١٥.

[3] سورة البقرة / ١٧٣.

[4] ئەوەیە فیقوزانانی مالیکی (حاشیة الدسوقي: ٢/١١٥)، ئیمامی (من لا يحضره الفقيه ص٢٩٩و٤٠٠)، زاهیری (المحلى: ١١/٣٤٣) و یەکێك لە دوو ریوایەتەکەی حەنبەلیەکان (المغني: ٨/٥٩٦)، پەسەندیان کردوە.

أ– وازهێنان لە لادانی مەترسیەك کە ژیانی ناچار ڕوویەڕووی مەترسیی مردن، یان تووشبوونی بە نەخۆشیەکی هەمیشەیی دەکاتەوە، بە کارێکی خۆکوژانە دادەنرێ کە قورئانی پیرۆز لە چەندین ئایەتدا نای لێ کردوە و ئەفەرموێ: ﴿وَلا تَقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ﴾[1]. ئەوەی مەترسی لە خۆی لانادا وا دادەنرێ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ خۆی کوشتوە، هەروەها ئەفەرموێ: ﴿وَلا تُلْقُواْ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ﴾[2].

تێبینی دەکرێ ئەم بەڵگەیە لە شێوەی بەڵگەهێنانەوەیە لەسەر سەلماندنی گشتیتر بەوەی تایبەتترە، چونکە دەعولکە گشتی و بەڵگەکە تایبەتە، ئەمەیش لەگەڵ ڕێساکانی زانستی مەنتیقدا لێك دەدا لەبەرئەوەی ئەو مەترسیەی لە زەرورەت دەکەوێتەوە هەمیشە هەڕەشە لە ژیان ناکا، بەڵکو لەوانەیە هەڕەشە لە ئاین یان ناموس یان ماڵ یان ئەقڵ بکا، لەبەرئەوەی ئەو بەرژەوەندییە زەرورییەی پێویستە پارێزگاری لێ بکرێ هەمیشە بریتی نیە لە ژیان.

ب– قیاسکردنی حاڵەتی زەرورەت لەسەر حاڵەتی هەڵبژاردن (ئیختیار)، وەك چۆن پێویستە مرۆڤ پارێزگاری لە ژیانی بکا بەبەکارهێنانی ئەو شتانەی بۆ بەردەوامبوونی زەرورن، بەهەمان شێوە پێویستە هەرکات دووچاری مەترسی لەناچوون بوویەوە بەرگری لێبکا.

وەڵامی ئەم بەڵگەیەیش هەر ئەوەیە لەسەر بەڵگەی ڕابردوو گوتمان کە بەڵگەهێنانەوەیە لەسەر سەلماندنی گشتیتر بەوەی تایبەتترە، ئەمەیش لەگەڵ ڕێساکانی زانستی مەنتیقدا لێك دەدا.

ڕای سێیەم[3]: وردکردنەوەیە، بە جیاوازیکردن لەنێوان ئەوەی تاوانە کراوەکە بۆ دوورخستنەوەی مەترسی، دەستدرێژی بووە بۆ سەر مافەکانی خوا (مافە گشتیەکان)، یان مافەکانی بەندە (مافە تایبەتەکان).

لە مافە تایبەتەکاندا گوتویانە ئەو کردەوە حەرامەی مەترسیەکەی پێ دوور دەخرێتەوە دەبێتە موباح، بەڵام زەمانی دەکەوێتە سەر، لەبەرئەوەی زیانگەیاندن بە مافی بەندەکان با لە حاڵەتی ناچاریشدا بێ، ستەمە لەبەرئەوە زیانیان پێ دەگەیەنێ، گتکردن (الامتناع) لە ستەم و زیانگەیاندن بە کەسیتر

---

[1] سورة النساء / ٢٩.

[2] سورة البقرة / ١٩٥.

[3] ئەوە ڕای حەنەفیەتە جگە لە ئەبو یوسف. لە: التحرير – كمال الدين محمد بن عبد الواحد وشرحه تيسير التحرير – العلامة محمد أمين: ٢/٢٣٢دا هاتووە: (لێرەدا واجبە ئارەق بخورێتەوە و بەراز بخورێ بۆ ڕزگرتن لە فەوتان)، ئەوە ڕوونەکە ئارەق خواردنەوە لە تاوانە حەددیەکان و خواردنی بەراز لە تاوانەکانی تەعزیرە لە بارودۆخی ئاساییدا، هەردوو تاوانەکەیش لە تاوانەکانی دەستدرێژیکردنە سەر مافی خودان.

عەزیمەتە بەپێچەوانەی مافەکانی خوا، کە لە لێپرسینەوە لە دەستدرێژیکردنە سەریان جۆرە نەرمیەك هەیە کە لە دەستدرێژیکردنە سەر مافە تایبەتەکاندا نیە، لەسەر ئەم جیاوازییە فیقولنانی شەریعەت لە قبولکردنی تەوبەدا بۆ ئەو کەسەی دەستدرێژی کردۆتە سەر مافە تایبەتەکان نەك مافە گشتیەکان، گێڕانەوەی ستەمەکانیان کردۆتە مەرج.

دووەم: کاریگەریی زەرورەت لە تاوانەکانی گیاندا:

لە شەریعەتی ئیسلامیدا کاریگەریی زەرورەت لە تاوانەکانی کوشتن و بریندارکردن و لێداندا لە کاریگەری لە باقیی تاوانەکانیتر جیاوازە، ئەویش بەپێچەوانەی یاسا سزاییە وەزعیەکان کە جیاوازی لەنێوان تاوانەکانی گیان و ماڵدا ناکەن، لە یاسادا ئەو کەسەی هەوڵی ڕزگاربوون لە ئاگرێك بدات و بەبێ وریایی غار بدات و ببێتە هۆی پێکان یان مردنی کەسێك، لەسەر مردن و پێکانەکە پرسوجۆ ناکرێ[1].

بەپێچەوانەی ئەم ئاراستە یاساییە شەریعەتی ئیسلامی بەیەك چاو تەماشای گیانەکان دەکات و گیانەکان لەبەردەم حوکمیدا یەکسانن لە هەموو هەلومەرج و دۆخە ئاسایی و نائاساییەکاندا، لەبەرئەوە زەرورەت بە عوزرێکی ڕێگر لە بەرپرسیارێتیی جینائی لە تاوانەکانی گیان (تاوانەکانی قیساس و خوێنبایی) دانانێ.

کەسی ناچار بۆی نیە لە هیچ هەلومەرجێکدا کەسیتر بکوژێ یان زامداری بکا لەپێناو ڕزگارکردنی خۆی لە فەوتان یان دوورخستنەوەی مەترسی لەسەر سەلامەتی، هەروەك ناچار بۆی نیە خۆراکی ناچارێکیتر بخوات بۆ ئەوەی لەسەر حسابی ئەو ناچارە خۆی ڕزگار بکا، ئەویش لەبەر گشتیبوونی ئەوەی خوا کە ئەفەرموێ: ﴿وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِناً مُّتَعَمِّداً فَجَزَآؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِداً فِيهَا وَغَضِبَ اللهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَاباً عَظِيماً﴾[2].

گشتیبوونی ئەم دەقە بە بەڵگەیەك تایبەت نەکراوە کە کەسی ناچار لەوە دەربکا سزا بڕیاردراوەکە بیگرێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر سەرنشینانی کەشتیەك بەهۆی قورسیی بارەکەیەوە ڕووبەڕووی مەترسیی نوقمبوون بوویەوە، نابێ کەسێك یان زیاتریان فڕێ بدرێنە ناو ئاوەکە بەمەبەستی سووککردنی بارەکەی، لەبەرئەوەی کەسیان لەوانیتر باشتر نیە تا یەکێکیان پێش ئەویان بخرێ، خوا ئەفەرموێ:

---

[1] محمود محمود مصطفى – شرح قانون العقوبات / القسم العام: ص٥٠٣.

[2] سورة النساء / ٩٣.

﴿يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوباً وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾[1]. هەروەها پێغەمبەر(د.خ) لە وتاری حەجی ماڵئاواییدا جەختی لەم یەکسانییە مرۆییە کردەوە کاتێ فەرمووی: ((كلكم من آدمَ وآدم من تُراب)).

یەکێك لە پیادەکردنەکانی ڕێسا شەرعییە گشتییەکان ئەوەیە لە جیاوازیی دووسەد و پێنجەمینی کتێبی: جیاوازییەکان (الفروق)ی قەرافیدا[2] هاتووە لەنێوان ڕێسای ئەوەی بە فڕێدان لە کەشتی زامنی هەیە، لەگەڵ ڕێسای ئەوەی زامن ناکا (ئەگەر کەشتییەکە لە ئادەمییان زیاتری تێدا نەبوو، دروست نییە بەمەبەستی ڕزگارکردنی باقیەکەیان یەکێکیان فڕێ بدرێ، با زیمیش بێ).

هەروەها لە پیادەکردنە فیقهییەکان ئەوەیە لە (حاشیە)ی ئەلدەسوقیدا هاتووە کە (فڕێدان لە کەشتی دروستە کاتێ ترس لە نوقمبوونی هەبێ و فڕێدانەکە تەنیا ماڵی بازرگان بگرێتەوە. بەهیچ شێوەیەك نابێ مرۆڤ فڕێ بدرێ جا چ نێر بێ یان مێ، چ ئازاد بێ یان بەندە چ موسڵمان بێ یان کافر، ئەویش لەبەرئەوەی کۆدەنگی هەیە کە دروست نیە ئادەمیزادێك بکوژرێ بۆ ڕزگارکردنی کەسانیتر)[3].

لەوەی باسمان کرد بەو ئەنجامە دەگەین کە لە شەریعەتی ئیسلامیدا زەروورەت بە عوزرێك نازمێردرێ کە ڕێگر بێت لە بەرپرسیاریتیی جینائی سەبارەت بە تاوانی کەسەکان (تاوانەکانی دەستدرێژیکردنە سەر گیان و خوار گیان) ، بەڵام دەکرێ بە عوزرێکی سووکێن دابنرێ و ببێتە ڕێگر لە قیساس، بەڵام ڕێگر نابێ لە لێپرسینەوەی بابای ناچار لە خوێنبایی و سزای تەعزیری لەبەرئەوەی مانەوە سەلامەتیی خۆی داوە بەسەر مانەوە و سەلامەتیی قوربانییەکەدا.

هەرچی ئەوەیە کە لەسەرچاوەی فیقهییەکاندا هاتووە کە ئەو کەسەی پێی بۆ ئاو یان خواردن بگیرێ، دەبێ داوایان بکات لە خاوەنەکەیان، ئەگەر نەیدا ئەو کەسە بۆی هەیە لەسەریان شەڕی لەگەڵ بکا ئەگەر کەسیتری دەست نەدەکەوت، ئەم بۆچوونە لەسەر ئەو بناغەیە دانەنراوە کە ناچاربوون لەم حاڵەتەدا عوزرێکی مەشروع و ڕێگرە لە بەرپرسیاریتیی جینائی لە تاوانەکانی گیاندا، بەڵکو دەچێتە خانەی سزادانی یاخییەك کە لە ڕێساکانی شەریعەتی ئیسلامی یاخی بووە کە فەرمان بە هاوکاریکردن لەسەر چاکە و تەقوا دەکەن و سزادانی ئەگەر ملی بەوە نەدا، لەوانە خوا ئەفەرموێ: ﴿أَرَءَيْتَ الَّذِي

---

[1] سورة الحجرات / ١٣.

[2] ٩/٤ تێیدا هاتووە: (لەبەر شەرەفی نەفس، بە دەرکردنی کەلوپەل دەست پێدەکرێ پاشان ماڵات).

[3] حاشية الدسوقي على الشرح الكبير – سەرچاوەی پێشوو: ٢٧/٤.

يُكَذِّبُ بالدِّين، فَذَلكَ الَّذي يَدُعُّ اليَتيمَ، ولاَ يَحُضُّ عَلى طَعَامِ المِسكين، فَويلٌ للمُصَلِّين، الَّذينَ هُم عَن صَلاتِهِم سَاهُونَ، الَّذينَ هُم يُرَاءُون، ويَمنَعُونَ المَاعُونَ﴾[1]. ماعون هەموو شتێكە سوودی لێ وەربگیرێ. مەبەست ئەوەیە ئەو كەسەی شتێكی لەلایە سوودی لێ وەردەگیرێ و لە پێویستیی خۆی زیادە و كەسانیتر پێویستیان پێیەتی بەتایبەت ئەگەر ئەو كەسیترە پێگیرلو بێ، ئەویش گت بكات و نەیدلتێ، ئەو كەسە شایانی وەیلە، وەیلیش لەناوچوونە و نزای لە كەسێ پێ دەكرێ كە كەوتۆتە قۆرتێكەوە شایستەیەتی.

هەروەها لەولنە خوا ئەفەرموێ: ﴿وَتَعَاوَنُواْ عَلَى البِرِّ والتَّقوى ولَا تَعَاوَنُواْ عَلَى الإثمِ والعدوَانِ واتَّقُواْ اللهَ إنَّ اللهَ شَديدُ العِقَاب﴾[2]. سەدلن ئایەت لە قورئانی پیرۆزدا هەن كە فەرمان بە: هاوكاریكردن دەكەن بۆ پڕكردنەوەی پێدولیستیی خەڵكانیتر، بە دەستباری یەكتر لە لادلنی ئازار و لە دەستەبەری ئابووریدا، ئەو كەسەی ماڵێكی زیادەی هەبێ و لە پێویستی خۆی زیاتر بێ، پێویستە بیدلتە ئەوەی پێویستی پێیەتی[3].

دروستیی دەستدرێژیكردنە سەر گیانی ئەو كەسەی خواردن یان ئاوێكی زیاد لە پێویستیی خۆی هەیە و نایدات بەو كەسەی دلوای دەكا و پێ گیرلوە، لەبەر دۆخی زەرورەت نیە، بەڵكو لەبەر یاخیبوونی ملنەدەر و دەرچوونیەتی لەو رێسا شەرعیانەی فەرمان بە پێشكەشكردنی یارمەتی دەكەن بەو كەسانەی پێویستیانە.

زەرورەت و زۆرلێكردن:

ئەم دوو بەریەستە لە هەندێ رووەوە لێكدەچن و لە هەندێ رووەوە جیاوازن:

أ- لەمانەدا لێكدەچن:

١- هەردووكیان عوزری شەرعیی رێگرن لە بەرپرسیارێتیی جینائی ئەگەر روكن و مەرجەكانی هەبوون.

٢- هەردووكیان لە بەریەستە دەرەكیەكانن، نەك لە بەریەستە خودیەكان وەك شێتی و چكۆلەیی.

---

[1] سورة الماعون / ١-٧.

[2] سورة المائدة / ٢.

[3] بڕولنە: نظرية الضرورة في الفقه الجنائي الإسلامي والقانون الجنائي الوضعي - للدكتور يوسف قاسم مطبعة جامعة القاهرة: ص٢٨٧ و پاشتر.

٣- هەردووکیان کاریگەرییان تەنیا لەسەر ئیرادەیە، نەك ئیدراك و لە عەیبەکانی ئیرادەن.

ب- لەمانەیشدا جیاوازن:

١- لەرووی سەرچاوەوە، سەرچاوەی زۆرلێکردن لە فیقهی ئیسلامیدا -جیاواز لە یاسا- مرۆڤی خاوەن ئیدراکی تەواو و ئیرادەی ئازادە، لەکاتێکدا سەرچاوەی زەرورەت هێزی بێئامان، یان ئاژەڵە یان مرۆڤێکی نەشیاوە وەك شێت.

٢- لەرووی کارە جورمیەکەوە کە مەترسیی زۆرلێکردن و زەرورەتی پێ دوور دەخرێتەوە. لە زۆرلێکردندا دیاریکراوە چونکە هەر ئەوەیە کە زۆرلێکراو دەیەوێ بەپێچەوانەی زەرورەت، کەسی ناچار پێشوەخت لەلای دیار نیە کە پێویستە چ (تاوانێ) ئەنجام بدات تا مەترسیی زەرورەت دوور بخاتەوە.

٣- لەرووی رەگەزەکانەوە، روکن و مەرجی هەریەکەیان لە هەندێکیاندا جیاوازە وەك لەوەی پێشتر سەبارەت بەو رەگەزانە باسمان کرد بەروونی دیارە.

کاریگەریی زەرورەت لە بەرپرسیارێتیی مەدەنیدا:

پێشتر لە پێشەکیی ئەم کتێبەدا گرنگترین جیاوازیەکانی نێوان هەردوو بەرپرسیارێتیی جینائی و مەدەنیمان روون کردەوە، لەو جیاوازییانە جیاوازییە لە پاداشتدا (الجزاء)، پاداشتیش لە بەرپرسیارێتیی جینائیدا سزایە، لە بەرپرسیارێتیی مەدەنیدا قەرەبووە، مەبەستیش لە سزا سڵەماندنەوە و زەجر و چاکسازییە، لەکاتێکدا مەبەست لە قەرەبووکردنەوەدا مەبەست پڕکردنەوە و نەهێشتنی زیانە ماڵییەکە و گێڕانەوەی دۆخەکەیە بۆ باری رابردووی خۆی، ئەویش بە بڕاردنی قەرەبووی ماڵە فەوتاوەکە بەهاوچەشنەکەی ئەگەر هاوچەشن (مثلي) بوو، بە نرخەکەیشی ئەگەر بەهایی (قيمي) بوو.

بەرپرسیارێتیی مەدەنی یان ئەوەتا عەقدییە، کە لە تێکدانی پابەندیەکی گرێبەندلە پەیدا دەبێ، یان کەمتەرخەمییە کە لە تێکدانی ولجبێکی شەرعی (یان یاسایی) پەیدا دەبێ، هەردوو بەرپرسیارێتیەکەیش (کەمتەرخەمی و عەقدی) لەوانەیە زەرورەت کاریان تێ بکات، لەبەرئەوە لەرووی رادەی کارتێکران بە زەرورەت ولچاکە هەریەکەیان بەجیا لەویتر دیراسە بکرێ، لەو رووەیشەوە پیادەکردنەکانی کەمتەرخەمییەکە زیاترە، لێکۆڵینەوەی پێش دەخەم:

یەکەم: رادەی کارتێکرانی بەرپرسیارێتیی مەدەنیی کەمتەرخەمی بە زەرورەت:

بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمی لە فیقهی غەربی و ئەو یاسایانەی لەژێر کاریگەریدان وەك یاسای میسری، لەسەر سێ رەگەز دەوەستێ کە بریتین لە: هەڵە + زیان + پەیوەندیی هۆیی لەنێوان هەڵە و زیانەکە. لە فیقهی ئیسلامی و ئەو یاسایانەیش لەژێر کاریگەریدان وەك یاسای مەدەنیی عێراقی، لەسەر سێ رەگەز دەوەستێ کە بریتین لە کارە نامەشروعەکە (دەستدرێژی) + زیان + پەیوەندیی هۆیی.

لە فیقهی ئیسلامیدا رەگەزی هەڵە لەڕووی رەگەزە مەعنەویەکەیەوە[1] ئیعتیباری بۆ دانانرێ، ئەویش لەبەر بەدیهاتنی بەپرسیارێتیی کەمتەرخەمی، کە ئەوە بۆ بێ ئەهلیەتیش جێگیر دەکرێ وەك کە بۆ ئەهلیەت تەواو یان ناتەواو جێگیر دەکرێ، بەپێچەوانەی ئەوەی لە فیقهی غەربیدا هەیە، لەبەرئەوەی هەڵە کە یەکێکە لە رەگەزەکانی بەپرسیارێتیی کەمتەرخەمی پێویست بە ئیدراکی تەواو دەکا، لەبەرئەوەی بریتییە لە تێکدانی ئەرکێکی یاسایی لەبارێکدا تێکدەر (المخل) بەوە بزانێ. فیقوانانی شەریعەت لەبارەی کارتێکران یان نەکرانی بەپرسیارێتیی کەمتەرخەمی بە زەرورەت جۆر (کۆك) نین، بەڵکو لەنێوان ئیقرارکردن و نەکردنیدا چەند رایەکیان هەیە، کە گرنگترینیان چوارن:

<u>رای یەکەم:</u> پێی وایە زەرورەت نابێتە رێگر لە بەرپرسیارێتیی مەدەنیی کەمتەرخەمی، بگرە پێویستە لەسەر ناچار ئەوەی لەژێر فشاری زەرورەتدا بەلەناوبردن یان بەکاربردن دەیفەوتێنێ قەرەبووی بکاتەوە، ئەوەیش رای جمهوری فیقوانانی شەریعەتە لەناویاندا شافیعی[2] و حەنبەلی[3] و

---

[1] ئەوە روونە هەڵە لە فیقهی غەربیدا لە دوو رەگەز پێکدێت ماددی کە تێکدانی ئەرکێکی یاساییە + مەعنەوی کە دەرککردنی تێکدەرە بەو کارەی دەیکا.

[2] لە: المنهاج وحاشية قليوبي: ٢٦٢/٤دا هاتووە: (ئەگەر ناچار خواردنی کەسێکی غائیبی دەست کەوت لێی دەخوات و پاشتر نرخی ئەوەی لێ وەردەگیرێتەوە کە خواردویەتی، هەروەها ئەگەر ناچار خواردنی کەسێکی حازری پێنەگیراوی دەست کەوت و هیچیتری دەست نەکەت لە گۆشتی مردار و هیتر، پێویستە خاوەنەکەی خواردن بداتە ئەو ناچارە پێگیراوە،.. بەڵام ئەم خواردن پێدانەی لەبەرانبەر هەقبایەکی خێرا یان دواخراودا لەسەر پێویستە). هەمان ناوەرۆك لە تحفة المحتاج: ٣٩٢/٩یشدا هاتووە. وإنما يلزمه إطعام بعوضٍ ناجزٍ وإلا فبنسيئة).

[3] لە: قواعد ابن رجب: ص٣٧ دا ئەم رێسایە هاتووە: (ئەوەی شتێك بفەوتێنێ بۆ دوورخستنەوەی ئازاری ئەو شتە لە خۆی زەمانکردنی لەسەر نیە، بەڵام ئەگەر بۆ دوورخستنی ئازاری شتەکە بەو شتە بیفەوتێنێ زەمانی لەسەرە، ئەگەر ئاژەڵێك پەلاماری ئادەمیزادێکی دا ئەویش بە کوشتن لەکۆڵ خۆی کردەوە زەمانی لەسەر نیە، بەڵام ئەگەر لە برسێتیدا ئاژەڵی کەسێکیتری کوشت تا خۆی پێ بژێنێ زەمانی لەسەرە).

هەندێ لە ئیمامی[1] و هەندێ لە حەنەفی[2] و هەندێ لە مالیکی[3].

لایەنگرانی ئەم رایە چەند بەڵگەیەکیان هێناوەتەوە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- زەرورەت هۆیەك نیە لە هۆكانی ڕێپێدان تەنانەت لەو حاڵەتەیشدا کە واجبە برسیی پێگیراو بۆ ڕزگارکردنی ژیانی خۆی خواردنی کەسیتر بەبێ مۆڵەتی خۆی بخوات، چونکە زەرورەت کردەوەی لەخۆیدا نامەشروع لە نامەشروعی دلنامالێ و رەگەزەکانی بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمی هەر باقی دەمێنن. شایانی باسە بە موباحدانانی ئەو شتەی لەخۆیدا قەدەغەیە و لەبەر زەرورەت جائیز دەبێ لە ڕێسای (الضرورات تبیح المحظورات) لە بابی ڕێتێچوونەوەیە، ئەوەی ناونراوە موباح تەنیا روخسەتە و هیچیتر[4].

٢- فەوتاندن یان بەکاربردنی ماڵی کەسیتر بەبێ مۆڵەتی خۆی لە حاڵەتی زەرورەتدا تەنیا مۆڵەتی شەرعدانەری هەیە نەك مۆڵەتی خاوەنەکەی، لەکۆلکەوتنی زەمانیش لە مافی تایبەتدا پێویستی بە بوونی هەردوو مۆڵەتەکە هەیە.

---

[1] لە: الروضة البهية وشرح اللمعة الدمشقية: ٢/٢٩٢دا هاتووە: (خواردنی گۆشتی مردار جائیز نیە، بەڵکو خواردن دەخوات و بۆ خاوەنەکەی دەبژێرێ).

[2] لە: حاشیة ابن عابدین: ٦/١٩٩دا هاتووە: (وەك ئەو کەسەی لە چۆڵەوانیەکدا بێ و هلوەڵەکەی خواردنی لەلا بێ، بۆی هەیە بەزۆر بیبات پاشان دەبیژێرێ و هیچ گوناهی لەسەر نیە).

[3] لە: المنتقى شرح موطأ الامام مالك بن أنس – للقاضي أبي الوليد سليمان بن خلف الباجي: ٣/١٤٠–١٤١دا هاتووە: (ئەگەر ئەوەی ناچاری گۆشتی مرداربوو ماڵی کەسیتری خوارد شێخ ئەبولقاسم دەڵێ لێی دەخوات و دەبیژێرێ لەبەرئەوەی بۆ سوودی خۆی ماڵی کەسیتری لەناوبردوە، بۆیە وەك کەسی پێنەگیراو (غير المضطر) نرخەکەی لەسەرە، لەبەرئەوەی ناچاریەکەی پەیوەندی بە ڕێپێدانی خواردنیەوە هەیە نەك خستنی قەرەبووەکەی).

[4] لە: الفروق – للقرافي: ١/١٩٥دا هاتووە: (جیاوازیی سێ و نووەمین لەنێوان ڕێسای مۆڵەتی گشتی لەلایەن خاوەنی شەرعەوە لە رەفتارەکاندا لەگەڵ ڕێسای مۆڵەتی مرۆڤی خاوەن (المالك) لە رەفتارەکاندا، لەوەدا کە یەکەم نەفی زەمانکردن ناکا –واتە لە مافە تایبەتەکاندا– بەڵام دووەم دەیکا. نهێنیی جیاوازیەکەیش ئەوەیە خوای گەورە چاکەی لەگەڵ بەندەکانی کردوە کە ئەوەی بە مۆڵەت و موڵك و بەخشینی هی ئەوانە بەبێ رەزامەندیی ئەوان خاوەندارێتی تێدا ناگوێزرێتەوە و بەبێ خستنیان گەردنیان تێدا ئازاد نابێ، لەبەرئەوە زەمانکردن لە فەوتانیاندا هەڵناوەشێتەوە بەبێ مۆڵەتی ئەوان بەفەوتاندنی یان مۆڵەتدان بە کردنی وەك ئەمانەت. هەروەها ئەوەیش ساف مافی خودایە بەندەکان ناتوانن بیخەن و گەردنیان لێی ئازاد بێ، بەڵکو ئەوە بۆ خاوەنی شەرع دەگەڕێتەوە، هەردوو مافەکە هی ئەوەیە بە جێگیربوون و خستن دراوەتە پاڵیان.

٣- رێسای (الضرر یزال) پێویستیی قەرەبووكردنەوەی ئەو زیانە دەكا كە ناچار قەومانویتی، ئەوە گشتییە حاڵەتەكانی زەرورەت و حاڵەتە ئاساییەكان دەگرێتەوە.

٤- ناچار لەبەر بەرژەوەندیی خۆی و پارێزگاریكردن لە ژیانی،ماڵی كەسیتر دەفەوتێنێ و بەكار دەبات، بەبێ ئەوەی خاوەنی ئەو ماڵە فەوتاوە هیچ كەمتەرخەمیەكی لە رووداٌنی ئەو زەرورەتەدا هەبێ.

٥- كۆدەنگی لەسەر جیاوازیكردن لەنێوان حاڵەتی زەرورەت و حاڵەتی بەرگریی شەرعیدا، ئەوەی شتێك لەناو ببا تا ئازارەكەی لە خۆی دوور بخاتەوە زەمانەتی ناكا (نایبژێرێ)، بەڵام ئەگەر لەناوی برد تا ئازارەكەی پێ دوور بخاتەوە زەمانی دەكا.

رای دووەم: ئەوەیە زەرورەت رێگرە لە بەرپرسیارێتیی مەدەنیی كەمتەرخەمی، هەروەها رێگرە لە بەرپرسیارێتیی جینائی، ئەمەیش رای فیقولانانی مالیكی[1] و قەولێكی مەرجوحە لە فیقهی ئیمامیدا[2]، ئەمانە پشت بە چەند بەڵگەیەك دەبەستن، گرنگترینیان ئەمانەن:

١- رێگەدانی شەرع بەو فەوتاندنە پێچەوانەی زەمانكردنە، ئەمەیش بەوە وەڵام دەدرێتەوە كە ئەم رێسایە رێسای {الإضطرار لا یبطل حق الغیر} بەرهەڵستی دەكا، رووونكردنەوەی مەبەستیش لە رێسای {الجواز الشرعي ینافي الضمان} رێگەپێدانە ئەسڵییەكەیە كە عەزیمەتە، بەپێچەوانەی رێگەپێدانە شەرعییە نائاساییەكە كە روخسەتە.

٢- ناچار وەك جێبەجێكردنی واجبێك كە شەرع لەسەری فەرز كردووە ماڵەكەی فەوتاندووە یان بەكاربردووە، ئەویش دوورخستنەوەی مەترسیی مردنە لە خۆی بەو كارەی كردویەتی. خوا ئەفەرموێ: ﴿وَلَا تَقْتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمْ﴾[3] خۆ ئەگەر خواردنەكەی نەخواردایە یان ماڵەكەی نەفەوتاندایە بەگوناهباری دەمرد. رێسا شەرعیەكانیش ئەوە رەت دەكەنەوە قەرەبوو لەسەر كەسێ فەرز بكرێ كە واجبی جێبەجێ كردووە با زیانیشی لێ كەوتبێتەوە.

---

[1] في المنتقى، سەرچاوەی پێشوو: ٣/١٤١دا هاتووە: (گوتراوە: ئەوەی بەناچاری كردویەتی زەمانی لەسەر نیە).

[2] في الروضة شرح اللمعة الدمشقیة، سەرچاوەی پێشوو: ٢/٩٢ دا هاتووە: (گوتراوە ئەوكاتە زەمانی خواردنەكە ناكا لەبەرئەوەی شەرع مۆڵەتی داوە بخورێ بەبێ قەرەبوو).

[3] سورة النساء / ٢٩.

ئەم بۆچوونە بەوە وەلام دەدرێتەوە کە جیاوازیەکی روون لەنێوان ئەوەی مرۆڤ ولجیبێك بۆ بەرژەوەندیی شەخسی خۆی جێبەجێ بکا، لەگەڵ ئەوەی ولجیبێك بۆ بەرژەوەندیی گشتی جێبەجێ بکا، کە یەکەمیان قەرەبووکردنەوە هەڵناگرێ بەلام یەکەم نا.

ڕای سێیەم: چووەتەناو وردەکاری، بە جیاوازیکردن لەنێوان ناچارێکی ولرا کە دەتوانێ نرخ یان هاوچەشنی ماڵە فەوتێنرلوەکە پاش فەوتاندنی لەژێر فشاری زەرورەتدا بدات، کە ئەمە زەمانی لەسەرە، لەگەڵ ناچارێکی نەدار کە نیەتی ببەژێرێ، بۆیە هیچی لەسەر نیە.

ئەم بۆچوونە دوو بۆچوونەکەی پێشووی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە و ڕایەکی میانڕەوە و ئیبن حەمی زاهیری[1] یەکێکە لەولنەی ئەم ڕایەی هەیە و قسەکەی بەوە تەعلیل کردوە کە شتێکی کردوە کردنی موباحە. بەلام ئەم تەعلیلە جۆرە دژیەکیەکی تێدایە، چونکە ئەگەر ئەمە بە بەلگە دابنرێ لەسەر زەماننەکردن ئەوا پێویستە لەو حاڵەتەیشدا زامن نەبێ کە دەتوانێ قەرەبوو بکرێتەوە، لەبەرئەوەی شتێکی کردوە کە کردنی موباحە.

ڕای چوارەم: ئەوەیە هەندێ فیقولنی حەنەفی[2] بۆی چوون لە جیاوازیکردن لەنێوان زەرورەتی گشتی و تایبەتدا، ئەگەر ناچار ماڵێکی فەوتاند لەپێناو دوورخستنەوەی مەترسیی زەرورەتێکی گشتی، زامن نابێ، لەبەرئەوەی بەگوێرەی ڕێسای {إذا تعارضت المصلحة العامة والمصلحة الخاصة تقدم الأولى على الثانية} کاری کردوە، کە ڕێسایەکی گشتییە بەسەر حاڵەتەکانی زەرورەت و هیتریشدا دەچەسپێ.

ئێمە **ڕایەکی پێنجەمیش** دەبینین کە باشیەکانی چوار بۆچوونەکەی پێشووی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە، بەم وردکردنەوەیەی خوارەوە:

ئەگەر خاوەنی ماڵە فەوتێنرلوەکە دلوای قەرەبووی کرد، ئەگەر کەسە ناچارەکە دلرا بوو و فەوتاندنەکەیش تەنیا بۆ بەرژەوەندیی خۆی بوو و خاوەن ماڵەکە دەستی لە ڕوودانی زەرورەتەکەدا نەبوو، پێویستە قەرەبووی بۆ بکاتەوە، بەلام ئەگەر ئەوەیشی دەزانی و دلوای نەکرد، یان دلوای کرد

[1] لە: لمحلى: ٨/٣٣٠دا هاتووە: (ئەگەر ئەو کەسەی زۆری لێ کراوە بۆ خواردنی ماڵی موسڵمانێك ماڵی هەبوو، نرخی ئەوەی دەکەوێتە سەر کە خواردویەتی، لەبەرئەوەی ئەمە حوکمی ناچارە، ئەگەر ماڵی نەبوو هیچی لەسەر نیە).

[2] لە: الدر المختار تنوير الأبصار وحاشية ابن عابدين: ٦/١٩٩دا هاتووە: (ئەگەر چووە سەر ماڵی کەسێکیتر بۆ کوژاندنەوەی ئاگرێك لە شارەکە کەوتۆتەوە، شتێك بەهۆی ئەو چوونەسەرەوە فەوتا، زەمانی ناکەوێتە سەر لەبەرئەوەی ئاگرکەوتنەوەکە گشتییە و هەموو کەس بۆی هەیە بیکوژێنێتەوە. بەلام ئەگەر ماڵی کەسیتری رووخاند بەبێ فەرمانی خۆی یان فەرمانی سوڵتان زەمانی دەکەوێتە سەر).

بەڵام ناچارەکە هەژار و نەدار بوو، یان خاوەن ماڵەکە دەستی لە بەرپابوونی زەرورەتەکەدا هەبوو، قەرەبووکردنەوە پێویست نیە.

دووەم: رادەی کارتێکرانی بەرپرسیارێتیی مەدەنیی عەقدی بە زەرورەت:

لە گرنگترین پیادەکردنەکانی ئەم کارتێکراوە بریتییە لە تیۆری باروبۆخە لەناکاوەکان، هەربۆیە تەنیا لەسەر ئەو دەوەستم لەبەرئەوەی ئێمە خەریکی کۆڵینەوە لە بەرپرسیارێتیی جینائین نەك مەدەنی، تیۆری باروبۆخە لەناکاوەکانیش پەیوەندیەکی پتەوی بە تیۆری زەرورەت لە شەریعەتی ئیسلامیدا هەیە، بەڵگەی ئەم راستیەیش ئەمانەی خوارەوەن:

أ- فیقولنی فەرەنسیی گەورە مامۆستا لامبیر لە کۆنگرەی نێودەوڵەیی یاسای بەراوردکاری کە ساڵی ١٩٣٢ لە شاری لاهای بەسترا گوتی: (تیۆری زەرورەت لە شەریعەتی ئیسلامیدا بەشێوەیەکی حاشاهەڵنەگر و گشتگیر گوزارشت لە بیرۆکەیەك دەکا کە بناغەکەی لە یاسای نێودەوڵەتیی گشتیدا هەیە لە تیۆری باروبۆخە گۆڕاوەکاندا، هەروەها لە قەزای کارگێڕیی فەرەنسی لە تیۆری باروبۆخە لەناکاوەکاندا، لە قەزای ئینگلیزیدا لەو مرونەتەی بەسەر تیۆری مەحاڵیی جێبەجێکردنی پابەندیدا هێناوە لەژێر فشاری ئەو باروبۆخە ئابووریەی بەهۆی جەنگەوە پەیدا بووە، هەروەها لە قەزای دەستووریی ئەمەریکیدا لە تیۆری رووداوە لەناکاوەکاندا)[1].

ب- فیقولنی یاسایی میسری گەورە مامۆستا دکتۆر عەبدولڕەزاق ئەلسەنهوری (رەحمەتی خوای لێ بێ) دەڵێ: (تیۆری باروبۆخە لەناکاوەکان دابپەروەرانەیە و یاسادانەری میسری دەکرێ لە یاسادانانە نوێکەیدا کاری پێ بکات بەپشتبەستن بە تیۆری زەرورەت لە شەریعەتی ئیسلامیدا، کە تیۆرێکی پان و بەرین و پڕ بەرهەمە و دەرفەتێکە بۆ تیۆری باروبۆخە لەناکاوەکان)، پاشان دەڵێ (تیۆری زەرورەت لە تیۆرە ئیسلامیەکانە لە شەریعەتی ئیسلامیدا و شانبەشانی نوێترین تیۆرە یاساییەکان لەم بابەتەدا دەڕوات).

ج- لە کۆکاری ئامادەکاریی یاسای مەدەنیی میسریی نوێدا باسی ئەم بابەتە کراوە کە پوختەکەی ئەمەیە: پرۆژەکە زۆر لە تیۆرە گشتیەکان و زۆر لە حوکمە تەفسیلیەکانی لە شەریعەتی ئیسلامی

---

[1] مجلة القانون والإقتصاد ب٢ ع٥، القسم الإفرنجي مقال باللغة الفرنسية: ص٣٠٢-٣٠٣ نقلاً عن الدكتور عبد السلام الترمانيني، نظرية الظروف الطارئة: ص٣٥.

وەرگرتوە، لە گرنگترین ئەو تیۆرە گشتیانەی وەریگرتوون: ئەو نەزعە ماددییە بابەتییەیە کە فیقهی ئیسلامی پێ دەناسرێتەوە + تیۆری ملهوڕی (تعسفي) لە بەکارهێنانی مافدا + بەرپرسیاریتیی نەفام (عديم التمييز) کە قانونیزە ئەڵمانیەکان نەك قانونیزە لاتینیەکان کاری پێ دەکەن + هەروەها ڕەوانە حەواڵەکردنی قەرز کە قانونیزە لاتینیەکان ڕووپۆشی دەکەن و قانونیزە ئەڵمانیەکان ڕێکی دەخەن و لەوەدا لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامی کۆکن پرۆژەکە لە ڕوانگەی شوێنپێ هەلگرتنی شەریعەتی ئیسلامیەوە وەریگرتوە + بنەمای ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەکان (واتە تیۆری زەرورەت)[1].

بارودۆخە لەناکاوەکان:

ئەو بارودۆخەیە پاش ئیمزاکردن و بەر لە جێبەجێکردنی بەسەر عەقدەکەدا دێ و دەکرێ بەهۆیەوە هاوسەنگیی نێوان ئەو پابەندییە دووسەرەیەی لە عەقدەکە کەوتوتەوە تێك بچێ. فیقولانی شەریعەتی ئیسلامی لە بابی جیاواز و بۆنەی جۆراوجۆر و بابەتی جیاوازدا قسەیان لەسەر ئەم بابەتە کردوە، بەڵام ئاستەمە ڕەهەندەکانی ڕەگەز و حوکمەکانی وەك تیۆرێکی لەسەر پێی خۆ وەستاو چوارچێوەی بدرێ کە بەسەر ئەو جوزئیاتانەی لەگەڵی دەگونجێن جێبەجێ ببێ، لەبەرئەوەی فیقولانانی شەریعەت بایەخیان بەدانانی تیۆری گشتی نەداوە وەك ئەوەی لای یاسا وەزعیەکان باوە، بەڵکو هەر مەسەلەیەکیان دابڕاو لە هاوشێوەکانی بەشێوەیەکی زۆر ورد دیراسە کردوە بەمەبەستی بەدیهێنانی دادپەروەری کە ئامانجی سەرەکیی پیادەکردنی دەق و ڕێسا گشتیەکانە. دیارە هەر مەسەلەیەك بارودۆخی تایبەت و پاشخانی دیاریکراوی خۆی هەیە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر حوکمەکانی هەیە.

جگە لەمە، هەندێ ڕێسایان داناوە کە هاوتای تیۆرە یاساییەکانن، ئەرکیان جەموجۆرکردنی جوزئیاتە لێکچووەکانە کە دەچنە ژێر خانەیەوە بەمەبەستی ئاسانکردنی گەیشتن بە حوکمەکانیان، ئەگەرچی ئەوان زاراوەی (تیۆری بارودۆخە لەناکاوەکان)یان بەکار نەهێناوە، بەڵام باسیان لە هەندێ دەستەواژە کردوە کە هاومانای ئەون وەك زاراوەی {الأعذار} و{الطوارئ} و{الجوائح}[2] و ئەو جۆرە زاراوانە. دیارە عیبرەتیش بە مانایە نەك بە لەفز و بنیات.

---

[1] القانون المدني، مجموعة الأعمال التحضيرية، مطبعة دار الكتاب العربي: ٢٠/١.

[2] الجائحة لەڕووی زمانەوانیەوە واتە کوست یاخود دەرد و بەڵا (المصيبة)، وەك ئەوەی تووشی بەرووبومەکانی سامانی کشتوکاڵ دەبێ لە بەرووبومی دار و درەخت و چێنراوەکان.

بناغەکانی تیۆرەکە لە قورئانی پیرۆزدا:

ئەوەی سەرنجی قورئانی پیرۆز بدات دەیان ئایەت دەبینێ کە بەڕاشکاوی یان ناڕاستەوخۆ باسیان لە بنچینەکانی بیرۆکەی باروبۆخە لەناکاوەکان کردوە، لەو ئایەتانە:

* خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ﴾[1]، (العدل)یش ئەوەیە هەر کەس مافی خۆی بدرێتێ و یەکسانی لە پاداشتدا هەبێ خێر بە خێر و شەڕ بە شەڕ. (الاحسان)یش ئەوەیە خێر بە لەخۆی زیاتر و شەڕ بە لەخۆی کەمتر وەڵام بدرێتەوە و کەمکردنەوەی کەمتەرخەمی لە دڵپەروەریدا[2].

عەدل بە پیادەکردنی ڕێسا شەرعیەکە دەبێ، ئیحسانیش بە پیادەکردنی ڕێسا ئەخلاقیەکە، بە عەدل یەکسانی لەنێو خەڵك بەدیدێ، بە ئیحسانیش برایەتیی نێوانیان تەولو دەبێ.

* خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ﴾[3].

* هەروەها ئەفەرموێ: ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ﴾[4].

لەم ئایەتانە و هاوشێوەیان بەم ئەنجامە دەگەین کە بناغەکانی تیۆری باروبۆخە لەناکاوەکان لادانی زیان و نەهێشتنی بارگرانییە لەڕێی دڵپەروەری و ئیحسانەوە لەوانەی بەهۆی باروبۆخێکی لەناکاوەوە تووشیان دەبێ، کە هەڕەشەی مەترسیەکی دەستەویەخە و زیانێکی گەورەیان لێ دەکا.

بەڵگەی پیادەکردنی تیۆرەکە لە سوننەتدا:

ئەگەر چاو بە دەوەریکردن و گوتەکانی پێغەمبەردا بگێڕین دەبینین حوکم و بڕیاری دەوە بە هەموارکردنی هەندێ پابەندیی گرێبەندکارانە یان بەسەرچوونیان بەهۆی باروبۆخی لەناکاوەوە کە کاری لەو پابەندیانە کردوە، لەوانە فەرمویەتی: (لو بعتَ من أخيكَ ثمراً أصابتهُ جائحةٌ فلا يَحِلُّ لكَ أن تأخُذَ منهُ شيئاً بِمَ تأخذ مالَ أخيكَ؟))[5]. (واتە: ئەگەر بەروبومێکت بە براکەت فرۆشت و تووشی جائیحە (دەرد و بەڵا)یەك بوو، بۆت حەڵاڵ نیە هیچ لە پارەکەی ببەیت، بە چ مافێك تۆماڵی براکەت دەبەیت).

---

[1] سورة النحل / ٩٠.

[2] الكشاف – للزمخشري، جار الله محمود بن عمر: ٢٤١/٢.

[3] سورة البقرة / ١٨٥.

[4] سورة الحج / ٧٨.

[5] رواه مسلم، لە ریوایەتێکدا هاتووە کە پێغەمبەر فەرمانی کرد بە دەستهەڵگرتن لە نرخی جائیحە. سبل السلام: ٦٢/٣، ئەلصەنعانی (ئیمام محمد بن إسماعیل) دەڵێ: (ئەم حەدیسە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو بەروبومانەی بەسەر

←

ئەم حەدیسە بەلگەیە لەسەر ئەوەی پابەندی لە حاڵەتی تەولو فەوتانی بابەتی گرێبەندەکەدایە، بەڵام لە باری فەوتانی بەشێکیدا کە ببێتە مایەی زیانێکی گەورە بە لایەنی زیانلێکەوتوو، ئەوا پابەندکردنەکە هەمولر دەکرێ و بەسەر ناچێ، لە حاڵەتی بەسەرچوون و هەڵوەشانەوەی گرێبەندەکەیشدا، زیانەکە لەسەر فرۆشیار دەبێ، لەولنە ئەوەی مالیك لە (الموطأ) دا لەژێر ناونیشانی (الجائحة في بيع الثمار والزرع)دا ریوایەتی کردوە: (ابتاع رجل ثمر حائط في زمان رسول الله ﷺ فعالجه وقام فيه حتى تبين له النقصان[1]، فسأل رب الحائط أن يضع له أو أن يقيله، فحلف أن لا يفعل، فذهبت أم المشتري الى رسول الله ﷺ فذكرت له ذلك، فقال رسول الله ﷺ: ((تَأَبَى أن لا يَفعلَ خَيراً؟))[2]، فسمع بذلك رب الحائط فأتى رسول الله ﷺ فقال: يا رسول الله هو له)[3].

هەروەها لە ئەسەرەکان لە (الموطأ)دا هاتووە: (لە مالیکەوە دەگێڕنەوە کە هەوڵی پێ گەیشت عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بڕیاریدا بە دەستهەلگرتن لە نرخی جائیحە، مالیك دەڵێ: بابەتەکە لای ئێمە بەو شێوەیە)[4].

لەو بناغە و بەلگانەی باسمان کرد دەگەینە ئەو ئەنجامەی کاریگەریی بارودۆخە لەناکاوەکان لەسەر گرێبەندەکان، یان هەمولرکردنی پابەندییە بەشێوەیەك زیانێکی گەورە لە قەرزلر دوور بخاتەوە، یا هەڵوەشاندنەوەی گرێبەندەکەیە.

درەختەوەن ئەگەر خاوەنەکەیان فرۆشتنی و تووشی جائیحە (کە نەخۆشیەکە تووشی کشتوکاڵ دەبێ) بوون، فەوتانەکەی لە ماڵی فرۆشیارەکە دەبێ و هیچی ناکەوێتە سەر کڕیار).

[1] واتە بەهۆی جائیحەیەك کە بەسەریدا هات ناتەولویەکەی بۆ دەرکەوت. ئەلباجی کە شرۆڤەکاری الموطأ: ٤/٢٣٦ دەڵێ: (ئەوەی دەڵێ: خاوەن بێستانەکە هات ولولی لێ کرد پابەندیەکەی هەمولر بکا یان ئیقالەی بکا (واتە هەڵیبوەشێنێتەوە یان بە هەمان نرخ بۆی بگێڕێتەوە، ئەویش بەگوێرەی جیاوازیی گونجاند (تکییف)ی ئیقالە کە ئاخۆ ملنای فرۆشتنە یان هەڵوەشاندنەوە) دوو مانا هەڵدەگرێ: یەکەمیان ئەوەیە حەزی لەوە بووە و هەمان نەریتە لە بازرگانیدا کە هەرلایەك هەوڵ دەدا نرخی شمەکی ئەویتر دابەزێنێ، دووەمیان ئەوەیە داوای کردوە بەگوێرەی ئەوەی هەق و شایستەیە بۆی دابەزێنێ.

[2] ئەم قسەیەی پێغەمبەر(د.خ) نکوڵیکردنە لە سوێندخواردنی کە چاکەیەك نەکا و نە هەمولرکردنی پابەندیەکە و نەگێڕانەوەی هەردوو عەقدکار بۆ ئەو دۆخەی پێش عەقدەکە تێیدا بوون قبوڵ بکا.

[3] موطأ الإمام مالك بشرح المنتقى: ٤/٢٣٦.

[4] سەرچاوەی پێشوو.

ڕەگەزەکانی تیۆری باروودۆخە لەناکاوەکان:

تیۆری باروودۆخە لەناکاوەکان لەسەر دوو روکن دەوەستێ: یەکەمیان دروستبوونی پابەندییەکی عەقدکارانەی دوور لە غرر لەکای پەیدابوونیدا. دووەم ڕوودانی دۆخێکی لەناکاوی چاوەڕوانکراو کە بکرێ کار لە پابەندییەکە بکا، بەشێوەیەك ئەگەر بەبێ هەموارکردن جێبەجێی بکا زیانێکی گەورە بە قەرزار بگەیەنێ.

مەرجە روکنی یەکەم ئەمانەی تێدا بێ:

١– پابەندییەکە گرێبەندکارانە بێ واتە لە گرێبەندەکەوە پەیدا بووبێ، ئەگەر لە کەمتەرخەمییەوە بوو ئەوا باروودۆخی لەناکاو کاری تێناکا، ئەوەی زیان بە ماڵی کەسیتر بگەیەنێ پێویستە قەرەبوویەك بکاتەوە بارتەقای قەبارەی زیانەکە، پاش حوکم پێدان و جێگیربوونی لە ئەستۆی قەرزاردا ئەو پابەندییە ئیتر هیچ دۆخێکی لەناکاو کە جێبەجێکردنی قورس بکا، کاری تێناکا.

٢– عەقدەکە لە عەقدە نادڵنیاکان (عقود الغرر) نەبێ، چونکە تیۆری باروودۆخە لەناکاوەکان بەسەر گرێبەندە ئیحتیمالییەکانی[١] وەك بیمەکردن و گرێبەندەکانی ئاڵوێری دراو (موزارەبە) و فرۆشتنی بەرووبوم بەر لە دامەزرانی عەقدەکە و کشتوکاڵ بەر لە سەوزبوونی بە گوترە و ئەو شتانەدا ناچەسپێ، لەم جۆرە عەقدانەدا گوێ بە دەعوای مافخوران یان دەعوای زیانی قورس لە ڕوودانێکی چاوەڕواننەکراو نادرێ، لەبەرئەوەی ئەو بناغەیەی لەسەری بنیات نراوە ئەگەری مافخوران (غوبنی ئیحتیمالی) و زیانێکی چاوەڕوانکراوە کە یەکێك لە دوو گرێبەندوانەکە دەیگرنە ئەستۆ.

٣– پابەندییەکە بەهۆیەکیتری جگە لە دانەوە جێبەجێ نەکرابێ یان نەڕەوییێتەوە، ئەگەر دۆخێکی لەناکاو پاش جێبەجێکردن رووی دا و ڕێی تێدەچوو بەر لە جێبەجێکردن کار لە پابەندییەکە بکا، قەرزار مافی داوای هەموارکردن یان گێڕانەوەی بەشێك لەوەی نیە کە بەتەواوی جێبەجێ کراوە.

---

(١) عەقدی ئیحتیمالی ئەوەی ئەندازەی پابەندییەکانی لایەنێك لە دوو لایەنەکە لەسەر ڕوودانێکی بەدینەهاتوو دەوەستێ کە لەبارێدایە رادەی ئەو پابەندیانە زیاد یان کەم بکا، بۆ نموونە لە عەقدی بیمەکردنی ژیاندا لەکاتی عەقدکردنەکەدا نە رادەی ئەو قیستانە روون دەکرێتەوە کە دەکەونە ئەستۆی بیمەکراو کە ئەگەر زوو مرد قیستێکی کەم دەدا، نە رادەی پابەندیی بیمەکار لە کاتی هاتنیدا، ئەگەری قازانج و زیان لە عەقدی ئیحتیمالیدا شتێکی جەوهەرییە، بەپێچەوانەی عەقدی نرخ دیاریکراو وەك عەقدی فرۆشتن، کە هەردوو لایەنەکەی دەتوانن لەکاتی گرێداندا ئەندازەی ئەوەی دەیدەن و ئەوەی دەیدەن دیاری بکەن.

مەرج نیە ئەو عەقدەی تیۆری باروبۆخە لەناکاوەکان بەسەریدا دەچەسپێ، تەنیا جێبەجێکردن بەردەوام (مستمر التنفيذ) بێ، وەك عەقدی بەکرێدان وەك زۆر کەس وا گومان دەبەن، بەڵکو تیۆرەکە جگە لەم عەقدە بەسەر عەقدی جێبەجێکردنی دەوریشدا دەچەسپێ، وەك بەڵێندەری نەخۆشخانە و یەکە سەربازیەکان کە پابەند دەبێ بە پێشکەشکردنی پێداویستییە خۆراکیەکانی وەك گۆشت و میوە و شیر و ئەو جۆرە شتانە، هەروەها بەسەر عەقدی جێبەجێکردنی فەوریشدا بەگوێرەی سروشتی خۆی دەچەسپێ، بەڵام هەردوو گرێبەندوان لەسەر دواخستنی رێك کەوتوون، هەروەها لەسەر عەقدی جێبەجێکردن واجب و بەبێ دواخستن، بەڵام پاش ئیمزاکردن و پێش جێبەجێکردنی باروبۆخێکی لەناکاو پەیدا بووە، لەبەرئەوەی لە سەرجەم ئەم جۆرە گرێبەندانەدا عیللەکە هەیە، بوون و نەبوونی حوکمیش بەدەوری عیللەکەیدا دەسورێتەوە.

لە روکنی دووەمدا ئەمانە مەرجن:

١- بۆخە لەناکاوەکە رووداوێکی نائاسایی بێ بەشێوەیەك بەدەگمەن پێشبینی روودانی بکرێ وەك جەنگ و بومەلەرزە و لافاو و کولله و باقیی ئافاتە ئاسمانییە چاوەڕوان نەکراوەکانیتر.

٢- بۆخە لەناکاوەکە گشتی بێ، ئەگەر گرێبەندەکە لە سەروەختێکدا کرا بۆنی بەرپابوونی جەنگی لێ دەکرا بەشێوەیەك کەسی ئاسایی دەیتوانی پێشبینی رووداني بکا، ئەوا تیۆرەکە بەسەر ئەم حاڵەتەدا ناچەسپێ.

٣- بۆخە لەناکاوەکە وابکا جێبەجێکردنی پابەندیەکە لەسەر قەرزار تاقەتپڕوکێن بێ[1]، بەشێوەیەك هەڕەشەی زەرەرمەندێکی گەورەی لێ بکا، خۆ ئەگەر وای کرد جێبەجێکردنی مەحاڵ بێ ئەوا تیۆرەکە ناچەسپێ، بەڵکو عەقدەکە خۆبەخۆ هەڵدەوەشێتەوە، ئەگەر زیانەکە گەورە نەبوو ئەوا پێویستە قەرزار پابەندیەکەی خۆی بەبێ دەسکاری جێبەجێ بکا.

لە شەریعەتی ئیسلامیدا نەکراوەتە مەرج کە بۆخە لەناکاوەکە رووداوێکی گشتی بێ وەك کە یاسا کردویەتیە مەرج، بەڵگەیش ئەو دەقە شەرعیانەن هەندێکیانمان لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر گواستەوە، ئەم ئاراستەیە لە دادپەروەری نزیکترە و خوازیارین یاسا وەزعیەکان وەربگرن بەتایبەت یاساکانی وڵاتانی ئیسلامی، ئەو قەرزارەی حاسڵاتەکەی لە ئاگرێکی تایبەت بەو یان لە ئاگرێك

[1] پێوەری بارگرانی یاخود تاقەتپڕوکێنی شەخسییە، دەشێ بۆ قەرزارێك تاقەتپڕوکێن بێ و بۆ یەکێکیتر وا نەبێ، هەندێکیش پێیان وایە بابەتییە و بریتییە لە سێ-یەکی سەوڵکە و بۆ سەرەوە.

کە حاسلآتی ژمارەیەکی کەم خەلکی گرتەوە دەفەوتێ، سوود لەم تیۆرە دەبینێ و قازی ئەگەر رووبلوەکەی خراپە پێش دەتوانێ بڕیار بدات بەگوێرەی شەریعەتی ئیسلامی کار بە تیۆری باروبۆخە لەناکاوەکان بکا.

زەرورەت و دانەوە بەنەخت:

بەلگەنەویستە کەسی مەعنەوی هاوشێوەی کەسی سروشتی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی هەلومەرجە ناوخۆیی و دەرەکیەکان، وەك چۆن مرۆڤ لە باشەوە بۆ باشتر و لە چاکەوە بۆ چاکتر پەرەدەسێنێ، یان بە پێچەولنەوە، لەبەر کۆمەلێ هۆکار کە بە زۆری ئیرادەی هیچ رۆلێکی تێدا نییە، لە باشترەوە بۆ باش یان لە باشەوە بۆ خراپ و لە خراپەوە بۆ خراپتر دەگۆڕێ، کەسی مەعنەوی (یاسایی)ش باروبۆخی نائاسایی چاوەڕوان نەکراو کاری تێدەکات و ئاسەوارە نەرێنییەکانی بەسەر ئەو کۆمەلگەیەدا دەشکێتەوە کە ئەو کەسە مەعنەوییە (دەولەت) لەڕووی ئابووری و تەندروستی و رۆشنبیری و باقیی روالەتەکانی ژیان لە دۆخە جۆراوجۆرەکاندا نوێنەرایەتی دەکا.

شتێکی لەو شێوە پاش سەپاندنی گەمارۆ لە عێراق رووی دا، کە هێزی کڕینی دیناری عێراقی دابەزی بەشێوەیەك ئەوەی پێش گەمارۆکە نرخی یەك دینار بوو پاش ۱۹۹۱ بوو بە هەزاران، پاش ئەوەیش بووژانەوەیەکی ئابووری رووی دا و دیناری عێراقی هۆشی وەبەر هاتەوە و هێزی کڕینی تا رادەیەك بەرز بوویەوە، گەلی عێراق لە هەردوو حالەتەکەدا رووبەڕووی باروبۆخی چاوەڕواننەکراو بوویەوە و ئەولنەی مافی دارایی خەلکیان لەئەستودا بوو هەستیان بەجۆرە بارگرانیەك کرد لە جێبەجێکردنی پابەندییەکانیاندا. بۆ نموونە ئەوەی ئۆتۆمبێلێکی بەمەبەستی بازرگانی بە بیست ملیۆن دینار کڕیوە، پاشان نرخەکەی لەپڕ بۆ پێنج ملیۆن واتە چواریەکی نرخەکەی دابەزی، بەوەیش جێبەجێکردنی پابەندیی کڕیار بە دانی ئەو پارەیەی هێشتا لەئەستۆیدایە قورس بوو. کەواتە هەلوێستی شەریعەتی ئیسلامی لەم کێشە ئابوورییانە لەبەر تیشکی رێسا گشتیەکان و پیادەکردنەکانی لە سایەی ئەو باروبۆخە لەناکاولنەدا چییە؟

ئەگەر چاو بە سەرچاوە فیقهیە ئیسلامیەکاندا بخشێنین دەبینین ئەم جۆرە کێشانە بە شێوەیەکی بنبڕ یەکلا نەکراونەتەوە و ناکۆکییان لەسەرە، سەرچاوەی کێشەکەیش کارتێکرانە بەو ژینگە و باروبۆخانەی تێیاندا ژیاون لە لایەك، هەروەها بە خۆبەستنەوە و خۆ نەبەستنەوەیە بە حەرفیەتی فەرمودەی پێغەمبەر(د.خ) کە ئەفەرموێ: (علی الیَدِ ما أخذَت حتی تَردهُ) (واتە: دەست ئەوەی

وەریدەگرێ ئەمانەتە لەسەری تا دەیگەیەنێتە جێی خۆی) و دەست گرتن بە گشتیبوونی دەقەکە یان تایبەتکردنی بە دەق و ڕێسا شەرعیەکانی تر لە لایەکی ترەوە.

بە بۆچونی لەخۆبوردوانەی ئێمە پێویستە وەلی ئەمر بە هاوکاری کەسانی پسپۆڕ لەم جۆرە حاڵەتانەدا هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەر بدات، ئەویش بە دانانی یاسایەکی تایبەت کە پابەندییە تاقەتپڕوکێنەکان هەموار بکا هاوشێوەی ئەو پابەندیانەی ملکەچی تیۆری بارودۆخە لەناکاوەکان کە ئەو یاسایانەی هەن چارەسەریان کردوون. لە حاڵەتی نەبوونی دەقدا پێویستە قازی ئەم تیۆرە پیادە بکات و پابەندیی تاقەتپڕوکێن هەموار بکا بە شێوەیەك لەگەڵ رۆحی شەریعەت و دادپەروەریدا بگونجێ، بەو مەرجەی رەچاوی ئەم مەرجانەی خوارەوە بکرێ:

١- رەچاوکردنی بارودۆخی دارایی هەریەك لە قەرزدەر و قەرزار لە رێژەی هەموارکردنەکەدا.

٢- نەبوونی کەمتەرخەمی لە قەرزارەوە لە دواخستنی جێبەجێکردنی پابەندیەکە بە بێ عوزر.

٣- گێڕانەوەی ئەو فرۆشراوەی هێشتا نرخەکەی نەدراوە و هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە، لەگەڵ قەرەبوویەکی دادپەروەرانەی گونجاو کە زۆر قورس نەبێ، ئەگەر دەرکەوت فرۆشیار لە ئەنجامی ئەو گرێبەندە زیانی پێگەیشتوە.

هەموار کردنی پابەندیی تاقەتپڕوکێن لە سەرجەم بارودۆخە هەنوکەییە چاوەڕوان نەکراوەکاندا بەڵگەی روونیان لە قورئانی پیرۆز و سوننەت و ئیجتیهادە فیقهیەکانی پێشەوایاندا هەیە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- لە قورئانی پیرۆزدا زۆر ئایەت هەن ئەم حوکمەیان لێ دەخوێنرێتەوە، لەوانە خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ﴾[1]. پێشتر روونمان کردەوە مەبەست لە عەدل و ئیحسان چییە. هەروەها ئەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا﴾[2]. واتە تا هاوکاری و دەستباری یەکتر بکەن لە هەڵگرتنی زەحمەتی و نەهێشتنی تەنگانە و لێبوردن و ئەو شتانە. دیسان ئەفەرموێ: ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ﴾[3].

---

[1] سورة النحل / ٩٠.

[2] سورة الحجرات / ١٣.

[3] سورة المائدة / ٢.

رازیبوونی قەرزدەر بە هەموارکردنی پابەندبی تاقەتپڕوکێنی قەرزارەکەی لە پێشەوەی هاوکاریکردن لە چاکەدا دێ.

ب- هەروەها لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا حوکمەکە دەبینین، لەوانە هەردوو حەدیسی: (لا يؤمنُ أحدكم حَتى يُحبّ لأخيهِ مَا يُحبُّ لنفسه)، (مَثَلُ المُؤمنينَ في تَوادهم وتَعاطُفهم وتَراحُمهم كَمَثَلِ الجَسَدِ الواحد إذا اشتَكى منهُ عُضوٌ تَداعَى لهُ سائرُ الجَسَدِ بالسَهَرِ والحُمّى)[1].

ج- لە گوتەکانی گەورە فیقولنانی شەریعەتی ئیسلامیش رەحمەتی خوا لە گیانی پاکیان، ئەوەیە لە ریسالەکەی ئیبن عابدیندا هاتووە لەژێر ناونیشانی (الرقود على مسائل النقود)[2]، کە تێیدا دەڵێ:

(لە المنتقى-دا هاتووە ئەگەر پارەکە بەر لە وەرگرتن گران یان هەرزان بوو، ئەبو یوسف (هاوەڵی ئەبوحەنیفە) دەڵێ: قسەی من و ئەبوحەنیفە لەوەدا وەك یەکە و ئەو جگە لەوە شتێتری نیە، پاشان ئەبویوسف گەڕایەوە و گوتی نرخەکەی بەدرهەم لەسەرە لەو رۆژەی فرۆشتنەکە رووی دا و لەو رۆژەی وەرگرتنەکە رووی دا. پاشان دەڵێ: (ئەبویوسف) جارێکیتر گوتی (واتە لەو گوتەیەی گەڕایەوە بۆی) نرخەکەی بەدرهەم لەسەریەتی رۆژی فرۆشتن و وەرگرتنەکە و فتوا لەسەر ئەوەیە. شێخمان لە (بحر)ەکەیدا هێناویتی و ئیقراری کردوە و رایگەیاندوە کە لە زۆر جێ ئیعتبارەکاندا فتوا لەسەر ئەوەیە، بۆیە پێویستە لە فتوادان و قەزاوەتدا ئەوە بوترێ).

ئەم فتوایەی ئەبویوسف و عەللامە ئیبن عابدین و هیتر لە گەورە فیقولنان لەگەڵ رۆحی شەریعەتی ئیسلامی کۆکە و رۆحی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و ئابووری تێدا بەرجەستە کراوە.

هەرچی ئەوەیە پێغەمبەر(د.خ) دەڵێ (دەست ئەوەی وەریدەگرێ ئەمانەتە..)، ئەوا گشتیبوونەکەی بە دەقیتر تایبەت کراوە، لەبەرئەوەی دەقەکانی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر (عموم)ی یەکتر (تەخصیص) دەکەن، لەبەرئەوەی هەر گشتی-یەك بەزۆری لانیکەم تایبەتکارێکی هەیە، وێنەیشی زۆرە، لەوانە تەخصیصکردنی عمومی فەرمودەی (لاَ تَبِعْ مَا لَيسَ عِندَكَ))[3] بە

---

[1] مسند الإمام أحمد بن حنبل وبهامشه منتخب كنز العمال في سنن الأقوال والأفعال، دار صادر للطباعة والنشر / بيروت: ٢٧٠/٤.

[2] مجموعة رسائل ابن عابدين الإمام العلامة خاتمة المحققين محمد أمين الشهير بابن عابدين الطبعة الأولى دار سعادات: ٦٠/٢.

[3] حەکیم بن حوزام دەڵێ: بە پێغەمبەری خوام گوت پیاو هەیە دێتە لام شتی پێ بفرۆشم، هیچم لەو شتە نیە پێی بفرۆشم، پاشتر لە بازاڕ ئەیکرم. ئەویش فەرموی: ئەوەی لەلات نیە مەیفرۆشە. رواه الخمسة. نيل الأوطار: ١٧٥/٥.

حەدیسی مۆڵەتدان بە سەلەم[1]، هەروەها فەرمودەی: (لا ضمانَ على مُؤتَمَن)، کە فیقولنانی سەحابە لەپێشیانەوە گەورەمان عەلی کوڕی ئەبوتالیب بە بەرژەوەندیی گشتی تەخسیسیان کردوە و حوکمیان بە زەمانکردنی کرێکاری هاوبەش (الاجیر المشترك) داوە ئەگەرچی دەستیشی دەستی ئەمانەتە.

جگە لە هەموو ئەوانەی باسمان کردن، یەکێك لە ڕێساکانی فیقهی ئیسلامی ئەوەیە هاوچەشنی شت ئەوەیە لە وێنە و مانادا یەکسانی بێ، ئەگەر یەکێك لەو دوو ڕەگەزەی لەدەست دا لە هاوچەشنەوە دەگۆڕێ بۆ بەهایی، ئەوە ڕوونە هەر دراوێك ئەگەر هێزی کڕینی گۆڕا بە زیاد یان کەمکردن ڕەگەزی مانا لەدەست دەدا، بەوەیش دەبێ دانەوەی پابەندیەکان بەگوێرەی نرخەکە بێ.

زەرورەت و حەرامکردنی قۆرخکاری (الاحتكار):

قۆرخکاری بریتییە لە پاشەکەوتکردنی فرۆشراو و داولکردنی قازانج بەهۆی هەڵبەز و دابەزی بازاڕەکانەوە[2].

حوکمی قۆرخکاری:

حەرامکردنی قۆرخکاری بە قورئان و سوننە و ئەسەر و ئیجماع و ماقووڵ (المعقول) جێگیرە.

أ- قورئانی پیرۆز: هەر شتێك زیان بە کۆمەڵگە بگەیەنێ قورئان حەرامی کردوە. لەو ئایەتانەیش تایبەتن بە حوکمی قۆرخکردن، ئەوەیە خوا ئەفەرموێ: ﴿وَمَن يُرِدْ فِيهِ بِإِلْحَادٍ بِظُلْمٍ نُذِقْهُ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ﴾[3]. زۆر لە زانایان و موفەسیرانی ئەم ئایەتە لەوانە یەعلا بن ئومەییە گوتویانە: (احتكار الطَعام بمكة إلحَادٌ))[4]. (واتە: قۆرخکردنی خواردن لە مەککە لادانە).

---

[1] لە ئیبن عەباسەوە: (گوتی کاتێ پێغەمبەر هاتە مەدینە ساڵ و دوو ساڵ سولفەیان دەکرد، ئەویش فەرموی: هەرکەس سولفەی کرد با بە عەیارێکی زانراو و کێشانەیەکی زانراو و بۆ ماوەیەکی زانراو بیکات). رواه الجماعة. ئەوەیش بەڵگەیە لەسەر سەلەمکردن لە شتێکدا کە لەکاتی عەقدەکەدا توخمەکەی نەماوە. سولفە زمانی خەڵکی عێراق و سەلەم زمانی خەڵکی حیجازە، لەڕووی شەرعیشەوە فرۆشتنێکی وەسفکراوە لە ئەستۆدا، وەك ئەو کەسەی بەشێك لە حاسڵاتەکەی بەر لەکاتی خۆی بفرۆشێ بەو مەرجەی لە وەرزی پێگەیشتنیدا رادەستی بکا.

سەرچاوەی پێشوو: ٥/٢٥٥.

[2] المنتقى شرح موطأ الإمام مالك: ٥/١٥.

[3] سورة الحج / ٢٥.

[4] الطبراني: ٢/٥٨٥، الجامع الصغير: ١/٢.

ب- سوننه: له سەرچاوه باوەڕپێکراوەکاندا زۆر حەدیس هەن لەبارەی حەرامکردنی قۆرخکاری لەوانه:

١- له عومەری کوڕی خەتابەوه، پێغەمبەری خوا(د.خ) فەرموی: ((الجَالِبُ مَرزوقٌ والمُحتَكرُ مَلعُونٌ))[1]. (واته: بهێنی رزقدراو و قۆرخکار نەفرەت لێکراوه).

٢- له سعید بن ئەلمسەییەوه، له عمر بن عبد الله ئەلعەدەوي-یەوه، پێغەمبەر فەرمویەتی: ((لا يَحتَكِرُ إلا خَاطِئٌ))[2].

٣- له ئیبن عومەرەوه، پێغەمبەری خوا فەرموی: ((مَن احتكرَ طَعاماً أربعينَ يوماً يُريدُ بهِ الغَلاءَ فقَد بَرِيءَ منَ اللهِ وبَرِيءَ اللهُ منهُ))[3].

ج- ئەسەری هاوەڵان:

١- له عەلی کوڕی ئەبوتاڵیبەوه دەگێڕنەوه بەلای رویاری فوراتدا تێپەڕی کۆمەڵێ خواردنی پیاوێکی بازرگانی بینی که بەندی کردبوو تا نرخەکەی گران بێ، فەرمانی کرد بسوتێنرێ و سووتێنرا[4].

٢- له **عبد الرحمن بن قەیسەوه، له حەبیشەوه**، گوتی (واته حەبیش): عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب هەندێ بەیادری منی له دەشت سووتاند که قۆرخم کردبوو، ئەگەر وای نەکردایه بەئەندازەی بەخششی کوفه[5] قازانجم لێ دەکرد. بیادر کۆی (بیدەر)ه، که ئەو خەرمانەیه گەنم و شتی لەو جۆرەی بە چان تێدا دەکوترێ.

د- کۆدەنگی (ئیجماع): فیقوناانی شەریعەتی ئیسلامی له سەرەتای ئیسلامەوه تا رۆژی ئەمڕۆمان کۆدەنگن لەسەر حەرامکردنی قۆرخکاری لەو ماددانەی پێویستی زەرووری خەڵکن.

هـ- ماقوول: بەلای ئەقڵی ساغەوه ئەرکی دەسەڵاته بەگژ قۆرخکاریدا بچێتەوه و لە حاڵەتی زەرورەت و پێویستیی زۆر به ماڵە قۆرخکراوەکان، هاوشێوەی گەورەمان عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب فەرمان بدات به فرۆشتنی ماڵە قۆخکراوەکان به نرخی بازاڕ و سزادانی قۆرخکاران.

---

[1] السنن الكبرى للبيهقي: ٣٠/٦.
[2] صحيح مسلم: ٥٦/٥، سنن أبي داود: ٢٤٣/٢، سبل السلام: ٣٢/٣.
[3] برواته التخريج في جواهر الأخبار: ٣٦٩/٣.
[4] الروض النضير: ٥٨٥/٣.
[5] المحلى: ٦٥/٩.

زەرورەت و پێویستیی نرخدانان:

ئەسڵ بەجێهێشتنی ئەمبارکردنە بۆ ئیرادەی بازرگان و فرۆشیار و خاوەن بەرهەمە پیشەسازی و ئاژەڵی و کشتوکاڵییەکان لە کڕین و فرۆشتندا، بەمەبەستی هاندانیان لەسەر بەرهەمهێنان و دەستاودەستکردنی کاڵاکان لە هەموو شوێنێك. دەسەڵات بۆی نیە نرخ دیاری بکا ئەگەر بەهۆی کەمیی بەرهەم و وشکەساڵییەوە نرخ بەرز بوویەوە، چونکە هەموو بەرزبوونەوەیەك ملکەچی یاسای خستنەڕوو و خواست (عەرز و تەڵەب)ـە و ناکرێ دەستی تێ بخرێ، لەبەرئەوەی بەرزبوونەوەی نرخ لەم تۆخەدا زادەی زیادبوونی خواست و کەمیی خستنەڕووە و سەرچاوەکەی قۆستنەوە (ئیستیغلال) و چاوبرسی و بەدەستهێنانی قازانجی بێمانا نیە لەسەر حسابی بەکاربەران.

بەڵگەیش ئەوەیە کاتێ لە شاری مەدینە نرخ بەرز بوویەوە[1] خەڵك گوتیان ئەی پێغەمبەری خوا شت گران بووە و نرخمان بۆ دابنێ، ئەویش فەرمووی: (إنّ اللهَ هُوَ المُسعِّرُ القَابِضُ[2] الباسِطُ[3] الرزّاقُ إنّي لأرجُو أن ألقَى اللهَ وليسَ أحدٌ منكم يُطالبني بمظلَمةٍ في دَمٍ ولا مالٍ)[4]. ئەم فەرموودە پیرۆزە بەڵگەی ئەوەیە نرخدانان ستەمە و ئەگەر ستەمیش بێ حەرامە. پێغەمبەری مەزن ئەمەی گوت کاتێ بەرهەم کەم بوو و خواستی خەڵك لە خستنەڕوو زیاتر بوو و سەرچاوەکەی قۆستنەوە و چاوچنۆکی نەبوو.

بەڵام کاتێ دەروونەکان گۆڕان و چاوچنۆکی و قۆستنەوە و گزی و فزی سەریان هەڵدا و لایەنی ماددی بەسەر لایەنی رۆحی و گیانی ئیساردا زاڵ بوو، فیقولنان فتوایاندا کە پێویستە دەسەڵات دەست وەربدات، لەپێشیانەوە ئیمام مالیك[5] (رەحمەتی خوای لێبێ) ئیمامی زێدی کۆچی پێغەمبەر، لەبەرئەوەی هەرکات زەرورەت رووی کردە تاك و کۆمەڵگە، پێویستە دەوڵەت بێتە سەر خەت بۆ هەڵگرتن و نەهێشتنی ئاسەوارەکانی، بەتایبەت ئەگەر زەرورەتەکە پەیوەندی بە قەیرانە دارایییەکانەوە هەبوو، وەك ئەوەی لە ساڵانی سەپاندنی گەمارۆی نەگریس لەلایەن دەوڵەتانی ستەمکارەوە بەسەر گەلی عێراقدا تێپەڕی.

---

[1] واتە لە ئاستی ئاسایی بەرزبوویەوە.

[2] واتە هەژارکار.

[3] واتە رزقدەر.

[4] سەنعانی لە: سبل السلام ٣/٣٢دا دەڵێ: (رواه الخمسة إلا النسائي وصححه ابن حبان وأخرجه ابن ماجة والدارمي والبزار وأبو يعلى من حديث أنس وإسناده على شرط مسلم وصححه الترمذي).

[5] بڕوانە: المنتقى شرح الموطأ: ٥/١٨-١٩.

نابێ دەسەلاتی زەمەنی لەم حاڵەتە زەرورییانەدا هەڵوێستی بێلایەنی هەڵبژێرێ و رێگە بە بازرگانانی ئەو قەیران و بارودۆخە نائاساییانە نەدات لەسەر حسێبی ئەهامەتیی ئەهەمەتان و پێویستیی بەکاربەران قازانجی خەیاڵی بکەن، لەبەرئەوە گرتنەبەری هەر رێوشوێنێك لەدژی چاوبرسی و بقۆزان کە پێویستیی زەروریی کۆمەڵگە فەرزی بکا، ئەگەر واجب نەبێ موباحە و شەریعەتی ئیسلامی لەسەر بناغەی زەرورەت و پێویستی رێگەی پێدەدات.

باسی دووەم:
زەرورەت و بەرپرسیارێتیی جینائی لە یاسادا

یاسا پێناسەی (زەرورەت)ی نەکردوە، لەبەرئەوەی پێناسەکردنی زاراوەکان ئەرکی یاسادانەر نیە، بەڵکو کاری فیقوان و شرۆڤەکارانی یاسایە، ئەگەر چاو بە شرۆڤەکانی یاسا جەزائیە عەرەبیەکاندا بگێڕین دەبینین شرۆڤەکاران هەندێکیان زەرورەتیان لەگەڵ زۆرلێکردنی مەعنەوی تێکەڵ کردوە و دووەمیانی کردوە بە هاومانا (مرادف) یان بنچینەی زەرورەت، وەك دکتۆر القللي[1] کە لە باسی کاریگەریی زەرورەت لە بەرپرسیارێتیی جینائیدا دەڵێ (باسی دووەم زۆرلێکردنی مەعنەوی و حاڵەتی زەرورەت) پاشان هەندێ نموونە باس دەکا هیچ پەیوەندییان بە زۆرلێکردنی مەعنەوییەوە نیە[2]. پاشان ئەو تیۆرانەی ئەو بناغەیەیان دیاری کردەوە دەخاتە روو کە بۆ پاساودانی نەبوونی بەرپرسیارێتیی جینائی لە حاڵەتی زەرورەتدا بۆی دەگەڕێنەوە و دەڵێ: (لەوانە ئەو رایەی پێی وایە بناغەکە زۆرلێکردنی مەعنەوییە)[3].

هەندێکیان کردویانەتە شێوەیەك لە زۆرلێکردنی مەعنەوی وەك دکتۆر مەحمود مەحمود مستەفا، کە دەڵێ: (زەرورەت ئەوەیە مرۆڤ خۆی یان کەسێکیتر ببینێ کە خەریکە زیانێکی گەورە هەڕەشەی

---

[1] محمد مصطفى القللي – في المسؤولية الجنائية، سەرچاوەی پێشوو: ص٤٠٣.

[2] لەوانە: زەید خەریك بوو لە برسا بمرێ نانێکی دزی تا برسێتیەکەی پێ بشکێنێ، ئاگر بەربوویە شاتۆیەك زەید پاڵی بە یەکێك لە بینەرانەوە تا کە هەوڵی رزگاربوونی دەدا و کوشتی یان بەسەختی بریندار کرد، زەید و کەسێکیتر خۆیان بە پارچە تەختەیەکدا لە پارچەکانی کەشتیەکی تێکشکاو کە نوقم بوو بوو هەڵواسی، زەید پاڵی بەو کەسەوە نا تا خۆی لەسەر تەختەکە رزگاری بێ لەبەرئەوەی تەنیا جێگەی کەسێکی تێدا دەبوویەوە و ئەو کەسەیتر بەوهۆیەوە مرد. ل٤٠٣.

[3] سەرچاوەی پێشوو: ص٤٠٦

لێدەکات و هیچ ڕێگەیەك بۆ ڕزگاربوون نابینیٚ جگە لە ئەنجامدانی ئەو کردەوەیەی تاوانەکە پێکدێنیٚ، لەولاشیشە بەئەنقەست هەڕەشەکەی ئاراستە بکریٚ تا ناچار بە پەنابردن بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە بکریٚ، ئەمە شێوەی زۆرلێکردنی مەعنەوییە و دەچێتە خانەی زەرورەت بە مانا گشتیەکەی)[1].

دیارە لەم جۆرە هەڵوێستەدا زەرورەت هاوبەشکە (قسیم)ی زۆرلێکردنە بەهەردوو جۆرەکەیەوە، هاوبەشکەی هەر شتێکیش لەو شتە جیاوازە و نابیٚ مەبەست پێی مانا گشتیەکەی بیٚ.

هەندێکیشیان دەڵێن: (فیقهی باو وا ڕۆیشتووە کە هەردوو وەسفی زۆرلێکردنی مەعنەوی و زەرورەتی بە هاومانا داناوە کە دەکریٚ لە بابی تەجەوزەوە لە دەربڕینـدا یەکێکیان جێی ئەویتریان بگرێتەوە، لەبەرئەوەی ڕوکنەکانیان تێهەڵکێشن و کاریگەریان یەکە، ئەویش نەمانی بەرپرسیارێتیی تاوانکارە)[2].

جگە لەوە، یاسا جینائییە وەزعیەکان لە تێڕوانینیان بۆ حاڵەتی زەرورەت و ڕۆڵی لە بەرپرسیارێتیدا جیاوازن، هەندێکیان لە هۆکانی ڕێپێدانیان داناوە وەك یاسای ئیسپانی (م٦٠) و یاسای سۆڤێتی (م٢٢) و یاسای فەرەنسی (م٦٤)، ئەم یاسایە دەقێکی تایبەت بە حاڵەتی زەرورەتی نەهێناوە، بەڵام قەزای فەرەنسی لە ڕاڤەکردنی ئەم مادەیەدا[3] پەلی هاویشتوە و وشەی هێز (القوة)ی بەشێوەیەك ڕاڤە کردوە کە حاڵەتی زەرورەت بگرێتەوە.

هەروەها لە یاسای تەتەڵەکردنی یاسای سزاکانی فەرەنسیدا حاڵەتی زەرورەت وەك حاڵەتی بەرگریکردنی شەرعی لە هۆکانی ڕێپێدان حسێب کراوە.

هەندێکیان حاڵەتی زەرورەتیان لە ڕێگرەکانی بەرپرسیارێتیی جینائی داناوە، وەك یاسای ئیتالی (م٥٤) و یاسای سویسری (م٣٤) و یاسای ئەڵمانی (م٥٤). هەندێکیشیان بەدەقێکی تایبەت باسی زەرورەتیان نەکردوە بەڵکو تەنها باسی حاڵەتی زۆرلێکردنیان کردوە وەك یاسای سزاکانی عومانی (م٩٩).

---

[1] شرح قانون العقوبات (المصري) القسم العام الطبعة العاشرة مطبعة جامعة القاهرة/ص٤٩٦.

[2] الدكتور عباس الحسني – شرح قانون العقوبات العراقي الجديد القسم العام مطبعة الأزهر/ بغداد: ص١٨٠.

[3] مادەکە دەڵیٚ: (تاوان لەئارادا نیە کاتیٚ تۆمەتبار لە ساتی ئەنجامدانی کردەوەکەدا لە حاڵەتی شێتیدا بیٚ، یان کاتیٚ بەهێزێك کە توانای بەرەنگاریکردنی نیە، زۆری لیٚ کرابیٚ).

هەندێ بەهیچ شێوەیەك باسیان لە رۆڵێکردن و زەرورەت نەکردوە، بەڵکو تەنها باسیان لە بەربەرستە خویەکان کردوە وەك شێتی و چکۆلەیی، لە خوارەوە چەند نموونەیەك لە دەقە جەزایە عەرەبییەکانی تایبەت بە حاڵەتی زەرورەت و مەرج و کاریگەرییەکانی دەخەینە روو:

یاسای سزاکانی میسری (م٦١)

(سزا لەسەر کەسێك نیە تاوانێك بکا کە زەرورەتی پارلستنی گیانی خۆی یان کەسیتر لە مەترسیەکی گەورە کە خەریك بێ روو بدات، ناچاری کردبێ بە ئەنجامدانی و ئیرادەی هیچ رۆڵێکی لە هاتنیدا نەبووبێ، توانایشی نەبووبێ بە رێگەیەکیتر بەری پێ بگرێ).

یاسای سزاکانی عێراقی (م٦٣)

(لەرووی جەزاییەوە لێی ناپرسرێتەوە ئەوەی تاوانێك ئەنجام بدا کە زەرورەتی پارلستنی خۆی یان کەسیتر، یان ماڵی خۆی یاخود ماڵی کەسیتر لە مەترسیەکی دەستەویەخە پێی کردبێ و ئەو بەئەنقەست نەبووبێتە بایسی و توانای نەبووبێ بە رێگەیەکیتر بەری پێ بگرێ، بەو مەرجەی کردەوەی پێکهێنەری تاوانەکە لەگەڵ ئەو مەترسیەی ویستویەتی خۆی لێ لابدات گونجاو بێ، ئەو کەسەی یاسا لەسەری ولجب کردوە رووبەرووی ئەو مەترسییە ببێتەوە وا حسێب ناکرێ کە لە حاڵەتی زەرورەتدایە).

یاساکانی (م٨٩–٩٠)ی ئوردنی و (م٢٢٩–٢٣٠)ی لوبنانی و (م٢٢٨–٢٢٩)ی سوری، هەروەها (م٢٥)ی کوێتیش وەك ئەمەن، جگە لە مەرجەکەی کۆتایی (ئەو کەسەی یاسا لەسەری ولجب کردوە رووبەرووی ئەو مەترسییە ببێتەوە، وا حسێب ناکرێ کە لە حاڵەتی زەرورەتدایە).

بەڵام دلڕشتنی یاسای عێراقی وردترە سەبارەت بە بەکارهێنانی دەستەواژەی (لەرووی جەزاییەوە لێی ناپرسرێتەوە) لەباتیی (سزای لەسەر نیە)، لەبەرئەوەی ئەو یاسایانەی باس کران کە لە ناوەرۆك و تاولخندا دەقاودەقی یاسای عێراقین، دەستەواژەی سزای لەسەر نیە (لا عقاب)یان بەکار هێناوە، ئەوەیش وەك پێشتر باسمان کرد عەیبدارە لەبەرئەوەی سزانەدلن مانای لێنەپرسینەوە نیە لەرووی جینائیەوە، بەپێچەولنەی پێچەولنەکەی.

مەرجەکانی حاڵەتی زەرورەت لەبەر تیشکی دەقەکاندا:

لەو دەقانەی لە یاسای سزلکانی وڵاتانی عەرەبی باس کرلن، ئەو ئەنجامە دێتە دەست بۆ ئەوەی زەرورەت رێگر بێ لە بەرپرسیارێتیی جینائی پێویستە ئەم مەرجانەی تێدا بێ:

١– بوونی مەترسیەك کە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێ:

أ- هەڕەشە لە گیان یان ماڵ بکا جا گیان و ماڵی بکەرەکە بێ یان کەسیتر، بە هەڕەشە بۆ سەر گیان حسێبە هەر مەترسیەکیش هەڕەشە لە ئازادی یان ناموس یان سومعە یان ئیعتیباری مرۆڤ بکا، کەواتە ئەو کەسە هیچ بەرپرسیاری لەسەر نیە بەهێزێکی بێئامان دەرگای لەسەر دادەخرێ و هیچ رێگەیەکی لەبەردەمدا نیە بۆ رزگاربوون جگە لە شکاندنی دەرگاکە، هەروەها ئەو پزیشکە بەرپرسیار نابێ کە نەشتەرگەریەکی لەباربردن بۆ رزگارکردنی گیانی دایکی کۆرپەلە ئەنجام دەدات، ئەسڵ ئەوەیە مەترسیەکە راستەقینە بێ، بەڵام بەگوێرەی رێسا گشتیەکان لە مەترسیدا دەکرێ مەترسی وەهمی ببێتە هۆیەك بۆ بەخشین لە بەرپرسیاریتی مادام هۆی ماقووڵ هەبن کە وا لە کەسێکی مامناوەند بکەن هەست بە بوونی مەترسیەکی جیدی بکات[1].

ب- مەترسیەکە گەورە بێ بەپێچەوانەی حاڵەتی بەرگریی شەرعی کە ئەو مەرجەی تێدا نیە، نهێنیی ئەو جیاوازیەیش ئەوەیە تاوان لە حاڵەتی زەرورەتدا دژی بێتاوانێك دەکرێ، بەڵام لە بەرگریی شەرعیدا دژی دوژمنێکی دەستدرێژکارە.

مەزەندەکردنی گەورەیی مەترسیەکە لەرووی زۆری و نەبوونیەوە لە دەسەڵاتی دادگەی بابەتەکەدایە و پێوەری کەسی مامناوەند کە لە دۆخی تۆمەتباردا بێ لەبەرچاو دەگیرێ[2]. مەترسی گەورە عادەتەن ئەوەیە هەڕەشە لە ژیانی مرۆڤ یان بەرکەوتنی بە ئازارێکی قووڵ دەکا، ئەگەر ئەوەی لە مەترسیەکە دەکەوێتەوە کەم بێ پاساو نیە بۆ بەخشران لە بەرپرسیاریتی، بۆ نموونە ترس لە سەرما رێگە نادا بە دزینی بەتانیەك مەگەر مەترسی لەسەر ژیان هەبێ، هەروەها برسێتی پاساو نیە بۆ دزیکردن مەگەر هەڕەشەی لەبرسا مردنی تێدا بێ، لەگەڵ ئەوەیشدا پێوەر بۆ مەزندەکردنی گەورەیی کەسیە، لەبەرئەوە بۆ قازی بەزۆری ئاستەمە گەورە و ناگەورە جیا بکاتەوە مەگەر قەرینەیەکی دەرەکی هەبێ.

ج- مەترسیەکە دەستەویەخە بێ بەوەی زیانەکە قەومابێ یان خەریك بێ بقەومێ، واتە زەرورەت لەئارادا نابێ ئەگەر زیانەکە رووی دابێ و بەردەوام نەبووبێ، یان دوور بوو، بەشێوەیەك بکرێ بە ئامرازێکیتر جگە لە تاوانەکە لابدرێ، کەواتە هەژار بۆی نیە بەپاڵنەری پرکردنەوەی پێویستیی زۆری لە ئایندەدا ماڵی کەسیتر بدزێ.

٢- ئیرادەی بکەر بەئەنقەست دەستی لە هاتنی مەترسییە دەستەویەخەکەدا نەبێ:

---

[1] د. محمود مصطفى – سەرچاوەی پێشوو: ص٤٩٤.

[2] سەرچاوەی پێشوو: ٤٩٨. القللي – سەرچاوەی پێشوو: ص٤١٦.

لە روانگەی ئەم مەرجەوە شتێك نیە بەناوی بەخشران لە بەرپرسیارێتیی جینائی بەبەڵگەی عوزری زەرورەت، وەك ئەو ئافرەتەی بەمنداڵێکی زۆڵ دووگیان بێ ئەگەر لەترسی ئابڕوچوون سکەکەی لەبار برد یان پاش منداڵبوون منداڵەکەی کوشت، بەڵام ئەگەر دووگیانبوونەکەی بە زۆڵ (منداڵی ناشەرعی) لەئەنجامی دەستدرێژییەوە بوو لە یاسادا، ئەگەر سکەکەی لەبار برد لەڕووی جینائیەوە بەرپرسیار نابێ، هەروەها لە بەرپرسیارێتیی جینائی نابەخشرێ ئەو کەسەی بووەتە هۆی کەوتنەوەی ئاگرێك لە شوێنێکدا پاشان لە هەوڵی دا بۆ رزگاربوون لە سووتان ناچار بوویێ کەسێك بکوژێ یان بریندار بکا، یان ئەوەی بەرتیل بدات بەپاسای ئەوەی ئەو کارەی بۆ رزگاربوون لە سزای شاردنەوەی شتی دزراو کردوە.

پوختەی قسە:

هیچ بنیادەمێك بۆی نیە کردەوەیەکی حەرام بکا پاشان بۆ رزگاربوون لەو کەتنەی کردویەتی تاوانێك بکا. مەرجە دەستەبوونی لە هاتنی مەترسیەکەدا بەئەنقەست بوویێ، ئەگەر مەترسیەکە بەهۆی کەمتەرخەمیی تاوانکار یان نەگرتنەبەری ئیحتیاتی پێویستەوە بوو، ئەوە رێگر نیە لەوەی خۆی لە بەرپرسیارێتی ئەو تاوانەی بۆ دوورخستنەوەی ئەو مەترسییە لە دۆخی زەرورەتدا ئەنجامی دەدا، قوتار بکا[1].

٣- تاوانکار نەتوانێ بەهیچ رێگەیەکیتر پێش بە مەترسیەکە بگرێ:

واتە ئەنجامدانی تاوانەکە تاکە رێگە بێ بۆ رزگاربوون لە زیانەکە، بەوەی ئامرازێکیتر نەبێ بۆ دوورخستنەوەی ئەو مەترسییە، لەبەرئەوەی رێگەدان بە تاوان لە زەرورەتدا شتێکی نائاساییە و لە حاڵەتی بوونی ئەوپەڕی زەرورەتدا نەبێ پەنای بۆ نابرێ، زەرورەتیش بە ئەندازەی خۆیان مەزەندە دەکرێت و پێویستە بە پێی توانا کەمترین قوربانی تێدا بێ، بۆ نموونە ئەگەر ئاگرێك لە شوێنێکی گشتیدا کەوتەوە و دەکرا بکوژێنرێتەوە، نابێ بەمەبەستی کوژاندنەوەی خانووی تەنیشتی بروخێنرێ.

لە دیدی هەندێ لە فیقولانی یاسای جینائیدا، ئەگەر زەرورەت وای خواست قوربانی بە گیانێك بدرێ بۆ پاراستنی گیانێکیتر و هیچ رێگەیەکیتر نەبوو، ئەوا بەخشین واجبە. ئەوەی یەکێکیتر بکوژێ تا خۆی

---

[1] القللي، سەرچاوەی پێشوو،ص٤١٨. محمود محمود مصطفی- سەرچاوەی پێشوو،ص٥٠١. الحسني- سەرچاوەی پێشوو،ص١٨١.

ڕزگار بکا سزای لەسەر نیە[1]، ئەمەیش پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامییە لەبەرئەوەی گیانی هیچ کەسێك لەپێش گیانی کەسێکیترەوە نیە.

٤- ئەو مەترسییە پاڵنەرێکی پاساوداری لە یاسادا نەبێ:

ئەگەر مەترسیەکە مەشروع بوو نابێ بەناوی زەرورەتەوە دوور بخرێتەوە وەك ئەو سەربازەی لەسەریەتی ڕووبەڕووی پرۆسە جەنگیەکان ببێتەوە و ئەو پۆلیسەی پابەندە بەوەی ڕووبەڕووی ئەو مەترسیە ببێتەوە کە لە قەڵاچۆکردنی تاوانباران دەکەوێتەوە، هیچکام لەوانە و هاوشێوەکانیان بۆیان نیە جگە لەو شێوازەی یاسا دیاری کردوە ئەو مەترسیانە دوور بخەنەوە. هەروەها ئەوەی بە بەخشنی چەکی بێ ڕەسید تۆمەتبار کراوە نابێ ئەو حاڵەتی زەرورەتە بکاتە پاساو کە لەو دەعوای ڕاگەیاندنی ئیفلاسبوونەی کە دژی بەرز کراوەتەوە، دەکەوێتەوە.

شرۆڤەکارانی یاسای جینائی تەعلیلی ئەم مەرجی چوارەمەیان کردوە بەوەی ئەگەر یاسا تاوانکار مولزەم دەکا بە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی و بەگژاچوونەوەی بە چەند شێوازێك کە کردەوە ئەنجامدراوەکە یەکێك نیە لەوانە، هەروەها ئەوە کە بۆی نیە ئەگەر ئەنجامی دا حاڵەتی زەرورەت بکاتە بەڵگە، ئەوا ئەم ئیلزامکردنە مانای دوورخستنەوەی ئەم حاڵەتە لە هەندێ بارودۆخی دیاریکراودا لەلایەن یاساوە دەگەیەنێ، ئەم دوورخستنەوەیە وەك قەیدێکە لەسەردەقە گشتیەکە، کە مەرجەکانی زەرورەتی دیاری کردوە[2].

٥- مەترسیەکە لە مەترسیی ئەو تاوانە زیاتر بێ کە پێی دوور خراوەتەوە[3]:

ئەگەر ئەم چوار مەرجە هەبوون تاوانکار لەبارەی تاوانی زەرورەت پرسوجۆ ناکرێ، جا چ تاوانەکە لە تاوانەکانی گیان یان تاوانەکانی ماڵ بێ، چ بەئەنقەست بێ یان نا.

ئەمە بنەمای باوە لە یاسا جینائییە وەزعیەکاندا، بگرە زیاد لەوەیش چووە، بۆ نموونە (م٣٤) لە یاسای ئەڵمانیای فیدراڵیی ساڵی ١٩٧٥ دەڵێ (حاڵەتی زەرورەت هۆیەکە بۆ ڕێپێدانی هەر تاوانێك بۆ

---

[1] مامۆستا القللي لە لا١٩٧دا دەڵێ: (ئەوەی کەسێکیتر بکوژێ تا خۆی ڕزگار بکا سزای لەسەر نیە، ئەمە ئەو چارەسەرەیە کە لەگەڵ دەقی م٦١ لە یاسای سزاکانی میسریدا دەگونجێ ئەگەرچی لەڕووی تیۆری یان یاساییەوە بەدەقی نووسین پێی ڕازی نیە).

[2] الحسني – سەرچاوەی پێشوو: ص١٨٥.

[3] ئەگەر مەترسیی تاوانە ئەنجامدراوەکە لەو مەترسیە گەورەتر بوو کە پێی دوور خراوەتەوە، یان لە پلە و زیانیدا یەکسان بوون، تاوانکار لەڕووی جینائیەوە بەرپرسیار دەبێ.

دوورخستنەوەی هەر مەترسیەك لەسەر گیان یان ماڵی مرۆڤ یان گیان و ماڵی کەسیتر). هەروەها یاسای ئیسپانی (م٦٠) و سۆڤیتی (م٢٢). فیقه و قەزای فەرەنسی لە تەفسیری (م٦٤) لە یاسای سزاکانی فەرەنسیدا هەمان رێچکەیان گرتوە، با وەك گوتمان هیچ دەقێکی تایبەتیش نیە چارەسەری حاڵەتی زەرورەت بکا.

دانانی حاڵەتی زەرورەت بە هۆیەك لە هۆکانی رێپێدان ئەم ئەنجامانەی خوارەوەی لێ دەکەوێتەوە:

١- حاڵەتی زەرورەت سیفەتە جورمیەکە لە کردەوە یان کەتکردنە پێکهێنەرەکەی تاوانەکە ناهێڵێ و کارەکە بە مەشروع حسێب دەکا پاش ئەوەی خۆی حەرام بوو، ئەوەی لەم نۆخە سوودمەندە وا دەردەکەوێ وەك ئەوەی مافێك یان ولجبێك ئەنجام بدات.

٢- شەریکەتاوانی کەسی ناچار سوود لە حاڵەتی زەرورەت وەردەگرێ لەبەرئەوەی بەپێی ئەم ئیعتیبارە عوزرێکی بابەتی (ماددی)یە پەیوەندی بە خودی کردەوەکەوە هەیە نەك کەسی بکەر، بۆیە دەبێتە موباح و تاوانکار لەرووی جینائیەوە بەرپرسیار نابێ، جا چ ئەسڵی بێ یان شەریك.

٣- ئەگەر ئەو تاوانەی لەژێر فشاری زۆرلێکردندا بە موباح دانرا، بکەرەکەی نە لەرووی مەدەنی، نە لەرووی جینائیەوە لەو کارانەی زیانیان بە کەسیتر گەیاندوە پرسوجۆ ناکرێ، بەڵام سەرەرای ئەوەی فیقه و قەزای فەرەنسی[1] رایان وایە زەرورەت لە هۆکانی رێپێدانە، بەڵام هەندێ لە شرۆڤەکارانی یاسای فەرەنسی رایان وابووە بکەر لەرووی مەدەنیەوە لێپرسینەوەیەکی ناتەواو (سووك)ی لەگەڵ بکرێ، لەوانە سافنیە کە دەڵێ: (دادپەروەری دەخوازێ زیانەکە لەنێوان بکەر و کەسانیتری زیانپێگەیشتوودا بەش بکرێ لەبەر کەمتەرخەمینەکردنی ئەمەی دوولایی کە قوربانیی بێتاوانە، بۆیە دادپەروەری ئەوەیە ئەو بەتەنها هەموو بارەکە هەڵنەگرێ و لە قەرەبووکردنەوەی هەموو ئەو زیانانەی پێی گەیشتوون بێبەری نەکرێ).

ئەمە لەسەر ئەو ئاراستە یاسایەی پێی وایە زەرورەت ئەگەر مەرجەکانی هەبوون لە هۆکانی رێپێدان دەبێ.

هەرچی ئاراستە باوەکەیە کە دەڵێ رێگرە لە بەرپرسیاریتیی جینائی، ئەوا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لە تاوانێك لەژێر فشاری زەرورەتدا کراوە دەکەونەوە ئەمانەن:

---

[1] یوسف قاسم سەرچاوەی پێشوو:٢٦٣.

١- تاوانکار لەڕووی جینائییەوە بەرپرسیار نابێ بەچاوپۆشین لە سروشتی تاوانەکە، وەك پێشتر باسمان کرد.

٢- کردەوەی تاوانکارانە ئەگەرچی لە حاڵەتی زەروورەتدا کراوە بەڵام پارێزگاری لە سیفەتە جورمیەکەی دەکا، کاریگەریی زەروورەت تەنها بەخشینی تاوانکارە لە لێپرسینەوەی جینائی و سزا، لەم ڕوانگەوە پێویستە وەك بەرپرسیارێتیی کەمتەرخەمیکردن لەڕووی مەدەنییەوە لەسەر زیانەماڵیەکان لێی بپرسرێتەوە کە هەرسێ ڕەگەزەکەی هەن و بریتین لە: هەڵە + زیان + پەیوەندیی هۆیی، سەرباری ئەوەیش ئەم لێپرسینەوە مەدەنییە بەلای ئەو یاسایانەی دلنیان بەوەدا ناوە زەروورەت ڕێگرە لە بەرپرسیارێتیی جینائی و لە هۆکانی ڕێپێدان نیە کۆدەنگی لەسەر نیە، وەك پاشتر باس دەکرێ.

٣- شەریکەتاوانی کەسی ناچار سوود لە دۆخی ناچاریەکەی نابینێ چونکە زەروورەت ئەگەر لە هۆکانی ڕێپێدان نەبێ سیفەتێکی شەخسی دەبێ، کە پەیوەندی بە کەسی بکەرەوە هەیە نەك کردەوەکە.

زەروورەت و لێپرسینەوەی مەدەنی لە یاسادا:

لە بنەڕەتدا نەبوونی بەرپرسیارێتیی جینائی نەبوونی بەرپرسیارێتیی مەدەنیش[1] ناخوازێ، ئەویش لەبەر جیاوازیی مەبەست لە هەریەکەیاندا، مەبەست لە پیادەکردنی سزای جینائی ترساندن و سڵەماندنەوەیە، لەکاتێکدا مەبەست لە بەرپرسیارێتیی مەدەنی تەنها قەرەبووکردنەوە و چاککردنەوەی زیان و پڕکردنەوەی ئەو کەلەبەرەیە پەیدا بووە.

ئەرکی دەقە جینائیەکان قەدەغەکردنی کردەوە زیانبەخشەکان و دیاریکردنی سزاکانە بەو شێوەیەی لەگەڵ قەبارەی تاوانەکەدا بگونجێ، هەروەها ڕادەی مەترسیداریی تاوانکار لەگەڵی بگونجێ، هەروەها فەرمانکردن بە ڕەچاوکردنی ئەو هەلومەرجەی دەوری هەریەك لە تاوانکار و تاوانسەر و

---

[1] بەهەمان شێوە نەبوونی بەرپرسیارێتیی مەدەنی نەبوونی بەرپرسیارێتیی جینائی پێویست ناکا، پەیوەندیی مەنتیقیی نێوانیان پەیوەندیی عموم و خسوسە لە ڕوویەکەوە و لە تاوانە دارایەکاندا کۆدەبنەوە، بۆ نموونە لە تاوانی دزیدا پێویستە قازی جگە لە حوکمدانی بە سزا بڕیاردراوەکەی تاوانەکە حوکم لەسەر دزەکە بدا بە قەرەبووکردنەوەی ماڵە دزراوەکە ئەگەر لەبەر فوتانی یان دەرچوونی لەدەست دزەکە نەدەتوانرا بۆی بگەڕێنرێتەوە. بەرپرسیارێتیی جینائی بەبێ مەدەنی لە تاوانەکانی تێکدانی ئاسایش و سەقامگیریدا بەدیدێ هەروەك بەرپرسیارێتیی مەدەنیش بەبێ جینائی لە زیانگەیاندن بە کەسیتر لەڕووی دارایەوە بەبێ بوونی قەسدی جینائیدا، بەدیدێ.

تاوانەکەی دلوە. لە روانگەی ئـەم واقیعـە یاسـاییەوە پێویـستە لـەبارەی کاریگـەریی زەرورەت لەسـەر بەرپرسیارێتیی مەدەنی لە یاسادا بۆ دەقە یاساییە مەدەنیەکان بگەڕێینەوە.

لەو رووەوە بابەتەکە پەیوەندی بە ڕێگرەکانی بەرپرسیارێتیی جینائیەوە هەیە، لەم باسەماندا تەنیا لەسـەر چـەند نموونەیـەك لـە دەقـەکانی یاسـا عەرەبیـەکان دەوەسـتین کـە بـاقیی یاسـا مەدەنییـە عەرەبیەکانی وڵاتانی عەرەبی لە بنەما سەرەکیەکاندا وەك ئەوانن و جیاواز نین.

یاسای مەدەنیی میسری م١٦٨ و سوری م١٦٩ و لیبی م١٧١ و یەمەنی ٣١٢:

(ئەوەی ببێتە هۆی زیانێك بە کەسیتر بۆ ئەوەی زیانێکی گەورەتر لە خـۆی یـان کەسـیتر لابـدات، پابەند (مولزەم) نیە بە هیچ جگە لە قەرەبوویەك کە قازی بە گونجاوی دەزانێ).

هەندێ یاسای مەدەنی وەك یاسای ئوردنی م٢٦٢ تەنیا باسی حاڵەتی بەرگریی شەرعی کردوە.

وردترین یاسای مەدەنی یاسای مەدەنیی عێراقییە م٢/٢١٣ کە دەڵێ (ئەوەی ببێتە هۆی زیانێك بە کەسیتر لەپێناو پارلستنی خۆی یان کەسێکیتر لە زیانێکی دەستەویەخە کە زۆر لەو زیانـە زۆرتـرە کـە بووەتە هۆی، مولزەم نیە بە هیچ جگە لە قەرەبوویەك کە دادگە بە گونجاوی دەزانێ).

مەرجەکانی پیادەکردنی حاڵەتی زەرورەت لە بەرپرسیارێتیی مەدەنیدا:

بۆ پیادەکردنی حاڵەتی زەرورەت لە بەرپرسیارێتیی مەدەنیدا بوونی ئەم مەرجانە پێویستە:

١- مەترسیەکی دەستەویەخە هـەبێ هەڕەشـە لـە گیـان یـان مـاڵ بکـا لـەرووی بەرپرسـیارێتیی مەدەنیەوە، واتە ئەو کەسەی بووەتـە بایسـی زیانەکـە خـۆی یـان کەسـیتر لەبـەردەم هەڕەشـەیەکی دەستەویەخەدا بن، جا ئەو هەڕەشەیە چ روو لە گیان بکا یان ماڵ.

٢- ئیرادەی کەسەکە هیچ دەستێکی لە هێنانەکایەی ئەو مەترسیەدا نەبێ، ئەگینا تەولو بەرپرسیار دەبێ لەو زیانەی بەمەبەستی خۆپارلستنی لەو مەترسییە بەکەسیتری دەگەیەنێ، ئەویش لە روانگـەی ڕێسا گشتیەکانەوە نەك لەسەر حوکمی ئەو مادە یاساییە باسکراوانە.

٣- ئەو زیانەی ویستراوە لابرێ لەو زیانەی رووی دلوە گەورەتر بێ، ئەگینا کردەوە زیانبەخشەکە بە هەڵە دادەنرێ و بەگوێرەی ڕێسا گشتیەکان بەرپرسیارێتیی مـەدەنیی کەمتەرخـەمی واجب دەکا، لەبەرئەوەی پیاوی ئاسایی ڕێگە بەخۆی نادات زیانێکی گەورە بە کەسێکیتر بگەیەنێ بۆ ئەوەی خـۆی لە مەترسیەکی سووکتر رزگار بکا.

حوكمی بەرپرسیارێتیی نائاسایی لە كارەكانی زەرورەت:

لەو دەقە مەدەنیانەی باس كران بەو ئەنجامە دەگەین كە ئەو كەسەی لەژێر فشاری زەرورەتدا كردەوەی زیانبەخش ئەنجام دەدات، هەڵەی نەكردوە ئەگەر ئەو سێ مەرجەی باس كران هاتبوونەجێ، لەبەرئەوە مەزەندەكردنی قەرەبووكردنەوەی ئەو زیانە بۆ قازیی بابەتەكە بەجێ هێڵراوە بەو شێوەیەی خۆی بۆ هەریەكێك لە حاڵەتانەی خوارەوە بە گونجاوی دەزانێ:

أ- ئەگەر قازی بینی بكەرەكە توانیویەتی بە زیانگەیاندن بە كەسێتر خۆی لەو زیانە گەورەترە بپارێزێ كە هەڕەشەی لێدەكرد، پابەندی دەكا بە قەرەبووكردنەوەی هەموو ئەو زیانەی بەكەسێتری گەیاندوە و زیانلێكەوتوویش بە دەعوای زەنگینبوون بەبێ هۆ دەگەڕێتەوە سەری[1].

ب- ئەگەر بینی سەرەڕای زیانگەیاندنی بە كەسێتر تەنیا توانیوێتی خۆی لە هەندێ لەو زیانەی هەڕەشەی لێ دەكرد لە دوور بخاتەوە، بۆی هەیە بەئەندازەی ئەو زیانەی بەكردەوە خۆی لێ لاداوە قەرەبوو بكاتەوە، واتە ئەندازەی ئەو سوودەی لە زیانگەیاندنی بە كەسێتر بینیویەتی. (دواتر زیانلێكەوتوو) بە دەعوای زەنگینبوون بەبێ هۆ دەگەڕێتەوە سەری.

ج- ئەگەر بینی بكەرەكە سەرەڕای زیانگەیاندنی بە كەسێتر نەیتوانی هیچ لەو مەترسییە دوور بخاتەوە كە هەڕەشەی لێدەكرد، دەتوانێ بكەرەكە بەهەڵە لە مەزەندەكردنی زەرورەت و بەرپرسیار لە هەموو زیانەكە دابنێ، هەروەها بە دەعوای بەرپرسیارێتیی كەمتەرخەمی دەگەڕێنەوە سەری، لەبەرئەوەی دەركەوتوە ئەو زیانەی ویستراوە خۆی لێ لابدرێ لەرووی گەورەییەوە یەكسانە بەو زیانەی رووی داوە یان كەمترە. لەم بارەدا هیچ كەسێك بۆی نیە زیانێك بە كەسێتر بگەیەنێ بۆ ئەوەی خۆی لە مەترسیەك لابدا كە لەو زیانەی بەو كەسە دەگا زیاتر نیە، هەركەس ئەوە بكا دەستدرێژكارە و بەرپرسیارێتیی كەمتەرخەمی بەتەواوی دەكەوێتە ئەستۆ.

د- ئەگەر كەسەكە زیانێكی بە كەسێتر گەیاند بۆ پاراستنی كەسی سێیەم لە زیانێكی گەورەتر، قازی بۆی هەیە تەماشای لە نەجابەتی ئەو بزوێنەرە بكا كە پاڵی بە بكەرەكەوە ناوە تا سنوورێك بۆ مەترسیەكە دابنێ و لە كەسێكەوە بیگوێزێ بۆ یەكێكیتر و بەپشتبەستن بەم تێڕوانینە بكەرەكە لە هەموو بەرپرسیارێتیەكەی ببەخشێ و تەنیا بڕیاری قەرەبووكردنەوە بدات، ئەویش بە مافدان بەو

---

[1] واتە نەك بە دەعوای بەرپرسیارێتیی كەمتەرخەمی، هەروەها لە حاڵەتی دووەمیشدا برگەی (ب).

کەسەی زیانەکەی پێ گەیشتووە کە بەدەعوای بەدەستهێنان بەبێ هۆ (یان زەنگینبوون بەبێ هۆ) بگەڕێتەوە سەر ئەو کەسەی زیانگەیاندنە بۆ لادانی زیانێکی گەورەتر بووە لەو[1].

بناغەی بەرپرسیارنەبوونی ناچار لە یاسادا:

پێشتر باسمان کرد فیقولانانی شەریعە لەسەر ئەوە رێك کەوتوون کە بناغەی بەرپرسیارنەبوونی ناچار نەهێشتنی زیانە گەورەترەکەیە بە زیانە سووکترەکە لە سنووری زەرورەتدا، لەبەرئەوەی زەرورەتەکانیش بە ئەندازەی خۆیان مەزەندە دەکرێن. بەپێچەوانەی ئەمە شرۆڤەکار و فیقولانانی یاسای جینائی لەسەر دیاریکردنی بناغەی نەبوونی ئەو بەرپرسیارێتییە یەکقسە نین، بەڵکو چەند رایەکی جیاوازیان هەیە، گرنگترینیان ئەمانەن:

أ- رایەك دەڵێ بناغە گەڕانەوەیە بۆ یاسای سروشتی لەبەرئەوەی یاسای دانراو (وەزعی) بۆ رێکخستنی کاروبار و پێویستیەکانی خەڵك بەشێوەیەکی باشتر و وردتر جێی گرتۆتەوە، ئەو یاسایە ئەگەرچی جێی ئەوی گرتۆتەوە بەڵام هەڵینەوەشاندۆتەوە، لەم روانگەوە هەرکات یاسای دانراو نەیتوانی ئامانجەکەی بەدی بێنێ یاسای سروشتی هێزی بۆ دەگەڕێتەوە.

لە یاسای سروشتیدا خێر و بێرەکانی سروشت موڵکی هاوبەشی سەرجەم ئادەمیزادەکانن و هەر تاکێك بۆی هەیە بەئەندازەی پێویستیی خۆی لێ وەربگرێ، پاش ئەوە یاسای دانراو خاوەندارێتیی تاکەکەسی هێنایە ناوەوە بۆ رێکخستنی ژیانی دلرایی، جا ئەگەر تاك تەنگانە رووی تێکرد بەشێوەیەك خەریك بوو نەبوونی لەناوی ببات و بەزەیی کەس لە هاوڕەگەزەکانی فریای نەکەوت، دەردەکەوێ یاسا وەزعیەکە نەیتوانیوە ئەو ئامانجە بپێکێ، ئەوکاتە یاسای سروشتی رێگەی پێدەدا بەئەندازەی پڕکردنەوەی پێویستیی خۆی و رزگاربوونی لە فەوتان لە ماڵی کەسیتر ببات، ئەوەیش دەمیات پاشماشتی ئەو موڵکایەتییە هاوبەشی نێوان هەموولە.

پیاوانی کەنیسە پێشەنگی ئەولە بوون ئەم بیرۆکەیەیان هەبووە و پاساویان داوەتە سزانەدانی دز لەسەر دزیەکەی لەکاتی قات و قڕی و هەژاریی نوتەکدا، لەبەرئەوە لەگەڵ خستنی بەرپرسیارێتیی ناچار لە حاڵەتی فەوتاندنی گیانێك بۆ رزگارکردنی گیانی خۆی یان گیانێکیتردا نەبوون، لەبەرئەوەی یاسای سروشتی هەرگیز رێی بەمە نەداوە. لایەنگرانی ئەم رایە لە سەدەی حەڤدەیەمدا زۆر بوون و دلکۆکییان

---

[1] الدکتور سلیمان مرقس: اصول الالتزامات:٣٧٩ و پاشتر. الدکتور السنهوري: الوسیط:١/٩٠٠ و پاشتر.

لە نەمانی بەرپرسیاریتی دەکرد هەرکات زەرورەت وای خولست تاوانێك ئەنجام بدرێ، جا چ دژی مال بێ یان دژی گیان[1].

تێبینی دەکرێ ئەم بۆچوونە سەبارەت بە حاڵەتەکانی دەستدرێژیکردنی ناچار بۆ سەر ماڵێك بۆ رزگارکردنی ژیانی خۆی و سزانەدانی دز لە حاڵەتی زەرورەتدا، لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامیدا کۆکە، بەلام لە بواری تاوانی کەسەکاندا و بە بەرپرسیاردانانی ناچار لەرووی مەدەنییەوە ئەگەر عوزرەکەی نەما لەگەڵیدا جیاوازە، چونکە جمهوری فیقولنانی شەریعەت رایان وایە قەرەبووکردنەوە واجبە بەگوێرەی ئەو وردەکاریەی پێشتر روون کرایەوە.

ب- **رایەك پێی وایە بناغە زۆرلێکردنی مەعنەوییە** لەبەرئەوەی ناچار ئەگەرچی ئیرادەی رۆڵی هەیە لە هەڵبژاردنی سووکترینی دوو شەردا، بەلام مەودای ئازادیی هەڵبژاردنەکەی بۆ نزمترین ئاست بەرتەسك بووەتەوە، سروشتی ئیرادەی مرۆڤیش لەژێر کاریگەریی غەریزەی مانەوەدا بەرەو ئەنجامدانی تاوان پەلکێش کراوە با لە رواڵەتیشدا وا دەردەکەوێ لەوەدا ئازادە، بەلام لەراستیدا ئەو زۆرلێکراوە بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە.

یەکێك لە خەوشەکانی ئەم ئاراستەیە ئەوەیە ئازادیی هەڵبژاردن و زۆرلێکردنی کۆکردۆتەوە، هەروەها پێی وایە نەمانی بەرپرسیاریتی بێ پاساوە ئەگەر تاوانەکە لەلایەن کەسێکیترەوە بوو جگە لەو کەسەی مەترسی دەوری داوە و ئەو دوو کەسە پەیوەندیەکی نزیك و پتەو پێکیەوە نەدەبەستن وەك باوك و فەرزەندی، ئەمە جگە لەوەی بەرپرسیارنەبوونی زۆرلێکراو بە زۆرلێکردنی مەعنەوی پێویستی بە بناغەیەك هەیە پاساوی بدات.

ج- **رایەکیتر پێی وایە بناغە بێسوودیی سزادانە کە سڵەماندنەوەیە**، چونکە ئەو تاوانەی لەژێر فشاری زەرورەتدا بکرێ سزادانی بکەرەکەی هیچ سوودێکی نیە لەبەرئەوەی ئەو بەحەزی خۆی و بە نیەتخراپی و ئیرادەیەکی گوناهکارانەوە نەیکردوە[2]. ئەم بۆچوونە ئەو تێبینیەی لەسەرە کە سوودی سزا تەنیا سڵەماندنەوە نیە، ئەگەر وایشمان دانا تەنیا ئەوەیە، ئەوا سڵەماندنەوە بۆ کەسێك بەسوودە ژیانی کەسێکیتر لەپێناو رزگارکردنی ژیانی خۆیدا لەناودەبات، بەتایبەت ئەگەر گوتمان بناغەی سزا دادپەروەرییە جا سوودی تێدا بوو یان نا.

---

[1] القللي، سەرچاوەی پێشوو:٤٠٦.

[2] سەرچاوەی پێشوو:٤٠٨.

د- **هەندێکیتر پێیان وایە بناغە بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکانە**، بناغەی سزانەدانی ناچار لەسەر ئەو تاوانەی کە بەهۆی مەترسیەکی دەستەویەخەوە کردویەتی بریتییە لە بایەخی مافی ژیان، لەبەرئەوەی ژیان یەکەم و باڵاترین مافە و مافە کەسیەکان لەخۆ دەگرێ و هەر دەست بۆ بردنێکی سەرجەم ئەو مافانە لەناو دەبا، چونکە ئەگەر ژیان نەما هیچ لەو مافانە نامێنن، لەبەرئەوە ئەگەر مافی کەسێك لە ژیان لەگەڵ مافی یەکێکیتر لە موڵکایەتی لێکیان دا پێویستە قوربانی بە موڵکایەتیەکە بدرێ، چونکە لەچاو مافی ژیاندا شتێکی کەمە، ئەمە جگە لەوەی بەپێچەوانەی مافی ژیان، مافی موڵکایەتی قەرەبوو دەکرێتەوە[1].

لە گرنگترین خەوشەکانی ئەم بۆچوونە ئەوەیە لەگەڵ رێساکانی مەنتیقدا لێك دەدا کە دەڵێن دەعوای گشتی بە بەڵگەی تایبەت ناسەلمێ، ئەوە کە ئەگەر بەرژەوەندیی ژیان لەگەڵ بەرژەوەندیی ماڵ تێك گیران، یەکەمیان پێش دووەم دەخرێ قسەیەکە نە لە شەریعەتی ئیسلامی و نە لە یاسادا دوو کەس نیە لەسەری ناکۆك بن، بگرە هەر ئەوە لە شەریعەتی ئیسلامیدا بناغەی نەمانی بەرپرسیارێتیی ناچار و پاساوی رێگەدانە بە رزگارکردنی ژیان بە ماڵی کەسیتر بەبێ مۆڵەتی خۆی، ئەویش لە روانگەی پێشخستنی گرنگتر بەسەر گرنگدا، بەڵام لایەنگرانی ئەم رایە پێیان وایە کەسی ناچار لە سەرجەم ئەو تاوانانەی لە حاڵەتی زەرورەتدا ئەنجامیان دەدات بەرپرسیار نابێ با بەرژەوەندی و مافە بەریەککەوتووەکانیش یەکسان بن، وەك ئەوەی ناچار لەپێناو پاراستنی ژیانی خۆیدا مرۆڤێکی بێگوناه بکوژێ، یان لەپێناو پاراستنی ماڵی خۆیدا ماڵی کەسیتر لەناوببات. خۆ ئەگەر تەنیا باسیان لە حاڵەتی بەریەککەوتنی بەرژەوەندییە ناهاوتاکان بکردایە ئەوا ئەم بۆچوونە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامیدا کۆك دەبوو.

زەرورەت و تیۆری باروودۆخە لەناکاوەکان لە یاسادا:

یاسا لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامی ناکۆك نیە لەوەدا پەیوەندیەکی پتەو لەنێوان زەرورەت و تیۆرە باروبۆخە لەناکاوەکاندا هەیە، بەڵام لەوەدا لێی جیاوازە کە بەمەرجی داناوە دۆخە لەناکاوەکە گشتی بێ، واتە دۆخی لەناکاوی تایبەت بە قەرزارەکە نە پاساوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی عەقد و نە بۆ هەموارکردنی پابەندیی تاقەتپڕوکێن. ئەوە روونە مەرجی گشتیبوونی رووداوی نائاسایی پێچەوانەی

---

[1] سەرچاوەی پێشوو.

بنەمای دادپەروەرییە کە تیۆرەکەی لەسەر دامەزراوە، هەروەها یاسا وەزعیەکان لەبارەی کاریگەریی تیۆرەکە لە هەڵوەشاندنەوەی عەقد یان هەموارکردنی ئەو پابەندیەی لێی دەکەوێتەوە ناکۆکن، ئەمە جگە لە ناکۆکییان لە دەستگرتن یان نەگرتن بە ئەسڵی تیۆرەکەوە، پاشان تیۆرەکە بە پەرەسەندن لە یاسادا تێپەڕیوە بەپێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامی کە وەك باسمان کرد هەر لە سەرەتاوە لەسەر بناغەی زەرورەت و هاوسەنگی لە پابەندیەکاندا ئیقراری کردوە. لە خوارەوە بەکورتی ئەم ڕاستیانە دەخەینە روو.

بناغەی یاساکە لە یاسای کەنەسیدا سەری هەڵدا، ئەو تیۆرێکی سەربەخۆی بۆ بارودۆخە لەناکاوەکان دانەنا، بەڵکو کۆمەڵێ ڕێسای بۆ پاراستنی لایەنی لاوازی عەقدەکە داهێنا، کە لە بنەمای مەسیحیانە وەرگیراون و بانگەشە بۆ میهرەبانی و برایەتی دەکەن تا کۆمەڵگە لە رق و کینە دوور بێ، لەبەرئەوە نەهی لە زەنگینبوونی ناڕەوا و مافخواردنی زەق و هەر شتێك کرد کە یەکسانی لە عەقددا، تێك بدات لەبەرئەوەی جۆرێکە لە سووی حەرام.

لایەنگرانی قوتابخانەی بارتون لە سەدەی دوازدەیەمدا ئەم بیرۆکەیەیان پەسەند کرد و بنەمای گۆڕانی بارودۆخیان لێ داڕشت، کە ئەوە دەگەیەنێ عەقد لەسەر مەرجێکی شاراوە لەنێوان هەردوو عەقدکار دادەمەزرێ، کە مانەوەی ببەسترێ بە مانەوەی ئەو بارودۆخەی لە سایەدا کراوە، ئەگەر گۆڕا پێویستە عەقدەکە هەموار بکرێ تا ئەو حەیفەی لەو گۆڕانەوە پەیدا بووە لاببرێ.

پاشان ناکۆکی لەسەر قبولکردن یان ڕەتکردنەوەی تیۆرەکەدا رووی دا، سەرسەختترین وڵات لە ڕەتکردنەوەی تیۆرەکەدا فەرەنسایە ئەویش وەك پەرۆشی بۆ دەستگرتن بە ئازادیی گرێبەندکردنەوە، بەڵام قەزای ئیداریی فەرەنسی لە کاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا بەهۆی گۆڕانی هەلومەرجی ئابووری و کاریگەری لە جێبەجێکردنی گرێبەندەکانی پابەندیی دامودەزگا گشتیەکان، کاری بە تیۆری بارودۆخە لەناکاوەکان کرد و پیادەی کرد، سەرباری ئەوەیش فیقوانانی فەرەنسی بەسەر دوو تیمدا دابەش بوون، تیمێك دژایەتی و تیمێك بەرگری لێدەکا، بەڵام گۆڕانی بارودۆخی ئابووری لەئاکامی هەردوو جەنگە جیهانیەکە یاسادانەری فەرەنسی ناچار کرد بە دەرکردنی یاسا بۆ هەندێ دۆخی تایبەت، کە هەندێ ڕێگەچارەیان تێدایە لەسەر بناغەی پیادەکردنی تیۆری بارودۆخە لەناکاوەکان دادەمەزرێن.

لەو وڵاتانەی پیادەکردنی تیۆری بارودۆخە لەناکاوەکان بە ڕێگەی ئیجتیهادی قەزایی قبوڵ کردوە ئەڵمانیایە —پاش دۆڕانی لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا— بە کاریگەریی بارودۆخی ئابووری کە پاش جەنگ گۆڕانی بەسەردا هات و ڕای قەزای ئەڵمانی لەسەر پەسەندکردنی تیۆرەکە لەسەر بناغەی

نیەتپاکی گیرسایەوە، کە دەخوازێ پاش گۆڕانی باروبۆخ عەقدەکە هەموار بکرێ. هەروەها ئیجتیهادی قەزایی لە سویسرایش شوێنپێی ئەڵمانیای هەڵگرت لە هەموارکردنی عەقد بەبێ هەڵوەشاندنەوەی لەسەر بناغەی بنەمای دڵپەروەری و نیەتپاکی.

قەزای ئینگلیزی دەستی بە بنەمای دڵپەروەریەوە گرت و لەسەر هەندێ باروبۆخ پیادەی کرد کە نزیکن لەو حاڵەتانەی تیۆری باروبۆخە لەناکاوەکانیان تێدا پیادە دەکرێ، بەم شێوەیە:

١– ئەگەر ئەو شتەی عەقدی لەسەر کراوە پاش عەقدکردنەکە فەوتا.

٢– ئەگەر دەرکەوێ هەردوولا بەمەبەستی پارێزگاریکردن لە شتەکە بەو شێوەیەی لەکاتی عەقدکردنەکەدا بینویانە عەقدیان کردبێ، پاشان ئەو حاڵەتە نەمابێ.

٣– ئەگەر جێبەجێکردن لەبەر هۆیەك کە لەکاتی ئیمزاکردنی عەقدەکەدا پێشبینی نەدەکرا دوا کەوت، یان زۆر دواکەوت بەشێوەیەك بووە مایەی گۆڕینی سروشتی جێبەجێکردنەکە بەتەواوەتی[١].

لەو یاسایانەیش یاساکانیان رێکخستنی حوکمەکانی ئەو تیۆرەیان بە دەقی تایبەت تێدایە:

یاسای پۆڵۆنی (م٢٦٩)، ئیتاڵی (م٤٦٧)، یۆنانی (م٣٨٨)، میسری (م١٤٧)، سوری (م١٤٨)، عێراقی (م١٤٦)، لیبی (م١٤٧)، کوێتی (م١٤٦)، ئوردنی (م٢٠٥)، یەمەنی (م٢١٤)، دەقەکانی ئەم مادانە لە تا رادەیەکی زۆر وەك یەکن و دەڵێن: (ئەگەر رووداوگەلێکی نائاسایی گشتی سەری هەڵدا کە نەدەتوانرا پێشبینی بکرێن، بەهۆی روودانیانەوە جێبەجێکردنی پابەندیی گرێبەندکارانە بۆ قەرزار ئەگەر مەحاڵیش نەبێ تاقەتپڕوکێن دەبوو بەشێوەیەك هەڕەشەی زیانێکی گەورەی لێدەکرد، دادگە بۆی هەیە بەگوێرەی باروبۆخ و بە هاوسەنگیکردن لەنێوان بەرژەوەندیی هەردوولادا پابەندییە تاقەتپڕوکێنەکە بۆ رادەی ماقووڵ بگێڕێتەوە ئەگەر دڵپەروەری وای خواست، هەر رێکەوتنێك جیاواز لەوە بەتاڵ دەبێ).

تێبینی دەکرێ هەموو ئەم یاسایانە بۆ پیادەکردنی تیۆری باروبۆخە لەناکاوەکان ئەوەیان کردۆتە مەرج کە بۆخەکە گشتی بێ و تایبەت نەبێ تەنها بە قەرزار، هەروەها قازی دەسەڵاتی مەزەندەکردنی هەیە و پابەند نیە بە هەموارکردنی پابەندیەکە، هەروەك دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی عەقدەکەی نیە، ئەم سیانە جگە لەوەی پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامن، لەگەڵ دڵپەروەریدا لێك دەدەن.

لەو یاسا عەرەبیانەی لە هەموو حاڵەتەکاندا کاری بە تیۆری باروبۆخە لەناکاوەکان نەکردوە، یاسای (الموجبات والعقود)ی لوبنانییە، بەڵکو لە گرێبەندی بەکرێدانداکاری بە هەندێ پیادەکردنی کردوە، لە

---

[١] الدكتور عبد السلام الترمانيني– نظرية الظروف الطارئة:٣٢.

(م٥٦٢)دا دلێ بە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەندا دەنێ لەکاتی فەوتانی بەکرێدراو، یان عەیبدارکردنی، یان گۆڕینی، یان بێبەشبوونی بەکرێگر لە سوود لێبینینی یان لە هەندێکی ئەگەر بەکەڵکی بەکارهێنان نەما بۆ ئەو مەبەستەی بۆی دروست کراوە، ئەوەیش بە هەڵەی هەردوو گرێبەندوان نەبوو، لەم حاڵەتەدا بەکرێگر تەنیا بەئەندازەی سوودبینینی لە شتە بەکرێگیراوەکە بڕێتی دەدا، هەروەها لە (م٥٦٣)دا باس لە کەمکردنەوەی بڕێتی دەکا لە حاڵەتێکدا بەکرێگیراو (المأجور) لە بەشێکیدا عەیبدار بوویێ، ئەوەیش بوویێتە مایەی کەمکردنەوەی سوودەکە، بەو مەرجەی کەمکردنەوەی بڕێتیەکە بە ڕێژەی ئەو زیانە بێ ڕووی داوە.

پرۆژەی لوبنانی لەم بوارەدا بۆ پیادەکردنی تیۆرەکە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامیدا دەگونجێ کە بەمەرجی دانەناوە دۆخە لەناکاوەکە گشتی بێ وەك —بەپێی زانیاریی من— باقیی وڵاتانیتری عەرەبی کردویانەتە مەرج.

لەم کورتەیەی خرایە ڕوو بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان زەرورەت و تیۆری بارودۆخە لەناکاوەکاندا هەیە، هەم لە شەریعەتی ئیسلامی و هەم لە یاسا وەزعیەکاندا.

زەرورەت و دانەوە بەنەخت لە یاسادا:

والدیارە ئاراستەی یاسا لەم بابەتەدا لەگەڵ ئاراستەی فیقوانانی شەریعەتی ئیسلامیدا کۆکە کە ئەم دانەوەیە (الوفاء) بیرۆکەی زەرورەت کاری تێناکا، لە خوارەوە دەقی هەندێ یاسای وڵاتانی عەرەبی تاسیەت بەم بابەتە دەخەینە ڕوو:

(م١٣٤) لە یاسای مەدەنیی میسری دەڵێ (ئەگەر بابەتی پابەندیەکە پارە بوو قەرزار پابەند دەبێ بە ئەندازەی ئەو ژمارەیەی لە عەقدەکەدا باس کراوە بەبێ ئەوەی بەرزبوونەوە یان نزمبوونەوەی نرخی ئەو پارەیە لەکاتی دانەوەدا هیچ کاریگەرییەکی هەبێ). (م١٣٥)ی یاسای مەدەنیی سوری و (م١٣٦)ی مەدەنیی لیبیش ڕێك وەك ئەم یاسایەن.

بەراورد لەنێوان شەریعەتی ئیسلامی و یاسا لەبارەی کاریگەریی زەرورەت:

بەبەراوردکردن لەنێوان شەریعەتی ئیسلامی و یاسا جەزاییە وەزعیەکاندا دەردەکەوێ ئەندازەیەکی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە، ئەویش ئەوەیە ڕەفتارەکانی مرۆڤ چ جینائی بن یان مەدەنی بەشێوەیەکی تەواوەتی یان ڕێژەیی دەکەونە ژێر کاریگەریی زەرورەت ئەویش بەگوێرەی ئەو وردەکاریانەی لە هەردوو باسی پێشوودا خستمانە ڕوو.

بەڵام شەریعەتی ئیسلامی لەم بابەتەدا کۆمەڵێ جیاکەرەوەی لەگەڵ ئەو یاسایانەدا هەیە، لەوانە:

یەکەم: شەریعەتی ئیسلامی کارتێکردنی رەفتارەکانی مرۆڤ بە حاڵەتەکانی زەرورەتەوە لەسەر کۆمەڵێ بناغە و بنەمای جێگیر لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر دادەمەزرێنێ و بەگۆڕانی کەسەکان، یان گۆڕانی کات و شوێن ناگۆڕێ، لەم بناغانە:

١. لا ضرر ولا ضرار[١].

٢. الضرر يزال.

٣. الضرورات تجيز المحظورات.

٤. الاضطرار لا يبطل حق الغير. (واتە: ناچاری مافی کەسیتر بەتاڵ ناکاتەوە).

٥. الضرر يدفع بقدر الامكان. (واتە: زیان بەپێی توانا دوور دەخرێتەوە).

٦. الضرر الأشد يزال بالضرر الأخف. (واتە: زیانە گەورەترەکە بە زیانە سووکترەکە لادەبرێ).

٧. إذا تعارضت مفسدتان روعي لعظمها ضرراً بارتكاب أخفهما. (واتە: ئەگەر دوو خراپە تێک گیران، بەزیانترەکەیان لەبەرچاو دەگیرێ، بەئەنجامدانی سووکترەکەیان).

لەکاتێکدا تائێستا نە یاسا و نە رای شرۆڤەکارانی یاسا لەسەر دیاریکردنی بناغەیەکی روون و جێگیر بۆ نەمانی بەرپرسیارێتی بەتەواوی یان جوزئی لە حاڵەتەکانی زەرورەتدا جێگیر نەبوون.

دووەم: ئامانجەکانی شەریعەتی ئیسلامی بریتین لە بەرژەوەندیەکانی مرۆڤایەتی وەک ئەفەرموێ: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ﴾[٢]

رەحمەت بریتییە لە بەرژەوەندی، بەرژەوەندیش بریتییە لە سوودی هێنراو یان زیانی دوورخراوە، بەرژەوەندیەکە چ ماددی بێ یان مەعنەوی، دنیایی بێ یان ئوخرەوی، ئەم بەرژەوەندیانەیش هەندێکیان زەرورین کە سیستەمی هیچ کۆمەڵگەیەک لە جیهاندا رێک نابێ ئەگەر یەکێک لەوانە تێیاندا تێک بچێ،

---

[١] لا ضرر: واتە نابێ هیچ زیانێکی ماددی یان مەعنەوی ماڵی یان جەستەیی بەناهەق بەکەسیتر بگەیەنرێ. لا ضرار: واتە نابێ زیان بە زیان وەڵام بدرێتەوە، چونکە زیان بە هاوشێوەکەی لەناو نابرێ جگە لە تاوانەکانی قیساس. ئەوەی زیانێکی بەدەست کەسیتر پێ گەیشت مافی قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانەی هەیە و بۆی نیە بەهەمان شێوە وەڵامی بداتەوە.

(پێشتر مانای هەندێ لەم رێسایانە کراونەتە کوردی –وەرگێڕ)

[٢] سورة الانبياء:١٠٧.

ئەوانیش بەرژەوەندیی ئاین و ژیان و نـاموس و مـاڵ و ئـەقڵن، هەنـدێکیان بەرژەوەنـدیی تایـەتن کـە پەیوەنـدییان بـە پێویسـتیەکانی مـرۆڤ لـە ژیـان و گوزەرانـدا هەیـە بـەبێ زەحمـەتی و تەنگانـە لـە پەیوەندیـەکانی مـرۆڤ لەگـەڵ مـرۆڤ لـە بـاقیی بوارەکانـدا، هەندێکیشـیان بەرژەوەنـدیی کـەمالی (یـان تەحسینی)ن و پەیوەندییان بەو ئاکارانەوە هەیە کە پێویستە مرۆڤ خۆیان پێ برازێنێتەوە لە رەوشـتی جوان و وازهێنان لەو سیفەتانەی لە شوێن و پێگەی مرۆڤ لەنێوان زیندەوەرەکاندا ناوەشێنەوە.

زانایانی شەریعەتی ئیسلامی کۆمەڵێ ڕێکخەری گشتییان داناوە بۆ هاوسـەنگیکردن لـەنێوان ئـەم بەرژەوەندیانەدا کاتێ تێك بگیرێن، لەوانە:

أ- ئەگەر بەرژەوەندیی پاراستنی ئاین لەگەڵ بەرژەوەندیی پاراستنی ژیاندا تێك گیرا، قوربانی بە دووەم دەدرێ لەپێناو یەکەمدا، لەبەرئەوەی ژیان بەبێ ئاین هیچ نیە، ئەوەی ئاینی نەبێ پابەندی نیـە، ئەوەیش پابەندی نەبێ شایستەی ئەوە نیە ئەندامێکی کۆمەڵگە بێ.

ب- ئەگەر بەرژەوەندیی پاراستنی ژیان یان بەرژەوەندیی پاراستنی مـاڵ لەگـەڵ بەرژەوەنـدیی پاراستنی ناموسدا تێك گیرا، دووەمیان پێش دەخرێ، چونکە ئەوەی ناموسی نـەبێ کەرامـەتی نیـە، ئەوەیش کەرامەتی نەبێ شایستەی ژیان نیە.

ج- ئەگەر بەرژەوەندیی پاراستنی ژیان لەگەڵ بەرژەوەندیی پاراستنی ماڵدا تێك گیرا، یەکەمیان پێش دەخرێ، لەبەرئەوەی ژیان ئەگەر نەما قەرەبوو ناکرێتەوە، بەپێچەوانەی ماڵ.

د- ئەگەر بەرژەوەندییە زەروری و حاجی و تەحسینیەکان تێك گیران، یەکەمیان پێش دووەم و سێیەم، دووەمیش پێش سێیەم دەخرێ، ئەویش بەپێی گرنگی و رۆڵیان لـە ژیـانی مـرۆڤ و سیسـتەمی ژیاندا.

ئەمە لەکاتێکدا لە یاسـا وەزعیەکانـدا ئـەم جـۆرە دابەشـکردنانە بـۆ بەرژەوەنـدی و ڕێکخـەرەکان بەمەبەستی نەهێشتنی دژیەکیی نێوانیان، نیە.

<u>سێیەم</u>: سەبارەت بە کاریگەریی زەرورەت لە تاوانەکاندا فیقولنانی شەریعەت تاوانیان بۆ سێ بەش دابەش کردوە: تاوانەکانی حدود + تاوانەکانی قیساس و خوێنبایی + تاوانەکانی تەعزیر.

بەشی یەکەم بەکۆی دەنگ زەرورەت کاری تێدەکا، لەبەرئەوەی لانیکەم بە شوبهەیەك دەژمێردرێ و حەددەکانیش بە شوبهە رادەگیرێن، هەروەها لەبەرئەوەی تـاوانن دژی مافـە گشـتیەکان (مافـەکانی خـوا) یـان ئەوانـەی لایـەنی گشـتی تێیانـدا بەسـەر لایـەنی تایبەتـدا زاڵـە، هـەروەها ڕێگـەدان بـە دەستدرێژیکردنە سەر مافی گشتی لە ڕێگەدان بە دەستدرێژیکردنە سەر مافی تایبەت زیاترە.

سەبارەت بەبەشی دووەم زەرورەت لە تاوانەکانی ئەم بەشەدا بە عوزرێکی بەخشەر دانانرێ، بەڵکو عوزرێکی سووکێن دادەنرێ لەبەرئەوەی کەس فەزڵی بەسەر کەسیترەوە نیە بەتەقوا نەبێ، خەڵك وەك دانەکانی شانە یەکسانن، هەموو لە ئادەمن و ئادەمیش لە خاکە. ئەو کانزایەی هەموو مرۆڤێکی لێ دروست کراوە خاکە، لەبەرئەوە نابێ قوربانی بە گیانی کەسێك بدرێ لەپێناو رزگارکردنی گیانی کەسێکیتردا.

هەرچی بەشی سێیەمە ئەو تاوانانەی پەیوەندییان بە مافەکانی خواوە هەیە وەك بەکارهێنانی مەستیبەخش و هۆشبەرەکان و خواردنی گۆشتی مردار و باقیی حەرامکراوەکانیتر لە باروبۆخە ئاسایەکاندا، لە حاڵەتی زەرورەتدا دەگۆڕێن بۆ کاری موباح، ئەوانەیش لە بابی روخسەتن و هیچ بەرپرسیارێتیەکی نە جینائی و نە مەدەنییان لێ ناکەوێتەوە.

هەرچی دەستدرێژیکردنە سەر ماڵی خەڵکە لە حاڵەتی زەرورەتدا، ئەوا زەرورەت بە عوزرێکی بەخشەر لە بەرپرسیارێتیی جینائی دادەنرێ، بەڵام بکەرەکە لەرووی مەدەنیەوە بەبەرپرسیار دادەنرێ و لەسەریەتی قەرەبووی ئەوە بکاتەوە کە لەپێناو رزگارکردنی خۆیدا لەناوی بردوە یان بەکاری بردوە، لەبەرئەوەی ناچاربوون مافی کەسیتر بەتاڵ ناکاتەوە.

بەڵام ئەم دابەشکردنە ورد و رێکخەرە روونانە لە یاسا وەزعیەکاندا نابینین.

<u>**چوارەم:**</u> شەریعەتی ئیسلامی جیاوازی لەنێوان باروبۆخی لەناکاوی گشتی یان تایبەت بە قەرزاری ژێر باری پابەندیەکی تاقەتپڕوکێن ناکا، لەبەرئەوەی عیللەکە یەکە ئەویش بارگرانییە، حوکمیش لە بوون و نەبوونیدا لەگەڵ عیللەکەیدا دەسورێ، لەبەرئەوەی ئامانج یەکە ئەویش بەزەییە بەرانبەر قەرزاری بارگران و رزگارکردنی لانیکەم لەرێی هەموارکردنی پابەندیەکەیەوە ئەگەر گرێبەندەکە هەڵنەوەشێنرێتەوە، جگە لەمە بناغەکە یەکە ئەویش بنەمای دادپەروەرییە، لەکاتێکدا بایەخ نە بە عیللە و نە بە ئامانج و نە بە بناغە نادەن و ئەوەیان بە مەرج بۆ پیادەکردنی تیۆری باروبۆخە لەناکاوەکان داناوە کە ئەو باروبۆخە لەناکاوە گشتی بێ، ئەگەر تایبەت بێ بە قەرزار بواری پیادەکردنی نیە و پێویستە کابرای قەرزار بەرگەی هەموو بارە گرانەکە بگرێ.

پاشان فیقوانانی شەریعەت -وەك حەنەفی- تیۆری باروبۆخە لەناکاوەکانیان لە بواری دانەوە بەپارە لە حاڵەتی هەڵبەز و دابەزی هێزی کرینی دراوی کارپێکراو لە وڵاتی قەرزارەکەدا پیادە کردوە، جیاواز لە یاسا کە -بەپێی زانیاریی من- یاسایەك نابینین چارەسەری ئەم بابەتەی کردبێ بۆ رزگارکردنی قەرزار لەو بارگرانیەی کە لەوانەیە لەسەرووی تاقەت و توانای داراییەوە بێ.

پێنجەم: بەپێی زانیاریی من یاسایەك نابینین بابەتی قۆرخکاری و دیاریکردنی نرخی لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا چارە کردبێ، ئەگەرچی شەریعەتی ئەم جیهانە دلوا لە دەسەلاّت دەکا دەست وەربدات لەپێناو هەلگرتنی ستەمی بازرگانان و نەهێشتنی مافخورانی بەکاربەران، ئومێدمان زۆرە یاسادانەران فریای ئەو کەلەبەرە یاساییە بکەون.

باسی سێیەم:
زەرورەت و کارە پزیشکیەکان

لەم باسەدا ئەو وەلاّمانە خراونەتە روو کە لەلایەن سەندیکای پزیشکان (لقی نەینەوا)وە ئاراستەم کراون و داوام لێکراوە لەرووی شەرعی و یاساییەوە وەلاّمیان بدەمەوە بۆ سیمیناری (پزیشکی لەنێوان شەرع و یاسادا)، کە لە ١٦ای رەبیعولئەوەلی ١٤١٤، بەرانبەر ١٩٩٣/٩/٢ بەسترا و شەرەفی بەشداریکردنیم هەبوو، لەبەر پەیوەندیی پتەوی بە بەرپرسیارێتیی جینائی و حالّەتەکانی زەرورەتەوە کردم بە پاشەکیی باسەکە.

پرسیارەکان:

پ١– پێناسەی مردن لەرووی پزیشکی و شەرعی و یاساییەوە.

پ٢– بوژانەوەی دەستکرد، ئامرازە پزیشکیەکانی، کەی و کێ بەرپرسە لە وەستاندنی دەزگا دەستکردەکان و راگەیاندنی مردنی نەخۆش؟

پ٣– پێویستی بە برینەوە و چاندنی ئەندامی جەستەی مرۆڤ بەمەبەستی رزگارکردنی ژیانی نەخۆش.

پ٤– هەلّوێست لەو نەخۆشەی لەکاتێکدا ئەگەری تووشبوونی بە مەترسیی گەورە لەئارادایە، خۆی یان کەسوکارەکەی چارەسەر رەت دەکەنەوە.

پ٥– گەنگەشەیەکی پزیشکی و شەرعی و یاسایی بۆ ئامرازە جیاوازەکانی رێگرتن لە سکپڕی.

پ٦– گەنگەشەکردنی کۆتاهێنان بە سکپڕی لەبەر هۆی پزیشکی. پزیشك کەی رەزامەندی لەسەر کۆتاهێنان بە سکپڕی دەدات و رای شەرع و یاسا چییە؟

وەڵامەکان:

بسم الله الرحمن الرحیم، سوپاس بۆ ئەو خوایەی فەرمویەتی ﴿سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنفُسِهِمْ﴾[1]، درود و سڵاو بۆ سەر گیانی دوایین پێغەمبەر کە رێنمایی کردین بۆ ئەوەی "حیکمەت گومبووی بڕواداره" و لە هەر کوێ بینیەوە ئەو لە هەموو کەس لەپێشترە بۆی. هەروەها لەسەر ئال و یاوەرانی کە ئەستێرەی رێنوێنی و خۆری رۆشنکردنەوەی رێگەی گەیشتن بوون بە هەق و دادپەروەری.

پاش ئەوە، وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە پێشوەخت پێویست بە زانینی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکا:

یەکەم: لەرووی شەرعی و یاساییەوە حوکمی هەموو تازە سەرهەڵداوێك (مستجد) لە دەقەکان دەردەهێنرێ، ئەگەر لەوێوە نەکرا پەنا بۆ پیادەکردنە فیقهیەکان و پێشینە قەزاییەکان دەبرێ، ئەگەر لەوانەیشدا نەبوو پەنا بۆ رێسا گشتیەکان دەبرێ.

دووەم: قورئانی پیرۆزە دەستووری خوایە بۆ بەندەکانی و هەموارکردنی دەستووره ئیلاهییەکانی رایرووە. دەستووریش ناچێتە ناو وردەکاری و جوزئیاتەکان، بەڵکو ئەرکی پلاندانان و نەخشەرێژی و دانانی رێسا و بناغە گشتیەکان و ئاراستەکردنی ئەقڵی پسپۆڕانە بۆ گێڕانەوەی جوزئیاتەکان بۆ ئەو کولیاتانە.

قورئان چوارچێوەیەکی بۆ ئەخلاق کێشاوە، پاشان بە ئەقڵی بەشەری گوتوە دەی لەناو ئەو چوارچێوە ئەخلاقیەدا و لەبەر تیشکی پێداویستیەکان و پەرەسەندنی ژیاندا بجوڵێ، بەو مەرجەی لێی دەرنەچیت.

سێیەم: ئەگەر خێزانی مرۆڤایەتی لەسەرەتای خەلقەوە تا کۆتایی ژیان لەسەر ئەم هەسارەیە، لە سوژدەدا بۆ خوا بەسەر ببات هیچ لە مەزنیی خوا زیاد ناکات، هەروەها ئەگەر لە زەندیقی و ئیلحادیشدا بەسەری ببات هیچ لە مەزنیی خوا کەم ناکات.

لێرەوە دەزانین سەرجەم دەستووره ئیلاهیەکان بە قورئانی پیرۆزیشەوە، بۆ بەرژەوەندیی ئادەمیزاد دابەزیون، بەرژەوەندیش دوولایەنەیە، **لایەنی ئەرێنی** بەمانای هێنانی سوود، لەگەڵ **لایەنی نەرێنی** واتە لادانی زیان یان خراپە. قورئانی پیرۆز بەدەق باسی ئەمەی کردوە و ئامانج لە پەیامی

---

[1] سورة فصلت:٥٣.

محەمەدی لە بەرژەوەندیی مرۆڤدا كورت كردۆتەوە و ئەفەرموێ: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ﴾[1]. رەحمەتیش بریتییە لە بەرژەوەندیی دنیا و ئاخیرەت، ماددی و مەعنەوی، ئەرێنی و نەرێنی.

چوارەم: قورئانی پیرۆز فێری كردووین زۆربەی ئەو حوكمانەی رووبەرووی مرۆڤ دەبنەوە دوو حوكمیان هەیە: حوكمێك لە حاڵەتە ئاساییەكاندا كە پێی دەوترێ بوێری (**عەزیمەت**)، حوكمێكیش بۆ بارودۆخە نائاساییەكان و پێی دەوترێ مۆڵەتدان (**روخسەت**).

بۆ نموونە خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ بِهِ لِغَيْرِ اللَّهِ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾[2]. حوكمی خواردنی مردار و گۆشتی بەراز و خواردنەوەی خوێن لە حاڵەتی ئاساییدا حەرامە، بەڵام لە بارودۆخی نائاساییدا رێپێدان و حەڵاڵكردنە.

ئەمە رێنماییە بۆ مرۆڤ كە لە هەموو دۆخێكی نائاسایی و لەكاتی زەرورەت و پێویستیی زۆردا بۆی هەیە لە حوكمە ئەسڵییەكەی رووداوەكەوە لابدات بۆ حوكمە نائاساییەكەی، لەبەرئەوەی ئاینی خوا زەحمەتی تێدا نیە ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ﴾[3]، هەروەها لەبەرئەوەی ئاینی ئاسانییە ﴿يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ﴾[4].

پێنجەم: شەریعەتی ئیسلامی ئاینی فیترەت و ئاینی زانست و كارە، ماوەی نیو سەدەیە لەگەڵ شەریعەت و ماوەی زیاتر لە چارەكە سەدەیەكە لەگەڵ یاسا دەژیم، شتێكم تێدا نەدیوە لەگەڵ زانست و واقیع و فیترەتی مرۆڤدا لێك بدات، هەروەها رایەكی دروستم لە یاسادا نەدیوە ئیللا فیقوانانی شەریعەتی ئیسلامی پێش ئەو گوتوویانە، شەریعەتی ئیسلامی رێكخستن و پیادەكردنە، رێكخستن كە لە رێسا هەمەكی (كلي)یەكاندا خۆ دەنوێنێ نەگۆڕە، بەڵام ئەوەی بەگوێرەی شوێن و كات دەگۆڕێ پیادەكردنە (التطبيق).

شەشەم: لە حاڵەتی بەریەككەوتنی سوودەكان یان سوودەكان لەگەڵ خراپەكان یان خراپەكان لەگەڵ خراپەكاندا، پێویستە ئەقڵی پسپۆڕان پەنا بۆ بەراوردكردن ببەن بۆ زاڵكردنی لایەنێك بەگوێرەی باشترین پێوەر و دیسپلین، كە زانایانی ئوسوڵ و فیقوانانی شەریعەت دایانناون.

---

[1] سورة الانبياء:١٠٧.

[2] سورة النحل:١١٥.

[3] سورة الحج:٧٨.

[4] سورة البقرة:١٨٥.

حەوتەم: وەڵامەکانمان بۆ ئەو پرسیارانە لەبەر تیشکی ئەو خاڵانەدا دەبن:

پێناسەی مردن لەڕووی سروشتی و شەرعی و یاساییەوە:

پێناسەی هەموو شتێك بریتییە لە روونکردنەوەی حەقیقەتەکەی، ئەوەیش لەسەر زانینی شتە خوییەکان یان لانیکەم تایبەتمەندییە خوییەکانی دەوەستێ، لەبەرئەوەی پێناسە وەك زانایانی مەنتیق دەڵێن یان حەددێکی تەواوە ئەگەر بە پۆل (فصل) و رەگەز (الجنس)ی نزیك بوو، یان حەددێکی ناتەواوە ئەگەر بە پۆلی نزیك و رەگەزی دوور بوو، یاخود وێنەیەکی تەواوە ئەگەر بە رەگەزی نزیك و تایبەتمەندی (الخواص) بوو، یان وێنەیەکی ناتەواوە ئەگەر پێناسە بوو بە خەواس لەگەڵ رەگەزی دوور یان تەنیا بە خەواس.

تائێستا -بەگوێرەی ئەوەی من بزانم- کەسێکمان نەدیوە پێناسەی مردنی کردبێ بە جگە لە بەشی چوارەم و کۆتایی، ئەویش پێناسەکردنە بە خەواس لەبەرئەوەی ئەو شتە خوییانەی دەچنە ناو حەقیقەتی مردن هێشتا لای زانایانی شەریعەت و پزیشکی و پیاوانی یاسا نەزانراوە.

ئەو پێناسە بڵاوەی کە لەلای خەڵکی گشتی و تایبەت ناسراوە و فیقوانانی شەریعەت وەریانگرتووە ئەوەیە (مردن جیابوونەوەی گیانە لە جەستە). ئەم پێناسە سادەیە ئەگەر لە گۆشەی فیقهی و عورفی و زمانەوانییەوە بۆی بڕوانین دەبینین بەڵگەنەویستە، موناقەشەکردنی بەڵگەنەویستەکانیش مەنتیق و ئەقڵی ساغ رەتی دەکەنەوە.

خۆ ئەگەر لەڕووی شیکاری و زانستی و فەلسەفییەوە بۆی بڕوانین دەبینین پێناسەکردنە بە نەزانراو (التعریف بالمجهول) و بەوەی لە ناسێنراوەکەی شاراوەترە کە مردنە، پێناسەکردنیش بە شاراوەتر لەڕووی لۆژیکییەوە رەتکراوەیە، لەبەرئەوەی لە مەرجەکانی دروستیی پێناسە ئەوەیە لە پێناسەکراوەکەی زەقتر و روونتر بێ، لەبەرئەوەی ئەقڵ و زانست هێشتا نەگەیشتونەتە دۆزینەوەی نهێنیی ئەو دوو وشەیەی لە پێناسەکە هاتوون (جیابوونەوە و گیان).

جیابوونەوە (المفارقە) چییە و ئەو ساتە جیاکەرەوەیەی نێوان ژیان و مردن بەوردی چییە؟

ئەم پرسیارە وەك من بزانم تائێستا وەڵامی نەدراوەتەوە تەنیا لەڕێگەی ئاسەوار و نیشانە و رواڵەتە تایبەتەکانی مردنەوە نەبێ، واتە لە رێگەی کردنی کاریگەری (الاثر) بەبەڵگە لەسەر کارتێکەر (المؤثر)، ئەم بەبەڵگەکردنەیش بە بەڵگەیەکی زانستی بنبڕ دادەنرێ ئەگەر هەموو پێشەکییەکانی بەڵگەنەویست

(یان یەقینی) بن، بەڵام ئەگەر گومانگر (ظني) یان پێکهاتوو لە گومانگر و یەقینی بوون ئـەوا بەحـەتمی ئەنجامەکە کە حەقیقەتی مردنە گومـانگر دەبـێ، لەبەرئـەوەی وەك زانایـانی مـەنتیق دەڵـێن، ئـەنجام شوێنکەوتەی سادەترین پێشەکیەکانیەتی.

لەو رووەیشەوە ژیان یەقینییە ناتوانین بەپشتبەستن بە ئاسەوار و نیشانی گومانگر یـان جێگومـان حوکمی نەمانی بدەین، لەبەرئەوەی رێسا شەرعی و یاساییەکە دەڵێ: (یەقین بە گومان لاناچێ).

گیان چییـە؟

ئەمە بەشەکەیترە کە لە پێناسەی مردندا وەرگیراوە، بـەوەی جیابوونـەوەی گیانـە لـە جەسـتە و هێشتا لای مرۆڤ نەزانراوە لەبەرئـەوەی مـرۆڤ زانسـتی تیـۆری لـەرێی دەق یـان هەسـت یـان ئەقڵـەوە وەردەگرێ.

دەقی قورئان دەڵێ: ﴿وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُم مِّن الْعِلْمِ إِلاَّ قَلِيلاً﴾[1].

هەرچی هەستە تەنیا دەرك بە شتە ماددیەکان دەکـا. گیـان (رۆح) وەك زانـا و فەیلەسـوفەکان دەڵـێن جەوهەرێکی رووتی ناماددییە کە ناچێتە ژێر باری دەرك پێکردنی هەستەکان و زانستی ئەزموونی.

هەرچی ئەقڵە؛

ئەقڵ نەزانراوە (تەسەوری) و (تەسدیقی)ـەکان لـە زانـراوە تەسـەوری و تەسـدیقیەکان بەدەسـت دێنێ. ئەم زانراوە یاخود زانیاریانە لای زانایانی شەریعەت و پزیشکی شوێنەوار و نیشانەکانی مردنن، کە گومانی هەڵـە یـان راسـتیان لـێ دەکرێ، سـەرباری هـەموو ئەوانـەیش فیقولنـانی شـەریعەت لـەپێناو دیاریکردنی ژیان و مردن و سنووری نێوانیاندا چییان لەدەست هاتبێ کردویانە.

بۆ نموونە گوتویانە: مرۆڤ لە توخمێکی ماددی پێکدێ، کە جەستەیە (یان لەش) لەگەڵ توخمێکی مەعنەوی کە گیانە و مرۆڤ تەنیا بە یەکێك لەو دووانە وەسفی مرۆڤبوونی بەسەردا ناچەسپێ.

جەستە چوارچێوەیەکی ماددی سەرهەڵدوی قابیل بە پەیدابوون و فەوتان و نوێبوونەوە و نەمانـە، کە وەك چرا وایە بۆ روناککردنەوە ئامادە کراوە، بەڵام تا گیانی تێ نەکەوێ رۆشن ناکاتەوە.

---

[1] سورة الاسراء:٨٥.

گیان پاش هاتنە ناو جەستە وەك چوونی ئاو بەنێو گوڵ یان چەوری بەنێو دەنگە زەیتونێکدا، بەجەستەدا دەگەڕێ و تا ئەوکاتەی ئەندامانی جەستە بەکەڵکی ئەنجامدانی ئەرکەکانیان بێن تێیدا دەمێنێتەوە، هەر کاتێکیش بەکەڵك نەمان گیان لە جەستە دەچێتە دەرەوە.

زانایانی شەریعەت پەیوەندیی گیانیان بە جەستەوە بۆ پێنج سووڕ دابەش کردوە کە هەریەك لەوانە حوکمی تایبەتی خۆی هەیە:

سووڕی یەکەم پەیوەستبوونی گیان بە جەستەوە بەر لە لەدایکبوون.

سووڕی دووەم پێوە پەیوەستبوونی پاش لەدایکبوون لە حاڵەتی بێداریدا.

سووڕی سێیەم پێوە پەیوەستبوونی لە حاڵەتی خەوتندا، خەوتنیش ناونراوە مردنی بچووك لەو ڕووەوە هۆش و ئیدراکی تێدا نامێنێ. خوا ئەفەرموێ: ﴿وَهُوَ الَّذِي يَتَوَفَّاكُم بِاللَّيْلِ﴾[1].

سووڕی چوارەم پێوە پەیوەستبوونی پاش ئەوەی بە مردن لێی جیا دەبێتەوە.

سووڕی پێنجەم پێوە پەیوەستبوونی کاتێ لەدونیا جەستەکان زیندوو دەبنەوە.

فیقولانی شەریعەت دەڵێن مردن بە ئاسەوار و نیشانەکانیەوە دەناسرێتەوە، لەوانە:

١- هەناسەنەدان.

٢- چاودەرپەڕین.

٣- خاوبوونەوەی پێکان و توندنەبوونیان.

٤- لێك جیابوونەوەی قولەپێکان.

٥- لاربوونی لوت.

٦- کرانەوەی هەردوو لێو.

٧- دانەپینی لاجانەکان (انخساف الصدغین).

٨- کشانی پێستی ڕوومەت و نەچوونەوەیەکی.

٩- ساردبی جەستە.

١٠- ئەمانە و هیتر کە لە جێی خۆیدا باسیان کردوە[2].

---

[1] سورة الانعام:٦٠.

[2] لەم بابەتەدا بڕوانە ئەم سەرچاوە فیقهیانەی خوارەوە: الخرشي:١٢٢/٢، المجموع:١٢٥/٥، المغني لابن قدامة:٤٥٢/٢، حاشية ابن عابدين:١٨٩/١، المنثور في القواعد للزركشي:١٠٧/٢.

مردن لەرووی پزیشکیەوە:

پێناسەکردنی مردن لەرووی پزیشکیەوە لە پسپۆڕیی من نیە، بەڵام هەر بەمەبەستی بەراوردکردن لەنێوان بۆچوونی شەریعەت و پزیشکیدا قسەی لەسەر دەکەم.

زانایانی پزیشکی دەڵێن مردن مردنی مێشکە و بە سێ قۆناغ پەلاماری جەستە دەدات:

یەکەم وەستانی دڵ و سیەکان.

دووەم مردنی خانەکانی مێشك.

سێیەم مردنی خانەیی کە مردنی تەواوی خانەکانی جەستەیە.

تا ئەم نزیکانە پێوەرێکی پزیشکی بۆ مردن نەبوو جگە لە وەستانی دڵ و سیەکان، بەڵام پاش پێشکەوتنی زانست و دەرکەوتنی هەندێ رووداو کە تێیدا مرۆڤ پاش وەستانی دڵ و سیەکان گەڕاوەتەوە بۆ ژیان، دەرکەوت ئەم پێوەرە ورد نیە و مردنی مێشك جێی گرتەوە، یەکەمین لایەنی پزیشکی تێبینی ئەمەی کرد قوتابخانەی فەرەنسی بوو لە ساڵی ١٩٥٩ و پاش ئەویش قوتابخانەی ئەمەریکی لە ساڵی ١٩٦٤.

زانایانی پزیشکی پێیان وایە مێشك لە سێ بەش پێکدێ:

١- مۆخ: کە سەنتەری بیرکردنەوە و یادگە و هەستکردنە.

٢- موخیخ: ئەرکی راگرتنی هاوسەنگیی جەستەیە.

٣- رەگی مۆخ: ناوەندی سەرەکیی هەناسەدان و کۆنترۆڵکردنی دڵ و سووڕی خوێنە.

تائێستا زانایانی پزیشکی کۆکن لەسەر نەگەڕانەوەی ژیان بۆ ئەو مرۆڤەی مێشکی مردوە بەپێچەوانەوەی وەستانی دڵ و سیەکان کە دەکرێ بەر لە مردنی مێشك دەست بەکار بکەنەوە. کێ دەزانێ، دوور مەبینە رۆژێك بێ ناڕاستیی ئەم پێوەرەیش بسەلمێ.

ئاسەوار و نیشانەکانی مردنی مێشک بەلای زانایانی پزیشکیەوە

١- لەهۆشچوونی تەواوەتی.

٢- هەناسەنەدان پاش دوورخستنەوەی دەزگای بووژاندنەوەکە.

٣- نەبوونی پەرچە ئینفیعال.

٤- نەبوونی جوڵەی ئیرادی (ئیختیاری).

٥- دیارنەمانی ئەو شەپۆلە کارەباییانەی لە نەخشەکێشانی مێشکدا لە مێشکەوە دەردەچن.

٦– وەستانی سووڕی خوێنی مێشك.

٧– فراوانبوونی گلێنەی چاو و نەبوونی کاردانەوە بۆ ڕووناکی.

٨– دابەزینی زیندە چالاکیەکانی مێشك و ڕیشەکەی.

٩– ئەمانە و ئاسەواریتریش.

بەراوردکردن لەنێوان شەریعەت و زانستی پزیشکیدا:

یەکەم: زانایانی پزیشکی مردن و ژیانیان بە شتێکی ماددیی بەرهەستەوە بەستۆتەوە کە مێشکە و لەکار وەستانی ئەومیان بە مردن و بەکەلکهاتنی بۆ کارکردنیـان بـە ژیـانی دانـاوە، لەولنەیـە ئـەوان لـە لێکدانەوەی هەموو ئەو هەنگاوە ماددیانەی لەنێو جەستەدا ڕوودەدەن ڕاست بکەن، بەڵام ئەوەی لێیان ناسەلمێنرێ ئەوەیە ئەوان کۆتا ئەنجامەکان لە هەموو ڕەفتارەکـانی مـرۆڤ دەدەنـە پـاڵ ئـەو ئەندامـە ماددییە، کە پێی دەوترێ مۆخ.

دیارە هەڵسوکەوتە ئیرادیەکانی مرۆڤ ڕەگەزێکی مەعنەویان تێدایـە پێـی دەوتـرێ ئـیرادە، ئـەوە یاسای خوایشە کە ﴿وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلاً﴾[1]، لـە شـتە باوەکـانی ئـەم گەردوونـە ئەوەیـە مـادە مادەیەکی وەك خۆی لێ بەرهەم دێ و ناتوانێ مانا و مەعنەویات بەرهەم بێنێ، ئەنجامی لۆژیکیی ئەم ڕاستییە گەردوونیەیش ئەوەیە دروستکراوێکی ناماددی لە جەستەی مرۆڤدا هەیە کە قورئان ناوی نـاوە ڕۆح.

لێرەوە زانایانی پزیشکی ڕۆح (گیان) و مۆخیان تێکەڵ کردوە و ئەوەی ئەرکی ڕۆحە داویانەتە پاڵ مۆخ، بناغەی ئەم تێکەڵکردنەیش زاڵبوونی تەفسیری ماددی و گشتاندنیەتی بەسەر هەموو دیاردەکاندا.

دووەم: پێدەچێ تێکەڵکردنێکیتر هەبێ لەنێوان ژیانی ئینسانی و ژیانی خانەییدا، کە ژیانی ئینسانی بە دەرەنجامی ژیانی خانەکانی مێشك و باقیی خانـەکانیتری ئەنـدامانی جەسـتە دادەنـرێ، لەکاتێکدا ژیانی خانەیی وەك چۆن لە مرۆڤدا هەیە لە ڕووەك و ئاژەڵیشدا هەیە.

ژیانی خانەیی لە سێ هێز پێکدێ: هێزی خۆراکبەخش کە ڕووەکی زیندوو خواردنی لێ وەردەگرێ + هێزی گەشەبەخش بەهۆیەوە گەشە دەکا + هێزی وەچەبەخش کە بەهۆیەوە زیاد دەکا، ئەم ژیانـە

---

[1] سورة الاحزاب.

لە کۆرپەلەدا هەیە بەر لەوەی گیان بێتە بەر جەستەی لە نزیکەی چوار مانگیدا، لەولاوە پاش گیان دەرچوونیش ماوەیەك بەهۆی دەزگا دەستکردەکانەوە بمێنێ.

سەرەڕای ئەم جیاوازییە بەرچاوانە لەنێوان شەریعەت و پزیشکیدا، بەڵام دەکرێ جۆر (توفیق) بکرێن و لەم چەند خاڵە جەوهەرییەدا بەیەك بگەن:

١– لە شەریعەتدا سەرچاوەی زانین (ئیدراك)ە جیاوازەکانی مرۆڤ رۆحە، لە پزیشکیدا مۆخە و دەکرێ جۆر بکرێن بەوەی سەرچاوەی ئیدراك رۆحە لەڕێی بەکارهێنانی مۆخەوە.

٢– لە شەریعەتدا رێکخەری جوڵە ئیرادییەکان رۆحە، لە پزیشکیدا مۆخە، جۆرکردنیان بەوە دەبێ رۆح بە رێکخەر دابنرێ بەپشتبەستن بە مۆخ.

٣– جوڵەی ئیرادی لە گرنگترین بەڵگە (ظني)یەکانە لە شەرعدا لەسەر بوونی رۆح لە جەستەدا، لە پزیشکیدا بەڵگەیە لەسەر دەستدانی مۆخ بۆ کارکردن. جۆرکردنیان بەوە دەبێ جوڵەی ئیرادی بەبەڵگەیەك لەسەر پەیوەندیی رۆح بە بەکەڵهاتنی مۆخەوە دابنرێ.

٤– غیابی هەست و جوڵەی ئیرادی لە شەرعدا نیشانەی جیابوونەوەی رۆحە لە جەستە، لە پزیشکیدا نیشانەی مردنی مۆخە، جۆرکردنیان بەوە دەبێ مردنی مێشك بە نیشانەی جیابوونەوەی رۆح دابنرێ.

٥– جوڵەی نائیرادیی هەندێ ئەندامی جەستە لە شەرعدا بەبەڵگەی مانی رۆح دانانرێ، لە پزیشکیدا لەسەر بەکەڵکهاتنی مۆخ، جۆرکردنیان ئەوەیە جوڵەی نائیرادی نابێتە بەڵگە نە لەسەر ژیان و نە لەسەر مردن.

٦– لە شەریعەتدا کۆرپەلە بەر لەوەی گیانی تێ بگەڕێ، بەماوەیەکی ژیانیدا تێدەپەڕێ، لە پزیشکیدا دەکرێ هەندێ ئەندام لە جەستە جیا بکرێنەوە لەگەڵ پارێزگاریکردن لە ژیانی خانەکان، جۆرکردنیان ئەوەیە ژیانی خانە جەستەییەکان رۆح نیە و دەکرێ کۆببنەوە و جیا ببنەوە.

سەبارەت بە مردن لەڕووی یاساییەوە، یاسادانەری عێراقی پێش زۆربەی یاسا مرۆڤکردەکانی داوەتەوە لە کردنی مردنی مێشك بە پێوەری مردن، ئەوەتا بڕگەی (ب) لە مادەی دووەم لە یاسای نەشتەگەرییەکانی چاندنی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ (م٨٥)ی ساڵی ١٩٨٦ رێگە بە وەرگرتنی ئەندامان لە جەستەی تووشبوو بە مردنی مێشك دەدا، ئەویش بەگوێرەی بەڵگە زانستییە نوێ و کارپێکراوەکان کە بە رێنمایی دەردەچن.

ڕێنماییەکان (ژمارە ٣)ی ساڵی ١٩٨٧ دەرچوون و بڕگەی یەکەمیان مردنی مێشک پێناسە دەکا بەوەی بریتییە لە حاڵەتی لەدەستدانی نەگەڕاوەی هۆش لەگەڵ لەدەستدانی نەگەڕاوەی توانای هەناسەدانی خۆبەخۆ و نەمانی تەواوەتیی پەرچە کردارەکانی دەماری مێشک[١].

پ/ بووژاندنەوەی دەستکرد و ئامرازە پزیشکیەکانی چین، کەی و کێ بەرپرسە لە وەستاندنی دەزگا دەستکردەکان و ڕاگەیاندنی مردنی نەخۆش؟

وەلام: سەبارەت بە بەشی یەکەمی پرسیارەکە (بووژاندنەوە و ئامرازە پزیشکیەکانی) لە پسپۆڕیی من نیە، بەڵکو پسپۆڕیی پزیشکەکانە.

هەرچی حوکمی شەرعی و یاساییە لە راگرتنی دەزگا دەستکردەکان و بەرپرس لەوە، وەلامەکەی پەیوەندی بە پرسیارێکیترەوە هەیە ئەویش ئەوەیە: ئایا بوژاندنەوەی دەستکرد کار بۆ بەردەوامیی ژیان دەکا یان درێژکردنەوەی مردن؟ ئەمەیش دەخوازێ حوکمەکە لە هەردوو حاڵەتدا روون بکرێتەوە:

یەکەم: حاڵەتی کارکردنی ئەو دەزگا دەستکردانە بەمەبەستی بەردەوامبوونی ژیان و گێڕانەوەی بۆ حاڵەتە سروشتیەکەی:

ئەگەر کەسێك بەهۆی بەرکەوتنی مێشکە تووشی دڵەوەستان یان هەناسەدان بوو، یان تووشی جەڵتەی دڵ یان تێکچوونی هەناسە بوو و خرایە ژووری بوژاندنەوە (چاودێریی چڕی پزیشکی) و دەزگا دەستکردەکانی بۆ بەکارهات بەمەبەستی گەیاندنی خوێن و ئۆکسجین بە مۆخ بەتایبەت لەو ماوە زەمەنیەی دەکەوێتە نێوان مردنی مێشك و ماوەی وەستانی دڵ کە وەك لای پزیشکانی بەڕێز روونە لە چەند خولەکێك زیاتر ناخایەنێ، لەم حاڵەتەدا دوو شێوە هەن:

شێوەی یەکەم گەڕانەوەی هەناسەدان و رێکبوونەوەی لێدانی دڵ بۆ حاڵەتی سروشتی، ئەوکاتە پزیشك بۆی هەیە لەبەر بەدیهاتنی سەلامەتی و نەمانی مەترسی دەزگاکە بوەستێنێ.

شێوەی دووەم پێویستیی نەخۆشەکە بەو دەزگایانە لەبەرئەوەی هێشتا باری تەندروستی چاك نەبووەتەوە و ئەگەر دەزگاکان بوەستێنرێن مەترسیی مردنی لەسەرە. لەم بارەدا وەستاندنی دەزگا دەستکردنەکان بەبوونەهۆی کوشتن دادەنرێ ئەگەر نەخۆشەکە بەو وەستاندنە مرد. جا ئەگەر پزیشك

---

[١] برگەی ١ لە ڕێنماییەکان ژمارە ٣ی ساڵی ١٩٨٧ کە بەپێی حوکمەکانی مادەی شەشەم لە یاسای نەشتەرگەریەکانی چاندنی ئەندامی جەستەی مرۆڤ ژمارە ٨٥ی ساڵی ١٩٨٦ دەرچووە. لە رۆژنامەی (الوقائع) ژمارە ٣١٨٠ لە ١٩٨٧/١٢/١٤ بڵاو کراوەتەوە.

پابەندیی یاسایی یان عەقدیی خۆی جێبەجێ کرد بەبەستنی دەزگاکانی بوژاندنەوەی دەستکرد لەسەر نەخۆش، بۆی نیە بەر لە دڵنیابوون لە مردنی یان گەڕانەوەی حاڵەتە سروشتیەکەی لایان ببات.

لە یاسادا تاوان بە وازلێهێنان نیە مەگەر پابەندیەکی یاسایی یان عەقدی لە ئەستۆی وازهێنەرەکەدا هەبێ، بەپێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامی، چونکە لە شەریعەتی ئیسلامیدا رزگارکردنی ژیانی کەسێتر لە حاڵەتی بوونی زیاتر لە رزگارکەرێکدا فەرزی کیفایەیە، لە حاڵەتی نەبوونی ئەو فرەییەدا فەرزی عەینە.

ئەوە پاساو نیە بۆ پزیشک کە پۆزش بێنێتەوە بەوەی نەخۆشێتر چاوەڕوانی دەزگاکە دەکەن، لەبەرئەوەی جیاوازی لەنێوان مرۆڤێك و یەکێکیتردا نیە مادام هەموویان خوێنیان حەرامە، بۆیە نابێ قوربانی بە ژیانی یەکێك بدرێ لەپێناوی یەکێکیتردا، لەبەرئەوەی رێسای شەرعی و یاسایی دەڵێ (الضرر لا يزال بمثله). نابێ جیهازەکە بوەستێنرێ بەمەبەستی بەکارهێنانی بۆ نەخۆشێکیتر کە لەرووی سوودی گشتیەوە بۆ کۆمەڵگە باشترە، لەبەرئەوەی پێویستە لایەنی ئاینی و مرۆیی و ئەخلاقی پێش لایەن و ئیعتبارلتەکانیتر بخرێ، پێغەمبەر(د.خ) ئەفەرموێ: (الناسُ سواسيةٌ كأسنانِ المشطِ)، هەروەها ئەفەرموێ: (كلكم من آدم وآدم من تراب).

پ/ ئەگەر لیژنەی پزیشکیی پسپۆڕ و سەرپەرشتی نەخۆشەکە گەیشتە قەناعەت ئەو نەخۆشە پاش سەعاتێك یان رۆژێکیتر دەمرێ، ئایا دروستە بەر لە مردنی دەزگا دەستکردەکان بوەستێنرێن؟

وەڵام: نەخێر لەبەرئەوەی وەستاندن مراندنی مرۆڤە تەنانەت پێش ئەجەلەکەی و بە کوشتن بە بوونەهۆ دادەنرێ. زەرکەشی[1] پاش ئەوەی ژیان بۆ سێ بەش دابەش دەکا: ژیانی بەردەوام، ژیانی جێگیر (سەقامگیر) و ژیانی سەربڕاو، دەڵێ: ژیانی جێگیر ئەو ژیانەیە کە دووچاری مەترسیی مردن دەبێتەوە، بەڵام جوڵەی ئەندامانی جەستە هێشتا ئیختیاری و ئیرادییە، جا نموونە بۆ دێنێتەوە و دەڵێ: ئەگەر مرۆڤ بریندار کرا و مردنی پاش سەعات یان رۆژێك حەتمی بوو و کەسێك کوشتی، قیساسی لەسەر واجبە، لەبەرئەوەی ژیانی سەقامگیرە و توانای جوڵەی خۆویستانەی هەیە.

---

[1] بدر الدين محمد بن بهادر، لە گەورە فیقوناتی شافیعییە –المنثور في القواعد: ١٠٦/٢.

پ/ لەم حاڵەتەدا حوکم چییە (حاڵەتی بێئومێدبوون لە چاکبوونەوە) ئەگەر نەخۆشێکیتر هەبوو کە گومانی زاڵ ئەوە بوو بەو دەزگایانە ژیانی رزگار دەکرێ، ئایا دەزگاکان لەم لێ بێئومێدبووە هەڵدەگیرێن و بۆ رزگارکردنی ئەویتر بەکار بێن؟

وەڵام: ئاستەمە بە ئەرێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە. بەڵام فیقولئانی شەریعەت دەڵێن: ئەگەر دوو بەرژەوەندی تێك گیران یەکێکیان دڵنیا و ئەویتریان (ئەگەر و نەگەر) بێ دڵنیاکە پێش دەخرێ، بۆ ئەوەیش وەك نموونە ئاماژە بە حوکمدانی قازی دەکەن بە مردنی مێردی ونبوو لە بەرژەوەندیی ژنەکەی، لەو رووەوە بەرژەوەندیی ژنەکە دڵنیایە بەڵام بەرژەوەندیی مانەوەی مێردەکە بەزیندوویی ئەگەر و نەگەرە، لەبەرئەوە یەکەم پێش دووەم دەخرێ.

پ/ حوکمی ئەوە چییە بە پاڵنەری رەحم و بەزەیی و لەسەر داوای کەسوکارەکەی دەزگا دەستکردەکان لە نەخۆشێك کە ئومێدی چاکبوونەوەی نەماوە بوەستێنرێن؟

وەڵام: بەشەرع و یاسا بە کوشتن دادەنرێ بە پاڵنەری بەزەیی، یاسای سزاکانی عێراقی (م١٢٨/١)یش پاڵنەری شەریفی بە عوزرێکی سووکێن (مخفف) بۆ سزا داناوە.

دووەم: حاڵەتی کارکردنی دەزگا دەستکردەکان بۆ درێژکردنەوەی ماوەی مردن و دواخستنی راگەیاندنی.

ئەم حاڵەتە پاش مردنی مێشك و بەردەوامیی کارکردنی دڵ و سیەکان بە دەزگا دەستکردەکان دەبێ، وەك زانستی پزیشکیی نوێ سەلماندویەتی ئیتر گێڕانەوەی ژیان لە دەرەوەی توانای مرۆڤایەتییە.

پ/ ئایا وەستاندنی دەزگا دەستکردەکان بە کوشتن دادەنرێ بەشێوەیەك بکەرەکەی بەپێی شەرع و یاسا سزا بدرێ؟

وەڵام: نەخێر، لەبەرئەوەی کوشتن دەرکردنی گیانی مرۆڤێکە زیندوو بێ، بۆیە پێناسەی کوشتنی بەسەردا ناچەسپێ، ئەم حاڵەتە فیقولئانی شەریعەت ناویان ناوە ژیانی سەربڕاو (عیش المذبوح)، جوڵەی ئەندامانی جەستە تێیدا خۆویستانە (ئیختیاری) نیە، زۆر نموونەیشی لە فیقهی ئیسلامیدا هەیە لە بابی بەشداریکردنی جینائیدا بەوەی دوو کەس بەدوای یەکدا بەشداری لە کوشتنی کەسێکدا بکەن.

زەرکەشی لە سەرچاوەی ناوبراودا دەڵێ (ئەگەر دەستدرێژی کرایە سەر مرۆڤێك و ناو ورگی لە دەزگای هەناسەدان و هیتری لێ جیا کرایەوە، جا کەسێك کوشتی قیساسی لەسەر نیە، لەبەرئەوەی لەڕاستیدا ئەوە کوشتن نیە بەڵکو کوشتنی کوژراوە)، بەڵام لەبەر قەسدە جینائیەکەی و کردەوە دوژمنکارانەکەی تەعزیر دەکرێ و بە تاوانێکی مەحاڵ دادەنرێ.

فیقوانانی یاسا دەڵێن لەم حاڵەتەدا لەسەر تاوانی پێ سڵان (الشروع) سزا دەدرێ، بەڵام بۆ پزیشك بە تاوان دانانرێ و نە لەڕووی مەدەنی و نە لەڕووی جینائیەوە لێی ناپرسرێتەوە بەو مەرجەی مەرامی خراپ نەبوویێ، ئەگەر وابێ ئەوکاتە تەنها لەسەر ئەو مەرامە لێی دەپرسرێتەوە.

پ/ لەم حاڵەتەدا حوکمی وەستاندنی دەزگا دەسکردەکان چییە؟

وەڵام:

<u>**یەکەم**</u> وا باشترە دەزگاکان هەڵنەگیرێن و تا کۆتایی حاڵەتەکە بەردەوام بێ، کە بەتەبیعەتی حاڵ لە باری بوونی ئەم رێکخەرانەی خوارەوەدا ماوەیەکی زۆر ناخایەنێ:

١- ئەگەر نەخۆشێکیتر نەبوو لەسەر دەزگاکە ماتەڵ بێ و رزگارکردنی لەسەر بەکارهێنانیان وەستابێ.

٢- ئەگەر بەردەوامبوونی ئەم دەزگا دەستکردانە خەرجی زۆر نەبوو.

٣- ئەگەر کەسوکاری نەخۆشەکە نەوەستاندنی دەزگاکانیان پێ باش بوو، بەڵکو ئەمە خوایە گۆڕانکاریەك روویدات.

٤- ئەگەر زەرورەتی رزگارکردنی ژیانی نەخۆشێکیتر بڕینەوەی و چاندنی ئەو ئەندامە زیندووەی ژیانێکی رووەکانە دەژی.

<u>**دووەم**</u>: وا باشترە دەزگا دەسکردەکان بوەستێنرێن بە رەچاوکردنی ئەو رێکخەرانەی خوارەوە:

١- ئەگەر دەزگاکان کەم و دەگمەن بوون و نەخۆشیتر هەبوو چاوەڕوانیان بوون.

٢- ئەگەر بەردەوامبوونیان خەرجێکی قورسی دەخستە ئەستۆی نەخۆش و کەسوکارەکەی، بەتایبەت ئەگەر خەرجیەکە لە باخەڵی نەخۆش بدرێ کە مافی وەرەسەی پێوە بەستراوە.

٣- راگەیاندنی مردن و وەستاندنی دەزگاکان بە بڕیاری لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕ بێ، لەبەرئەوەی لەبەر مەترسیداریی بابەتەکە نابێ پزیشك تەنها کار بە رای شەخسی خۆی لەبارەی گەڕانەوەی نەخۆش بۆ ژیانی سروشتی بکا.

پ/ پێویستی بە برینەوە یان چاندنی ئەندامی جەستەی مرۆڤ بۆ رزگاركردنی ژیانی نەخۆش؟

وەڵام: كاتێ پێغەمبەر(د.خ) مەعازی كوڕی جەبەلی پاڵاوت بۆ ئەوەی كاروباری موسڵمانانی لە یەمەن پێ بسپێرێ، ئەقڵی دلوەریكردن و توانای فیقهیی ئەوی بۆ چارەسەری كێشەكان تاقی كردەوە و لێی پرسی: ئەگەر كێشەیەك هاتە بەردەمت چۆن دلوەری دەكەیت؟ گوتی: بەپێی كتێبی خوا دلوەری دەكەم. گوتی: ئەی ئەگەر لە كتێبی خوادا نەتبینیەوە؟ گوتی: بە سوننەتی پێغەمبەری خوا. گوتی: ئەی ئەگەر نە لە سوننەتی پێغەمبەری خوا و نە لە كتێبی خوادا نەتدۆزیەوە؟. گوتی: ئیجتیهاد بە رای خۆم دەكەم و كەمتەرخەمی ناكەم. پێغەمبەری خوا بەدەستی لە سنگی دا و فەرموی: سوپاس بۆ خوا كە نێردراوی پێغەمبەری خوای سەركەوتوو كردوە بۆ ئەوەی پێغەمبەری خوا پێی خۆشە[1].

لەو مێژووەوە ئەم زنجیرەبەندییە شەرعییە بووەتە پلان بۆ گەڕانەوە بۆ سەرچاوەكانی ئەحكام.

قورئان یەكەم، سوننەت دووەم و ئیجتیهاد سێیەم، قورئان وەك گوتمان دەستوورێكە هەمەكییەكان (كولیات)ی تێدایە و ئەقڵی پسپۆڕان سەرپشك كراوە بۆ گێڕانەوە جورئیاتەكان بۆ ئەو كولیاتانە.

سوننەتیش روونكردنەوەی قورئانە و هەندێ سەرچاوەی سەبارەت بەم بابەتە تێدا دەدۆزینەوە، وەك بەولجبكردنی دەرمانكردن، كە چاندنیش دەرمانكردنە. هەروەها وەك ئیقرارکردنی بە (سوننەی تەقریری) بە چاندنی ئەندامی كانزا لە زێڕ و زیو و هیتر لە جەستەدا، ئێمە لە ئەهلی ئیجتیهاد نین تا بڵێین ئیجتیهاد بە رای خۆمان دەكەین، لەبەرئەوە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو دیدە فیقهییە مەزنەی فیقولنانی شەریعەت بەجێیان هێشتووە، كە ئەگەر بەباشی وەبەر بهێنرێ تەواوی جیهانی لە رێكخستنی ژیاندا دەوڵەمەند دەكا، ئەگەر ئەو فیقولانانە لە سەردەمی ئەم داهێنراوە زانستیانەدا بژیانایە بۆ ساتێك دوودڵ نەدەبوون لە روونكردنەوەی حوكمەكانیان بەشێوەیەك لەگەڵ پێداویستی و پەرەسەندنەكانی ژیاندا بگونجێن و لەگەڵ رۆحی دەقە شەرعیەكانیشدا لێك نەدەن، بەڵام لەم بابەدا تەنیا رێسا شەرعییە گشتیەكانیان بۆ بەجێ هێشتووین كە لە دەقەكانی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر پوختەیان كردوون، لەوانە[2]:

١- الضرورات تجيز المحظورات.

---

[1] رواه ابو داود الطيالسي:١٤٥٢، ومن طريقة البيهقي في السنن الكبرى:١١٤/١٠، ورواه الامام احمد في مسنده:٢٣٦/٥و٢٤٢، ورواه الطبراني في المعجم الكبير:١١٩/١٠/١.

[2] دووبارەكردنەوەی ئەو رێسایانە لەبەر پەیوەندییانە بە باتەكەوە، دووبارەكردنەوەیش زەریفە.

٢- الضرورات تقدر بقدرها. (زەرورەتەكان بەپێی بایەخیان مەزەندە دەكرێن).

٣- الضرر يزال. (زیان لادەدرێ).

٤- الضرر لا يزال بمثله. (زیان بە هاوشێوەی خۆی لانادرێ).

٥- إذا تعارضت مصلحتان يرجع أهمهما. (ئەگەر دوو بەرژەوەندی تێك گیران گرنگترەكەیان هەڵدەبژێری).

٦- إذا تعارضت مفسدتان يختار أهونهما شراً وضرراً. (ئەگەر دوو خراپە تێك گیران كامەیان خراپە و زیانی كەمتر بێ ئەوەیان هەڵدەبژێری).

٧- إذا تعارضت المصلحة والمفسدة، يكون درء المفسدة أولى من جلب المصلحة، ما لم يكن تفويت هذه المصلحة اكثر فساداً وضرراً. (ئەگەر بەرژەوەندی و خراپە تێك گیران، لادانی خراپە پێش هێنانی بەرژەوەندیەكە دەخرێ بەو مەرجەی لەدەستدانی ئەو بەرژەوەندییە خراپە و زیانی زیاتر نەبێ).

سەرجەم ئەم شتانە بە ئەقڵی ساغ دەرك دەكرێن. عیزەدین بن عەبدولسەلام لە كتێبی (قواعد الاحكام في مصالح الأنام)[1] دا دەڵێ، زۆربەی بەرژەوەندی و خراپەكانی دنیا بە ئەقڵ زانراون، لەبەرئەوەی بە پێی زۆربەی شەریعەتەكان دوورخستنەوەی خراپە پەتیەكان لە گیانی مرۆڤ لە كەسیتریش پەسەند و باشە، هەروەها پێشخستنی زاڵترینی بەرژەوەندیەكان پەسەند و باشە و دەڵێ: (هەرچی ئەوەیە بەدەستهێنانی بەرژەوەندیەكەی بەبێ خراپكردنی هەندێكی نەبێ نەكرێ، وەك برینەوەی دەستی دڵخورلو بۆ پاراستنی گیان ئەگەر سەلامەتبوونی زاڵتر بوو، ئەوا برینەوەی دروستە)[2].

لە روانگەی ئەوەی باسمان كرد دەكرێ بگەینە حوكمی شەرعی بۆ برینەوە و چاندنی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ لەبەر تیشكی ئەو رێسا گشتیانەدا. سەرچاوەكانی ئەو ئەندامانەی دەخوازرێ لە جەستەی نەخۆشدا بنێژرێن بەمەبەستی رزگاركردنی ژیانی پێنجن: بێگیان، ئاژەڵ، مرۆڤی زیندوو، مرۆڤی مردوو، مرۆڤێك حوكمی مردووی هەبێ.

---

[1] ٥/١.

[2] ٥/١.

یەكەم: چاندنی ئەندامی كانزایی دروستكراو بۆ نموونە لە پلاتین لە جەستەی نەخۆشدا، هیچ مشتومڕ لە جائیزبوونیدا نیە لەبەرئەوەی لەسەردەمی پەیامەكە خۆیدا پیادە كراوە.

دووەم: برینەوە و چاندنی ئەندامی ئاژەڵ لە جەستەی نەخۆشدا، بەپێی ئەم وردكردنەوەیە دەبێ:

١- ئەگەر ئاژەڵەكە گۆشت حەڵاڵ بوو: چاندنی ئەندامی وەرگیراو لێی بەزیندوویی یان بەسەربڕاوی بەرەها رێپێدراوە، ئەویش قیاس لەسەر حەڵاڵیی خواردنی كە ئەم لەپێشترە، بەڵام ئەوەی لە ئاژەڵی مرداره‌وەبوو وەرده‌گیرێ لە حاڵەتی زەرورەتدا نەبێ دروست نیە، ئەویش قیاس لەسەر ئەوەی خواردنیشی تەنیا لە حاڵەتی زەرورەتدا دروستە ﴿إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾[1].

٢- چاندنی ئەندامانی ئەو ئاژەڵانەی گۆشتیان حەرامە وەك بەراز و سەگ و پشیلە و ئەو جۆرانە: لە حاڵەتی زەرورەت و نەبوونی بەدیلدا نەبێ دروست نیە، لەبەر ئەو ئایەتەی سەرەوە لە حاڵەتی پێویستیی زەروریدا جائیزە، ئیمام عیزەدین دەڵێ: (ئەگەر خراپە پەتیەكان كۆبوونەوە ئەگەر كرا دوور بخرێنەوە دووریان دەخەینەوە، ئەگەریش نەتوانرا هەموویان دوور بخرێنەوە، خراپترین و پاش ئەو خراپتر دوور دەخەینەوە)[2].

سێیەم: برینەوە و چاندنی ئەندامی مرۆڤ لە زیندووەكان

١- گواستنەوەی ئەندامێك لە شوێنێكی جەستەی مرۆڤەوە بۆ چاندنی لە شوێنێكیتردا: پێم وانیە ئەمە مشتومڕێك لەسەر جائیزبوونی هەبێ، وەك وەرگرتنی هەندێ پێستی دەستی و چاندنی لە روومەتیدا بەمەبەستی جوانكاری، یان وەرگرتنی خوێنهێنەری رانی بۆ چاندنی لە دڵیدا لەكاتی پێویستی.

٢- برینەوەی ئەندامی كەسێك بۆ چاندنی لە یەكێكیتردا: ئەسڵ جائیزنەبوونە بەڵام وەك هەڵاوێردن لەم ئەسڵە و وەك روخسەتێك كە زەرورەتی شەرعی دەیخوازێ، دەكرێ لەبەر تیشكی رێسا شەرعییە گشتیەكاندا بە جائیز دابنرێ ئەگەر ئەم مەرج و رێكخەرانەی خوارەوە هەبوون:

أ- زەرورەتێك هەبێ كە بخوازێ بۆ رزگاركردنی نەخۆش ئەو كارە بكرێ.

---

[1] سورة النحل:١١٥.

[2] قواعد الاحكام في مصالح الانام، سەرچاوەی پێشوو:٣٩/١.

ب- ئەو ئەندامەی دەبڕێتەوە هاوشێوەیەکی هەبێ کارەکەی بکا یا بە پلەیەکی کەمتریش بێ وەک گورچیلە و چاو، بەپێچەوانەی ئەو ئەندامانی هاوتایان نیە وەک دڵ و جگەر کە بەهیچ شێوەیەک دروست نیە نە بەرەزامەندیی کەسە و نە بەبێ رەزامەندی، لەبەرئەوەی بڕینــەوەی ئەندامێک کـە ژیانی لەســەر دەوەستێ قەتڵە و خوای گەورە ئەفەرموێ ﴿وَلاَ تَقْتُلُواْ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللّهُ إِلاَّ بِالْحَقِّ﴾[1]، لەبەرئەوەی تەنها ئیزنی ئــەو بــەس نیــە، چـونکە ژیانی هاوبەشـە لـەنێوان خـۆی و خـودا و کۆمەڵگەکەیـدا و وەک خۆکوشتن وایە و بەبێ ناکۆکی حەرامە.

ج- ئەو کەسەی دەست لە ئەندامەکەی هەڵدەگرێ شیان تەواو و دوور بێ لە بەربەستەکانی شیان (ئەهلیەت)، وەک دەبەنگی و گێلـی دوور لـە عەیبـەکانی ئـیرادە وەک زۆرلێکـردن و فریـودان و هەڵـە و قۆستنەوە.

د- مۆڵەتی شەرعدانەر (الشارع)، لەبەرئەوەی ژیانی هاوبەشە و ئەو مۆڵەتەیش بۆ حاڵەتی زەرورەت هەیە.

هـ- دەسـتهەڵگرتنەکە بـەبێ بەرانبــەر و تــەنها بـۆ پارلسـتنی کەرامـەتی مـرۆڤ بـێ و دوور بـێ لـە بازرگانیکردن بە گیانی بێتاوانان بەتایبەت بەگیانی هەژار و ناکامان، چونکە خوای گەورە رێزی لە مـرۆڤ ناوە و نابێ سەودا و مامەڵە بە ئەندامەکانیەوە بکرێ.

و- بڕین و چاندنەکە بەبڕیار و سەرپەرشتیی لیژنەیەکی پزیشکیی پسپۆڕ و لە نەخۆشخانەیەکدا بێ کە پێداویستیەکانی سەرکەوتنی نەشتەرگەریەکەی تێدا بێ، هاوکات رێگە لە دەرهاویشتەکانی کارەکە لەسەر ئەو کەسەی لێی وەرگیراوە بگیرێ.

<u>چوارەم</u>: بڕین و چاندنی ئەندامی جەستە لە مردووان

ئەسڵ جائیزنەبوونە لەبەر حورمەتی مرۆڤ بەزینـدوویی و مردوویـی، پێغەمبـەر(د.خ) جـەخت لەمـە دەکات و دەفەرموێ: (کسر عظم المیـت ککسـر عظـم الحـي)، (واتــە: شـکاندنی ئێسـکی مـردوو وەک شکاندنی ئێسکی زیندوو وایە)، بەڵام دەکرێ بە هەڵاوێردن لە ئەسڵەکە و وەک روخسەت بوترێ جائیزە، ئەویش بەم مەرج و رێکخەرانەی خوارەوە:

١- بوونی زەرورەتێکی دەستەویەخە کە ئەوە بخوازێ.

---

[1] سورة الاسراء:٣٣.

٢- بڕیار و سەرپەرشتیی لیژنەیەکی پسپۆڕ لە یەکێك لەو نەخۆشخانانەی بۆ نەشتەرگەرییەکە لەبارە.

٣- تێنەپەڕین لە سنووری زەرورەت و کەمەنەکردن بە تەرمی مردووەکە لەبەرئەوەی زەرورەتەکانیش بە ئەندازەی خۆیان مەزەندە دەکرێن.

٤- بوونی مۆڵەتدانێکی پێشوەخت لەلایەن کۆچکردووەوە بە وەسێت یان بەخشین، وەسێتکردن بە ماڵ و بە غەیری ماڵیش جائیزە.

بۆیە ناگوترێ لە مەرجەکانی وەسێت ئەوەیە وەسێت لەبارەوە کراو ماڵێکی بەکەڵك و بەردەست (متقوم) بێ، ئەندامی نەخۆشیش لەبەر ڕێزەکەی (متقوم) نیە، لە حاڵەتی نەبوونی ئەوەدا بۆ زەرورەت مۆڵەت لە وەرەسەکەی وەردەگیرێ ئەگینا ئەوان خاوەنی ئەو ئەندامانە نین، ئەوەیش شتێکی نەبێ نابەخشێ، بەو مەرجەی مۆڵەتدانەکە بەبێ بەرانبەر بێ.

پێنجەم: بڕینەوە و چاندنی ئەندامی مرۆڤ لەو کەسانەی حوکمی مردوویان هەیە، ئەوانەیش سێ دەستەن:

دەستەی یەکەم- ئەوەی خوێنی حەڵاڵ کرابێ لەبەر ئەنجامدانی تاوانێك کە سزاکەی لەسێدارەدانە. بۆ ڕێگەدان بە بڕینەوە و چاندنی ئەندامانی ئەم دەستەیە مەرجە سەرجەم ئەو مەرج و ڕێکخەر (ژابیتە)انە بۆ بڕینەوە و چاندنی ئەندامانی ئەو زیندوانەی حوکمی مردوانیان هەیە بێنە دی، جگە لەوەی پەیوەندی بە سەلامەتی ژیانیانەوە هەیە.

دەستەی دووەم- ئەوەی بەهۆی هێزێکی بێئامانەوە لە حوکمی مردوواندا بێ با سەرجەم ئەندامانی جەستەیشی ساغ بن و تەندروستیی تەواو بێ و خوێن حەڵاڵکراو نەبێ. زەرکەشی دەڵێ[1]: (لەوانەیە هەستەکان ساغ و ژیان سەقامگیر و جوڵە ئیختیاری بێ و مرۆڤ تێیدا حوکمی مردوانی بدرێتێ وەك ئەو کەسەی کەوتۆتە دەریایەك ڕزگاربوونی نیە و لەم حاڵەتەدا تۆبە بکا، ئەوا لەم بارەدا تۆبەکەی قبوڵ ناکرێ، ماڵەکەی دابەش دەکرێ و ژنەکانی مارە دەکرێن)[2]، بەڵام لەڕووی کردارییەوە ئەم حاڵەتە دەگمەنە، لەبەرئەوەی ئەگەر بتوانرێ ئەندامێکی لێ وەربگیرێ، دەشتوانرێ لە خنکان لە دەریا ڕزگار بکرێ.

---

[1] المنثور في القواعد، سەرچاوەی پێشوو:٢/١٠٦.

[2] واتە پاش تەواوبوونی عیدەکەیان.

دەستەی سێیەم– ئەوەی مێشکی مردبێ بەڵام هەندێ لە ئەندامەکانی بەژیانی دەستکردی رووەکی پارێزگاریان لە ژیان کردبێ، ئەم دەستەیە جێی مشتومڕ و ناکۆکییە، لەم حاڵەتەدا کار بە بەراوردکردن و فەزڵدان لەنێوان بەرژەوەندی و خراپەکاندا دەکرێ، ئەگەر لەبەر تیشکی رێسا شەرعی و زانیارییە پزیشکیەکاندا دەرکەوت بەرژەوەندیەکان زاڵن، ئەوا دەکرێ وەك (ئیستیسنا) و روخسەت و بەم مەرج و رێکخەرانەی خوارەوە بوترێ جائیزە:

١– دەرچوونی بڕیارێکی کۆتایی لە لیژنەیەکی پزیشکیی باڵایەوە بە مردنی مێشك و مەحاڵیی گەڕانەوەی ژیان بۆی لە سنووری توانای مرۆڤایەتیدا، بەڵام خوا توانای بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێ.

٢– دەرچوونی بڕیارێك لە لیژنەی ناوبراو کە رزگارکردنی ژیانی نەخۆشەکە لەسەر ئەو ئەندامە وەستاوە کە بەنیازن بیبڕنەوە، هەروەها بەوەی توانای بەدەستهێنانی بەدیلیش نیە.

٣– مۆڵەتدانی پێشوەخت لەلایەن خاوەنی ئەندامەکەوە بە وەسیەتکردن یان بەخشین لەکاتی بوونی هۆش و ئیدراکی تەواویدا، لە حاڵەتی ئەوپەڕی زەرورەتدا تەنیا مۆڵەتی بنەماڵەکەی بەسە.

٤– ئەندامەکە بەبێ بەرانبەر بێ، ئاساییە ئەگەر پاداشتدانەوەیەك بە چاکە هەبێ بەبێ مەرجی پێشوەخت.

٥– بڕینەوەکە لە سنووری پێویستیدا بێ لەبەرئەوەی زەرورەتەکانیش بە ئەندازەی خۆیان مەزەندە دەکرێن.

هەڵوێستی یاسا لە بڕینەوە و چاندنی ئەندامی مرۆڤ:

رێژەیەکی زۆری دەوڵەتانی دنیا یاسای تایبەتیان بۆ رێکخستنی نەشتەرگەریەکانی بڕینەوە و چاندنی ئەندامی جەستەی مرۆڤ پرۆژەیەکیش بەناوی پرۆژەی یاسای عەرەبیی یەکگرتوو بۆ نەشتەرگەریەکانی چاندنی ئەندامی جەستەی مرۆڤ دانرا، ئەویش لەسەر بانگهێشتی ئەمینداریتیی گشتی بەڕێوەبردنی کاروبارە کۆمەڵایەتیەکان و بەڕێوەبردنی کاروبارە تەندروستی و ژینگەییەکانی ئەنجوومەنی وەزیرانی تەندروستیی عەرەب ژمارە (١٩) لە خولی (٤٩) لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٣.

هەڵوێستی یاسادانەری عێراقی:

یەکەم: یاسای سزاکانی بەرکاری ئازار دەستدان لە جەستەی مرۆڤی بەدەر لەو دۆخانەی بەپێی یاسا مۆڵەتیان پێ دراوە، بە سزایەکی جینائی داناوە کە بەپێی یاسا سزا دەدرێ.

دووەم: حاڵی حازر لە عێراق –وەك من بزانم– دوو یاسای بەرکار لەم بارەوە هەن، یەکێکیان: **یاسای (مصارف العیون) ژمارە (١١٣)ی ساڵی (١٩٧٠)** کە باس لە چارەسەری یەك جۆر لە نەشتەرگەریەکانی گواستنەوە و چاندنی ئەندامەکانی مرۆڤ دەکا ئەویش نەشتەرگەریەکانی پینەکردنی گلێنەی چاوە، هەندێ نەخۆشخانەی دیاریکراویشی بۆ ئەوە دیاری کردوە وەك (ابن الهیثم) و بڕیاری داوە پارێزگاری لە چاوە دەرهێنراوەکان بکرێ بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا بەکار بهێنرێن. مادەی دووەمی ئەم یاسایە پێنج سەرچاوەی بۆ دەستکەوتنی چاوە بەکەلکەکان دیاری کردوە، سیانیان پەیوەندییان بە دەرهێنانی چاو لە مردووانەوە هەیە، دوانەکەیتر چاوی ئەو کەسانەن خاوەنەکانیان وەسیەتی لەبارەوە دەکەن و دەیانبەخشن، هەروەها چاوی ئەو کەسانەی لەڕووی پزیشکیەوە بڕیار دەدرێ چاویان دەربهێنرێ.

هەروەها یاسای دووەم ژمارە (٨٥)ی ساڵی ١٩٨٦یە کە بریتییە یاسای چاندنی ئەندامانی مرۆڤ و رێکخستنی نەشتەرگەریەکانی دەرهێنانی تەواوی ئەندامەکانی مرۆڤە لە بەخشەران، بە رەچاوکردنی ئەم مەرجانەی خوارەوە:

١– کەسی دەستهەلگر ئەهلیەتی تەواو بێ و بەویستی خۆی بە نووسین رەزامەندی پیشان بدات.

٢– دەرهێنانەکە بە ئامانجی چارەسەر بێ.

٣– دەستهەلگرتنەکە بەبێ بەرانبەر بێ.

٤– بوونی بەرژەوەندییەکی چارەسەرکردن کە ئەگەری سەرکەوتنی زاڵ بێ.

٥– هیچ رێگەیەکیتری پزیشکی بۆ ئەو چارەسەرە نەبێ جگە لە پرۆسەی برینەوە و چاندن.

پ/ هەڵوێست چییە لەو نەخۆشەی خۆی یان کەسوکارەکەی رازی نابن چارەسەر وەربگرێ لەکاتێکدا ئەگەری ئەوە بەهێزە رووبەڕووی مەترسیی گەورە ببێتەوە؟

وەڵام: هەڵوێستی شەریعەتی ئیسلامی و یاسا لەم نەخۆشە بریتییە لە ناچارکردنی خۆی و بنەماڵەکەی بەزۆر بۆ وەرگرتنی چارەسەر و سزادانیان ئەگەر هاتوو لەسەر رەتکردنەوەی سووربوون. لە شەریعەتی ئیسلامیدا لەبەر ئەم بەڵگانەی خوارەوە:

١- قورئانی پیرۆز بەشێوەیەکی بنبڕ نەهی لەم رەفتارە کردوە و بەکارێکی حەرامی داناوە کە مرۆڤ ناچار دەکرێ بۆ وازلێهێنانی، لەبەرئەوەی حەرامکردن بریتییە لە داوای نەکردنی کردەوەکە وەك حەتم و ئیلزام.

* خوا ئەفەرموێ ﴿وَلاَ تُلْقُواْ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ﴾[1]، ئەم رەتکردنەوەیە لەلایەن نەخۆش و کەسوکارەکەیەوە بە فەوتاندنی نەخۆشەکە دادەنرێ لەڕووی ئەنجام و ئاکامەوە مادام لەبەردەم مەترسیی گەورەدا بێ.

* خوا ئەفەرموێ ﴿وَلاَ تَقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ﴾[2]، ئەم رەتکردنەوەیە کوشتنی نەفسە بەبوونە هۆ.

٢- فەرمانی پێغەمبەری مەزن فەرمانی واجبکردن و پابەندکردنە بە چارەسەرکردن.

٣- پارێزگاریکردن لە ژیان واجبە و لە پێنج زەرووریاتەکەیە کە پێیان دەوترێ مەقاسیدە زەروریەکان لە شەریعەتی ئیسلامیدا و بریتین لە پارێزگاریکردن لە ئاین و ژیان و ماڵ و ناموس و ئەقڵ.

٤- فیقولنانی شەریعەتی ئیسلامی کۆدەنگن لەسەر ئەوەی خۆکوشتن حەرامە و خۆکوژ لە دنیادا سزای لەسەر دەدرێ ئەگەر هەوڵی خۆکوشتنی دا، یان لە ئاخیرەتدا ئەگەر خۆی کوشت، رەتکردنەوەی چارەسەریش وەك خۆکوشتنە.

٥- مافی مرۆڤ لە گیانی خۆیدا مافێکی تایبەت نیە کە بە کەسی ئەوەوە نووسابێ وەك هەندێ لە پیاوانی یاسا وا گومانیان بردوە، بەڵکو مافێکی هاوبەشە لەنێوان خوا و بەندەدا (یان لەنێوان کۆمەڵگە و تاکدا).

زانایانی ئیسلام مافەکانیان بۆ سێ بەش دابەش کردوە:

بەشی یەکەم/ ئەو مافانەی ساف هی خوان (یان مافە گشتیەکان)، کە مافی خاوەن سوودی گشتین لەبەر مەترسیداری و گرنگییان دراونەتە پاڵ خوا، وەك مافی سزادانی زیناکەر و دزچ نێر بێ چ مێ، لە تایبەتمەندی و جیاکەرەوەکانی مافە گشتیەکان (یان مافەکانی خوا) ئەوەیە دەست لێهەڵگرتن و لێخۆشبوون و سوڵح قبوڵ ناکەن و بۆ وەرەسە ناگوێزرێنەوە و لە هەموو مرۆڤێکی باڵقی ژێر داواکراون، لەبەرئەوەی دەچنە خانەی فەرمانکردن بە چاکە و رێگریکردن لە خراپە.

---

[1] سورة البقرة:٩٥.

[2] سورة النساء:٢٩.

بەشی دووەم/ ئەو مافانەی ساف هی بەندەن (مافە تایبەتەکان)، وەك مافی مرۆڤ لە مال و ئۆتۆمبێل و باخ و بێستانیدا، لە جیاکەرەوەکانی ئەوەیە: دەست لێهەلگرتن یان لێخۆشبوون و سولح قبول ناکەن، بابەتە دلراییەکانی بۆ وەرەسە دەگوێزرێنەوە و تەنیا لە خاوەنەکانیان و ئەولەی نوێنەرایەتییان دەکەن دلوا دەکرێن.

بەشی سێیەم/ مافە هاوبەشەکان لەنێوان خوا و بەندەدا (لەنێوان کۆمەلگە و تاك)، ئەگەر لایەنی سوودی گشتی زال بوو لە حوکمەکانیدا دەخرێتە پال مافە گشتیەکان وەك مافی پزیشك لە مومارەسەکردنی پیشەکەیدا، کە مافی گشتی تێیدا زاڵە لەبەرئەوە لەکاتی پێویستیدا ناچار بە مومارەسەکردنی پیشەکەی دەکرێ، هەروەها وەك مافی مرۆڤ لە ژیاندا کە مافێکی هاوبەشە لەنێوان ئەو و خوا یان کۆمەلگەدا و بۆی نیە دەستی لێ هەلبگرێ یان دووچاری مەترسی بکا.

بەلام لە یاسادا ئەم ڕەتکردنەوەیە لەلایەن نەخۆش یان بنەمالەکەیەوە وەك خۆکوشتن ولیە، یاسا وەزعیەکان بەیاسای سزاکانی عێراقیشەوە (م٤٠٨) کۆدەنگن لەسەر ئەوەی خۆکوشتن یان هەول بۆدان یاخود یارمەتیدانی تاوانێکە سزای لەسەرە.

پ/ گفتوگۆیەکی پزیشکی و شەرعی و یاسایی لەبارەی ئامرازە جۆراوجۆرەکانی ڕێگرتن لە سکپڕی.

وەلام: لەبارەی ڕێگرتن لە سکپڕی:

ڕێگرتن لە سکپڕی دوو جۆرە: هەمیشەیی و کاتی، هەریەکەیشیان ئامرازی جیاواز و ئامانجی جۆراوجۆری خۆی هەیە.

جۆری یەکەم/ ڕێگرتنی کاتی:

ڕێگرتنی کاتی چەند ڕێگەیەکی هەیە، هەندێکیان لەلایەن مێردەوە بەکار دێن وەك ئەوەی ئاوەکەی بکاتە دەرەوەی زێ، یان بیکاتە کیسێك کە بە چووکەوە بەستراوە، هەندێکیان لەلایەن ژنەوە بەکار دێن وەك بەکارهێنانی دەرمانی سکنەبوون (مەنعکردن)، هەندێکیشیان لەلایەن پزیشکەوە بەکار دێن وەك بەستنی ڕەحم بەشێوەیەکی کاتی و ئەو شتانە، تاکە ڕێگە کە لە سەردەمی هاتنی ئیسلام و پێشەوایانی مەزهەبە فیقهیەکاندا هەبووە بریتی بوو لە عەزل، عەزل: ئەوەیە پیاو لەگەل ژنەکەی جووت بێ جا کاتێ خەریکە ئاوی بێتەوە دەکشێتەوە و مەنیەکەی دەکاتە دەرەوەی زێ.

حوکمی ڕێگرتن لە سکپڕی بە عەزل لە شەریعەتی ئیسلامیدا:

یەکەم: هیچ ناکۆکیەك لەنێوان فیقوناندا نیە کە ئەگەر سکپڕی مەترسی بۆ سەر ژیانی دایك هەبوو دروستە بەشێوەیەکی کاتی ڕێگری لێ بکرێ.

دووەم: هیچ ناکۆکیەك لەنێوان فیقولنانی شەریعەتی ئیسلامیدا نیە کە ئەسڵ لە ئیسلامدا مەنعنەکردنە، مەنعکردن هەڵاوێرانە، بەم بەڵگانەی خوارەوە:

١- ئامانجی بنەڕەتی لە هاوسەرگیری تێرکردنی حەزە سێکسیەکان نیە، بەڵکو وەچە خستنەوەیە لەپێناو بەردەوامبوونی رەچەڵەکی مرۆڤدا.

٢- مەنعکردن لەبەر هۆی ئابووری قەدەغە و حەرامکراوە بە زۆر ئایەتی قورئان، لەوانە خوا ئەفەرموێ: ﴿وَلاَ تَقْتُلُواْ أَوْلادَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلاقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُم إنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خِطْءاً كَبِيراً﴾[1]. مەنیش بە ئیعتیباری ئایندە پێی دەوترێ ڕۆڵە (ولد).

٣- خوا منداڵی وەك زینەتی ژیان دروست کردوە، وەك ئەفەرموێ: ﴿الْمَالُ وَالْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا﴾[2].

٤- پێغەمبەر فەرمانی کردوە بە خولستنی ئافرەتی بەسکوزا (الولود)، واتە ئەوەی منداڵی زۆری دەبێ وەك دەڵێ: (. . .تزوجوا الودود الولود فاني مكاثر بكم الانبياء يوم القيامة)[3]. زۆریی منداڵبوونی ئافرەتیش بەر لە شووکردنی بە خزمەکانیدا دەزانرێ.

سێیەم: حوکمی مەنعکردنی کاتی وەك خۆی بەچاوپۆشین لە پاساوەکانی ڕێگریکردن یان نەکردنی، بابەتێکی جێی ناکۆکییە لەنێو فیقولنانی شەریعەتدا و لەو ڕووەوە بەسەر سێ ڕادا دابەش بوون:

ڕای یەکەم: بەهەموو شێوەیەك لە شەریعەتدا حەرامە ئیتر ئامراز و هۆکانی هەرچی بن، ئەمە ڕای فیقولنانی زاهیرییە بەتایبەت ئیبن حەزمی زاهیری[4]، کە بە کۆمەڵێ بەڵگەی ئەقڵی و نەقڵی بەرگرییان لێ کردوە، لەوانە حەدیسی جودامە کچی وەهەب کە دەڵێ: لەگەڵ خەڵکێك ئامادەی

---

[1] سورة الاسراء:٣١.

[2] سورة الكهف:٤٦.

[3] نيل الاوطار:١١٨/٦.

[4] ينظر المحلى:٧٠/١٠ وفيه (ولا يحل العزل عن حرة ولا عن امة برهان ذلك عن عائشة ام المؤمنين عن جدامة بنت وهب اخت عكاشة قالت: حضرت رسول الله ﷺ في اناس سألوه عن العزل فقال رسول الله ذلك الوأد الخفي وقرأ (واذا المؤدة سألت بأي ذنب قتلت)).

لای پێغەمبەر بوو لەبارەی عەزلەوە پرسیاریان لێکرد، ئەویش گوتی: (ذلك الوأد الخفي)[1] واتە ئەوە زیندەبەچاڵکردنی شاراوەیە. (الوأد) واتە داپۆشینی کچ لەژێر خاکدا بەزیندوویی و لە ئایەتی ﴿وَإِذَا الْمَوْؤُودَةُ سُئِلَتْ بِأَيِّ ذَنبٍ قُتِلَتْ﴾[2] وەرگیراوە.

رای دووەم: بەرەهایی لە شەریعەتدا جائیزە ئەوەیش رای زۆربەی فیقوڵانی شافیعییە، بەڵگەی گەورەیشیان ئەوەیە مەحمود لە عەتا بن جابرەوە ریوایەتی کردوە کە دەڵێ: (كنا نعزل والقرآن ينزل)، لە ریوایەتەکەی سوفیاندا هاتووە: (كنا نعزل والقرآن ينزل لو كان شيئاً ينهي عنه لنهانا عنه القرآن)[3] (واتە: ئێمە عەزلمان دەکرد و قورئان دادەبەزی، ئەگەر شتێکی قەدەغە بوایە قورئان رێگری لێدەکردین))، ، لە فەرموودەیەکیتردا (كنا نعزل على عهد رسول الله ﷺ فبلغ ذلك نبـي الله فلم ينهنا)[4]. ئەو بێدەنگبوونە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دروستە و ئەگەر حەرام بوایە رێگری لێدەکرد.

لە سەحیحی موسلیمیشدا[5] هەندێ حەدیسیتر هاتوون زۆربەیان بەڵگەن لەسەر ئەوەی دروستە، کە بوار نیە باسیان بکەین، حەدیسەکانی رێپێدان لە حەدیسەکانی قەدەغەکردن بەهێزتر و زۆرترن.

رای سێیەم/ وردکردنەوەی بابەتەکەیە، ئەمەیش جمهوری فیقوڵانی شەریعەت پەسەندیان کردوە و گوتویانە: ئەگەر بە رەزامەندیی ژن و مێرد بێ دروستە، بەلام بەبێ رەزامەندیی ژنەکە نابێ لەبەرئەوەی مافێکی هاوبەشە لەنێوانیاندا و نابێ مێرد ئیرادەی تاکڕەوانەی خۆی بسەپێنێ، بەڵگەیشیان ئەوەیە عومەری کوڕی خەتاب گێڕاویەتیەوە کە دەڵێ: (نهى رسول الله ان يعزل (أي الزوج) عن الحرة إلا باذنها)[6]. (واتە: پێغەمبەری خوا نەهی کردوە لەوەی عەزل لەگەڵ ئافرەتی ئازاد بکرێ، بەمۆڵەتی خۆی نەبێ).

---

[1] سبل السلام:٣/١٩٠.

[2] سورة التكوير:٨-٩.

[3] صحيح مسلم:٢/١٠٦٥.

[4] صحيح مسلم، سەرچاوەی پێشوو، العدة على احكام الاحكام شرح عمدة الاحكام:٤/٢٧٩.

[5] بڕوانە: ٢/١٠٦١.

[6] نيل الاوطار، سەرچاوەی پێشوو:٦/٢٢١.

گوتویانە: مانای پێچەوانەی ئەم حەدیسە ئەوەیە بەمۆڵەتی ژنەکە دروستە. هەروەها لەڕێی قیاسەوە دەکرێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی مەنعکردنی کاتی بەرەزامەندیی هەردوولا دروستە جا چ وەسیلەکە لە ژنەوە بێ وەك بەکارهێنانی دەرمانی رێگرتن لە سکپڕی، یان لە پزیشکەوە بێ وەك بەستنی رەحم.

هەڵوێستی یاسا لە رێگرتن لە سکپڕی بەشێوەیەکی کاتی:

لە یاسای سزاکانی وڵاتانی عەرەبیدا شتێکم نەدیوە ئەم جۆرە رێگرتنە قەدەغە بکا، جگە لە یاسای سزاکانی لوبنانی کە رێگرتن لە سکپڕی بەرەهایی قەدەغە کردوە و بە تاوانێکی داناوە کە سزای لەسەرە.

بەبۆچوونی لەخۆبوردوانەی ئێمە رێگرتنی کاتی وەك رێگرتنی هەمیشەیی بۆ زەرورەت جائیزە و بەبێ زەرورەت جائیز نیە، ئەوەیش بەڵگە پێك ناکۆکەکان کۆ دەکاتەوە.

جۆری دووەم/ رێگرتن لە سکپڕی بە نەزۆککردنی یەکێك لە دوو هاوسەرەکە بەهەمیشەیی، ئەمە پێی دەوترێ نەزۆککردن (التعقيم).

نەزۆککردنی پیاوان رێگەیەکی کۆنە بۆ رێگرتن لە سکپڕی یان رێگرتن لە کاری سێکسی و لە بەناوبانگترین رێگەکانی خەساندنە (الخصاء)[1]، ئەم رێگەیە بابلی و ئاشوری و فارسەکان بۆ منداڵانی دیلەکان کە بە کۆیلە دادەنران بەکاریان دەهێنا، میسریەکانیش بۆ ئەو زنجیانەیان بەکار دەهێنا کە لە سودان و شوێنانیترەوە دەهێنران، پاشان ئەو نەریتە بۆ یۆنانی و رۆمانیەکان گوێزرایەوە.

خەساندن رێگەی ئەنجامدانی سێکس لە پیاو دەبڕێتەوە، کارەکە بەشێوەیەکی درندانە و دڵڕەقانە دەکرا، لەوانە برینەوەی هەردوو گون بە دەرهێنان یان پانکردنەوە و سیسکردنیان، لەوانە بڕینی ئەندامی نێرینەی پیاو کە پێ دەوترێ (الجب)، زۆریان لەکاتی ئەو کارەدا سوێیان دەبووە و دەمردن. مەبەست بێبەشکردنیان بوو لە سێکسکردن، ئەمە جگە لەوەی بەلای میسریەکانەوە سزای زینا، بەلای ئاشوریەکانەوە سزای دزیکردن و بەلای بابلی و فارسەکانەوە سزای ناپاکان خەساندنیان بوو. مەسیحیەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بۆ کوڕەکانیان بەکاریان هێناوە تا ببنە راهیب، پاشان ئەم نەریتە بۆ هەندێ وڵاتیتر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گوێزرایەوە.

[1] خصى يخصي خصياً والخصي، ئەو کەسەیە گونی دەرهێنراو، الخصية: هێلکە گونە و جەمعەکەی (خصى)یە.

شەریعەتی ئیسلامی خەساندنی بە تاوانێك داناوە کە سزای لەسەرە، لەبەرئەوەی ئەشکەنجەدانێکە کە دروست نیە بەسەر مرۆڤ یان ئاژەڵێکدا بهێنرێ و پێغەمبەری مەزن نەهی لێکردوە.

شێوەکانی نەزۆککردن لە سەردەمی نوێدا:

نەزۆککردن بەپێی ئامانجەکەی بۆ سێ شێوە دابەش دەبێ[1]:

شێوەی یەکەم/ نەزۆککردن بۆ چارەسەر: ئەگەر لەرووی پزیشکیەوە دەرکەوت سکپڕی ژیانی ئافرەت دەخاتە مەترسی دەکرێ نەشتەرگەریەکی بۆ بکرێ کە ئیتر بەدرێژایی ژیانی نەزۆك بێ مادام مەترسیەکە بەردەوام بێ، لەم بارەدا ئەگەر نەزۆککردنەکە بە رەزامەندیی ژنەکە یان ئەوەی نوێنەرایەتی دەکا لە کەسوکاری کرا و لەلایەن پزیشکانی پسپۆڕەوە بڕیاری لەسەر درا، نە پزیشکەکە و نە ژنەکە و نە هیچکام لەوانەی بەشداریان لە پرۆسەکەدا کردوە نە لە شەریعەت و نە لە یاسادا نە لەرووی جەزایی و نە لەرووی مەدەنیەوە بەرپرسیار نابن مادام زەرورەتی تەندروستیی ئافرەتەکە وای خواستوە و ڕێگەیتر نەبووە، ئەویش لە روانگەی ئەو ڕێسا شەرعیەی دەڵێ (ئەگەر دوو بەرژەوەندی تێك گیران گرنگترەکەیان پێش دەخرێ و ئەگەر دوو زیان یان خراپە تێك گیران بۆ لادانی مەترسیدارترەکەیان کەم خراپترەکەیان هەڵدەبژێردرێ).

لە وڵاتانیتری نائیسلامی دادگە لە فەرەنسا و ئینگلتەرا و ویلایەتە یەکگرتووەکان لە روانگەی کارکردن بە زەروریاتە تەندروستیەکان پەیڕەوی لەمە دەکەن، هەندێ وڵاتیش بە یاسا ڕێگەیان پێداوە وەك ئیتاڵیا[2].

شێوەی دووەم/ نەزۆککردن لەپێناو پاڵفتەکردنی نەژادا: ئەمە بەپێی یاسا لەو وڵاتانەی کاری پێدەکەن بەزۆرە، وەك دانیمارك و سوید و نەرویج و فنلەندا و هەندێ ویلایەتی کەنەدی، ئەم شێوەیە لە چارەکی دووەمی سەدەی بیستەمدا سەری هەڵدا بەمەبەستی پیادەکردنی لەسەر تاوانبارانی ئالوودە و لادانی سێکسی و تووشبووان بە پەرکەم و خاوەن ئەقڵە نەخۆشەکان.

---

[1] الدكتور عبد الوهاب (المسؤولية الطبية الجزائية) گۆڤاری: الحقوق والشريعة، سەر بە کۆلێژی ماف و شەریعەت لە زانکۆی کوەیت، ژمارە ۲ ساڵی (٥) ۱۹۸۱: ل۱۸٦ و پاشتر.

[2] مەرسومێکی یاسایی دەرچووە ۱۲/آذار/۱۹٤۲-الدكتور عبد الوهاب، سەرچاوەی پێشوو.

ئەڵمانیای نازی بە یاسا ساڵی ١٩٣٣ رێگەی پێ دا بۆ لەناوبردنی هەندێ لەوانەی گوایە بەخەیاڵی ئەوان بێگەردیی نەژادی ئەڵمانی دەشێوێنن، بەڵام پاش بەزینی هیتلەر لە جەنگی جیهانیی دووەمدا بیرۆکەکە هەڵوەشێنرایەوە[١].

هەڵوێستی شەریعەتی ئیسلامی لەم شێوەیە بریتییە لە رەفز و حەرامکردنی لەبەرئەوەی رێگەیەکی ناڕەوا و بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی ناڕەوایە، ئەمەیش بەپێی رێسای بەرگرتن بە بیانوو (سد الذرائع) دروست نیە، خۆ ئەگەر نەزۆککردن لە حاڵەتی نەبوونی زەرورەتێکدا کە موباحی بکا بە نەخۆشیی درێژخایەن حسێب بکەین، ئەوا سزای ئەو تاوانە لە وڵاتانی عەرەبیدا دەیگرێتەوە. ئەمە جگە لەوەی دەقێکی یاسایی عەرەبی ئیسلامی نیە پاساوی بدات.

شێوەی سێیەم/ نەزۆککردن بەمەبەستی سنووردارکردنی وەچە (تحديد النسل): نەزۆککردنێکی خۆویستانەیە هەندێ کەس بە پاڵنەری جۆراوجۆر دەیکەن. ئەمە کێشەی ئەم سەردەمەیە بەهۆی تەقینەوەی دانیشتوان لە جیهاندا، بەشێوەیەك هەندێ دەوڵەت کە گەشەی دانیشتوانیان زۆرە وەك هیند و ئیتاڵیا و چین و میسر هانی دەدەن.

هەڵوێستی شەریعەتی ئیسلامی حەرامکردنی هەرسێ نەزۆککردنەکەیە مەگەر زەرورەتێك هەبێ بیباتە ژێر خانەی ئەوەی خوا لەبارەیەوە ئەفەرموێ: ﴿فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلاَ عَادٍ فَلا إِثْمَ عَلَيْهِ﴾[٢]، هەروەها لەبەر ئەو رێسا شەرعیەیش کە دەڵێ (الضرورات تبيح المحظورات)، لەبەرئەوەی جۆرێکیتر رێگرتن لە سکپڕی هەیە کە دەکرێ بۆ چارەسەری کێشەکە پەنای بۆ ببرێ ئەویش مەنعکردنی کاتییە بە ئامرازێکی کاتی، تا هەرکات عوزرەکە نەما حوکمەکە بگەڕێتەوە بۆ ئەسڵەکەی.

هەڵوێستی یاسا:

وەك پێشتر باسمان کرد لە یاساکانی وڵاتانی عەرەبیدا دەقێك نیە رێگرتن لە سکپڕی قەدەغە بکا جگە لە یاسای سزاکانی لوبنانی بەرکار کە لە (م٥٣٧)دا دەڵێ (هەرکەس بە یەکێك لەو ئامرازانەی لە هەردوو بڕگەی دووەم و سێیەم لە م٢٠٩ دا هاتوون شێوازە میکانیکیەکانی رێگرتن لە سکپڕی وەسف یان بڵاو بکاتەوە، یان پێشنیاری کرد بڵاوی بکاتەوە بەمەبەستی بانگەشە بۆ رێگرتن لە سکپڕی، بەبەندکردن بۆ ماوەی سێ مانگ تا ساڵێك و غەرامەکردن لەنێوان ٢٥–١٠٠ لیرە سزا دەدرێ). هەروەها

---

[١] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە تێزی ماستەری دکتۆر جاسم لفتە بەناونیشانی: لەباربردن (الاجهاض).

[٢] البقرة : ١٧٣

(م٥٣٨)ی دەڵێ (بەهەمان سزا سزا دەدرێ هەرکەس، هەر مادەیەك لەو ماددانەی بۆ رێگرتن لە سكپڕی ئامادە كراون بفرۆشێ یان بیخاتە روو بۆ فرۆشتنی، یان بەمەبەستی فرۆشتنی لەلای بێ، یان بەهەر رێگەیەك بێ ئاسانكاری بۆ بەكارهێنانی بكا).

دەبینین ئەم یاسایە زیادەڕەوی لە بابەتی قەدەغەكردنی سكپڕیدا كردوە و سزای بۆ هەركەس دڵناوە ئامرازەكانی ئامادە بكا، ئەمەیش سزایە لەسەر تاوان بەر لەوەی دەستی پێ بكرێ، رەنگە لەوەدا كەوتبێتە ژێر كاریگەریی ئارلستەی كەنیسە كە رێگرتن لە سكپڕی بەهەموو شێوەیەك و بەهەموو جۆرەكانیەوە قەدەغە دەكات.

پ/ كۆتاهێنان بە سكپڕی (لەباربردن) لەبەر هۆی پزیشكی. پزیشك چ كاتێك رازی دەبێ بە كۆتاهێنان بە سكپڕی؟ رای شەرع و یاسا چییە؟

وەڵام: كۆتاهێنان بە سكپڕی (لەباربردن) دیاردەیەكی كۆمەڵایەتیی مەترسیدارە و ساڵانە هەڕەشە لە ملیۆنان سك دەكات و گیانی هەزاران دڵیكی دووگیان دەفەوتێنێ. سەرجەم ئاینە ئاسمانیەكان و یاسا وەزعییە كۆنەكانی ئاشووری و بابلی و فیرعەونەكان و یۆنانی و ئاینی هیندی و بوودایی و زۆربەی هەرەزۆری یاسا وەزعییە نوێكان حەرامیان كردوە. سزاكانی لەباربردنیش بەگوێرەی ئەوەی زەورەرتە تەندروستی و ئابووری و كۆمەڵایەتیەكان خولستویانە، لە توندیەوە بەرەو سووككردن و هەڵوەشاندنەوە پەرەیان سەندوە.

حوكمی شەرع و یاسا و پزیشكی لەبارەی لەباربردن جیاوازە، هۆی جیاوازیەكەیش پاش و پێشخستنی ماف و بەرژەوەندیە بەریەككەوتووەكانە: مافی ئافرەت لە رەتكردنەوەی دایكایەتی، مافی كۆرپەلە لە كامڵبوون و تێپەڕبوون بە قۆناغە سروشتیەكانی ژیانی مرۆڤ مافی كۆمەڵگە لە پێكهێنانی نەوەی نوێ و راڕایی لە زاڵكردنی بەرژەوەندیەك بەسەر یەكێكیتردا. ئەمە جگە لەو تەمومژەی دەوری وشەی (لەباربردن) یان دەستەواژەی كۆتاهێنان بە سكپڕی داوە، كە ئەم زاراوەیە —هێندەی من بزانم— تائێستا لەلایەن فیقوناكانی شەریعەت و زانایانی پزیشكی و پیاوانی یاساوە پێناسەیەكی وردی بۆ نەكراوە كە شوێنی تاوانەكە و قەبارەی سزاكە لە هەموو ئەو قۆناغانەدا دیاری بكا كە كۆرپەلە لە گەشەكردنیەوە لە نوتفەیەكەوە تا لەدایكبوون پێیدا تێدەپەڕێ، جگە لەوەی هەندێ فیقوانی شەریعەت جیاوازیان كردوە لەنێوان حوكمی پێش گیان تێكەوتن و پاش ئەوەدا، بەتایبەت هەندێ فیقوانی جەعفەری لە

دیاریکردنی سزایەکی تایبەت[1] بۆ هەریەك لەو قۆناغانە، هەروەها جگە لە یاسای سزاکانی سودانی م٢٦٢ کە جیاوازی لەنێوان پێش و پاش جوڵانی سکەکەدا کردوە.

ئەوە روونە مرۆڤ وەك لە قورئاندا هاتووە بە نۆ قۆناغدا تێدەپەڕێ، شەشیان کاتێکە کۆرپەلەیە لە سکی دایکیدا: لە یەکەمدا سلالة من طين (واتە مەنی (سپێرم) و هێلکۆکەیەك کە لە خۆراکێکی پێکهاتوو لە قوڕ و خاك پێکهاتوون)، لە دووەمدا نوتفەیەك پاش پیتاندن، لە سێیەمدا عەلەقە (پارچەیەك خوێنی بەستوو)، لە چوارەمدا موزغە (پارچە گۆشتێك بەئەندازەی پارووێەك)، لەپێنجەمدا ئێسکێك (قۆناغی دروستبوونی ئێسك)، لە شەشەمدا (بەستنەوەی ئێسك بە گۆشت)، لە حەوتەمدا (گۆڕان لە ژیانی رووەکی و ئاژەڵیەوە بۆ ژیانی ئینسانی بەتێکەوتنی گیان لە جەستەدا)، ئەمە وەك لە فەرموودەدا هاتووە پاش تێپەڕبوونی (١٢٠) رۆژ دەبێ پاش پیتاندنی هێلکۆکە لەلایەن سپێرمەوە، لە هەشتەمدا مردن پاش ژیان، لە نۆیەمدا ژیانێکی هەتاهەتایی پاش مردن.

قورئانی پیرۆز باسی ئەم قۆناغانەی کردوە و ئەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ مِن سُلَالَةٍ مِّن طِينٍ، ثُمَّ جَعَلْنَاهُ نُطْفَةً فِي قَرَارٍ مَّكِينٍ، ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَامًا فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ، ثُمَّ إِنَّكُم بَعْدَ ذَٰلِكَ لَمَيِّتُونَ، ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ تُبْعَثُونَ﴾[2].

جۆرەکانی لەباربردن:

لەباربردن بەگشتی دوو جۆرە: **سروشتی** کە ئیرادەی مرۆڤ هیچ دەستێکی تێدا نییە وەك لە حاڵەتی نەخۆشی یان لاوازی و یان شتی لەو جۆرە، کە ئەوە شەرعی و یاساییە لەبەر ئەوەی ملکەچی بەتاوان دانانیان نییە + ناسروشتی ئەوەیە ئیرادەی مرۆڤ بە راستەوخۆ یان بە بوونە هۆ دەستی لەڕوودانیدا هەیە. ئەم جۆرە دوو بەشە: چارەسەری و تاوانکاری .

بەشی یەکەم/ لەباربردنی چارەسەر (علاجی):

بریتیە لە وەستاندنی رەوتی سکپڕی لە یەکێك لە قۆناغەکانیدا بەر لە کاتی سروشتی لە دایکبوون، ئەویش لەبەر هۆی پزیشکی وەك تاکە رێگە بۆ رزگارکردنی ژیانی دایك بەبڕوای پزیشکانی پسپۆڕ و

---

[1] وەك پاشتر روون دەکرێتەوە.

[2] سورة المؤمنون:١٢–١٦.

جێمتمانە، ئەم بەشە– بە بڕوای من– لـە شـەرع و یاسـادا مەشـروعە لەبـەر زۆر هـۆ کـە گرنگترینیـان ئەمانەن:

١– ژیانی دایك راستەقینەیە و ژیانی كۆرپەلە مەزەندەیە، بۆیە كاتێ بوونی ئەم دووانە تێـك بگـیرێ یەكەمیان بەسەر دووەمدا دێتە هەڵبژاردن.

٢– مانەوەی ژیانی دایك پاش لەباربردن لای پزیشكانی پسپۆڕ دەگاتە رادەی گومـانی زاڵ بـەڵام مانەوەی ژیانی كۆرپەلە بەبێ لەباربردن لەگەڵ بوونی مەترسی بۆ سەر ژیانی دایك شتێكی جێگومانە، جا ئەگەر گومانی زاڵ و گومان تێكگیران ئەوا بە كۆدەنگی زانایـانی شـەریعەت و پیـاوانی یاسـا یەكـەمیان هەڵدەبژێردرێ.

٣– كەسایەتی شەرعی و یاسایی دایك راستەقینە و واقیعییە، كۆرپەلە گریمانەییە بەڵكو لـە دیـدی یاسادا بەر لە لەدایكبوون وەك نەبوو وایە. بڕگەی یەكەم لە م٣٤ لە یاسای مەدەنیی عێراقی بەركار دەڵێ (كەسایەتیی مرۆڤ بە تەواو لەدایكبوونی دەست پێدەكات و بە مردنی كۆتایی دێ).

٤– فیقوانانی شەریعەتی ئیسلامی –جگە لە فیقوانانی جەعفەری– كۆدەنگن لەسەر ئـەوەی سـزا (خوێنبایی)ی كۆتاهێنان بە ژیـانی سـك (كۆرپـەلـە) بەئەندازەی دەست یـان هەڵـە ٥٪ی سـزا (خوێنبـایی)ی كۆتاهێنانە بە ژیانی مرۆڤ پاش لەدایكبوون، خوێنبایی مرۆڤ پاش لەدایكبوون لە قەتڵدا سەد وشـتر یـان بەرانبەرەكەیەتی بەپێی رای باو لە فیقهی ئیسـلامیدا، لەكاتێكدا خوێنبـایی كۆرپـەلـە پێـنج وشـتر یـان بەرانبەری ئەوەیە.

لەبەر ئەم هۆیانە و هیتر ئەگەر لیژنەیەكی پزیشكیی پسپۆڕ بڕیـاری دا بـەپێی بەڵگـە پزیشـكیەكان رزگاركردنی ژیانی دایك لەسەر كۆتاهێنان بە سكەكەی وەستاوە، دایكەكە خۆی، یان لەباری ناتـەواویی ئەهلیەتی دایكەكەدا نوێنەرەكەی رازی بوو، ئەوا نەشتەرگەریكردن بۆ خستنی سـكەكە كارێكـە لـەڕووی شـەرع و یاسـاوە مەشـروعە و ئـەو پزیشـكەی ئـەو نەشـتەرگەرییە پزیشـكییە ئـەنجام دەدات هـیچ بەرپرسیارێتییەكی جینائی یان مەدەنی لەو ئاسەوارانەی لێی دەكەونەوە ناكەوێتە سەر، لەبەرئەوەی ئەو واجبی شەرعی و یاسایی خۆی جێبەجێ دەكا، چونكە رزگاركردنی ژیانی دایك واجبە و بەگوێرەی رێسا گشتیەكانی ئوسوڵی فیقهی ئیسلامیش ئەوەی واجب لەسەری بوەستێ واجبە، ئەنجامـدانی واجبـیش نە تاوانە و نە هیچ سزایەكیشی هەیە. م٣٩ لە یاسای سزاكانی عێراقی دەڵێ (لا جريمة إذا وقع الفعل قياماً بواجب يفرضه القانون). (واتە: بەتاوان حسێب نیە ئەگەر كردەوەكە بۆ راپەڕاندنی ئەركێك بوو كە یاسـا دەیسەپێنێ).

بەشی دووەم / لەباربردنی تاوانکارانە:

بەپێی شەرع و یاسا لەباربردن بە تاوانێك دادەنرێ کە سزای لەسەرە ئەگەر ئەم چوار ڕوکنەی بەدیهاتن: بوونی سك + بەکارهێنانی ئامرازی ئەوتۆ کە بکرێ سکەکە لەناو ببا + جیابوونەوەی سکەکە لە دایکەکە + قەسدی جینائی. هەندێ لەم چوار ڕوکنە کۆدەنگییان لەسەرە، هەندێکیشیان ڕای جیاواز لەبارەیانەوە هەیە بەم شێوەیە:

ڕوکنی یەکەم– بوونی سك: سەرجەم فیقولنانی شەریعەت بوونی سکیان بە زەرور زانیوە بۆ لێپرسینەوە لەڕووی قەزائی و ئاینیەوە، لە بارێکدا سك نەبێ ئەگەر بکەرەکە مەبەستی تاوناکارانەی هەبوو تەنیا لەڕووی ئاینیەوە لێی دەپرسرێتەوە، ئەگینا نە لەڕووی ئاینی و نە لەڕووی قەزاییەوە بەرپرسیار نابێ. شایانی باسە فیقولنانی شەریعەت دان بە پێسلان بۆ تاواندا نانێن، بەڵکو تاوان بۆ تاوانی تەواو و ناتەواو دابەش دەکەن.

یاسای سزاکانی عەرەبی لە حسێبکردنی ئەم ڕوکنەدا ناکۆکن، ئەو یاسایانەی لە حسێبکردنی تاوانی مەحاڵ بە پێسلان (الشروع) لەژێر کاریگەریی مەزهەبی شەخسیدان، لە باری نەبوونی سکدا سزادانی بکەریان لەسەر پێسلان پەسەند کردوە، لەوانە یاسای تونسی (م٢١٤) و جەزائیری (م٣٠٤) و مەغریبی (م٤٤٩)، پێم وایە یاسای عێراقیش لە (م٤١٩)دا وایە بەبەڵگەی (م٣٠)، ئەگەرچی هەندێ لە شرۆڤەکاران پێیان وایە لە لەباربردندا پێسلانی وەرنەگرتوە، لەبەرئەوەی زیاتر لەسەر ئافرەتی سکپڕ وەستاوە. یاسادانەری میسری لە (م٢٦٤)دا دەڵێ {لا عقاب على الشروع في الاسقاط}. (واتە: سزا لەسەر پێسلان لە سکخستندا نیە).

ڕوکنی دووەم– کە پێی دەوترێ ڕوکنی ماددی: بەکارهێنانی ئامرازی ئەوتۆ کە بکرێ ببنە هۆی لەباربردن، وەك دەرمان و بەکارهێنانی توندوتیژی و نەشتەگەری. یاسادانەری عێراقی لە (م٤٢٧/١)دا ئەم ئامرازانەی گشتاندوە و دەڵێ (بەهەر ئامرازێك بێ)، کە ئامرازە دەروونیەکانی وەك ترساندن و ترسانیش دەگرێتەوە.

ڕوکنی سێیەم– جیابوونەوەی کۆرپەلە لە دایکی: ئەمە جمهوری فیقولنانی شەریعەت ئیقراریان کردوە بەپێچەوانەی زاهیری، کە ئیبن حەزم دەڵێ[1]: ئەمە لە حەدیسەکەی پێغەمبەردا نەهاتووە کاتێ

---

[1] المحلى: ٢٨/١١.

سزای خستنی کۆرپەلەی روون کردەوە. جمهور راکەیان بەوە تەعلیل کردوە کە لە حاڵەتی جیابوونەوەیدا گومان لە بوونی دروست دەبێ، حوکمیش لەسەر گومان بینا ناکرێ[1].

بۆچوونی جمهور بۆ سەردەمی خۆیان ئیحتیاتترە، بەڵام رای زاهیری بۆ ئەم سەردەمە دروسترە، لەبەرئەوەی لەم سەردەمەدا لەرێی ئامرازە زانستییە نوێکانەوە بەر لە جیابوونەوە دەتوانرێ بوون و نەبوونی سك بزانرێ لەبەرئەوە یاسا وەزعیەکان بایەخیان بەم روکنە نەداوە، گرنگ کۆتاهێنانە بە سك و کۆرپەلەکە جا چ لە دلیکی جیا بوویێتەوە یان نا، وەك لە حاڵەتی مردنی دلیکدا.

روکنی چوارەم- قەسدی جینائی: فیقولنانی شەریعەت بایەخیان بەم روکنە نەداوە، بەڵکو گوتویانە: لەباربردن وەك کوشتنە لە بەئەنقەست و نیمچە ئەنقەست و هەڵەدا، لە هەموو بارەکانیشدا سزاکەی خوێنباییە، بەڵام لە بارێکدا قەسدی جینائی تێدا بێ خوێنباییەکە لە ماڵی تاوانکار دەبێ، ئەگەریش ئەوە نەبوو لە ماڵی کەسوکارەکەی دەبێ. بەڵام فیقولنانی مالیکی بۆ ئەوەی لەباربردن بەتاوان دابنرێ و سزا بدرێ ئەوەیان کردۆتە مەرج ئەو ئامرازانەی تێیدا بەکار دێن نامەشروع بن، ئەگینا بەتاوان دانانرێ و سزای لەسەر نیە[2].

سزای لەباربردن لە شەریعەتدا:

لە شەریعەتی ئیسلامیدا سزاکە تەنیا دایلییە، ئەوەیش بۆ وەرەسەیە نەك بۆ گەنجینەی گشتی، کە خوێنباییە، بەڵام ئایا ئەوە سزایە یان قەرەبوو؟

هەندێ فیقولان گوتویانە خوێنبایی سزایە، هەندێکیشیان گوتویانە قەرەبووە، رای زاڵیش بە بڕوای ئێمە سیفەتێکی دووسەرەی هەیە، سیفەت و تایبەتمەندیی سزای تێدایە لەو رووەوە بەدەق مەزەندە کراوە و لەکاتی دەست لێهەڵگرتنیدا سزایەکی تەعزیری جێی دەگرێتەوە و پێویستی بە جوڵاندنی سکاڵا نیە لەلایەن کەسانی پەیوەندارەوە و بە جیاوازیی کەسەکانیش ناگۆڕێ. هەروەها سیفەتی قەرەبووی تێدایە لەو رووەوە هی وەرەسەیە، لەوانەیشە لەسەر کەسوکار بێ، هەروەها دەکرێ دەستی لێ هەڵبگیرێ[3].

---

[1] لەم بابەتەدا بڕوانە: الشرح الصغير مع الصاوي:٢/٣٦٨، والمغني لابن قدامة:٧/٧٩٩-٨١٦، فتح القدير:١٠/٣٠٤، الخلاف للطوسي:٢/٤٠٧.

[2] الشرح الصغير للدردير مع الصاوي:٢/٣٦٨.

[3] بڕوانە: المسؤولية الجنائية في الشريعة الإسلامية-ى دلێر: ص١٢٢.

خوێنبایی کۆرپەلە تەواو نیە بەڵکو ٥٪ـە لە خوێنبایی کوڕژلو پاش لەدایکبوون، بەڵام ئەگەر بەزیندوویی جیا بێتەوە بەلەباربردن و پاشان بەوە مرد خوێنبایی تەواو واجب دەبێ، کە بەپێی ڕای باو لە فیقهی ئیسلامیدا سەد وشتر یان بەرانبەری ئەوەیە، بەو پێیەیش خوێنبایی کۆرپەلە پێنج وشتر یان بەرانبەری ئەوەیە لەبەر نەبوونی (الغرة) لەم سەردەمەدا[1].

ئەگەر لەباربردن بووە هۆی مردنی دایکەکە، لە فیقهی ئیسلامیدا ڕای زاڵ ئەوەیە مردنی دایکەکە بە تاوانێکی سەربەخۆ دادەنرێ و هەریەکە سزایەکی سەربەخۆی هەیە، بەپێچەوانەی یاسا کە مردنی دایک بە دۆخێکی توندێن بۆ لەباربردن دادەنێ. فیقولانی جەعفەری —بەپێچەوانەی جمهور— بۆ هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی سکپڕی سزایەکی تایبەتیان بۆ سکخستن تێیدا داناوە[2].

سزای لەباربردن لە یاسادا:

سزای سکخستن یاخود لەباربردن لە یاساکانی وڵاتانی عەرەبیدا جیاوازە لەنێوان توندکردن و سووککردن، لەنێوان بەند و زینداڵنیکردنی ئاسایی و کاری قورسدا، ئەمە جگە لە سزا پاشکۆکان وەك قەدەغەکردنی بکەر لە مومارەسەکردنی پیشەکەی.

سزای لەباربردن لە یاسای سزلکانی وڵاتانی عەرەبیدا بەگوێرەی دۆخە توندێن و سووکێنەکان لەنێوان (٤—٣٠) ساڵدایە، بۆ نموونە لە یاسای مەغریبیدا (م٤٤٩) لەنێوان (١٠—٢٠) ساڵدایە، لە حاڵەتی دووبارەیشدا (٢٠—٣٠) ساڵە.

لە دۆخە توندێنەکان: مردنی سکپڕ بە لەباربردن و ئەنجامدەرەکەیش پزیشك یان دەرمانسازێك یان یاریدەدەرانی پزیشك بێ وەك پەرستار، هەروەها دووبارەکردنەوە (العود).

لە دۆخە سووکێنەکان: ڕەزامەندیی سکپڕ، یان لەباربردنەکە لەلایەن خۆیەوە بێ، یان لەباربردنەکە بۆ پاراستنی ناموس و ئابڕو بێ وەك ئەوەی کۆرپەلە لە پەیوەندیەکی نامەشروعەوە پەیدا بووبێ. ئەمە لە (م٣٢٤)ی یاسای ئوردنی و (م٣٩٤)ی یاسای لیبیدا هاتووە. هەندێ یاسا جیاوازیان نەکردوە لەنێوان

---

[1] الغرة بریتییە لە بەندە یان کەنیزەك یان نرخەکەی.

[2] الطوسي في کتێبی: الخلاف:٢/٤٠٩، هەروەها لە: الروضة البهیة شرح اللمعة الدمشقیة:٢/٤٤٤دا هاتووە: خوێنبایی لەناوبەری کۆرپەلە (١٠) دینارە (دڵۆپێکی کانزایی زێڕە)، خستنی نوتفە (٢٠) دینارە، هی عەلەقە (٤٠) و هی موزغە (٦٠) و لە ئێسکدا (٨٠)، پاش تەواوبوونی دروستکرانی و بەر لە گیان تێکەوتن (١٠٠) دینارە، پاش ئەویش خوێنبایی تەواوە با لەدایکیش نەبووبێ.

هەردوو حاڵەتی بوون یان نەبوونی رەزامەندیدا وەك یاسای جەزائیری (م٣٠٤)، لە هەندێ یاسادا وەك یاسای مەغریبی (م٤٥٥) هاندەر بۆ لەباربردنیش سزا دەدرێ.

لە هەندێ یاسادا سزای هەر کەس دەدرێ ئامرازەکانی لەباربردن بفرۆشێ وەك یاسای کوێتی (م١٢٧) و سوری (م٥٢٦)، هەندێ یاسا رێگەیان بە لەباربردن لە حاڵەتی زەرورەتدا داوە وەك رزگارکردنی ژیانی دایك. (م٤٥) لە یاسای سزاکانی مەغریبی دەڵێ (سزا لەسەر لەباربردن نیە ئەگەر زەرورەتی رزگارکردنی ژیانی دایك لە مەترسی دەیخواست کاتێ پزیشکێك پاش ئاگەدارکردنەوەی دەسەڵاتێکی ئیداری ئەنجامی بدات). (م٢٦٢)ی یاسای سزاکانی سودانی و (م١٧٥)ی یاسای کوێتی و (م٣٠٨)ی یاسای جەزائیری و (م١٧٤)ی یاسای قەتەری هەمان حوکمیان داناوە.

جێی داخە یاسادانەری عێراقی لە م(٤١٧، ٤١٨، ٤١٩)دا لە چارەسەرکردنی تاوانی لەباربردندا زۆر لەم حوکمانەی پشتگوێ خستوە.

پاش ئەم کۆششە لەخۆبوردوانەیە کە دڵسۆزانە پێشکەشی هەرکەسێکم کردوە کە بەلایەوە گرنگە بزانێ شەریعەتی ئیسلامی بۆ هەموو زەمان و شوێنێك و لە هەموو بوارێك لە بوارەکانی ژیاندا دەست دەدا، لە خوای زانا و دانا ئەلاڵێمەوە لەرووی جیناتیەوە لەسەر ئەو هەڵەیەی تێیدا کردومە لێپرسینەوەم لەگەڵ نەکات وەك خۆی بەڵێنی داوە و ئەفەرموێ ﴿وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَا أَخْطَأْتُم بِهِ﴾[1]. هەروەها ئەفەرموێ: ﴿لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْساً إِلاَّ وُسْعَهَا﴾[2]. صدق الله العظيم.

[1] سورة الاحزاب:٥.

[2] سورة البقرة:٢٨٦.

سەرچاوەکان

تفاسير القرآن الكريم

◆ الكشاف للزمخشري.
جار الله محمود بن عمر.
◆ تفسير الفخر الرازي التفسير الكبير.
الامام محمد الرازي فخر الدين ابن ضياء الدين (٥٤٤-٦٠٤هـ)
◆ مجمع البيان في تفسير القرآن.
الشيخ ابي علي الفضل بن الحسن الطبرسي - طبعة بيروت.

الحديث الشريف وشروحه

◆ صحيح مسلم.
الامام أبو الحسين مسلم بن الحجاج القشيري النيسابوزي (ت٢٦١هـ).
◆ فتح الباري شرح صحيح الامام ابي عبد الله محمد بن اسماعيل البخاري.
الامام احمد بن علي بن حجر العسقلاني (٧٧٣-٨٥٢هـ)
◆ نيل الاوطار شرح منتقى الاخبار من احاديث سيد الاخيار.
الشوكاني محمد بن علي بن محمد مطبعة الحلبي.
◆ للنتقى شرح موطأ الامام مالك بن انس.
تأليف القاضي ابي الوليد سليمان بن خلف الباجي الاندلسي (ت-٤٩٤هـ) - مطبعة السعادة مصر ١٣٣١هـ
◆ سبل السلام شرح بلوغ المرام من جمع ادلة الاحكام للحافظ ابن حجر العسقلاني.
تأليف الامام محمد بن اسماعيل الصنعاني (ت١١٨٢هـ) - مطبعة عاطف.

الفقه الحنفي

◆ الاختيار لتعليل المختار.
الامام عبد الله بن محمد مجد الدين الموصلي (ت٦٨٣هـ) - مطبعة محمد علي صبيح.
◆ بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع.
الفقيه علاء الدين ابو بكر بن مسعود الكاساني الحنفي - نشر زكريا علي يوسف.
◆ تبين الحقائق شرح كنز الدقائق.
الامام فخر الدين عثمان بن علي الزيلعي الحنفي - الطبعة الثانية.
◆ حاشية ابن عابدين (رد المحتار على الدر المختار شرح تنوير الابصار).
العلامة محمد امين الشهير بابن عابدين - مطبعة البابي الحلبي.
◆ فتح القدير.
الامام كمال الدين محمد بن عبد الواحد السيواسي المعروف بابن الهمام (ت ٦٨١هـ).
◆ مجموعة رسائل ابن عابدين.
العلامة محمد امين.

الفقه المالكي

◆ بلغة السالك لاقرب المسالك للشيخ احمد الصاوي على الشرح الصغير لسيدي احمد الدردير.
◆ تبصرة الحكام في اصول الاقضية ومناهج الاحكام للقاضي برهان الدين ابراهيم بن علي بن محمد بن

فرحون للمالكي (ت-٧٩٩هـ) بهامش فتح العلي المالك.
- حاشية الدسوقي للعلامة الشيخ محمد عرفه على الشرح الكبير لأبي البركات سيدي احمد الدردير، مطبعة عيسى البابي.
- شرح الخرشي على مختصر سيدي خليل بن اسحاق (بهامشه حاشية الشيخ علي العدوي)، للعلامة أبي عبد الله محمد بن عبدالله بن علي الخرشي.

الفقه الشافعي

- تحفة المحتاج لشرح المنهاج، للامام شهاب الدين احمد بن حجر الهيتمي الشافعي.
- حاشية الباجوري، للعلامة الشيخ ابراهيم الباجوري على شرح ابن القاسم الغزي على متن الغاية والتقريب لأبي شجاع احمد بن الحسين بن احمد الاصفهاني، مطبعة عيسى البابي.
- المجموع، للنووي الامام ابي زكريا محي الدين بن شرف النووي.
- قواعد الاحكام في مصالح الانام، للعلامة عز الدين عبد العزيز بن عبد السلام، طبعة دار الجيل.
- مغني المحتاج، للشيخ محمد الشربيني الخطيب على متن المنهاج لأبي زكريا يحيى بن شرف النووي، مطبعة مصطفى محمد.
- المنثور في القواعد، للزركشي (بدر الدين محمد بن بهادر الشافعي).

الفقه الحنبلي

- المغني لابن قدامة أبي محمد عبد الله بن احمد بن محمد بن قدامة المقدسي الحنبلي (ت٦٣٠هـ).

فقه الامامية

- ايضاح الفوائد في شرح اشكالات القواعد للشيخ ابي طالب محمد بن الحسن بن يوسف المطهر الحلي، المطبعة العلمية قم.
- كتاب الخلاف في الفقه للامام أبي جعفر محمد بن الحسن بن علي الطوسي من كبار فقهاء الامامية، مطبعة تابان طهران.
- الروضة البهية شرح اللمعة الدمشقية للشهيد السعيد زين الدين الجبعي العاملي.

الفقه الظاهري

- المحلى، لأبن حزم الظاهري أبي محمد علي بن احمد بن سعيد بن حزم (ت٤٥٦هـ).

فقه الزيدية

- التاج المذهب لاحكام المذهب للامام احمد بن قاسم اليماني.

القوانين

- القانون المدني العراقي رقم ٤٠ لسنة ١٩٥١.
- قانون العقوبات العراقي رقم ١١١ لسنة ١٩٦٩.
- قانون اصول المحاكمات الجزائية العراقية رقم ٢٣ لسنة ١٩٧١.
- قانون رعاية الاحداث العراقي رقم ٧٦ لسنة ١٩٨٣.
- قانون عقوبات جمهورية اليمن الديمقراطية الشعبية رقم ٣ لسنة ١٩٧٦ .
- قانون العقوبات الجزائية / المملكة الأردنية الهاشمية رقم ١٦ لسنة ١٩٦٠.
- قانون العقوبات الجنائية / الجمهورية اللبنانية، طبعة ١٩٨١.
- قانون العقوبات الجنائية / الجمهورية العربية السورية، طبعة ١٩٨١.
- قانون العقوبات الجزائري لسنة ١٩٦٦.
- قانون العقوبات التونسي لسنة ١٩٧٦.
- قانون العقوبات السوداني، طبعة ١٩٧٤.
- قانون دولة الامارات العربية، طبعة ١٩٨٠.

- قانون العقوبات المغربي، طبعة ١٩٧٦.
- قانون العقوبات البحرين المعدل لسنة ١٩٥٥.
- قانون العقوبات الجنائية في سلطنة عمان ١٩٧٤.
- قانون العقوبات القطري، طبعة ١٩٧٤.
- قانون العقوبات / الجماهيرية العربية الليبية الشعبية الاشتراكية، طبعة ١٩٨٠.
- قانون الجزاء الكويتي رقم ١٦ لسنة ١٩٦٠.
- قانون العقوبات المصري رقم ٥٨ لسنة ١٩٣٧.
- القانون المدني المصري رقم ١٣١ لسنة ١٩٨٤.
- القانون المدني الأردني رقم ٤٣ لسنة ١٩٧٦.
- مجلة الاحكام العدلية، الطبعة الخامسة ١٩٦٨.

الشروح والمؤلفات القانونية الحديثة

- الوسيط، الدكتور عبد الرازق السنهوري.
- المسؤولية الجنائية، الدكتور محمد مصطفى القللي.
- الموجز في شرح قانون العقوبات — القسم العام، الدكتور محمود نجيب حسني.
- المجرمون الشواذ، الدكتور محمود نجيب حسني.
- شرح قانون العقوبات — القسم العام، الدكتور محمود محمود مصطفى.
- شرح قانون العقوبات العراقي الجديد، الدكتور حميد السعدي.
- اصول قانون العقوبات في الدول العربية، الدكتور محمود محمود مصطفى.
- شرح قانون العقوبات العراقي — القسم العام، الدكتور عباس الحسني.
- موانع المسؤولية الجنائية، الدكتور التونجي.
- نظرية الضرورة في الفقه الجنائي الإسلامي والقانون الجنائي الوضعي، الدكتور يوسف قاسم.
- اصول الالتزامات، الدكتور سليمان مرقس.
- نظرية الظروف الطارئة، الدكتور عبد السلام الترمانيني.
- الاجهاض (رسالة ماجستير)، الدكتور جاسم لفتة.
- المسؤولية الجنائية في الشريعة الإسلامية، دراسة مقارنة بالقانون، الدكتور مصطفى الزلمي.

المراجع في اصول الفقه

- التوضيح شرح التنقيح لصدر الشريعة (عبيد الله بن مسعود) مع التلويح للعلامة سعد الدين التفتازاني وحاشية الفنري وحاشية ملا خسرو وحاشية عبد الحكيم، طبعة ١٣٢٢هـ.
- التلويح للعلامة سعد الدين التفتازاني على التوضيح شرح التنقيح لصدر الشريعة عبيد الله بن مسعود.
- كشف الأسرار على اصول البزدي علي بن محمد.
- الفروق للقرافي، شهاب الدين أبي العباس احمد بن ادريس بن عبد الرحمن الصنهاجي.
- الموافقات في أصول الشريعة، للشاطبي ابراهيم بن موسى المالكي.
- اصول الفقه الإسلامي في نسيجه الجديد، الدكتور مصطفى الزلمي.

المراجع في علم المنطق

- البرهان للعلامة الشيخ اسماعيل مصطفى المعروف بشيخ زاده الكلبنوي.
- تهذيب المنطق للعلامة السعد التفتازاني بشرح الخبيصي للشيخ عبيد الله بن فضل.